# خوارووی کوردستان

# و

# شۆڕشی ئەیلوول

# بنیاتنان وهەڵتەکاندن

١٩٦١-١٩٧٥

هەواڵنامەی کتێب

ئیبراهیم جەلال

١٩٩٨

ناوی کتێب - خوارووی کوردستان و
شۆڕشی ئەیلوول. بنیاتنان وهەڵتەکاندن
١٩٦١-١٩٧٥

نوسینی - ئیبراهیم جەلال
چاپی دووهەم - چاپخانەی هێرمان - سوید -
تیراژ-٥٠٠ ساڵی ١٩٩٩

مافی لەچاپ دانەوەی ئەم کتێبە تەنهابۆخاوەنێتی

# ناوەرۆک


پێشکەشە ٦

پێشەکی ٧

خشتەی میراتی ئامێدی ٢٠

پەراوێزەکانی پێشەکی ٥٦

بەشی یەکەم ٦٠

١- بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول ٦٠

١-١ هەلومەرجی حکومەتی قاسم ٦٠

١-٢ هەلومەرجی ئەوسای کوردستان ٦٧

١-٣ کێشەی نێوان قاسم و پارتی ٧٠

١-٤ راپەڕینی چەکداری خێلەکی ٧٥

١-٥ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری ٨٤

٢- وتووێژی سالی ٩٦٣ ٩٧

٢-١ بەرنامەی پارتی ١٠٠

٢-٢ خەباتی دیبلوماسی ١٠٤

٢-٣ هەڕەشەی بارزانی لە لیژنەی ناوچەی ڕانیە ١١١

٢-٤ دەستپێکردنەوەی شەڕ •١١٤

٢-٥ هەندێ لە شەڕو پێکدادانەکان ١١٩

٢-٦ بیروڕای ڕۆژنامە بیانیەکان ١٢٢

٢-٧ پەیوەندی نێوان عارف و بارزانی ١٣٦

٢-٨ سەرهەلدانەوەی ناکۆکی ١٣٢

٢-٩ پەیوەندی نهێنی بارزانی ١٣٤

٢-١٠ پەیدابوونی بیروڕای جیاواز ١٣٥

٢-١١ هەلەکوشندەکانی م-س ١٣٩

٣- ڕێکەوتنی نێوان عارف و بارزانی ١٤٦

٣-١ هەلسەنگاندنێک ١٤٧

| | |
|---|---|
| ٣-٢ بەراوردێک | ١٥١ |
| ٣-٣ کۆبونەوەی سەرکردایەتی | ١٥٦ |
| ٣-٤ کۆنفرانسی سەرکردایەتی و کۆنگرەی بارزانی | ١٥٩ |
| ٣-٥ شەڕی کورد و کورد | ١٧٢ |
| ٣-٦ پەیوەندی نێوان ئێران و م-س | ١٧٥ |
| ٤- شەڕفرۆشتنی ڕژێمی عراقی | ٢٠٠ |
| ٤-١ هەلگیرسانەوەی شەڕ | ٢٠٠ |
| ٤-٢ ڕێکەوتنی نێوان سەرکردایەتی و بارزانی | ٢٠٧ |
| ٤-٣ تێکچونی نێوان سەرکردایەتی و بارزانی | ٢١٥ |
| ٥- وتووێژی سالّی ٩٦٦ | ٢٢٥ |
| ٥-١ گفتوگۆی سێ قوڵی | ٢٢٥ |
| ٥-٢ شەڕی نێوان مەلای و جەلالی | ٢٣٢ |
| ٥-٣ مەلامستەفا و حزبی دیموکرات | ٢٣٩ |
| ٥-٤ شەڕی عەرەب و جوو ١٩٦٧ | ٢٤٥ |
| ٥-٥ سەرهەلدانی بیری چەپ | ٢٤٨ |
| ٦- ڕوخانی حکومەتی عارف | ٢٥٣ |
| ٦-١ پەیوەندی بەعس-مەلایی-جەلالی | ٢٥٣ |
| ٦-٢ شەڕی یەک ساڵە | ٢٥٧ |
| ٦-٣ بەشداری کردنی ئێران لە شەڕدا | ٢٥٩ |
| ٦-٤ وتووێژی کۆتای سالّی ٩٦٩ | ٢٥٩ |
| پەراوێزەکانی بەشی یەکەم | ٢٦٧ |
| سەرچاوەکانی بەشی یەکەم | ٢٦٨ |


بەشی دووەم


| | |
|---|---|
| ١- سەرهەلدانی قۆناغێکی نوێ | ٢٧٠ |
| ١-١ گرنگی بەیانی ئازار | ٢٧٠ |

| | |
|---|---|
| ١-٢ دەقی بەیانی ئازار | ٢٧٣ |
| ١-٣ یاسای ئۆتۆنۆمی | ٢٨١ |
| ١-٤ خالە ڕەشەکانی پرۆژەکە | ٣٨٩ |
| ٢- بەیانی ئازار و لەدایک بونی کۆمەڵە | ٣٩٣ |
| ٢-١ هەڵوەشانەوەی پارتی شۆڕشگێڕ | ٢٩٤ |
| ٢-٢ سەرهەلدانی سارەی | ٣٠١ |
| ٢-٣ یادداشتی سەرکردایەتی بەعس | ٣٠٦ |
| ٢-٤ وەڵامی پارتی بۆ سەرانی بەعسیان | ٣٣٥ |
| ٢-٥ گەمەی سۆڤیت-ئەمریکا | ٣٦٨ |
| ٢-٦ بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی | ٣٧٢ |
| ٢-٧ شەڕی عەرەب و جوولەکە ٩٧٣ | ٣٧٤ |
| ٣- شەڕی یەک ساڵە ٩٧٤-٩٧٥ | ٣٨١ |
| ٣-١ پلانەکانی ڕژێم | ٣٨٣ |
| ٣-٢ یاسای ئەنجومەنی تەشریعی | ٣٨٧ |
| ٣-٣ دەزگا ئۆتۆنۆمیەکەی بارزانی | ٣٩٩ |
| ٣-٤ چوارکوچکەی پلانی جەزایر | ٤٠٦ |
| ٤- ڕێکەوتن نامەی جەزایر | ٤٠٩ |
| ٤-١ خالەکانی ڕێکەوتن نامەکە | ٤٠٩ |
| ٤-٢ هەوڵ و تەقەلای بارزانی | ٤١٢ |
| ٤-٣ ڕۆڵی سەرکردایەتی پارتی | ٤١٥ |
| ٤-٤ حزبی شیوعی عراقی | ٤١٨ |
| سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم | ٤٢٧ |

# پێشکەشە

- بەو شەهیدانەی کە بە ئاگایی و بێ ئاگایی و بە گیانی هەست بەبەرپرسیارانە خۆیانکردەمەشخەڵی بەردەوامی شۆڕش و خۆشکردنی ڕێگای گەیشتن بە خۆری ڕزگاری و بنیاتنانی قەڵاتی سەربەخۆیی
- بە کوردستانی سوتماک کراو و کیمیاوی کراو و چۆڵکراو
- بە گەلی کوردی ئەنفال کراو و ڕاگوێزکراو و ئاوارەکراو و پاشان برسی کراو و ئابلۆقەدراو
- بە هەڵەبجەی شەهید و قەڵادزەی جوانەمەرگ کراو
- بە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین و سەرچەم چەماوەری ڕاپەڕیوی شار و شارۆچکە و گوندی کوردستان

# پێشەکی

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٤ەوە لەبیری ئەوەدابووم کەوەک کوردێک و پێشمەرگەیەک و ئەندام و کادرێکی ئاستی خواروی ناو پارتی و شۆڕشی گەلەکەم لە کوردستانی خوارووودا، ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژانەی ناو شۆڕش و هەواڵ و باسەکانی ڕادیۆو ڕۆژنامەکانی ئەوکاتانەو ئەو نامە و بڕیارو هەڵوێستە سیاسیانەی کە دەدران و دەردەچوون و وەردەگیران، وەک یادداشتێک کەلەلای خۆم نووسیبوومن وکۆم کردبووەتەوە هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلولەوە پاراستبومن وهەڵم گرتبون و چەندین کونـاوکونم پێ کردبون لەترسی لەناوچوون، بیان کەم بەنامیلکەیەک و گەر هەلی چاپکردنی بۆ ئەرەخسا بە دەست نوسیش بێت ڕێکیان خەم و پاکنوسیان کەم و جارو بار وەک یاد کردنەوەی ڕابردوو بیان خوێنمەوە.

بەلام پوختەکردن وپاکنوسکردنی ئەو نامیلکەیەم و بلاوەکردنەوەی گەلێک هۆی خۆیی و بابەتی هەبوون کە ڕێگای ئەو کارەیان لێگرتم کە هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ نەگونجاوی ئەوبارودۆخەی ئەوساو هەندێکیشیان دەگەڕێنەوە بۆ بەخۆدا ڕانەپەڕموونی خۆم لەو مەیدانەدا.

وە پێشم وابوو کە سیاسەتمەدارانی ئەوکات و نوسەر و مێژوونوسانی ئەوکات درەنگ یان زوو ئەو کارە ئەنجام ئەدەن و نایەڵن هەروا بەبێ هودە مێژووی پڕشانازی و دیسان پڕ کەم و کوڕی شۆڕشی ئەم جارەی گەلەکەمان وەک شۆڕشەکانی پێشوترمان بەناتەواوی و گوومان لێکراوی، یان بەوەرگێڕدراوی لەزمان و قەلەمی بیانانەوە بەفارس کراوی و شێواوی بخرێتە بەردەم ئەوەکانی ئەوسا و ئێستا و داهاتوو، بەڵکە شۆڕشی ئەمجارەی گەلی کورد وەک مێژووی ڕاست و بێ پیاهەڵگوتن و لایەنگری گرتنی تایبەتی و دیاری کردنی ڕاستیەکان و نەشاردنەوەیان زوو یان درەنگ دەخرێتە بەردەم خوێنەران و کتێبخانەی کوردیەوە. بەتایبەتی کە زۆربەی نوسەران و کاربەدەستان و فەرمان ڕەوایانی شۆڕشی ئەمجارە کە خاوەنی بڕیارو هەڵوێست و نەخشەو پلانی شۆڕشی ئەیلول بوون، هەم سیاسەتمەدارو هەم نوسەرو مێژووزان و مێژوونـاس و مێژوونـوس و کوردیش بوون.

ڕەنگە هۆی هەرە گرنگی بەخۆدا ڕانەپەڕمونیشم بۆ بەئەستۆگرتنی ئەوکارە لەوساڵانەدا هەر بگرێتەوە بۆ خۆزۆر بە چکۆلەزان و زانین لەحەنای ئەو کەلە سیاسی نوسەرانەی ئەوسا، و بۆ هەژاریشم لەوبەڵگەنامانەی کە پێویست بوون بۆکارێکی لەو جۆرە قەبەو قورس کەتەنیا وتەنیا لای ئەوکەلەسیاسی و نوسەرو ڕابەرانە دەست دەکەوت و بەمنی کادرێکی هەرەخواروی حزب نەدەگەیشت.

بەلام ساڵ هات ساڵ ڕۆیشت وەرچەرخانی زۆر گەورە ڕویداو شۆڕش قەبارەی تادەهات گەورەوگەورە تردەبوو وناوەڕۆکیش تادەهات کەندەڵ و گەندەڵ تر دەبوو، ناکۆکیە ناوەکیەکان پتر گەشەیان دەکردو و توندوتیژتر دەبوون، شۆڕش و شۆڕشی چەواشە ئاشکراتر و ڕونتر بەرەنگاری یەک دەبوونەوە، ئاگری شەڕی بەزۆر بەسەر کورددا سەپێنراو تا دەهات پتر و پتر پانتایی وولاتی دەگرتەوە، بەرژەوەندیە تایبەتیە تەسکو پڕ شەرمەزاریەکانی کەسایەتی ناو شۆڕش و سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی پارتی تەنگیان بە بەرژەوەندیە پیرۆز و بەرزەکانی گەلی کورد و خاکی داگیرکراو هەڵدەچنی، ڕۆژنامە و بلاوکراوەو پەخشانە سیاسیەکانی ئەودەم و دوابش پتر تەرخان کرابوون و دەکران بۆ بلاوکردنەوەی پەیامی ڕازێنراوە و تەخشێنراو و داڕێژراو و پیاهەڵدانی بیر و بۆچونی ئەم لایەن و بزێوکردن و تاوانبارکردنی بیروڕای ئەو لایەن، ڕاستیەکان لە هەموولایەنەکانەوە کرابوون بەژێر لبادو بەرەو تەژگی بێ ویژدانانەوە.

مێژووی ڕاستی لەناو گێژاوی چەندین کتێبی گەورە و بچوکی ئەو لایەنانەوە تەخنکێنراو خرابونە ژێر لیتاوی بیروبۆچونەتاکیەکان.

من هێشتا خۆم زۆر لەوە بەبچوکتر دەزانی کە تاوی گاشەبەردێکی واقورس و گەورە بدەم، بۆیە تەنیا ئەرکی سەرشانی خۆم هەر بەوەدەزانی کەلەسەر یاداشت کردنی ڕۆژانەم بەردەوام بیم و لەملاولاش بەڵگە وپتۆڵە سیاسی و تەخشەو بۆچونە تاکی و حیزبیەکان ئەوەندەی بکرێ و دەستم کەوێت خڕکەمەوە و کوناوکون بیانشارمەوە، بەلام دیسان ناکۆکی ناوخۆو هەڵگیرسانی شەڕی کورد بە کورد بە کوشتدان وململانێی خوێنڕێژی وسەنگەرگەری وایان لێکردم کە خۆم دوچاری ئەو گێژاوە نەکەم و ئەوکارە هەڵگرم بۆ حوکمی چارەنوس و ئایندە، وەڕەنگە کەسیش ئامادەیی نەبوایە خۆی بخاتە ناو گێژاوی تۆقینەرانەی ئەو سێ دەسەڵاتدارە گەورەیەی ئەو کاتە (مەلایی، جەلالی، ڕژێمی سەرکوتکەری عێراقی).

شەڕی نێوان (جەلالی، مەلایی) ساڵی ١٩٦٤ و ڕەهەندەبوونم بۆ ئێران و مەمەدان و گفتوگۆ یەک لەدوای یەکەکانی نێوانی پارتی و ڕژێم و نێوان مەلایی و ڕژێم و جەلالی و ڕژێم و ڕێکەوتن نامەکەی ئازاری ١٩٧٠ و لەدایک بوونی کۆمەڵەی (م-ل) کوردستان و پاشان ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ و دیسان بەردەوامی شۆڕش لە حوزەیرانی ١٩٧٦ وە تاکو ڕاپەڕینی ساڵ ١٩٩١ ی جەماوەری کوردستان و ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین و دیسان سەر هەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ. وایان لێکردم کە ئەو ئەرکە قورس و ستەمە بە ئەستۆی خۆم بگرم و چیتر بەبیانووی کەم توانایی و کەم شارەزاییم لە مێژوو و دەستکورتیشم لەنووسیندا خۆمی لێ هەڵنەماوێرم و بەهەرجۆرێک بێ دەستبەرداری ئەو کارە نەبم و قۆڵی لێ هەڵکەم و هەرچەند کاڵ و کرچ و کەم بایەخیش بێ لانی کەمی مەبەستەکە بە دەستەوە ئەدات کە بریتیە لەنووسین و ڕوون کردنەوەی ڕاستیەکان و هەڵماڵینی پەچە لەڕووی هەندێ لەنهێنیەکانی مێژووی گەلەکەمان. بەدەردی کوردواری خۆشمان گوتەنی دیاری شوان یا شنگە یا هەڵەکۆک دیاریەکەی منیش هەرکام لەودوانە بێت، لانی کەم خواستی کەسێکی هەودای یەک لەودوانە جێ بە جێ دەکات.

سەبارەت بەوەی کە مەلامستەفای بارزانی و بنەماڵەی ئالی بارزان هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا شۆڕشی ئەیلول و تائێستاش واتە کۆتای سەدەی بیستەمیش چ بە پچڕپچڕی و چ بە بەردەوامی، چ وەک شۆڕشگێر و چ وەک سەرەک هۆزێکی چاوبرسی وتەماحکار، چ وەک سیاسیەکی تەقلیدی و میراتگری، چ وەک پێشەوایەکی ئاینی ناوچەیی و ڕچەیی قەبارە تەسک، یا وەک پێشوایەکی دەرەبەگ ڕەفتاری نەتەوەیی، ڕۆڵیان لەبزووتنەوەیی ئاینی و نەتەوەیی و سیاسیەکانی گەلی کورد بەگشتی و بەتایبەتی لە کوردستانی خوارودا بینیوە، بەپێویستم زانی کە پێشەکی کتێبەکەم بە لێدوانێک لەسەر ئەو بنەماڵەیە دەست پێ بکەم کە ڕەنگە ئەم پێشەکیە زۆر پێویست بێ لەڕووی مێژووی شۆڕشی کورد لە کوردستانی خوارو لە ئەیلولی ١٩٦١ تاکۆتای ساڵی ١٩٩٥.

دیارە مێژووی خەباتی گەلی کورد و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی و هەست کردن بە بنیات نانای دەوڵەتێکی نەتەوەی هێندە کۆن نیە و بەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم. بەلام سووربوونی گەلی کورد لەسەر پارێزگاری کردنی خۆی لەمەترسی لەناوچوون و دەرپەڕاندنی لەوولاتەکەی کە کوردستانە، یان لەهێرش و پەلاماری نەتەوەکانی دراوسێ، کەئەوەش بەڵگەی مل نەدانی بووە بۆ ژێر دەستی

و لوتکەی هەست بە خۆکردنی بوە کە هەمیشە خۆی بە خێوی کۆنینەی وڵاتەکەی و دەوروپشتی زانیوە، دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر، وەیەکێک لە هۆ گرنگ وسەرەکیەکانی درەنگ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی و نەرسکانی لەقاڵبی بیری بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتوی سەرتاسەری بەلای منەوە دەگەڕێتەوە بۆ درێژەکێشانی قۆناغی دەرەبەگایەتی و دەسەلاتی دەرەبەگایەتی لەکوردستاندا کە سەرەنجامی ئەمەش هەستی دەسەلات داری و سەپاندنی هێز و توانای تیرەگەری و عەشایەری تەنگی بە یەرژەوەندی و هەستی نەتەوایەتی هەڵچنیوە و پتر بەر لەبنیاتنانی دەسەلات داری عەشایەری وناوچەیی کراوەتەوە. کەدیارە ئاینی ئیسلامیش و کاردانەوەکەی لەهەست و هۆشی گەلی کورددا پاش موسولمان بوونی و پەیدا بوونی چەندین ڕچەی جیاجیای ئاینی لەناویدا پاڵپشتێکی هەرەگەورەی بەهێزبوون و درێژەپێدانی ئەو قۆناغە دەرەبەگایەتیە بووە، و کارتێکەرێکی زۆر بەهێزی دواخستنی سەر هەڵدانی هەستی نەتەوەیی وبنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە.

بۆیە لەهەر ناوچەیەک و کەوشەنێکی دەسەلاتی تیرەو هۆزێکی کوردیدا کەسێک هەڵکەوتبێ وهەوڵی بنیاتنانی ناوچەیەکی سەربەخۆو حوکمڕانیەکی ناوچەیی و پاشان فراوان کردنی کەوشەنی دەسەلاتداریەکەی خۆی دابێ، لەناوچەکانی تریشەوە هەمان هەست و ئارەزوو سەری هەڵداوە جا درەنگ یا زووتر یان هاوکات و کەوتونەتە بەربەرەکانی یەکتری و تەقەلادان بۆ ژێر دەستەکردنی یەکتری، لەباتی ئەوەی هەوڵی یەکگرتن وخۆ بەهێزکردن ودەسەلات فراوان کردنی نەتەوەو وڵاتەکە بدەن و لەمپەرێکی بەهێز لەنێوان خۆیان و گەلان وڵاتانی دراوسێدا دروست بکەن و لەبیری پارێزگاری کردنی کەوشەنی حوکمڕانی و دەسەلاتداری خۆیاندابن.

من لێرەدا نامەوێ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بە دەوڵەت و حوکمڕان و میرایەتی و پاشایەتیەکانی ڕابردوی کورددا بچمەوە، چونکە شەرەف خانی بەتلیسی و دوای ئەویش مامۆستاو مێژوو ناس و مێژوزانەکانی هەرەپایە بەرزی گەلەکەمان کە ئەمیش بێ ئەو تەلیسمەیان شکاندووەو ئەو سەربرزیەیان بە گەلەکەیان ڕەوادیوە کە بیخەنە ڕیزی گەلانی تری دونیاو مێژوی ڕابردوو زیندوکەنەوە و ئەوکەلەپووە نەتەوایەتیە بەنرخترین گەنجینەیە لەمێژووی ژیاندا

شانشینی گەلانی تر مێژووی خۆی هەبێت بەلام دەمەوێ بەچەند دێرێک و کورت ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بۆ خوێنەری بەڕێز بسەلمێنم:

یەکەم: حکومەت و ئیمارەتە کوردیەکان بەپێی ساڵی دامەزراندنیان و ساڵی لەناوچونیان بەم جۆرە بوون:

١- ئەو حکومەت و ئەمارەتانەی کە سەربەخۆبوون لە حوکمڕانی کردندا و هەندێ جار حوکمی بەشێکی گەورەی وولاتانی فارس و عەرەب و ڕۆمیشیان کردوە، وەپلەی پاشایەتیان هەبووە و سکە(پارە)یان بەناوەوە بوەو خوتبەی جومعەیان بەناوەوە خوێندراوەتەوە.

(ا) فەرمانڕەوایانی لوڕی گەورە (فەزلەویە) کەلەساڵی ٩٠٢ ی زاینیدا دەستی پێکردوەو (٥٢١) ساڵ حوکمڕانیان کردوەو لەساڵی ١٤٢٣ ی زاینیدا ڕوخاوە.

(ب) فەرمانڕەوایانی حەسنەویە لە دینەوەر و شارەزور کە لەساڵی ٩٤٠ ی زاینیەوە حوکمڕانیان کردوە تاساڵی ١٠٩٠، واتە نزیکەی ١٥٠ ساڵ حوکمڕان بوون.

(ج) فەرمانڕەوایانی دیاریەکر و جزیر کەلەساڵی ٩٥٥ی زاینیدا حوکمڕان بوون تاکو ساڵی ١٠٥٩ کە دەکاتە نزیکەی (١٠٤) ساڵ حوکمڕانی.

(د) فەرمانڕەوایانی لوڕی بچوک کەلەساڵی ١١٥٥ی زاینیەوە حوکمڕان بوون تاکو ساڵی ١٨٤٠ی زاینی واتە نزیکەی (٦٨٥) ساڵ حوکمڕان بوون ولەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئەیوبیدا بۆ ماوەیەکی زۆر هاوچەرخ بوون و دەسەلاتدارترین فەرمانڕەوایان (خان احمد خان) کوڕی (هەلۆخان) بوە لەساڵی ١٨٠٢ ی زاینیدا و کەوشەنی وولاتەکەی کەلەژێر حوکمڕانی ئەودابووە بریتی بوە لەشاری بەغدادەوە تاکو زاخۆ (واتە: بەغداد و موسل و کەرکوک و هەولێر و شارەزوور (سلیمانی ئێستا)) و هەموو ئامێدی تاکو زاخۆ، لەسنوری ئێستای ئێرانیشدا، لەمەریوان و سنەوە تاکو کرماشان و هەمەدان لە ورمێ وسابلاغیشەوە تاکو بۆوچەرە و نەهاوەند و گەروس، وخێزانەکەی کە ناوی (زێرین کراو) بوە، خوشکی شاعەباسی سەفوی بوو وپایتەختی فەرمانڕەوایەتیشی قەلای (زەلم) بوە کە نزیک شاری خورماڵ و هەلەبجەی ئێستایە.

(هـ) فەرمانڕەوایانی ئەیوبی، هەرلەساڵی ١١٧١ی زاینیەوە حوکمڕان بوون تاکو ساڵی ١٢٥٤ واتە نزیکەی ٨٣ ساڵ فەرمانڕەوابوون و دوا مەلیکی دەسەلاتداریشیان (مەلیک کامیل کوڕی مەلیک عادل بووە) ناسراو بە (ابو المعالی

ناسرالدین محمد) کەلەساڵی ١٢٢٨ی زاینیدا بۆتە مەلیکی حیجازی ئەو کاتە واتە(سعودیە، یەمەن، لبنان، فەلەستین، ئەردەن)ی ئێستا، و دەسەڵاتدارێتی لە دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی باڵاتر بووە و بەم جۆرە خوتبەی جومعەی بەناوەوە خوێندرووەتەوە.

((خاوەنی مەککە بە عەبیدەوە و یەمەن بەزوبەیدەوە و میسر بە سەیدەوە، سەردانی شام بەپالەواناتیەوە و جەزیرەبەمناڵانیەوە، بۆ هەردوو رۆگە سوڵتان، خاوەنی هەردووک نیشانە، خزمەتکاری هەردووک شوێنە پیرۆزەکانە (قودس و مەککە) بۆدین یاریدەدەرە و جێنشینی پێغەمبەرە، مەلیک کامیل خوابیهێڵێ ئـــامـــین)).

دووهەم: ئێستادێینە سەر ئەو ئەمارەتە کوردیانەی کەفەرمانی میرایەتیان لە شاو سوڵتانەکانی سەلجوقی و عەباسی سەفەوی وعوسمانیەوە وەرگرتووە، بەلام زۆربەیان خوتبەی جومعەیان بەناوەوە خوێندراوەتەوە و پارەشیان لێداوە.
(هەکاری، ئامێدی یا بادینان، موکریان، ئەردەلان، جزیر((بەختی))، سۆران، بەدلیس، بابان).

سێهەم: ئەو ئەمارەت و خودموختاریە چووکانەی کە چ لەلایەن پژەیمەکان و مەغۆلەکان و سەلجوقیەکان و سەفەویەکان و عەباسیەکان و عوسمانیەکانەوە بەسەرۆک عەشیرەتەکوردەکان بەخشراوە لەپاداشتی خزمەتی باشیان وەک کەچیان بۆ فەرمانرەوایەتیان، وە چ لەهەردو حاڵەکەدا هەر مل کەچی فەرمان و باج و خەراجی ئەم یا ئەو سوڵتان بوون و قەڵەم ڕەویان لەسنوریکی تەسک و دیاری کراو تێپەڕی نەکردوە مەگەر بەدەگمەن، ژمارەی ئەم جۆرە ئەمارەت و خودموختاری و فەرمانرەوایانە گەلێک زۆربوون لەوانە:
مچەنگـــور، پەرتەک، سوقمان، مەرداش، ساسۆن، خیزان، کلیس، شیروان، زەرقی، سویدی، سلێمانی، برادۆست، مەحمودی، دونبەلی، زەرزا، ئەستوانی، ئاستی، کەلهوڕ، بانە، تەرزا، سیامەنسور، چنگنی، زەنگەنە، پازوکی و گەلێکی تریش.

بەپێی شەرەفنامە و زۆربەی سەرچاوەکانی تری مێژووی کورد، جگە لە پاشاو مەلیکەکانی بەشی یەکەمی حوکمڕانی کوردی، ئەوانی تر هەموویان نازناوی ئەمیر، میری میران، بەگ، بەگلەربەگ، و پاشاو ئاغایان لە سوڵتان و شاو

فەرمانڕەوا داگیرکەرەکانی کوردستانەوە پێ بەخشراوە بەپێی ڕادەی زۆر وکەمی دڵسۆزی و مل کەچیان بۆ داگیرکەران. تاکو حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید وکۆماری مهاباد کەبە داسەپاندن و کۆششی خەڵکی کورد بو لە سلێمانی و مهاباد دا.

گەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینی سەرەتای دەست پێ کردنی حوکمڕانی کورد لەساڵی ۹۰۲ وە لەسەر دەستی لوڕی گەورە دەستی پێ کردوە وکۆتایی حوکمڕانی کوردیش لە ۱۸٤۰ی زاینیدا بووە بە لەناوچونی فەرمانڕەوایەتی لوڕی بچوک وپاش کەمتر لە سێ چارەکە سەدەش حوکمڕانی شێخ مەحمود وەک مەلیکی کوردستان و دواتریش کۆماری مهاباد.

واتە هەموو فەرمانداری و حوکمڕانیەکانی و ئەمارەتەکانی کوردی نزیکە هاوچەرخ یا هاوچەرخ بوون، بەلام هیچیان بەهیچ جۆرێک بیریان لەیەکگرتنەوەو بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نەکردوە کە ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کەبیری دەرەبەگایەتی و عەشایەری و ئاینی زاڵتر بووە بەسەریاندا وەک لەبیری نەتەوەیی.

گەر بەوردی شەرەفنامەو مێژووی کوردو کوردستان و نوسینەکانی تری مێژوناس ومێژوەرانی کورد ـ ی و مێژو نوسەکانی بیانیش کەلەسەر کوردیاننوسیوە بپشکنین ئەوسا دەگەینە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە کە دیارە هەموی دژی پەیدا بون وبنیاتنانی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی بوون.

۱- کورد وکوردستان و بەشی ئەو نەتەوەو وڵاتانەن کەسەرچاوەی سەرهەڵدانی مرۆڤی کۆن و پاشان پەید بوونی شارستانیەت بوون و هاوشانی چاخی ئیلامیەکان بون وگەلێ لەفارسەکان کۆنترن بەلام فارس بوون بەدەوڵەت و ئیمپراتور کوردیش ژێردەستەیان.

۲- شارستانیەتی کوردی هاوچاخی شارستانیەتی ئاشووری و سۆمەریەکان بووە.

۳- هەتا ئاینی ئیسلام لەئارادانەبوو و نەگیشتوە کوردستان کورد خاوەن سەربەخۆیی خۆی بووە و شانازی بەڕیشەو ڕەچەلەک و ئاینی خۆیەوە کردوە کە خۆرسکی بوە و دووریبوە لە خواستنەوەو لاسایی کردنەوە هەربۆیەش پتر لەچەندین سەدە حوکمڕانی وولاتی خۆیان و هەندێ جار لەدراوسێ کاتیشیان بوون،

٤- پاش سەرهەڵدانی و پەرەسەندنی ئایینی ئیسلام و بەزۆر کورد و گەلانی تری ناوچەکە بە ئیسلام کردن و داگیرکردنی وڵاتەکانیان لەناوچەکەدا واتە (تورکیا، ئیران، ئەرمەنستان، کوردستان) بەعێراقی عەجەم و عەرەبیشەوە ئیتر گەلی کورد لەسایەو سێبەری ئیسلامەوە هێندە وەدواکەوت تائەو رادەیەی کەتەک بیری نەتەوەیی خۆی لەدەست دا بەڵکە شەرمی لەرەگەزی خۆی دەهات و بەسووکی و نەنگی و کەمی دەزانی گەر رەچەڵەکی خۆی بە(درۆ و دەلەسەش بێت) نەباتەوە سەر سەرکردەکانی ئیسلام و عەرەب و قورەیش گەر بەووردی لەمێژووی زۆربەی ئەمارەتە کوردیەکان بکۆڵینەوە دەبینین کە تەقەلای ئەوەیان داوە رەچەڵەک و بنەچەی خۆیان بەرنەوە سەرلق و پۆپی سەرکردە ئیسلامیە داگیرکەرەکان وەشانازی پێوەبکەن و خۆیانی پێوە راوەشێنن، بۆنموونەش میرانی جزیر کە شەرەفخانی بەتلیس یەکێک بووە لەمیر هەرە ناودارەکانی زانا و مامۆستا و مێژوناسێکی کوردی خاوەنی شەرەفی نوسینی شەرەف نامە بووە رەچەڵەکی خۆیان بردۆتەوە سەر خالیدی کوری وەلید، تەنیا لەبەرئەوەی کە بنەچەیان لەتیرەی خالدیەوە وە هاتوە بێ ئەوەی بزانن کە خالیدی کوری وەلید نەحنالی بوە و نەنەوەشی لەپاش بەجێ ماوە.

٥-لەهەموو دەسەلاتداریتی کوردیدا هەر لەحکومەت و ئیمارەتەکانیەوە تاکو میرایەتیەکانیش بەداخەوە هەمیشە کەحوکم و فەرمانڕەوایی و ئیمارەت و قەلایان ڕوخاوە و تێک چووە گەورەترین هۆی پلانی خۆبەخۆ دژەیەکتری ناوخۆیی بووە، جا کوڕ لەباوک یا برا لەبرا یا ئامۆزا لە ئامۆزا یا ئەم سەرەک هۆز و عەشیرەت و تایەفە لەوی تر بووە.

زۆربەی تێکشکان و ڕوخانەکان لەناوچونەکان و هەل لەدەست دانەکان لەرێگەی هۆی ناوەکیبوە بەپلەی سەرەکی و جاهۆ دەرەکیەکان یان یارمەتیدەر بوە یا دووەرەپەرێز.

ئەوەی کەلێرەدا باسم کردن لەمەودواش لەسەر ڕۆڵی بارزانیان دەدوێم وەک عەشیرەت لەمێژووی خەباتی گەلی کورد دا لەسەدەی بیستەم و بەتایبەتی لەشۆرشی ئەیلولەوە زیاتر مەبەستم دەرخستنی ئەو ڕاستیانەیە کە دەتوانم بڵێم سەبارەت کار و کردوەی هەندێ لەنوسەرانی لایەنگر و ڕاستی ئەبیژ وون بووە، بەبێ بەرانەوە دراون و پەردەی ناڕاستیان بەسەردا دراوەتەوە ئەم بەشەکەمەی مێژووی کوردیان لەزۆر لایەنیدا بەپێچەوانەوە خراونەتە بەردەم خوێنەر، ئەویش

سەبارەت گرتنی ئەو رچەیەی کە دەڵێ (مێژوو مێژووی دەسەڵاتدارە نەک مێژووی رەسەنی واقعی گەلەوە دەمەوێ بەرووداوە مێژوویەکان بیسەلمێنم کە:

١ پەیوەندی نێوان جوتیارو دەرەبەگ لەکۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کوردیدا هەر لەوکاتەوە واتە هەر لە سەدەی هەشتی زاینیەوە تاکو ئێستاکەش (مەبەستم حەفتاکان وهەشتاکان وکۆتایی ئەم سەدەی بیستەمەیە) هیچ گۆرانێکی گرنگ و چارەنوس سازی ئەوتۆی بەسەردانەهاتوە کەئەو پیوەندیە هەم لەرووی ئابوری و گرنگتریش لەرووی سیاسیەوە بگۆری.

جوتیار لەگەڵ ئەوەی پابەندی ئابوری بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی خولقاوی خاوەنداریتی مولکداری بووە، لەرووی سیاسیشەوە سەربازو چەک بەدەست و سەنگەرگرو شەرکەری پارێزەری بەرژەوەندی ئاغا و دەرەبەگ بووە. گەر سەرنج بدەینە هەموو شەر و پێکداداتەکانی نێوان میر و بەگ و پاشا و ئاغاکانی کوردستان دەبینین جوتیار بووە پارێزەرو ئەمەن دڕێژکەر و پایەدارکەری تەخت و بەختی میر و حوکمڕانیان و هەر جوتیاریش بوە ڕوخێنەرولەناوبەری ئەم دەسەڵات و ئەو دەسەڵات ئەم یا ئەو میر و هەمیشە لەچوارچێوەی عەشرەت و خزمەتکاری و چەک بەشانی دا بۆخان و میر و بەگ و ئاغا خۆیان بەکوشت داوە یاسەنگەریان گرتوە و بەرامبەریان ناچار بەشکست کردوە کە زۆربەشیان لەشەری خۆ بە خۆیدا بەکار هێنراون.

کە ئێستاکەش واکۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەکەمە، هەر هەمان شێوەو قەبارەی پەیوەندی سیاسی نێوان سەرەک عەشیرەت و جوتیار بەردەوامە لەکوردستاندا شێخان و بنەماڵەی بەرزانی لەسەرەتای بیستەم دا چۆن رەفتاریان بەرامبەر جوتیار و مرید و خزمەتکار و رەش و ڕووت و بۆرەی عەشرەتەکەیان و عەشرەتەکانی تری دەوروبەریان کردوە ئێستاش کە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە هەر هەمان رەفتار و بۆچوون و رەوتیان هەیە بەڵام بەفراوان تر بە دەسەڵاتی پتر بەهێز و توانای زیاتر و بەشێوەی توقاندنی ترسناک تر و پاشان بەقەبارە و چوارچێوەیەکی سەدان جار لەوکات گەورەتر.

لەسەدەکانی ناوەڕاست و بەدواوەش کە لەکوردستان دا شارستانیەت زۆر دواکەوتو و پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرەکی و داسەپاو و ئێقلیم گیر هەر دەرەبەگایەتی بوو و جوتیار وەک گاکانی بەنیر و هەوجار بە دەرەبەگەوە

سەمەندۆک کرابو و بەناوی پاراستنی قەبارەی عەشیرەت یا فراوان کردن و پاراستنی ڕچەیی ئاینی ولەڕاستیشدا لەپێناو درێژەدان بە پەیوەندی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی بەکاردەهێنرا، ئێستاش هەر هەمان شێوە و بیر و بۆچوونی عەشایەری و دەرەبەگایەتیە بەلام لەڕووەسیاسیەکەیەوە، گەر دەرەبەگی سەدەی ناوەڕاست لەسەدەی بیستەم دا یا سەرەتای سەدەی بیست ویەکەم دا گۆڕانی ئامرازی پەیوەندی هێنانی بەحوکمی مێژو و لەپرۆسەی گەشە کردنی کومەلگادا بەسەردا هاتبێ و جوتیار لەکوردستانی خواروودا لەسەر زەوی هەلکەندرابێ بەزۆر و سەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بە زۆر داسەپاوی عێراقی و لەئۆردوگا زۆرەملێکاندا بەسترابێتەوە بە جۆرێکی تر لەپەیوەندی بەرهەم هێنان، ئاغاش و سەرەک عەشیرەتیش یابەڕێگەی چونەپاڵ ئەم یا ئەو حیزب یا بەڕێگای چونە پاڵ ڕژێم دەسەلاتە سیاسیەکەی خۆی بەسەر عەشرەتەکەیدا هەر پاراستوە و سەرچاوەی هێز ودەسەلات و توانای سیاسی و چەکداری و ئابوریەکەی هەر جوتیار بوە و هەمیشە هەر سەروەرو دەسەلاتداری جوتیاراتی عەشرەتەکەی خۆی بوە.

بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستیەش وەک لەپێشەوە باسم کردوە بە پێویستم زانی لەم پێشەکیەدا وەک نمونەیەک ڕاستی ڕۆلی بنەمالەی بارزانی لەشۆڕشی کوردستان و بەتایبەتی کوردستانی خواروودا بنوسم جا بەکارتێ کەری چاکی یا کارتێ کەری خراپی، بەدیاری کردن و ڕوون کردنەوەی ڕاستیەکان و هەلدانەوەی پەچە لەڕوی تارێک و دزێوی مێژوە درۆ بینەکان.

# شێخانی بارزان و ڕۆلیان لە بزوتنەوەی چەکداری و سیاسی کوردستانی خوار وودا

بۆ ناسینی شێخانی بارزان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ڕەچەلەکیان و سەرەتای دروست بوونی ئەو بنەمالە یە وەمێژوی نیشتەجێ بونیان لە بارزان و پاشان پرۆسەی گەشەکردنیان وەک ڕچەیەکی ئاینی بەناوی (نەقشی) و دواجار گۆڕینی ئەو ڕچەش و وەرچەرخانیان بۆ بەدەست هێنانی دەسەلاتی دەرەبەگایەتی خاوەنداریتی زەوی و زار و بەدەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی و دەست بەسەراگرتنی ڕەوتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی و نەتەوەیی.

گەلێ بۆچوونی جیاجیا هەن لەسەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەی بارزان کە بەکورتی خۆیان لەم چەند بۆچوونانەی خوارەوەدا دەبینن :

١- بۆچوونێک هەیە کە سەرەتای ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێننەوە بۆناوچەی مەریوان لەکوردستانی ڕۆژهەلاتی بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو، لەدەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە ڕەویان کردوە بەرەو کوردستانی خوارووو لەسەرەتاوە لە گوندی (بازی) نیشتەجێ بوون و پاشان کەدەسەلاتی ئاینیان پەیداکردوە چونەتە گوندی بارزان و لەنیشتەجێ پێشینەکەیان داگیرکردوە، وەگەورە و ڕابەر و دەم ڕاستی بنەماڵەکەش (تاج الدین) ناوێک بووە. (١)

٢- بۆچوونی تر هەیە کە سەرەتای ئەو بنەماڵەیە لەگوندی بارزان دا دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر، و ناوی عەشیرەتی بارزان بەسەر گوندی بارزانیشدا دابڕاوە. (٢)

٣- بۆ چوونی سێهەم دەلێ گوایە دەماودەم کە بنەماڵەی شێخانی بارزان لەبەرەی میراتی ئامێدی بوون و لەمیر (مەسعود) ناوێکیانەوە وازی لەمیرایەتی هێناوە و ڕوی کردۆتە خواناسی و بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لەسەر ڕچەی (نەقشی) کە لە هەمویان بەناوبانگ تریان کورانی مەلا عبداللەی کوڕی تاج الدین بوون و ناویان شێخ عبدالسلام و شێخ عبدالرحمان بوە و هاوچەرخی مەولانا خالیدی شارەزووری بوون لەساڵی ١٨٢٦ ی زاینیدا. (٣)

ئەم بۆچونەی دوایش کەلەنوسینی هەژاری موکریانی وپشت بەستنیەتی بەگوتەی دەماودەم، کەدیارە گوتە دەماودەمەکەشی هەر لەمەلا مستەفای بارزان و کورانی و براکانیەوە وەرگرتوە، هیچ بنەمایەکی مێژووی نیەو بگرە تەواو پێچەوانەی مێژووی کوردە بەپێی هەموو ئەو سەرچاوانەی کەلەسەر مێژووی کوردیان نوسیوە، چونکە هەم مێژووی کورد و کوردستانی مامۆستا ئەمین زەکی هەم مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا علاءالدین سجادی کەسەرەتاو کۆتایی میراتی ئامێدیان تۆمار کردوە و بەپێی ئەو بنەچەیەش (شجرە) کەمن لەهەموو سەرچاوە مێژوویەکاندا پاش پشکنینی وورد و گەڕانی تەواو بەدوایدا پەیدام کردوە و لە زنجیرەی ئەمارەتی ئەمیرانی ئامێدی (بادینان)دا کۆم کردونەتەوە بە هیچ جۆرێ (مەسعود) ناوەکەی مامۆستا هەژاری تیا پەیدی ناکرێ. بنیات نەری ئەو میرایەتیە (عەباس، هەباس) ناوێک بوە و دوا میریشیان کە لە ١٨٧١ی زاینیدا بۆتە ئەمیر،

(سمایل پاشا) بووه وکه دوای مه ولاناخالیدی نه قشه به ندی بووه، چونکه مه ژار دەقەرموێ کە کوڕانی ئەو مەسعود ناوە کەناویان شێخ عبدالسلام و شێخ عبدالرحمان بوه هاوچەرخی مەولانا خالیدی شارەزووری بوون، و مەولاناخالیدیش لە ١٧٧٣ی زاینیدا لە دایک بوەو لەساڵی ١٨٢٦ی زاینیدا کۆچی دوایی کردوە بەلام سمایل پاشای دوامیری ئامێدی لەساڵی ١٨٧١ی زاینیدا بوە واتە ڕێک ٤٥ ساڵ دوای کۆچی مەولاناخالید، ئەمە جگە لەوەش کە زۆر بەدوای ئەوناوانەدا گەراوم کە ڕچەی نەقشی یان نەخشەبەندیان گرتوەو لەپەیرەوانی مەولانا خالید بوون بەلام بەهیچ جۆرێک ئەناوی (مەسعود)و ئەناوی (عبدالسلام و عبدالرحمان)م نەدیوە(٤)

وەلەباسی خولەفای مەولانا خالیدیشا هەر لەتورکیا و عیراق و ئێران وکوردستانەوە تا وولاتانی عەرەب و هیندستانیش بەهیچ جۆرێک ناوی مەسعود ناو و عبدالسلام و عبدالرحمان ناو نەهاتوە.(٥)

پەیدابونی ئەو بنەماڵەیە بەپێی هەموو سەرچاوە مێژوییە خۆماڵی و بیانیەکانیش، هەر لەدیپلۆماتی بەریتانیای (مارک سایکس)ەوە کە یەکەم کەس بوە ناوی هێناون، تا دەگاتە (ولیم ایگلتن) ٣ و کریس کۆچیرا لاپەڕە ١٩٢ و دانا ئادەم شمت لاپەڕە ١٤٠ و ئەمین زەکی بەگ لاپەڕە ٣٤٥ و فایل براک لاپەڕە ٦٢و پاشکۆی شەرەفنامە لاپەڕە ٨٤١ و چەندین سەرچاوەی مێژووی تریش،لەپیاوێکەوە هاتوەکە ناوی (تاج الدین) بوەکە پیاوێکی خواناس و لەخواترس بوە و هیچ ناوو ناوبانگێکی تەنانەت ئاینیشی نەبوە. پاش ئەو کوڕەکەی عبدالله و دوایش شێخ عبدالسلام و پاشان شێخ محمد کوڕی عبدالسلام بوە کەباوکی عبدالسلام، ئەحمەد، بابو، مەلامستەفا، حەمە سدیق بوە، لەو شێخ محمدەوە دەسەلاتی ئاینی یان پەیدا کردوە و تەکیەی شێخایەتی لەگوندی (بازی) داناوە.

شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عبدالسلام کە تەکیەی شێخایەتی لەگوندی (بازی) دانا کە دەکەوێتە ٧ کیلۆمەتری گوندی بارزان، ئەوکاتە ئەو ناوچەیە بەگوندی بارزانیشەوە ژمارەیەکی زۆری مەسیحی مەبەستم(کوردی مەسیحی) تیدا ژیاوە، وشێخ محمد پاش پەیداکردنی مریدی زۆر بوی ڕچەکەیی وفراوان بوونی دەسەلاتە ئاینیەکەی فشاری زۆری خستۆتە سەر مەسیحیەکان، کە ئەنجامی زەبر و زەنگ و توقاندن، مەسیحیەکان بەشی زۆریان ڕەویان کردوەو هەموو زەوی وزارو پەزمەنەی ئەمەنی خۆیان بەجێ هێشتووەو ڕوویان لەناوچەی هەکاری کردوە. بەشێکی کەمیشیان لەبەر وە لەترسی بەرژەوەندی خۆیان بونەتە ئیسلام.

بەرلەوەی کە زەبروزەنگ و تۆقاندن لەلایەن شێخ محمدەوە دەست پێ بکات و لەژێر پەردەی ئاین و بەناوی بڵاوکردنەوەی ڕچەی نەقشیەوە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی پەیداکات، ئەو ناوچەیەی ئەو گوندەکانی ((بارزان، بلە، هۆستان، بازی)) ناوچەی نیشتەجێی هۆزی (بروش)بوون، واتە هۆزێکی سەربەخۆبوون و سەر بە هیچ تیرەیەک (عەشیرەتێک) نەبوون. بەڵام پاش پەیدا بوون و فراوان بوونی دەسەڵات و زەبرو زەنگی شێخ محمد هەموو تیرەکە بوونە پەیڕەوانی ڕچەی نەقشی شێخ محمد.


پاشان شێخ محمد پەلی هاویشت بۆ ناوچەی هۆزی شیروانە کەدەکەوێتە سەر ڕووباری ڕوکچوک و پێکهاتووە لەگوندەکانی (ڕێزان، شیروان مەزن، میرگەسور، و تا هاوەدیان)، دوای دەست بەسەرا گرتنی ئەوناوچەیەش ئینجا تەکیەکەی گوێزرایەوە بۆ گوندی بارزان و ئینجا کەوتە فشارخستنەسەر هۆزی مزووری باڵا و هەرکی بناجێ و گوندەکانی ((سیلکی، کۆزێ، شنکیل، دێری))ی خستەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

واتە پاش ژێر دەستەکردن و سەپاندنی ڕچەئاینیەکەی خۆی بەسەر ئەو چوار هۆزەدا (بروش، شیروان، مزووری باڵا، هەرکی بناجێ)گوێزرانەوەی تەکیەی شێخایەتیەکەی لەگوندی(بازی)بۆ گوندی (بارزان) ناوی شێخیش گۆڕا لەشێخ محمدەوە بۆ شێخی بارزان و ئەو چوار تیرەیەش نازناوی مریدی بارزان و پاشان عەشیرەتی بارزان یان وەرگرت.

لەدوای مردنی شێخ محمد، شێخ عبدالسلام ی کوڕەگەورەی بۆتە جێ نشینی کەلەسالی ١٨٨٥ دا لەدایک بوەو لەسالی ١٩١٤ دا لەموسل لەسێدارە دراوە.

شێخ عبدالسلام هەر لەسەرەتای جێنشینیەوە، ئاکار و ڕەفتار و فراوانخوازی دەسەڵاتداریتیەکەی باوکی بۆبەمیرات مایەوە و بگرە هەزار ڕەحمەت لە کفن دز لەزۆرداری و خۆسەپاندن و ستەمکاریدا، سەرەتای ستەمکاریەکەی لە هۆزی (دولەمەڕی)یەکانەوە دەست پێ کرد و پاشان هێرش و پەلاماری بردەسەر برادۆستیەکان و نورمانیەکان و دواجار بەشێکی زێباریەکانیش. شێخ عبدالسلام تەک وەک شێخ محمدی باوکی لەژێر پەردەی ئایندا کەوشەنی دەسەڵاتداریتی خۆی فراوان کرد، بەڵکە هەردوو ڕێچکەی ئاینی و دەرەبەگایەتی گرتەبەر. بەتایبەتی ئەمیان لەسەردەمێکدا بوو کە بزووتنەوەی عەشایەری و نەتەوەیی لەکوردستان دا

زنجیرەی ئەمیرانی ئەمارەتی ئەلمێدی (بابان)



لەئارادابووە هەم دەوڵەتی عوسمانیش لەرزۆک و قرچۆک و گەندەڵ بووبوو و بووبووە دەوڵەتی پیاوە نەخۆشەکە و لەهەموو لایەکەوە سەریان ژەتیبووە کەلاکی.

وای لێهات دەسەلاتی عبدالسلام لەڕەواندوزەوە تاکو ئامێدی و لەزێی گەورەشەوە تاکو زاخۆی داگرت.
شێخ عبدالسلام بەپیاوێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ لەهەندێ سەرچاوەدا ناسراوە و گوایە هەوڵی دەدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستانی. وەواش نوسراوە کەگوایە شەڕو شۆڕو عاسی بوەکانی دژی دەوڵەتی عوسمانی بۆپێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بووە. (٦١)
بەلام هیچ بەلگەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی لەسەر نیە، بەلکە بەپێچەوانەوە زاڵ بونی هەستی پەیرەوێتی وئەمەک داری بۆ ئەو بنەماڵەیە زیاتر بەرچاو دەکەوێ وەک لەڕاستی و پیشاندانی بەلگەی مێژوویی.
بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز باشتر و زیاتر و ڕوونتر لەڕاستی ڕوداوەکان بگات و وەک خۆی قالبی ڕاپەرین و هەلچون و شەڕەکانی عبدالسلامی بارزانی بۆ دەربکەوێ و خۆی بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە داخۆ جولانەوەو شەڕەکانی عبدالسلام قالبی شۆڕشی نەتەوەیی بەخۆیەوە دەگرێ یا هەلچونی بێ سەروبەرو بەرژەوەندی تیرەخوازی و فراوانخوازی دەسەلاتی تاکەکەسی بەخۆیەوە دەگرێ، بەپێویستم زانی یەک بە یەکی ڕابوونەکانی عبدالسلام بخەمەبەردەم خوێنەری بەڕێز.

١- ئەوەی کەپێی دەوترێ شۆڕشی (١٩٠٧- ١٩٠٩) (٧١)
دوای فراوانبونی دەسەلاتی عبدالسلام بەسەر ٣/١ی ناوچەی بادینانداو قەبەبونی خەرجی شێخایەتیەکەی و گەورەبون و هەلمسانی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر دەرویش و مریدی پەیرەوانی، شێخ عبدالسلام لەسالی ١٩٠٩ دا بیری لەوەکردەوە کە دەبێ سەرچاوەی دەرامەتی فراوانتر و گەورەتر و مسۆگەرتر بکات، بۆیە داخوازینامەیەکی (تقازانامە)ی دابەوالی دەوڵەت لەموسل و ئەم سێ داخوازیانەی خوارەوەی داواکرد:
ا- دەوڵەتی عوسمانی پایەبەرز ناوچەکانی ژێردەسەلاتی شێخی بارزان لەکۆکردنەوەی باج و خەراج ببەخشێ.

ب- باج و خەراجی ئەوناوچەیە بەگشتی بە شێخی بارزان و تەکیەکەی ببەخشێ.
ج- دەوڵەتی عوسمانی مەعزەم دەرویش و مریدانی بارزان لەئەرک و ئەرمانی سەربازی ببەخشێ.

فەرمانڕەوایانی عوسمانی داخوازیەکانی عبدالسلام یان نەسەلماند و چەند باج گرێکی دەوڵەتیان نارده ناوچەکە بۆ باج کۆکردنەوە، لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی عوسمانی، شێخ عبدالسلام فەرمانی بەگرتنی باج گرەکانی داو دواتیشیان لێ کوژرا.
لەبەرامبەر ئەو سەرپێچییەی عبدالسلام، دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی والی موسڵەوە پەلاماری ناوچەی عبالسلام یاندا و لەماوەی سێ هەفتدا تەواوی ناوچەکەیان داگیر کرد و شێخ عبدالسلام پشیان بەو ڕادەیە تەنگە تاوکرد کە خۆی و چەند چەکدارێکی کەمی ڕایکەنە دیوی کوردستانی ئێران و ژن و منال و براکانیشی بێ بەجێبهێڵێ، لەئەنجامدا والی موسڵ ژن و منالی عبدالسلام و کەس وکاری و مەلا مستەفای براشی گرت و بەدیل برانە موسڵ.
هەر ئەو ساڵە واتە ساڵی ۱۹۰۹ عبدالسلام و چەکدارە کەمەکان خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی عوسمانی کردەوە بەهۆی یوزباشیەکی عوسمانیەوە بەناوی (مەجید تۆغلو)، لەپاداشتی ئەوە دەوڵەتی عوسمانی ژن و منداڵ و براکەی بەرەڵاکرد و ناردنیەوە بارزان، عبدالسلام بۆ دەوڵەتی عوسمانی مۆرکرد کە باجی ناوچەکەبدات بەدەوڵەتی عوسمانی و سەربازیش بدات.

## ٢- ئەو شەڕەی کەپێی دەڵێن شۆڕشی ١٩١٣

لەوساڵەدا سەرەک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی (مەحمود شەوکەت پاشە) کوژکرا، دەوڵەتی عوسمانی (سفوەت بەگ)ی والی موسڵی تاوانبار کرد کەدەستی لەکوشتنی سەرەک وەزیراندا هەبێ سەفوەت بەگ ترسی سزادانی لێنیشت و کەوڵی خۆی دەربازکرد و پەنای بردە بەر تەکیەی عبدالسلام کەدۆستی نزیکەی بوو، عبدالسلام پەنای سەفوەت بەگی دا لەبارزان، دەوڵەتی تورکی داوای سەفوەت بەگی لەعبدالسلام کردەوە و شێخ فەتوای دانەوەی نەدا. دەوڵەتی عوسمانی پەلامار و هێرشی بردە سەر شێخی بارزان و سەدان دەرویش و مریدی بێ تاوانی شێخی بارزان بەناحەق و لەپێناوی سەفوەت بەگی تورکیدا کوژران و بوون بەقوربانی عەقلی

دواکەوتوی تیرەگەریتی عبدالسلام، سەفوەت بەگیش گیراوپەل بەست کرا و پاشان لەسێدارەدرا، عبدالسلام ی شێخ و رابەری بارزانیش وەک پیشەی پێشوی هەڵهات وچوە ئێران و پەنای بۆ سمایل خانی سمکۆ برد و پاشان کەوتەداوی دەوڵەتی عوسمانیەوە ولەساڵی ١٩١٤ دا لەموسڵ لەسێدارە درا.(٨١)

مەبەستی سەرەکی لەم روونکردنەوانە:

<u>یەکەم</u>: تیرەیەک نەبوە لەمێژوی عەشایەری کوردیدا بەناوی عەشرەتی بارزان، بەڵکە ئەنجامی پەیرەوی چەند تیرەیەک بۆ رچەیەکی ئاینی ئیسلامی، کەنەقشی بوە و لەبارزانەوە تەشەنەی کردوە کە بریتی بوون لەتیرەکانی (بروش، شیروان، مزوری بالا،هەرکی بناجێ) ونازناوی عەشرەتی بارزانیان بەسەردا براوە.

<u>دووەم</u>: ئەوەی کەپێی دەوترێ شۆرشەکانی شێخ عبدالسلام ی بارزانی، بەواتا زانستیەکەی ومێژویەکەی شۆرش نەبوون هیچ قالبێکی نەتەوەیی وسیاسیان بەخۆوە نەگرتوە، بەڵکە دوو یاخی بوونی تاک رەوی و ناوچەیی و تەسک بوون و بۆمەبەستی بەدی هێنانی بەرژەوەندی شێخان وتەکیەی شێخان و پەیرەوانی بوەو فری بەسەر مەسەلەی کوردستانەوە نەبوە.

<u>سێهەم</u>: پوچەڵ کردنەوەی ئەو بۆچوتە سۆزی(عاطفي) یانەی کەنازناوی شۆرشیان بەو یاخی بوونانەوە لکاندوە و سەرکردەکەشیان بەشۆرشگێر و فەرماندەی خەبات کەر بۆ رزگاری کورد و کوردستان ناساندوە، پاشان چەندین درۆو ئەفسانەیان وەک بەرموورە بەشان و مل دا هەڵواسیوە.

دوای لەسێدارەدانی عبدالسلام ی کوری شێخ محمد، بەپێی نەریتی عەشایەری و شێخانی بارزان پێویستە کوڕە گەورەکەی گەر نەبوو گەورەترین برای پاش خۆی بێتە جێنشین، بەپێی ئەو نەریتە ئەحمەدی کوری شێخ محمد ناسراو بە(شێخ ئەحمەدی بارزان، پاشان خودان بارزان)بوو بە جێنشین و هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و ئابوری و پاشان سیاسیشی گرتە دەست.

شێخ ئەحمەد ئەوکاتە لەتەمەندا منداڵ و بێ دەسەلات بوە و لەگەڵ براکانیا بێ سەرپەرشتیکەری بەخێوکەربوون واتە هەتیوو بێ دەرەتان بوون.(فرس ئاغا)ی زێباری هەر چوار براکەی خستە ژێربالی خۆیەوە، واتە(شێخ ئەحمەد، مەلامستەفا،

شێخ حەمەسدیق، شێخ بابۆ) پاش گەورەبوونی شێخ ئەحمەد و گەیشتنی بەتەمەنی بە توانایی کچێکی خۆشی لێ مارە کرد.

دوو جۆر بۆچوون هەن لەسەر چۆنیەتی بلاوبونەوەی ناوی شێخ ئەحمەد و ناوبانگ پەیداکردنی:

١- کریس کۆچیرا لە ل١٩١ دا دەڵێ ((لەسالی ١٩١٩ دا ئینگلیز کاتێ دەیانەوێ دوونوێنەری خۆیان بنێرنە لای شێخ ئەحمەد بە چەند سەربازێکی کەمەوە کە گفتوگۆی لەگەلدا بکەن سەبارەت بەکێشەی نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ رەشیدی لۆلان. شێخ ئەحمەد پەلاماریان دەداو هەردوو نوێنەرەکە کەئەفسەر بوون ئەکوژرێن و سەربازەکانیش بە شکاوی هەلدێن، پاش ئەوە شێخ ئەحمەد پەلاماری ناوچەی شێخ رەشیدی لۆلان دەدا)).

٢- حسن مستەفا (البارزانیون) لاپەرە ٢١ دەڵێ ((زیبارییەکان پۆلیسێک دەکوژن، حاکمی سیاسی و بڕیاردەرەکەی بڕیار دەدەن بۆسەندنەوەی تۆلەی ئەو پۆلیسە سزای تاوانبارانی زیباری بدەن، وە دەشیانەوێ بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان سەردانی شێخ ئەحمەد بکەن بۆبێ لایەن کردنی، بەلام لەکاتی چونیان بۆلای شێخ ئەحمەد، زیبارییەکان رێگەیان لێدەگرن و تەقەیان لێدەکەن کە هەم حاکمی سیاسی و هەم یاریدەدەرەکەشی دەکوژرێن، شێخ ئەحمەد فەرمان بە مریدەکانی خۆی دەدا کەلەدەستە شکاوەکەی ئینگلیز بدەن و لەگەل زیبارییەکاندا هاوکاردەبن بۆپەلاماردانی ئاکرێ و دەیگرن)).(٩)

## شێخ ئەحمەد و شەرەکانی کەناوی شۆرشیان بەسەردا سەپێنراوە:

### ١- شەری سالی ١٩٢٠:

پاش کوشتنی حاکمی سیاسی و گرتنی ئاکرێ، ئینگلیز بڕیار دەدەن کەهەم ئاکرێ بسەننەوەو هەم شێخ ئەحمەدیش تەمێ بکەن، بۆیە پەلاماری ئاکرێ یان دای لەشێخ ئەحمەد و زیبارییەکانیان سەندەوەو پاشان کەوتنە لێدان و راونانی چەکدارەکانی شێخ ئەحمەد، لەماوەی دوو هەفتەدا بەسەرچەکدارەکان بارزانی و زیباریدا زال بوون و بارزانیان گرت و خانوی شێخ ئەحمەدیان سوتاند و ئیتر ناو کرا بە ئاگردا.

ئەنجامی ئەو شەڕە:

ا - دەسکەوتی شێخ ئەحمەد ئەو چەک و ئازوقەو پەڕۆ و پاتاڵەی ئینگلیز بوو کە لەئاکرێ دەستیان کەوت، زیانەکەشی بەکوشت دانی پتر لە ١٥ مرۆڤ و ئێکشکانی خۆی.

ب- دەسکەوتی ئینگلیز داگیرکردنی ناوچەکە و داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی وەک داگیرکەرێیایدا.

ج- گەر هەڵسانی شێخ ئەحمەد و لێدانی ئینگلیز لەئاکرێ چ مەبەستێکی نەتەوەیی و سیاسی تێدابوایە دەبوایە یۆرەپەیوەندیەکیش بێت ببوایە یان بەشێخ عبدالقادری ئەهریەوە کە لەئەهری ڕاپەڕیبون بەمەبەستی بنیاتنانی دەولەتێکی کوردی، وەیا بەسمایل خانی سمکۆوە کەئەویش لەناوچەی شوکاکەوە ڕاپەڕیبوو وە دەستی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی ئێران دا گرتبو، وەیا بەشێخ مەحمودی حەفیدەوە کەیەک لایەنە ئیعلانی حکومەتی کوردستان و مەلەکیەتی خۆی کردبوو. (١٠)

دیسانەوە پەیوەندی نێوان عبدالقادری ئەهری و سمایل خان و شێخ مەحمود لەڕێگەی ئەحمەدتەقیەوە سەیری -چیم دی -ئەحمەدفەقی لاپەڕە ٧٥ بکە وسەیری - ڕەمزی قەزاز - لاپەڕە ١٤٠-١٤١ بکە. مامۆستا رفیق حیلمی لەیادداشتەکەیدا بەرگی دوهەم-بەشی یەکەم- لاپەڕە ١٤-١٥ دەڵێ ((کوشتنی حاکمی سیاسی-کابتن ویلی - و مدیری پۆلیس - ماکدونالد - لە ١٥ ی تەمموزی ١٩١٩ لەلایەن حاجی شەعبان ئاغای ئامیدیەوە کوژران.

وە هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٦ دا دەڵێ (( کابتن بیل ی حاکمی سیاسی نوێ کە لەجێگەی ویلی دانرابوو لەگەڵ سکۆت ی یارمەتی دەریا دەیانەوێ سەردانی ( فارس ئاغای زیباری بکەن، وە ڕەبارزانیەکان کە پەیوەندی عەشایەری خرابیان لەگەڵ زیباریەکاندا بوە، ترسی ئەوەیان لێدەنیشێ کە ئەو سەردانەی ئینگلیز بولای فارس ئاغا ببێتە هۆی لاوازبوونی ئەمان و بەهێزبوونی زیباریەکان بۆیە لەکاتی گەڕانەوەی ئینگلیزەکان لەلای فارس ئاغاوە بۆ ئاکرێ، بارزانیەکان لە ٤٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ دا بۆسەیەکیان بۆدادەنێن و دەیان کوژن.

٢-لەساڵی ١٩٢٢ داکۆمەڵێ هۆکاری ناوەکی ودەرەکی لەبارو گونجاو لەکوردستاندا هاتبوە پێشەوە بۆ سەرکردەیەکی کوردی نەتەوەیی یا کەسێکی کوردی سیاسی یا سەرەک هۆزێکی کوردی عەشایەری گەورەیی خواز کەبتوانێ بە سیمای خەڵک

کوکەتەوە ئەم ناوچەیەو ئەو ناوچەیە دەست بەسەردابگرن و لەئایندەی دووریشدا کەسانی لەمێژو نەگەیشتوو و لەمێژوونەزان وماستاوکەر بەرگی شۆڕشیان بۆ لەبەردابکەن. هۆکارەکانی ئەم کاتەش ئەمانەی خوارەوە بوون:

ا- هێشتا پاشماوەی شەڕی جیهانی هەر لەئارادابوو دەوڵەتی شکستەخواردوو بەتەواوی کەلەپورە پاشماوەکانی دابەش نەکرابوون و دانەنرابونەوە.

ب- کێشەی موسڵ و ویلایەتی موسڵ هێشتالەنێوان مستەفا کمال ئەتاتورک و داگیرکەری ئینگلیز لایەلا نەکرابووەوە.

ج- لەکوردستانی خواروو وەلەبەشێکی کوردستانی ژوروشدا بۆشاییەکی ئیداری و سیاسی زۆرگەورە هەبوو، کەنەحکومەتێک هەبوو بەناوی عێراقەوە بتوانێ ئیدارەی وولات بکات، وەنەئیدارەی مستەفا کەمال ئەتاتورکیش گەیشتبوە ئەو دەسەلاتەی کە بۆشاییەکە پڕبکاتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەدا زۆربەی لەشکرەکەی ڕوبەڕوی هێرش و پەلاماری یۆنانیەکان راگرتبو کەیۆنانیەکان لەوساڵەدا مەرمەڕەیان گرت ونیازی گرتنی ئەستەنبولیشیان هەبوو.

د- ئینگلیزەکانیش نەباری ئابوری و نەسوپاییان لەو ئاستەدابوو کەبتوانن حوکمی ئیداری و سیاسی و سوپایی هەموو کوردستان بکەن بەتایبەتی کەکوردستان کوانوی کلپەسەندوبو بەرامبەر ئینگلیز هەر هەستی نەتەوایەتی و ڕاپەڕینی نەتەوایەتی ئارێک خراو و بێ بەرنامەی داڕێژراو گەیشتبوە لوتکە و لەهەموو لایەکەوە ئەو هەل مەرج وبارو دۆخە ئاڵۆزەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەقۆزرایەوە لەکوردستاندا وعەشایەری کورد لەهەموو لایەکەوە کەوتبونە خۆ بۆ پەلاماردانی پاشماوەی سوپای تورکی بێ سەروبەرو سوپای ئینگلیزی خۆ دانەڕشتوو. لەلایەکەوە شێخ مەحمودی حەفید لەناوچەی سلێمانی و کەرکوک بەهێزی عەشایەری و ناوچەکە ولە لایەکی ترەوەسمایل خانی سمکۆ دژی دەوڵەتی ئێرانی و تورکی.(١١)

ئالەوبارو دۆخەدا شێخ ئەحمەدی بارزان بەمەبەستی سەندنەوەی تۆڵەی شکستەکەی ساڵی ١٩٢٢لەدەست ئینگلیز، هێرش دەبەنە سەر ئامێدی و داگیری دەکەن بۆماوەیەکی کەمتر لەهەفتەیەک بەدەستیانەوە دەبێ، و پاشان وەک شەڕەکانی ڕابردویان بەرامبەو پەلاماری ئینگلیز و بۆردومان کردنی بارزان لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە دەشکێن و هەڵدێن.(١٢)

گەر شێخ ئەحمەدی بارزان لەشەڕی ساڵی ١٩٢٢ دا مەبەستی ڕزگارکردنی کوردستان بوایە، هەل و مەرجی ئەوساکە وابوکە یادەبوایە بەپاڵپشتی تورکەکان

دژی ئینگلیز ئەو کارەی ئەنجام بدایە یان بە پاڵپشتی ئینگلیز دژی تورکەکان، بەڵام بە پێی ڕاپەڕین و هەوڵ و تەقەلاکانی کوردە نەتەوەییەکان، نە ئەمیان و نە ئەویان بوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەک نیە کەباسی پەیوەندی نێوان شێخ ئەحمەد و ئۆزدمیر لە ڕەواندوز بوبێ یانێوانی شێخ ئەحمەد و شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان، یان نێوان شێخ ئەحمەد و سمایل خان - سمکوی شوکاک-، یاخودناوی هەبوبێ لەومەزبەتانەی کەدراون بە عصبة الامم لەلایەن کوردە ڕزگاری خوازەنەتەوەییە عەشایەرییەکانەوە.(١٢)

## ٢- شەڕی ساڵی ١٩٣٢ :

دوای درێژەکێشانی دیاری کردنی سنوری دەوڵەتی عێراقی دامەزراو بۆماوەی ٤ ساڵ لەساڵی ١٩٢٧ دا سنوری نێوان تورکیا-عێراق دیاری کراوە و دەوڵەتی عێراقی نوێ هێشتا خاوەنی ئەو تواناو دەسەلاتە ئیداری و سوپاییە نەبوو کە بتوانێ هەم دەوڵەتەکەی خۆی لەبەغداد بپارێزێ و هەم ڕاپەڕین و سەر هەڵدانەکانی خواروی عێراق و ناوچەی سلێمانیشی پێ دامرکێنێتەوە و هەم یەسەرکێشەی عەشایەری ناوچە سنوریەنوێکانی نێوان تورکیای کەمالی و عێراقی فیصلی دا زاڵ بێ، بۆیە ڕژێمی فیصلیبە زۆر داسەپاو بەسەر گەلانی عێراق و بەسەر کوردستانی بەزۆر لکاویش بە عێراقەوە پتر تەقەلای ئەوەی ئەدا چەند بۆی بکرێ خۆی لەکێشەو شەڕی کوردەکان بپارێزێ و هەوڵی زۆرتری بۆ ئەوەبو کەلەڕێگەی عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەی بادینانەوە کێشەی کورد پتر بخرێتە ناو دەوڵەتی تورکیای کەمالیەوە بەتایبەتی کەلەو کاتەشدا شۆڕشی شێخ سەعید لەئارارات سەری هەڵدابوو.

تاکو ساڵی ١٩٣١ ڕژێمی عێراقی بەهیچ جۆرێک لێ بڕوانەبوو بۆ دانانی دەسەلاتی ئیداری و سوپایی لەسەر سنورەکان، لەساڵی ١٩٣١ دا ڕژێمی عێراقی دەست بەکاربوو بۆ دانانی چەند مەخفەرێکی پۆلیس بەناوی دابین کردنی ئاسایش و بەربەرچ دانەوەی ڕاووروت و جەردەیی لەناوچەی بارزان دا، بۆ ئەومەبەستەش قائیقامی زێباری کردوە بەبەرپرسیاری جێ بەجێ کردنی.

ئەوبڕیارەی ڕژێمی مەلەکی عێراقیش لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە دران کە لەلایەن ئوێنەرانیەوە لەسەر ناوچەکە دەڕۆیشت، کە گوایە سەرئەنجامی ڕاووروت و کوشتنی خەلک و تالان کردنی دیهاتی ناوچەکە لەلایەن دەستەو دایەرەی شێخ ئەحمەدەوە ئاسایش لەناوچەکەدا نەماوە (١٣) بەتایبەتی پاش ئەو دوو پەلامارەی بارزانیان بۆ ناوچەی ڕێکان و برادۆست.

پەلاماری یەکەم لەلایەن شێخ ئەحمەد و بارزانیانەوە لە ١٩٣١/٧/١٠ بۆ ناوچەی نیرووڕێکان، لەلایەن (گەلحی ئاغا) ی ڕێکانەوە بەرەنگاری کران و لە ١٩٣١/٧/١٢ سەرئاوی شەمدیناتیان لێگرتن و بارزانیەکانیان شکاند (١٤).

پەلاماری دووەم لەلایەن بارزانیەکانەوە لەمانگی ١٩٣١/١١ دا بۆسەرناوچەی برادۆست کە ناوچەی لولانیەکان بووە و لەژێر دەسەلاتی ڕچەی ئاینی شێخ ڕەشیدی لولان دا بوون، کەئەنجامی ئەم شەڕەش دیسان بۆ هەردوو لایان هیچ سەرکەوتنێک بەدی نەهات جگەلەبەکوشت دانی ١٤ جوتیار و مریدی بێ ئاگاو دواکەوتوی ناوچەکە لەهەردوولا (١٥).

حکومەتی مەلەکی عیراقی ئەو ڕووداوانەی بەهەل زانی بۆ دەست گرتنەوە بەسەر هەموو ناوچە سنوریەکاندا و داناتی سنورێکیش بۆ سەرکێشی بارزانیەکان، بۆیە لەسەرەتاوە ڕژێمی عێراقی بڕیاری دا کە لیژنەیەکی ناوبژی کەر پێکبهێنێ بۆ ناوبژی نێوان بارزانی و لولانی، لیژنەکە لەموتەسەریفی موسل و هەولێر و قائیمقامی ڕەواندوز و زیبار پێک هات لەگەل نوێنەرێکی شێخ ئەحمەد کە مەلامستەفای برای بوو وە نوێنەرێکی شێخ ڕەشیدی لۆلان.

لەسەرەتای تشرینی یەکەم ١٩٣١ لەئاکرێ کۆبونەوە، بەلام هەردوو لانەگەیشتنە ئەنجام و بەرەو ناوچەکەی خۆیان گەڕانەوە (١٦)

دوابەدوای ئەوە هێزێکی بەرزانیان بەفەرمانی شێخ ئەحمەد و بەسەرکردەی مەلامستەفای برای پێکهاتبوو لە(٦٠٠) چەکدار پەلاماری ناوچەی شێخ ڕەشیدی لولانیان داو(٧) گوندیان سوتاند.

ڕژێمی عێراقی شێخ ئەحمەدی ئاگادارکردەوە کەبەپەلە چەکدارەکانی و مەلامستەفای برای بگێڕێتەوە دواوە تالانیی خەلکی تالانکراوی گوندەکان بدەنەوە، بۆ ئەومەبەستەش قائیمقامی زیباریان بە(٨) پۆلیسەوە ناردەشێرواتی مەزن کەلەوێشەوە لەگەل شێخ ئەحمەددا ئەوبڕیارە جێ بەجێ بکەن، بارزانیەکان

لەرۆژی ١٩٣١/١٢/٧ دا سەر ریگەی قایمقامیان گرت، و قایمقام و پۆلیسەکانیان بەدیل گرت.

دوای ئەوە بارزانیەکان کەوتنە خۆکۆکردنەوە و چەکدارکوکردنەوە و دەربەند و گەلی و لوتکە سەختەکان و ریگاسەرەکیەکانیان گرت و ئاگاداری حکومەتیان کرد کەلەمەودوا:

١- بەهیچ جۆرێک نابێ حکومەت باجی ناوچەی ژێردەسەلاتی ئەوان وەربگری (باجی مەڕانە کەناوی -گودە- بوو).

٢- نابێ هیچ جۆرەمەخفەر و ناوەندێکی ئیدارەی دەوڵەتی لەناوچەکەیاندا دابنرێ.

٣- قایمقامی زێباریش نادەنەوە بەدەوڵەت تا دەوڵەت ئەو داواکاریانەی سەرەوەیان جێ بەجێ ئەکات.

لە ١٩٣٢/٣/١٥ دا شەری نێوان رژێمی مەلەکی و شێخ ئەحمەد دەستی پێکرد کەلە مێژووی عێراقدا ناسراوە بە (حەرەکاتی یەکەمی بارزان - سالی ١٩٣٢) وە لە هەندێ سەرچاوەی مێژوویی کوردیدا ناسراوە بە شۆڕشی ١٩٣٢ی بارزان.

هێزی بارزانیان پێکهاتبوو لەنزیکەی ١٨٠٠ چەکدار کە ٥٠٠ چەکدایان بەفەرماندەی شێخ ئەحمەدی سەرەک عەشیرەت و خودان بارزانی سەرکردە، ٧٠٠ چەکدار لەژێر فەرمانی مەلامستەفای برایدا و ٦٠٠ چەکداریش لەژێر فەرماندەیی مەلاسدیقی برای شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا. ئەو شەڕە نزیکەی سێ مانگی خایاند و لەحوزەیرانی ١٩٣٢ بارزانیەکان شکان و ئاوکرا بەئاگــــردا.(١٧).

دوای شکان و رەوکردنی شێخ ئەحمەد و براکانی بۆناو توركیا لەگەڵ ٢٠٠ چەکدار دا.

لە ١٩٣٣/٦/٢٩ بەهۆی دەرچونی بریاری لێخۆشبونی گشتیەوە لەلایەن رژێمی عێراقیەوە، مەلامستەفاو مەلاسدیقی برای ئالوبەگی ٣ خزمیان بەهەمان ٢٠٠ چەکدارەوە خۆیان تەسلیم بەرژێم کردەوە پاش ئەوانیش شێخ ئەحمەدیش بەرەو باوان بۆوە. رژێمی مەلەکی عێراقیش هەموو چەکدارەتەسلیم بووەکانی ناردەوە شوێنی خۆیان، جگەلە شێخ ئەحمەد و شێخ سدیق ومال وخێزان و هەندێ خزم و کەس و کاریان، کە لە پێشا ناردنی بۆ ناسریە وحلە، وپاشان لەسەر داخوازی شێخ ئەحمەد ناردیانن بۆ شاری سلیمانی.

قاپل براگ و کریس کۆچیرا دەڵێن کە شێخ ئەحمەد و براکانی مستەفا و سدیق لەگەڵ ١٠٠ تەفەر کەمابونەوە و خۆیان تەسلیم بە عێراق نەکردبو لە ١٩٣٢/٦/٢٢ چونە تورکیاو تەسلیم بەدەوڵەتی تورکی بوون، بەلام حسن مستەفا دەڵێ هەمویان لە ٦/٢٩ تەسلیم بە حکومەتی عێراقی بوون و نێردرانە موسڵ.

(٣) کریس کۆچیرا لەلاپەڕە ١٩٩ دەڵێ ئۆڵو بەگ مامی دایکی مەلامستەفا بوە و لەگەڵ خەلیل خۆشەوی) تاساڵی ١٩٣٦ تەسلیم بە ڕژێمی عێراقی نەبوون.

٣- شەڕی ساڵی ١٩٤٣ ((ناسراو بە جەرەکانی بارزانی دووەم))

وەچۆنیەتی وەرچەرخانی داخوازییە تاکی و عەشایەریەکەی بارزانیان بۆ داخوازی نەتەوایەتی.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ ڕوونی کەینەوە بریتییە لەوەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١-مەلامستەفا چۆن توانی سەرکردایەتی و ڕابەری عەشیرەتی لەدەست شێخ ئەحمەد دەربهێنێ؟

٢- چ هەل و مەرجێ بوو یارمەتی دروست بوونی مەلامستەفایدا وەک ڕابەرێکی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراقدا [illegible]؟

٣-چۆن داخوازی تاکی و تیرەگەریەکانی [illegible] شێخانی بارزان وەرچەرخان بۆ داخوازی نەتەوەیی؟

٤-ئەو هەشە کێشەرو پلان دانەرو ڕاوێژکارەکانی [illegible] کێبوون؟

دەساڵ تێپەڕی بەسەر ئاوارەیی شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا و براکانیان و هەندێ لەکەس و کاریان لەناسریە وحلە و پاشان سلێمانی. شێخ ئەحمەد بەپراکتیک هەم دەسەلاتی شێخایەتی لاوازببوو بەهۆی دووری لەتەکیەو تیرەکانی دەوروبەری بارزان، وهەم دەسەلاتی دەرەبەگی خاوەنداریەتی زەوی و زارو پاشان سەرکردایەتی جوتیار و موریدەکانیشی، ئەمەتی شێخ ئەحمەد ئەوە دەرچوو کە بتوانێت بەپراکتیک سەرکردەی شەڕوشۆڕو جموجۆڵی چەکداری بێبگری.

ساڵی ١٩٤٣ تەمەنی مەلامستەفا گەیشتە ٤٠ ساڵ کەنزیکەی ساڵێکی تەمەنی ئەوکاتەی لەشەڕوفەرماندەیی چەکدارەکانی بارزان و دەوروبەریدا بریبوە سەر، شارەزاییەکی باش و ئەزموونێکی زۆری لەسەر باری جوگرافی ناوچەی بارزان و دەوروبەر و پاشان لەسەر شەڕی چەتەگەری پ... اکردبوو.

لە شەوی ١٢-١٣/٧/١٩٤٣ ا مەلامستەفا توانی بەهاوکاری ویارمەتی هەندێ لایەن کەلەدوایدا باسی دەکەین، لەژیانی دەست بەسەری دەربازبێت و لەسلێمانی دەربچێتە دەرەوەو بەرەو ناوچەکەی خۆی بکەوێتە ڕێ، ئەو ناوچەیەی کەشارەزایی تەواوی لەسەر هەموو دۆڵ و شاخ و ڕەقەن و بنارو گوندو نیشێوی و هەورازەکانیدا هەبوو چ لەناوەوەی ناوچەکە و چ لەسەر سنورەکانی بەزۆر دروستکراوی ئێران و تورکیا.

دەربازبونی مەلامستەفا و مانەوەی شێخ ئەحمەد وبراکانی تری لەسلێمانی، مانای لەلایەکەوە دووری شێخ ئەحمەد لەناوەندی دەسەلاتداریەکەی، وەلەلایەکی تریشەوە سەرپەرشتی کردنی ناوەندی دەسەلاتداری شێخایەتی و دەرەبەگایەتی ناوچەی بارزان لەنزیکەوە لەلایەن مەلامستەفا بارزانیەوە.

تێکشکانی شێخ ئەحمەد لەشەڕەکانی ١٩٣٢-١٩٣٣ دا هۆیەکی زۆر گەورەبوو لەگێرانی لاوازبونی دەسەلاتی عەشایەری و سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆڵی مەلامستەفا، لەلایەکی ترەوە ئاوارەبوون کاری کردەسەر تێکچوونی نێوانی شێخ ئەحمەد و شێخ حەمە سدیق ٢، کە شێخ حەمە سدیق لەبەرئەوەی براژنە بێوەژنەکەی خۆی هێنابوو (مەبەست ژنەکەی شێخ عبدالسلام)ە، خۆی بەوەدەزانی کەبەدوو هۆ پێویستە خۆی سەرچاوەی دەسەلاتی ئایینی و عەشایەری ناوچەکەیان بێت:

١- بەو هۆیەی میراتگەری دەسەلاتی شێخ عبدالسلامی براگەورەیان بەهۆی مارەکردنی براژنەکەیەوە بەهاندان و پشتگیری ژنەکەی.

٢- بەو هۆیەی کەشێخ ئەحمەد بەساڵداچووە و توانای ڕابەرایەتی ئاینی و عەشایەری نەماوە ئەو ناکۆکیانەی نێوان خودی بنەماڵەی شێخانی بارزان، هۆیەکی کاریگەربوو بۆسەرهەڵدان و سەرکەوتنی مەلامستەفا لەناو ئەوناکۆکیانەدا، کەهەم شێخ ئەحمەد بۆمانەوەی دەسەلاتە ئاینیەکەی پشتی مەلامستەفای دەگرت کە ببێتە جێگیری لە دەسەلاتی سیاسیی عەشیرتەکەدا، وەهەم بۆ ئەوەی تۆڵە لەشێخ حەمە سدیق بکاتەوە،کەلەساڵی ١٩٢٧ دا بەهاوکاری مەلامستەفای برای دەستی چووە کوشتنی (مەلا عبدالرحمان)ی ئامۆزازایان کە پیاوێکی زۆر شارەزا و وریای ئاینی ئیسلام و ڕچەی نەقشی بوو وەیارمەت دەرو ڕاوێژکاری تایبەتی شێخ ئەحمەد بوو، هۆی سەرەکی کوشتنی مەلا عبدالرحمان، ئەوەبوو کەزۆر لەشێخ ئەحمەدەوە نزیک

بوو وە بوبوە هۆی دوورکەوتنەوەی مەلامستەفا و شێخ سدیق لەهەموو دەسەلاتێکی ئاینی و عەشایەری بنەماڵەکە.

شێخ حەمەسدیقیش بۆبەدەست هێنانی دەسەلاتە ئاینیەکە هەوڵی زۆری دەدا بۆ ڕاکێشانی مەلامستەفا بەلای خۆیدا، واتە مەلامستەفا لەناو بنەماڵەکەیاندا، دوو سەرە ئەنیا هەڵبژێرراوبو بۆ ڕابەرایەتی عەشایەری ناوچەکەیان و سەرکردەی بارزان بێ هیچ (مناقسیک).

ئەمانەو بارودۆخی ئەوسای جیهانی ناوگێژاوی شەڕی جیهانی دووەم و وەلەبارچوونی شۆڕشی دەرسیم لە کوردستانی تورکیا... دەرمەلدان و پێکهاتنی چەندین ڕێکخراوی کوردی نەتەوەیی و سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد و بەدەوڵەتی شایەتی عێراق کەدوای ئەم خاڵەدێینە سەریان بەکورتی، هەمووی ڕێخۆش کەر بوون بۆ لاوازبوون و کەم دەسەلاتی وپاشان کوژانەوەی ئەستێرەی شێخ ئەحمەد و بەپێچەوانەوە سەرهەڵدان وگەشەکردن و درەوشانەوەی ئەستێرەی مەلامستەفا لەڕابەرایەتی عەشایەری وبنەماڵەکەیان و پاشان گێڕانی ڕۆڵی خەباتی نەتەوەیی لەساڵی ١٩٤٣ وەتاکو ساڵی ١٩٧٥ ساڵی ئاش بەتاڵ و بەفیرۆدانی هەموو دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەباتی ٣٢ساڵی تەواوی گەلی کورد لەکوردستانی خوارووودا.

## هەل و مەرجەکانی یارمەتی دەر بۆ سەرهەڵدانی مەلامستەفا وەک ڕابەرێکی عەشایەری و پاشان نەتەوەیی لە کوردستانی خوارووودا

یەکەم : بارودۆخی کوردستان:

١) شۆڕشی دەرسیم
٢) پێکهاتنی ڕێکخراوە کوردستانیەکان ڕۆڵی گرنگیان لەکارتێکردنیان لەسەر مەلامستەفا

٣) پێویستی خەباتی نەتەوایەتی کورد پاش تێکشکانی شێخ مەحمودی حەفید بە رابەرێکی ئاینی یا عەشایەری

١- شۆڕشی دەرسیم

ڕژێمی کەمالی تورکی پاش تێکشکانی شۆڕشی ئارارات، سیاسەتێکی بەکجار شۆڤێنیانەیان بەرامبەر گەلی کورد پیادەکرد، هەزاران کوردیان لەشوێن و ناوچەی ناو شارو لادێکانی کوردستان گواستەوە ناوچە تورک نشینەکان، بەتایبەتی لەناوچە سنوریەکانی کوردستاندا.

لەسالی ١٩٣٢ بڕیاری پاگواستنی کوردەکانی سنوور و نیشتەجێ کردنی تورک لەشوێنیان، واتە بەتورک کردنی کوردستان، لەلایەن ڕژێمی شۆڤیەنی تورکیەوە پیادەکرا.

لەسالی ١٩٣٢ دا یاسای قەدەغەکردنی زمانی کوردی، لەنوسین و خوێندن، و دوان دەرچوو و ناوچەی کوردستانی سەرو کرایە ناوچەی عورفی سەربازی.

لەسالی ١٩٣٧ دا حوکمی سەرتاسەری وولات درایەدەست سوپا و بەرەسمی حوکمی عەسکەری بەسەر وولاتدا سەپێنرا، و یاسای قەدەغەکردنی زمانی کوردی و کلتوری کوردی و نەریتی کۆمەلایەتی کوردی زۆر بەتوندی بەسەرتاسەری کوردستاندا سەپێنرا. کەنعان پاشای سەرلەشکر کرایە بڕوبکوژی کوردستان پالەپەستۆی ڕژێمی شۆڤیەنی تورکی لەسەر کوردستان، گەلی کوردی ناچاری گرتنە بەری خەباتی چەکداری و شۆڕشی ڕزگاری خوازی کرد، شۆڕشی دەرسیم هەر لەو سالەدا واتە ١٩٣٧ بەرابەرایەتی سەید ڕەزا دەستی پێکرد.

بۆ زیاتر شارەزابوون لەخواست و داخوازیەکانی شۆڕشی دەرسیم چاکتر وایە داواکاریەکانی ئەو شۆڕشە کە خۆی لەمانفیستی سەید ڕەزا دا نواندوە بیخوێنرێتەوە. کەبەڕاستی ئەو مانفیستە دەیسەلمێنێ کەهەستی نەتەوایەتی و خواستی نەتەوایەتی تاچ رادەیەکی سیاسی و شۆڕشگێرانە خۆی لەشۆڕشی دەرسیم دا نواندوە.

شۆڕشی دەرسیمیش وەک شۆڕشەکانی تری رابەرینەکانی تری پەنجاسال پێش شۆڕشی دەرسیم سەرنەکەوت و زۆربەزوویی سەرکوت کراو دامرکایەوە.

سەید ڕەزاش زۆرشەرەف مەندانە شۆڕشگێرانەو سەرۆکانە لەگەل ئازارەکانی گەلەکەیدا ژیاو وەک شۆڕشگێرێکی قارەمان و رابەرێکی ڕاستەقینەش هەر لەگەل

شۆڕشگێراندا لەسەنگەردا دوا ڕۆژی ژیانی بردەسەر، و هەر لەگەڵ شۆڕشگێرانیشدا وەک ڕابەرێکی ئازاو نەترس گیانی پاکی بەمەردانە لەسەر سێدارە بەگەلەکەی و دوارۆژی گەلەکەی بەخشی و وەک قازی محەمەد بەڕابەری ژیاو بەڕابەریش بووە قوربانی گەلەکەی، سەید ڕەزا شوێن هەڵگری سەرۆکی کورد شێخ مەحمود و ئەزمونی سەرکۆماری کورد قازی محەمەد بوو، گەر سەرەنجی ئەو ووتارە بەنرخەکەی بەردەم پەتی سێدارەی سەید ڕەزا بدەین ئەوسا جیاوازی نێوان سەرکردەی ڕاست و درۆ، ئازا و ترسنۆک، خۆڕاگر و ڕاکردو، بەورەو بەزیو، شۆڕشگێری توانبارمان بۆدەردەکەوێ.

کەبەڕاستی ئەو وتارەبەنرخەی سەید ڕەزا لەئایندەیەکی زۆر نزیک پاش شەهیدبوونی خۆی بوە بڵێسەیەکی پڕشنگدار و نەک هەر لەناوچەی دەرسیم بەڵکە دڵ و دەروون و مێشکی هەموو ڕۆشنبیرانی کوردی لەسەر تاسەری کوردستانی گەورەدا ڕۆشن کردەوە سەید ڕەزا لەبەردەم پەتی سێدارەدا فەرمووی:

((من گەئێستا ٧٥ ساڵم تەمەنە و پاش چەندچرکەیەکی تر دەگەمە کاروانی شەهیدانی تری کوردستان، بزوتنەوەی دەرسیم شکا، بەڵام کورد و کوردستان نەشکاوە وخۆی لەسەر پێی خۆی ڕاگرتوە و هەرگیز نامرێ، لاوەکانمان بەهیچ جۆرێ نایەڵن بڵێسەی ئەو شۆڕشە دامرکێتەوە، ئەوانن تۆڵەی من و هەموو شەهیدان دەستێننەوە، بژی کورد و کوردستان، بڕوخێ دام و دەزگای زاڵمان وستەمکاران، نەفرین لەوان)).

سەید ڕەزا گوتەنی بڵێسەی شۆڕشی دەرسیم تاسەرکپ نەکراو نەکوژایەوە، جۆش و خرۆشێکی نەتەوایەتی لەکوردستاندا سەری هەڵدا، داخوازیە ناوچەیی و عەشایەری و تاکیەکانی زۆربەی ڕاپەرینەکانی پێشووی وەرچەرخاندە بارێکی تر و ئاقارێکی تری خەباتی چەکداری کە پاش دەرسیم ئیترخۆی لەچوارچێوەی داخوازی نەتەوایەتیدا نواند.

ئاوارەبوونی چەندین شۆڕشگێری دەستگیرنەبووی دەرسیم بۆکوردستانی خواروو، بەپەرۆشی ڕۆشنبیرە کوردەکانی کوردستانی خواروو بۆ شۆڕشی دەرسیم و تێکشکانی، کارێکی ئەوتۆی کردە سەر هەست و ویژدانی کوردەکانی کوردستانی خواروو،کە بە هەزاران کەس ئامادەبوون دوای هەرکەسێ بکەون کە چەکی بەرەنگاری بەرزکاتەوە.

ڕاکردنی مەلامستەفا لەسلێمانی و پشتگیری کردنی لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە بەتایبەتی شاری هەڵمەت و قوربانی ومەڵبەندی بیری پێشکەوتوخوازی ڕاپەڕین - شاری سلێمانی- لەو هەل و مەرج و باروودۆخی پاش تێکشکانی شۆڕشی دەرسیم، هۆیەکی زۆرکاریگەر بوو لەپاشدا کە مەلامستەفای لەسەرەک عەشیرەتێکەوە گواستەوە بۆ سەرگردایەتی کورد.
شەڕوشۆڕی بنماڵەی بارزانی لەقاڵبێکی تەسکی بارزانی وەدەرنا بەرەوشۆڕشی کوردستانی خواروو، باشترین بەڵگەی کارتێکەری شۆڕشی دەرسیم، ئەو یارمەتیە گەورەیەی سعیدبیرۆخی بوو لەکوردستانی تورکیاوە بۆ مەلامستەفا لە ۱۹٤۳/۹/۳ دا.
۲- پێکهاتنی ڕێکخراوە کوردستانیەکان
هەر لەگەڵ بەرەوتێکشکان چوونی شۆڕشی دەرسیم لەکوردستانی سەروودا، ڕۆشنبیرە کوردەکان لەشاری سلێمانی (مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی) لە کوردستانی خواروودا هەستان بەپێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی.
۱) لەساڵی ۱۹۳۷ دا کۆمەڵەی برایەتی لەشاری سلێمانی لەلایەن( شێخ لەتیف مەحمود، سدیق شاوەیس، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، مەلانەسعەدەوە دامەزرا. لەوکاتەشدا مەلامستەفاش لەسلێمانی دەست بەسەرکرابوو، ڕۆشنبیرانی برایەتی کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی کوردی بوون هیوایەکی زۆریان لەمەلامستەفای سەرەک عەشیرەتێکی کوردی دا چاوەڕوان دەکرد، ئەو ڕێکخراوەش هێشتا لەبیر و بۆچوونی ئایدیای دەرەبەگایەتی دەرباز نەبووبوون، پێیان وابوو کە بێ سەرکردەیەکی ئاینی یا عەشیرەتی، خەباتی چەکداری و شۆڕش بۆ ڕزگاری کورد ومافی کورد مەحاڵە، برایەتی ڕێکخراوێکی تێکەڵ لەئایدۆلۆژی نەتەوەیی و ئیوتەتەوەیی و معتدل بوو، بۆیە لەساڵی ۱۹۳۸ دا هێڵێکیان بەناوی ئازادی کورد تیادروست بوو کەزۆربەی ئەندامەکانی پاسەربەحیزبی کۆمونیستی عێراقی یان لایەنگری بوون، هەر لەوساڵەدا کۆمەڵێکی تریان لەناو برایەتیدا دروست کرد بەناوی (دارکر) کەلەڕوی ئایدۆلۆژیاوە ڕەوتو نەخشیان ڕوون و ئاشکرانەبوو.
۲) لەساڵی ۱۹٤۱ دا هەرسێ ڕێکخراوەکانی (برایەتی، ئازادی کورد، دارکر) لەسەر ئەوە ڕێکەتن کەیەکگرن بۆیە یەک حیزبیان پێکهێنا بەناوی (هیوا). ئەگەر چی لەدایک بونی حیزبی هیوا بوەمایەی دڵ تەنگی حیزبی شیوعی عێراقی، لەبەرئەوەی شوێن پێی بەلقی حیزبی شیوعی لەکوردستان لەق کرد(۱۹) ، بەلام حیزبی شیوعی

هیچ کەمترخەمیەکی نەکرد لەهاندانی ئەندامە کوردەکانی خۆی بۆچوونە ناو ئەو حیزبە نوێیەوە.

لەو بارو دۆخەی ئەوسادا کە هەل و مەرجی گەشەکردن و فراوان بونی حیزبی هیوا زۆرلەبار بوو، پەلوپۆی هاویشت بۆ شارەکانی هەولێر و کەرکوک و تا کوردەکانی بەغدادییش.

دەیان و سەدان کەسی هەمە جۆر ئایدۆلۆژی تیاکۆبوو‌ە، هەر لەوانەی کە پشت و پەنایان بە سۆڤیەت دەبەست تائەوانەی ئینگلیزیان بەپشت و پەنادەزانی و ئەوانەش کە پێیان وابوو کورد دەبێ تەنیا پشت بەخۆی ببەستێ.

هەژاری ونەبوونی و بێکاری بەرهەمی جەنگی جیهانی دووەم زەمینەیەکی لەباری گەشەکردنی حیزبی هیوا بوو، باڵی لایەنگرانی ئینگلیز لەناو حیزبی هیوا زاڵ و بالادەست بوو، هەر ئەو باڵە کە کەسە ناسراوو بیردۆزەکانی وەکا ماموستا رەفیق حیلمی و ماجد مستەفا و چەندانی تر) لەناو کورد دا ناودار و دیاربوون، بوونی مەلامستەفایان لەسلێمانی بەهەل زانی بۆلێترێک بوونەوەو پاشان بەشداری کردنی لەکۆڕ و کۆبونەوەکاندا.

مەبەستی حیزبی هیواش لەوکاریان هەوڵدان بوو بۆ بەکار هێنانی مەلامستەفا وەک سەرەک عەشیرەتێکی دیارو ناودار وە وەک شەرکەرێکی شارەز و خاوەن ئەزموون، بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی چەکداری ئاینده وبەدەست هێنانی لاتی کەمی مافە نەتەوایەتیەکەی گەلی کورد. وەبۆ شکاندنی ئەڵقەی تەسکی خواستی کەسایەتی و عەشیرەتی شەرەمانی ئەو بنەماڵەیە و دارشتنی خواستەکان لەئاینده دا لەقاڵبێکی فراوان تر و گەورەتری خواستی نەتەوەییدا.

هەر بۆیەش حیزبی هیوا بڕیاری دا کەهەلومەرجی دەربازبونی مەلامستەفا لەدەست بەسەری بڕەخسێنێ.

بۆیە لەشەوی ١٢-١٣/٧/١٩٤٣ مەلامستەفایان بەرێگای سنوری دەست کردی ئێران عێراق-ئێران دا لەسلێمانیەوە رەوان کرد بەرەو بارزان.

٣) پێویستی خەباتی نەتەوایەتی کورد لەکوردستانی خواروو بەرابەرێکی ئاینی یا عەشایەری

بەدرێژای مێژووی راپەرینە ناوچەییەکانی گەلی کورد لەهەرپارچەیەکی کوردستاندا، و تەنانەت راپەرینە سەرتاسەریەکانی پارچەیەکی کوردستانیش، گەر

بەووردی سەرنجی بدەین دەبینین هەمیشە لەژێر فەرماندەیی و ڕابەری پیاوێکی ناوداری کورد دا بووە، جا ئاینی یا عەشایەری حیزب و ڕێکخراوی هەڵسوڕێنەر بوبێ یا نەبوبێ.

ئەوە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش تاکو ١٩١٨ کە ڕاپەڕینەکە گەرچی نەخشەکێشەر و ماندەر و ڕێکخۆشکەرو مستەشارەکانی کەسانی شۆڕشگێر و ڕۆشنبیربوون بەڵام فەرماندە و ڕابەر هەر سەرۆکی ئاینی یا عەشایەری بوو، ئەوە کۆماری مهاباد، لەگەڵ بوونی ژ.ک وپاشان حیزبی دیموکرات، هێشتا پەنایان بردە بەر قازی محەمەد ڕابەری ئاینی و ناودار و ناسراوی کوردستانی ڕۆژهەلات، ئەوە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ کە نمونەکەی لای خوێنەر ئاشکرایە، هەربۆیەش حیزبی هیوا کە ئەندامانی تاوەندو دەستەی دامەزرێنەرو کەسە هەڵسوڕێنەرەکانی لەکەسانی هەرە ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەری ئەو زەمان و زەمینەبوون گەرچی هەندێکیان بە چاوی گومانەوە سەیری هەندێکی تر لە دەستەی دامەزرێنەرانی خۆیان دەکرد وەک (مامۆستا ڕەفیق حیلمی و ماجد مستەفا) کە گوایە پیاوی ئینگلیزبوون، بەڵام بەهەر هەمووشیان کاریان دەکرد بۆ پشتگیریو ڕێ تەیارکردنی مەلامستەفا و جڵەوی کاری پێشمەرگانەو شۆڕشیان دابوە دەست و مەلامستەفایان بەبرا گەورە و سەرکردەی خۆیان ناو دەبرد و بەزۆر و دەگەنەک بەسەر خۆیان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی و جەماوەری پڕ جۆش و خرۆشی کوردیاندا سەپاند.

ئەمەک دارێتی حیزبی هیوا لەسەر مەلامستەفا بۆ بونی بەتێکۆشەرێکی شۆڕشگێر و سەرکردەیەکی داسەپاوی ناسراوی کورد هەر لەساڵی ١٩٤٥ وە خۆی لەم ڕاستیانەی خوارەوەدا دەبینێ کە بەداخەوە زۆر کەم کەس لەهاو زەمانەکانی مەلامستەفا بەجورئەتەوە هەستاون بۆ لابردنی پەردەی ناڕاستی لەسەر ڕاستیەکان:

١) یارمەتیدانی مەلامستەفا بۆ دەربازبوونی لەدەست بەسەری لەسلێمانی و گەیاندنەوەی بە ناوچەی بارزان، کەهەم هەلی بۆ مەلامستەفا هەڵخست جارێکی تر یا باشتر وایەبڵێین بۆ یەکەم جار بچێتە سەر شانۆی سیاسەت و ناو و ناوبانگ دەرکا، و هەم بەمانەوەی شێخ ئەحمەد و براکانی لەسلێمانی، مەیدانی سەرەک عەشیرەتی بارزان و ڕابەری ئاینی تەکیەی بارزان و خۆسەپاندنی بەسەر عەشرەتەکانی تری بادیناندا بۆ چۆل بوو و بەرەخسانی ئەو هەل و مەرجە هەردوو دەسەلاتی ئاینی و سیاسی دەست بەسەرداگرت.

٢) بەنەخشە و پلان و هاندانی حیزبی هیوا مەلامستەفا جارێکی تر توانی هێزی چەکدار لەخۆی کۆکاتەوەو ئەم جارەیان نەک تەنیا هاوکاری عەشیرەتی بارزانی مسۆگەر کرد بەڵکە هاوکاری و هاریکاری زۆربەی عەشرەتەکوردەکان و نەتەوەییەکان و ڕۆشنبیرەکانیشی وەک لایەنگری بزوتنەوەکەی مسۆگەر کرد.

٣) لایەنگرانی ئینگلیز لەناو حیزبی هیوا دا، کارێکیان کرد ە مەلامستەفا بەئوێنەران و سیاسەتمەدارانی ئینگلیزی لە عێراقدا بناسێنن، لەکەسانی وەک (شۆتری ئوێنەری ئینگلیز لەسلێمانی، کورنوالیسی بالوێزی ئینگلیز لەعێراق، میجەر ئادمۆنسی ڕاوێژکاری ئینگلیز لەوەزارەتی ناوخۆی عێراقی) کە لەدوایدا دێینە سەر بەڵگەنامەکانی ئەو پەیوەندیینە.

٤) دیسانەوە لایەنگرانی سۆڤیەتی ئەوسا کەلەناو حیزبی هیوادا هەوڵێکی زۆریان دا بۆناساندنی مەلامستەفا بە باڵوێزخانەی ڕوسی لە ئێران دا.

٥) بەپلانێکی دارێژراو وپاش بوونی (ماجد مستەفا) بەوەزیری وەزارەتەکەی نوری سەعید لە ١٩٤٣/١٢/٢٥ کەیەکێک بوو لە سەرانی حیزبی هیوا و نزیکترین کوردی کوردستانی عێراقیش بوو لەنوێنەران و سیاسەت مەدارانی ئینگلیز لە عێراقدا، توانی بە نوری سەعیدی سەرەک وەزیران بسەلمێنێ کەپێویستە ڕێگای وتووێژ ودبلۆماسیانە لەگەڵ مەلامستەفا دا بگیرێتەبەر (٢٠)، پلانی ماجد مستەفا بۆجێ بەجێ کردنی ئەم خالانەی خوارەوەبوو:

ا- بۆ ئەوەی ڤالبێکی سیاسی بدرێتە پاڵ ڕاپەرینەکەی مەلامستەفا و دەوڵەت بەڕەسمی مەلامستەفا و چەکدارەکانی بەئاشۆڕشی کورد ا بناسێ.

ب- بۆ ئەوەی داخوازیەکانی مەلامستەفا بە جۆرێک دابڕێژرێ بۆکاتی وتووێژ کە تەواو چوارچێوەی خواستی نەتەوایەتی دا تیا ڕەنگ بداتەوە.

ج- بەناوی گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ ناوچەکە (واتە ناوچەی بادینان)بتوانێ چەند ئەفسەرێکی کوردی سوپای عێراقی، کەلەئەندامانی حیزبی هیوا بوون بەئەهێنی، بنێردرێنە ناوچەی بارزان و بادینان بۆ پەیوەندی بەردەوام بە مەلامستەفا و ئامۆژگاری کردنی وپاشان بوونیان بەڕاوێژکار و ڕێ نیشاندەر و موستەشاری مەلامستەفا.

٦) ماجد مستەفا کەلە ١٩٤٤/١/١٠ وەک وەزیرێکی دەوڵەتی عێراق و نوێنەری وەزارەتی نوری سەعید، چوو بۆ مێرگەسوور بۆ وتووێژی رەسمی لەگەڵ مەلامستەفا، مەلامستەفا ی هاندا کەئەو داخوازیانەی هەبێ:

أ-مافی ئەتەوایتی لەچوار چێوەی بەڕێوبەرایەتی کوردیدا لەشارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، ئامێدی، سنجار، زاخۆ، خانەقین، وناوچە کوردنشینەکانی شاری کەرکوک (٢١).

ب- دەقی خواستەکان جگە لەوەزارەتی نوری سەعید، بدرێتە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیزیش، لەڕێگەی (کورن والیس) ی باڵوێزی ئینگلیز لە بەغداد.

ج- لەهەموویان گرنگتر ئەمەیانە کە مەلامستەفا ئامادەبێ دام و دەزگاکانی دەولەتی عێراقی بگەڕێنەوە ناوچەی بارزان و ئەو بەشەی بادینان کە مەلامستەفا دەستی بەسەردا دەڕوات بەمەرجێ ئەفسەرەکانی کوردبن.

مەبەستی ماجدمستەفا و حیزبی هیوا لەم برگەیە ئەوەبووکە رژێمی عێراقی ئەوکاتە بۆ گەڕانەوەی دام و دەزگاکانی، ئامادە بێ کە ئەو ئەفسەرە کوردانەش بنێرێ کە ماجدمستەفا خۆی هەڵی بژاردبوون و بریتی بوون لە:

١- عزت عبدالعزیز (راند رکـــــن) لە بارزان، یەکەم راوێژکارو نەخشەکێش و پێگەیەنەری مەلامستەفا.

٢- مستەفا خۆشناو (ئەفسەر) لە بارزان.

٣- ئەمین رەواندوزی (رائد) لە رەواندوز.

٤- میر حاج (نقیب) لە بـــــــلە.

٥- سید عبداللە (ئەفسەر) لە مێرگەسوور.

٦- عبدالعزیز گیلانی (ئەفسەر) لە ئاکرێ.

٧- محمد قودسی (ئەفسەر).

٨- خیراللە عبدالکریم (ئەفسەر).

## دووهەم: هەل و مەرجەکانی ئەوسای عێراق:

١- تاکو ساڵی ١٩٣٥ جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەربازی لەسوپای عێراقیدا هەر لەسەر شێوەی ئارەزومەندی (تطوع) خەڵکی بوو. هەرکەسێ بیویستایە و ئارەزوی بکردایە دەچو بۆ خزمەتی سەربازی.

لەساڵی ١٩٣٥ دا یاسای خزمەتی بەزۆر (الخدمة الالزامية) لەسوپادا بۆ هەموو عێراقیەک عەرەب یا کورد و هەرکەمایەتیەکی نەتەوەیی تر دانرا.

ئەم یاسایە گەرچی لەساڵی ١٩٣٥ وە لەپەرلەمانی عێراقی دا پەسەندکرا و بڕیار درا کاری پێ بکرێ، بەلام لەزۆربەی هەرە زۆری ناوچە عەشایەری نشینەکانی عێراقی عەرەبی و لە ٥٠ لە سەدی ناوچەکانی کوردستانیش کاری پێنەکراو دەوڵەتی ئەوسای عێراقی ئەو دەسەلاتەی نەبوو کە جێ بەجێ کردنی ئەویاسایە لەهەموو عێراق و کوردستانی خوارووی دا بسەلمێنێ ئەنانەت لەبەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان و هەندێ ناوچەی عەشایەری عەرەبیش تاکو شۆڕشی ١٤ی تەمووزیش ئەو یاسایە جێ بەجێ نەکرا.

بۆ نمونە لە عێراقدا لەناوچەی ڕومادی ژێر دەسەلاتی عەشرەتەکانی (دلیمی) پاشان لە ناوچەی تکریت و شوێنەکانی ژێر دەسەلاتی عەشرەتی (جبوری) و چەند شوێنێکی تریش، وە لەکوردستانیش لەناوچەی پشدەر و ئاکۆیەتی و هەندێ ناوچەی بادینانیش.

٢- لاوازی وکەم دەسەلاتی حکومەتی شایەتی ئەوسای عێراق هەم لە ڕوی سیاسی و هەم لەڕوی سوپاییەوە:

لەڕوی سیاسیەوە (عێراق خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی خۆی نەبوو، بەشێکی ئینتیدابی بەریتانی بوو، بەریتانیش بەپێی بارودۆخی شەڕی جیهانی دووهەم و ناوچەکە سیاسەتی ناوخۆی عێراقی پیادە دەکرد، کەلەساڵی ١٩٤٣ دا تاکو ساڵی ١٩٤٥ ی کۆتایی شەڕی جیهانی، بەریتانیا زۆر مەبەستی بووکە دۆستایەتی کوردەکان بەدەست بێنێ و لانی کەم دۆستایەتی کورد بەلای خۆیدا ڕاکێشێ بۆ کەم کردنەوەی بەشێکی بەرهەڵستکارەکانی، هەر وەک هەمان سیاسەتی لەهەندێ ناوچەی عەرەبی عێراقیشدا پیادە دەکرد. ئەم سیاسەتەی ئینگلیز ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەیوەندی کردن بەمەلامستەفاوە بۆ دوو مەبەستی تایبەتی.

(ا) لەلایەکەوە بۆ قریودانی مەلامستەفا و ڕاکێشانی بەلای خۆیدا و دورخستنەوەی لەلایەنگرانی سۆڤیەتی ناو حیزبی هیوا و پاشان ڕێگرتن لەدروست بوونی پەیوەندی لەنێوان مەلامستەفا و سۆڤیەت دا.
(ب) لەلایەکی ترەوە بۆ بەکارهێنانی مەلامستەفا لەبەرابەر ڕژێمی شایەتی عیراقیدا، هەرکاتێ بچوکترین بەرهەلستی هاتەبەردەم لەپیادەکردنی سیاسەتی خۆیدا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران و پیاو ماقولانی عیراقیەوە(مجلس النواب ومجلس الاعیان).

لەڕووی سوپاییشەوە: گەرچی بەناو عێراق وەک دەولەتێکی سەربەخۆ و خاوەن دەسەلاتی ناوخۆیی ناونرابوو، بەلام دیسانەوە لەڕووی سوپاییەوە لەبەر لاوازی هێزی چەکدار و تەکنیکی سەربازیەوە، هێشتا پێویستی بەسوپاو پارمەتی سوپایی ئینگلیز هەبوو، عێراق وەک دەولەتێکی تازەدروست کراو و کەم هێز و توانا ڕووبەرووی سێ کۆسپی گەورەی بەرهەلست کەربوو بۆوە:
ا- کۆسپی کوردە ڕزگاری خوازو پێشکەوتن خوازەکان، کەسەرەنجامی دیاردەکانی شەڕی جیهانی دووهەم و لەدایک بوون و هاتنەکایەی چەندین دەولەتی نەتەوەیی، لەکوردستانیشدا(کوردستانی گەورە) بەتایبەتی کوردستانی بەزۆر بەعێراق و ئێرانەوە بەستراو هەستی نەتەوایەتی و ڕزگاری خوازانەی کورد لەگەشەکردن و کولانێکی گەورەدابوو.
ب- کۆسپی ڕێکخراوە عەشایەرە نەتەوەییەکانی عەرەبی عێراقی دژ بەدەسەلاتی ئینگلیز لەعێراقدا و دیسان کۆسپی حیزبی شیوعی عێراقی سەر بەیەکیەتی سۆڤیەت.
ج- کۆسپی دەسەلاتی تەواو سەپاوی ئینگلیز بەسەر حکومەتی عێراقی ئەوسادا، ئەمانەش دیسان ڕێخۆشکەربوون لەبەردەم ڕاپەرین و فراوان بوونی ناوی مەلامستەفادا. بەلگەشمان بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانە وەلامی یەکەم نامەی (ئەدمۆنس (٢٢))ە لەلایەن مەلامستەفاوە کەئەدمۆنس لەنامەکەیدا بۆ مەلامستەفا داوای لێکردوە کەئامادەبێ بۆ گفتوگۆ لەگەل نوێنەری حکومەتی عێراقیدا کە بریتی بوە لە(ماجدمستەفا) و بەرامبەر بەوەش ئەدمۆنس بەلێنی داوەتێ کە داواکاریەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بۆ جێ بەجێ بکرێ، وەلەلایەکی تریشەوە بۆ تاقی کردنەوەی مەلامستەفا بوە کە داخۆ فەرمانی ئینگلیز جێبەجێ دەکاو دلسۆزیانە ولایەنگریانە وەک لەماجد مستەفایان بیستوە یان پێچەوانەوە.

مەلا مستەفا لەنامەکەیدا بۆ ئەدمۆنس دەڵێ:

((بۆ فەخامەتی بەرز و بەڕێزتان، نامەی ڕۆژی ١٩٤٣/١١/٣تان کە ناردبوتان گەیشت پێمانو خستمانە سەرسەرمان، ئێمە تەنیا ڕەزامەندی و لوتفی ئێوەمان دەوێ ،گەر فەرمانمان پێ بدەن خۆمان بخەینە ناو ئاگرەوە دەیکەین تەنیا بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی فەخامەتتان، بەهەر حاڵ ئێمە ئامادەین بەڕاستی وبەدڵ و گیان و دڵسۆزیەوە بۆ خزمەتی بەڕێزتان، بەڵام مەترسیمان لەبەڵێنی بێ بەڵێنان و کردەوەی تێکدەران هەیە، بۆیە تکامان لە پیاوەتی عادلانەتان ئەوەیە ڕێگەی گوێ گرتن بەدەن بەو شانەی دەنوسرێن و یا دەگوترێن، لەفەخامەتتان دەپاڕێینەوە کە ڕێگەیەکمان بۆ بدۆزنەوە بەدەر لەوەیکەئێمە لێی دەترسین وەبەرهەڵستی یاخی بوون و ئاکۆکی بکەن، چونکە تەنیا شوێنی شیاوی تکامان لێی فەخامەتی پایە بەرزتانە، کەئەمەش بۆ توانای بەڕێزتان زۆرئیە.

ئیتر فەرمان فەرمانی بەڕێزتانە گەورەی پایەبەرزم))

دڵسۆزی ڕاستگۆ بۆ خزمەتتان

بـــــارزانـــــــی

مەلا مستەفا (٢٣)

دوای گەیشتنی ئەم نامە یە بە ئەدمۆنس، کەوا دیارە هەر هەمان ڕۆژبووە واتە ١٩٤٣/١١/٣ بوە، سەفیری بەریتانیا(کورنوالیس) هەمان ڕۆژ واتە ١١/٣ بروسکەیەک دەدابە بەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەسەر مەلامستەفا کەڕای خۆی لە ٣ خاڵدا دەگەیەنێ:

١) بەپێچەوانەی هەفتەی پێشو، مەلامستەفا ئارەزوو و ئامادەیی خۆتەسلیم کردن و پەسەندکردنی مەرجەکانی حکومەتی تێدایە کە هەم لێبوردن و هەم لێپێچانەوەش لەداواکاریەکانی تێدایین.

٢) لەپاش وتو وێژ لەگەڵ سەرەک وەزیران (واتە نوری سەعید) بەناچاری سەلماندی کە دەبێ لەئایندەدا بەچاوێکی تر سەیری بارزان بکرێ ئەو مەرجانەش کەموستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق دایدەنێ بۆ مەلامستەفا، پەسەندی بکات و ڕەزامەندی لەسەر بدات.

٣) موستەشاریش (واتە ئەدمۆنس) نامەیەکی تر بۆ مەلامستەفا بنوسێتەوە و مەرجەکانی کە ئێمە بەسەرسەرەک وەزیرانماندا سەپاندوە، پێویستە لەنامەکەدا

بینوسێ و ئاگاداریشی بکات که ئه‌و مه‌رجانه ماقولن و ده‌بێ ده‌بێ ئه‌ویش پێی رازی بێت.
له‌سه‌ر ئه‌و نامه‌ونامه کاری و به‌لێن و رازونیازانه و پاش نامه‌یه‌کی تری کورنوالیسی سه‌فیری به‌ریتانیا دیاری کردنی (دانوستاندنه‌کان) له ۱۹٤۳/۱۲/۲۱ دا مه‌لامسته‌فا له ۱۹٤٤/۱/۷ له‌میرگه‌سوور خۆی ته‌سلیم کرد.
له ۱۹٤٤/٤/۲۲ له‌سه‌ر داواکاری کورنوالیس و ئه‌دمۆنس وپاش چاو پێکه‌وتنی ماجدمسته‌فا، مه‌لامسته‌فا چووه به‌غداو چاوی به عیدالاه و نوری سه‌عید که‌وت و هه‌موو مه‌رجه‌کانی رێکه‌وتنه‌که‌ی په‌سه‌ند کرد که پێنج خاڵ بوون، سێ خاڵیان داواکاری مه‌لامسته‌فابوو که شۆڕشی ۱۹٤۳ ی له‌سه‌رکرد و دوو خاڵیش داواکاری حکومه‌ت بوو، ئه‌مه‌ش داواکاریه‌کان بوو که له‌سه‌ری رێکه‌وتن:
۱- شێخ ئه‌حمه‌د وهه‌موو به‌رزانیه دوور خراوه‌کان بگێڕنه‌وه بارزان.
۲- گوزه‌رانێکی خۆش بۆناوچه‌ی بارزان دابین بکرێ، خواردن و جل و به‌رگ و که‌ره‌سه‌ی تری پێویستیان بۆ بنێردرێ.
۳-باری کاروباری به‌رێوه‌به‌رایه‌تی (اداراتی مدنی) له‌ناوچه‌ی بارزان چاک بکرێ، واته ئه‌فسه‌ری فه‌رمانبه‌ره‌کانی ناحیه و قه‌زاکانی ده‌وروبه‌ری بارزان بگۆڕدرێن به‌که‌سانی تر له‌کورد.
داواکاری حکومه‌تیش؛
۱- مه‌لامسته‌فا پێویسته هه‌موو راکردوه‌کانی ناو پۆلیس و سوپا که‌لای مه‌لامسته‌فای ته‌سلیم به حکومه‌تیان کاته‌وه.
۲- ئه‌و چه‌ک و که‌ره‌ستانه‌ش که له‌شه‌ڕدا له‌لایه‌ن مه‌لامسته‌فا و چه‌کداره‌کانیه‌وه گیراون بدرێنه‌وه به‌ده‌وڵه‌ت.

بۆ چاره‌سه‌رکردنی کاروباری به‌رێوبه‌رایه‌تی ناوچه‌که، له‌سه‌ر پێشنیاری ماجد مسته‌فا به‌نه خشه‌ی حیزمی هیوا ئه‌و ئه‌فسه‌ره کوردانه‌ی که‌له‌مه‌وبه‌ر باسمان کردن دانران به‌ئه‌فسه‌ری په‌یوه‌ندی له‌ناوچه‌ی بارزان و ده‌وروبه‌ری.
دوای گه‌رانه‌وه‌ی مه‌لامسته‌فا بۆ به‌رزان، حکومه‌ت بریاری لێبوردن و ناردنه‌وه‌ی شێخ ئه‌حمه‌د و بارزانیه‌کانی تری ده‌رکرد.
دوابه‌دوای ئه‌و رێکه‌وتن نامه‌یه و پاش داتانی ئه‌فسه‌ری پی‌وه‌ندیه‌کان وپاش گه‌رانه‌وی شێخ ئه‌حمه‌د و، چه‌ندین نامه‌ونامه‌کاری له‌نێوان مه‌لامسته‌فا و(ئه‌دمۆنس،

کورنوالیس، هۆڵت، کنج) چارێکی تر بە نەخشەو هەوڵی ماجدمستەفا کەئەو کات وەزیری وەزارەتەکەی نوری سەعید بوو، ئەندامێکی حیزبی هیوا ش بوو و ڕاپۆرتێک لەسەر باری گشتی کوردستان هەر لەلایەن ماجدمستەفا وە درایە نوری سەعید کەداوای (بیرکردنەوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی کردنی ناوچەی ژووروی عێراق لەلایەن کوردەکان)بکەنەوە. وە(بەهۆی گرنگی دانێکی تایبەت بەناوچەکانی کوردستان و چاک کردنی ئەوەی کەدەکرێ چاکی بکەن) دەتوانن ڕێ لەشەڕی ناوخۆ بگرن و ئارامی لەسەر تاسەری عێراقدا پارێزراوبێت.

ئەم ڕاپۆرتەی ماجدمستەفا بوە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی نوری سەعید لەمەسەلەی بارزان پەیدابکات و بگاتە ئەوبڕوایەی کەکێشەکە بە بارێکی تردا سوڕاوە، لەناوچەگەڕێتیەوە بۆتە نەتەوەیی ولە بارزانەوە بۆتە کوردستان، بۆیە ڕاپۆرتەکەی ماجد مستەفاو ئیستیقالەی خۆی لە ١٩٤٤/٤/١٩ دا نارد بۆ (وصي) عبدالاە، بەتایبەتی گومانیشی لەوەپەیداکردبوو کە لە ١٩٤٤/٤/٩ دا داوای ئەفسەرە کوردەکانی کردبوەوە کە ئەو فەرمانەیان وازلێ بێنین (واتە فەرمانی کاری پەیوەندی)و بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان لەناو سوپای عێراقدا، بەلام هیچ کامیان ئەو فەرمانەی دەوڵەتیان جێ بەجێ نەکرد و هەر لەشوێنەکانی خۆیاندا مانەوە و مەلامستەفایان هاندا کە لەڕێگەی ئینگلیزەکانەوە داواکاری گەورە وفراوانتر لە حکومەتی عێراق داوابکات.

بۆیە مەلامستەفا لەم نامەیەی کەلە ١٩٤٤/٤/٩ دا بۆ (کۆرنوالیس)ی نوسیوە، نارەزایی خۆی بەرامبەر بێ وەفایی حکومەتی عێراق لەجێ بەجێ نەکردنی داواکاریەکانی دەردەبڕێ !

(( پایە بەرز پاڵوێزی جەلالەتی بەریتانیای گەورە...

خوا تەمەنتان درێژکاو سەرکەوتن هەمیشە لەگەڵ ئێوەدابێ و ئێمەش لەژێر سایەو سێبەری بەریتانیای گەورەدا بەسەربەستی و بەختیاری بژین.

گەورەم ئەمەوێ بەرچاوی بەڕێزتان بخەم کەئێمە فەرمانی بێ ڕەتکردنەوەی بەریتانیامان جێ بەجێ کرد بێ سێ و دوو کردن شەڕمان لەگەڵ ڕژێمدا ڕاگرت و خۆم تەسلیم بە ئێوەوپاشا کرد. دەوڵەتیش بەرامبەر بەوە بەڵێنی دابێ کە سوپا لەبلەو مێرگەسوور بکشێتەوە، لێبوردنی گشتی دەربکا، وەبەپێی ئەو ڕاپۆرتەش کە بەڕێزی پایەبەرز ماجدبەگی وەزیری دەوڵەت( ماجدمستەفای مەبەستە) کە

بەفەرمانی فەخامەتتان کراوە بەوەزیر، داویە بەوەزارەت و داوای هەندێ (اصلاحات) دەکات لەکوردستان، ڕژێمی عێراقی هیچ لەو داواکاریانەی جێ بەجێ نەکردوە، بەڵکە بەهەندێ کاری گومان لێکراو هەڵساون، کەبەڵگەی نیەت خراپیانە و دەیانەوێ چەک لەمن دامالن، داوای گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانەیان کردوە کە کاتی خۆی بۆ پەیوەندی کردن تێردرابونە ناوچەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چاودێری کردنی فەرمان بەرەکانی تری دەوڵەت و قەدەغەکردنیان لەدزی و ڕاو ڕووت کردن، کەئەو ئەفسەرانە هیچ کارێکی خراپیان لێنەوەشاوەتەوە، تەنیا دڵسۆزانە کاریان بۆجێ بەجێ کردنی ئەرکی سەر شانی خۆیان کردوە بەرامبەر دەوڵەت و گەل، هەندێ کاروبار گەڕاوەتەوە سەر دۆخی سروشتی خۆی کەچی دەوڵەت بەپێچەوانەوە خەریکی بەهێز کردنی سوپاگە و سەربازگەکانیەتی لەبلە و میرگەسور، دەنگ وابلاوەکە دەشیەوێ بەبەهانەی مەشقی سەربازی کردن سوپا بەرێتە ئاکرێ و ڕەواندوز، لەکاتێکدا کە حکومەت بچوکترین هەنگاوی نەناوە بەڵگەی چاکەکاری بێ، بەڵکو حکومەت بەرەیەکی بەربەرەکانی دروست کردوە لەکەسانێک کە تەنها مەبەستیان خراپکاری و دژایەتی کردنی شەخسی منە نوێنەری هیچ بیر و ڕایەک نین جگە لە ئاژاوەنانەوە و خراپکاری کردن بەپلانی ئەو پیاوانەی دەوڵەت کەنایانەوێ بارودۆخ بەرەو باشی بڕوات، کەئەمانە بونەتە هۆی دەرد ونگی ناوچیتە جۆر بەجۆرەکانی ژوورەوی وولات، بۆیە تکام لەفەخامەتتان ئەوەیە کەبیر و ڕای بەرزی خۆتانمان پێ ڕابگەیەنن

ئەگەر هیچ نەگونجاوی بۆ ئیمبراتوریەتی گەورە نایەتەپێش ئێمە ئامادەین بۆ سەلماندنی مافی خۆمان بەدەستی خۆمان، وەئێمە چاوەڕوانی وەلامین تاکو فەرمانی پایە بەرزتان جێ بەجێ بکەین، وەفەرمان فەرمانی بەرێزتانە گەورەم من بەندم بەهەر فەرمانێک ئێوە پێم بدەن کەس شک نابەم و هیچ داوایەکم نیە جگە لەپایە بەرزتان

دڵسۆزی بەرزی فەخامەتتان

بـــارزانــــی

مەلا مستەفـا

گەر بەووردی سەرنجی ئەو نامەیەی مەلامستەفا بدەین بۆمان دەردەکەوێ

کە:

١- تا ئەو کاتەش داواکاریەکانی مەلامستەفا هێشتا خۆی لەچوار چێوەی تەسکی ناوچەگەرێتی دا دۆزیوەتەوە وەک کێشانەوەی سوپا لە بلەو مێرگەسوور و ئاکرێ و ڕەواندوز.

٢- بە ئاشکرا داتی بەرەداناوە کەتەنانەت ئەو داواکاریەش کە بە هەندێ اصلاحاتی ناوچەی کوردستان داوا کراوە، داخوازی ماجدمستەفایە نەک هی مەلامستەفا.

٣- تەنانەت ئەو لایەنەی کوگوایە دروست کراوی دەستی دەوڵەتێ بەبەرەی دژ بەخۆدی خۆی(مەلامستەفا) ناو دەبات نەک بەرەی دژ بەگەلی کورد یا دژ بەبەرەی داواکاری مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

٤- تەنانەت کلیلی کردنەوەی دەرگای سەندنی مافی خۆیان بەدەستی خۆیانیشی لەلای ئینگلیز بەدی کردوە و پێی وابوە ئەگەر ئینگلیز فەرمانی نەدائێ بەو کارەش هەڵناسێ.

دوای کۆمەڵێ نامە و نامەکاری نێوان مەلامستەفا و نوێنەرانی ئینگلیز وەک (کورنوالیس، ئەدمۆنس، هۆلت، کنج) لە ١٩٤٤/٤/٢٨ ولە ١٩٤٤/٩/٩، بێ هیوابوتی هەم ماجدمستەفا و هەم مەلامستەفاش ئەوسا بەهاتدان و پلان ونەخشە و ئامۆژگاری ئەفسەرە کوردەکان مەلامستەفا گەیشتە سەر ئەو ڕایەی کە دەبێ بەجۆرێکی تر بیر بکەنەوە، بۆیە لەنامەی ڕۆژی ١٩٤٤/١٠/١٧ ی مەلامستەفا بۆ کورنوالیس ی باڵوێزی بەریتانیا و دیسانەوە نامەیەکی تری مەلامستەفا بۆ وەزیری ناوخۆیی عێراقی لەهەمان ڕۆژدا، واتە لە ١٩٤٤/١٠/١٧ کە ئەمەیان عزت عبدالعزیز نوسیبوی و مەلامستەفا ئیمزای کردبوو، داواکاریەکان چونە قالبی داخوازی نەتەوەیی کوردی،

واتە زۆر بەڕاشکاویەوە دەتوانین بڵێین: ڕۆژی ١٩٤٤/١٠/١٧ ڕۆژی لەدایک بوونی بیری نەتەوەیی و داخوازی نەتەوەیی بوە لەجوڵانەوەی مەلامستەفا دا، هەر بۆیەش ئەو ڕۆژە بەڕۆژی لەدایکبونی گیانی خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕی دادەنرێ لەدەروونی مەلامستەفا دا. گەرچی بەئامۆژگاری و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری حیزبی هیوا و ماجدمستەفا و لەهەموویان زیاتر شەهیدی نەمر عزت عبدالعزیز بووە.

هەر بۆیەش دوای ناردنی ئەو دوو نامەیەی مەلامستەفا، بەئامۆژگاری و تەقەلایەکی زۆری عزت عبدالعزیز ئەفسەرە کوردە شۆڕشگێڕەکانی تری وەک

شەهیدان مستەفا خۆشناو و محمد قودسی و خیراللە عبدالكریم و میرحاج و ئەوانی تر، مەلامستەفا و ئەو ئەفسەرانە كەوتنە گەڕان بەزۆربەی ناوچەكانی كوردستان و سەردانی هۆزو سەرۆك عەشرەتەكان و پەیوەندی كردن پێیانەوە، كە ئەم گەڕان و سەردانە لەمانگی ١٩٤٤/١١ وە تاكو مانگی ١٩٤٥/٨ ی خایاند لەو ماوەیەدا سەردانی ناوچەكانی ڕەواندوزو شاكری و برادۆست و باڵەك و ڕابات و لۆلان و ڕۆست و ئامێدی و بامەڕنی ودهۆك ی كرد و بەنامەش پەیوەندی بەدەسەلاتدار و سەرەك عەشرەتەكانی ناوچەكانی پشدەر و ڕانیە و شەنگار و شارەزوور و شارباژێڕەوە كرد.

لەگەڵ ئەو گەڕان وسەردانانەشدا، گەرچی هەندێ دەست وەشاندن و چالاكی دژی مەخفەرەكانی حكومەتی لەناوچەی بادیناندا دەكرا، بۆ زیاتر پاڵەپەستۆ خستنەسەر ڕژێمی شایەتی عێراق و بۆ دەست هێنانی لانی كەمی داواكاریەكان، بەلام ئەم هەوڵ و تەقەلایەش بۆبە ڕیابوونی ئەوجولانەوە چەكداریە بوو كەناسراوە بەشۆڕشی ١٩٤٥ ی بارزان كە لە١٩٤٥/٨/٨ وە دەستی پێكرد و لە ١٩٤٥/١٠/١٤ سەركوت كراو مەلامستەفاو شێخ ئەحمەدی برایی و هەموو ئەفسەرە كوردەكان و نزیكەی (دە هەزار) ژن و پیاو منداڵ گەیشتنە ناو ئێران، واتە هەموو تەمەنی بەناو شۆڕشی بارزانی ١٩٤٥ تەنیا دوو مانگ و چەند ڕۆژێكی خایاند و ئەمیش وەك هەموو جولانەوەكانی تری بارزان ناشبەتالی كرد.

هۆكانی سەرنەگرتن و درێژەنەكێشانی یەكەم ڕاپەرینی ئەتەوەیی بەڕابەریی مەلامستەفا لەناوچەیەكی دیاریكراوی كوردستانی خواروو دا دەگەڕێتەوە بۆ:

١) بەرەوسەقام گیربوونی دەرئەنجامەكانی شەڕی جیهانی دووهەم و ڕۆشن بوونی تەكلیفی ئینگلیز لەكوردستان و عێراق و ڕۆژهەلاتدا.

٢) پێویست پێ نەمانی ئینگلیز بە كورد و مەلامستەفا، گەرچی ئۆبیانی گۆڕانی سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەكورد دەخرێتە ئەستۆی گۆڕینی سەفیری پێشوی بەریتانیا (كورنوالیس) بەسەفیری جێگری (ستۆن هیوردبیرد) لە مانگی ١٩٤٥/٤ دا.

٣) پشت بەستنی مەلامستەفا بەدوو هێزی (مادی و مەعنەوی) كەهەردوكیان جێی بڕوای ئاسەرنەبوون، لەڕووی مادیەوە پشتی بەست بە هێزی عەشایەر و كۆكردنەوەی هێزی چەكدار لەسەر بنچینەی پەیوەندی عەشایەری و زاڵ كردنی دەسەلاتی خۆی كە بۆ نمونە هەر لەوساڵەدا واتە ١٩٤٥ پێش دەست پێكردنی شەڕ كچی مەحمود

ئاغای زێباری خواست بۆ بەهێزکردنی پشت و دەسەلاتی خۆی، وەک لەوەی کە پێتر پشت بە جەماوەر و ئەفسەرە ڕۆشنبیرەکان و کەسە ڕۆشنبیرەکان ببەستێ و وەک ناوکی کۆکردنەوەی جەماوەر و هێزی چەکدار بەڕێزەوە سەیریان بکات، کە بە پێچەوانەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن و بە چاوی شک وگومانەوە سەیری یارمەتدەرەکان و ئامۆژگاری کەرەکانی خۆی دەکرد، هەر بۆیەش زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی لەخۆی دردونگ کرد و بە چاوی سوک سەیری دەکردن، لەوانە شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، مستەفا خۆشناو، عزت عبدالعزیز و چەندانی تر (٢٤)
هێزی مەعنەویەکەش کە مەلامستەفا پشتی پێ دەبەستبوو ی ١٩٤٥ز بوو کە پاش ئەمانی بەرژەوەندی لەبەکارهێنانی مەلامستەفا ڕووی لێوەرگێڕا.
٤- نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا لای مەلامستەفا لەبەرپاکردنی شۆڕشەکەدا، ئەگینا هەرگیز نەدەبوو بە دوو هەزار چەکدارەوە لەپاش دوو مانگ شەڕ بەرەی شەڕ جێبهێڵێ و ئاش بەتاڵ بکات و پەنا بەرەو ئێران بەرێ. ئەمە جگە لەوەی دەوروبەری ٢٥٠ چەکداری کوردی کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران) هاوکاریان دەکرد و ڕۆشنایی پاڵپشتێکی نوێ سەری هەڵدابوو کە سۆڤیەتی هاوکاری کۆماری مهاباد بوو.
لەڕووی مێژووی ڕاست وبێ لایەنگری نارەواوە، تەنیا ساڵی ١٩٤٥ بە ساڵی سەرەتای دەست پێکردنی ڕۆڵی بارزانیان لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا دەژمێردرێ جا ئەو ڕۆڵەش ئیجابی یا سلبی بوبێت چ لەشۆڕشی ١٩٤٥ و چ لەکۆماری مهاباد و چ لەشۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ وە تا ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ و پاشان سەرهەڵدانەوەیان لە ١٩٧٩ وە جارێکی تر تاکو ئێستاش.
وەلەبەرئەوەی بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە مێژووی کوردستانی بە زۆر بەعێراقەوە بەستراوەوە دیە، لێرەدا کۆتایی بە ڕۆڵی بارزانیان دێنم تادەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ کە مەلامستەفاش پاش تێکشکانی لە ١٩٤٥ و ڕاکردنی بۆ کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو و کردنی بە جەنەڕاڵ لەلایەن سەرکۆماری کوردە شەهیدی نەمر قازی محەمەد، کە ڕوتبەی جەنەڕاڵی بە مەلامستەفا و حەمە ڕەشیدخان و محەمەد ئانەوازاوە دا ئیتر مەلامستەفا بووە پەنامەندە لە سۆڤیەت و هیچ ڕۆڵێکی نەوتۆی نەما.

# مەلامستەفا و پارتی

پێشتر شێوەی پەیوەندی نێوان مەلامستەفا و حیزبی هیوامان باس کرد و ئاراەیەکی باش ئاماژەمان بۆ ئەقەلاکانی مەلامستەفا کردوە کەداویەتی بۆ هەڵتەکانی حیزبی هیوا و لێدان و دوورخستنەوەی زۆربەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و کادرە چالاکەکانی، تەنیا لەسەر ئەوەی کە هەندێکیان خاوەن جورئەت و دەربڕینی بیر و ڕا یان بوونو هەندێکیشیان ئەنجامی چالاکی سیاسی (٥) چەکداریان ناو و ناوبانگیان پەیداکردوە، کە دیارە بەهیچ جۆرێ بەشیاو و نەگونجاو بووە لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوەی تاکی و تاک سەرکردەیەتی مەلامستەفا دا. بۆیە دەتوانین بڵێین کە سەرەتای ژیانی پارتایەتی مەلامستەفا، لەدروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ دەست پێدەکات تاکو مردنی لەئەمەریکا.

پاش پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێران لەساڵی ١٩٤٥ لەلایەن ڕۆشنبیرەکوردەکان و پێشەوا قازی محەمەد، لەکوردستانی عێراقیشدا لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەست پێش کەری و سەرپەرشتی کردنی ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرا کە هەمان دیدو بۆچوون و ئامانجی مانفیستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هەبوو، چونکە زۆتریش یەکێک لەدامەزرێنەرانی شاخەی ژ.ک بوو لەکوردستانی عێراق، هەر لەوکاتەشدا حیزبێک لەکوردستانی عێراق بەناوی (شۆڕش) دامەزرابوو کە لە ڕاستیدا لقێکی حیزبی شیوعی عێراقی بوو لەکوردستانی عێراقدا، کە ئامانج لەپێکهاتنی ئەو حیزبە پتر کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرەکوردەکان و پەروەردەکردنیان بە ئایدیۆلۆژی حیزبە شیوعی عێراقی بوو، وە بۆ ڕێگرتن بوو لەگەشە کردنی شاخەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو جەماوەری کوردستان و پاشان ڕێگرتن لە گەشەنەکردنی بیری نەتەوەیی.

بۆ بەربەرەکانی شاخەی پارتی دیموکراتی کوردستان و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، پارتی شۆڕش هەستان بەناردنی مامۆستا هەمزەعبداللە بۆ لای مەلامستەفا لەمهاباد بەو هیوایەی کەهەم ڕەزامەندی مەلامستەفا مسۆگەر بکەن و هەم بەبوونی مەلامستەفاش لەحیزبەکەیاندا پێگەی جەماوەری خۆیان بەهێز بکەن و شوێن پێی شاخەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش لەق بکەن (٢٥).

هەمزە عبداللە لەو تەقەلایەیدا سەرکەوت بەلام نەک بە قازانجی شۆڕش بەڵکە بە قازانجی خۆی و مەلامستەفا، کە لە مهاباد بە بڕیارو ڕەزامەندی قازی محەمەد و مەلامستەفا پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا دامەزرا، بەمەرجێ پاش گەڕانەوەی هەمزە عبداللە بە بڕیار و فەرمانی مەلامستەفا داوا لە هەموو ڕێکخراوە کوردیەکانی تر بکات کە خۆیان هەڵبوەشێننەوە و بچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (٣٦).

بەو جۆرە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا و جێگری سەرۆکایەتی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود وە حەمەزیادی غەفوری کۆیی، و بە ئەندامەتی دەستەی دامەزرێنەریش لە م.س دا میرحاج، نوری ئەحمەد تەه: مستەفا خۆشناو و هەمزە عبداللە.

پاش تێکچوونی نێوان قازی محەمەد و مەلامستەفا و پێش ڕوخانی کۆماری مهاباد بە ماوەی مانگێک بە فەرمانی مەلامستەفا، مستەفا خۆشناو و شێخ لەتیف دەرکران (٢٧).

وە دیسانەوە سەبارەت بە پەیرەوی کردنی ڕێچکەی قازی محەمەد و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاخەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە بە بڕیاری مەلامستەفا، ئیبراهیم ئەحمەدیش بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی (مەلامستەفا و هەمزە عبداللە) وەرنەگیرا تاکو ساڵی ١٩٤٧ واتە پاش تێکچوونی کۆماری مهاباد و شەهید بوونی قازی محەمەد و ڕاکردنی مەلامستەفاش بۆ سۆڤیەت.

دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد، لەزۆر سەرچاوەدا بەم ناوانەی خوارەوە ناودەبرێن (مەلامستەفا، هەمزە عبداللە، میرحاج، نوری ئەحمەد تەه، عزت عبدالعزیز، سید عزیز شەمزینی، خیراللە عبدالکریم، محەمەد مەحمود قودسی) چەند کەسانێکی تر.

بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئیتر زۆربەی سەران و ئەندامانی پارتی شۆڕش، و حیزبی ڕزگاری کورد، چونە ناو حیزبی دیموکراتی کوردەوە، بەلام لقی عێراقی کۆمەلەی ژ.ک کە پاشان بیونە حیزبی دیموکراتی کوردستان شاخەی عێراق تا ساڵی ١٩٤٧ هەر مایەوە.

هەموو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مەلامستەفا بە پارتی دیموکراتی کورد و پاشان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە هەر لە ساڵی ١٩٤٧ وە تاکو

ساڵی ١٩٥٨ واتە لەئاوارەبوونیەوە بۆ سۆڤیەت تا گەڕانەوەی بۆ بەغداد تەنیا دوو جار لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە پەیوەندی پێوەکراوە، جاری یەکەم بەهۆی چوونی جلال تاڵەبانی بۆ پراگ بۆ بەشداری کردنی لەڤیستڤاڵی جیهانی ساڵی ١٩٥٥ کە سەردانی مۆسکۆی کرد و مەلامستەفای بینی و جاری دووەمیش هەر بەهۆی بەشداری جەلال تاڵەبانیەوە لەڤیستڤاڵی ساڵی ١٩٥٧ دا، واتە مەلامستەفا بێ ئاگاداری و بەشداری کردنی لەکۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پارتیدا لەساڵانی ١٩٤٧، ١٩٥١، ١٩٥٣ و بێ ئاگاداری و بەشداربوونی لەدارشتن و دیاری کردنی پیڕەوبەرنامەی پارتی، بەشێوەی فەخری بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە، تەنانەت بەنامەیەکیش و بەبچوکترین بیروڕاش بەشداری لەنەخشەو بەرنامە و بڕیارەکانی کۆنگرەکاندا نەکردوە و نەیتوانیوە بچوکترین ڕۆڵ لەململانێی ناو سەرکردایەتی پارتیدا بگێڕێ وەک سەرۆکی پارتی تاکو ساڵی ١٩٥٩، واتە پاش گەڕانەوەی بۆ لابەلاکردنەوەی لەنێوان باڵی چەپی پارتی بەڕابەرایەتی هەمزە عبداللە و باڵی نەتەوەیی بەڕابەریی ئیبراهیم ئەحمەد، تاکار گەیشتە ئەو رادەیەی لەساڵی ١٩٥٥ وە دوو باڵی پارتی بەیەک ناوەوە بەجیا لەیەکتری کاریان دەکرد تاکو ساڵە ١٩٥٦ کەیەکیان گرتەوە لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان بە سکرتێری هەمزە عبداللە کە هەر لەکۆنگرەی دووەمەوە لەساڵی ١٩٥١ وە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر بوو تایەک گرتنەوە،

دوای گەڕانەوەی مەلامستافا لە ١٩٥٩ دا وەلە گەرمەو هەرەتی جۆش و خرۆشی گەلانی عێراق پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دا باری دۆخی ئەوسای سیاسی عێراق هەلێکی گەورەی لەبەردەم مەلامستەفا و پارتیدا ڕەخساند بۆ گەشەکردن و ناوبانگ گەورەبوون و جەماوەر کۆبونەوە لەدەوریان؛

١- لەلایەکەوە حیزبی شیوعی عێراقی بەشێکی گەورەی ئیعلام و ڕێکخراوەیی خۆی تەرخان کرد بۆ پیاهەڵگوتن و گەورەکردن و ڕۆشنبیرکردنی مەلامستەفا کە گوایە ١٢ ساڵ لەیەکیەتی سۆڤیەتی قەلای سۆسیالیزم بووە، هیوایان وابوو کە مەلامستەفا بە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و لینینزمەوە دەگەڕێتەوە و لەلایەکی تریشەوە ڕێزوناوبانگی نەتەوەیی لەناو کورد دا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پتری دەسەڵاتی حیزبی شیوعی لە کوردستانی عێراقدا

٢-لایەكی ترەوە پارتی دیموكراتی كوردستان بەهەردوو باڵەكەی هەمزە عبداللە و ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەپروپاگەندەی سیاسی و ئیعلامی و ڕێكخراوەیی هیندەی تر هیوای كوردیان بەمەلامستەفا پترتر كرد، ئەمانیش بەدوو مەبەست:

ا- باڵی هەمزە عبداللە بەو هیوایەی كەبتوانێ لەڕێگەی مەلامستەفاوە هەم بزچوونی چەپ لەناوپارتیدا بەهێزبكات و هەم لەباڵی ئیبراهیم ئەحمەدیش بدات و لەهەڵێكدا شوێن بە ئیبراهیم ئەحمەد لەق بكاو خۆی ببێتە سكرتێری پارتی، كە لەم هەوڵدانەدا لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقی و لقی كوردستانی حیزبی شیوعیشەوە پشتگیری دەكرا.

ب- باڵی ئیبراهیم ئەحمەدیش بەو هیوایەی بەهۆی مەلامستەفاوە بتوانن شوێن پێی هەمزەعبداللە و لایەنگرانی لەناو پارتیدا سەقام گیرنەكەن.

بۆیە لەناو ئەو هەموو پێشبڕكێیەدا سەركەوتوی یەكەم تەنیا و تەنیا مەلامستەفا بوو كە لەكانونی یەكەمی ١٩٥٩ دا لەكۆبونەوەیەكی بچوكی چەند ئەندامی سەركردایەتی پارتی دا بەبەشداربوونی هەمزە عبداللە، خەسرەو تۆفیق، نوری شاوەیس، نەجات عەزیز، حەمید عوسمان، مەلامستەفا بڕیاری تاكی خۆی لەسەر لابردنی ئیبراهیم ئەحمەد لەسكرتاریەتی حیزب و دانانی هەمزە عبداللەی بەسكرتێر دەركرد و بەهەڕەشەیەكی زۆرەوە ماموستا ئیبراهیم ئەحمەدی كردە دەرەوە لەكۆبونەوەكە.

ئەمە یەكەم هەنگاوی بێ ئیلتزامی مەلامستەفاو بەسوك سەیر كردنی پارتی و پرانسیپەكانی پارتایەتی و ئوسولی ڕێكخراوەیی و ڕێ و ڕەسمی سیاسی بوو، كە لەناوەڕۆك دا سەلماندی كەبوونە مەلامستەفا لەسۆقیەت بەهیچ جۆرێك كاری لەبیر و ڕای مەلامستەفا نەكردوەلەڕوی بڕوابونی بەپارتی و پارتایەتی.

بێ گرتنی كونگرەی پارتی، لانی كەم بێ گرتنی پلینومی پارتی، لەوەش كەمتر بێ گوێدان یان ڕێگەدان بەدەربڕینی بیر و ڕای لادراوان و دانراوان، دەركردنی سكرتێرێكی پارتیەك و چەند ئەندامێكی سیاسی بەتەنیا بڕیارێكی سەرپێی و بێ بیر لێ كردنەوەی سەرۆكی پارتی، كەرماتایەك بكەیەنێ، تەنیا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ كە مەلامستەفا هەمان كەس و هەمان بیر و هەمان ڕەفتار و هەمان ئایدیای عەشایەری و بیر تەسك و خۆسەپێنەرەكەی ناو بەرزان بوە.

لەوەش سەیر تر دووپات بوونەوەی هەمان شانۆگەری لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٥٩ دا، واتە هەمان ساڵ پاش شەش مانگ تێپەڕبوون بەسەر سووکایەتی یەکەم، پارتی دوچاری سوکایەتی دووەمیش بوو، لەسەر داوای عبدالکریم قاسم و نارەزایی ئەو بەرامبەر سەرکردایەتی پارتی و سکرتێرە تەعین کراوەکەی کە مەلامستەفا لەگەڵ چەند چەکدارێکی بارزانی خۆیان بە بارەگای پارتیدا کرد و پاشان سووکایەتی پێکردنێکی زۆری هەمزەعبداللەی سکرتێری پارتی وهاوڕێکانی سەرکردایەتی و لێدانیان دیسان بەبڕیارێکی سەرپێیی و تاکی ودکتاتۆریانە هەمان تاقمی لەپارتی دەرکرد و تاقمە دەرکراوەکەی شەش مانگ لەوەوبەری خستەوە سەرکار وسکرتێری تەسلیم بە ئیبراهیم ئەحمەد کردەوە، لەسەر داوای عبدالکریم قاسم، پاش بێزاربوونی قاسم لەدەست تێوەردانی حیزبی شیوعی لەحوکم و پەیوەندی پتەوی هەمزەعبدالله بەحیزبی شیوعیەوە.

بەهەمان شێوەی پێشووی سووکایەتی بەپارتی و بەزیادەوە سووکایەتی کردن بەسکرتێر و ئەندامانی تری سەرکردایەتی دووەم جاریش.

لەم هەڵویستەی مەلامستەفا بەرامبەر پارتی و بێدەنگی پارتیش بەرامبەر بە مەلامستەفا ئەم ڕاستیانەی خوارەوەمان بۆ دەسەلمێنێ:

١- بەسەرداهاتنی هیچ گۆڕانکاریەک لەبیر وڕاو بۆچوونی مەلامستەفای سەرەک عەشیرەتی بارزان لەچوونیدا بۆناو پارتی و یەکێتی سۆڤیەت.

٢- داسەپاندنی بیری تەسکی عەشایەری و دکتاتۆری فەردی بەسەر حیزبێکی بەناو شێوە نوێ دیموکرات خوازدا.

٣- بێ توانایی و لاوازی ڕۆشنبیرانی سەرکردایەتی پارتی لەخۆ دەربازکردن لەدەسەلاتی تاک ڕەوی و تەسکی عەشایەری.

٤- پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی لە ململانێکاندا و پێ شێل کردنی بەرژەوەندی گشتی و گەلی کورد کە خۆی لەبەرنامەی پارتیدا دەنواند و جاپێ شێل کردنی بەرژەوەندی پارتی وەک ڕابەر و نوێنەرەوەی قازانجی نەتەوایەتی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق دا لەو بارودۆخ و زەمان و زەمینەدا.

٥- دەرنەچوونی سەرکردایەتی پارتی وپارتیش لەیەکەم و دووهەم تاقیکردنەوەی مەلامستەفا سەبارەت بەبەرهەڵستی نەکردنیان بۆ بڕیارە تاکیەکانی مەلامستەفا.

٦-سەرکەوتنی مەلامستەفا لەو دوو تاقی کردنەوەیەدا بۆ کردنی بەسەرەتای (مبدئی) کارکردنی لەوکاتەو لەداهاتوودا لەگەڵ هەر تاقم و کۆمەڵێکی تر کەلەسەرکردایەتی پارتیدابن و پاشان بوونی ئەو سەرەتایە بەئایدیایەکی میراتگری بۆ نەوەکانیشی،

کۆنگرەی چوارەمی پارتی کەلە ١٩٥٩/١٠ داگیرا تەنیا تەقەلایەک بوو بۆ شەرعی کردنی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە مەلامستەفا کردبوی، پێش کۆنگرە هەموو گۆڕانکاریەکان کرابوون،

کۆنگرەی پێنجەمی پارتی کە لە ئایاری ١٩٦٠دا گیرا، یەکەم تەقەلای سکرتێری پارتی و ئەندامانی م.س و سەرکردایەتی بوو بۆ سەلماندنی دەسەلاتی کاری بەکۆمەڵی لەناو پارتیدا کە ئەو تەقەلایەش سەرکەوتو نەبوو.

وورده وورده لادانی قاسم لەسەرەتاکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و پاشەکشەکردنی ڕژێمەکەی لەو بەڵێنانەی کە لەدەستوری کاتیدا دابووی بەگەلی کورد، وای لەپارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە بیر لەگۆڕینی هەڵویستی خۆیان بەرامبەر بە قاسم و داکۆکی کردنی پتر لەمافە نەتەوایەتیەکانی گەلیکورد بکەنەوە. بەتایبەتی کە هەڵویست و بیر ورای قاسم یان بەرامبەر بەمەسەلەی کورد لەڕێگەی هەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتیپارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە پەیوەندی توندیان لەگەڵ قاسم دا هەبوو بۆ ڕوون بوەوە،

سیاسەتی قاسم لەوکاتەدا بەرامبەر حیزبە سیاسیەکانی عێراق (عەرەب و کوردی) گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی کەلەلایەکەوە هەوڵی کەم کردنەوە و لێدانی دەسەلاتی حیزبی شیوعی عێراقی دەدا وەلەلایەکی تریشەوە هەوڵی لاوازکردنی پارتی و پوچەڵ کردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکەی دەدا و لەهەمان کاتیشدا هەوڵی بەکارهێنانی مەلامستەفای دەدا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوکارەی، تەقەلاکەی قاسم لەو بوارەدا تارادەیەکی زۆر سەرکەوتوبوو، نێوانی مەلامستەفا و سکرتێری پارتی وورده وورده ساردی تێکەوت.

ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی م.س بڕیاریاندا کۆنگرەی پێنجەمی پارتیی بگرن بۆ چارەسەرکردنی ئەوگیروگرفتانە و داڕشتنی بەرنامەی نوێی پارتی.

مەلامستەفا بەگرتنی سێ هەڵویست نارەزایی خۆی بەرامبەر بیروڕای سەرکردایەتی لەو کۆنگرەیەدا دەربڕی:

١) بەچوونی بۆ کۆنگرەکە تادوا ڕۆژی کۆنگرەکە بە چوون و پاڕانەوەی زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە بۆ لای چوە ناو کۆنگرەکەوەو لە چوونیشیدا سوکایەتیەکی زۆری بە سکرتێر و سەرکردایەتی و ئەندامانی کۆنگرە کرد و لەبەردەم کۆنگرەشدا ڕای گەیاند کە سەرۆکی (........) ابینت سەرۆکی پارتی نیە.

٢) بۆ سەرنەکردنی ئەخشەی سەرکردایەتی لەدارشتنی بەرنامەی پارتی. ەکۆنگرەدا، بەبڕیاری تاکی خۆی ٤٠ کەسی سەربەخۆی بەڕابەری نعمان بارزانی ناردە ناو کۆنگرەوە کە ئەندامی شەرعی کۆنگرە نەبوون لەکاتێکدا کە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە نزیکەی ٦٠ ئەندام بوو. بۆ ئەوەی هەربڕیارێک خرایە دەنگەوە زۆربەی وەرنەگری.

٣) لەو کۆنگرەیەدا نعمان بارزانی فێرکرد کە داوای نەهێشتنی ناوی سکرتێر بکات و تەنیا سەرۆک هەبێت لەپارتیدا کە زۆربەی دەنگی هێنا، بەلام لەدوا ڕۆژی کۆنگرە بەبڕیاری مەلامستەفا سکرتێر هێلدرا یەوە.

مەبەستیشی لەم کارە ئەوەبوو کەلە سکرتێر (ئیبراهیم ئەحمەد) بگەیەنێ کە سکرتێری خۆیەتی نەک هی پارتی و کەی بیەوێ لای دەباو داشی دەنێ و دەی گۆڕێ. بۆ یەکەم جار لەژیانی پارتی و پارتایەتی مەلامستەفادا کە بینی کەسێک یادەستەیەک یا کۆمەلێک بتواتن بەرامبەری خاوەن بیر و ڕاو هەلوێست بن، گرتنی کۆنفرانسی ماوەت بوو کەبێ بەشداری مەلامستەفا بڕیاری یەکالاکردنەوەی ململانێکانی ناوپارتی و مەلامستەفا ئاشکرابکەن لە ١٩٦٤/٤/٦ و هەلوێستی ڕوون و ئاشکراش وەربگرن لەڕێکەوتنەکەی نێوان مەلامستەفا و عبدالسلام عارف دا. کە ئەنجامی ئەم هەلوێست وەرگرتنەش بەلێدانی پارتی و سەرکردایەتی شکایەوە لەلایەن مەلامستەفا وە و بوە ماکی سەرەتای دروست بوونی شەری ناوخۆی کورد بەکورد بەکوشت دان و پارچە پارچەبوون و لێک هەلوەشانی پارتی و پاشان لێک هەلوەشانی یەکیەتی ڕیزەکانی گەل و بوونی بەشیرپەنجە(سەرەتان)یەکی لەچارەسەر نەهاتوو کە تائێستا و ڕەنگە چارەکە سەدەیەکی تری لەمەودواش درێژە بکێشێ و سەرچەمی کوردی کوردستانی خواروو و خەباتی ڕزگاری خوازانەی سەرتاسەری کوردستانی گەورەش ئاراستەی تەنگ و چەلەمەیەکی لەچارەسەر نەهاتووی زیان بەخش بکات.

## پەراویزەکان (پێشەکی)

(١) سەرچاوەکانی ئەم بۆچونە (عبدالمحسن قلتل محمد - المسألة الكردية لاپەرە ١١٠، حسن مستەفا -البارزانيون لاضرة ١٧

امين سامي الغمراوي -قضية الاكراد في شمال العراق -ص١٩٣، أحمدفوزي عبدالجبار-قاسم العراق والاكراد - قناجرو جبال-طبعة ١٩٧١، كريس كۆچيرا - كورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا لاپەرە ١٩٣.

(٢) گوتەی مەلامستەفای بارزانی خۆیەتی لەوەلامی پرسیاری رۆژنامەنوسێکی ئەمریکایی بەناوی دانا ئادەم شمت، بەلام شمت لەکتێبەکەیدا -رحلة الى رجال الشجعان في كردستان - گۆرینی پاریزەر جرجيس فتح الله لاپەرە ١٤٠ دەلێ ((ئەو گوتەیەی بارزانی جگە لەخۆی هیچ سەرچاوەیەکی تر نیە پالپشتی بێ))

(٣) سەرچاوە (پاشکۆی شەرەفنامە لەنوسینی هەژارموکریانی لاپەرە

(٤) باشترین سەرچاوە بۆ ئەم مەبەستە (گەنجینەی فەرهەنگ و زانست) و لەنوسینی محمدسالح ئیبراهیمی کە بەووردی باسی مەولاناخالیدی شارەزووری کردوە لەلاپەرە ٢٨ وە تا لاپەرە ٧٤.

(٥) هەمان سەرچاوە لاپەرە ٤٨ وە تا لاپەرە ٥٢.

(٦) کۆماری مهاباد لاپەرە ٩٣.

(٧) مەسعود بارزنی شۆرشی بارزان، هەژارموکریانی پاشکۆی شەرەفنامە.

(٨) هەژار لەلاپەرە ٨٤١ی شەرەفنامەدا دەلێ شۆرشەکە لەسالی ١٩٠٧-١٩٠٨ دابووە، بەلام فاضل براک لەلاپەرە ٦٤ دا دەلێ ١٩٠٩ بوە، وەکریس کۆچیراش لەلاپەرە ١٩١ دا دەلێ لەسالی ١٩٠٩ دا بوە

(٩) حسن مستەفا البارزانيون لاپەرە ٢١ دەلێ((عبدالسلام رای کرد بۆناوچەی وان و لەوێ دۆزرایەوە و برایە موسل)).

هەژار موکریانی -شەرەفنامە لاپەرە ٨٤٢ دەلێ((رای کردە لای سمکۆ لەکوردستانی ئێران بەلام لەرێگاکە میوانی سۆفی عبدالله ئاوێک بور تەخباری کردوەو گیراوە و براوەتەوە بۆ موسل و لەسێدارەدراوە)).

کریس کۆچیرا -کورد لە سەدەی ١٩-٢٠ دا دەلێ((لە شەرەکەدا شکاوەو بەدیلی براوەتە موسل و لەسالی ١٩١٤ دا لەسێدارەدراوە)).

(١٠) بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد - رەمزی قەزاز- ل١٣٥ دەلێ(( شێخانی بجیل خۆیان لەقەزای ئاکرێ رایانکردبوو چونکە لەسەر داوای زێباریەکان و شێخی

بارزان، شەڕیان لەگەڵ ئینگلیز کردبوو چەند ئینگلیزێک و حاکمی سیاسیان کوشت بوو پاشان شکابوون و رایان کردبووەوە رەواندوز وە ئینگلیزەکان یوسف بەگی بەگوکیان کوشتبوو (١١). پێدەچێ شێخ ئەحمەدی بارزان و داستانەکەشی کە ناوی شۆڕشیان لێناوە بەپلان بەشێخی بجیل کردبێ، تاکو دووژنیشان بەتیرێک بپێکێ هەم لەئینگلیزەکان بدرێت بەناوی زێبارییەکانەوە تائینگلیز لەتۆڵەدا لەزێبارییەکان بداو ناوچەکەیان بۆ چۆڵ بکات و کۆسپی بەردەمی شێخ ئەحمەد بۆپەل هاویشتن بۆناوچەی زێباری تەخت بێ و لەلایەکی تریشەوە شێخانی بجیل ئێوە بگلێنێ تاکو ئەوانیش لەرق و کینەی ئینگلیز دەربازنەبێ و ناچار بکرێن ناوچەکەیان چۆڵ کەن و بەرەو رەواندز ڕەو بکەن. شێخ ئەحمەدیش بەناوی گفتوگۆوە بەسەرتەلەکاندا بازبداو ببێتە حوکمڕانی بێ بەرگری هەموو ناوچەی بادینان. بەلام دیارە ئەوپلانەی لەبەردەم سیاسەتی ئینگلیزدا سەری نەگرتووە.

(١١) لەهیچ سەرچاوەیەکداو بەهیچ جۆرێک باسی هیچ جۆرە پیوەندیەکی شێخانی بارزان نەکراوە بەشۆڕشەکانی ناوچەکانی تری کوردستانەوە کەلەهەمان سال دابوون واتە ١٩١٩-١٩٢٠-١٩٢٢ بەلام نامەیەکی شێخ عبدالقادری نەهری هەیە بۆشێخ مەحمود بۆ هاریکاری کردن پێکەوە - سەیری بزوتنەوەی سیاسی و ڕوناکبیری - ڕەمزی قەزاز- بکە لاپەڕە ١٣٠

(١٢) یادداشت- ڕەفیق حیلمی - بەشی شەشەم لاپەڕە ٦٣٣ کەباسی پەیوەندی نێوان سمکو و شێخ مەحمود و رۆڵی پیاوە خوێندەوار و رۆشنبیرە کوردیەکان دەکات لەتەقەلای دامەزراندن و پایەدارکردنی حکومەتی کوردستان کە بەهیچ جۆرێک باسی شێخانی بارزان نەهاتوە.

(١٣) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٦٣٦-٦٣٣ باسی ئیمزاکەراتی ئەو مەزبەتەیە دەکات کەبەسەریەرشتی شێخ مەحمود و سمایل خانی سمکۆ لەلایەن پیاوە ناودارو سەرەک عەشرەتەکانی کوردیەوە دراوە بەدەوڵەتی تورو داوای کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد دەکەن و ناوی هیچ کام لە شێخانی بارزانی تێدا نەهاتوە.

(١٤) بەپێی راپۆرتی - بهاءالدین نوری - مقدم رکن- لەپێشەکی کتێبەکەیدا- رتل باز فی حرکات بارزان ١٩٣٢.

شێخ ئەحمەد و بارزانیەکان لەماوەی ئەوساڵەدا واتە ١٩٣١ بەرووبوم و خانوبەرەی ئەم گوندانەیان تالان کردوەو سوتاندوە (نزارەی لای سیدەکان، سیکو، ئەستیل لەناوچەی خواکورک) و مەرومالاتی ئەم گوندانەشیان بەتالان بردوە (کانی ڕەش،

هێشم، تیلی، تیردک) و فشار و زۆریشیان لە دانیشتواتی گوندەکانی (برادۆست، لیلوک، شێتز، ڕۆتدوک، ناوێرکان) کردوە کە بچنەپاڵ عەشیرەتی بارزان و ژێر فەرماندەیی شێخ ئەحمەد.

(١٥) حسن مستەفا - البارزانیون - ل٧٢.

(١٦) کریس کۆچیرا ل١٩٥.

(١٧) حسن مستەفا - البارزانیون- ل٢٨

(١٨) هەمان سەرچاوە ل٤٨، فاضل براك -مصطفى البارزاني الاسطورة والحقيقة - ل٩٢، کریس کۆچیرا ل١٩٨،

فاضل براک و کریس کۆچیرا دەڵێن کە شێخ ئەحمەد وبراکانی مستەفا و سدیق لەگەڵ ١٠٠ نەفەر کەمابونەوە و خۆیان تەسلیم بە عێراق نەکردبو لە ١٩٣٢/٦/٢٢ چونە تورکیاو تەسلیم بە دەوڵەتی تورکی بوون، بەلام حسن مستەفا دەڵێ هەموویان لە ٦/٢٩ تەسلیم بە حکومەتی عێراقی بوون و نێردرانە موسل.

(١٩) کریس کۆچیرا لەلاپەڕە ١٩٩ دەڵێ ئۆلو بەگ مامی دایکی مەلامستەفا بوە و لەگەڵ خەلیل خۆشەوی) تاساڵی ١٩٣٦ تەسلیم بە ڕژێمی عێراقی نەبوون.

(٢٠) کریس کۆچیرا ل٢٣٢، حسن مستەفا-البارزانیون- ل٥٦، فاضل براك - مستەفا البارزانی - ل١٠٨.

(٢١) کریس کۆچیرا ل٢٢٨.

(٢٢) مطبوعات كردولوجيا- العراق دولة بالعنف -القسم الثاني - لندن ١٩٨٦، فاضل براك - مصطفى البارزاني -ل ٧٢.

(٢٣) کریس کۆچیرا ل٢١٨.

(٢٤) بەڵگەی دڵ تەنگی حیزبی شیوعی عێراقی، وتەکەی بەڕێز (فەهدە): کورد پێویستی بە حیزبی کارە نەک هیوا، واتە (حزب عمل وليس امل).

(٢٥) کریس کۆچیرا ل٢٢٧-٢٢٨.

(٢٦) گوزارەش ئەردەلان - اسرار بارزان - ل٧.

(٢٧) ئەدمۆنس: مێجر ئەدمۆنس مستەشاری وەزارەتی داخلیەی عێراقی بوە لەلایەن ئینگلیزەوە

(٢٨) فاضل براک -مستەفا البارزانی - ل١٠٤

(٢٩) مذكرات صالح حيدرى -الجزء الثاني -ل١٤٠ سعيد جواد - ل١٨-٢٠ دیسان صالح حیدری - بەشی دووەم ل١٠٢ کریس کۆچیرا - ل٣٠١.

(٣٠) بۆ زیاتر ڕوون بونەوە سەیری سعید جواد بکە ل٢٠، صالح حیدری ل١٠٣

(٣١) کریس کۆچیرا ل٣٠١، مذکرات مکرم طالبانی، رسالة مصطفى خوشناو الى مکرم طالبانی.

# بەشی یەکەم

## بەرپابونی شۆڕشی ئەیلول

### ١-١ هەلومەرجی ئەوسای ڕژێمی عێراق

ا- بارودۆخی سیاسی ئەوسای ڕژێمی عبدالکریم قاسم لەپاشەکشەکردنێکی بەردەوامدابوو لەسەرەتاکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و ئابلۆقەدانی پارتە سیاسیەکانی ئەوکات و لێدانی دەسەلاتیان لەناوو لەدەرەوەی چوارچێوەی دام و دەزگا دەوڵەتیەکاندا.

هەر دوای ڕووداوەشومەکەی کەرکوک لە ١٤-١٦ ی تەمموزی ١٩٥٩ واتە ساڵێک پاش لەدایک بونی شۆڕشی ١٤ی تەمموز ئەستێرەی حیزبی شیوعی عێراقی هەم لەلای قاسم و هەم لەناو جەماوەریشدا وردە وردە بەرەوکزی ڕۆیشت سەرەتاکەی بەداخستنی بارەگاو نەهێشتنی دەسەلاتی لیژنەکانی پارێزگاری کەر لەکۆمار(لجان الدفاع عن الجمهورية) دەستی پێکرد کەبەبەیانێکی ڕەسمی احمدصالح العبدی لەئێزگەی بەغداوە لە ٢٥ و ٢٩-٧-١٩٥٩ دا ڕاگەیاند لەگەڵ ڕاگرتنی هەموو بنکەکانی مەشقی (مقاومە الشعبیە)، و پاشان داخستنی بارەگای حیزبی شیوعی لەکەرکوک لەلایەن سوپاوە و گرتنی ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانیان بەتایبەتی ئەوانەی شکی بەشداری کردنی ئەو کارەساتەیان لێدەکرا. پاشان بەبیانوی جیاجیا لەمانگی تەمموز و ئابی هەمان ساڵدا هەموو لقەکانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی (اتحاد الشبيبة الديمقراطية) داخران وپتر لە ١٧٠٠ ئەفسەر و ئەفسەری یەدەک لەڕیزی سوپادا دەرکران کە زۆربەیان دەرچوانی خولی سیانزەهەم بوون و سەر بەپارتی شیوعی عێراقی بوون لێدانی حیزبی شیوعی عێراقی لەهەموو دام و دەزگادەوڵەتیەکاندا بەسوپاشەوە و پاشان وردە وردە تابوت کردنی دەسەلاتی حیزبی شیوعی لەدوا دوایی حوکمی قاسم لەناو ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا ،وەلەلایەکی تریشەوە مجامەلەکردنیان بوو بوهۆی بێزاری جەماوەری حیزبی شیوعی (تەک سەرکردایەتیان) لە قاسم و سیاسەتی قاسم و کەم بونەوەی بڕوایان بەقاسم.

سەبارەت بەلایەنە ئاینیەکەی عێراق، دیسان قاسم ڕق و تورەیی لایەنە ئاینی و توندڕەو و ڕاست ڕەوەکانی ناو عێراقی بە شیعە و سونیەوە دروست کرد بە دەرکردنی (قانون الاحوال الشخصية) کەلەلایەکەوە پێش کەوتوخوازی سەبارەت بەهەندێ مافی ژنی تیا بەدیدەکراو لەلایەکی تریشەوە زۆربەی بەندەکانی دژی

یاسای ئیسلام بوون ،دەرچوونی ئەو یاسایە دوابەدوای لێدانی حیزبی شیوعی بوو لە ٣٠ کانوونی یەکەم ١٩٥٩.

لێدانی حیزبی شیوعی لەلایەن قاسمەوە واشی دەکرایەوە کەبۆ دڵ ئەوایی کردنی لایەنە ئاینیەکەو پارتە نیشتمانی و دیموکراتیەکان بێت، بەلام بەدەرکردنی ئەو یاسایەش ئەو بۆ - چوونەش ڕاست دەرنەچوو.

پارتی نیشتمانی دیموکراتی (حزب الوطن الدیمقراطي) نەتەوە خوازەکانی تری عەرەب (القومیون) دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەمموز و دەرکەوتنی ڕەوتی قاسم لەسیاسەتی ئاییندەی عێراقدا وردە وردە بەرەو هیوا بڕاوی دەچوون لەچێ بەجێ کردنی مەسەلەی یەکیەتی عەرەبی (الوحدە العربیە) و یەکگرتنی عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (میسر - سوریا)، پارتی نیشتمانی دیموکراتی کە پتر ناسرابوون بەپارتی دەستوریەکان و لەناو جەماوەریشدا بەپارتی توێژی هەرە ڕۆشنبیرو سیاسی ناودارو ناسراوی نیشتمان پەروەری عەرەبی ناویان دەرکردبوو چ لەسەردەمی شایەتی لە ١٩٤٦ەوەتاسەردەمی قاسم،پارتێکی معتدل و لایەنگری بەرەیەکی نیشتمانی کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی سوپایی لەحوکمدا و دانانی دەستوری هەمیشەیی و حوکمی مەدەنی و هەڵبژاردن بوون، لەسەرەتای حوکمی قاسم دا سەرکردەوپیاوی سیاسی هەرەناسراویان کەلەسەر ئاستی هەموو عێراقیش و بگرە وولاتە عەرەبیەکانیشدا ناسراو (کامل الجادرچی) زۆر بڕوای بەشۆڕشگێڕیتی و دیموکراتی حوکمی قاسم نەبوو، بەلام لەژێر پاڵەپەستۆی سەرکردایەتی حیزبەکەی وهەموو حیزبەکەشی لەگەڵ ئەو ڕایەکەوت کەدەبێ پشتگیری حوکمی قاسم بکرێ لەبەرئەوەی دژی ئیمپریالیەتە و هەنگاوی پێشکەوتوخوازانەی ناوە وەک یاسای چارەسەری کشتوکاڵ و یاسای ئەحوالی مەدەنی بڕیاردان لەسەر خۆماڵی کردنی نەوت(گەرچی هەر بڕیاربوو جێبەجێ نەکرا)، بەلام ووردە ووردە ئەم حیزبەش بەرامبەر حوکمی قاسم بێ هیوابوو تاگەیشتە ئەوەی کەلە ١٩٦١/٩/٢٣ دا کامل جادرچی لەحیزبەکەی بکشێتەوە بەدەربڕینی ڕستە ناسراوەکەی : ((پارتی نیشتمانی دیموکراتی بڕوای بەکاری ژێر زەمینی نیە ،وەکارەسات و ڕووداوەکانیش دەریان خست کەڕێکخراوە سیاسیە ئاشکراکان ناتوانن لەژێر سێبەری حوکمی سوپادا کاربکەن)).

سێ هەفتە پاش خۆکێشانەوەی چادرچی پارتەکەشی هاوبیر لەگەڵ ڕاگەیاندا بڕیاری خۆسڕ کردنی پارتیان دا، بەم وەلامەیان بۆ چادرچی.
بەداخەوە کە پارتی ناتوانێ بڕیاری خۆکێشانەوەتان پەسەند بکات بەلام پشتگیری هەموو ئەو بەڵگانە دەکات کەلەنامەکەتاندا هاتووە، بۆیە پارتی بڕیاری وەستاندنی هەموو چالاکیەکی خۆیدا لەسەرتاسەری وولاتدا بەگشتی وەک دەربڕینی نارەزاییەکی توند لەژێ ئەو بارودۆخەی کەوولاتی گرتۆتەوە، ئەوکاتەی کە کەشی دیموکراتی ڕاست و دروست بۆ پارتایەتی دەڕەخسێ (١).
دوابەدوای پارتی نیشتمانی دیموکراتی، پارتی نیشتمانی پێشکەوتو خوازیش (حزب الوطني التقدمي) کە لقێکی جیا بوون لەپارتی نیشتماتی بەڕابەری محمد حدید ئەوانیش تا مانگی تەمموزی ١٩٦٢ لەگەڵ قاسمدا بەزۆرە ملێ ڕایان کێشا بەلام لەمانگی تەمموزی ١٩٦٢ دا پاش داواکاریەکی توند لەقاسم بۆ دانانی دەستوری هەمیشەیی و بێ هیوابیان لە جێ بە جێ کردنی بڕیاری سڕ کردنی پارتیان لەهەموو کاروبارێک ڕاگەیاند و دەستیان لەقاسم شت. (٢)
پارتی بەعس و قەومیەکانی تری لایەنگری یەکیەتی و یەکگرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، هەر لەپێش و لەدوای ڕووداوەکەی شەواف لەموسل واتە هەر لە ١٩٥٨/٩/٣٠ دوە پاش تێپەڕبونی دوومانگ و نیو بەسەر شۆڕشدا کەعبدالسلام عارفی جێگیری فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری تیاسەرکوت کرا و لەهەموو دەسەلاتێکی وزاری وعەسکەری ڕوت کرایەوە و کرایە سەفیری عیراق لەئەلمانیای فیدراڵ، پاشان گرتن و بەندکردنی لە ١٩٥٨/١١/١٤ دا هەموو قەومیەکان و لایەنگرانی (وحدە) نەک هەر بێ هیوابوون بەڵکە کەوتنە بەرەی دژبەقاسم و ڕاوەدونان و دوور خستنەوەیان لەدام و دەزگا گرنگەکانی دەوڵەت. بەعسیەکانیش لێدانی (عارف)یان کرد بە ئامازەیەکی پڕمەترسی لەقاسم بۆ خۆیان، و کەوتنەپاشەکشەکردن و خۆپاراستن و پاشان پلان گێڕان بۆ پەرپاکردنی کودەتایەک دژ بەقاسم ئاکو لە ١٩٥٩/٣/٨ دا کودەتا لەموسلەوە دەستی پێکرد وپاش دوو ڕۆژ بەتێشکاوی و زیانێکی گیانی زۆرەوە کۆتایی هات.
واتە بنکەی سیاسی حەماوەری عبدالکریم قاسم هەر پاش چەند مانگێکی کەم لەبەرپابونی شۆڕش یەک بەدوای یەکدا دەڕوخان و لەبەرەی دۆستانی (قاسم)ەوە دەکەوتنە بەرەی دژ بەقاسم و قاسمیش هیچ کەم تەرخەمیەکی لەلێدان و لاوازکردن

وبێدەسەلات کردنیان نەدەکرد ئاکار گەیشتە ئەو رادەیەی کەپلان بۆ کوشتنی بکەن لە ١٩٥٩/١٠/٧ ، و دوا ینکەی جەماوەری حیزبی شیوعی عێراقی بوو کەلەپێشەوەباسمان کرد ئەوانیش پەروبال هەڵکێشاواتە ئەپاڵپشتی شیعەبەهۆی دەرکردنی (قانونی ئەحوالی مەدەنی) و ئەسونە بەهۆی لێداتی بەعس و قەومیەکان و ەئەچەپ بەهۆی لێدانی حیزبی شیوعی و ئەراست و موعتەدل بەهۆی لێدانی (حیزبی نیشتمانی دیموکراتی، و نیشتمانی پێشکەوتوخواز) وئەلایەنگراتی سەردەمی شایەتی بەهۆی بنبڕکردنی بنەماڵەی هاشمی، مایەوە .

سەبارەت بەوەی کەبەشێکی گرنگی عێراق لەگەلی کورد پێکهاتوە بێشک ئەویەشەش بێ لایەن ئەمایەوە ، یان دەبوایە سەری بۆ بیر و بۆچون و ئارەزوەکانی (زعیم الاوحد) دابنەواندایە، یان دەبوایە بەسوربوتی لەسەر داوا رەواکانی خۆی ئەمیش بکەوتایەتە بەرەی دژ بەقاسم کەلەبەر ئەوەی بابەتەکەمان بەشێوەی سەرەکی پەیوەندی بەمەسەلەو کێشەی ئەم بەشەوەیە لێرەدا پێویست بەباسکردنی ناکات و لەداهاتودا بەدرێژی باسی لێکراوە .

بۆیە دەتوانین باری سیاسی عێراقی سەردەمی قاسم لەم چەند خاڵانەدا کۆبەند بکەین :

١- سەرەتای دیموکراتیەت وردە وردە تاساڵی ١٩٦١ بەتەواوی پێشێل کرا .

٢- مافی کاری سیاسی پارتایەتی نەک هەر پێشێل کرا بەڵکە بەریەوکانی کرا و لەیاربرا .

٣- یاسای رێکخراوەیی رێکخراوە جەماوەریەکان لەهەموو ناوەرۆکێکی دیموکراتیەت بەتاڵ کراو تەنیا کۆمەلێکیش ئەمایەوە گەر داروودەستە و ئەڵقە لەگوێ جێ بەجێ کەری فەرمانەکانی قاسم ئەبوبێ، یەکیەتی کرێکاران ، خوێندکاران ژنان،جوتیاران،مامۆستایان، ....هتد یان نەمان یان بون بەکارتۆنی .

٤- ئەوەی کەبەدەستوری کاتی ناوی برابوو لەناوەرۆکە پێشکەوتوخوازیەکەی رووت کرایەوە و پەیمان وبەڵێنی دانانی دەستوری هەمیشەیی و دەستکردن بەهەڵبژاردن و داتی دەسەلات بەحکومەتی هەڵبژاردەی گەل، هەربەپەیمان وبەڵێن مایەوە و پاشان بەئاشکراو بێ پەرواش لە ١٩٦١ دەوە ئامازە بۆ لەدایک نەبونی کرا بەبیانوی درێژکردنەوەی (فترە الانتقال).

ب - بارودۆخی دەرەوەی تەرسای عێراق و هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە بەعەرەبی و ناعەرەبیەوە بەرامبەر عێراق .

• لەسەردەمی قاسمدا، کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و ناوی جەمال عبدالناصر وەک ئەستێرەیەکی پرشنگداری نیشتمان پەروەری عەرەبی و پێشکەوتو خوازی عەرەبی و شۆڕشگێڕی عەرەبی و دژ بەئیمپریالیزم وابوو، لە هەموو نیشتماتی عەرەبی دا و بەتایبەتی لەناو جەماوەری عەرەبی پێشکەوتو خوازدا بەدەر لەهەندێک دەسەلاتداری حوکم بەدەست لەچەند دەوڵەتێکی عەرەبی کەبەچاوی ترس، و شک، و گومانەوە سەیری خواست و ئارەزوی جەمال عبدالناصر یان دەکرد و مەترسیان لە لەدەستدانی دەسەلات و حوکمەتەکانیان هەبوو .

بۆیە لەوکاتەدا لەهەموو وڵاتێکی عەرەبیدا جۆری پەیوەندی باش یان خراپ بەکۆماری عەرەبی یەکگرتو و عبدالناصر ەوە سەنگی مەحەکی شۆڕشگێڕیتی یا ناشۆڕشگێڕیتی دڵسۆزی یا ناد ڵسۆزی بۆ عەرەب و عروبە بوو .

پێشتر باسمان کرد کەڕۆڵی حیزبی شیوعی لەسەرەتای حوکمی قاسم و لێدانی عبدالسلام عارف، و پاشان کودەتای شەواف پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی عێراقی لە میسرەوە واپچڕاند، و کار گەیشتە بەرپابونی شەڕی ڕاگەیاندن (حرب الاعلامی).

• پاش دەرچونی (کویت) لەژێر انتیدابی بریتانیا بەپێی ڕێکەوتن نامەیەک کەلە ۱۹/۶/۱۹۶۱ دالەنێوان کوێت و بەریتانیادامۆرکرا، قاسم سەربەخۆبونی کوێت، ودەرچونی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بەهەل زانی کە داوای گەڕانەوەی کوێت بکات بۆ چوارچێوەی سنووری عێراق بەوهیوایەی کەپاش سەربەخۆبونی کوێت هەم بەریتانیا مافی لەسەر هەڵدانی نابێت و هەم کوێتیش وەک ئیمارەتێکی بچوکی سەربەخۆی لاواز لەڕوی سوپاییەوە پێشوازی لەو داوایە دەکات و بەخۆشی و بەپەلە دەگەڕێتەوە باوەشی دایک. بۆیە قاسم پاش تێپەڕبونی ۵ ڕۆژ بەسەر سەربەخۆیی کوێتدا لە ۲۵/۶/۱۹۶۱ دا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ڕایگەیاند کەپاش ٦۰ ساڵ تێپەڕبون بەسەر داگیرکردنی کوێت لەلایەن داگیرکەران و جیاکردنەوەی لەعێراق وائێستا جارێکی تر سەربەخۆیی دەستکەوت و هیوادارەکە شێخی کوێتی بەڕێز وەک قائیمقامی دەسەلاتداری قائیمقامیەتی کوێت هاوکاری تەواو لە گەڕانەوەی قائیمقامیەتی کوێت بۆ سەرپارێزگای بەسرەدا بکات .

گەرچی قاسم لەکۆنگرەکەدا هیچ هەڕەشەیەکی دژی کوێت نەکرد و بەهیچ جۆرێک ئاماژەی بۆ بەکارهێنانی هێز و سوپا نەکرد گەر کوێت دژی ئەو داخوازیەو پێشنیارەبوەستێ، وەهەرچەندە قاسم هیچ پلان و نەخشەیەکی سوپایشی بۆ ئەو مەبەستە دانەنابوو وەهیچ جموجۆڵێکی سوپایشی لەسنور یانزیک سنوری کوێت دەستپێنەکردبوو، بەڵام دەربڕینی ئەونیازە لەوکۆنگریەدا سەرنجی هەموو وولاتە عەرەبی و ئەوروپیەکان وئەمەریکای ڕاکێشا.

کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دژی بەزۆر لکاندنی کوێت بە عێراقەوەی لەڕادیۆی قاهیرەدا ڕاگەیاند و ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەزۆر لکاندن جیاوازی زورە لەگەڵ خواستی گەلی دوو وولات بۆ یەکگرتن.

بەریتانیا لە ٧/١ دا هێزی گەیاندەوە ناو کوێت بۆ پارێزگاری کردنی، هێزی سعودی و عەرەبی تێکەڵ ئامانگی نۆ گەیاندرایە ناو کوێت و سوپای بەریتانیا کشایەوە، کوێت دوای سەربەخۆبون داوای ئەندامەتی کرد لەنەتەوە یەکگرتوەکان و لە(جامیعەی عەرەبیدا) وولات دوای وولات ئیعتیرافیان بەسەربەخۆیی کوێت کرد و سەفارەتیان تیاکرایەوە، عێراقیش وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە ئیعتیراف لەکوێت سەفارەتی خۆی لەهەموو ئەو وولاتانەدا کێشایەوە.

دوای ئەوە تەقەلای قاسم بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەی زۆر زیاتر لەداهاتی نەوت لەکۆمپانیا نەوتیەکانی کارکەر لەعێراقدا کەسەرەتای وتووێژەکەی لە ١٩٦٠/٨/١٥ دا دەستی پێکرد و کۆتاییەکەشی لە ١٩٦١/١٠/١١ دابوو وەسەرنەکەوتنی لەو تەقەلایەشدا بگرە بەپێچەوانەوە سەبارەت بەکەم توانایی قاسم لەباری ئابووری و سیاسەتی نەوتدا ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە کە عێراق ساڵانە ١٠٠ ملیۆن دیناری لەداهاتی نەوت لەدەست بچێ و وولاتانی ئەورووپاش بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا بەچاوی شک و گومانەوە سەیری پەیوەندی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ عێراقدا بکەن (٣).

سەبارەت بەڕاوەدونانی حیزبی شیوعیش پەیوەندی نێوان عێراق و یەکیەتی سۆڤیەتیش توشی بارێکی تەم و مژاوی بوون.

باری ئابووری عێراق تادەهات بەرەوپاشەکشە دەچوو، مانەوەی یاسای چارەسەری کشتوکاڵ بەنیوەچڵی، سەرنەکەوتنی قاسم لەسەپاندنی ١٢ مەرجەکەی دایەسەر کۆمپانیاکانی نەوت، و هەنگاو نەنان بۆبنیاتنانی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی. گیروگرفتە سیاسیەکانی ناوخۆ و پەیوەندیە ئاڵۆز و نائاسییەکەی عێراق

بەوولاتانی دراوسێ و عەرەبی و دەرەوە، ڕێگربوون لەگەشەکردنی پیشەسازی و بەکورتی هەموو بەڵێن و بەیان و بڕیار و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز لەمەڕ بەرەو پێشەوەبردنی عێراق لەڕووی ئابووری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی وەک بڵقی سەرئاو وورده ورده بەرەو پووکانەوە دەچوو.

ج - باری سوپای(عەسکەری) عێراق لەسەردەمی قاسم و شۆڕشی کورد دا

عبدالکریم قاسم لەناو سوپادا خاوەنی بنکەیەکی پتەوی ئەوتۆ نەبوو کەبتوانێ لەکاتی پێویستدا پشتی پێ ببەستێ یان بەهۆیەوە بەر لەهەموو پلانێک بگرێ دژی قاسم گاڵتەی بەپێکهێنانی گاردێکی سوپایی باوەڕپێکراوی خۆی دەهات هەروەک گاڵتەشی بەڕابەرێتی حیزبێکی سیاسی دەهات.

قاسم پیاوێکی تەکتیکی بوو پتر لەوەی ستراتیجی بێ، بەپێی باروودۆخی ڕۆژ و بگرە سەعاتیش هەنگاوی دەنا و بڕیاری دەدا، هەربۆیەش لەماوەی نزیکەی ٤ ساڵ ونیوی حوکمی قاسم دا، پتر لە ١٠ جار وەزارەتەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکرد دەمێک وەزیری بەعسی بەدەردەناو دەمێ قەومی و دەمێ شیوعی و دەمێ بێلایەن. جگەلە عبدالسلام عارف کە چەند مانگێک جێگری فەرماندەی هێزی گشتی چەکداربوە، ئیتر سوپای عێراق جێگیریەکی لەحوکمی قاسم دابە خۆیەوە نەدی.

قاسم جگە لەخۆی ڕێگەی بەهیچ دەزگاوکەسێکی تر نەدا هاوبەشی بکات لەگێڕانی حوکم دا، هەرلەبەرئەوەش ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەئەدەستوری هەمیشەیی و ژیانی هەڵبژاردن لەعێراقدا لەدایک بوون.

لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەشدا قاسم پیاوێکی عەسکەری بوو شارەزای تەواوی لەکاروباری سوپایدا هەبوو وەک زۆربەی کەسانی تری عەسکەری پەروەردەی گیانی لەخۆڕازی بون و بڕوابەخۆبوون و لەخۆبایی بوون و تاکڕەوی و عەسکەرتاری بوو، بۆیە گەرچی لەلایەنەکانی تری حوکمیدا هیچ هەنگاوێکی گرنگ و چاوەڕوانلێکراوی ئەنا کەشایەنی پیشاندانی ڕووی گەشی حوکمڕانیەکەی بێت بەڵام سوپای فەرامۆش نەکرد.

سوپای عێراقی پتر و فراوانتر کرد، پێویستی و کەرەسەکانی سوپای پتر و باشتر کرد، باری خزمەتی سەربازی باشتر کرد، ئاستی ژیانی سوپای بەرزترکردەوەو

مووچەی دەرەجەداری سوپای بەرێژەی ٧٠ / بەرزکردەوە، مووچەی سەرباز و (ضباط صف) ەکانی بە رێژەی ١٠/ و ١٥ / پتر کرد.

چەکی سوپای عیراقی لە چەکە کۆنەکانی بەریتانی سەردەمی شایەتیەوە گۆڕی بۆ چەکی نوێ و باشتری سۆڤێتی، سوپای عێراقی لە چوار (فیرقە) وە کردبە (٥) فیرقە و هەنگاوی بەرەو پێکهێنانی فیرقەی شەش دەنا کە فریای پێکهێنانی نەکەوت.

لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی کورد لەساڵی ١٩٦١ دا سوپای عیراق بریتی بوو لە ١٢ لیوا کە دابەش کرابوون بەسەر (٥) فیرقەدا بەشێوەی جیاواز و گەورەترین فیرقەیان فیرقەی (٢،١) بوون کە فیرقەی یەک لەدیوانیەوە برایە ناوچەی موسل و بادینان و فیرقەی دووش هەر لەکەرکوک بوو.

سەرجەمی کۆی سوپای عێراقی لەکوردستانی عێراقدا بریتی بوو لە (٨) لیوای تەواو، واتە بەهەموو عێراق و ناو بەغدادەوە تەنیا چوار لیوای لێ بوو.

حوکمی قاسم لەکاتی دەست پێکردنی شۆڕشی کورد (٦) شەش (سرب) فڕۆکەی جەنگی هەبوو کە زۆربەیان (هێنتەر_میک) بوون و یەک (سرب)یش فڕۆکەی بۆمبا هاوێژی هەبوو لە جۆری (الیوشن) (٤).

تاشۆڕشی ئەیلول بەرپابوو جگە لە (مقاومە الشعبیە) کە زۆر لێدران و بلاوەیان پێکرا، هیچ هێزێکی تری ئانخامت نەبوو، بەلام پاش بەرپابوونی شۆڕش، قاسم دەستی بە پێکهێنانی هێزی ئانخامی کرد کە لەناو کورددا بە (جاش) ناوبران (٥) و ژمارەیان لەماوەی چەند مانگێکدا گەیشتە پتر لە ٦-٧ هەزار چەکدار و زۆربەی زۆریشیان کوردبوون.

## ١-٢ هەل و مەرجی ئەوسای کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ و هاتنەسەر حوکمی قاسم، وەپاش ئاشکرابوون و ڕوون بوونی حوکمی قاسم لەحوکمڕانی کردنی عێراق دا بەکورد و عەرەب و کەمایەتیەکانەوە، بەتایبەتی دوای بلاوکردنەوەی دەستوری کتی عێراق و دیاری کردنی شوێنی کورد لەچوارچێوەی عێراق دا، بەمادەی ٣ی دەستوری کاتیەکە کە دەڵێ عەرەب و کورد هاوبەشن لە خاکی عێراقدا.

باروودۆخی ئەوسای کوردستان و گەلی کورد بە گشتی، لەهەوڵ و تەقەلای بەدیهێنانی لانی کەمی ئازادی سیاسی و رۆشنبیری و کلتووریدا بوو.

بەلام پاش رووە وەرگێڕانی عبدالکریم لەنەتەوەییە عەرەبییەکان و مەسەلەی یەکیەتی عەرەبی و وەرچەرخانی بەلای یەکیتی سۆڤیەتدا و پشت گیری کردنی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و قەبەبوونی دەسەلاتی پارتی کۆمۆنیست لەحوکمی عبدالکریم دا هەر لەئەنجومەنی سیادە، هەوەتادام و دەزگاکانی دەولەتی، و بەتایبەتی لەناو سوپای عێراقیدا، رەنگدانەوەیەکی خراپی کردە سەرکوردستانیش لەباری جەماوەری پارتی یەکگرتووی کوردستانی عێراقەوە.

یاسای ئەنجومەنی عێراقی (قانون الجمعيات العراقيه) کە لەسایەیدا چەندین ئەنجومەن و دەزگای پیشەیی تیاهاتەکایەوە وەکو پارت و رێکخراوە سیاسیەکان، یەکیەتی کرێکاران، کۆمەلەی جوتیاران، قوتابیان، ژنان و ... هتد لو پاشان دەسەلاتداری پارتی کۆمۆنیست لەحوکمڕانیەتی عبدالکریم دا و بنیات نانی سوپای گەلی کەپارتی کۆمۆنیستی عێراقی چ لەخوارووی عێراق و چ لەناوەڕاست دا زۆربەبوون و لەکوردستانیشدا تاکەسوارەی ئەو مەیدانە بوون، لەگەل کۆمەلێک پروپاگەندەی لەهۆش بەدەر ولە بە دیهێنان بەدەری پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، پایەی جەماوەری پارتی دیموکراتی یەکگرتوو نەک هەر بەرەوکزبون و کەمایەتی رۆیشت، بەلکە لەزۆر ناوچەی کوردستاندا بەرەو نەمان و لەناوچون چوو بەتایبەتی کە ئامانجی ستراتیژی پارتی تاکۆنگرەی (٥) بۆ گەلی کورد روون و ئاشکرانەبوو. ئەم باروودۆخەی کوردستان بەو شێوەیە رۆیشت تاتێکچونی نێوان پارتی کۆمۆنیست و عبدالکریم قاسم کەلەبەشی پێشوودا باسمان کردوە، و پاشان رێگەدان بەپارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان لەلایەن دەسەلاتی عبدالکریم قاسمەوە کەوەک پارتێکی باوەرپێکراو کاربکات.

تێکچونی نێوان عبدالکریم و پارتی کۆمۆنیست لەلایەک، وەرێگەدان بەپارتی لەروی یاساییەوە بەکارکردن وەدەرچونی بەیرەووپرۆگرامی پارتی دوای کۆنگرەی پێنجەم و روون و ئاشکرابونی ستراتیژی پارتی لای جەماوەری کوردستان، ئەمانە بەگشتی بونە هۆی کزی و لاوازی جەماوەری پارتی کۆمۆنیست و بەهێزبونی جەماوەری پارتی لەکوردستن دا.

(پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراق) بۆ بەیاسایی کردنی کاری سیاسی خۆی، بەرنامەیەکی (٢٣) برگەیی پێشکەش بە حوکمڕانی عبدالکریم قاسم کرد، هەر بەناوی پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراقەوە، کەلە پێشەکیەکەیدا ئامانجەکانی پارتی بە یەکسانی کردنی کورد و عەرەبی لە هەموو مافێکدا لە بوارەکانی بەڕێوەبەرایەتی وئابووری و ڕۆشنبیریدا دەستنیشان کرد.

برگەی سێیەمی بەرنامەکە بریتی بولە سود لە (تیۆری زانستی مارکسیزم لینینیزم) وەردەگرین لەمەیدانی خەباتی سیاسی و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتیدا.

برگەی (٢٣) پەیمانی داوە بە پشتگیری کردنی خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە پێناو ڕزگاربونیان لە کۆتی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و لە پێناو بەدەست هێنانی مافی چارەنوس دا.

لەبڕگەی شەشەمدا گەرچی سەرەتای بەدژایەتی کردنی شۆفێنیزم و جیاوازی خوازی کۆسمۆپۆلیتیزم ڕازاوەتەوە بەلام لەناواخندا وەک تێهەڵکێشێک باسی ئەوەی کردوە کە خەبات دەکا بۆ بەدەست هێنانی لانی فراوانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمی و لەناوسنوری عێراقی یەکگرتودا و چەسپاندنی ئەو داخوازیەش لە دەستوری هەمیشەیدا (٦).

ئەم بەرنامەیەش بەناوی ئیمرای مەلامستەفا وەک سەرۆکی پارتی و ئیبراهیم ئەحمەد وەک سکرتێری پارتی و ٥٠ ناوی ترەوە وەک دەستەی دامەزرێنەرو لایەنگرانی پارتی پێشکەش کرا. (٧)

مەبەست لەباسکردنی ئەم پرۆژەیەی پارتی بۆ ڕێگەدانی بەکاری سیاسی وەک پارتێکی کوردی، دیاری کردنی ئەم خالانەی خوارەوەیە:

١- پارتی لەبەرنامەو پرۆژەکەیدا وەک نوێنەری گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا خواستاری بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی(لامەرکەزی) نەبوە، بەڵکە بەپلەی یەکەم داوای یەکسانی کردنی کوردی لەگەڵ عەرەب دا دەکرد لە مافی خوێندن و کلتوری و ڕۆشنبیری و کاری بەڕێوەبەرایەتیدا لە چوارچێوەی سنوری عێراقدا(٨).

٢- سەرەتای کێشەی نێوان سەرانی پارتی لەناوخۆیاندا، وەکێشەی نێوان ڕژێمی عبدالکریم قاسمیش هەر لێرەوە سەرچاوەی هەڵگرت تاەنجام بەشۆڕشی ١ ئەیلولی ١٩٦١ و دوبەرەکی ١٩٦٤ گەیشت.

## ١-٣ کێشەی نێوان پارتی و عبدالکریم

تاهیریە حیا کە ئەوکاتە بەرپرسیاری ئەنجومەنەکان بوو، ئەم خاڵانەی ناوپرۆژەی پارتی ڕەت کردەوە و داوای گۆڕینی ناوی پارتی و هەندێ لەبڕگەکانیشی کرد :-

١- پێویستە ناوەی پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراق بگۆڕدرێ بۆ (پارتی دیموکراتی کوردی).

٢- دەبێ دێڕی (سود وەرگرتن لەتیۆرەکانی مارکسیزم _ لینینزم) لاببرێ.

٣- لەبڕگەی شەشدا ڕستەی، بەدیهێنانی (ئۆتۆنۆمی) لابرێت.

٤- ڕستەی '' پشتگیری خەباتی گەلی کورد لەپارچەکانی کوردستان دا بۆ ڕزگاربون...هتد '' لاببرێ.

٥- ڕستەی'' پشتگیری مافی کەمایەتیە نەتەوەییەکانی تر دەکەین لەکوردستاندا'' لاببرێ.

٦- وە ووشەی گەلی کورد لەو شوێنانەی لەبەرنامەکەدا هاتوە بکرێ بە کورد.

٧- وە ووشەی کوردستان لەو شوێنانەی لەبەرنامەکەدا هاتوە لاببرێ و بە جۆرێکی تر ناوببرێ.

ئەم ئاڵ و گۆڕانەی ڕژێمی قاسم لەبەرنامەی پارتیدا هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێ جگەلە گەندەڵ کردنی ناوەرۆکی بەرنامەی پارتی و بەکارهێنانی پارتیش وەک دەزگایەکی تایبەتی ڕژێم بۆ سودی ڕژێم و عبدالکریم قاسم، بۆیە لێرەوە سەرەتای سەر هەڵدانی ناکۆکی نێوان عبدالکریم قاسم و پارتی دەست پێدەکا.

پارتی بەو ئاڵ وگۆڕانەی ڕژێم بەبڕیاری سەرۆکی پارتی (مەلامستەفا) قایل بوو، وەبڕیاری یاسایی کارکردنی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردیللە یەوە وەرگرت.

وەهەر لێرەشەوە سەرەتای ناکۆکی نێوان سەرۆکی پارتی و سەرکردایەتی دەستی پێکرد کەسەرکردایەتی پارتی زیاتر بەو بڕیارە ناکۆکەیەی سەرۆک قایل نەبوون، بۆیە لەکۆنگرەی (٥)ی پارتی لە ٥-١٠ ی ئایاری ١٩٦٠ دابەستراً دیسانەوە ووشەی کوردستان هێنرایەوە ناو بەرنامە و پارتیش کرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە دیسانەوە ووشەی ''کوردستانی عێراق'' لەگۆڕینیدا تەما بۆ ڕەزامەندی عبدالکریم قاسم

وە لە باتی ووشەی (ئۆتۆنۆمی)، رستەی خواستە شەرعیەکانی نەتەوەی کورد بەکارهێنرا.

بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەربڕینی نارەزایی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئال و گۆڕەکانی ناوەڕۆکی بەرنامەی پارتی کە بەبڕیار و رەزامەندی تاکی سەرۆکی پارتی (مەلامستەفا) کرا، رۆژنامەی خەبات کەزمان حالی پارتی بوو وتارێکی لەژێر سەر دێری ((نەتەوەی کورد و بەندی دووی دەستوری عێراقی کاتی))، (( الامة الكردية والمادة الثانية من الدستور العراقي الموقت)) بەپێنوسی سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد لە ۱۹ / ۱ تشرینی یەکەمی / ۱۹۶۰ دا بلاوکردەوە (۹)

مەبەست و ناوەڕۆکی وتارەکە خۆی لەتاو توێ کردنی هەردوو مادەی ۲ و ۳ دەستورەکەدا دەنواند، و ئەوناهاوکێشەییەی کەلەدەربڕینی ناوەڕۆکی ئەو دوو مادەیەدا هەبوە،

مادەی دووەم دەڵێ: کیانی عێراق ... تا دەگاتە - عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا،

مەبەستی ئیبراهیم ئەحمەد لەم وتارەدا !

(۱) عێراق بەهیچ جۆرێک بەم شێوە سنوریەی ئێستای بەشێکی نەتەوەی عەرەبی نیە.

(۲) لەڕوی مێژووی و جوگرافیشەوە ووشەی عێراق ناوی وولاتێک بووە کە سنورەکەی زۆر لەسنوری ئێستای بچوکتربوە کەلەپاتی (میسۆپۆتامیا - وولاتی نێوان دوو ڕوبارەکە) بەکار هاتووە.

(۳) لەڕوی سیاسیشەوە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و داگیرکردنی عێراقی میسۆپۆتامیاو کوردستانی خوارو (ویلایەتی موسلی عوسمانی) و پێکەوەلکاندنی هەردوکیان، ناوی عێراق بۆ ئەم سنورەی ئێستای بەکار هاتووە.

(٤) واتە عراق لەپێکەوە لکاندنی کوردستانی خواروو و عێراقی عەرەبی- میسۆپۆتامیا دروست بووە.

(٥) راستتر وایە بوترێ کە ((کۆماری عێراق لەکوردستانی عێراق و میسوپوتامیا) پێکهاتوە بۆیە بەشە عەرەبیەکەی بەشێکی نەتەوەی عەرەبیە و بەشە کوردیەکەشی بەشێکی نەتەوەی کوردیە.

ئەم وتارە جگە لەوەی هەڵلایەکی گەورەی لەناو بەشێکی بەرچاو زۆری جەماوەری عێراق دا نایەوە کەلەوەوبەر دەرکیان بە ناکۆکی نێوان ئەو دوو مادەیە نەکردبوو. بوو بەهۆی شێل گیربونی عبدالکریم قاسم یش کە رەخنە لە مانیفێستەکەی گیراوە، ئەو مانیفێستەی کە قاسم بەمووعجیزەی سەردەمی دەزانی کە دەستورەکانیەکەی بوو.

بۆیە بەبیانو وەبە تۆمەتی چاندنی تۆوی دووبەرەکی، لەسەر داوای قاسم، ئیبراهیم ئەحمەد درا بە دادگای عورفی و پاشان بەکەفالەت بەرەڵلا کرا.

رژێمی قاسم دوابەدوای ئەو رووداوە، کەوتە فشار خستنەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و تەقەلادان بۆ گەندەڵ کردنی و پاشان سەرپێ دانەواندنی.

گەرچی سەرۆکی پارتی مەلامستەفا زۆرجار لەپێناوی پاراستنی پەیوەندی نێوان خۆی و عبدالکریم و لەپێناوی بەدی هێنانی لانی کەمی یەکسانی عەرەب وکورد لەعێراقدا سەری بۆ داخوازیەکانی بەجێ بەجێ ئەهاتوەکانی عبدالکریم دادەنەواند، بۆ نمونە:

١- بڕیاردان لەسەر ئاڵ وگۆرەکانی بەرنامەی پارتی.

٢- بڕیاردان بەدەرکردنی سەرانی و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی ئێران لەکوردستانی عێراقدا لەسەر خواستی عبدالکریم قاسم لەمارتی ١٩٦٠ دا.

- بەلام فشارو راوەدونانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەبێ بیانو گرتن و پاشان گرتن و راونانی ئەندامانی پارتی لەلایەن رژێمی عبدالکریم قاسمەوە نەوەستاو تادەهات پتر دەبو.

لەمانگی ١٩٦٠/١١ دا بەرەزامەندی رژێم مەلامستەفا بەبۆنەی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چوو بۆ روسیا، پاش گەرانەوەی پەیوەندی نێوان مەلامستەفا و قاسم بەماوەیەکی زۆر کورت برا، گەرچی دەوڵەتی سۆڤیەتی قاسم یان دڵنیا کردبوو لەوەی کە چونی مەلامستەفا بۆ هیچ مەبەستێکی پەیوەندار بەمەسەلەی کورد و عێراقەوە نەبو، بۆیە مەلامستەفا ناچار بەغدادی جێهێشت و گەڕایەوە بەرزان.

- رژێمی عبدالکریم قاسم پاش قەبەبونی قەبارەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو جەماوەری کوردستان ولاوازبونی پێگەی پارتی کۆمۆنیست، مەترسی ئەوەی کرد کە دەسەلاتی رژێم لەکوردستاندا لاواز بێ، هەروەک چۆن لەپاش شۆڕشی تەمموزی ٩٥٨ هەستی بەمەترسی پارتی کۆمۆنیست کرد لەهەمو دام و دەزگا دەوڵەتی و سوپاییەکاندا وکەوتە لێدانی پارتی کۆمۆنیست، ولە تاقی کردنەوەکەشیدا

سەرکەوتوانە لەمەیدانی ململانێی کەدا دەرچوو، ئەویش سەبارەت بەمل کەچی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بۆ بۆ هەموو بڕیارەکانی عبدالکریم قاسم و ئەبوونی گیانی بەرەنگاری لەناو پارتی کۆمۆنیستدا و دەربڕینی (ولاء)ی بێ چەندوچوون بۆ قاسم .تاگەیشتە ئەو رادەیەی ناوەڕۆکی پارتی کۆمۆنیست وا بوچەڵ بوو وەک داردەستێکی رژێمی عبدالکریم قاسمی لێهات.

رژێمی قاسم نەک هەر پەیمانەکەی شۆڕشی تەمموزی سەبارەت بەکێشەی کورد لەبەر رۆشنایی بەندی ۳ی دەستووری کاتیدا جێبەجێ نەکرد بەڵکە تەواو پێچەوانە، چەندین جار شۆفێنیانەتر و کۆنەپەرستانەتر لەرژێمی شایەتی،کەوتە چەوساندنەوەو فشارخستنە سەر جەماوەری کوردستان.

ا - هەنگاوی یەکەمی دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کوردبوو لەکۆمپانیای نەوتی کەکوک و موسل و دلم و دەزگا بەڕێوبەرایەتیەکانی عێراق .

ب- بەڕێوبەرایەتی گشتی دراساتی کوردی لەناوەڕۆکەکەی پوچەلکراو تەنیا قەبارەیەکی بێ گیان مایەوە.

ج- گەرچی تەوژمی ئاوەدانکردنەوە و گەشە پێدانی گیانی ئابووری هەموو عێراق لەسەردەمی عبدالکریم دا لەماوەی ئەو دوسێ ساڵەدا هەنگاوێکی شیاوی باسکردنی نەنا، بەلام لەکوردستاندا بەهیچ جۆرێک تەکانی تیانەدراو بگرە بەتەواوی فەرامۆش کرا.

د- لەیادی دوو ساڵەی شۆڕشی تەمموز لەساڵی ۱۹٦۰ بەبڕیاری رژێم، سەرجەمی دروشمە رێگا پێدراوەکان، برایەتی کورد و عەرەب و چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بردنی ناوی کوردی تیا فەرامۆش کرابوو.

هـ- کێشەی جوتیارانی کورد و هاوکاری و هاریکاریان لەمەسەلەی کشتوکاڵیدا خرایە پشت گوێ و ۱۰۱۱ی ئەو یارمەتیانەیان نەدرا کەلەبەشی عەرەبیدا دەدرا.

و- لەمانگی ۱۹٦۰/۱۰ دا رژێم هەفتەنامەی (دەنگی کورد)ی داخست.

ز- لەمانگی ۱۹٦۱/۲ دا رژێمی قاسم کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستانی لەشەقلاوە قەدەغەکرد.

ح- لە ۹٦۱/۲/۱۲ دا بۆ دووپات کردنەوەی یەکیەتی نیشتمانی عێراقی و گەلی عێراقی، قاسم وتارێکی دا، بەمەبەستی شێواندنی مێژوو و رەگەزی رەسەنی کورد، ووشەی (کورد)ی گێڕایەوە بۆ ئەو نازناوەی کەگوایە فارسەکان لەسەردەمی داگیرکردنی ولاتان لەلایەن ئیسلامەوە، بۆ شەرکەرە ئازاکانیان بەکارهێناوە.

ل- له ۹٦۱۱۳۱۲ دا رۆژنامەی (الثورة) ئەوەی دەربڕیبو کەگەلی عێراق یەک گەله نەک لەچەند گەلێ پێکهاتبێ، واته بەعەرەب کردنی کورد و کەمایەتیەکانی تریش، پاش ئەوەی داواکرا کەرۆژنامەی (الثورة) لەسەر ئەو نوسینەی سزابدرێ و داواکەش پشت گوێ خرا، خەبات رۆژنامەی پارتی له ٦ و ۳۱۷ دا بەدرێژی دژی ئەو بۆچونەی ثورە وەستا و بەرپەرچی دایەوە،

ک- رۆژی ۹٦۱۱۳۱۳ بڕیاری گرتنی سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد دەرچو بەتۆمەتی پیاو کوژ، کەگوایە دەستی هەبو لەکوشتنی (صدیق میران)ی سەرۆک عەشرەتی خۆشناو و پیاوی ڕژێم. سەبارەت بەوەی ئەو تۆمەتە دوور لەڕاستی و ناڕەوا بو، رۆژنامەی خەبات بەوتارێک بەرپەرچی ئەو پڕوپاگەندانەی دایەوە.

ل- له ٦۱۱۳۱۲۳ دا رۆژنامەی خەبات لەئارادا نەما و پارتی بێ رۆژنامەی رەسمی مایەوە.

م- له ٦۱۱۳۱۲۱ دا جەلال تالەبانی وتارێکی بەبۆنەی یادی نەورۆزەوە لەرۆژنامەی کوردستان کە خۆی سەرنوسەری بوو بلاوکردەوە، گەرچی وتارەکەی هێندە توانج ئامێز نەبوو بۆ ڕژێم بەلام ڕژێمی قاسم ئەوەشی بەهەل زانی و له ٦۱۱٤۱۱ ئەو رۆژنامەکوردیەشی قەدەغە کرد،

بەو جۆرە فشارو بروبیانوەکانی ڕژێم دژ بەگەلی کورد و پارتی تادەهات پتر و سەخت تر دەبون تاکار گەیشتە ئەوەی کە ڕژێم لەمانگی ٦۱۱٦ دا جگە لەشاری بەغداد و سلێمانی بڕیاری داخستنی هەمو بارەگاکانی پارتی دەرکرد، و داخران و بەشێکی ئەندام و لێپرسراوەکانی پارتی گیران و بەندکران وپاش ماوەیەک سەرفراز کران و دیسان گیرانەوە، ئەویش سەبارەت بەمل نەدانی پارتی بۆ خواستەکانی قاسم وەسوربون و پێ چەقاندنی لەسەر مافە رەواکانی ئەوکاتی گەلی کورد بەلگەش ئەویادنامەیەبوو کە پارتی لەمانگی حوزەیران۱ ۱۹٦۱ دا دای بەقاسم لەسەر جێ بەجێ کردنی مادەی ۳ی دەستوری کاتی و بەدی هێنانی لانی کەمی داخوازیەکانی گەلی کورد و وەپەنابردنە بەر عەقل و لۆجیک بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەک بەر زەبر و زەنگ،

## ٤-١ ڕاپەڕینی چەکداری خێڵەکی

چۆن دانەنەواندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بڕیار و خواستەکانی عبدالکریم قاسم دژی پارتی و گەلی کورد، بەپێچەوانەی هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی لەبەرامبەر ڕەفتارە دژ ئامێزەکانی قاسم ،کەبەڕاستی چۆکی بەحیزی کۆمۆنیست داداو لەهەمو دەسەلاتێکی بەڕێوبەرایەتی و سوپایی تەنانەت چالاکی ڕێکخراوەیشی ڕوت کردتەوە، سەرەڕای ئەوەش بچوکترین بەرەنگاریان تیشان نەدا، بەڵگە بەپێچەوانەوە هەر بەردەوام بون لەسەر دەربڕینی پشتیوانی ولایەنگری قاسم ،ئەمە وای لەقاسم کرد کە خۆی بە(زعیم الاوحد) و سەرکردەی جەماوەر و دروست کەری شۆڕشی ١٤ی تەمموز و ڕوخێنەری قەلای ئیمپریالیزم لەعێراقدا و بگرە لە وولاتە عەرەبیەکانی تریش دەزانی، کاردانەوەیەکی توند و زەبر وەشێنی بەرامبەر مل نەدان و خەباتی بێوچانی پارتی هەبێ.

سەرەتای سالی ١٩٦١ سەر هەڵدانی مل ملانێی توند و تیژی نێوانی گەلی کورد بەڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان و نێوان عبدالکریم قاسم بو ،هەردو لایان لەپاتویست بەگرتنەبەری ڕێگای خۆڕاگرتن و مل نەدان گرەوی سەرکەوتن لەمل ملانێکەدا بەرنەوە بەلام بەدوو شێوازی جیاواز لەیەک و دوور لەگرتنەبەری ڕاستەوخۆی ڕێبازی چەکداری تانزیک کۆتایی سالی ١٩٦١ .

عبدالکریم قاسم مل کەچ کردنی گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانی لەتێکشکانی مەلامستەفا و مل پێ کەچ کردنی مەلامستەفادا دەبینی، بۆیە هێندەی گرنگی بەناوچەی موسل، واتە بادینانی سەرو دەدا و نەخشەی بۆ تێکشکانی مەلامستەفا لەوێ دادەنا، ئەوەندە خۆی بەناوچەی سۆرانەوە سەرقال نەکرد، کەدیارە لەو بۆچونەدا بەهەڵەدا چوبوو ،وبەلگەکانی کۆتای سالی ١٩٦١ پش ئەو ڕاستیەی سەلماند.

هاوکات لەگەل بەرەبرەکانی کردنی پارتی لەڕوی سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەییەوە تەقەلای ئەقاندنەوەی ناکۆکی دێرینەی خێلەکیشی دەدا. لەبادیناندا

لەنێوان مانگی ٩٦٠١١٠ وە مانگی ٩٦١١٢ لەکاتی چونی مەلامستەفا بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی، خێلەکانی زیباری و هەرکیەکان و برادۆستیەکان پەلاماری ناوچەی ژێر دەسەلاتی خێلی بارزانیان دا بێ ئەوەی ڕژێمی عبدالکریم قاسم دەنگی لێوەبێ

یاوەک ئەوەی ئەو کێشەیە پەیوەندی بەسنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆماری عێراقەوە نەبێت.

بەڵام گەڕانەوەی مەلامستەفا لەمۆسکۆ و ڕۆیشتنی لەبەغداد و گەڕانەوەی بۆ ناوچەی بادینان، هێزی چەکداری لایەنگرانی سازدایەوە و پەلاماری خێڵەکانی هەرکی و زیباری و برادۆستیەکانیان دا، ناوچە داگیرکراوەکانیان لەدەست دەرهێنان، بەوەشەوە نەوەستان بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئەو سێ خێڵەشیان داگیرکرد و ناچاری کۆچ کردنیان کردن ڕووەو سنووری تورکیا و ئێران. ڕژێمی عبدالکریم ئەم دەست درێژیەی مەلامستەفا و بارزانیەکانی بەسەرپێچی یاسا و شێواندنی ئارامی و هێمنی عێراق لەقەڵەم داو هەڕەشەی لە بارزانیان کرد گەر لەماوەیەکی زۆر کورتدا دیهات و ماڵ و موڵکی ئەو خێڵانەی کە داگیریان کردوون نەدەنەوە بەخاوەنیان و ئەو خێڵانە نەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەوا دەوڵەتی کۆماری ناچاردەبێ بەزەبر و زەنگ ئارامی و هێمنی بگەڕێنێتەوە ناوچەکە. دیارە مەلامستەفا دەستی لەناوچە داگیرکراوەکان هەڵگرت وە نەشیویست نێوانی خۆی لەگەڵ عبدالکریم قاسم دا تێک بدات، بەسود وەرگرتن لەکات، ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە تامانگی ١٩٦١/٦ ی خایاند.

لێرەدا دەردەکەوێ کەپەلاماردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزان لەلایەن خێڵەکانی ترەوە بەنەخشەو پلانی عبدالکریم قاسم بوو، بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی مەلامستەفا لەبادینان و سەرەتای دانانی بناغەو پێگەی عبدالکریم قاسم لەوناوچەیە

لەوبارودۆخەی بادینان بەتایبەتی و ڕق وکینەی قاسم بەرامبەر پارتی و چارەنوسی نادیاری کوردستانی خواروو بەگشتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەم بۆکەمێک ئارام کردنەوەی بارودۆخەکەو هەم بۆ وەبیرهێنانەوەی قاسم سەبارەت بەداخوازی گەلی کورد، بەرمیەربەداخستنی بارەگاکانی و ڕۆژنامەکانی و گرتنی بەشێکی لێپرسراوو ئەندامانی و پەلاماری بارزان، شێوەی دیبلۆماسیانەی لەگەڵ قاسم دا گرتەبەر، بەپێش کەش کردنی یادنامەیەک لەمانگی ١٩٦١/٦ دا.

ناوەڕۆکی یادنامەکە پتر خۆی لەخواستە کلتووری و ڕۆشنبیری و بەڕێوبەرایەتیەکاندا دەدیتەوە بۆ نمونە: بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی لەقوتابخانە و بەڕێوبەرایەتیەکانی دەوڵەتدا لەناوچەکوردیەکان و بەڕێوەبردنی دەزگابەڕێوبەرایەتیەکان لەلایەن خەڵکی کوردەوە لەناوچەکوردیەکاندا.

ڕژێمی قاسم وەلامی ئەم هەڵوێستە دیبلۆماسیەی پارتی بە بەهێزکردنی تاوەندە سوپاییەکانی لەکوردستاندا دایەوە.

لە مانگی ١٩٦١/٨ دا بارەگای فیرقەی یەکی سوپای عێراقی لە حەبانیەوە گوێزرایەوە بۆ ناوچەی موسڵ واتە ناوچەی بادینان وە بارەگاکانی فیرقەی دوو و سێی بەهێزتر کرد کەلەناوچەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانیدابوون.

ئەو کاتە هەموو سوپای عێراق ١٢ لیوابوو دابەش کرابوون بەسەر پێنج فیرقەدا، فیرقەی یەک و فیرقەی دوو بریتی بوون لە ٨ لیوا سەرباز.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو لەشکر کێشییەی قاسم بۆ کوردستان، بەشێوەیەکی ئاشتیانەو هێمنانە و دیموکراتیانە ئی دەربڕی، هەڵوێستی پارتی ئەوەبوو کە لە ١٩٦١/٩/٦ دا بەبۆنەی یادی رۆژی رەشی ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠ بڕیاری مانگرتنێکی سەرتاسەری دا بۆماوەی سێ رۆژ لەسەرتاسەری کوردستانی خواروودا.

مەبەستی پارتی لەگرتنی ئەو هەڵوێستە :

١- قەبارەی خۆی ولایەنگران و جەماوەری خۆی بزانێ و تاچ رادەیەک جەماوەری کوردستان بەدەم داواکانی پارتیەوە دەچن.

٢- تابەشێوەی ئاشتییانە لەقاسم بگەیەنێ کە پارتی خاوەن جەماوەرە و نوێنەری داخوازیەکانی جەماوەریشە ،هەر لەوکاتەشدا دیسان یادنامەیەکی تری دا بەقاسم لەسەر داخوازیەکانی گەلی کورد.

مانگرتنەکە لەڕۆژی ١٩٦١/٩/٦،٧ دا بەرێژەی "٩٠" لەهەموو شارو شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر و هەندێ لەشارەکانی پارێزگای کەرکوک و لەشاری زاخۆ و دهۆکی سەربەپارێزگای موسڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەلام لەڕۆژی ١٩٦١/٩/٨ دا لەژێر فشار و هەڕەشەو زۆری پیاوانی ڕژێمی قاسم لەهەندێ شارەکان خەلکی ناچاری شکاندنی مانگرتن کران.

هاوکات لەگەڵ بڕیاری مانگرتنی پارتی، چەند خێل و سەرۆک خێلی کوردی لەناوچە جیاجیاکانی سەربە پارێزگای سلێمانی بێ پرس و بڕیاری پارتی دەستیان بەخۆپیشاندانی چەکداری کرد.

پاش سەرکەوتنی بارزانیەکان بەسەر زێباری وهەرکیەکاندا، سەرەتا لەناوچەی خێلی (ئاکۆ)ی سەربەشاری رانیە بەسەرۆکایەتی (عەباس مەمەند ئاغا)سەرەک خێلی ئاکۆ کەناوچەکەیان دەکەوێتە بەشی خواروی رۆژهەلاتی خێلەکانی دژ

به‌ خێڵی بارزان، له‌ ٦/١١/١٩١٨ دا به‌ نزیکه‌ی ٢ هه‌زار چه‌کداره‌وه‌ به‌ به‌شداری خێڵی مه‌نگوڕی سه‌ره‌ک خێڵه‌که‌یان (علی حسن ئاغا)ی مه‌نگوڕ، له‌ ژێر سه‌رکردایه‌تی عه‌باس ئاغادا به‌ره‌و ناوچه‌ی خه‌له‌کان و ده‌ربه‌ندی بازیان ڕۆشتن و له‌ ٩/١٩ دا به‌ هاوبه‌شی خێڵی (اسماعیل عوزێری)و سه‌ره‌ک خێڵه‌که‌یان (حاج برایم چه‌رمه‌گا) و به‌شێکی خێڵی جاف و چاقه‌ ڕه‌شکه‌ گه‌رووی ده‌ربه‌ندیخانیشیان گرت.

هه‌ستانی ئه‌و خێڵانه‌ به‌ خۆپیشاندانی چه‌کداری، هه‌ڵچوونی جه‌ماوه‌ری کوردیش پاش مانگرتن، و هاوکاری به‌ په‌له‌ی خێڵه‌کانی خۆشناو و پشده‌ر و به‌شێک له‌ چاقه‌کانی ناوچه‌ی شاره‌زوور و هه‌له‌بجه‌ و خێڵه‌کانی ناوچه‌ی پێنجوێن له‌ خۆ پیشاندانی چه‌کداری خێڵی ئاکۆ له‌ ٦/١١/١٩١٠ دا، جڵه‌وی ڕابه‌رایه‌تی له‌ ده‌ستی پارتی دیموکراتی کوردستان ده‌رهێنا، و پارتی ناچار به‌وه‌ بوو بۆ گرتنی جڵه‌وی خۆپیشاندانه‌که‌ به‌شداری له‌ خۆپیشاندانه‌که‌دا به‌ چه‌ند ئه‌ندامێکی خۆی بکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان به‌ خۆپیشاندانی چه‌کداری خێڵه‌ کورده‌کان دوچاری بارێکی ئاڵۆزی سیاسی بوو له‌لایه‌که‌وه‌ دوو بیروڕای جیاواز که‌وتنه‌ ناو سه‌رکردایه‌تی پارتیه‌وه‌ که:-

أ- به‌شێکیان به‌ سکرتێری پارتیه‌وه‌ (ئیبراهیم ئه‌حمه‌د) ڕایان وابوو خه‌باتی چه‌کداری ئه‌بێ، سه‌باره‌ت به‌ به‌هێزی ڕژێمی قاسم له‌ ڕووی سوپایی و چه‌ک و تفاقی شه‌ڕه‌وه‌ و لاوازی و که‌م چه‌کی و نه‌بوونی تفاقی شه‌ڕ له‌ پارتیه‌وه‌، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ش سه‌رۆکی پارتی مه‌لامسته‌فا له‌ بارزان بڕیاری شه‌ڕکردنی نه‌دابوو و له‌گه‌ڵ لایه‌نگرانی شه‌ڕدا نه‌بوو.

ب- به‌شێکی تری سه‌رکردایه‌تی به‌ سه‌رۆکی ئه‌ندامی م.س (جه‌لال تاڵه‌بانی) ڕایان وابوو که‌ ده‌بێ هه‌ڵسانی چه‌کداری خێڵه‌کی بقۆزرێته‌وه‌ له‌لایه‌ن پارتیه‌وه‌ و سه‌رکردایه‌تی و ڕابه‌رایه‌تی بکات و ده‌ست پێش که‌ریش بکات له‌ لێدانی دام و ده‌زگاسه‌ربازی و چه‌کداریه‌کانی ڕژێم، به‌و بیانووه‌ که‌ عبدالکریم قاسم هه‌م له‌ ڕووی باری ئابووری لاوازی عێراق، و هه‌م له‌ به‌ر متمانه‌ نه‌کردنی به‌ سوپای عێراق و شه‌ڕنه‌کردنی سوپای عێراقیش دژی کورده‌کان، سه‌باره‌ت به‌وه‌ی که‌ قاسم له‌ ساڵی پێشودا که‌وتبوه‌ لێدانی کۆمۆنیسته‌کان و دیموکراته‌کان و نه‌ته‌وه‌ییه‌ عه‌ره‌به‌کان.

پارتی بڕیاری دا که‌ له‌سه‌ر دوو قاچ و به‌ دوو شێوازی جیاجیا وه‌ک ته‌کتیک له‌گه‌ڵ بارودۆخه‌ ئاڵۆزه‌که‌دا بڕوات:-

١- لەلایەکەوە هاوبەشی چەکداری خێڵەکی بکات بە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی خۆی وە نوێنەریش بنێرێ بۆ لای مەلامستەفا بۆ ئاگادار کردنی لەو بڕیارەو هەوڵ دان لەگەڵیابۆ دانی بڕیاری شەڕ و بەشداری کردنی لەشەڕدا کەدیسان (جەلال تاڵەبانی بوو بە نوێنەر و چوە لای بارزانی.

وە ئەو بڕیارەی پارتی لە ١٩٦١/٩/١١ دا بوو، بەلام مەلامستەفا ئەگوێی بەبڕیاری سەرکردایەتی دا و ئەبڕواشی بەشەڕ لەگەڵ عبدالکریم قاسم دا نەبوو، ئاشەقی زەمانە لە ١٩٦١/٩/١٦ دا ناچاری بڕیاری شەڕپێدانی پێدا،

٢- لەلایەکی ترەوە بەردەوام بوون لەسەر نەقەلای ئاشتیانە بەرابەری ئیبراهیم ئەحمەد وە وتوێژ لەگەڵ دام و دەزگای قاسم دا بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەکە، ئەم شێوازەش تەنیا تاسەرەتای مانگی ٩٦١/١٢ی خایاند وئیتر لەسەرەتای مانگی ٦١/١٢ دا ئیبراهیم ئەحمەدیش بەغدادی بەجێهێشت و گەیشتە بنکەی مەکتەبی سیاسی پارتی لەگوندی (مالومە)ی دۆڵی جافەتی،

چەکداری خێڵەکی بەسەرکردەی سەرەک خێڵەکانیان، لە خێڵەکانی ئاکۆ، مەنگوڕ، سمایل عوزێری، هەمەوەند، و جاف، بەرابەری عەباس مەمەندئاغای ئاکۆ، علی حسن ئاغای مەنگوڕ، حاجی ئیبراهیم چەمەگای سمایل عوزێری، مەحمود بەگی هەمەوەندی، کوێخا ئیسماعیل تەلانی جاف، وە بەسەرپەرشتی دوو ئەندام سەرکردایەتی پارتی لەلایەن گرانی شۆڕش (عومەر مستەفا-دەبابە، جەلال تاڵەبانی)، لە ٦١/٩/١١ دا ڕێگاکانی هاتوچۆی نێوان ڕانیە-کۆیە، ڕانیە-دوکان، دوکان-سلێمانی، سلێمانی-چەمچەماڵ، سلێمانی-دەربەندی خان، واتە دۆڵەکانی خەلەکان و دەربەندی بازیان و دەبەندی خانیان گرت.

بۆ پێش گرتن لەوسوپایەی کەڕژێمی قاسم لەکەکوکەوە خستبویەڕێ بەرەو ناوچەکانی سلێمانی، کۆیە، ڕانیە، قەلادزە. لەناوچەی هەولێریش نزیکەی ٤٠٠ چەکداری لایەنگرانی پارتی بەرابەری و سەرپەرشتی کردنی ئەندامێکی تری سەرکردایەتی (عبدالله اسماعیل) ناسراو بەمەلاماتۆڕ، لەدەشتی هەولێر و ناوچەی خۆشناوەتی دابەش ببون بەسەر ڕێگاسەرەکیەکانی نێوان هەولێر وەمخمور، هەولێر و شەقلاوە،هەولێر و ڕەواندوز،

لەبادینانیش نزیکەی ٦٠٠ چەکدار ئامادەی بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرش و پەلامارێک بوون کەڕژێم بیکاتە سەر ناوچەکە بۆ پشتگیری ژێباری و مەرکیەکان وەبۆ فشار خستنە سەر سەرۆکی پارتی (مەلامستەفا)،

لە ١٩٦١/٩/١١ دا ڕژێمی قاسم بەفڕۆکە بەیانێکی بەسەر هەموو شار و شارۆچکە و گوندێکی کوردستاندا بڵاوکردەوە بۆ تۆقاندنی خەڵکی و هەڕەشە لەچەکدارەکوردەکان گەر چەکەکانیان فڕێ نەدەن و بڵاوەی لێ نەکەن بەتوندترین چەکی نەوکاتەی عێراق لێیان دەدات. ناوەڕۆکی بەیانەکە ئەوەی دەگەیاند (کە هەڵخەڵەتاوەکانی کورد بەفێڵی خائینان و پیاوانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی کورد و خوێندەوارەبەکرێ گیراوەکانی بێگانە بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست و نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی بۆ حکومەت و شۆڕشی ١٤ی تەممووز و نیشتمانی خۆشەویست عێراقی ١٤ی تەمموز، عێراقی عروبە، عێراقی پێشەنگی سەربەستی، ئەگینا بەهەموو چەکێک لێیان دەدەن، بەدەبابەکانیان، بەتۆپەکانیان، بەفڕۆکە جەنگیەبۆمبا هاوێژەکانیان، بەساروخ هاوێژەکانیان، بەفڕۆکەی هەنتەر، ئلیوشن، میگ).

هاوکات لەگەڵ ئەو بەیانەی قاسم، پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی خۆیەوە بەیانێکی بۆ جەماوەر بڵاوکردەوە، تیا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو خۆپیشاندانە چەکداریە دەربڕی کەناوەڕۆکەکەی لەڕووی هەڵوێستی تۆمەت و بوختان و هەڵەناو و ناتۆرەی ناشرین نان لەشەڕکەرەکان لەوەی قاسم کەمتر نەبوو.

بۆ نموونە لەبەیانی کۆتایی مانگی ٩/٦١ یان دا رایەرینەکەیان بەگومان لێکراوان و دەرەبەگە کۆنە پەرستەکان و شۆڤێنیەکان و دوژمنەکانی حوکمی نیشتمانی پێشکەوتوی دژ بەئیمپریالیزم ناو دەبرد و حوکمی قاسم یشیان بە حوکمڕانێکی ڕزگاری خواز و دژ بەئیمپریالیزم و نیشتمانی و شۆڕشگێر ناودەبرد.

لە ١٤/٩/٩٦١ دا سوپای عێراقی بەتفاقێکی جەنگی زۆر و چەندین لیوا سەربازیەوە بەتانک و تۆپ کەوتە پەلاماردانی ئەو ناوچانەی کەهێزی خێڵەکی گرتبوی ،وە بەفڕۆکەی ئیلوشن ،و میگ و هەنتەر کەوتە بۆردومان کردنی هەموو ئەوناوچانە و چەندین دێهات و شارۆچکەی تریش کەبەهیچ جۆرێک هێزی چەکداری تێدانەبوو یان زۆر دووربون لەناوچەکانی شەڕەوە.

هێزی خێڵەکیش لەدەربەندی بازیان لە ١٢/٩ دا هێرشیان کردە سەرقافڵەیەکی سەربازی و زیانێکی زۆریان لێدان.

کەدەتوانین بڵێین ئەوە ئەو بزیسکەبوو کەئاگری شەڕ و پاشان شۆڕشی هەڵگیرساند، ئائەو کاتە نەقاسم پەلاماری بارزان و بادینانی داو وە نەمەلامستەفاش هیچ دەنگێکی لێوەهات بەرامبەر ئەو هێرش و پەلامارەدڕندانەی قاسم بۆ سەر

ناوچە جیاجیاکانی تری کوردستانی خوارووی، بگرە مەلا مستەفای سەرۆکی پارتی سەرکردایەتی ناوانبار دەکرد بە ئاژاوەنانەوە و هەڵگیرساندنی شەڕ.

رۆژی ٦١١٩١١٦ کە پەلاماری بادیناتیش دراو بۆردومانی گوندی بارزانی کرد، هێشتا مەلامستەفا رای لەسەر شەڕ کردن نەبوو دژی عبدالکریم قاسم وەئەنانەت پاش تەواوبوونی بۆردومانەکە، لەبەریدی بارزانەوە دوو بروسکەی بۆ عبدالکریم قاسم لێدا، کەئەو لەبارزانەوە هەرگیز بەنیازی چەک بەرزکردنەوە نیە دژی زەعیم عبدالکریم، وەداوای گرتنە بەری رێگای ئاشتی دەکا بۆ چارەسەری بارودۆخەکە و ئامادەی ناوبژی کردنیشە لەنێوان حکومەت و چەکدارە کوردەکان.

رۆژی ٦١١٩١١٧ هاوکات لەگەڵ بۆردومان کردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و تۆپ باران و پەلاماردانی بنکەی چەکدارەکوردەکان لەبەیانی زووەوە بۆ جاری دووەم بارزانیشی بۆردومان کرد و بەسوپاشەوە کەوتە پێشرەوی کردن بەرەو بارزان بەپشتیوانی چەکداری زێباری لایەنگرانی رژێم.

رۆژی ٦١١٩١١٨ مەلامستەفا ئەو بارزانیانەی کەلەسۆڤیەت لەگەڵیابوون و بەشێکی زۆری لاوانی تازە پێگەیشتوشی بەفەرمانی خدانی بارزان(شێخ ئەحمەد بارزانی) لەبارزان چونە دەرێ بەرەو شاخەکان و بریاری شەڕکردنی قاسم یان دا.

لە ٦١١٩١٢٦ دا رژێمی قاسم بریاری هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەرادیۆ و لە(وکالە الانباء العراقیە)دا راگەیاند.

هێزی عەشایەر توانای خۆ راگری لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری سوپای عێراقی و تۆپ و فرۆکەی جەنگی و تفاقی جەنگی زۆر بالا دەستی رژێمی نەبوو.

ئەوەی من خۆم لەرێگای کۆیە-رانیە و خەڵەکان دابینیم، وەک دەڵێن مانگەشەو سەر لەنێوارە دیارە، هێوای خۆ راگری و شکاندنی هێزوسوپای لێنەدەکرا هەر عەشیرەتەو بەجیا بۆ سەیران چوبوون رایەغ و وەجاخی چاو و قۆناغی حەسانەوەو خواردنیان دانا بوو.

چەکەکانی شانیان، گەرچی زۆر بێ چەکیشیان تێدابوو بریتی بوو لەتفەنگی حسکە، داتاش، یایلی، قونداغ خڕ، و سێ تیر، ئینگلیزی پێنج خۆر، و تاکوتەراش تفەنگی ئینگلیزی پانزە خۆر و برنەو وتەمیکی تێدابوو.

زۆربەی هەرە زۆریان لە ٢٠-٣٠ فیشەکیان پتر پێنەبوو کەکردبویانە تورەکەی خامەوە و لەشانیان هەڵدابوو، بەشێکی کەمیشیان کە کۆک و پۆشتەو پەرداخ دەبینران یان فیشەک دانێکی راست وچەپی لەملی کردبوو یا لەپشتی بەستبوو.

هێزی پێشمەرگی کوردستان کرا بەسێ ناوەندەوە(مەرکەز) لەبەشی خوارووی کوردستانی خوارووودا واتە لەهێلی هاملتۆنەوە بەرەو خوار تا ناوچەی خانەقین.

هەر ناوەندە ناوی لێنرا هێز، بەو جۆرە سێ هێز پێکهێنرا:

١- هێزی ڕزگاری بەفەرماندەیی جەلال تاڵەبانی کە ناوەندەکەی لەچەمی ڕێزان بوو.

٢- هێزی کاوە، بەفەرماندەیی عومەر مستەفا -دەبابە کەناوەندەکەی لەبێتواتە بوو.

٣- هێزی خەبات، بەفەرماندەیی عەلی عەسکەری کە ناوەندەکەی لەسەرگەڵو پاشان چوارتا بو.

ئەو هێزانەش لەچەندین لقی پێشمەرگە پێک هاتبون بەم جۆرە:-

١- دەستە، پێک هاتبو لە ١٠-١٥ پێشمەرگە و فەرماندە کەیان سەر دەستە بوو.

٢- پەل، پێک هاتبو لە(٣) دەستە ٣٥-٥٠ پێشمەرگە لەگەڵ سەرپەل و یاریدەدەری سەرپەل و رابەری سیاسی و بێپرسراوی ئیداری پەل.

٣- لق، پێک هاتبو لە(٣) پەل ١٥٠-٣٠٠ پێشمەرگە لەگەڵ سەر لق و رابەری سیاسی و یاریدەدەری سەرلق و لێپرسراوی ئیداری لق.

٤- بەتالیۆن کەپێک هاتبو لە(٣) لق.

٥- هێز کەپێک هاتبو لە(٣) بەتالیۆن و فەرماندەی هێز کەئەندامی سەرکردایەتی یا م.س پارتی بوو لەگەڵ یاریدەدەری فەرماندە و لێپرسراوی سیاسی و ئیداری هێز.

هێز و بەتالیۆن و لقەکان ژمارەی پێشمەرگەکانیان وەک یەک نەبوون، هەندێ لق ژمارەیان لە٣٠٠ و ٤٠٠ و ٥٠٠ پێشمەرگە تێپەری بوو.

لەمانگی ٦٢/٣ بەدواوە هێزی پیمەرگە لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە بەرەو گەشەکردنێکی ئێجگار خێرا دەڕۆیشت. ژمارەی لقەکانی پێشمەرگە گەیشتە ١٥ لق و دابەش کرابون بەسەر:

ا- ناوچەی پێنجوێن وهەڵەبجە و چوارتا و دوکان و رانیە و قەلادزە کەهێزی خەبات کاری پێشمەرگانەی تێدا دەکرد.

ب-ناوچەی سلێمانی و بازیان و قەرەداغ و دەربەندی خان و کفری و کەلار و کەکوک کەهێزی رزگاری کاری پشمەرگانەی تێدا دەکرد.

ج- ناوچەی کۆیە وخۆشناوەتی و باڵەکایەتی و هەولێر و ڕەواندوز کە هێزی کاوە کاری پێشمەرگانەی تێدا دەکرد.

د- هێزی بادینان کە لەژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی پارتی دا بوو (مەلامستەفا بارزانی) بریتی بوون لە (٦٠٠-٧٠٠) پێشمەرگە بەشێوەی هێزەکانی تر بەش بەش نەکرابوون. لێپرسراوی سیاسیان نەبوو، پارتی وەک حیزب هیچ دەسەڵات و لێپرسراویەکی بەسەریانەوە نەبوو.

دابەش بونی هێزەکە لەڕووی ڕێکخراوەییەوە نەبو وەک هێزەکانی تر، بەڵکە لەڕوی عەشایەریەوە بور.

ئاغا هەبوە کەفەرماندەی پتر لە ٣٠٠ پێشمەرگەی ناوهێزەکەبوە چونکە هەمویان چەکداری عەشرەتەکەی خۆی بوون و فەرماندەش هەبوە تەنیا ١٥-٢٠ پێشمەرگەی لەژێر دەسەلاتدابووە.

پەیوەندیەکی زۆر توند و تۆڵ هەبو لەنێوان هێزی پێشمەرگەو دام و دەزگا ڕێکخراوەیەکانی پارتیدا. دەتوانم کەبەڕاشکاوی بڵێم کەبەشی سیاسی هێزی چەکداری بەڕێوەدەبرد.مەبەستم (سیاسەت قیادەی عەسکەری)دەکرد.

پارتی ئەو کاتە لەڕوی ڕێکخراوەیەوە، چالاکیەسیاسیە ڕێکخاوەییەکانی خۆی لەچوار چێوەی پێنج لق دا بەڕێوە دەبرد، ئەو لقانە بەپێی سنوری ئیداری لیواکان دارێژرابوون و لەسەر ئاستی پارێزگادابوون.

١- لقی یەک کەبۆسەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی کوردەکانی دانیشتوی بەغداد و ناوچەکانی تری ناوەند و خوارووی عێراق دیاری کرابوو.

٢- لقی دوو کەلقی کەرکوک بوو.

٣- لقی سێ کەلقی هەولێر بوو.

٤- لقی چوار کەلقی سلێمانی بوو.

٥- لقی پێنج کەلقی بادینان بوو، و کەدرەنگتر لەلقەکانی تر پێک هات و زووتریش لەلقەکانی تر هەڵوەشایەوە.

٦- لقی شەش کە لقی ڕێکخستنی ناو پێشمەرگە بوو.

هەریەک لەم لقانە چەندین لیژنەی ناوچە و ڕێکخراویان هەبوو بەپێی ژمارەی قەزاو ناحیە ئیداریەکانی سەر بەلیواکان.

ڕێکخستنی سنووری ئیداری هەموو قەزایەک لیژنەی ناوچەی ئەو قەزایە بەڕێوە دەبرد وە ڕێکخستنی سنووری ئیداری هەموو ناحیەیەکیش لیژنەی ڕێکخراوەیی ئەو ناوچەیە بەڕێوەی دەبرد، هەموو لقێکی لیوایەک ئەندامێکە سەرکردایەتی پارتی لێپرسراوی بوو.

هەموو لق و لیژنەی ناوچەو ڕێکخراوێک، کارگێڕێکی هەبوو کەلێپرسراو و(٢) ئەندامی تری لیژنەکە پێک هاتبون و ئەو(٣) ئەندامە کاگێڕی کاروباری ڕۆژانەی لق یان ناوچە یا ڕێکخراوبوون؛

ژمارەی ئەندامانی لیژنەی لق بەپێی ژمارەی قەزاکانی واتە لیژنە ناوچەکانی بوو، چونکە لێپرسراوی هەر لیژنە ناوچەیەک ئەندامی لق بوو ،هەواش لیژنە ناوچەکانیش ژمارەیان بەپێی ژمارەی ڕێکخراوەکانی بوو، ئەمیش هەموو لێپرسراوی و ڕێکخراوێک ئەندامی لیژنەی ناوچە بوو.

ڕێکخراوەکان جگەلەوەی لێپرسراوی(٢) ئەندام کارگێری بوون، چەند ئەندامێکی تریشی هەبوو بەپێی زۆری و کەمی ژمارەی گوندەکانی سەر بەڕێکخراوەکە، کەهەر ئەندامێکی ڕێکخراو بەرپرس بوو لەبەڕێوەبردنی ١٠-٢٠ گوند. ئەو ئەندامانە پێیان دەوترا (کادر).

دەتوانم بڵێم لەدەرەوەی شارەکان، کادر و ڕێکخراو و کۆڵەکە و پشتیوانی هەرە بەهێزی پارتی بوون. کادر و ڕێکخراو لەدەرەوەی شارەکاندا ئەرکەکانیان زۆر و سەخت بوو. دەبوایە هەڵسن بە ڕێکخستنی شانەی حیزبی، کۆبونەوەی بەردەوام بەدانیشتوانی گوندەکان بکەن، لەهەندێ گوند کەمەلای مزگەوتیان نەبوو لەکاتی بونی کادرەکە پێش نوێژیان بۆ بکات، ئابونەو پیتاک بۆ شۆڕش کۆبکەنەوە، پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ دەستەو پەل و لقەکانی پێشمەرگەدا دروست بکەن و لەهەندێ شوێن دا ڕابەرایەتیشیان بکەن.

واتە سەرچاوەی گەشەکردنی پارتی وشۆڕش بوون لەڕوی داهات و پێگەی جەماوەری و هێزی پێشمەرگەشەوە؛

ساڵی ١٩٦٢ ساڵی گەشەکردنی شۆڕش بوو، پەیتا پەیتا کوردی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ پەیوەندیان بەڕیزەکانی شۆڕشەوە دەکرد، سەدان سەرباز و پایەداری کوردی ناو سوپای عێراقی بەچەک و بێ چەک ڕیزی سوپایان جێهێشت و هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە، سەدان پۆلیس و پایەدار بەدەیان سەرا و مەخفەر و پۆلیسگای

قەزاو ناحیەکان بەهەموو چەک و تەقەمەنی و ئامێری بێ تەل و کەل و پەلی ناوسەراکانەوە هاتنە ناو ڕیزی شۆڕشەوە.

سەدان قوتابی و مامۆستا و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و کرێکار و کاسبکاری شارەکان خۆیان گەیاندە ڕیزی شۆڕش و هاوکارییەکی بێ وێنەیان لەڕووی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیدا کرد.

هەر لەو ساڵەدا چەندین شەڕ و نەبەردی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە تۆمارکران کە دەتوانم بڵێم بەکردەوە، بەرژێمی قاسم و سوپاکەیان سەلماند کەشۆڕشی کورد بەزەبر و زەنگ لەناوناچێ، سەدان پارچە چەک و بێ سیم و کەل و پەل و تفاقی شەڕیان لە ڕژێم گرت.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٢ دا سەرتاسەری ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق - ئێران، عێراق - تورکیا و چەندین شار و شارۆچکەش و هەزاران گوندی قولایی ناوچەی شارباژێر و شارەزوور و گەرمیان و دەشتی هەولێر و ناوچەی بادینانیش، بەناوچەی ڕزگارکراوی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەژمێردران، چالاکی ناوشارەکان بەتایبەتی سلێمانی، ڕانیە، قەڵادزە، کۆیە، پێنجوێن و هەڵەبجە، ڕەواندوز، لەگەشەکردنێکی زۆردا بوو.

ڕێکخستن لەناو شارو شارۆچکە و گوندەکاندا بەرەو پایەیەکی زۆر ڕۆیشت.

من لەمانگی ٦ی ساڵی ١٩٦٣ دوە پاش تەواوبونی قوتابخانە بەتەواوی بۆ کاری ڕێکخستن و شۆڕش لێ برام و وەک کادرێکی پیشەیی کارم دەکرد.

ئەندامی لیژنەی ناوچەی ڕانیەبووم، ڕانیە ئەو کاتە بەیەکێک لەمەڵبەندەکاریگەر و بەهێزەکانی شۆڕش دەژمێردرا لەو ڕووەوەی کەهەم سەرەتای هەڵبونەوەی چەکداری خێڵەکی لەوێوە دەستی پێکرد و هەم شارێکی ژێر دەسەڵات و نفوزی عەشرەتی ئاکۆ بوو، کەسەرەک عەشرەتی ئاکۆ (عباس ممند ئاغا)بەیەکێک لەسەرەک عەشرەتە بەناوبانگەکانی ئەوسای کۆمەڵی کوردەواری ناسرابوو لەڕوی نیشتمان پەروەری و دەسەلاداری ئابوری و عەشایەری و ژمارەی چەکداریشەوە.

ڕانیە یەکێک بو لەناوچەناسراوەکانی چەقی ململانێی نێوان پارتی دیموکرات و پارتی کۆمۆنیست، دەسەڵاتی پارتی لەدێهاتەکانی سەربەناوچەی ڕانیە بەهێزتر بوو لەدەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیست، بەڵام دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیست لەناو شارەکەدا وەک زۆربەی شارەکانی تری کوردستان زۆر پتربوو لە دەسەڵاتی پارتی.

لیژنەی ناوچەی ڕانیە پێکهاتبوو لەم زاتانە : مەجید گورگ لێپرسراو، حسێن علی ڕەزا ئەندامی کارگێڕ کەپاشان بوو بەلێپرسراو، شەفیق تایەر ئەندامی کارگێڕ، حسێن حاجی تایەر ئەندام، سدیقی خەیات ئەندام ، مەلا فاتح عەسکەری ئەندام، عەباسی ڕێکخراوی چوارقوڕنە ئەندام، وە بەندە .

ئەرکی من لەناوچەدا هەڵسوڕاندن و لێپرسراوی ڕێکخستنی پۆلیسە کوردەکانی قەزای ڕانیە و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی کرێکاران بوو.

ژمارەی ئەندام و پاڵێوراو ولایەنگری پارتی لەناو کرێکاران دا زۆر کەم بوو، زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران لەدەوری نیقابەی کرێکاراتی سەربەپارتی شیوعیست کۆبوبوونەوە. ئەو کات لەبارودۆخێکی خێزانی و دەروونی ناهەمواردا دەژیام پاڵەپەستۆی زۆری باوکم و خاڵم لەسەربوو، باوکم لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی خاوەن بڕوابوو بەتایبەتی ئیسلام، بەڵام زۆربەی هاوڕێکانی سەر بەپارتی کۆمۆنیست بوون ،هاوڕێکانیشی کەسانی مەقول و دەم ڕاست و خاوەن کەسایەتیەکی جەماوەری شاری ڕانیەبوون، خاڵم ئەندامی پارتی کۆمۆنیست و کادری پیشەیی و لێپرسراوی نیقابەی کرێکارانی سەربەپارتی کۆمۆنیست بوو .

لەمانگی ٦٢\١١ دا وەرچەرخانێک ڕویدا لەشاری ڕانیەدا کە بە سودی پارتی بوو، لێپرسراوی نیقابەی کرێکاران ( حەمەی مجید هاوار ) کە خاڵم بوو، هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەی خۆی بەرامبەر بەیەیانێکی پارتی کۆمۆنیست وەرگرت کەتیایدا لایەنگری ڕژێم و قەتڵەعامی کوردەی دەکرد و دژی شۆڕشگێران بوو، لەپارتی کۆمۆنیست کشایەوە و پەیوەندی بەپارتیەوە کرد، لەماوەی یەک مانگدا پتر لە ٧٠% ی ئەندامانی نیقابەکەیان لەپارتی کۆمونیست کشانەوەو هاتنە ناو یەکیەتی کرێکارانی کوردستانەوە کەلایەنگری پارتی بوو .

پارتی کۆمۆنیست هەر لەناوەندی ساڵی ١٩٦٢ ەوە وردە وردە نەک هەر لەڕانیە بەڵکو لەزۆربەی هەرە زۆری کوردستاندا بەرەو تەسک بونەوەی قەبارەی پایەگای جەماوەری و لاوازی دەڕۆیشتن، سەبارەت بەهەڵوێست و سیاسەتی هەڵەیان بەرامبەر بەرژێم و مەسەلەی کورد و شۆڕشی ئەیلول .

لەچوارچێوەی قاوغێکی تەسکی چەند دروشمێکی بەسەرچوودا دەخولانەوە، کورد هەڕەشەی نەمان و لەناوردنی بوونی نەتەوەیی و کەلتوری وکۆمەلایەتی لێدەکرا، ئەوان دروشمی دابەش کردنی زەوی و زاریان بەرزدەکردەوە، کورد،

کوردستانی لێداگیر دەکرا و دەسوتێنرا و کاول دەکرا، ئەوان دروشمی (الوحدة العربیة) و (الامة العربیة) و (الاخوة العربیة الکردیة) یان دەچڕیەوە. شۆڕش بەپشتیوانی جەماوەر تا دەهات پەرەی دەسەند و رەگ و ریشەی لەدەروونی خەڵکی کوردستاندا دادەکوتا، ئەوان هەر خەریکی جویینەوەی ووتنەوەی ووشەکانی (عملاء الامپریالیزم)، (الخونة)، (الرجعیة) بوون.

کورد خەریکی سەقامگیرکردنی خواستی کلتوری و گەشەپێدانی زمانی کورد و پێگەیاندنی رۆشنبیری کوردی بوون بەبەرزکردنەوەی دروشمی مەعاریفی کوردستان، ئەوان دژی کەلتوری کوردی و رەسەنی زمانی کوردی و هەڵگری دروشمی گاڵتەجاری ووتنەوەی (معاریفی قلیاسان) بوون.

لەو کاتەی کەباش دەیانزانی، و دەیان بەڵگەی ئاشکرایان لابوو لەسەر لادانی قاسم لەرەوتی نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێری و پێشکەوتن خوازی و مافی مرۆڤ و تەنانەت (الوحدە العربیه) و (معاداة الامبریالیة) ش. لەو کاتەی کەتەنانەت کەوتبوە سەروگوێلاک کوتانەوەی پارتی کۆمۆنیستیش، لەو کاتەی کە رق و نارەزایی خەڵکی کورد لەکوردستاندا گەیشتبوە لوتکە، پارتی کۆمۆنیست هێشتا هەر لەسەردەمی بیست و سیەکانی سەدەی بیست دا دەژیا و (اقتداء)ی بەفەلسەفەی ستالینی دکتاتۆر دەکرد لەمەڕ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و بێ شەرمانەش بۆچونەکانی لینینی مەزنیان لەمەڕ هەمان مەسەلە فەرامۆش دەکرد.

ئەم هەڵوێستانەو گەڵاڵ کردنەوەی دوژمن کاریانەی رۆژانەشیان بەرامبەر شۆڕش، و هەستی جەماوەری راپەڕیو تادەهات لاوازتر وبێ هێزترو بێ توانا تریان دەکردن لەکوردستاندا.

لە ١٩٦٣/٧/٥ دا لیژنەی ناوچەی رانیە بڕیاری دا کەشار بە جێ بهێڵن و بچنە سەروچاوە و بارەگای لیژنەی ناوچەی تیادانێن، هەر بۆیەش بڕیاردرا کەلیژنەیەکی ناوچەیی (یەدەگ) دابنێن لەناو شاری رانیەدا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ناو شار، لەو ئەندامانەی کەهێشتا ئاشکرانەبوون و مەترسی گرتنیان لەسەر نەبوو.

واتە بارەگای سەروچاوە سەرپەرشتی چالاکی رێکخراوەییە رێکخراوەکانی پارتی وکاروباری ناوپێشمەرگە بکات لەدەرەوە، وەلیژنەی یەدەگیش یەنەهێنی سەرپەرشتی کاری رێکخراوەیی و رێکخراوە جەماوەریەکانی ناو شار بکات.

مجید گورگ، حسێن علی رەزا، فاتح عەسکەری، حسێن حاجی ئایەر، وەستا صدیق چوون بۆ سەروچاوە، من لەناو ڕانیەدا مامەوە، بە لێپرسراوی لیژنەی یەدەگ.

لەو کاتەوە هەموو هەوڵێکی خۆمم پتر بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنی ناو پۆلیسەکان تەرخان کرد لەماوەی دوو مانگ کەمتر توانرا ٢٠ پۆلیسیان لەشانەی پارتیدا ڕێکبخرێن.

لە ٦٢/٧/١٢٥ دا بانگ کرام بۆ کۆبونەوەی لقی چواری سلێمانی لەئەشکەوتەکانی مالومە، مجید گورگ وەک لێپرسراوی ناوچەو ئەندامی لق، حسێن علی رەزا وەک جێگر، منیش وەک لێپرسراوی لیژنەی یەدەگ.

علی حمدی لێپرسراوی لقی سلێمانی و ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی بوو.

محمود حاجی توفیق ئەندامی کارگێڕی لق بوو.

لەو کۆبونەوەیەدا داوایان لەناوچەی ڕانیە کرد کەپلان بۆ جێبەجێ کردنی دووکار دابنێن:

١- گرتنی سەرای ڕانیە واتە گرتنی قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە.

٢- دەست گرتن بەسەر توتنی قەحس کراوی ناوعەمارەکانی توتنی ڕانیەدا.

دوای گەڕانەوەمان لە کۆبونەوەی لق، داوای زانیاریەکی تەواوم لە لێپرسراوی شانەی پۆلیسەکان (عریف رفیق) کرد دەربارەی سەرجەم دائیرەکانی قائیمقامیەتی ڕانیە ژمارەیان و ژمارەی پۆلیسەکان و لیستی چەک و تەقەمەنی و بێ سیم و کەل و پەلەکانی.

عریف رفیق بەو جۆرە زانیاریەکانی داپێن:

قائیمقامیەت: قائیمقام، کاتب اول، کاتب.

شرطة: معاون، مامور مەرکەزی ئەمن(کورد)، مامور مەرکەزی ئەمن(عەرەب)، مامور مەرکەزی شرطە (عەرەب)، دوو رئیس عرفاء، چوار عریف، ٥٧ پۆلیسی کورد، ٧ پۆلیسی عەرەب، رئیس عرفایەکی بێ سیم و دوو عەریف کە کوردبوون ٧٠ تفەنگی جۆراوجۆر و ٨ دەمانچە، ٢ دەمانچەی رووناک کەرەوە، چوار دووربین، ٢ جیهازی بێ سیم، ٢ رەشاش، یەک هاوەن، ٣٥ سندوق فیشەک، و زەخیرە وکەل و پەلی تر.

دارایی: مدیرمال، کاتب مالیە، ئەمین سندوق، دووچابی.

مەحکەمە: حاکم، باش کاتب، کاتب.

نفوس : مامورنفوس، كاتب نفوس.
بەلەدیە : رەئیس بەلەدیە، کەهەر قائیمقام بوو بەوەکالەت، محاسب، کاتب، ئەمین سندوق، ئەمانە هەموویان لەناو سەرای رانیەدا بوون. لەدەرەوەی سەراش دائیرەی رەی، ئاووکارەبا، خەستەخانە بەیتال خانە، انحساری توتن.
دوای ئەوە پلانمان دانا بۆ چۆنیەتی گرتنی سەرای رانیە، بۆ جێبەجێ کردنی دەست بەسەراگرتنی توتنەکان دەبوایە گرتنی سەراکەش دوا بخرایە بۆ دوای تەواوبونی فەحسی توتن.
بەپێی یاسای دەولەت، ئەو توتنانەی فەحسیان تەواو دەبوو لەخاوەن توتن وەردەگیران و بەپێی قورسایی و چونایەتی و چەندایەتیان چەک و بەلگەی بانقی بەنرخی توتنەکان دەدران بەخاوەن توتن و ئیتر توتنەکان دەبونە مولکی دەولەت و دەخرانە عەمبارەکانی توتنەوە، ئەوەی فەحس نەکرایە هەر بەمولکی خاوەن توتن دەمایەوە.
رانیە یەکێک بو لەشارە هەرە بەناوبانگەکانی چاندنی توتن هەم لە چەندایەتی و هەم لەچۆنایەتیشدا، کەسالانە پتر لە ٢٥ هەزار فەردەی ٧٠ کیلۆیی توتنی ئیا دەهاتە بەرهەم و توتنی ناوچەی شاور وخۆشناوەتیش لەتوتنە هەرە بەناوبانگەکانی کوردستان بوون لەرووی چۆنایەتی و بۆنو بەرامەوە.
دوا هەوال کەلە دۆستانی خۆمانمان وەرگرت لەفەرمانبەرەکانی انحسار لە ٦٢/٨/٢٥ دا فەحس تەواوبوو و دوا فەردەی توتن بوبە مولکی دەولەت و خرایە عەماری انحسارەوە.
دوای رێکەوتن لەگەل عریف رفیق سەبارەت بەدانانی حەرەسەکانی شەو وکاتەکانی بریاردرا کەشەوی ٢٨-٨/٢٩ سەعات یەکی نیوەشەو کە ئەو شەوە عریفە رفیق خۆی بەرپرسیاری ئێشک و دابەشکردنی ئێشک چیەکان بوو، دوای لێدانی تایبەتی دەرگای سەرا و ووتنی نەهێنی ئێوانمان دەرگابکرێتەوەو بەیارمەتی پۆلیسەکانی ناو رێکخستنی پارتی دەست بەسەر هەموو سەراکەدا بگیرێ.
بەلام لەشەوی ٢٧-٨/٢٨ دا هێزێکی چەکداری عباس مامندئەغا و ئەنوەربەگی بێتواتەو رەشید شێرە چونە سەر سەراو داوایان لەپۆلیسەکان کرد خویان تەسلیم بکەن، پۆلیسەکان بەرگریان کرد ماوەی سەعاتێک تەقە بەردەوام بوو، سەرا نەگیراو هێزەکەش گەرانەوە دۆلی ئاکۆ و خۆشناوەتی. سەبارەت بەو رووداوەش ناچاربووین کەگرتنی سەرا دوابخەین.

٩/٥ سەعات ١١ی شەو پەراوێز لەگەڵ عریف رفیق و مەلاعبداللەی بێ سیم و عەریف کریم کایانی بێ سیم چوینە سەر سەراو دەرگا کرایەوە و بەیارمەتی پۆلیسەکوردەکان دەست بەسەر هەموو سەرادا گیرا، واتە سەرجەمی ئیدارەی قەزا تەسلیم بەشۆڕش بوون و هەموو بەندیەکان ئازاد کران.

مەلاعبداللە و کریم کایان و دوو پۆلیسی عەرەبمان لەسەر بێ سیمەکان دانا، بۆ پەیوەندی بەردەوام بەدەوڵەتەوە، ئەم کارەشمان بۆ ئەم مەبەستانەکرد:

١- کاتمان هەبێ بۆ گوێزانەوەی چەک و تەقەمەنی و کەل و پەل و دوکیومێنتەکانی ئەمن و قائیمقامیەت و داوو دەرمانی خەستەخانە بۆ ناوچەی ئازادکراوی مەرگە.

٢- کاتمان هەبێ بۆ گوێزانەوەی توتنەکان بۆ پشتی سەنگەسەر و مەنگوڕ-یەتی سەر سنوری ئێران.

٣- خەڵکی شار ئەوەندەیان کار هەبێ لانی کەم کەل و پەلی پێویست و خۆیان بگەیەننە ناوچەی ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش.

پلانەکەمان تارادەیەکی باش سەری گرت، بەدرێژای رۆژی ٩/٦ پەیوەندی لەنێوان دەوڵەت و قائیمقامیەتدا بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا توانرا پتر لە دووهەزار قەردە توتن بگەیەنرێتە شوێنی خۆی.

هەر ئەو رۆژە یەک لق لەپێشمەرگە لەپۆلیسەکان پێکهێنرا و عریف رفیق کرابەسەر لق و پارەگایان لەسەرسیان دانا و خەڵکی شاریش شاریان چۆڵ کرد. رۆژی ٩/٧ بەیانی زوو دوو تەیارەی لیوشن و هەتەر بۆردومانی شاری ڕانیەیان کرد دووجار بۆ ماوەی نیوسەعات، هەر ئەو رۆژە سوپای ڕژێم لەکۆیەوە بەرەو ڕانیە هێرشی هێنا، شەڕێکی باشیان لەگەڵ دا کرا لە هەیبەت سوڵتان و قەسرۆک و سەرخمە و کلکەی قەمتەران، لەبەر نەبونی کات بۆ گوێزانەی توتنەکانی تر، بڕیارماندا کە سێ عەمبارە پڕەکەی تر بسوتێنین و لەعەسر ئەو رۆژەدا سوتاندمانن.

دەسکەوتی شۆڕش لەگرتنی سەرای ڕانیەدا جگە لەچەک و تەقەمەنی و کەل و پەل ودۆکیومێنت، ٢٠ هەزار دینار و هەزار قەردەتوتن کەهەر قەردەیەک ١٥-٢٠ دیناری دەکرد لەگەڵ داوودەرمان و کەلوپەلی خەستەخانە بوو. ئێوارەی ٩/٧ ئێمەش شارمان چۆڵ کرد و دوای پێشڕەوی سوپا لەدەلوێژمارەوە بەرەو ناو شار، هێزی پێشمەرگە لەشاخی کێوەرەش دا دامەزران.

سوپای ڕژێم ئەو شەوە لەڕانیەی چۆڵ و هۆڵ دا مایەوە، تەنیا بە تۆپ و تانک بۆردومانی شاخی کێوەرەشی دەکرد.

لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٩/٨ دا سوپای ڕژێم هێرشی کردەسەر کێوەڕەش و بەرەو دەربەندی ڕانیە، ئەو ڕۆژە شەڕێکی خەستی لەگەڵدا کرا، لەئێوارەدا دوژمن شکاو بەرەودوا بەرەوناو شار گەڕایەوە، پێشمەرگە کەوتنە دوای هێزە شکاوەکەی دوژمن و شاری ڕانیەشیان لێ سەندنەوە، سوپای دوژمن لەچوارقورنە خۆی گرتەوە

ڕۆژانی ٩/١٠-٩/١١ فڕۆکە شەڕکەرەکانی قاسم زۆر بەخەستی بۆردومانی شاری ڕانیە و کێوەڕەشیان کرد زیانێکی زۆریان لەخاتوبەرەدا .
لەو شەڕەدا پتر لە ٢٥٠ پارچە چەک دەستکەوتی شۆڕش بوو، تەناەت تا یەک مانگیش دوای ئەو شەڕە جوتیارەکانی دەشتی بۆسکێن و سەیداواو پیاوکوژراوان چەکی فرێ دراوی سەربازەکانیان دەدۆزیەوە لەناو جۆگا و چەم وباخ و زۆنگەکاندا، ئەو شەڕە بەگەورەترین نەبەردی پێشمەرگە دادەنرا لەسەرەتای شۆڕشەوە تا ئەو کاتەو ناسرابوو بەشەڕەکەی کێوەڕەش .
لەو شەڕەدا پتر لە ٤ لیوای سوپا و چەندین دەبابەو تانک وزریپۆش و تۆپی گەورە و چوار فڕۆکەی جەنگی بەشداریان دەکرد، لەکاتێکدا کەهەموو هێزی پێشمەرگە بریتی بوو لە ٥٠ پێشمەرگەی لقی کێوەڕەش (عریف رفیق) و ٦٠ پێشمەرگەی لقی مەرگە (عریف سمد) و ١٥ پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی ڕانیە و لقەکەی (مام وسو) کەبەلقی پشدەر ناودەبرا .
لەو شەڕەدا ٧٤ دیل ل ەدوژمن گیرا کەزۆربەیان سەربازو پۆلیسی (قوە السیار) بوون و لەناو دیلەکاندا قائیمقامی نوێ و یاریدەدەری شرطەی نوێ و دوو ئەفسەری (نقیب و ملازم اول) ی تێدبوو .
ئەو شەڕە یەکەم شەڕ و قوتابخانەی ژیانی پێشمەرگایەتیم بوو، ئەو سەنگەرەی منی تیابووم پێشمەرگەیەکی لیژنەی ناوچەی ڕانیەم لەگەڵدابوو ناوی (مامە ابوو، خەڵکی مەرگەبوو زۆر ئازابوو و نەترس و دەست ڕاست و قارەمان بوو، بەڕاستی مامە یەکەم مامۆستای فێرکەری شەڕی پێشمەرگانەم بوو، ورەیەکی زۆری خستەبەرم و یارمەتیەکی زۆری دام بۆ خۆ ڕاگرتن و ڕەواندنەوەی ترس و لەڕۆژی یەکەم سەنگەری پێشمەرگایەتیم، قارەمانیەتیەکی بێ وێنەی نواند، هەر دوای ئەو شەڕەکرا بەسەرپەل لە پەلەکەی لیژنەی ڕانیەدا، مامە دوو مانگ دوای ئەوە لەنەبەردی خەلەکاندا شەهیدکرا .

ڕۆژی ١١/٩/١٩٦٢ دووبارە سوپای ڕژێم هاتەوە ناو ڕانیە و لەقەراغی شاردا سەربازگەی دانا و ئیدارەی دەولەتیشیان هێنایەوە ناو شار، بەلام ئەمجارە سەرای ڕانیە تاکە یەک پۆلیسی کوردی تیانەبوو هەمووی عەرەب وهێزی گەڕۆک (القوە السیارە) بوون.

دوای دوو سێ هەفتەش خەلکی شاری ڕانیەش جگە لەومالانەی کەپیاو یاکوڕیان پێشمەرگەبوون گەڕانەوە ناو شار.

سالی ١٩٦٢ بەسالی شۆڕشی پۆلیس بەناوبانگ بوو، چونکە لەوسالەدا سەرای قەلادزە، ڕانیە، دوکان، چوارتا، پێنجوێن، هەلەبجە، شەقلاوە، هاوینەهەواری صلاح الدین، شارۆچکەکانی تری سەربەلیوای سلێمانی هاتنەناو ڕیزی شۆڕشەوە لەناوچەی هەولێریش دەیان مەخفەری پۆلیس پەیوەندیان بەشۆڕشەوەکرد، دەتوانم بلێم زۆربەی لقەکانی پێشمەرگە لەپۆلیس پێکهاتبوون و زۆربەی سەرپەل و سەرلقەکانیش لەپۆلیس دانرابوو بەڕاستی پۆلیسی کورد لەو سالەدا ڕۆلێکی زۆر گەورەیان لەگەشەکردن و پەرەپێدان و خورت کردن و سەقام گیرکردنی شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو.

دوای یەک هەفتە واتە بە ١٨/٩ دا ڕژێم دوای دامەزراندن و قایمکردنی دام و دەزگای خۆی لەشاردا سوپاکەی کێشایەوە بۆ کۆیە و دوکان،

لێرەوە سەرەتای گەمارۆدان و ئازاردان و پەلاماردانی دانیشتوانی شار و بێ تاوان دەستی پێکرد، قائیمقام عەرەب، یاریدەدەر هەر عەرەب، دائیرەی ئەمن هەمویان عەرەب و ١٥٠ پۆلیسی (قوە السیار) لەهەرە شۆڤێنە قینلەدلەکان ی عەرەبیە بەدوە بێ میشکەکان.

جاش و جاسوسی کورد پەیدابوو و کەوتنە چاودێری و جموجۆلی خەلک، زەبر و زەنگ و تۆقاندن و ڕوشاندنی ویژدانی خەلکی گەیشتە ڕادەیەک کە خەلکی هەر لەعەسرەوە بازاڕ و دوکانیان دادەخست و خۆیان دەخزاندە نێو مالەکانیانەوە.

لە ٢٥/٩ دا لیژنەی ناوچەکۆبونەوەیەکی کرد و بڕیاری دا کە جارێکی تر ڕێکخستنی ناو شار بیوژێندرێتەوە و بڕیاریش درا من بەئەنهێنی لەناو شاردا کاربکەم و خۆم بشارمەوە،

هەر ئەو شەوە خۆم گەیاندەوە ناوشار و لەڕێگەی خالمەوە شوێنی خۆشاردنەوەم بۆ دابین کرا.

دوای چەند ڕۆژێک پەیوەندی کردن بەئەندامانی خۆمانەوە، لیژنەیەکی ڕێکخراوم پێکهێنا، ولەیەکەم کۆبونەوەماندا بڕیارماند :

١- مەفرەزەیەکی نەهێنی ناو شار پێکبهێنین .

٢- داوا لەناوچەبکەین لەمەودوا شەوانە بەپێی گونجان مەفرەزە بنێرنە ناو شار بۆ چالاکی نواندن .

٣- پلان بۆکوشتنی جاسوس و جاشەکوردەکان دابنێین و نەیەڵین تەشەنەبکەن .

لەناو شاردا دووجاشی ئاشکراو ٤ جاسوس و جاشی نەهێنی کورد پەیدابوون، جاسوسە ئاشکراکان :

_ شفیق حاجی مارف : پیاوێکی بێ کارەی سوک لەناو شاردا، بەلام درو لەخۆ ڕازی، کەهەتا بۆی بکرایە چەشکەی لەئازاردانی خەلکدا دەدیت، بوو بەیەکەم قوربانی چاوترساندنی خۆ فرۆشەکانی تر.

_ ئەحمەد رسول مام ئاغا : ئەمیش جاسوسێکی ئاشکرای ڕژێم بوو، جموجۆلەی زۆربوو وای پیشاندەدا کەزۆر دلسۆزانە کاردەکات، بەلام هەموو زەوی و زارو وماڵاتی زۆری لەبەر دەستی شۆڕشدا بوو، پەیوەندی پێوەکرا و زۆرکاری پێ ئەنجام درا، لەبەرامبەر زیان پێنەگەیاندنی .

_ جاسوسە نەهێنیەکان :سالح ئەحمەدبەگ، برایم ئاغامەندئاغا، علی بگ، ئەحمەد لاجانی کوێخا ئەحمەدی نۆرۆن، ئەمانەش کەبەناو پیاوانی ناساوی شاری ڕانیەبوون، یەکەیەکە و بێ ئاگالەیەکتری پەیوەندیان پێوەکراو سودی زۆریان لێوەرگیرا لەبەردانی خەلکی بێتاوانی گیراو و پاراستنی خەلکی ناوشار لەپەلاماری پیاوانی ڕژێم .

ماوەی دوومانگ لەناوشاردا مامەوە، سەرەداوەکانی ڕێکخستن بەیەکەوە بەسترانەوە و لیژنەی ناوچەی یەدەک لەشاردا کەوتەوە سەر ڕەوتی ئاسایی کاری خۆی .

لە ١٩٦٢/١٢/١١ دا ڕۆیشتم بۆ سەنگەسەر کە ئەوە دوا خواحافیزی کردنم بوو لەژیانی شارو یەکەم دەست پێکردنی ژیانی شاخ و دەرەوەی شاربوو .

هەر ئەو ئێوارەیە لیژنەی ناوچە کەماوەیەک بو بارەگایان لەسەرو چاوەوە بردبوە سەنگەسەر، کەکەمتر مەترسی پەلاماری ڕژێمی لەسەر بوو کۆبونەوە، هەندێ بڕیاردران کەبۆ ئەو کات و ئەو بارودۆخە بەراستی زۆر شۆڕشگێڕانە و زۆر

پێشکەوتوخوازانەش بوو، بۆیە بۆ بەراورد لەگەڵ سێ چوار ساڵ پاش ٦٢ەوە لەلایەن خوێنەرەوە، دەیان نوسم .

١- بڕیاردرا کە هەموو جوتیارانی ناوچەی سنوری دەسەلاتی لیژنەی ناوچەی ڕانیە ئاگادار بکرێن کەلەباتی نیوەی داهاتی کشتوکاڵی ساڵانە ½ بدەن بە خاوەن موڵک .

٢- دابەشکردنی ئاوی سەروچاوە بەسەر زەویە بەراوەکانی دەشتی بێتوێن دا، بەپێی زۆر وکەمی قەبارەی زەویە چێنراوەکان بێت، لەبەرئەوەی سمایل سواراغای بلباس بەهۆی زۆری دەسەلاتی عەشیرەتییەوە بەشی شێری لەئاوە داگیرکردبوو، وەبوبوەمایەی مانەوەی زۆربەی زەویە بەراوەکانی جوتیارەکانی خوردەمالیک بەدێمی -

بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش چەند میراوێکی باشی سەربەڕێکخستن لەلایەن ڕێکخراوی چوارقورنەوە دیاری بکرێت تالەساڵی ١٩٦٣ دا بەکارەکانیان هەڵسن -

٣- ئەنوەربەگی بێتواتە کەمیرودەسەلاتداری هەرەبێ ویژدانی ناوچەی خۆشناوەتی بوو، کەوتبوە بڕین و فرۆشتنی ئەو دارستانە سپیەدارانەی ئەم بەروتەوبەری چۆمی سەروچاوە، کەپەڵە پەڵەبوون و هەرپەڵەیەکیش موڵکی دانیشتویەکی سەروچاوە بوو و مافی ئەنوەربەگی بەسەرەوەنەبوو- بڕیاردرا کە ئەنوەربەگ لەبڕینی دار قەدەغە بکرێت و ئەو دارانەش کەبڕدراون و سپیکراون بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان.

ئەم سێ بڕیارە، لیژنەی ناوچەی خستەبەردەم کێشەو ململانێیەکی گەورەوە کە لەلایەکەوە دەبوایە بڕیارەکانی جێبەجێ کردایە بۆ سودو دەستکەوتی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەکە کە جوتیارانی پتر لە ٢٠٠ دێ بوون، وەلەلایەکی تریشەوە خۆی بۆ بەرپەرچ دانەوەی پلانەکانی ئیسماعیل سواراغای بلباس و عباس مامندئاغای ئاکۆ و ئەنوەربەگی بێتواتە، و شێخ حسێن بۆسکێن، علی حسن ئاغای مەنگوڕ، و حقی ئاغای عزیزئاغای ئیندزە ئامادەبکردایە .

ئەو کاتە ئەم دەسەلاتدارانەی ناوچەکە هەمویان سەر بەشۆڕش بوون و هەموشیان خاوەنی دەسەلاتی چەکداری نفوزی عەشیرەتی و جێگە ڕێزی لێپرسراوانی شۆڕش بوون .

لیژنەی ناوچە وا بەچاک زانی کەسەرکردایەتی پارتی لەم بڕیارانە ئاگاداربکات، گەر پشتگیری لێکرا ئەوسا بکەوێتە جێبەجێ کردنیان، نامەیەک لەو بارەیەوە

نێردرا بۆ کاکه‌ عومه‌ر ده‌بابه‌)، کاک عومه‌ر له‌وه‌لامی نامه‌که‌دا پشتگیری سه‌رکردایه‌تی بۆ بڕیاره‌کانی ناوچه‌و په‌سندکردنیشی ده‌ربڕیبوو.

لیژنه‌ی ناوچه‌ ئه‌م بڕیاراته‌ی خۆی به‌نامه‌ی تایبه‌ت بۆ هه‌ر یه‌کێک له‌ئاغا و موڵکداره‌ گه‌وره‌کانی ناوچه‌که‌ نارد و ئاگاداریشی کردن که‌ له‌ساڵی ١٩٦٣ وه‌کاری پێکراوی، ئه‌وه‌ر به‌گی پێنجواته‌ له‌بڕینی سپیدار قه‌ده‌غه‌کرا. هیچ ئه‌نجامێکی به‌رهه‌ڵستی لێ په‌یدانه‌بوو، ئاکوده‌تای به‌عسیان له‌ ١٩٦٣/٢/٨ دا.

وه‌هۆی هه‌ره‌ گه‌وره‌ی بێده‌نگی و به‌رهه‌ڵستی نه‌کردنی ئاغاکان، بوونی باره‌گایه‌کی سه‌رکردایه‌تی بوو له‌ پێنجواته‌، به‌سه‌رپه‌رشتی عومه‌ر ده‌بابه‌ که‌ زۆر له‌نزیکه‌وه‌ به‌سه‌ر فه‌رمانده‌یی ئه‌و ناوچانه‌دا ڕاده‌گه‌یشت.

له‌ سه‌ره‌تای ساڵی ١٩٦٣ وه‌ تاکو ده‌ست پێکردنی وتوێژی نێوان عبدالسلام و بارزانی و ماوه‌ی نه‌شه‌ر نه‌ ئاشتی وتووێژیش، هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان هێزێکی پارتیزانی به‌رپلاو و فراوان و شۆڕشگێڕ و به‌ده‌سه‌لات بوو، له‌ڕووی چه‌ندایه‌تی چۆنایه‌تیشه‌وه‌ جێگای هیوای به‌ده‌ستهێنانی داخوازیه‌کانی ئه‌و کاته‌ی شۆڕش بوو.

پارتیزانی له‌کوردستاندا تایبه‌ت بوو به‌بارودۆخی ئه‌وسای شۆڕش و ڕژێمه‌وه‌ له‌ کوردستاندا، واته‌ شێوه‌ تایبه‌تییه‌کی کوردستانی هه‌بوو:

١- له‌ڕووی جۆری دابه‌ش بوونی سوپاییه‌وه‌ له‌هێزێکی دامه‌زراو و ڕێکخراوی نیمچه‌ ده‌وڵه‌تی ده‌چوو.

٢- له‌ڕووی بنکه‌ و باره‌گاوه‌، هه‌م بنکه‌ و باره‌گای دامه‌زراو و هه‌میشه‌ییان له‌ناوچه‌ ڕزگارکراوه‌کاندا هه‌بوو و هه‌م هێزێکی به‌توانا و ده‌سه‌لات بوون له‌چۆنیه‌تی هه‌ڵسوڕان و ئه‌نجامدانی چالاکی پارتی زانانه‌ له‌ناوچه‌کانی ژێر ده‌سه‌لاتی ڕژێم دا.

٣- له‌ماوه‌یه‌کی زۆر که‌م دا له‌گه‌ڵ شه‌ڕی ڕوو به‌ڕووی به‌رگری (جه‌بهه‌وی) و شه‌ڕی پارتیزانی ته‌کتیکی ئاشناو شاره‌زابوون.

٤- جگه‌ له‌وه‌ی هه‌موو پێشمه‌رگه‌یه‌ک چه‌ک و فیشه‌ک و به‌رگ و پێڵاوی له‌لایه‌ن شۆڕشه‌وه‌ بۆ دابین ده‌کرا، مووچه‌ی مانگانه‌شیان هه‌بوو که‌ پێشمه‌رگه‌ی ڕه‌به‌ن ٧٥٠ فلس، و خێزاندار له‌ ٣ تا ٤ دیناری هه‌بوو.

٥- گه‌رچی له‌ڕووی ئامرازه‌کانی شه‌ڕه‌وه‌ ڕژێم زۆر بالا ده‌ست بوو، که‌ خاوه‌نی هێزی ئاسمانی و تانک و زرێپۆش و جۆراوجۆر تۆپ و سوپایه‌کی به‌ژماره‌ هێجگار زۆرتر له‌هێزی پێشمه‌رگه‌ی خاوه‌ن سه‌رچاوه‌ی داهاتی بێ سنوور، له‌چاو شۆڕش و

کەرەسەی گواستنەوەی زۆر بوو، بەلام لەبەرامبەر ئەوانەدا هێزی پێشمەرگە چەکداری بەبیروباوەڕبوون، گەورەترین سەرچاوەی لەبڕان نەهاتویان هەبوو کە سەرچەم گەلی کورد بوو، لەناوچە و شوێنەکانی خۆیاندا شەڕی دوژمنی داگیرکەریان دەکرد کەتەواو تیا شارەزابوون، زۆرتر لە ناوچە شاخاویەکان و دۆل و شیو و زۆرگۆی دەربەندە سەختەکاندا ڕووبەڕووی دوژمن دەبونەوە، دوژمنی سەرەکیان لەلا ڕوون بو، کە ڕژێمی عێراقی بوو بە هیچ کێشەیەکی لاوەکیەوە خەریک نەبون، ڕێکخستن و سیاسەت ڕابەرایەتی هێزی چەکداری دەکرد و هەڵی دەسوڕاند و هێشتا بازرگانانی شەڕ و پسپۆڕانی سوپایی دکتاتۆریان تیایەدا نەبوو بۆ، سەرجەمی دانیشتوانی شار و لادێکان هاوکاری و پشتیوانی پارتی و شۆڕش و پێشمەرگەبوون، و لەهەموو پلان و نەخشە و هەڵسوکەوتی ڕژێم و پیاوانی سەر بەڕژێم شۆڕشیان ئاگادار دەکرد، تەنانەت گەر کەسێکی نەناسراو بچوایەتە دێیەک هەر کەسێکی ناو دێیەکە لەپێشەوە پێی بگەیشتایە داوای پێناسی لێدەکرد و دەیبرد بۆ بنکەی پێشمەرگە یان ڕێکخستن.

زۆربەی زۆری ناوچە دوورەکان و شاخاویەکان و ئەو ناوچانەش کەنەکەوتبونە سەر شارێگەی هاتوچۆی شارەکان، لەژێر دەسەلاتی شۆڕشدابوو، تەنانەت ئەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی ڕژێمیش لەشارە گەورەکان و شارێگاکاندا، لەعەسرەوە بەپراکتیک لەژێر کۆنترۆلی شۆڕشدا بوو تابەیانی زوو.

پارتی وای نەخشە کێشابوو کە سالی ١٩٦٣ سالی شۆڕشی نەتەوەیی و شۆڕشی جوتیاریش بێ و گەورەترین کەرتی ناو کۆمەل و شۆڕشیش کە جوتیاران بوون، بەر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەل لەبەری شۆڕش بخۆن و زۆر و ستەمی دەرەبەگایەتیان لەسەر سوک ببێ.

شۆڕش خاوەنی سەرچاوەیەکی پروپاگەندەی بەهێز بوو کەڕۆشنبیران و خوێندکارانی کوردبوون، هەروەک خاوەن سەرچاوەیەکی داهاتی لەبڕان نەهاتوش بوو کەدانیشتوانی گوندەکانی کوردستان و زۆربەی دەولەمەندەکانی ناو شارەکان بوون، و خاوەن هێزێکی بەرگری بەر فراوانیش بوو کە زۆربەیان جوتیاران و پاشان کوردە چەکدارەکانی ناو ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسی ڕژێم بوون، کە بەردەوام دەهاتنە ناو شۆڕشەوە و هەم ڕیزی دوژمنیان لاواز دەکرد و هەم ڕیزی شۆڕشیان بەهێز دەکرد.

ئەوەی جێی داخە پاش کودەتای بەعسیان، و پاشان کودەتای عبدالسلام عارف بەسەر بەعسیاندا، ئەئەو تین و تاوە، ئەئەو دسپلین و ئیلتیزامە، ئەئەو دڵسۆزی و هەستی شۆڕشگێڕیە، ئە ئەو یەکیەتی و هاوکاری و پشتیوانیە ما، وە ئەشۆڕشیش هەنگاوێکی بەرەو پێشترەوە نا بەڵکە بەپێچەوانەوە کەوتە پاشەکشە.

## ٢- ووتو وێژی ساڵی ١٩٦٣

پێش ئەوەی بەعسیەکان بێنە سەر کار و دەسەلاتی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست، هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشکەوتویان لە بەندیخانەدا بوون، هەر لەو کاتەش هەندێ لە ئەندامانی پارت لەبەندیخانەدا بوون.

بەعسیەکان لە ڕێگەی طاهر یەحیاوە بەڵێنیان بەپارتی دابوو، ئەگەر لەگەڵ قاسمدا ڕێک نەکەون و سوپای قاسم سەر قاڵی شەڕبکەن، بەعسیەکانیش لەگەڵ پارتیدا هاوکاری دەکەن لەنەخشەو پلانی ڕوخانی قاسم و بەڵێن دەدەن کەلە چوونە سەر حوکم دا داخوازیەکانی پارتی کەلە چوارچێوەی لامەرکەزیدا بوو جێ بەجێ بکەن و بەڕێگەی ئاشتیانە چارەسەری کێشەی کورد بکەن، ئەو بەڵێنەیان لەڕێگەی (کەریم قەرەنی) یەوە ناردبوو بۆ پارتی، بەلام بەتەنیا بە دەمی و بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مێژووی بدەن بەدەستەوە، هەر لەسەر ئەو بەڵێنە دەمیە، سەرکردایەتی پارتی و بارزانی بڕیاری هاوکاری کردنی بەعسیەکانیاندا، لەنامەیەکی دوور و درێژی سکرتێری پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد) بۆ بەعسیەکان پێش هاتنە سەر حوکم لەسەر بناغەی دان پێدانان بەماقی ڕەوای کورد و چارەسەری کێشەی کورد لەچوار چێوەی ئۆتۆنۆمی و لەعێراقێکی یەکگرتوودا، وەپێویستە مەسەلەی کورد و چۆنیەتی چارەسەر کردنی لەیەکەم ئاگاداری نامەی سەرکەوتنی بەسەر قاسم دا بلاوبکرێتەوە، و ڕاش بگەیەنن کەسەرەک وەزیرانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان سەرۆک بارزانیە.

گەر خوێنەر بەراوردێکی ئەو دوو بۆ چونەی بەعسیەکان و پارتی بکات، زۆر بەسادەیی لەوە دەگا کەبەعسیەکان چەند شارەزایانە و بەپلان بۆ مەسەلەکەی خۆیان لەچوونە سەر حوکم جولاونەتەوە، و پارتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە بێ بەدەستەوەدانی تەنیا یەک بەڵگەش.

پارتیش چەند بەسادە و ساویلکانە بڕوای بە بەڵێنێکی دەمی بەعسیەکان کردووە و هەموو توانایەکی خۆی تەرخان کردووە بۆ سەرکەوتنی بەعسیەکان، کەلەدوایشدا ڕوونتر دەردەکەوێ.

لەسەعات هەشت و نیوی سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٩٦٣/٢/٨ بەئاگاداریەک هاتنی بەعسەکان بۆ سەر حوکم بەسەرۆکایەتی عبدالسلام عارف و ڕووخانی حوکمی قاسم ڕاگەیەندرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان بێ ئاگا لەهەموو شتێک و نەخشە و پلانێکی بەعسیان، تەنانەت بێ ئاگا لەکات، و ڕۆژی کودەتاش وەک هەموو خەڵکی عێراق و کوردستان کوتوپڕ لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا ڕوو بەڕوو بونەوە. ئاگاداری و ڕاگەیاندنی یەکەمی بەعسیان، بەهیچ جۆرێک ئاماژەی بۆ کێشەی کورد و مافی کورد نەکرد.

هەر لەهەفتەی یەکەمەوە کەبڵاوکراوەکانی بەعس پەیتا پەیتا بڵاودەکرانەوە بێ ئەوەی باسی کوردی تێدابێ، بیروڕای بەپەلە لێدانی هێزەکانی سەر بەحکومەت لەچەندین لاوە دەنگی لێبەرزبووەوە، هەر لەهەندێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە تا دەگاتە سەرلق و ناوچە ڕێکخراوەکان و ناو ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەش، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بیروڕای دان بەخۆداگرتن و چاوەڕێ کردنیش باڵێکی تری سەرکردەو فەرماندەی ناو پێشمەرگەی پشتی بوون، بەسەرۆکی پارتیشەوە.

بەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ ڕووخانی قاسم ڕاگەیەندرا، ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەلایەن بارزانیەوە بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕ لەهەموو کوردستان ڕاگەیەندرا. یەک هەفتە دوای کودەتا دوو کوردی ناسراویان لەوەزارەتەکەی ئەحمەد حسن بکر دانا، کە فوئاد عارف وە بابەعلی شێخ محمود بوون.

هێشتا سەرەتای کێشەی نێوان لایەنگرانی ڕانەگرتنی شەڕو لایەنگرانی ڕاگرتنی شەڕ بوو. لایەنگرانی شەڕ پێیان وابوو کە لەو کاتەدا زەمینەی دەست وەشاندن زۆر لەبارە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- هێشتا حکومەتی نوێ لاواز و دەسەڵاتی بەسەر هەموو سوپادا نیە بەهۆی ئەوەی هێشتا لایەنگرانی قاسم لەناو سوپادا ڕۆڵی گرنگی خۆیان هەیە.

٢- ناسنامەی ئەو حکومەتە تەواو دیارنیە و تێکەڵن لەجۆراو جۆر بیر و ڕاو ئایدیای جیاواز، کەدیارە سوپا و هێزی چەکداری سەربەو جۆرە ڕژێمەش دابەش دەبن بەسەر لایەنگرانی بیر و ڕای جیاجیادا کەناتوانن هێزێکی یەگرتوو بن.

٣- ناسنامەی ڕژێمەکە چ چەند و چۆن دوژمنی سەرسەختی حیزبی شیوعی عێراقی بوون و هەنگاوی یەکەمیان لێدانی حیزبی شیوعی عێراقی بوو لەناو سوپا و لە دەرەوەی سوپا و لە هەموو شوێنێکدا کە دەسەڵاتیان بەسەردا بشکایە، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری شیوعیە عەرەبەکان ڕوو بکەنە کوردستانی ئارام و بەدەر لەدەسەڵاتی ڕژێم، کە ئەمەش لەخۆیدا پەیدابوونی پاڵپشتێکی کەم نەبوو لەو کاتەدا بۆ شۆڕش و هەلێکی باشیش بوو بۆ بەکارهێنانی شیوعیەت و وڵاتە شیوعیەکانیش وەک پاڵەپەستۆیەک بۆ سەر ڕژێمی عێراقی.

٤- هیچ هیوایەک و پێشبینیەک لەیەکەم بانگەواز و پاشان ڕاگەیاندنەکانی تری ئەو ڕژێمە سەبارەت بەکێشەی کورد بەدی نەدەکرا.

٥- ئەو کاتە هەلێکی باش لەبەردەست دابوو بۆ ڕزگاکردنی شاری وەک سلیمانی، کەرکوک، و چەندین شارۆچکەی تر کە بنکەی سوپایی سەر بەو ڕژێمە و لایەنگرانی ئەو ڕژێمەی تیا لاوازبوو.

بەڵگەی لایەنگرانی ڕاگرتنی شەڕیش کە سەرچاوەی هیوایان بوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بەڕێگەی گرتنەبەری ووتووێژ لەگەڵ حکومەتی عبدالسلام عارف و بەعسیاندا، ئەو بەڵێنە دەمیەبوو کە طاهر یەحیا دابووی بەنوێنەرانی پارتی، کە پاش گفتوگۆیەکی زۆری نێوان ئەفسەر و سەرکردەکانی بەعسیان خۆیان بەڵێنیان دابوو گەر کورد هاوکاریان بکا لە ئینقیلابدا بەسەر قاسم دا ئەوانیش گەر سەرکەوتن، ئەک هەرمافی کورد لەلامەرکەزیدا جێبەجێ کەن بەڵکە دان بەئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراقی دا بنێن، وەگەر سەریش نەکەوتن، پارتی بەڵێنی پاراستنیان بداتێ لەکوردستان دا و لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا.

تەنانەت هێندە بڕوایان بە عبدالسلام و بەعسیان هەبوو کە پێیان وابو شۆڕشی کورد بەتەمانی حوکمی قاسم گەیشتۆتە ئامانجەکانی خۆی، بەو بیانوەی کە پێش هاتنە سەر حوکمی بەعسیان داوایان لەپارتی کردبوو کەناوی شەش هەڵبژاردەی خۆیان بدەن بەبەعسیەکان، بۆ ئەوەی لەهاتنە سەر حوکمدا بەشداری وەزارەتەکەی بەعسیان بکەن، جگەلەوەش لەو کۆبونەوە دوو قۆڵیەی کەبەتەنهێنی لەنێوان نوێنەری پارتی صالح یوسفی و نوێنەری بەعسیان ئەمینداری گشتی سەرکردایتی هەرێمایەتی بەعسی علی صالح السعدی پێش هاتنە سەر حوکمی بەعسیان، علی صالح السعدی بەڵێنی دەمی بە صالح یوسفی دابوو کەلەنێوان پارتی وبەعسدا لامەرکەزی

جارێکی تر باس ناکرێتەوە، چونکە ئەو نازناوە لەسەردەمی قاسمەوە پەیدابووە، بەڵکە دەبێ مافی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دا لە حوکمی بەعسیان دا جێبەجێ بکرێ.

لە هەشت و نیوی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ دا یەکەم بانگەوازی بەعسیان ڕاگەیەندرا بەڕووخانی حوکمی قاسم کە هێشتا هەر ناوەندی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن گیرابوو و قاسم لە بارەگای وەزارەتی بەرگریدا هێشتا مابوو، لە سەعات ٩،٥ دا بروسکەی پیرۆزبایی کورد لەبەعسیان بەناوی صالح یوسفی و فوئاد عارفەوە بڵاوکرایەوە، کەشەوکەت عقراوی دای ڕشتبوو لە ژێر نازناوی ((دەست لە ملانێی دوو شۆڕش _ تعانقت الثورتان )).

یەکەم ڕۆژ و دووەم ڕۆژ و پێنجەم ڕۆژیش بەسەر کودەتای بەعسیاندا تێپەڕی و بەسەر دەست لەملانێی هەردوو شۆڕشدا، بەڵام ئەناوی وەزیرێکی کورد لەو شەش ناوەی دراببوبیانێ بخرێتە وەزارەتەوە و نەتەنیا ڕستە باسێکی مەسەلی کوردیش لەشێزگەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەعسیان بڵاونەکرایەوە. جگە لەوەش بەسەدان دۆستان و لایەنگرانی پارتی بەتۆمەتی شیوعیتییان خرانە زیندانەکانەوە، کەباشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیەش ئەو ڕوونکردنەوە نارەزایی ئامێزەبوو کە حبیب محمدکریم و یدالله عبدالکریم ئەندامانی ناوەندی پارتی بەدارشتنی جرجیس فتح الله، دایان بە حکومەتی عبدالسلام عارف. بەڵام لەکوردستان ولەناو شۆڕشی کورد دا هیوای ئاشتی و بڕوابون بەبەعس لەلوتکەی بیری سەرانی کورد دابوو.

## ٢-١ بەرنامەی پارتی و بارزانی

یەکەم نوێنەرانی پارتی بۆ گفتوگۆ (سالح یوسفی و جەلال تاڵەبانی) لە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٩ دا گەیشتنە بەغداد و لەگەڵ نوێنەرانی بەعسدا بەسەرۆکایەتی تایەر یەحیا کۆبونەوە.

نوێنەرانی پارتی پرۆژەی خۆیان خستە بەردەم نوێنەرانی ڕژێم بەناوی پرۆژەی لامەرکەزی کەلەناوەرۆکدا پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بوو، کەلەدوییدا دەقەکەی دەخەینە ڕوو.

نوێنەرانی ڕژێم نەک هەر بەو پڕۆژەیە قایل نەبوون، بەڵکە داوایان لە نوێنەرانی پارتی کرد کە جارێ پەلە لە پڕۆژەکەیان نەکەن چونکە گرنگتر لەوە هەنگاونانە بۆ پڕۆژەی یەکیەتی نەتەوەیی عەرەبی و یەکیەتی نێوان عێراق و میسر و سوریا.

لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٢ دا نوێنەرانی ڕژێم کە بریتی بوون لە تایەر یەحیا و بابە علی و فوئاد عارف و حەیدەر سولەیمان بە سەرۆکایەتی تایەر یەحیا گەیشتنە گوندی (کانی ماران) کە سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە و قەزای ڕانیەیە و لەگەڵ نوێنەرانی پارتی بە سەرۆکایەتی مەلامستەفای بارزانی کۆبونەوە.

پارتی داواکاریەکانی خۆی خستە ڕوو کە لە دوو بەش پێکهاتبون:

<u>یەکەم</u>: ئەو داواکاریانەی کە پێویست بوو لە هەنگاوی یەکەمی گفتوگۆدا جێبەجێ بکرێن وەک بەڵگەی پیشاندانی نیاز پاکی و دڵنیایی کردنی کورد لە چارەسەرکردنی کێشەکەی بە ئاشتی کە پێکهاتبوو لە:

ا) بەردانی هەموو کوردە سیاسیەکان.

ب) کشانەوەی سوپای عێراقی لە کوردستان بۆ بنکە و سەربازگاکانی پێش دەست پێکردنی شۆڕش.

ج) هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕەسمی بە بەشێک لە سوپای عێراقی بناسرێ و پارێزگاری ئاسایشی کوردستان و سنووری پێ بسپێردرێ.

د) دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لە کوردستاندا هەمووی لە کوردەکان دابنرێ.

هـ) هەموو قوتابخانە داخراوو ڕوخاو یەک کەوتوەکان بکرێنەوەو دروست بکرێنەوە و خوێندن بە زمانی کوردی بێت تادوا پلەی ئامادەیی.

و) کورد بەشی هەبێت لە داهاتی نەوتی کەرکوک دا.

<u>دووەم</u>: ئەو داخوازیەی کە لە هەنگاوی دووهەمدا جێبەجێ بکرێت بریتی بوو لە پڕۆژەی لامەرکەزی پارتی.

دوای گەڕانەوەی نوێنەرانی ڕژێم، ڕژێمی بەعسیان بە ڕاگەیاندنێکی وەزیری دەرەوەی عێراقی (تالب حسین شبیب) وەڵامی داخوازیەکانی کوردی لە ٦٣/٣/١٦ دا بەم جۆرە دایەوە:

«ئەو داخوازیانەی بارزانی بەلای ئێمەوە پەلپ و بیانوو گرتنە بۆ ڕێگەگرتن لە ئاشتی، وە جێگەی شک و گومانیشە لە بارزانی و پارتی کە ئایانە وێ یەکیەتی عێراق و نەتەوەی عەرەبی بپارێزن، بە تایبەتی لەم کاتەدا کە پێویستە چاو لە داخوازیەکانیان بپۆشن و پشتگیری لە شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان بکەن، وە ئەگەر

بارزانی وپارتی هەر سووربن لەسەر ئەو داخوازیە بیانوگرانەیە، ئێمە ناچار دەبین کە بەتوندی دژیان بوەستین، و بۆ تواناو دەسەلات و هێزی سوپای عێراقیش زۆر ئاسانە تێکشکاندنیان».

بەرنامەی رژێم

لە ١٩٦٣/٣/١٩ دا رژێمی عێراقی یەک لایەنە راپگەیاند کە دانی بەمافی کورد دا تا، لەچوارچێوەی لامەرکەزیدا کەبەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

پرۆژەی لامەرکەزی لەژێر ناوی (یاسای ناوچەیی _ قانون المحافظات)

١- ناوچەی لامەرکەزی کوردەی پێکدێت لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگا هەولێر و ئەو قەزا و ناحیانەی سەر بەپارێزگای موسڵ کەزۆربەیان کوردن.

٢- پارێزگاری سلێمانی هەولێر لەکورد دادەنرێن و بەرێوەبەرانی هەموو فیداراتی ئەو دوو پارێزگایە جگە لە(ئەمن و ئیستخبارات) لە کوردبن.

٣- خوێندن لە سلێمانی و هەلێر و قەزاو ناحیەکانی دهۆک و ئامێدی و شاکری و زیبار لەقوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی بە کوردی بن.

٤- کورد دوو وەزیریان لە کابینەی ئەحمەد حەسەن بەکر دا دەبێ.

٥- لێبوردنی گشتی دەردەکرێ بۆ هەموو کوردە گیراوەکانی بەهۆی رووداوەکانی زۆرووی وولات.

٦- بژاردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەناوچە کوردیەکان کەوتوە بەهۆی رووداوەکانی ژوورو لەسەردەمی حوکمی دکتاتۆری قاسم دا.

ئەو راگەیاندنەی رژێم لە هەموو ئێزگەکانی لەندەن و دەنگی ئەمەریکا و ئیسرائیل و زۆربەی رۆژنامەکانی بیانیدا بلاوکرایەوە بەتایبەتی رۆژنامەی لۆمۆند کەلە ١٩٦٣/٣/١٢ دا دەقەکەی بلاوکردەوە، ئەو کارەی رژێم هەڵلایەکی گەورەی لە دەرەوەی عێراق سازکرد، کە رژێمی عێراقی بە ئاشتیانە کێشەی کوردی چارەسەر کردوە، بەتایبەتی دوای ئەو کۆرە رۆژنامەگەریەی کە (علی سالح السعدی) جێگری سەرەک وەزیرانی عێراقی لە شاری دیمەشق پایتەختی سوریا گرتی و باسی خاڵە ناکۆکەکانی نێوان پرۆژەکەی خۆیان و پرۆژەی پارتی کردبوو لە ٦٣/٣/١١ دا.

بانگەوازەکەی رژێم بووە هۆی پەرەسەندنی گێرمەو کێشەی نێوانی لایەنگرانی بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ و لایەنگرانی بڕینی گفتوگۆ و شەڕکردنەوە.

لایەنگرانی بڕینی گفتوگۆ و شەڕکردنەوە بەڵگەکانیان ئەمانەی خوارەوە بوو :

١- لەسەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی پرۆژەی لامەرکەزیەکەی ڕژێم دەردەکەوێ بەعسیەکان کە لەهەموو بەڵێنەکانی خۆیان کەپێشهاتنە سەر حوکم لەڕێگەی ئاهر بەجیاوە دابویان بەبارزانی و پارتی پەشیمان بونەتەوە و کوردیان هەڵخەڵەتاندوە .

٢- ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەیە لەلایەن ڕژێمەوە بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی و وولاتانی دەرەوەی سەربەهەردوو ئوردوگای ڕۆژئاوایی و سۆسیالیستی و وولاتە عەرەبیەکانیش بووە کەڕژێمی بەعسیان ویستویانە دیموکراتیانە کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکەن .

٣- ڕای گشتی و کوردیش بەگشتی تووشی دوو بەرەکی بکەن و بەتایبەتی کوردە بێ لایەن و لاوازەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ئابوری پێنجەمیان لێدروست بکەن .

٤- درێژەدان بەگفتوگۆ بەسودی ڕژێمە کەدەبێتە مایەی چاندنی تۆوی ناکۆکی لەڕیزەکانی پارتیدا .

٥- درێژەدان بەگفتوگۆ هەل بۆ ڕژێم دەڕەخسێنێ تابتوانێ شوێن پێی خۆی لەخواروو و لە ناوەڕاست و کوردستاندا پتەو بکات.

٦- درێژەدان بوگفتوگۆ دەبێتە هۆی بێلایەن کردنی شۆڕشی کوردستان لەو شالاو و پەلامارە دڕندانەیە کە بەعسیەکان دەیان کردە سەر حیزبی شیوعی عێراقی بۆ لەناو بردنیان و نەهێشتنی ئەو کۆسپەی بەردەمیان، پاشان دەست بەتاڵیان بۆ لێدانی شۆڕشی کوردستان .

بەلام لایەنگرانی گفتوگۆ و شەڕنەکردنەوە، ڕایان وابو کەپێویستە دان بەخۆداگرتن و ڕێگە لەو پلانەی ڕژێم بەبەستنەوە کە کورد بەشەڕ خوازی تاوانبارکات، بۆیە لەسەر بڕیار و فەرمانی مەلامستەفای بارزانی سەرۆکی پارتی، کۆبونەوەیەکی زۆر فراوان لەشاری کۆیە کرا، بۆ لایەلاکردنی کێشەی گفتوگۆ یا بڕینی و شەڕکردنەوە .

لە ٦٣١٣١١٧ دا کۆبونەوەی فراوان دەستی پێکرد کە هەموو ئەندامانی م.س و سەرکردایەتی و لقەکان و ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی پارتی و فەرماندەکانی پێشمەرگە و زۆربەی پیاوەناسراو وناودارەکانی عەشایەری کوردی تیا بەشداربوو، لەدوای مشت و مڕێکی زۆری دوو ڕۆژی، لە ٣١٢٤ دا بڕیاردرا کە هەیئەتێک بەناوی ئەنجومەنی تەنفیزی پێکبهێنرێ ئەو ئەنجومەنە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پارتی

بڕیاری شەڕ یان بەردەوامی گفتوگۆ بدات. ئەنجومەنەکە سەبارەت بە زۆری ژمارەی عەشایەر، زۆربەی ئەندامانی لەسەرەک عەشرەت و هۆزو تیرەکان پێکهاتبوو، بەشێکی تریش لەفەرماندەکانی پێشمەرگە و کەسایەتیە ناسراوەکانی هاورێکانی بارزانی لەسۆڤیەت و چەند ئەندامێکی م.س و سەرکردایەتی پارتیش.

## ٢-٢ خەباتی دبلۆماسیانەی پارتی

هەر لە ٦٣/٣/١١٩ دا ئەنجومەن بڕیاری درێژەپێدانی گفتوگۆیان بە زۆربەی دەنگ دا، و جەلال تاڵەبانیشیان بەنوێنەر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تەنفیزی شۆڕش یەکەم سەرەتای قووڵ بوون و پەرەسەندنی کێشەکانی ناوخۆی پارتی بوو بەسوودی سەرۆکی پارتی مەلامستەفا، و بەتێکشکانی م.س و سەرکردایەتی چونکە !

١- مەلامستەفا لە بازنەی سەرەتای مل کەچی کەمایەتی بۆ زۆربە(مبدأ خضوع الاقلية للاكثرية) دەرچوو ئەو بازنەیەی بە پێکهێنانی ئەنجومەنی تەنفیزی شکاند.

٢- دەسەڵاتی سەرکردیەتی کردنی شۆڕش و پارتی لەدەست لیژنەی مەرکەزی و م.س دەرهێنار دایە دەست ئەنجومەنی تەنفیزی کە هەر خۆی بڕیار دەر بوو تیایدا

ئەنجومەنی تەنفیزی و کۆبوونەوەی ناسراو بە کۆنگرەی کۆیسنجەق لەبەرامبەر پرۆژەکەی ڕژێم، پرۆژەیەکی گونجاو بۆ باروودۆخی ئەوسای شۆڕش و کوردستان و عێراق دارشت لەژێر ناوی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی، وەبێ ئەوەی لەرۆژنامە و بلاوکراوەکانی پارتی بلاوی کەنەوە، لەرێگەی نوێنەرانی شۆڕشەوە گەیاندیانە دەست ڕژێمی عێراقی، کە دواجار لە ٦٣/٦/١١٠ دا لە ڕۆژنامەی خەبات و بەبەیانیش بلاوکرایەوە بۆ جەماوەری کوردستان.

نوێنەرانی شۆڕش بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی پرۆژەی ئۆتۆنۆمیە پەسەندکراوەکەی کۆنگرەی کۆیەی خستە بەردەم نوێنەرانی بەعسیان، دوای ئەوەی کە تاڵەبانی ١٢ رۆژ لەبەغداد مایەوە چاوەڕێی ئەنجامی مشت و مڕی بەعسیەکان و سەرانی حوکمی بەغدادی دەکرد لەسەر پرۆژەکە، بەلام بێ ئەنجام وەک لەنامەیەکی سەرکردایەتی بۆ لیژنەی ناوچەی رانیەدا هاتبوو کە لە رێگەی لقی ٤ وە نێردرابوو دەڵێ:

(( رژێمی عێراقی بەبیانووی وتووێژە سێ قۆڵیەکەی نێوان عێراق-سوریا-میسر لە قاهیرە
دا بۆ پێکهێنانی یەکیەتی نێوان ئەو سێ وڵاتە، داوامان لێدەکات کە چاوی پێ لەسەر چێ
بەجێ کردنی داخوازیەکانی خۆمان داتەگرین و پرۆژەکەشمان بە جۆرێکی وا فۆرمەکەی
داڕێژین کە نەبێتە کۆسپ لەبەردەم یەکیەتی نەتەوەیی عەرەبیدا، وەرژێمی عێراقیش دیسان
داوا لە نوێنەرمان جەلال تالەبانی دەکات کە بچێتە قاهیرە و سەردانی سەرۆک عبدالناصر
بکات تا لە ڕای ئەویش لەسەر مەسەلەی کورد بگات، چونکە گەر وتووێژی قاهیرە
سەبارەت بە (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو) سەرکەوێ دەبێ مەسەلەی کوردیش لە چوار
چێوەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا چارەسەر بکرێ )).

پارتی ئەو مەهانەیەی ڕژێمیشیان بڕی و جەلال تالەبانی وەک نوێنەری کورد لە ٦٣\٥\١٣ دا چوو بۆ قاهیرە و لەوێ چاوی بە عبدالناصر کەوت.

ئەو ڕاستیەی لەو سەفەرەدا بۆ نوێنەری کورد دەرکەوت درۆزانی و دوو ڕوویی بەعسیان بوو بەرامبەر کێشەی کورد.

لەلایەکەوە بیانوویان بۆ جێبەجێ نەکردنی پرۆژەی داخوازی کورد دەگێڕایەوە بۆ بارودۆخی کۆبونەوەی قاهیرە و وەرگرتنی ڕەزامەندی میسر و سوریاش لەسەری، لەلایەکی ترەوە کە سەرەک عبدالناصر داوای بەشداری کردنی نوێنەری کوردی دەکرد لەکۆبونەوەی سێ قۆڵیەکانی میسر و عێراق و سوریا، نوێنەرانی عێراق دژی ئەو ڕایە دەوەستان و کێشەی کوردیان بەمەسەلەیەکی تایبەت بەناوخۆی عێراق باس دەکرد و پێویست بەباس کردنی کێشەی کورد لەو کۆبونەوانەدا ناکات.

دوای گەڕانەوەی تالەبانی لە قاهیرە بەکۆمەڵێک بیروڕای باشی عبدالناصر لەسەر مەسەلەی کورد بۆ بەیروت و لەوێ کۆڕێکی ڕۆژنامەگەری گرت و دەری خست کە بەعس و عبدالسلام هیچ نیازێکی چارەسەری کێشەی کوردیان نیە.

له ٦٣/٤/٢٤ دا نوێنەری کورد جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە و بیروڕای خۆی لەسەر عبدالناصر و عبدالسلام و بەعس و لەمەڕ گفتوگۆ بە بارزانی و سەرانی پارتی گەیاند و بێ هیوایی تەواویشی بەرامبەر درێژەدانی گفتوگۆ دەربڕی.

دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی بۆلای بارزانی وسەرانی پارتی بەچەند ڕۆژێکی کەم و بێ ئاگاداری پارتی و بارزانی، وە یەک لایەنە، ڕژێمی عێراقی لە ٦٣/٦/١٠ دا لەئێزگەی بەغدادەوە درێژەی پرۆژەکەی خۆیان لەژێر ناوی (قانون المحافظات) و پاشان ڕاگرتنی گفتوگۆ و شەڕ دەست پێکردنەوەی ڕاگەیاند.

پ ارتیش هەم لەڕۆژنامەی خەبات و هەم لەئێزگەکەی خۆیەوە و هەم بەبڵاوکراوەش دەقی پرۆژەی ئۆتۆنۆمیەکەی خۆی کە دابوی بەڕژێم لە ٦٣/٦/١٤ دا بڵاوکردەوە کە لەبەر گرنگی پرۆژەکە بۆ ئەو کاتە دەقەکەی دەخەینە ڕوو:

## ڕاگەیاندنێک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە
## دەربارەی ئۆتۆنۆمی

١- جێگری سەرەک کۆمار

جێگری سەرەک کۆماری عێراق کورد بێ وە بەهەڵبژاردن لەلایەن دانیشتوانی ئیقلیمی کوردستانەوە هەڵبژێردرێ، بەو جۆرەی کەسەرەک کۆمار لەعێراقدا پێ هەڵدەبژێردرێ. و شوێنی کارکردنی ئیقلیمی کوردستان دەبێ، دەسەڵاتەکانیشی بەو جۆرە دەبێ کە دەستوری هەمیشەیی کۆماری عێراق و حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان و دەستوری ئەنجومەنی تەنفیزی ئیقلیمی کوردستان بۆی دیاری دەکات.

٢- ولایەتی کوردستانی ئۆتۆنۆمی

ئەنجومەنی وەزیرانی ئیقلیم یا ولایەت یا هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆمی لەم وەزارەتانە یا لەم بەڕێوبەرایەتیانەی خوارەوە پێکدێت:

أ) معاریف: هەڵدەستێت بەهەموو ئەرکەکانی وەزارەتی معاریفی عێراقی لەکوردستاندا تا ئەو ڕادەیەی کەپەیوەندی بەکوردستانەوە هەبێ.

<u>تێبینی:</u>

یەکەم: ژمارەی قوتابیە کوردە وەرگیراوەکان لە دانیشگاکانی عێراقدا دەبێ تەواو جووت بێ لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق، تا دامەزراندنی دانیشگای کوردستان.

دووەم: دەبێت وەزارەتی معاریفی عێراقی ساڵانە ژمارەیەک لەخوێندکارەکانی هەرێمی کوردستان بنێرێتە دەرەوەی وڵات، بە (زمالە) یا (بعثة) کە ئەو ژمارەیە جوت بێت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی بۆ دانیشتوانی عێراق، وە بەپێی ئەو مەرجانەش بێت کەوەزارەتی معاریفی حکومەتی لامەرکەزی دەری دەکات.

سێیەم: بۆ وەزارەتی معارفی حکومەتی لامەرکەزی هەیە کە (زمالە) بۆ خوێندکارەکانی وەربگرێ و (بعثات) بنێرێتە دەرەوە بەپێی پێویست، بە وەرگرتنی ڕای وەزارەتی معارفی ناوەند.

ب) تەندروستی

وەزارەتی تەندروستی لەحکومەتی لامەرکەزیدا بەو ئەرکانە هەڵدەستێ کە وەزارەتی تەندروستی عێراقی لە ناوەند دا پێی هەڵدەستێت.

ج) ناوخۆ

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی لامەرکەزی بەهەمان ئەرک هەڵدەستێت لەحکومەتی لامەرکەزیدا کە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لەناوەندا پێی هەڵدەستێت.

د) وەزارەتەکان (یان بەڕێوبەرایەتیەکان )ی اشغال، نیشتەجێ کردن، هاتوچۆ، داد، چارەسەری کشتوکاڵی، کشتوکاڵ، کاروباری کۆمەڵایەتی، شارەوانی، ئەم وەزارەتانە (یا بەڕێوبەرایەتیانە )ش لەحکومەتی لامەرکەزیدا بەهەمان ئەو ئەرکانە هەڵدەستێ کە ئەو وزارەتانە لەحکومەتی ناوند دا پێی هەڵدەستێ.

تێبینی:

دەکرێ تاکو ئەرای ئەو وەزارەتانە لەحکومەتی لامەرکەزیدا پێکەوە بلکێنرێن، بۆ کەم خەرجی یا لەبەر ویکچوونی کارەکانیان.

هـ) وەزارەتی کاروباری ئابووری

ئەم وەزارەتە لەحکومەتی لامەرکەزیدا بەوکارانە هەڵدەستێ کە لەحکومەتی ناوند دا دراوەتە وەزارەتی پیشەسازی، و نەخشە، و نەوت، سەبارەت بەکاروباری دارایی و بازرگانی و ئابووری کوردستان.

و) وەزارەتی بەرگری

١- وەزارەتی بەرگری تەنیا لەناوەند دا دەبێ.

٢- جێگری وەزیری بەرگری وجێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا کورد بێ.

تێبینیەکان :

یەکەم/ سوپای عێراقی هەر بەناوی خۆیەوە دەبێ، بەلام گەر ناوی سوپی عێراقی گۆڕا بۆ نموونە بۆ سوپای کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، ئەوسا ئەو بەشەی کەلە هەرێمی کوردستان ناو دەنرێ سوپای کوردستان.

دووهەم/ سوپای کوردستان پێک دێ لە کۆکراوەی ئەو سەرباز و دەرەجە دارانەی خەلکی هەرێمی کوردستان کە لە سوپای عێراقیدان، وە دەبێ ئەفسەراتی ئەو سوپایە لە کەسانی دانیشتواتی هەرێمی (نا ناوەندی) لامەرکەزی بێ.

سێیەم/ بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەتی لامەرکەزی یا ئەنجومەنی نیشتمانی لامەرکەزی، بۆ حکومەتی عێراقی نیە هێزی زیادە بنێرێتە ناوچەی کوردستان، تەنها لە کاتی پەلاماردان نەبێ لەلایەن وڵاتێکی دەرەوەی عێراقەوە بۆ سەر عێراق، یان لە کاتی مەترسی هێرشی سوپایی وڵاتێکی تر بۆ سەر سنووری عێراق لە کوردستانەوە. بە مەرجێ ئەم بڕگەیە نەبێتە ڕێگر لە سوپای عێراقی بۆ هەلسانی بە مەشقی ئاسایی یا مناوەرات لە هەرێمی کوردستاندا، پاش ئاگادارکردنی حکومەتی لامەرکەزی بە کات و شوێنی مەشق و مناوەرەکان.

چوارەم/ فەرماندەی گشتی ئەو سوپایەی لە کوردستان دەبێ، بە دەستنیشان کردن لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە دادەنرێ، وە ئەگەر بێ پرس و ڕای حکومەتی لامەرکەزی لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە داندرا، ئەو کاتە ئەنجومەنی نیشتمانی لامەرکەزی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە.

پێنجەم/ نیە سوپاییەکانی حکومەتی لامەرکەزی کە لە کوردستاندا دەبن بۆیان نیە بێ ئاگاداری و داواکاری و ڕەزامەندی حکومەتی لامەرکەزی یان ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بە هیچ جموجولێکی سەربازی هەلسن.

شەشەم/ لەسەر دامودەزگا سوپاییەکانی عێراق پێویستە ژمارەی خوێندکارەکانی دانیشتوانی هەرێمی لامەرکەزی بەو ڕادەیە وەرگرن کە جووت بێت لەگەل ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق، تا ئەو کاتەی ئەو دەزگا سوپاییانە لە کوردستاندا دادەمەزرێ (مەبەستی کلیەی عسکریەیە.

حەوتەم/ دەکرێ بۆشاییەکانی ناو سوپای هەرێمی کوردستان پڕ بکرێتەوە بە کادرە سوپاییەکانی عێراقی، تا ئەو کاتەی لە هەرێمی کوردستاندا پێ دەگەن و فەراهەم دەکرێ.

٣- داهاتەکانی بودجەی لامەرکەزی

داهاتی حکومەتی لامەرکەزی پێکدێت لەو باجانەی کە لە هەرێمی لامەرکەزی وەردەگیرێ، وە لەو بەشەی کە بەری دەکەوێ لە داهاتی نەوت و گومرگ کە پێک دێت لە نیوەی داهاتی نەوتی کوردستان و ڕێژەی داهاتی گومرگ لە عێراقدا بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق، یان نیوەی داهاتی نەوتی عێراق، یان بەشێکی گونجاو لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق لە هەموو داهاتێکی عێراقدا.

<u>تێبینی</u>

یەکەم: دەبێ لە هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی مەرکەزیدا جێگرێکی هەبێ لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و بە پاڵاوتنی لەلایەن حکومەتی لامەرکەزیەوە.

دووەم: دەبێ ژمارەی ئەو مووچەخۆر و فەرمانبەرانەی کە پێویستە لە وەزارەتەکانی عێراقدا کار بکەن و لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بن، ڕێژەیان کەمتر نەبێت لە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق.

سێهەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی حکومەتی لامەرکەزی بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەبێ، وە هەمان دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەبێت لە سنووری هەرێمی کوردستاندا لەوەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێ، بەمەرجێ پێچەوانەی دەستوری کۆماری عێراقی نەبێ. جگە لەوانەی باس کران، دانانی یاسا گشتیەکان لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیدایە، بەڵام نە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و نە هیچ دەسەڵاتێکی تر بۆی نیە یاسایەک دابڕێژێ کە لە دەسەڵاتی لامەرکەزی و ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان کەم کاتەوە یان کۆسپ بێ لە بەردەم جێبەجێ بوونی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە چوارچێوەی دیاریکراوی سەرەوەدا. هەروەها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیدایە بودجەی حکومەتی لامەرکەزی پەسەند بکات.

٤- مافی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان:

هەموو مافێکی ڕۆشنبیری، وئابووری، و کۆمەلایەتی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان وەک برا تورکمان و ئاشوری و ئەرمەنیەکان و ئەوانی تر پارێزراو دەبێ، بە کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان و زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیان و بەرەو پێشەوە بردنیان، وە یەکسانیان لەگەڵ کورد و عەرەبی هەرێمی کوردستان، لە هەموو ئەرک و مافێکدا.

٥ - نابێ بە هیچ جۆرێک حوکمی عورفی لە سنووری هەرێمی لامەرکەزیدا ڕابگەیەندرێ، مەگەر پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی لامەرکەزی، وە ئەگەر ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە پێویست بوو وە ئەنجومەنی نیشتمانی لامەرکەزی لە کاتی پشوودا بوو دەتوانرێ ڕابگەیەنرێ بە مەرجێ دوای پشووی ئەنجومەن بە یەک هەفتە کۆببێتەوە بۆ دانی ڕەزامەندی لەسەری.

هێشتا بە ئاشکرا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە لایەن بەعسەوە ڕانەگەیەندرابوو، هێشتا نوێنەرانی پارتی بۆ گفتوگۆ (جگە لە جەلال تالەبانی) لە بەغدا بوون و چاوەڕێی وەلامی سەرانی حکومەتیان دەکرد، سەرانی ڕژێمی بەعس کەوتنە پەلاماردانی ئەندامانی پارتی و گرتنی نوێنەرانی پارتی بۆ گفتوگۆ، کە ئەوە بۆ یەکەم جار بوو حکومەتێک وەک تاقمێکی چەتەگەر ڕەفتار بکات نەک وەک دەوڵەت.

لە ٦٣/٦/٩ دا بەعس بەیانی (المجلس الوطني لقيادة الثورة)ی بلاوکردەوە سەبارەت بە نەمانی گفتوگۆ و شەڕ دەست پێکردنەوە، وە لە ٦٣/٦/١٠ دا پرۆژەی دابینکردنی مافی کوردی لە چوارچێوەی (قانون المحافظات) دا بلاوکردەوە.

دوای بەردەوام بوونی بەعس لە ماوەی چوار مانگدا بۆ قەلاچۆکردنی شیوعیەکان، وپاش هەڵتەکاندنی هەموو بنکە و دەسەلات و توانای سیاسی و عەسکەری شیوعیەکان لە ماوەی ٦٣/٢/٨ تا ٦٣/٦/٩ کەوتنە هێرش و پەلامارێکی زۆر و دڕندانە بە هەموو هێز و توانای سوپایی زەمینی و ئاسمانیەوە بۆ سەر کوردستان. تەڕ و وشکی پێکەوە سوتان،کەوتنە بۆردومان کردنی لادێ و شارۆچکەکانی کوردستان و سوتاندنی هەموو بەروبومی کشتوکاڵی و هەموو دارستانە سروشتیەکانی کوردستان، شاخ نەما دەشت نەما لە کوردستاندا نەی سوتێنێ، ئابلوقەیەکی ئابووری دڕندانەی خستە سەر کوردستان، دڕندەترین کەرتەکانی سوپای عێراقی ناردە ناو شار و شارۆچکە ماوەکانی کوردستان، بۆ دەست کردن بە گرتن، ئەشکەنجە کردن و تۆقاندن بە کۆمەڵ.

ڕۆژی ٩/حزیران/٦٣ یەکێکە لە ڕۆژە ڕەشە پڕ لە لەکەدارەکانی بەعس لە ناو مێژووی کوردا کە ڕۆژی ڕەشی ٦ ی ئەیلولی شاردەوە. بە سەدان کەس گیران، بە دەیان کەس ڕەشەکوژ کران و بە دەیان کەس لە کەسانی ڕۆشنبیر و مامۆستا و

کاسب و فەرمانبەر و کرێکار زیندەبەچاڵ کران. ژمارەی کوژراو هێندە زۆربوو کە خەڵکی نەیاندەپەرژایە سەر شاردنەوەی کوژراوەکان لەگۆڕستانەکاندا،زۆربەیان لەناو حەوشی ماڵەکانی خۆیاندا نێژران. ڕەفیق چالاکی خوالێخۆشبوو ئاوازی بۆ شیعرێکی دوورودرێژ کە لەسەر ئەو ڕۆژە دانرابوو دانا و بە کاسێت بڵاوکرایەوە.

زەعیم سدیق کە سەرپەرشتکاری ئەو کەرتە سوپاییە و باندە مافیەکەی بوو، هەر چەند ڕۆژ جارێک گۆلمەزێکی خویناوی بە دانیشتوانی شاری سلێمانی دەگێڕا، بە تایبەت لەوکاتانەی کە سوپاکەی لە بەرەکانی شەڕی عەرەبەت، سیدسادق، دەربەندیخان، دوکان، خەڵەکان و ڕێگەی چەمچەماڵدا بشکایە.

لە هەولێریش (بدرالدين علي) شتێکی ئەوتۆ کەمتری لە زعیم سدیق نەکرد.

## ٢-٣ هەڕەشەوگورەشەی بارزانی لە کادرانی پارتی و کێشەی نێوان لێژنەی ناوچەی ڕانیە و سەرەک عەشرەتەکان

ئەو بڕیارانەی کە لێژنەی ناوچەی ڕانیە لە ٦٢/١٢/٢ دا سەبارەت ڕێکوپێک کردنی کاروباری ڕێکخراوەیی و جوتیاری ناوچەکە دابووی، لە کاتی ڕوتووتیژی نێوان پارتی و بارزانی و بەعسیاندا هەندێکی ڕاگیرا و هەندێکی کاری پێکرا

تاکو گفتوگۆی ساڵی ٦٣ لەگەڵ بەعسدا، مەلا مستەفا هێشتا نەگەیشتبووە ناوچەی خۆشناوەتی و ڕانیە و بتوێن و ئاکۆیەتی، بەهۆی گفتوگۆ و هاتنی مەلا مستەفا بۆ کانی ماران بۆ کۆبونەوە لەگەڵ نوێنەرانی بەعس، و سەبارەت بە زەق بوونی ناکۆکی نێوان م.س و بارزانی، ئیتر مەلا مستەفا کەوتە دانانی نەخشە و پیلانی گەڕان بە ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی م.س دا بە تایبەتی ناوچەی باڵەیی و باڵەکایەتی و خۆشناوەتی و ئاکۆ و بێتوێن و پشدەر، بە مەبەستی ڕاکێشانی دۆست و لایەنگران و ئەندامانی پارتی و سەرەک هۆز و تیرە و عەشیرەتەکان بەلای خۆیدا و پاشان داکوتانی بنکەیەکی بەهێزی خۆی لە هەر یەکێک لەو ناوچانە و چۆڵکردنیش بە دەسەڵاتی پارتی و م.س.

بە گەیشتنی مەلا مستەفا بە گوندی (بێتواتە)ی خۆشناوەتی، بارەگابەکی کاتی تیا دامەزراند، کە بارەگای هێزی کارەشی لێ بوو بە فەرمانداریی عومەر مستەفا (عومەر دبابە)،

ڕۆژی ٦٣/٥/٢٧ لێپرسراوی ناوچە مجید گورگ و حسین علی ڕەزا ئەندامی ناوچەی ڕانیە و من سەرلەبەیانی بوو لەبەر هەتاوەکە لەبەردەم بارەگای ناوچەدا دانیشتبووین لە (سەروچاوە) ی بێتواتە، چەکدارێک لە پەرزانییەکەوە خوار بەرەو ئێمە دەهات، گەیشتە لامان و هەواڵی مجید گورگی پرسی و نامەیەکی پێچراوەی دایە دەستی. مجید گورگ نامەکەی خوێندەوە لە سیمایدا بەدیم کرد ڕەنگی گۆڕا، پاشان حسین و منیش نامەکەمان خوێندەوە هی مەلا مستەفا بوو بۆ لیژنەی ناوچەی ڕانیە، کە تەنیا بریتی بوو لە دوو دێرێک بە پیتی شاش و گەورە نوسراو بەم جۆرە:

بۆ لیژنەی ناوچەی ڕانیە بە سببی ڕەفتاری ناشرین و خراپتان لەگەڵ کەسانی دڵسۆز و خۆشەویستی من و شۆڕشدا، سبەینێ سەعات ١٠ ی بەیانی لە بارەگا ئامادە بن.

بارەگای بارزانی
بێتواتە
٦٣/٥/٢٧

هەر ئەو کاتە نامەمان بۆ مەلا فاتح مەلا حامد (عسکری) و حسین حاجی تایەر، وەستا سدیق نارد کە لە چوارقورنە بوون بگەڕێنەوە بارەگای ناوچە.

ڕۆژی ٦٣/٥/٢٨ بەیانی زوو چووین بۆ بێتواتە، لە پێشەوە چووینە بارەگای هێزی کاوە بۆلای عومەر دەبابە و ئاگادارمان کرد.

کاک عومەر پێی وتین کە (ئەنوەر بگ بێتواتە، سمایل سوارئاغا، شێخ حسین بوسکێن، عباس مامندئاغا، وە علی شعبان) لای مەلا مستەفان و شکاتیان لێ کردوین. هەموو پێکەوە بڕیارمان دا کە یەک بیروڕا بین، سەعات ١٠ ی بەیانی لە بارەگای بارزانی بووین و ئێمەیان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دانا لای پرسگە. پاشان بە کۆمەڵ بانگ کراینە ژوورەوە. کە چووین هەرچوار ئاغاکان لای بارزانی دانیشتبوون.

سەرەتا هەریەک لەوان قسەی خۆی کرد کە ئێمە بەرپرسین لە:

* دانی ٣١١ حەقە ئاو و زەوی لە جوتیارەوە بە ئاغاکان لەباتی نیوەیی.

* دابەش کردنی ئاوی سەروچاوە بە پێی نۆرە و زەوی چێندراو لە دەشتایی بێتوێن و گوندی گرجان لە باتی ئەوەی سمایل ئاغا ٤:٣ ی هەموو ئاوەکە بۆ خۆی بەرێ.

* قەدەغە کردنی ئەنوەر بەگ لە بڕینی سێدارەکانی چۆمی سەروچاوە و فرۆشتنی لە ئەڤلاوە.

* گوایە ئێمە ئەمانهێشتوە علی شعبان بە فەرمانی مەلا مستەفا سەرای ڕانیە بگرێ

* توتنەکانی ناو مەخزەنەکانی ڕانیە ئێمە ئەمان هێشتوە عباس ئاغا و علی شعبان بیبەن و گوایە بە دەستی ئەنقەست سوتاندومانە.

پاش لێبوونەوەی ئەوان لە قسەکانیان، بێ هیچ پرسیار کردنێک لە ئێمە، مەلا مستەفا سەرەتای بڕیارەکەی بە جنێو دەستپێکرد (ئەم ئەندام و کادرانە هەروا قوتدەر و بێ شەرەفن) ئنجا بڕیاری دادگاکەی خۆی بەو جۆرە دا:

یا دەبێ لەمەودوا هەموو کارێک بە پرس و ڕا و ڕەزامەندی ئەم پیاوە دڵسۆزانەی شۆڕش بکەن، یان ناوچەکە چۆڵ کەن و بڕۆنەوە ماڵی خۆتان و تەسلیم بە حکومەت ببن.

دوای ئەو هاشم عقراوی بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیەوە وتی:" ئەم کادر و ماددرانە چونکە خۆیان کەسانی ڕووتەڵە و ناکەس بەچەن، کە مسئولیەتیان دەستکەوت، بەو جۆرە بێ حورمەتانە تەسەرف لەگەڵ خەڵکی بە شخسیات و ئەشراف دەکەن".

لە ئەندامانی سەرکردایەتی کە ئەو کاتە لەوێ بوون، تەنیا عبداللە ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ) وەڵامی هاشم عقراوی دایەوە و پێی وت: (ئەگەر حورمەت هەبێ هەر لای کادرانی حیزبە و لەوان ماوەتەوە بۆ کەسانی تر).

ئێمەش هەمومان یەک بڕیارماندا، و بڕیارەکەشمان ئەوە بوو کە هەتا یەک ئەندامی پارتی بمێنێ، ئێمە مل کەچی فەرمانی ئەوانە نابین، واتە بڕیاری دووەمی مەلا مستەفا پەسەند دەکەین کە بەجێ هێشتنی ناوچەکەیە بەڵام نەک بە تەسلیم بوونەوە بە حکومەت، بە جنێودانێکی زۆرەوە کراینە دەرەوە و پاشان بردیانین بۆ زیندانەکەی بێتواتە.

پاش ١٣ ڕۆژ لە ڕۆژی ٦٣/٦/٩ دا ڕۆژی بڕیارەکەی یەعسیان بۆ هێرش بردنە سەر کوردستان بەریان دایین و گەڕاینەوە سەروچاوە، بارەگای لیژنەی ناوچەی ڕانیە ٣ ئەندام ناوچە و لێپرسراوێکی لەلایەن بارزانیەوە بۆ دانرابوو. پاشان بەرەو بارەگای م.س لە مالومە ڕۆیشتین و لەوێ هەریەکەیان بۆ شوێنێک ناردین.

مجید گورگ لە بارەگای لق٤ دانرا هەر لە مالومە

حسین علی ڕەزا کرا بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی ماوەت

حسین حاجی نایەر وازی لە کاری ڕێکخراوەیی هێنا و چوو بۆ قەڵادزە

وەستا سدیق وازی لە کاری ڕێکخراوەیی هێنا و چوو بۆ کۆیە
مەلا فاتح عەسکەری پاش ماوەیەک گەڕایەوە ڕانیە و بە نهێنی دەستی بە کار کردەوە
من گوێزرامەوە بۆ ئەندامەتی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی و لێپرسراوی ڕێکخراوی سرۆچک کە بارەگاکەی لە گوندی حاجی مامند بوو.

٤-٢ دەستپێکردنەوەی شەڕ

گەرمەی هێرش و پەلاماری بەعسیان بوو بۆ سەر کوردستان کە من لە ٩٦٣/٦/٢٥ دا گەیشتمە بارەگای ڕێکخراو لە حاجی مامند.

حکومەتی عارف و بەعس پلانیان لە شەڕ دەستپێکردنەوەدا گەلێ جیاوازتر بوو لە شەڕ و پەلاماری قاسم بۆ کوردستان. هێرش و پەلامارێکی بەربلاو و تقلیم گیر و بەکارهێنانی سیاسەتی ئەرزی سووتاو.

ئەوسا لە سوریاش بەعسەکان هاتبوونە سەر حوکم، ئەوانیش سوپایەکیان بۆ هاوکاری سوپای عێراقی ناردبوو بە ناوی (سوپای یەرموک).

هەر لە یەکەم ڕۆژی شەڕەوە سوپا لە موسڵەوە بەرەو دهۆک و زاخۆ و ناوچەکانی تری بادینان، لە کەرکوکەوە بەرەو ناوچەی دەشتی کۆیە و چەمچەماڵ بەرەو سلێمانی و ڕانیە و قەلادزە، لە قۆڵێکی ترەوە لە سلێمانیەوە بەرەو ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان، لە بەغداوە بەرەو خانەقین و کفری و کەلار و دربەندیخان و هەڵەبجە و شارەزوور.

-پلانەکەی بەعس بەو جۆرە بوو کە لە چەندین قۆڵەوە شەڕگە دامەزرێنێ بۆ دابەشکردن و لێک ترازاندنی هێزی پێشمەرگە و ناوچە ڕزگار کراوەکان لە یەکتری.
-وە لە هێرش و پەلاماریدا هەرچی کەوتە سەر ڕێگەی لە گوند و شاخ و دەشت و دۆڵ بیسووتێنێ و کاولی کات، بە تایبەتی کە هێرشەکانی لە هاویندا بوو بۆ لەناوبردنی خەلە و خەرمان و بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ مەبەستی نەهێشتنی نوا و شوێن کاری پێشمەرگانە و برسی کردنی خەڵکی کوردستان و برینی سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە.

-رووخاندنی سەدان خانووی کورد و کاول کردنی لە شاری کەرکوک دا بۆ دەربەدەرکردنی کورد لەو شارە و بەعەرەب(تعریب)کردنی، وە لە چەندین شاری تری وەک کفری و خانەقین و کەلار ی دەربەندیخانیش هەمان شێوەی بەکارهێنا.

-گرتن و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان لە ژن و منال و پیر و بێ چەک کە دەکەوتە سەر ڕێگای هێرش و پەلامارەکانی بە مەبەستی تۆقاندن و چاوترسێن کردن.

-گوللەباران کردن و هەڵواسینی سەدان کەسی بێ تاوان لە هەر شارێک کە بچوایەتە ناوی.

-ئابلوقەیەکی ئابووری زۆر توندی خستە سەر کوردستان، تا ئەو ڕادەیەی هاتوچۆی خەڵکی لە کوردستانەوە بەرەو بەغداد بۆ ماوەیەک بڕی و پاشان لە کردنەوەی ڕێگاوبان دا ڕەفتاریان لەگەڵ کورد بەو جۆرە بوو کە لە سلێمانیەوە تا بەغدا پتر لە ٥٠ جار خەڵکی دەپشکنران و سوکایەتیان پێ دەکرا تا ناچاریان بکەن خۆیان وازی لە هاتوچۆ بێنن.

- لە سلێمانی دەیان کەسیان زیندەبەچاڵ کرد، لە شاری کۆیە چەندین کەسیان بە داری کارەبای ناوشارەوە هەڵواسی و گوللەبارانیان کردن، لە ڕانیە چەندین کەسیان بێ سەروشوێن کرد، کە لە گفتوگۆکەی مشیر بارزانیدا دۆزرانەوە لە گۆڕێکی کۆمەڵی دا لە پشتی ڕانیە.

-لە سەر ڕێگای دەربەندیخان سلێمانی دەیان کەسیان لە دێهاتەکان داگرت و بە کۆمەڵ گوللەبارانیان کردن.

-لە هەولێردا ڕەشبگیرێکیان دەستپێکرد کە تا ئەو کاتە وێنەی نەبوو.

-فڕۆکەکانی سوپای بەعسیان زۆر بە چڕی کەوتنە بۆردومان کردن و کاول کردنی و سوتاندن.

جگە لە سوپای عێراقی و سوپای پەرموکی سوری، هەزاران جاشی عەرەبیان هێنابوو بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان، کە لەلایەکەوە تێیان گەیاندبوون ئەمە شەڕی عەرەب و کوردە و ئەگەر کورد قڕان نەکرێ و لەناویان نەبەن، کوردەکان پەلاماری گوند و شارۆچکە و شاری عەرەبەکان دەدەن و داگیریان دەکەن و قەتلوعامی عەرەب دەکەن، وە لەلایەکی کە هەر شوێنێ ڕویان تێکرد و داگیرکرا تالانی کەن و بۆ خۆیانی بەرن.

بە کورتی ئەو هێرش و پەلامارە هێندە دڕندانە بوو کە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هەندێ لە وڵاتە سۆسیالیستەکان دا بە شەڕی جینۆساید ناو دەبرا.

پەلاماری دڕندانەی بەعسیان بۆ سەر کوردستان، بۆردومان کردنی شار و شارۆچکە و دێهاتەکان، ڕەشەکوژی بەکۆمەڵ و تۆقاندن و ڕاوناتی خەڵکی لە شار و دێدا، ڕەشبگیری خەڵکی لەلایەک، وە لێدانی حیزبی شیوعی و پەلاماردان و ڕاونانیان لە عێراقدا، و لێدان و قەدەغە کردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە عێراق و لە کوردستانیش، کە بەشێکی سیاسەتی بەعسیان بوو بە مەبەستی دامەزراندنی تاک دەسەلاتی خۆیان لە سەرانسەری عێراقدا و پاشان تێکشکاندنی شۆڕشی کوردستان، ئەنجامێکی تەواو پێچەوانەی نەخشەکەی بەعسیان دا بەدەستەوە.

* شۆڕش و هێزی پێشمەرگە فراوانتر و قەبەتر و باسکی ئەستوورتر بوو.

* بەرەی گەل یەکگرتووتر بوو-سیاسەتی تەڕ و ووشک پێکەوە سوتاندن- ئاغا و جوتیار و سەرمایەدار و کرێکار و ڕۆشنبیر و نەخوێندەوار و شار و لادێی توندتر پێکەوە گرێدایەوە بۆ خۆپاراستن و پاراستنی شۆڕش.

* بەهۆی توندوتیژی هێرشەکە بۆ ناوچەی بادینان، مەلا مستەفای ناچاری گەڕانەوە کرد بۆ بادینان و دوورکەوتنەوەی لە ناوچەی سۆران، کە ئەمەش بۆ ماوەیەک ناکۆکی مەلا مستەفای لەگەڵ م.س دا وەستاند.

* دەستەکانی پێشمەرگە و پەل و لق و بەتالیۆنەکان ژمارەی پێشمەرگەیان زۆر زیادی کرد

* چەندین دەستەی چەکدار لە شارەکان دروست کران و کەوتنە دەست وەشاندن لە پیاوەکانی ڕژێم

* شۆڕش لە قۆناغی شەڕی پارتیزانی بە دەستەی بچوک و چالاکی سادەی سەر ڕێگاوبانەکانی هاتوچۆی سوپای عێراقیەوە گوێزرایەوە بۆ قۆناغی چالاکی گەورە و شەڕی بەرەیی و ڕزگارکردنی شارۆچکەکان و ئابلوقەدانی کەرتەکانی سوپای عێراقی لە هەندێ ناوچە.

* دانانی نەخشەی شۆڕشگێڕانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جوتیاران و بە پیرەوە چوونی گیروگرفتەکانیان

* دیاری کردنی دەسەلاتەکان لە ڕووی ڕێکخراوەیی و لە ڕووی پێشمەرگایەتی و کاروباری کۆمەلایەتیەوە و لێک جیاکردنەوەیان. لە سنووری هەر ڕێکخراوێکی ژێر دەسەلاتی م.س دا بارەگای ڕێکخراو هەبوو کە ئەرکی سەرشانی سازدان و ڕێکخستن و پەروەردە کردنی دانیشتوانی دێهاتەکانی سەر بە سنووری ڕێکخراوەکە بوو، سنووری ڕێکخراویش لە سەر بنچینەی (وحدەی ئیداری) ناحیە بوو. لقێک یان چەند لقێک

پێشمەرگە هەبوو کە ئەرکی سەرشانیان پارێزگاری ناوچەکە و هێرش و پەلامار بردنە سەر هێزەکانی دوژمن بوو لە ناوچەکەدا.

دادگای ڕێکخراو کە ئەرکی سەرشانی چارەسەرکردنی کێشەی زەوی‌وزار و کۆمەلایەتی و ئاکۆکی عەشایەری بوو لە سنووری ڕێکخراودا، کە لە یەک حاکم و ئەندامێکی ڕێکخراو و سەرلقێک پێکهاتبوو، لیژنە یان ئەنجومەنی دێ هەبوو کە ئەرکی سەرشانی پارێزگاری ئاسایشی گوندەکە بوو، هەر کەسێکی نەناسراو لە گوندەکە ببینرایە داوای پسولەی هاتوچۆی ڕێگەپێدراوی ڕێکخراوی لێ دەکرا، بەم کارەش جاسوسەکانی سەر بە ڕژێم زۆر بە دەگمەن و بە ستەم دەیانتوانی زانیاری ناوچە ڕزگارکراوەکان کۆ بکەنەوە.

شان بە شانی هێرش و پەلاماری دڕندانەی بەعس و ئابلوقەی ئابووری، نەخۆشی کوشندەی ئاژەڵیش بلاو بۆوە، و سەرما و سۆڵەیەکی ئەوتۆش لەو زستانەدا بوو کە بە بڕوای زۆر لە پیاوە بەتەمەنەکانی ئەوسا لە سالی ٩٤٨ وە زستانی وا بە کرێوە و بەفر و سەرما ڕوینەدابوو، زۆربەی مال کە خاوەنی وەلسات بوون لە سەرێک یا دوو سەر مەڕ و بزنیان پتر بۆ نەمابوو، ئەمەش بوو بە هۆی قاتوقڕی گۆشت و ماست و شیر و پەنیر و ڕۆن و گەلێکی تریش لە بەرهەمەکانی شیر.

لەگەل ئەو هەموو نەهامەتیانەشدا هێشتا جەماوەر دلخۆش و پشت ئەستوور بوو بە شۆڕشەکەی و هێزی پێشمەرگە و پارتی، وە بەردەوام لە هاوکاری و یارمەتیداندا بوون، هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکانی نێوان عێراق ئێران عێراق تورکیاوە تاکو نزیک دهۆک و لە سورانیش تا نزیک قات قاتەکانی حەمرین چالاکی پێشمەرگانەی تێدا دەکرد، زۆربەی هەرە زۆری گوند و شارۆچکە و شارەکانی کوردستان لە ژێر دەسەلاتی شۆڕشدا بوو، بە کردەوە نزیکەی ٤/٣ ی کوردستان بوو.

لە ڕووی داراییشەوە جگە لەو کۆمەک و یارمەتیانەی کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دەهات، سەرچاوەی داهاتی شۆڕش هێندە دەبوو کە پتر بێ لە پێویستی شۆڕش، هەر لە یارمەتیدانی پێشمەرگە و جل وبەرگ و ئازوقە تا دەگاتە کرێی تەقەمەنی.

من تەنیا نمونەی ڕێکخراوی سرۆچک دەخەمە ڕوو.

ڕێکخراوی سرۆچک (بەرزنجە) بریتی بوو لە (٦٧) گوندی گەورە و بچوک کە لە دوی (٥) مالەوە تیا بوو تا گوندی (٤٥٠) مالە. ئابوونە و پیتاکی ئەو ڕێکخراوە لە

(٢،٥٠٠،٠٠٠) دوو هەزار و پێنجسەد دینارەوە تاکو (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ هەزار دینار بوو، جگە لە داهاتی گومرگەکانی شاخی ئارپەر و، سورکێو، و چەمپاراو کە داهاتی مانگانەی دەگەیشتە پتر لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠) پانزە هەزار دینار. پارمەتی پێشمەرگەی ڕەبەن (سەڵت) ٧٥٠ فلس بوو، پێشمەرگەی خێزانداریش ٣ دینار تا ٥ دینار بوو.

- تەنیا داهاتی ڕێکخراوی سرۆچک ئازوقە و پێویستی بارەگا و یارمەتی ٣،٠٠٠ سێ هەزار پێشمەرگەی پێ دابین دەکرا بە خەرجی تەقەمەنیشەوە.

ڕێکخراوی سرۆچک یەکێک بوو لەو (٨) هەشت ڕێکخراوەی کە سەر بە لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی بوو.

لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی بە پێی ژمارەی لیژنە ناوچەکانی سەر بە لقی سلێمانی ناوی (٨ ق.س) بوو، لیژنەی ناوچەی سلێمانی ژمارە (١) بوو، هەڵەبجە (٢)، پێنجوێن (٣)، چوارتا (٤)، دوکان (٥)، ڕانیە (٦)، قەڵادزە (٧).

لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی سنورەکەی زۆر فراوان بوو کە ئەم ڕێکخراوانەی دەگرتەوە (سەرچنار، بازیان، سورداش، قەرەداغ، وارماوا، دوبەندیقان، عەربەت، سرۆچک).

لە کۆتایی ساڵی ٩٦١ و سەرەتای ساڵی ٩٦٢ دا بە دەستپێشکەری شەهید مەلا ڕەسول سەرگەڵوویی و شەهید محمودی حاجی توفیق و شەهید علی حمدی، ڕێکخراوێکی فراوانی جوتیارانیان پێکهێنا، کە ئەو کاتە مەلا ڕەسول لێپرسراوی جوتیاران بوو، محمود توفیق ئەندامی لقی سلێمانی و علی حمدی لێپرسراوی لقی سلێمانی بوو، پاشان ئەو ڕێکخراوە جوتیاریەیان گۆڕی بە لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی لە کۆبونەوەیەکدا لە گوندی (نۆدێ) (١٠١)

ئەو کاتە بارەگای لیژنەو ناوچەی سلێمانی لە گوندی (هەناران) ی نزیک شاری سلێمانی بوو، وە کوێخا حسێنی هەناران نزیکترین کەس و هاوکاری کەری لیژنەی ناوچەکە بوو.

لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانیش بارەگایان لە گوندی (هۆمەرامان) ی نزیک قەرەداغ بوو.

سنوری ڕێکخراوی سرۆچک چەند بارەگایەکی تیادا بوو لەوانە:

بارەگای بەتالیۆن کە فەرماندەکەی (شێخ ڕەزا شێخ محمد گولانی) بوو لە بەرزنجە بوو، جێگری بەتالیۆن شەهید عزیز ئەتروشی بوو.

بارەگای لق۱، لق۲ ی پێشمەرگە هەر لە بەرزنجە بوو بەڵام لق۳،لق٤ لە (هارەزان و دۆڵبەموو بوون) ئیدارەی بەتالیون کە بەرپرس بوون لە بەشی ئازوقە و تەقەمەنی لە (وەندەرێنە) بوو.

دادگای سەرۆکی بارەگاکەی لە (حاجی مامند) بوو.

ئەم دەزگایانە لە ۳-٥ ئەندام پێکهاتبوون و یەک لە ئەندامانی لیژنەکان ئەندامی ڕێکخراو بوون، واتە ڕێکخراو سەرپەرشتی سیاسی ئەو دەزگایانەی دەکرد.

### ٥-۲ هەندێ لە شەڕ و پێکدادانەکان

لەگەڵ هێرش و پەلاماری کتوپڕی هێزی چەکداری بەعسیان بۆ سەر کوردستان، شۆرشی کوردستانیش کەوتە بەرپەرچدانەوەی ئەو نەخشە و پلانە بەم جۆرە

۱- زۆربەی هێزەکانی خۆی خزاندە ناوچە شاخاویەکان دوور لە شارە گەورەکان و ناوچە تەختی و دەشتاییەکان.

۲- بە هێزی بچوک بچوک کەوتنە لێدانی هێزەکانی دوژمن لەسەر ڕێگای هاتوچۆی شارەکان ناوچەی چالاکی سەربازی هێزەکانی دوژمن.

۳- دابەشکردنی هێزی پێشمەرگە بەسەر چەندین ناوچە و فراوانکردنی قۆڵەکانی شەڕ بە مەبەستی دابەشکردن و بڕبڕ کردنی هێزەکانی دوژمن.

حکومەتی بەعسیان هەر لە سەرەتای هێرشەکانیانەوە قورسایی شەڕی خۆی خستە سەر ئەم ناوچانە:

* بادینان بە تایبەت ڕێگای هاملتۆن و ناوچەی بارزان

* ناوچەی سلێمانی بە تایبەت قەرەداغ و بازیان و چەمی ڕێزان و شارەزوور.

* ناوچەی گەرمیان بە تایبەت کەلار و دەربەندیخان

* وە ناوچەی هەولێر بە تایبەت هاوینە هەوارەکان و دۆڵی خۆشناوەتی و کۆیە و لەویشەوە بەرەو ڕانیە.

هێزی بادینان بە سەرپەرشتی مەلا مستەفا لە بێتواتە و گوندەکانی دەوروبەریەوە کشایەوە بەرەو ڕایات و پاشان بارزان. لە ڕێگا کەوتە ئابلوقەی سوپای عێراقی و جاشە زێباریەکانەوە. بۆ کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر مەلا مستەفا و هێزەکەی، پارتی هێزێکی گەورەی بە فەرماندەیی علی عەسکەری و مەلا عبداللە اسماعیل (مەلا ماتۆڕ) لە دوو قۆڵەوە ناردە سەر هێزەکانی عێراق لە گەڵی

علی بەگ و ماوەی (٣) هەفتە گەمارۆی هێزەکانی عێراقیان لەو ناوچەیە دا، ڕژێمی بەعسی بۆ شکاندنی ئەو ئابلوقەیە بەشێکی هێزەکانی خۆی لە ناوچەی بارزان و زاخۆ کێشایەوە، ئەوسا مەلا مستەفا و هێزەکەی یادیتان لە ئابلوقەی سوپای ڕژێم دەرباز بوون و خۆیان گەیاندە ناوچە سەختە شاخاویەکانی سەر سنوری تورکیا.

لەو دوو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینە بێ چەک و بێ دەسەلاتەکان کوژرا، و زۆربەی گوندەکان بە دەستی سوپای بەعسیان سوتێندرا و کاول کرا و خەڵکێکی زۆری بێ دەسەلات گیران و ڕاپێچەکی زیندانەکانی بەعسیان کران.

ژمارەی کوژراو و بریندار لە هێزی بەعسیان چەندین جار پتر بوو لە ژمارەی شەهید و برینداری هێزی پێشمەرگە.

* سوپای عێراقی و بەشێکی سوپای بەرموکی سوریا جاشە عەرەبە بەدوەکان لە ٦٣/٦/١٢ دا پەلاماری (چەمی ڕێزان) یان دا کە بارەگای هێزی ڕزگاری لێ بوو بە فەرماندەیی جەلال تالەبانی دوای شەڕێکی ٣ ڕۆژی هێزی ڕزگاری کشایەوە بۆ ناوچەی سورداش و پیرەمەگرون و دۆڵی جافەتی، چەمی ڕێزان گیرا، بەلام دوژمن زیانێکی زۆری لێ کەوت.

* دوای گرتنی چەمی ڕێزان، حکومەتی عێراقی ویستی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان و کفری و کەلار و دەربەندیخان دابڕ بکات و ئابلوقەیان بدات بۆ لەناوبردنی یەکجاری ئەو هێزە، بۆیە لە بازیانەوە و لە سلێمانیەوە و لە کەرکوکەوە و لە ڕێگای کفری کەلار دەربەندیخانەوە کەوتە لەشکرکێشی.

هێزی پێشمەرگەی ئەو ناوچانەش بوون بە سێ بەش، بەشێکیان (پێشمەرگەکانی ناوچەی دەربەندیخان و کەلار و بەشێکی گەرمیانی کفری چونە ناوچە سەختەکانی سەتەک و بەمۆ و دەربەند بێلوولە)، کە پتر لە دوو مانگ هێزێکی گەورەی سوپای عێراقیان سەرقاڵ کرد و قورسایی شەڕیان لەسەر ناوچەکانی تر کەم کردەوە، بەشی دووەمیان (ئەو هێزە بچوکە بوو کە لە پێشمەرگەکانی ناوچەی بازیان و سەنگاو و بەشێکی پێشمەرگەکانی چەمی ڕێزان پێکهاتبوون، دوو چالاکی گەورەیان لە ١٧،٢٢/٦ دا لە زەمبور و دوردووی ڕۆژهەلاتی شاری کەرکوک ئەنجامدا بە لێدانی بۆریە نەوتیەکان. بەشی سێیەم (پێشمەرگەکانی شارەزوور و قەرەداغ و دەربەندیخان) ئەو هێزە لە ناوچەی قەرەداغدا مانەوە کەوتنە لێدان و شکاندن و ڕاونانی هێزەکەی دوژمن کە بۆ پەلاماردان و گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ چووبوون. لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراقی و سوپاکەی

پەرەمەکی سوری و جاشی عەرەب کە بە عەزیزی سپی و عەگالەوە هاتبوون بۆ شەڕی کورد، کوژران و بریندار کران و بە دیل گیران.

لەگەڵ کتوپڕی هێرش و پەلامارەکانی پەعسیەکان و گرتنی هەندێ ناوچەی ڕزگار کراوی شۆڕش، لە ناوچەی سوراندا شۆڕش لە ماوەی یەک مانگدا هێزەکانی خۆی سازدایەوە، هێزی ڕزگاری و هێزی خەبات لە ناوەڕاستی مانگی ٦٣/٧ وە کەوتنە چالاکی نواندن و لێدانی سوپای عێراقی لە سەربازگەکان و لە قافڵەی هاتوچۆیان لە نێوان کەرکوک سلێمانی، سلێمانی دەربەندیخان، سلێمانی هەڵەبجە، سلێمانی دوکان. وە ئێواران و کوشتنی پیاوەکانی ڕژێم لە ناو شاری سلێمانیدا لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەی ناو شارەوە کە لە ئەندامانی پارتی پێکهاتبوون.

لەو ماوەیەدا شاری سلێمانی زۆر پتر لە شارەکانی کوردستان کەوتبووە ژێر گوشار و پاڵەپەستۆ و زۆر و ستەمی ڕژێمی عێراقیەوە.

لە هەرلایەکەوە هێرش بکرایەتە سەر دوژمن، یا دوژمن لە لەشکرکێشیەکەیدا لە ڕێگا لە قافلەکەی بدرایە، لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی، تۆڵەی شکست و دۆڕاویەکەی خۆی لە دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکردەوە، جگە لەوەی کە لیوایەکی تایبەتی بە فەرماندەیی زەعیم سدیق کە لە دڕندەترین و بەدناوترین و بێ ڕەوشت ترین کەسانی ناو سوپای عێراقی پێکهاتبوون ناردبوە سلێمانی، ڕۆژانە دەیان کەسی بێ تاوان ڕاپێچەکی زیندان دەکران، ڕۆژانە چەندین کەس بە ناهەق و بێ تاوان تەقەیان لێ دەکرا و دەکوژران.

هەموو ڕۆژێ جارێک قڵیشانەوە ڕووی دەدا و زۆر ڕۆژیش دوو جار و سێ جار.

قڵیشانەوە هەر لەو ساڵەوە بووە زاراوەیەکی تایبەت بە ڕووداوی ڕوودان و یا تێکهەڵچوون و پەلاماردان.

خەڵکی سلێمانی ڕاهاتبوون، هەر کە لیواکەی زەعیم سدیق مستەفا بە شکاوی بەرەو ناوشار بگەڕایەتەوە یا تەقەیەک لە ناو شاردا بکرایە، دوکان و بازار دادەخرا و خەڵکی ناو بازار بە ڕاکردن بەرەو ماڵ دەبوونەوە و دەرگای ماڵیان دادەخست و لە ڕێگا هەیەک پەوی تری دەوت قڵیشایەوە.

لە ناوچەی کۆیە و دوکان و ڕانیە و قەلادزە و خۆشناوەتیدا هێزی کاوەش دوای ماوەیەکی کەم خۆی سازدایەوە و کەوتەوە چالاکی نواندن.

لە بادینـاندا هێزی بادینـان سەبارەت بەو هێرشە سەختەی کە ڕژێم کردبویە سەری بە تایبەت ناوچەی بارزان و سەرستوور، مەلا مستەفا تا مانگی ٦٣/١٠ نەیپەرژایە سەر ڕێکوپێک کردنەوەی هێزەکە.

هەروەک نەشی دەیەرژایە سەر داناتی نەخشە و پلانی نوێ بۆ دژایەتی کردن و لێدانی مەکتەبی سیاسی.

ڕژێمی بەعسی بە جۆرێک پڕوپاگەندەی دژی شۆڕش و کورد لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانیدا بڵاو کردبوەوە، کە ئەوە شەڕی کوردە و ڕژێمی عێراق نیە بۆ سەندنی مافی خۆیان، ئەوە شەڕی کورد و عەرەبە کە کوردەکان دەیانەوێ خاکی عەرەب داگیر بکەن، بۆیە پێویستە هەموو عەرەب لە عێراقدا هاوکاری سوپای عێراقی بکەن بۆ لێدانی ئەو مەکرن گێراوانە.

بۆ زانینی ڕادەی عەقڵی هەڵخەڵەتاوانی عەرەبە عەشایەریەکان ئەم دوو (هۆسە) ی خوارەوە دەنووسم کە بە لۆری و گەلابە و زیلی سەربازی دەیان ناردن بۆ شەڕ ئەم هۆسانەیان دەکرد:

(إحنا العرب أهل الغيرة نمحي الأكراد بن هالديرة)

(إحنا البدو وين العدو)

يا خفافيش الليل وين صرتم بالنهار راح انحرر أرض العروبة شبر شبر منكم

## ٦-٢ بیرو ڕای ڕۆژنامە بیانیەکان و سۆڤیەت و ئەمریکا بەرامبەر هێرش و پەلاماری بەعسیان

بەعسیەکان هەر لە یەکەم هەفتەی هاتنە سەر حوکمیان، سیاسەتی خۆیان بەرامبەر حیزبی شیوعی عێراقی ئاشکرا کرد و کەوتنە ڕاونان و گرتن و کوشتن و لێدانی ڕێکخستنەکانیان لە ناو سوپا و دەرەوەی سوپادا.

لە لایەکی ترەوە ئەو ڕێکەتنە ڕۆشنبیری و ئابوری و بازرگانی و تەکنیکیەی کە لە ساڵی ٩٥٩ دا عبدالکریم قاسم لەگەڵ سۆڤیەتی بەستبوو ڕایانگرت، و دەستیان کرد بە دروست کردنی تەنگ و چەڵەمە لەبەردەم پسپۆڕ و شارەزا و خاوەن ئەزموونەکانی سۆڤیەتیدا کە لە عێراق بوون.

سیاسەتی دەرەوەی عێراقیشیان بە جۆرێک گۆڕی کە:

أ- هەموو بەش و کەرتەکانی ڕاگەیاندنیان بۆ پڕوپاگەندە کردن دژی بەرەی سۆشیالستی بەکارهێنا و بە (ئیمپریالیزمی شیوعی) یان ناو دەبردن.
ب- کەوتنە هەوڵدان بۆ باش کردنی پەیوەندیان بە ئێران و تورکیا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە و دان نان بە حکومەتی کوێت دا.
ج-نێوانیان لەگەڵ (عبدالناصر) دا تێکچوو و بەرەو دژایەتی ڕۆیشت.

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی نەهێشتنی ئەو ئابلۆقە گەورەیەی کە لە ڕووی ڕاگەیاندن و گەیشتنی دەنگی شۆڕش بە دەرەوە خرابووە سەر شۆڕشی کوردستان.

ڕۆژنامەکانی جیهانی تاک و تەرا کەوتنە بلاوکردنەوەی دەنگوباسی شۆڕش و هێرش و پەلاماری بەعسیان بۆ سەر کوردستان.

ڕۆژنامەی (پراڤدا) ی سۆڤیەتی لە ٩٦٣/٢/٢٣ ڕایگەیاند کە ((ڕاپەڕینی کوردەکان لە عێراقدا بزوتنەوەیەکی دیموکراتی و بابەتیە، و بەهۆی دان پیدا نەنانی عبدالکریم قاسم بە مافی دیموکراتی کوردەکان، ڕێگەی بۆ جێ بە جێ کردنی پلانەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا خۆش کرد)).

دیسانەوە ڕۆژنامەی (پراڤدا) لە ٩٦٣/٥/٦ دا نوسی کە ((هەواڵەکانی دەرەوە وا ڕادەگەیەنن کە کوردەکان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و سنووری عێراق دا. کوردستانی عێراق کە ئێستاکە یەکێکە لە ناوچە هەرە دواکەوتوەکان لە ڕووی ئابووری و کۆمەلایەتیەوە، مافێکی ڕەوای خۆیانە کە خەبات بکەن بۆ پێشخستنی باری ئابووری، کشتوکاڵی، پیشەسازی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی خۆیان، کە ئەمەش تەنیا بە بوونی ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کوردنشینەکان و دیموکراتی لە عێراقدا پەیدا دەبێ)).

وەکالەتی (تاس) ی سۆڤیەتی و ڕۆژنامەی (لوموند) ی فەرەنسی لە ٦٣/٦/١٠ دا بلاویان کردەوە ((ڕژێمی عێراقی ئامادەی درێژەدان بە گفتوگۆ نیە لەگەڵ کوردەکاندا، وە ڕەفتاری دڕندانەشیان لەگەڵدا بەکاردێنێ کە شێوازی هیتلەرمان بیر دەخاتەوە)).

ڕۆژنامەی (لوموند) ی فەرەنسی لە ٦٣/٦/١٦ بلاوی کردەوە (سەرۆکی ئەرکانی سوپای سوریا لە شاری زاخۆی نزیکی عێراق کۆبوونەوەی لەگەڵ عبدالسلام عارف دا کردووە سەبارەت بە هاوبەشی سوریا بە سوپا و بە چەک لەگەڵ سوپای عێراقدا دژی کوردە جیاوازی خوازەکان) هەروەها ڕۆژنامەی (لوموند) بلاوی کردەوە

کە(سەرەک جەمال عبدالناصر لایەنگری گفتوگۆیە لەگەڵ کوردەکان و ئامادەیە ناوبژیکەر بێت).

لە ڕۆژی ٩٦٣/٧/٣ دا بە هاندان و پشتگیری سۆڤیەت، دەوڵەتی (مەنغۆلیای شەعبی) بە ڕەسمی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان داوای کرد کە (مەسەلەی کورد و کاول کردنی کوردستانی عێراق و جینۆسایدی کورد پێویستە لە لیستەی بابەتە باسکراوەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا بێ).

لە ڕۆژی ٩٦٣/٧/١١ دا ڕۆژنامەی لۆمۆند ڕایگەیاند (گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ئاگاداری نامەیەکی لە ٩٦٣/٧/٩ دا داوە بە باڵوێزخانەی عێراق لە مۆسکۆ و ئاگاداری کردوون کە ڕەفتاری ئێستای حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردەکان و ژوورووی عێراق، دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی وڵاتانی دەرەوە لە ڕووداوەکانی عێراق و کوردستان، ئەو شێوە ڕەفتارەی ڕژێم لەگەڵ کوردەکان لە هیچ ڕوویەکەوە خزمەتی پێشخستنی عێراق ناکات و بۆ دواوەی دەبات).

دیسانەوە لۆمۆند بڵاوی کردەوە کە گرۆمیکۆ لە هەمان ڕۆژدا واتە ٩٦٣/٧/٩، نۆتێکی (ئیتزار) داوە بە بە باڵیۆزخانەکانی تورکیا، سوریا، ئێران و ئاگاداری کردوون کە(بۆیان نیە بە هیچ جۆرێک دەست بخەنە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق و هاوبەشی لەو پلانەدا کبەن کە دژی کوردەکان بەکاردەهێنرێ، ئەگەر نەخشەیەکی لەو جۆرە ٣ سێ قۆڵی یا چوار قۆڵی دژی کوردەکان بکێشرێ مانای سەرهەڵدانەوەی مەلەفی حلفی سەنتۆیە و ئێمەش بەرامبەر بەوە بێدەنگ نابین).

لە ڕۆژی ٩٦٣/٧/١٦ دا ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) بڵاوی کردەوە کە (نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا نامەیەکی داوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان و شێوەی ڕەفتاری ڕژێمی عێراقی لەسەر سوتماک کردنی ژووروی عێراق و ڕەشە کوژی کوردەکانی لە عێراقدا خستبووە ڕوو، ئاماژەشی بۆ ئەوە کردبوو کە هەندێ لە دەوڵەتانی دەرەوەی عێراق نیازی دەست تێوەرداتیان هەیە دژی کوردەکان، چاکتر وایە ئاگاداریان کەنەوە کە بێ لایەن بن.

وە ئەگەر دەوڵەتانی ئەورۆپای ڕۆژئاواش بیانەوێ دەستی تێخەن، یەکێتی سۆڤیەت بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی ناچار دەبێت کە لەسەری هەڵداتێ.

ڕای دەوڵەتی سۆڤیەت بەرامبەر کێشەی کورد دوای هاتنە سەر حوکمی بەعسیان دۆستانە بوو.

داوای لە نوێنەرایەتی کورد کرد کە ئەوسا بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە ئەوروپا بوون کە بیان بینێ.

جەلال تاڵەبانی چوو بۆ مۆسکۆ، نوێنەرانی سۆڤیەتی بینی، نوێنەرانی سۆڤیەتی پشتیوانی خۆیان لە خەباتی کورد لە پێناو بەدی هێنانی عێراقێکی دیموکرات و ئۆتۆنۆمی کوردەکان دەربڕی، و ئامادەیی خۆیان پیشان دابوو گەر کورد درێژە بە خەباتی خۆی بدات و یارمەتی حیزبی شیوعی بدات بۆ دەرچوونیان لەو کارەساتەی تێی کەوتوون، ئەوانیش یارمەتی مادی و مەعنەوی کورد ئەدەن.

دوایەدوای ئەوە بە ڕەسمی داوای دەستەیەک لە نوێنەرانی کوردیان کردبوو لەسەر ئاستی بالا بۆ سەردانی سۆڤیەت، کە پاش گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی، ئەو نوێنەرانە بە سەرۆکایەتی سکرتێری پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد) چوون بۆ مۆسکۆ و نوێنەرانی سۆڤیەتی ئەمانیشیان لە پشتیوانی مادی و مەعنەوی خۆیان بۆ کورد دڵنیا کرد.

سەیر و سەمەرە لەوەدایە کە یەکێتی سۆڤیەت لەو کاتەی کە تۆنێک دەدا بە باڵوێزخانەی ئێران لە مۆسکۆ لەسەر هاوکاری عێراق-ئێران-تورکیا-سوریا دژی کورد، لە هەمان کاتدا پەیوەندی نێوان ئێران و سۆڤیەت بۆ یەکەم جار لە ماوەی ١٥ ساڵدا دۆستایەتی تێ کەوت و لە ٦٣/٦/٢٧ یەکەمین ڕێکەوتنی ئابووری سۆڤیەتی-ئێرانی مۆر کرا، لە لایەکی تریشەوە کە سۆڤیەت ڕایدەگەیاند کە سوورە لەسەر پاراستنی شۆڕشی کورد لە پلانی چوار دەوڵەتەکە، کەچی سەرۆکی نوێنەرایەتی کورد جەلال تاڵەبانی پاش سەردانی عبدالناصر و لوبنان و هەندێ وڵاتی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت، بە ڕێگەی ئێراندا گەڕایەوە کوردستانی خواروو.

لەو کاتەی کە یەکێتی سۆڤیەت لە سەردانەکەی جەلال تاڵەبانیدا داوای ناردنی نوێنەرایەتیەکی بالای کوردی کردبوو بۆ مۆسکۆ، هەندێک لە سیناتۆر و ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکایش داوایان لە کامەران بەدرخان کردبوو کە یا مەلا مستەفا یان نوێنەرێکی کوردی سەردانی ئەمریکا بکەن.

ئەم ڕەنگدانەوانەی مەسەلەی کورد لە سۆڤیەت و ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپایدا بووە هۆی پێکهاتنی نوێنەرایەتیەکی کوردی لە سکرتێری پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عزیز شەمزینی ئەندامی مەکتەبی سیاسی) بۆ چوونیان بۆ سۆڤیەت و ئەوروپا و پاشان ئەمریکا، بەلام سەردانی نوێنەرەکانی کورد هیچی لێ سەوز نەبوو چونکە مێندەی نەخایاند بارودۆخی سیاسی لە عێراق دا گۆڕا و

عبدالسلام عارف و ژمارەیەک لە جەنراڵەکانی سوپای عێراقی ڕژێمی بەعسیان ڕووخاند وە دەستیان بەسەر کاروباری عێراقدا گرت، و مەلا مستەفای سەرۆکی پارتیش بێ هیچ پێشەکیەک پشتیوانی خۆی لە عبدالسلام و ڕژێمە نوێکە ڕاگەیاند.

## ٢-٧ پەیوەندی نهێنی نێوان مەلا مستەفا و عبدالسلام عارف

ئابلوقەی ئابووری ڕژێمی بەعسیان لەسەر کوردستان تەنیا لەسەر خۆراک و پێویستیەکانی تری بژێوی خەڵکی نەبوو، بەڵکە سووتەمەنیشی گرتبۆوە، نەوت و گاز و بەنزین تەنیا بۆ دەزگاکانی ڕژێم و بەکرێ گیراوەکانی بوو. زۆربەی شارەکانی کوردستان بە تایبەتی سلێمانی پەنایان بردبووە بەر بەکارهێنانی دار و خەڵوز و سوتاندنی (تەپاڵە)، لە شاری سلێمانیدا کیلۆیەک تەپاڵە گەیشتە (٢٥٠) فلس.

ئامێرەکانی گەرم کەرەوە کە بە وزەی کارەبا کاریان دەکرد جێگەی ئەو ئامێرانەی گرتبۆوە کە بە نەوت کاریان دەکرد بەلام ئەمیش تەنیا لەو گەڕەکانەی یا لەو شارانەی کە کارەبای هەمیشەییان هەبوو، زۆربەی گەڕەکەکانی سلێمانی لانی کەم لە شەووڕۆژێکدا ٨ -٩ سەعات بێ کارەبا بوون ئەبوونی کەرەسەی سوتەمەنی کارێکی خراپی کردە سەر سروشتی کوردستان، شاخەکان و دۆڵەکان و گردەکان ڕووتەن کران، دار و خەڵوز پارەی دەکرد، لادێکان کەوتنە بڕینی دار و خەڵوز کردن و بردنی بۆ شارەکان.

زستانی ساڵی ١٩٦٣ سەخت ترین زستان بوو لە ساڵی ١٩٤٧ بە دواوە، بەفر و سەرما و باران و ڕەهێڵە هەر لە مانگی ١٠ و ١١ وە بەرینگی کوردستانی باشووری گرت.

ئابلوقەی ڕژێم و سەختی زستان و بەرز بوونەوەی نرخی دار و خەڵوز بۆ پلەیەکی زۆر خەیالی، بوە هۆی وێران کردنی دارستانی سروشتی و ئەمیش بووە هۆی کەم و کزی ئالفی ئاژەلی ساڵی و ساڵی ئاینده و دواتریش، چونکە بنک و کۆتەرەی ئەو دارانەی بڕدرابوون ساڵی ئاینده و دواتریش ئەوەندەی (گەڵ) نەدەدا تا بەشی ئالفی زستانەی مالات بکات.

لەگەڵ ئەو هەموو پاڵەپەستۆ و ئابلوقە توندەی ڕژێم لەسەر کوردستان و ئەو نەهاتە سروشتیەش، هێشتا کارێکی ئەوەندە سەختی نەکردە سەر ژیان و گوزەرانی

ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان کە دوچاری کارەساتی سەخت تریان بکات، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە (قوڵایی ستراتیژی هەر پارچەیەکی کوردستان پارچەکانی تریەتی) و لێرەوە گرنگی (کوردستانیەتی) هەر حیزب و ڕێکخراوێک دەردەکەوێت کە تا چەند دەتوانێت بیپارێزێ.

سنوری نێوان کوردستانی خوارو و کوردستانی ڕۆژهەلات درێژترین سنورە، وە جگە لە پەیوەندی ڕەچەڵەکی و نەتەوەیی و کلتوری، دانیشتوانی هەردوو پارچەکە بە چەندین پەیوەندی ئابووری و کۆمەلایەتیەوە بە یەکەوە بەستراون کە هیچ یاسایەکی دەستکرد و زۆرەملێ و هێزێک توانای لێکدابڕینی نیە. ئەمە هۆی گرنگی سەرنەکەوتنی ئابلوقە ئابوریەکەی ڕژێم بوو لەسەر کوردستانی خوارو، بەردەوام هەموو پێویستیەکی ژیان لە ڕێگەی قاچاغەوە بە هۆی قاچاغچی هەردوولاوە دەگەیشت، و هێشتا بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستانی باشوریش دەیتوانی (٤٠) لە سەدای پێویستی خەڵکی دابین بکات.

کادر و ئەندام ڕێکخراو و کەرتەکانی ڕێکخستنی پارتی ئەو کاتە بە گیانی هەست بە لێپرسراوی و کوردایەتی و شۆڕشگێڕیەوە کاریان دەگرد، ئەرکەکانی سەرشانی زۆر زۆر بوو:

ا-ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەی خۆیان لە ئەستۆ بوو کە دەموایە زۆر بە وریاییەوە ئاگاداری پلانەکانی سیخوڕەکانی ڕژێم بن.

ب-ئەرکی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکانی وەک ناوبژی کێشەی موڵک و پاوان و (گەل جار) و (قەدەغە) و کێشەی تری خێزانیان لە ئەستۆ بوو.

ج-ئەرکی بلاوکردنەوەی دەنگوباسی شۆڕش و کۆکردنەوەی دانیشتوانی دیهاتەکان بەردەوام و باسی شۆڕش و ئاماتجی شۆڕش و هەنگاوەکانی شۆڕشیان لە ئەستۆ بوو.

د- ئەرکی پەیداکردنی داهات بۆ شۆڕش هەر لە ئابوونە و پیتاکەوە تا یارمەتی جۆربەجۆر.

هـ-ئەرکی ڕێکخستن و گەشەپێدان و فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی پارتیین

و-ئەرکی تۆندوتۆل کردنی پەیوەندی نێوان بەشی ڕێکخستن و بەشی پێشمەرگانە.

ز-ئەو ساڵە ئەرکێکی تریشیان کەوتبوە ئەستۆ کە پاراستنی تەندروستی دانیشتوان بوو لە گوندەکاندا بە هۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی ئاژەڵ، لەگەڵ پێشمەرگەکانی ڕێکخراو و دانیشتوانی گوندەکاندا کەوتبوونە کاری هەرەوەزی بۆ

دوورخستنەوەی لاشە مردارەوە بووەکان و سووتاندنیان و پاشان لە چاڵنانیان، ئەخۆشیەکە هێندە گوشندە و کتوپڕ بوو کە ڕۆژانە و تەنانەت لە هیچ گوندێکدا لە ١٠-١٥ سەرمەڕ و بزن کەمتر نەبوو کە مردار دەبوونەوە، خاوەنەکانیان بە تەنیا فریای دوورخستنەوەی کەلاکی مردارەوە بووەکان نەدەکەوتن لەبەر ماڵ و کۆڵانی گوندەکاندا.

ڕوخانی بەعس

ڕۆژی ١٨/١٠/٩٦٣ عبدالسلام عارف و کۆمەڵێک لە جەنەراڵەکانی سوپای عێراقی دەستیان بەسەر دەوڵەتی عێراقدا گرت و دەسەلاتی بەعسیان ڕوخاند.

هێرش و پەلاماری سوپای عێراقی بۆ سەر کوردستان خاو بووەوە، ئەو توند و تیژیەی پێشووی نەما. ڕژێمی نوێی عێراق لە بارودۆخێکی خراپدا بوو، ئینقلابە یەک لەدوای یەکەکان لە ٩٥٨ وە تاکو ٩٦٣ کە ٣ ئینقلابی بە خۆیەوە بینی چەستەی ڕیزەکانی سوپای عێراقی لەرزۆک کردبوو. شۆڕشی کوردستانیش بارێکی زۆر گران بوو لەسەر باری ئابووری عێراق.

ڕژێمی عبدالسلام عارف زۆری لا مەبەست بوو بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی لە حوکمدا و پاکتاو کردنی دەسەلاتی بەعسیان لە هەموو ڕوویەکەوە، لانی کەم تا ماوەیەک یەکێک لە بەرەکانی شەڕی خۆی ڕابگرێ، واتە لەلایەکەوە شەڕ لەگەڵ کورد و لەلایەکی ترەوە شەڕ لەگەڵ بەعس.

کوردستانیش گەرچی لە ڕووی ئین و تواناى پێشمەرگە و کاری پێشمەرگانەوە لە بارێکی خراپدا نەبوو، بەلام لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە تووشی تەنگ و چەڵەمە هاتبوو. سیاسەتی زەوی سووتانی بەعس لە کوردستاندا و ئابلۆقەی ئابووری توند، تا ڕادەیەک خەڵکی پەریشان کردبوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر دێهاتی کوردستان سوتێنرا، هەموو بەرزمەنەی خەلە و خەرمانی دێهاتەکان بوونە دەستەچیلەی ئاگر.

لە ڕووی سیاسیشەوە مەلا مستەفا و سەرکردایەتی پارتی لە ناکۆکیەکی توندا بوون، گەرچی توندوتیژی شەڕی بەعس تا ڕادەیەک ئەو ناکۆکیەی خاو کردبووە، بەلام ماک و ناوکی ناکۆکیەکە هەر لە ئارادا بوو، پتریش گیروگرفتەکان کەڵەکە دەبوون.

ئەو ڕوخانەی بەعس هەل و مەرجێکی وای ڕەخساند کە عبدالسلام عارف و مەلا مستەفا بگەیەنێتە یەکتری.

عبدالسلام دەیویست لەدەست بەعس ڕزگاری بێ، و مەلا مستەفاش دەیویست لەدەست پارتی و سەرانی پارتی ڕزگاری بێ.

عبدالسلام عارف دەیویست دەسەلات لە ژێر دەستی خۆی و سوپادا بێت، مەلا مستەفاش بە هەمان شێوە دەیویست دەسەلاتی بۆ چەند و چوون لە دەست خۆیدا بێ و پارتی بێ ناوەڕۆک و ئامێرێکی جێبەجێ کەری فەرمانەکانی بێ و هیچی تر.

ڕۆژی ٩٦٣/١٢/٣ لەگەڵ دوو ئەندامی تری ڕێکخراوی سرۆچک (ماموستا حەمە ئەمین ماوەتی و ماموستا عبدالمجید ماوەتی) بەرەو بارەگای لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی لە گوندی هۆسەراسان لە ناوچەی قەرەداغ کەوتینە ڕێ، لەسەر بڕیاری لیژنەی ناوچە و لق کە ڕۆژی پێشووتر بە نامە پێمان گەیشت.

ڕۆژی ٦٣/١٢/٧ بە سەرپەرشتی نوێنەری لقی٤ کۆبوونەوە دەستی پێکرد، بەرنامەی کۆبوونەوەی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی (٨١ ق.س) لەم خالانە پێکهاتبوو:

١-پەیوەندی نهێنی مەلا مستەفا بە عبدالسلام عارف و پێشبینی ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ.

٢-ناکۆکی نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ مەلا مستەفادا.

٣-پەیوەندی نهێنی مەلا مستەفا بە کۆمەڵێک سەرەک عەشرەت و ژمارەیەک لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراقیەوە هاتبوونە ناو شۆڕش.

٤-پێشبینی پەیدابوونی بیروڕای جیاواز لە نێوان سەرکردایەتی پارتیدا.

٥-هەڵسەنگاندنی هێز و توانای پێشمەرگانە و ڕێکخراوەیی و جەماوەری پارتی.

٦-بیروڕا و پێشنیاری ڕێکخراوەکان لەسەر ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی پارتی و مەلا مستەفا، وناکۆکی نێوان بەعسیان و عبدالسلام، وە تاوتوێ کردنی ڕاگرتنی شەڕ و گفتەگۆ یان درێژەدان بە شەڕ.

٧- هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراقی لە سەرکردایەتی پارتی و مەلا مستەفا، لە ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆ یان درێژە دان بە شەڕ.

دوای کودەتای هاوبەشی بەعسیان و عبدالسلام عارف بەسەر ڕژێمی قاسم دا دوو بەرەی جیاواز لە یەکتری، لە ئایدیۆلۆژی، و پەیوەندی سیاسی، و جۆری حوکمڕانی، و هەڵسەنگاندنی کێشەی عەرەبی، و سیاسەتی دەرەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست.

تەنیا خاڵی هاوبەشی نێوانیان، سیاسەتیان بوو بەرامبەر کێشەی کورد کە بڕواییان بوو بە گرتنە بەری ڕێگای دیموکراتی و ئاشتی بۆ بڕواهێنان بە مافی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی خۆیدا لە هەر چوارچێوەیەکی سیاسیدا بێت.

ئەم ئاکۆکی و جیاوازیە گەورەیەی نێوان بەعس و عبدالسلام عارف و جەنەراڵەکانی سوپای عێراقی هێندە توندوتیژ بوو کە حوکمڕانی هاوبەشیان لە ١٠ مانگ پتری نەخایاند، عبد لسلام بە هاوکاری جەنەراڵەکانی سوپا دەسەڵاتی بەعسیان ڕوخاند.

هۆکارە گرنگەکانی یارمەتدەر بۆ سەرکەوتنی عبدالسلام جگە لە کێشەی قووڵی نێوان سەرانی بەعس و عبدالسلام عارف ئەمانەی خوارەوە بوون:

ا-سەرنەکەوتنی نەخشە و پلانەکەی توندڕەوانی سەرانی بەعس بە ڕابەری (عەلی سالح سەعدی) کە (باوکی کوردی فەیلی و دایکی عەرەبە)، بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان، وە تێکشکانی لەو مەیدانەدا، کە بووە هۆی دڕدۆنگی نێوان بەعس و پەیدا بوونی باڵێکی بەعسی دژی باڵە توند ڕەوەکە بە ڕابەری (طالب شبیب).

ب-ناڕەزایی زۆری سوپای عێراقی و زۆربەی جەماوەر لە دەستەلاتداری هێزی چەکداری (حرس قومی) کە سەرکردایەتی بەعس پاش مانگی ٩٦٣/٢ پێکیان هێنا، کار گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی دەسەلاتی سیاسی و سوپایی لە ناوخۆی عێراقدا کەوتبوە دەست حەرەس قەومیەکان.

ج-مەسەلەی نەتەوایەتی عەرەبی و کێشەی توندی نێوان بەعسیان و مسر (عبدالناصر) پشتیوانیەکی زۆری بۆ عبدالسلام پەیدا کرد.

د-ئاکۆکی توند و تیژی نێوان بەعسیان و شیوعیەکان و لێدان و ڕاوتان و گرتن و کوشتنی بێ ئەندازەی ئەندام ولایەنگرانی حیزبی شیوعی لەلایەن بەعسیانەوە، پشتیوانی حیزبی شیوعی بۆ عبدالسلام عارف مسۆگەر کرد.

عبدالسلام عارف پاش لێدانی دەسەلاتی بەعسیان، کەوتە گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە، بەرامبەر سۆڤیەت و دەولەتانی ئەوسای جوغرزی سۆڤیەت، وە لەسەر ئاستی عەرەبیش لەگەڵ مسر و ئەردەن و سوریا، و لەگەڵ وولاتانی ئەورووپا و

ئەمەریکاش کەوتە باشکردنی پەیوەندی خۆی بە تورکیا و سۆڤیەت و وولاتانی سۆسیالستی لەلایەک وە لەگەڵ وولاتانی ئەورووپی بە تایبەت بەریتانیا و لەگەڵ ئەمریکاش، دیسانەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ میسریشدا باش کرد.

عبدالسلام عارف لەناوخۆی عیراقیشدا هەوڵی خاوکردنەوەی هێرش و پەلاماری سەر کوردستانی دا بە مەبەستی ڕێخۆشکردنی ڕاگرتنی تەقە.

وولاتانی دەرەوە بیروڕای خۆیان لەسەر مەسەلەی کورد گۆڕی، ئەمریکا و سۆڤیەت و عبدالناصر هاندەری گەورەی عارف بوون لە گرتنە بەری ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ مەلا مستەفادا، لە لایەکی تریشەوە حیزبی شیوعی عیراقی هاندەری مەلا مستەفا بوون بۆ ڕاگرتنی تەقە و ڕێکەوتن لەگەڵ عبدالسلام. ئەم سیاسەتەی وولاتانی دەرەوە و میسر و حیزبی شیوعی بە قازانجی عبدالسلام عارف بوو لە دەربازبوونی لە کێشەی شۆڕشی کوردستان و پاکتاو کردنی بەعسیان و چەسپاندنی حوکمڕانی خۆی لە عیراقدا.

ئەم هەوڵەی دەوڵەتان دیسانەو بە سوودی مەلا مستەفاش بوو بۆ دروست بوونی بارودۆخێکی ئارامی کاتی لە کوردستاندا و دەست بەتاڵبوونی بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیدا.

ڕاپۆرتی لیژنەی ناوچە ئاماژەی بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کۆبوونەوە ئەوە بوو کە لە ڕێگەی تاهر یەحیاوە پەیوەندی نهێنی نێوان عبدالسلام و مەلا مستەفا پێکهاتوە بە هاوکاری و هاریکاری (سعید مطر، سلیم فخري، جلال بالطه، طه بامرني) کە لە سەران و سیاسەتمەدارانی حیزبی شیوعی عیراقی بوون و لە کاتی شیوعی قڕانەکەدا بەغدیان بەجێ هێشتبوو لە بەغداوە بە ڕێگەی ڕانیەدا چوونە بارەگای مەلا مستەفا.

کە پاشتر دەرکەوت لە سانگی ٩٦٤/١ دا پەیامهێنەر و پەیامبەر (عبدالرزاق محمد) کە ئەو کات محافزی سلیمانی بوو.

ئەو پەیوەندیە نهێنیە و ئاگادار نەکردنی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی لێی لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە وا لێک درایەوە، کە مەلا مستەفا بیەوێ هەمان نمونەی چارەسەری ناکۆکی نێوان بەعسیان و عبدالسلام کە بە ڕوخانی بەعس تەواو بوو، لەناو پارتیشدا ڕەنگ بداتەوە، و بە هەمان شێوەی عبدالسلام عارف ڕەفتار لەگەڵ سەرانی پارتی بکات وەک بەعسیەکان، پارتی دیموکراتی کوردستانیش

بکات بە دوو پارچەوە، لایەنگرانی بارزانی و دژەکانی بارزانی، پاشان بە فەرماندەیی خۆی بیانکات بە گژ یەکتردا و پاکتاوی تەواوی لایەنە دژەکەی خۆی بکات.

## ٢-٨ سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی نێوان مەلا مستەفا و سەرکردایەتی

راپۆرتی کۆبوونەوەکە لە خاڵی دووەمیدا باسی ناکۆکی لە مێژینەی نێوان مەلا مستەفا و سەرکردایەتی پارتی کرد کە دەرئەنجامی دوو جۆر بیرکردنەوەی جیاواز بوو لە نێوانییاندا، لە رووی سیاسی و رێکخراوەیی و شۆرش و مافەکانی کورد و پەیوەندی دەرەوە و کاری بەکۆمەڵ و دیموکراتی و دسپلینی پارتایەتی و گەلێ مەسەلەی تری کۆمەلایەتی:

چەندین نمونە لە راپۆرتەکەدا هاتبوو کە مەلا مستەفا هەموو جارێ عەشایەریانە دەسەلاتی خۆی بەسەر هەموو پارتیدا سەپاندووە و هەموو سەرەتاکانی دیموکراتی و رێکخراوەیی پێشێل کردوە، بۆ مێژوو چاک وایە چەند نمونەیەکیان بخرێتە روو:

نمونەی یەکەم: لابردنی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتێری و دانانی هەمزە عبداللە و دیسان لابردنی هەمزە و دانانی ئیبراهیم ئەحمەد (کە پێشوتر بە درێژی باسمان کردوە).

نمونەی دووەم: لە ١٩٥٩/١١/١٠ دا پەیماننامەیەک لە نێوان پارتی و حیزبی شیوعیدا مۆر کرا بە ناوی (میثاق التعاون) بە نوێنەرایەتی بەهادین نوری لە لای شیوعی و ئیبراهیم ئەحمەد لەلای پارتی دوو بەندی زۆر گرنگی تیا بوو سەبارەت بە مەسەلەی کورد:

بەندی ٧ بریتی بوو لە (الإعتراف بحق الكرد في تقرير المصير)

بەندی هەشت بریتی بوو لە (كردستان العراق بوصفه إقليما، يجب أن تناط إدارته بالكرد...)

دوای ئەوەی نوێنەری هەردوولا ئیمزایان کرد، حیزبی شیوعی بێ هیچ هەڵسەنگاندنێک بۆ مۆری نوێنەرەکەی خۆی بێ سێ و دوو کردن پەیماننامەکەی رەت کردەوە، داوای کرد، ئەگەر بەندی (٨،٧) لە میساقەکەدا لانەبرێ، ئەو پەیماننامەیە لەلای ئێمەوە بەتاڵ دەبێتەوە.

گەرچی هەموو سەرکردایەتی پارتی و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێریش دژی لابردنی ئەو دوو بەندە بوون، بەلام مەلا مستەفا بە بڕیاری تاکی خۆی هەردوو بەندەکەی لابرد و بۆشی مۆر کردن.

نموونەی سێیەم: پاش دەرچوونی یاسای کۆمەڵیەکان (قانون الجمعيات) لەلایەن حوکمی عبدالکریم قاسمەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی دا بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی کارکردن لەژێر ناوی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق).

وەزارەتی ناوخۆ گۆڕانکاریەکی زۆری لە ناوەڕۆکی پرۆژەکەدا کرد تا ئەو رادەیەی کە زیاتر لە بەرنامەی ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتی دەچوو وەک لەوەی بەرنامەی پارتێک بێت، و داوای گۆڕینی ناوی پارتیشی کرد کە دەبێ وشەی (یەکگرتووی عێراق) ی لێ لابیبرێ.

مەبەستی قاسم لە لابردنی ئەو دوو وشەیە ترسانی یان بڕوانەبوونی بوو بە ووشەی (یەکگرتوو-الوحدە) وە ووشەی کوردستانی عێراق کە پێی وا بوو پارچە خاکێک نیە لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا ناوی کوردستان بێ.

وە لەلایەکی تریشەوە حیزبی شیوعی عێراقی سوور بوو لەسەر لابردنی ڕستەی (سوود لە تیوری مارکسیزم-لینینیزم وەردەگرین) لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا وایان دەزانی مارکسیەت و لینینیەت میراتێکە و لەسەر ئەوان تاپۆ کراوە.

دیسانەوە بێ ڕەزامەندی سەرکردایەتی پارتی، مەلا مستەفا داواکەی قاسم و حیزبی شیوعیشی پەسەند کرد و ناوی پارتی گۆڕی بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

نموونەی چوارەم: لە کاتی ڕاگرتنی شەڕ و پاشان دەستپێکردنی گفتوگۆی بارزانی لەگەڵ عبدالسلام عارف و بەعسیان، دەقی ئەو نووسینەی کە ڕۆژنامەی (الصحافة) ی بەعسیان لە ٥٩/٢/٤ دا بلاوی کردەوە درا بە مەلا مستەفا بۆ تێگەیشتن لە بیروڕا و ئایدیای بەعسیان لەسەر مەسەلەی کورد، تا هێندە خۆش باوەڕ نەبێ پێیان و هەڵی خۆبەهێز کردنیشیان بە ڕاگرتنی شەڕ بۆ نەڕەخسێنێ ڕۆژنامەی (الصحافة) نووسیبووی:

((إن الشعب العربي الكريم قد إسبغ حمايته على كل الإقليات،، و ترك لهم الخيار بالبقاء في الوطن العربي او الهجرة الى بلادهم الاصلي كالأرمن. القومية العربية تساند نضال الأكراد من أجل إقامة دولة كردية، لكن أين حدود هذه الدولة؟ إن الحدود التي تحوي القومية الكردية هي كردستان التي تؤلف جزء من تركيا و إيران، و ستكون القومية العربية مسرورة

بوجود جارها الصديق كردستان الديمقراطية المتحررة. إلا إنها ليست على إستعداد لإقتطاع جزء من بلادها و إعطائها للاخرين..) واته تكول كردن له بوونی كوردستانی خوارووی بەزۆر به عیراقەوە بەستراو.

بەلام مەلا مستەفا نەك ئەم بۆچوونەی بەعسیانی بە هەند وەرنەگرت بەلكە وا چارێكی تریش بە نهێنی خەریكی راگرتنی تەقە و گفتوگۆ دەستپێكردنە لەگەڵ عبدالسلام و باڵەكەی تری بەعسیان.

## ٩-٢ پەیوەندی نهێنی مەلا مستەفا بە سەرەك عەشیرەتەكان و ئەفسەرانی كوردەوە

راپۆرتەكە بە هەندێ كۆپی نامەی بارزانیەوە وەك بەڵگە، باسی پەیوەندی لەمێنی بارزانی كرد لەگەڵ سەرەك عەشیرەت و تایەفە و كەسانی ناسراو، وە خەریكی گەران و سەرداتی بەردەوامی ئەو ناوچە و عەشیرەتانیە، بۆ ئەوەی پشتیوانی ئەوانیش لە لیدانی سەركردایەتی پارتیدا مسۆگەر بكات، لە كۆپی ئەو نامانە ئەوانە بوو كە بۆ شێخ لەتیف حەفید، عەباس مامەند ئاغا، حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا، كوێخا سمایلی تەلان، ئەنوەر بەگی پێتواتە وە كاكە زیادی كۆیە.

لە نامەكاندا ناڕەزایی و گلەیی خۆی لە سەركردایەتی پارتی دەربڕیبوو كە نایەڵێ ئەو (مەلا مستەفا) ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرشی كورد لەو كەسانە و چەندان پیاوی ناودار و خانەدانی تر پێكبهێنێت بۆ سەركردایەتی كردنی شۆرشی كوردستان، دەیانەوێ (واتە سەركردایەتی) هەر خۆیان سەركردایەتی شۆرش و كورد بن.

وە كۆپی هەندێ لەو نامانەشی وەك بەڵگە نیشان دا، كە مەلا مستەفا بۆ ئەفسەرە كوردەكانی نوسیبوو كە هاتبوونە ریزی شۆرشەوە، لەوانە شێخ رەزا شێخ محمد گولانی، عبدالوهاب ئەتروشی، عزیز ئەتروشی، نوری مەلا مارف، نوری مەلا حەكیم، عزیز عەقراوی و چەندانی تر.

لە نامەكانی ئەوانیشدا وای دەربڕیبوو كە ئەو (مەلا مستەفا) دەیەوێ لەباتی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی، ئەو ئەفسەرە بەتوانایانە لە رووی كاری شەر و سوپاییەوە بكاتە فەرماندەی هێز و بەتالیۆنەكان و بەرێوەبەرایەتی دەزگای پێشمەرگایەتی، بەلام مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی نایەڵن و دژی ئەو

بڕیارەن، مەبەستیشی لەم کارەدا دڵ گەرمێ کردنی ئەو ئەفسەرانە و هەموو ئەو سەرباز و پۆلیسانە بوو کە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە و قەبارە و ژمارەشیان زۆر بوو، لە سەرکردایەتی پارتی دیسان بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەمانەش بۆ خۆی مسۆگەر بکات لە کاتی لێدانی سەرکردایەتی پارتیدا.

## ٢-١٠ پەیدابوونی بیروڕای جیاواز لەناو سەرکردایەتی پارتیدا

ڕاپۆرتی لیژنەی ناوچە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بۆ زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و م.س دژی ڕاوەستاندنی تەقە و گفتوگۆ کردن بوون لەگەڵ حکومەتەکەی عبدالسلام عارف دا پاش لێدانی بەعسیەکان و هەموو هۆکانی لەم خاڵانەدا چڕ کردبۆوە:

١-سەبارەت بەو هەموو گۆڕانانەی کە لە ماوەی ٤-٥ ساڵدا ڕووی دابوو، چەستەی سوپای عێراقی تووشی داڕزان کردوە و بەو زووانە توانای خۆ ڕێکخستنەوەیان نیە.

٢- لێدانی شیوعیەکان وپاشان بەعسیەکان و شەڕی دوو ساڵەی کورد پایەگا و دەسەڵاتی سوپای عێراقی تووشی لەرزین و کەم توانایی کردوە کە ناتوانێ وەک لەمەوبەر شەڕی دڕندانەی کورد بکات.

٣-ڕووخانی بەعسیەکان هیچی لە هەڵوێستی ڕژێمی عێراقی نەگۆڕیوە بەرامبەر کێشەی کورد، بەو بەڵگەیەی کە لە ٦٣/١٠/١٨ وەکو عبدالسلام دەسەڵاتی سەرەکی گرتۆتە دەست هیچ پێشخەریەکی نەکردوە بۆ وەستاندنی هێرش و پەلامارەکەی و پاشان ڕاگیاندنی چارەسەرێکی عادیلانەی کێشەی کورد بە ئاشتی.

٤-پێویستە لەم هەلەدا، شۆڕش بکەوێتە هێرش و پەلاماردانی شۆڕشگێڕانە بۆ سەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و ڕژێم ناچار بە چۆک دادان بکات بۆ ئاشتی و بڕوا هێنان بە مافی کورد. نەک پارتی و بارزانی ئەو دەست پێشخەریە بکەن و لە سەنگەری لاوازیەوە بکەونە گفتوگۆ.

٥-ڕای زۆربەی سەرکردایەتی لەسەر تەقەلای مەلا مستەفا بۆ ڕاگرتنی شەڕ، ئەوەیە کە خۆی تووشی دوو بەرەی شەڕ نەکات، بەرەیەکی کە ڕژێمە، ڕایبگرێ تا بتوانێ نەخشە و پلانەکانی لە شەڕی بەرەی دووەمدا جێبەجێ بکات ئەویش پەلاماردانی سەرکردایەتی و هێز و لایەنگرانی سەرکردایەتیە لەناو پارتیدا.

٦-سەرکردایەتی رای وایە کە لیدانی بەعسیان لەلایەن عارفەوە و بە پەلە تەقەلای مەلا مستەفا بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پاشان لیدانی پارتی بەپێی نەخشەیەکە کە هەر لە ووتووێژی یەکەمەوە مەلا مستەفا و عارف لەسەری ڕێکەوتبوون بۆ تەخت کردنی هەردوو کۆسپەی بەعس و پارتی لەبەردەم عارف و مەلا مستەفادا.

٧-عبدالناصر و ئەمەریکا و سۆڤیەت لەبەرئەوەی لە بەعس ناڕازی بوون و ڕوخاندنی بەعسیش بەهۆی عبدالسلامەوە، کەوتونەتە پشتگیری عبدالسلام و داوایان لە مەلا مستەفاش و عارفیش کردوە کە شەڕەکە ڕابگرن، بێ ئەوەی بیر لە مەسەلەی کورد بکەنەوە.

ئەم کێشەیە بە گشتی بۆتە هۆی دروست بوونی دوو بیر و رای جیاواز لەناو سەرکردایەتیدا کە زۆر بە دژی گفتوگۆ و ڕاگرتنی شەڕن و هەندێکی کەمیش لەگەڵ رای مەلا مستەفادان کە ئەوە دیاردەیەکی خراپە و پارتی دەکات بە دوو بەشەوە.

دوای ٣ ڕۆژی تەواو کۆبوونەوە و تاووتوێ کردنی بارودۆخەکە لە هەموو لایەکیەوە کۆتایی بەو کۆبوونەوەیە هات بە دەستنیشان کردنی چەند بڕیار و پێشنیارێک هەم بۆ ڕێکخراوەکان و هەم بۆ سەرکردایەتی.

من پێم وایە کە ئەو کاتە سەرکردایەتی پارتی کەوتبووە هەڵەیەکی زۆر کوشندەوە، ئەویش تێڕادیتن لە خۆیان کە بتوانن ڕێگری لە ڕاگرتنی شەڕ و پاشان چەسپاندنی رای زۆربە بەسەر مەلا مستەفادا جێبەجێ بکات.

ئەو هەڵە کوشندەیەش دەگەڕێتەوە بۆ تەسکی بیری سیاسی ئەوسای سەرکردایەتی و کورت بینیان و پاشان ئاراستەگۆیی ڕێکخراوەکانی پارتی بەرامبەر سەرکردایەتی لە هەڵسەنگاندنی بار و دۆخەکاندا. کە لە دواییدا دێمە سەر باس کردنی.

ئەو پێشنیارانەی کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کرا ئەمانەی خوارەوە بوون:

١-سەرکردایەتی لەناو خۆیاندا نوێنەرایەتیەک پێک بێنن بۆ چوون بۆلای مەلا مستەفا و گفتوگۆ لەگەڵ کردنی سەبارەت بە تاسکی بارودۆخەکە و ڕەخساوی هەلێکی باش بۆ شۆڕش و لەکیس نەدانی ئەو هەلە و ڕانەگرتنی شەڕ، هەتا دەرکەوتنی نیەتی چاکی ڕژێم لە جێبەجێ کردنی خواستەکانی گەل.

٢-سەرکردایەتی پارتی نوێنەرێکی بنێرێ بۆ لای حیزبی شیوعی و هەڵوێستی عبدالسلام بەرامبەر مەسەلەی کورد و شیوعیەکان ڕوون کاتەوە و داویان لێ بکات

کە ئەبێتە هاندەر و پاڵپشتی مەلا مستەفا بۆ ڕاگرتنی شەڕ، هەتا ڕژێم هەڵوێستی خۆی بەرامبەر داخوازیەکانی شۆڕش و ئەوانیش ڕوون ئەکاتەوە.

٣-بە هیچ جۆرێ پارتی لەگەڵ شەڕ ڕاگرتندا نەبێ، هەتا ڕژێمی عارف ئامادەیی خۆی نیشان دەدا دەربارەی جێبەجێ کردنی ئادە و قەبارەی داخوازیەکانی گەل و شۆڕش.

٤- بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ دەرچێ لە سەرکردایەتیەوە بۆ هەموو ئەندامان و کادران لە هەموو لق و لیژنە ناوچە و ڕێکخراوەکان دا تا هەستن بە سازدان و خرۆشاندنی جەماوەری ڕێکخستن و جوتیاران و ریزەکانی پێشمەرگە بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیروڕای شەڕ ڕاگرتن و داوا کردن لە مەلا مستەفا بۆ پەشیمان کردنەوەی لەو هەڵویستە.

٥-داوا لە هەموو کادران بکرێ هەڵسن بە لێکۆڵینەوە و سەرژمێریەکی وورد لەناو ڕێکخستنەکان و لەناو پێشمەرگە و لەناو جەماوەری شار و لادێکاندا بۆ زانینی ڕێژەی لایەنگرانی وەستاندنی شەڕ و لایەنگرانی ڕانەگرتنی شەڕ.

دوایین بەشی کۆبوونەوە هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی لیژنەی ناوچەی قەزا بوو. لەو هەڵبژاردنەدا بە ئەندامی کارگێڕی ناوچە هەڵبژێردرام و لە دابەشکردنی کارەکاندا ئەرکی سەرپەرشتی کردن و پشکنینی ڕێکخراوەکانم پێ سپێردرا.

لەبەرئەوەی دەبوایە بگەڕێمەوە بارەگای ڕێکخراوی سرۆچک کە لە گوندی حاجی مامەند بوو بۆ دەوروو تەسلیم کردن لەگەڵ لێپرسراوی نوێی ڕێکخراو، هەر لەێشەوە دەستم کرد بە ێکۆڵینەوە و وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی ڕای ڕێکخستن و پێشمەرگە و جەماوەر.

سنووری ئەو ڕێکخراوە یەک لق پێشمەرگەی تیا بوو. سەر لق معاون شیخ ڕەزای گولانی، وە یاریدەدەری سەرلق شەهید عزیز ئەتروشی بوو وە سێ پەلی پێشمەرگەی هەبوو پەلی عەریف ئالب موریاسی، پەلی شیخ محمد بەساکی، پەلی حەمە علی گیلدەرەیی. لێپرسراوی ئازووقەی لق معاون عبدالوهاب ئەتروشی بوو.

لەناو پێشمەرگەدا بۆم دەرکەوت کە لە لێپرسراوانیاندا تەنها شەهید عزیز ئەتروشی و سەرپەل عەریف ئالب مۆریاسی لایەنگری ڕانەگرتنی شەڕ بوون لەگەڵ نزیکەی ٣٠ پێشمەگەدا لە کۆی ١٧٠ پێشمەرگە.

لەناو ڕێکخستنەکاندا نزیکەی لە سەدا ٧٠ ی ئەندامان و لایەنگرانی لەگەڵ ڕانەگرتنی شەڕ بوون. لەناو ئەم ماوەیەدا پتر لە ٤/٣ لایەنگری ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆ بوون، بەلام بە مەرجێ داخوازیەکانی شۆرش جێبەجێ بکرێن.

لە هەموو ڕێکخراوەکانی تری سەر بە ناوچەی قەزای سلێمانی ئامارەکان بەو شێوەیەی سەرەوە لێکنزیک بوون لەگەڵ جیاوازیەکی زۆر کەم لە ڕێژەکاندا لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر، بەلام ڕێکخراوەکان لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا زۆر ئابابەتیانە بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاندبوو.

کۆبوونەوەی هەموو لیژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکان و لقەکانی پارتی هەمووی لە یەک کات و بەیەک بڕیار بوو واتە ئەوەی کە من دەربارەی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانیم نووسیوە نموونەی هەموو دەزگاکانی پارتی بوو وە بڕیارێکی ناوەندی بوو.

ڕۆژی ٩٦٤/١/٢٢ نامەیەکمان لە لقی ٤ ی سلێمانیەوە بۆ هات کە بۆ هەموو لیژنەی ناوچەکانی تریش ئاراستە کرابوو لە خواریشەوە وێنەی بۆ م.س نووسرابوو، ناوەڕۆکی نامەکە بەم جۆرە بوو.

((ڕۆژی ٦٤/١/٢٠ نامەیەکمان لە ناوچەی سلێمانیەوە بۆ هاتووە دەڵێ: عبدالرزاق محمد مئەسەریفی سلێمانی تا ئێستا دوو جار سەردانی سەرۆک بارزانی کردووە، بە پێی مەعلوماتی ئێمە نوێنەری ڕژێمە، بۆ زەمینە سازکردنی ئیعلان کردنی ڕاگرتنی شەڕ و دەست پێکردنی گفتوگۆیە.

لە ٦٤/١/٢٥ دا دوو نامەی تەواو پێچەوانەی یەکتری بە بروسکە دران بە هەموو هێز و بەتالیۆن و لقەکانی پێشمەرگە.

یەکیان بروسکەی (ئاراس) واتە بارەگای بارزانی بوو کە فەرمان بە هێزی پێشمەرگە دەکات خۆیان لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم بپارێزن و لادەن وە لە هەموو ڕێگا و بانەکانی هاتوچۆی سەربازی ڕژێم دوورکەونەوە.

دووەمیان لە فەرماندەی هێزەکانەوە (جەلال تاڵەبانی، علی عەسکەری، عمر دەبابە) کە پێویستە چالاکی پێشمەرگانە و لێدانی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم پتر بکەن و ڕێگاوبانەکانی هاتوچۆی سەربازی ڕژێم پتر بخەنە ژێر شالاوی دلێرانەی خۆیانەوە.

ڕۆژی ٦٤/١/٣١ بروسکەیەکی بەپەلە بۆ هەموو هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی پارتی لە (ئاراس)ەوە واتە بارزانیەوە دەرچوو دەڵێ:

((بۆ پیشاندانی حوسنی نییەت لەلایەن ئێمەوە، پێویستە لە مرۆوە (١٩٦٤/١/٣١)، هەموو چالاکییەکی پێشمەرگانە و هەر کارێکی تری ببێتە هۆی تەگەرە دروست کردن دژی حکومەتی سەرۆک عبدالسلام عارف رابگرن)).

ڕۆژی ٦٤/٢/١٨ کە لەپشکنینی ڕێکخراوی سورداش، سەرچنار، بازیان، تەداو بوبووم و بەرەو بارەگای لیژنەی ناوچەی قەزا لە هۆمەرامان دەگەڕامەوە، لە گوندی چیشانە چاوم بە کاک حەمەی حاجی کەوت، ووتی ئەمڕۆ بارزانی بروسکەی ناردوە بۆ هەموو پێشمەرگە و پارتی کە شەڕ وەستا. عەسر گەیشتمەوە بارەگای ناوچە و بروسکەکەم خوێندەوە بەم جۆرە بوو:

((لە ناراسەوە بۆ هەموو بارەگاکانی پێشمەرگە و پارتی

بڕیارماندا بە وەستاندنی تەقە و شەڕ لەگەڵ حکومەتی سەرۆک عبدالسلام عارف، بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی داخوازییەکانمان، بۆ بەرگری کردن لە کوشتنی برای ئیسلام بە دەستی برای ئیسلام، بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکە، بۆیە داوا دەکەم هەرکەسە بگەڕێتەوە ناو ماڵ و عەیالی خۆی و بچێتەوە سەر ئیش و کاری موحتەرەمانەی خۆی، خوا پشتیوانی گەورەی ئێمەیە، داوا دەکەین کە ئەم بڕیارە لە گەیشتنی ئەم بروسکەیەوە جێبەجێ بکرێ ئێمە لەگەڵ سەرۆک عبدالسلام عارف بەرەو ڕێکەوتن دەچین)).

## ٢-١١ هەڵە کوشندەکانی م.س و سەرانی پارتی و تەسک بینی لۆجیکی دیپلۆماسی

سەرکردایەتی پارتی، بە تایبەتی هەرە توندڕەوەکانی پارتی کە (ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا ماتۆڕ(عبدالله ئیسماعیل)، نوری شاوەیس، حلمی علی شریف و عمر دەبابە) بوون بە کۆمەڵ کەوتبوونە هەڵەی کوشندە و بەکارنەهێنانی لۆجیکی دیپلۆماسی سیاسی لە دژایەتی کردنی مەلا مستەفادا، یا لە بەربەرەکانی کردنی مەلا مستەفادا.

ئەگەر بە ویژدانی ئەوسام و ئێستاشم پاش تێپەڕ بوونی (٣٣) ساڵ بەسەر ئەو کاتەدا بارودۆخەکان هەڵسەنگێنم لە مەیدانی هەق و ناهەقدا، بە بڕوای تەواومەوە ئەو کاتە واتە ساڵی ٩٦٤ سەرکردایەتی پارتی لەسەر هەق بوون و مەلا مستەفا ناهەق بوو لەم ڕوانەوە.-

أ- لە ڕووی بەربەرەکانی کردنی سەرکردایەتی.
ب- لە ڕووی ڕاگرتنی شەڕ و بە هیچ ڕازی بوون.
ج- لە ڕووی شکاندن و سووکایەتی کردن بە سەرکردایەتی پارتی.
د- لە ڕووی هێرش و پەلامار بردنە سەر دامودەزگاکانی پارتی بە پاڵپشت و هاوکاری و یارمەتی چەک و پارە وسەربازی عبدالسلام عارفەوە.
هـ- لە ڕووی پلان گێڕانی مەلا مستەفا لە هەڵتەکاندنی ناوەڕۆکی حیزبایەتی.

بەڵام دەبوایە سەرکردایەتی پارتی هەستیان بە ئایندەی مەترسیداری ئیازەکانی مەلا مستەفا بکردایە لەسەر ڕەوتی بزوتنەوەی کوردایەتی و خەباتی ڕزگاری خوازی گەل و ملیان بۆ هەندێ لە داواکاریەکانی مەلا مستەفا کەچ بکردایە، تا نەگەیشتایەتە ئەو ڕادەیەی کە پێی گیشت و لەو کاتەوە تا ئێستا و دوارۆژیش شۆڕشی کورد و بزوتنەوەی کوردایەتی پێ دەتلێتەوە.

سەرکردایەتی پارتی دەبوایە ئەوەی لە ٩٦٤ دا بەرامبەر بە مەلا مستەفایان کرد لە پەنجاکاندا بیانکردایە، لەو کاتانەدا بیانکردایە کە مەلا مستەفا جگە لە سەرەک عەشیرەتێکی خۆشەویست لای خەڵک و بە شۆڕشگێڕ ناس هیچی تر نەبوو. دەبوایە ئەو کاتانەی کە بە بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی لە بەشێکی تری دەدا، ئەو کاتانەی کە جارێک ئەم سکرتێری لادەبرد و ئەوی تری دادەنا، ئەو کاتانەی کە لە کۆنگرەی پارتیدا ژمارەیەکی زۆر نزیکەی ٤٠ کەس لەگەڵ نعمان بارزانیدا بردە کۆنگرەوە کە هیچیان ئەندام نەبوون و دەنگیان بۆ ئەماتی سکرتێر لە پارتیدا دا، بەڵام لە دوایین ڕۆژی کۆبوونەوە مەلا مستەفا فەرمووی (ئەگەرچی کۆنگرە بڕیاری ئەماتی سکرتێری داوە، من سکرتێر دادەنێمەوە)، دەبوایە ئەو کاتە ئیبراهیم ئەحمد بیزانیایە کە مەلا مستەفا سووکایەتی پێ کردوە و بە شەرعیەتی کۆنگرە دانەنراوەتەوە بە سکرتێر، واتە سکرتێری کۆنگرەی پارتی نەبوو بەڵکە سکرتێری مەلا مستەفا بوو و بۆ مەلا مستەفاش هەبوو هەکات بیەوێ لای بەرێ، هەروەک لە ٩٦٤ دا ووتبوی (من ئیبراهیم ئەحمەدم کردەوە بە سکرتێر و خۆشم لای دەبەم)، دەبوایە ئەو کاتە سکرتێری قبوڵ نەکردایە و بەرەنگاری ببوتایەتەوە.

ئەک پاش تێپەڕ بوونی ٣ ساڵ بەسەر شۆڕش و سەرکردایەتی مەلا مستەفا لە شۆڕشدا کە هێندەی تر ناوبانگ و جەماوەری پەیدا کردبوو.

هەڵەکانی سەرکردایەتی لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا ئەمانە بوون:

١- یارودۆخە ناوەکییەکان کە هەمووی بە سوودی مەلا مستەفا و بە زیانی سەرانی پارتی بوو.

ا- مەلا مستەفا پێگەیەکی فراوان وتوند و جەماوەرێکی زۆری لە ناوچەی بادینان هەبوو، کە پارتی وەک حیزب و سەرانی پارتیش وەک سەرکردایەتی نەیانبوو.

ب- مەلا مستەفا بناغەی پەیوەندیەکانی خۆی بە جەماوەرەوە لە ڕێگەی سەرەک عەشرەت و هۆز و تیرەکانەوە دەکرد، لەو ڕوانگەیەی کە ڕاکێشانی سەرەک عەشرەتێک و دڵنەوایی کردنی و بەدەست هێنانی پشتیوانی، دەکاتە مسۆگەر کردنی هەموو عەشرەتەکە کە خۆ بەستنەوەیەکی توندیان بە ئاغا یان شێخ یان میرەوە هەبوو.

پارتی تەنیا پشتی بە چۆگەکانی ڕێکخستن دەبەست کە زیاتر لە شارەکاندا لەناو توێژەکانی خوێندەواران و ڕۆشنبیران و کاسبکاران و کرێکاراندا لە دانیشتووی شارەکاندا پەرەی سەندبوو.

ج-لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول تاکو ساڵی ٩٦٤ مەلا مستەفا ئەوەندەی بۆی کرابێ لە گەڕاندا بووە بە ناوچە جۆربەجۆرەکان و سەردانی سەرەک عەشرەت و پیاوە ناسراوەکانی کورد و مەلا و شێخە ناودارەکان بۆ دوو مەبەست. یەکەمیان بۆ ڕاکێشانی دۆستەکان و هاوکاریان، دووەمیش بۆ ڕسواکردنی ئەو کەسە ناودارانەی کە بە لایەنگری سەرکردایەتی دەزانین ئەمەش زۆر جار بە ڕێگەی میوانداری کە بە ٣٠٠ تا ٥٠٠ چەکدارەوە دەبووە میوانی بۆ ماوەیەکی زۆر تا وای لێ دەکرد دەیخستە سەر ساجی عەلی و پاشان بە جێی دەهێشت و دوای ماوەیەک دەیناردە بە دوایدا و بۆ یارمەتی دانی.

بە پێچەوانەوە سکرتێری پارتی و زۆربەی مەکتەبی سیاسی خۆیان لە چوغزی بارەگایەکی ناو ئەشکەوتدا قەتیس کردبوو، دەبوایە خەڵک بچێتە سەردانی ئەوان، تەنانەت زۆر جار کادر و ئەندامانی ڕێکخراوەکانیش نەیاندەتوانی سەرکردایەتی خۆیان ببینن.

د- لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە تا ساڵی ٩٦٤ دەیان ئەفسەری گەورە و بچووکی سوپا و پۆلیس هاتبوونە ناو شۆڕشەوە، بەلام هیچ کامیان فەرماندەی هێزێک یان بەتالیۆنێک نەبوون و هەموو فەرماندەییەکان لە ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندامانی تری پارتی دانرابوو، جگە لەوەی کە کەم تا زۆریش بایەخیان پێ نەدەدان، زۆر جار عەرف یان نائب عەریف سەرلق بوو بەلام مەسئول ئازووقەی لقەکە معاونی

پۆلیس بوو. مەلا مستەفا خۆی لەوانە نزیک کردەوە یا بڵێم ئەوانەی هەمووی لە خۆی نزیک کردەوە.
هـ- سەرکردایەتی ویدەچوو لەو ڕاستیە نەگەیشتبێ کە شەڕی چەت مانگەی بەعسیان لە ٩٦٣ دا چەند کاولکەر و توندوتیژ بوو، بە سووتانی دێهاتەکان و خەڵە و خەرمان و تالان و بردنی بەرهەمی جوتیاران و سوتماک کردنی زەوی و شابڵوقەی ئابووری، لە لایەکی تریشەوە سەختی زستانی ٩٦٣ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاژەڵ، تا چ ڕادەیەک خەڵکی ماندوو شەکەت و برسی کردبوو خواستاری پشوویەک بوو(٠).
ئەمە جگە لەوەی کە مەلا مستەفا گوشارێکی زۆری شێخ ئەحمەدی خودانی بارزانی لەسەر بوو بۆ شەڕ ڕاگرتن بەتایبەتی هەلومەرجی ناوچەی بارزان و تەکیەی شێخیش لە ڕووی ژیانەوە زۆر سەخت بوو. دەبوایە سەرکردایەتی ئەو ڕاستیەی لەبەر چاو بوایە.
و- مەلا مستەفا لە بیانوو و لەسەر پێ بوو بۆ بەلادا خستنی ناکۆکی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتیدا لە هەلێک دەگەڕا کە بۆی برەخسێ بۆ یەکلا کردنەوەی ململانێی دەسەلات گرتنە دەست لەگەڵ سکرتێری پارتی و سەرکردایەتیدا، بۆ ئەمەش پێویستی هەم ماوەیەک بە ئاشتی هەبوو لەگەڵ ڕژێمدا و هەم دەشیویست حکومەتی عبدالسلام بکاتە پاڵپشتی خۆی لە لێدانی سەرکردایەتیدا و واش لە موشیر عبدالسلام بگەیەنێ کە ئەو (مەلا مستەفا) شەڕی ناوێ و حەز بە ئاشتی دەکا و بە چەند داخوازیەک کە بە دڵی عبدالسلام بێت ڕازیە، بەڵام سکرتێری پارتی و سەرکردایەتی ڕێگرن و دژی ئاشتین و ناهێڵن گەلی عێراقی خۆشەویست بە ئاراسی بژی.
سەرکردایەتی پێویست بوو نەیهێشتایە باوەڕی ڕژێم بۆ خۆی ڕاکێشێ بەڵکو دەبوایە دیپلۆماسیانە هەم لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ بوایە و هەم هەلیشی نەدایەتە دەست مەلا مستەفا.
ز- لەمانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە سەرکردایەتی گەر بە تەواویش نەبووبێ تا ڕادەیەک ئاگاداری پەیوەندی نهێنی و پەیمانی نهێنی مەلا مستەفا و عبدالسلام بوون دەربارەی خۆڕزگار کردنی هەردوکیان لە کۆت و پابەندی حیزبایەتی. هەم عبدالسلام بیانووی بۆ چێیە جێ نەکردنی داخوازیەکانی کورد لای مەلا مستەفا ئەوە بوو کە حیزبی بەعس ڕازی نابێ و سەرکردایەتی بەعس کەسانی توندڕەو و دژە

ئاشتی و دژە چارەسەری کێشەی کوردن، وە هەم مەلا مستەفاش لای عبدالسلام عارف گلەیی و گازەندە و ناڕەزایی بەرامبەر سکرتێر و سەرکردایەتی پارتی دەردەبڕی کە ڕێگرن لە ڕێکەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ حکومەتی شوباتی ۹٦۳ دا. هەردوولا بەڵێنیان دابوو کە خۆیان لەو کۆتانە دەرباز کەن، کە عبدالسلام یە کودەتا ۱۸/۱۰/۹٦۳ خۆی لە بەعس ڕزگار کرد، دەبوایە سەرکردایەتی بیانزانیایە کە هەنگاوی دووەم لێدانی ئەوانە لەلایەن مەلا مستەفاوە بە پشتیوانی عبدالسلام.

کە نەدەبوایە دیسانەوە سەرکردایەتی ئەو هەلەیان بۆ مەلا مستەفا بڕەخسانایە و دەبوایە بۆ ڕێگری لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی و بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانی نەریتی خۆفرۆشی بە شێوەیەکی دیبلۆماسیانە لە ئاست ئەو بارودۆخە ڕەفتاریان بکردایە.

ح- بوغرا بوون و لەخۆبایی بوونی سەرکردایەتی بە جەماوەری ئەندامان و ژمارەی بێ بناغەی ئەندامان، بێ ئەوەی ئاوڕێک لە چۆنایەتیەکەی بدەنەوە، لەلایەکی ترەوە بە هەڵەدا بردنی سەرکردایەتی لەلایەن کادران و لیژنە ناوچە و ڕێکخراوەکانیەوە بەو ڕاپۆرتانەی کە بە پێوەنانێکی یەکجار زۆر و بێ بناغەیەکی ئامارگیری ڕاست دەیانناردە بۆ سەرکردایەتی لەسەر ڕێژەی لایەنگرانی سەرکردایەتی لە ناکۆکی لەگەڵ مەلا مستەفادا لەسەر ڕاگرتن و ڕانەگرتنی شەڕ لەناو هێزی پێشمەرگە و جەماوەر و ڕیزەکانی ڕێکخستندا، هەر لە سنووری لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانیدا کە سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی دەربەندیخان (وارماوا)، بەرزنجە (سرۆچک)، عەربەت (شارەزوور)، قەرەداغ، بازیان، سورداش، سەرچناری دەکرد.

زۆربەی ئامارەکان ناڕاست و پێوەنانی زۆر تیا دیار بوو، کە بە ڕاستی ئەو ڕاپۆرتە ناڕاستانە سەرکردایەتی بە هەڵەدا برد لە هەڵسەنگاندنی هێزی چەکدار و پێشمەرگە و ڕێکخراوی جەماوەری و ڕێکخستنەکانی پارتی لایەنگری خۆی.

۲-بارودۆخە دەرەکیەکان کە بە سوودی بارزانی و زیانی سەرکردایەتی بوو ئەمانەی خوارەوە بوون:

ا-لەسەر ئاستی عەرەبی، عبدالناسر کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە میسر و وولاتانی تری عەرەبیدا دەگێڕا و سەنگێکی تایبەتی لەسەر ناوچەکە هەبوو، لایەنگری ڕاگرتنی شەڕ و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو، وە داوای لە عبدالسلام و مەلا مستەفاش کردبوو کە بە ئاشتی و ڕێگەی گفتوگۆ چارەی کێشەی کورد بکەن.

بەرژەوەندی میسر لەم هەڵوێستەدا خۆی لە دروست کردنی یارێکی ئارام لە عێراقدا دەدیتەوە بۆ بەرژ ئەسەر هەڵتەکاندنی بەعسیەکان لە ڕەگ و ریشەوە و بەهێزبوونی نەتەوەییەکان و پاشان پتەوبوونی پەیوەندی نێوانی هەردوو وڵاتی میسر و عێراق لە هەموو مەیدانێکدا بۆ خۆشکردنی هەلومەرجی یەکگرتن.

ب- حکومەتی سۆڤیەتی کە بە هاتنە سەر کاری بەعسیەکان و لێدانی شیوعیەکان و بەرەو لەناوبردنی هەموو پێگە ئابووری و سیاسیەکانی سۆڤیەتی، بەرژەوەندیەکانی کەوتبووە لێژییەوە، بە لێدانی بەعسیەکان و ڕووخانیان لەلایەن عبدالسلام عارفەوە هیوایەکی گەورەیان پەیدا کرد بە گەڕانەوەی دەسەلاتیان و بنەگاکانیان بۆ عێراق، وە دیسانەوە بۆ پێشبڕکێ کردن لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا، ئەمانیش بەپەلە داوایان لە عبدالسلام و مەلا مستەفا کرد کە شەڕ ڕابگرن و ڕێگای دیالۆگ بگرنە بەر بۆ چارەسەری کێشەی کورد.

ئەم هەڵوێستەی سۆڤیەت بەرامبەر عبدالسلام کە لە پێناو جێبەجێ کردن و پاراستن و پاشان پتەوکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی بوو لە عێراقدا، لە چەندین ڕووەوە کاریگەر بوو لەسەر مەلا مستەفا و عبدالسلام عارف.

* هەر بە ڕووخانی بەعسیان، سۆڤیەت و هەموو دەوڵەتە یەنای سۆسیالستەکانی ناو جوغزی سۆڤیەتی، خۆیان لە پشتگیری مەسەلەی کورد کشاندەوە هەم لە ڕووی ڕاگەیاندن و هەم لە ڕووی پڕوپاگەندەوە هەم لەسەر ئاستی نێونوتووەییش بۆ دڵڕاگرتنی عارف و نزیک بوونەوە لێی.

* بە پشتگیری سۆڤیەت بۆ ڕاگرتنی شەڕ حیزبی شیوعی عێراقیش بێ هەست کردن بە چۆن و بۆچی ڕاگرتنی شەڕ لە دیدی بەرژەوەندی مەسەلەی کوردەوە، کەوتنە هاندان و پشتیوانی کردنی مەلا مستەفا بۆ ڕاگرتنی شەڕ و لەگەڵیا دژایەتی کردنی سەرکردایەتی پارتی، بەو هیوایەی لە ڕاگرتنی شەڕ و گفتەگۆدا بتوانن شوێن پێیەک بۆ خۆیان لە حکومەتەکەی عبدالسلامدا پەیداکەن، و لەلایەکی تریشەوە حیزبی شیوعی کە خۆی بە تەنیا و تاکە میراتگری بیری چەپ و مارکسی دەزانی لە عێراق و کوردستاندا، بە لایەنگری لە مەلا مستەفا دەتوانن گورزێکی پشت شکێنیش ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی ناسراو بە لایەنی چەپ بکەن.

* مەلا مستەفاش ئەو داوایەی سۆڤیەتی زۆر بەلاوە گرنگ بوو بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لە سۆڤیەت و تێکەڵ کردنی سۆڤیەت بە مەسەلەکە، بۆ سوود وەرگرتن لە یاریکردنی لەوەو پاشی لە نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا و پاشان میسر و جوولەکە.

ج-ئەمریکاش بە ڕووخانی بەعسیان زیاتر هاتە ناو مەسەلەکەوە و داوای لە عارف و مەلا مستەفا کرد کە شەڕ ڕابگرن، ئەمیش بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی خۆی:

* ئەمریکا دەیویست پاش ڕووخانی بەعس، عبدالسلام بیپەرژێتە سەر هەڵوەشاندنی بەعس و لەڕەگ و ریشە دەرهێنانی هەموو پێگە جەماوەرییەکانی، بە هیوای ئەوەی بتوانێ پێگەی خۆی لە عێراقیدا دروست بکا و بەهێزی بکات، کە ئەو کاتە عێراق لە ناوچەکەدا لەگەڵ سوریا تەنیا کۆسپی بەردەمی بەرەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوون.

* ئەمریکا دەیویست بەو بۆنەیەوە کێشەی کورد بقۆزێتەوە و بیخاتە ژێر چەتری سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا، تاکو هەم حکومەتی عێراقی پێ چاوترسێن بکات لە کاتی پێویستدا، و هەم ئەشهێڵێ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی عێراق بچێتە دەرەوە و کار بکاتە سەر بەرپابوونی شۆڕش و ڕاپەڕینی کورد لە سەرووی کوردستان (تورکیا) و لە ڕۆژهەڵاتیشدا (ئێران)، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەش لای ڕوون بوو کە مەلا مستەفا باشترین جێبەجێ کەری پلانەکەیەتی و سەرکردایەتی ئەو کەرەسەیە ئێن.

* مەلا مستەفاش ویستی سوود لە دروست بوونی ئەو بارودۆخە وەربگری و پتر و پتر لە ڕێگەی گوێڕایەڵی بۆ خواستی ئەمریکا لە ئەمریکا نزیک بێتەوە و لەسەر دوو پەتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی واتە سۆڤیەتی و ئەمریکی یاری بکات و خۆی پێ بەهێز بکات.

د-تەنیا دەوڵەت لە ناوچەکەدا کە ڕاگرتنی شەڕی پێ ناخۆش بوو ئێران بوو کە دراوسێی هەرە نزیک و بەرفراوانی عێراق بوو.

ئێران هەر لە دروست بوونی عێراقەوە کێشەی سنووری لە زەوی و لە ئاویشدا لەگەڵ عێراق هەبووە و، هەمیشە لە هەلێک گەڕاوە کە بتوانێ سوودی لێ وەربگری و سنوورەکەی خۆشی فراوان بکات.

* ئێران لەبەرئەوەی درێژترین سنووری بە عێراقەوەیە لە چاو سنووری عێراق-تورکیا یا عێراق-سوریا لەلایەک وە لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان کوردەکانی خوارووی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتەوتر و بەرفراوانترە، وەک لە پەیوەندیان لەگەڵ سەروو و سەرووی ڕۆژئاوا (مەبەست تورکیا و سوریایە)، هەمیشە کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو، قووڵایی ستراتیژی بزوتنەوەی کوردی بووە لە خوارووی کوردستاندا هەم لەڕووی ئابووری و هەم لە مەیدانی خۆسازدانەوە و داڵدە بۆ بردندا، بۆیە ئێرانیش بە درێژایی

مێژووی ڕاپەڕینی کورد هەوڵی داوە مەسەلەی کورد بخاتە ناو جوغزی سیاسەتی خۆی و ژێر ڕکێفی خۆیەوە لە لایەک بۆ بەکارهێنانی دژی عێراق و تورکیا و لە لایەکی تریشەوە بۆ سەرهەڵنەدانی مەسەلەی کورد لە ئێراندا.

* کەواتە ئێران تەنیا دەوڵەت بوو بە سوودی ڕانەگرتنی شەڕ و بیروڕاکەی سەرکردایەتی پارتی بوو، ئەمەش بۆ سەرکردایەتی پارتی لە ئاییندەدا بۆ ماوەیەکی کورت سوودبەخش بوو کە لە دواییدا باسی دەکەین.

## ٣- ڕێکەوتنی عبدالسلام و بارزانی

ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ لە ڕادیۆی بەغدادەوە بەیانێکی موشیر عبدالسلام عارف خوێندرایەوە ناوەڕۆکی پێشەکی بەیانەکە بەم جۆرە بوو:

(( خوا لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ئەبێ برواتان بەوە هەبێ کە کەسێک خاوەن بەزەیی و پشوو درێژ بێ و بیەوێ هەمیشە ڕێکەوتن و ئاشتی بکاتە ڕێباز و بیروباوەڕی خۆی، بیەوێ بە ئاشتی و ئارامی بژی، ئەبێ پشت بە خودا ببەستێ وە ئەگەر نیەت و دڵ و دەروونیان و بڕوایان بەو جۆرە بوو بێ شک پشت بە خودای مەزن بەرەو ئارامی و خۆشی دەڕۆن و وەک برا پێکەوە دەژین، خوا ئاگای لە نیارەکانمانە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی برا کوردەکان لە ژووروی وولاتی خۆشەویستدا و دوایی هێنان بەو ئاژاوەیە و هەڵتەکاندنی پلانی دوژمنان بڕیارمان دا:

١- لە دەستووری کاتیدا مافی ڕەوای برا کوردەکان دیاری بکرێ.

٢- لێبوردنی گشتی دەربکرێ و هەموو گیراوەکان کە بەهۆی ڕووداوەکانی ژوورووەوە گیراون بەربدرێن.

٣- گێڕانەوەی هەموو فەرمانبەر و موچەخۆرەکانی میری کە بە هۆی ڕوداوەکانی ژوورووەوە لە کارەکانیان دابڕابوون بۆ سەر کارەکانی پێشوویان.

٤- لابردنی ئابلوقەی ئابووری لەسەر ژووروی وولات.

٥- دەستبەکاربوون بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەی ژووروو (إعمار الشمال) وە ئاوەدان کردنەوەی ئەو شوێنانەی کە بە هۆی شەڕەوە کاول کراون.

٦- بژاردنەوەی (قەرەبووی) ئەو زیانانەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی ژوورووەوە لە خەڵکی کەوتوون.

٧- گەڕاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان (إدارات) بۆ ناوچەکانی ژوروو.
٨- گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ هەموو ناوچەکانی ژوروو کە لە هەندێ ناوچەدا بەهۆی ڕووداوەکانی ژووروەوە نەمابوون.
٩- لەسەر هەموو وەزارەتەکان پێویستە ناوەڕۆکی ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن)).

دوایەدوای بەیانەکەی موشیر عارف، بەیانێکی مەلا مستەفای بارزانیش هەر لە ئێستگەی بەغدادەوە خوێندرایەوە کە ناوەڕۆکی ئەم بەیانەش بەم جۆرە بوو و هەر هەمان ناوەڕۆکی بروسکەکەی پێشووی بوو:

((بۆ پیشاندانی نیەت و ئارەزووی پاکمان، بۆ بەجێ هێنانی ئارەزووی بەڕێز سەرکۆمار موشیر عبدالسلام عارف، بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی نیشتمانی عێراقی خۆشەویست، بۆ ڕێگرتن لە ڕژاندنی خوێنی بە ناهەق و بێ تاوان، بۆ ئەوەی چیتر برای ئیسلام برای ئیسلامی خۆی نەکوژێ، وە لەبەر دەرکەوتنی نیازی پاکی سەرکۆماری بەڕێز، بڕیارماندا دەستپێشکەر بین لە ڕاگرتنی شەڕدا، و داوا لە هەموو براکانم دەکەم لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و شۆڕشدا بگەڕێنەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان، بچنەوە ناو ماڵ و عەیالی خۆیان، سەر ئیش و کاری موحتەرەماتەی خۆیان، بۆ ئەوەی ئیوار بدەین بە حکومەتی نیشتمانی بۆ گەڕاندنەوەی زوو بە زووی ژیان و گوزەرانی ئاسایی و ئاسایش و ئارامی خەڵکی بۆ ناوچەکە، و دان نان بە مافە نەتەوایەتییەکانی هاووڵاتی کوردمان لەناو گەلی عێراقدا و لە چوارچێوەی یەکێتییەکی نیشتمانی یەکگرتوودا)).

لەگەڵ ئەندامانی تری لیژنەی ناوچەدا، هەم ناوەڕۆکی بەیانەکەی عبدالسلام وە هەم بەیانەکەی مەلا مستەفامان زۆر لا سەیر بوو، لەناو خۆماندا تاووتوێمان کرد، پاشان بڕیارمان دا کە من و مەلا عارف (کاک بکر جاهد) کە لێپرسراوی لیژنەی ناوچە بوو بچین بۆ مالومە بۆ بارەگای لقی ٤ ی سلێمانی. ڕۆژی ٢/١٤ گەیشتینە مالومە و پرسیارمان لە ئەندامی لق (محمود حاجی توفیق) و لێپرسراوی لق (علی حمدی) کرد دەربارەی هەردوو بەیانەکە، بەڵام لە وەڵامدا وتیان نە مەکتەبی سیاسی و نە سەرکردایەتی ئاگایان لەو دوو بەیانە نیە و ئەو دوو بەیانە بە بڕیاری تاکی مەلا مستەفا و حکومەتی عارف خوێندراوەتەوە.

## ٣-١ هەڵسەنگاندنێک و تاووتوێ کردنێک

گەر خوێنەر سەرپێییش سەرنجی ناوەڕۆک و گەوهەری بەیانەکەی عبدالسلام و مەلا مستەفای دا، زۆر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە مەبەستی هەردوولا هیچ پەیوەندیەکی بە چارەسەری کێشەی کوردەوە نیە و نیازەکانی هەردوو لاشیان لە چەن خاڵێکدا یەکانگیر دەبنەوە:

١- نە عبدالسلام و نە بارزانی بەهیچ جۆرێک بۆ چۆنێتی و دیاری کردنی مافەکانی ڕەوای برا کوردەکان نەچوون و باسیان نەکردوە و ڕوونیان نەکردۆتەوە.

٢- نە لە بەیانی موشیر و نە لە هی بارزانی تەنیا یەک جاریش ووشەی کوردستانیان بەکار نەهێناوە و بڕواشیان بە بوونی پارچەیەکی کوردستان نەبووە.

٣- هەردوو لایان تەنیا مەبەستیان وەستانی شەڕ بووە و هیچی تر.

٤- هەردوو لایان زۆر بە ڕاشکاوی و بێ شەرمانە داوای چەک داماڵین و تەمانی شۆڕش و گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان دەکەن بۆ ناو ماڵ و سەر کاری پێشینەی خۆیان.

٥- هەم بارزانی و هەم موشیر عارفیش وا ئاماژە دەکەن کە کاری پێشمەرگانە کارێکی موحتەرەم نیە و داوایان لێ دەکەن بچنەوە سەر کارە موحتەرەمەکانی پێشووی خۆیان.

٦- هەردوو لایان هیچ پڕۆژەیەکی دیار و ئاشکرایان لە کاتی وەستاندنی شەڕدا نەبووە و دەریان نەبڕیوە کە شەڕ ڕاگرتن بۆچی و لەبەرچی و چ ئەنجامێکی دیار بدا بەدەستەوە.

٧- لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە خاڵەکانی (٩،٨،٧،٦،٥،٤،٣،٢) کە لە بەیانەکەی موشیر عارفدا هاتوە هیچ پەیوەندیەکیان بە کێشەی کوردەوە نیە، و هەموویان دیاردەکانی دوای دەستپێکردنی شۆڕشن، پێش دەستپێکردنی شۆڕش ئەو دیاردانە هیچی نەبوو، نە مووچەخۆر ڕایکردبوو، نە گوند و شارۆچکە سووتاو و ڕووخابوو، نە ئەو ژمارە زۆرە گیراوەسیاسیانە هەبوون، نە شەهید درابوو، تاکو عبدالسلام بیکات بە منەت و بە بەندەکانی چارەسەری کێشەی کوردی پیشان بدات. شۆڕش بۆ بەدیهێنانی ئەو (٨) خاڵەی موشیر عارف لەدایک نەبوو، بە واتایەکی تر شۆڕش لە منداڵدانی ئەو (٨) خاڵانە لەدایک نەبووە، بە پێچەوانەوە ئەو خاڵانە لە هەناوی شۆڕشەوە سەریان هەڵدا.

٨- لە بەیانەکەی بارزانیدا ئەوەی بە زەقی تیا بەدی دەکرێ تەنیا یەک ڕستەیە (ئێمە لەگەڵ سەرۆک عبدالسلام عارفدا ڕێککەوتوین)، ڕستەیەکی پەردەدار و نهێنی ئامێز، بەڵام خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ ئەو نهێنیەش لە ناوەڕۆکی بەیانەکەی

موشیر عارفدا دەربێنێ، ئەویش ڕێککەوتنی هەردوولایە لەسەر تەنیا ڕاگرتنی شەڕ و لێدانی پارتی.

ئەتانەت بۆ ڕۆژنامە نووسان و سیاسەت مەدارانی دەرەوەش ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەر بوو کە بێ لێدوان و باسکردن و گفتوگۆ کردن لەسەر هیچ پڕۆژەیەکی ئامادە کراو شەڕ ڕابگیرێ و بێ ئەنجام.

لە مەلا مستەفایان پرسیبوو، بۆ شەڕی ڕاگرتووە یەک لایەنە و هیچ داخوازیەکی سیاسی و نەتەوەیی تیا دیاری نەکردووە؟

لە وەڵامدا وتبووی (اجارێک کابرایەک بە دارێکەوە دەبەستنەوە و بڕیاری کوشتنی دەدەن، لە کابرا دەپرسن داخوازیت پێش مردنت چییە؟ کابرا دەڵێ لەم دارەم بکەنەوە وبمبەن بەو دارەمەوە ببەستنەوە کە ۳۰ شەقاو لێرەوە دوورە، لە کابرا دەپرسن جیاوازی ئەم دارە و ئەو دارە بۆ تۆ چییە؟ کابرا دەڵێ: لانی کەم بەو ۳۰ شەقاوە کەمێ بای باڵی خۆم دەدەم و ئەژنووی بەستنەوەکەم دەشکێ)).

ئەم فەلسەفەیەی مەلا مستەفا کە ئێستا لەلایەن کوڕەکانیەوە بە (تراثی بارزانی) دەناسرێ، ئەوە دەگەیەنێ کە شۆڕش وەک کابرای لەدار دراو ماندوو شەکەت و سڕ بووە و پێویستی بەو شەڕ ڕاگرتنە هەیە تا کەمێک بحەسێتەوە و بای لاقی خۆشبێ، گەر ڕاستەیەکەی بەو جۆرە بوایە کە ڕاگرتنی شەڕ بۆ دابین کردنی ئاشتیەکی عادلانە بوایە و بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی تری ناوخۆیی نەقرەت لێکراو نەبوایە و کورد لە سایەی ئەو شەڕ ڕاگرتنەدا پتر ڕیزەکانی خۆی یەکگرتوو بکردایە و بەرەکانی شەڕ و ناوچە ئازاد کراوەکانی بەهێزتر وسەقامگیرتر بکردایە، بێ شک فەلسەفەکەی مەلا مستەفا دەقاودەق دەردەچوو، بەڵام مەلا مستەفا ویستوێتی تەنیا بای لاقی خۆی خۆش بکا و گۆچانێکیش پەیدا بکا بۆ لێدانی سەرکردایەتی و هەموو پارتی، وویستویەتی بەو شەڕ ڕاگرتنی بێ مەرجە هێز و توانای حکوومەتەکەی عارفیش بکاتە پاڵپشتی خۆی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی کورد بەکورد بەکوشتدان، کە لەو کاتەوە تا ئێستا و دوارۆژیش لە هەر پارچەیەکی کوردستان ئەو شەڕە نەفرەت لێکراوە ڕووی دابێ و ڕوو بدات ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئەو ئەندازیاری شەڕی برا کوژەیە و گەورەترین لەکەی بێ شەرمی و تاوانبارییە بە ناوچەوانی مێژووی ژیانیەوە.

مەلا مستەفا سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی زۆری شەڕی پێکدادان و سەرکردایەتی کردنی ئەو مەیدانە بووە سەرەڕای پشوو درێژی و بڕوای تەواوی بە توانای خۆی، بەلام سەرکردەیەکی مەغرور بوو، بڕوای بە ڕاوێژکردن نەبوو لەسەر هیچ کارێک (مەگەر ڕاوێژکەرەکان دەقاودەق لەگەڵ بیروبۆچوونەکەی ئەودا بوونایە)، هەمیشە لەسەر ڕای خۆی سوور بووە، بڕوای پتری بە هێزی عەشایەر هەبوو لەبەرئەوەی بڕوای وابوو کە هەموو هۆز و تیرە و عەشیرەتێک، وەک بارزانیەکان وان بۆ سەرەک عەشیرەتەکانی خۆیان، مەلا مستەفا ڕای وابوو کە هەموو عەشیرەتێک بە چەندین داو بە سەرۆکەکانی خۆیانەوە بەستراونەتەوە، بەهۆی زەویەوە، بەهۆی ئاوەوە، بەهۆی پەیوەندی ئابووری دەرەبەگایەتیەوە، بەهۆی ڕیشەی عەشیرەتی و خزمایەتیەوە، بەهۆی پاراستنی قەبارەی عەشیرەتی لەڕووی جەکداریەوە، بۆیە گەر پشتیوانی و لایەنگری هەر سەرەک عەشیرەتێک مسۆگەر بکات دەکاتە مسۆگەر کردنی هەموو عەشیرەتەکە.

مەلا مستەفا هیچ بڕوایەکی بە پارتایەتی نەبوو، وە پێی وا بوو پارتایەتی هۆی سەرەکی هەڵتەکاندنی ئەرێتی ملکەچی عەشایەریە، وە پارتایەتی بە خڕبوونەوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ دەزانی و بەو هێزەشی دەزانین کە تا سەر ملکەچی هیچ سەرکردەیەک نابن لە چاک و خراپدا.

مەلا مستەفا بڕیاری دوایی خۆی دابوو لەسەر لێدانی سەرکردایەتی و لاوازکردن و گندەڵ کردنی پارتیش، وە هیچ نیازێکی شۆڕشگێڕانە و کوردانە و سیاسیانەشی بۆ چارەی کێشەی کورد لە ڕاگرتنی ئەو شەڕەدا نەبوو جگە لە دەست بەتالبوون بۆ لێدانی سەراتی پارتی و پارتی.

گەر خوێنەر بەراوردێک بکات لە نێوان خاڵەکانی ناو بەیانەکەی موشیر عارف و نێوان ئەو پڕۆژەیەی کە لە حوزەیرانی ٩٦٣ دا بەعس داینا و دانی پێدانا لەسەر کێشەی کورد و چارەسەر کردنی، وە مەلا مستەفا پێی ڕازی نەبوو، زۆر بە ڕوونی و بێ پەردە بۆی دەردەکەوێ کە تەنیا نیاز و مەبەست و خواست و پلانی مەلا مستەفا لە ڕاگرتنی شەڕ، هەڵگیرساندنی شەڕێکی تر بوو کە یەکەم داهێنانی ئەرێتی شەڕی کورد بە کورد بەکوشتدان بوو.

با بۆ بیرهێنانەوە بەراوردێک لە نێوان پڕۆژەکەی بەعس و بەیانەکەی موشیردا بکەین.

## ٣-٢ بەراوردێک و وەبیرهێنانەوەیەک

بەیانەکەی موشیر عارف وای پیشان دەدا کە داخوازیەکانی گەلی کورد دەسەلمێنێ بەوەی کە داموودەزگا دەولەتیەکانی خۆی بگێرێتەوە ئەو ناوچە ڕزگارکراوانەی کە بە خوێنی سەدان پێشمەرگە لە دام و دەزگاکانی عارف پاک کرابوونەوە، کە لە بەندی ٢ دا دەڵێ ((گەڕاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیە ناوخۆییەکان بۆ ناوچەکانی ژووروو)).

لە بەشێکی بەیانەکەی موشیر عبدالسلامدا دەڵێ ((لەبەر بە پیرەوە چوونی برا کوردەکانمان بۆ بانگەوازەکەی مەلا مستەفای بارزانی کە کردی، و لە ئارەزوومانەوە بۆ گەڕاندنەوەی باری ئاسایش بۆ بەشی ژووروی وولاتی خۆشەویستمان، بۆ دانانی سنوورێک بۆ تەقەلای ئیمپریالیزم و کلکەکانی و بڕینی دەستی خیزفرسەتەکان و مەلەکەرانی گۆمی لێل...))

ا- ڕازی بوونی ڕژێمی عبدالسلام بۆ ڕاگرتنی شەڕ، بەپیرەوە چوونی بووە بۆ داخوازیەکی مەلا مستەفا و پاشان بەپیرەوە چوونی کوردەکانیش بووە بۆ داخوازی مەلا مستەفا.

ب- ڕژێم و موشیر عارفی خێرخواز ئارەزووی گەڕانەوەی ئاشتی کردووە بۆ ژووروی عێراقی خۆشەویست و گەڕاندنەوەی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی سوپا و ئەمن و ئیستخبارات کە داخوازی مەلا مستەفا بووە لە موشیر عارف.

ج- ڕژێم بۆیە شەڕی وەستاندوە تا دەستی ئیمپریالزم و نۆکران و خیزفرسەتان و مەلەکەرانی گۆمی لێل ببڕێ..! دەبێ ئەو نۆکەر و خیزفرسەت و مەلەوانانەی گۆمی لێل جگە لە پارتی و مەلا مستەفا کێی تر بن.

بۆ بەراورد دیسانەوە بەشێکی بەیانەکەی مەلا مستەفاش دەخەینە ڕوو کە دەڵێ: ((...وە بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووی بەڕێز سەرەک کۆمار موشیر ڕکن عبدالسلام محمد عارف کە بریتیە لە پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی نیشتمانی و ڕاگرتنی ڕشتنی خوێنی بە ناهەق و کۆتایی هێنان بە شەڕی براکوژی....!!)) تا دەگاتە ((... دەبێ هەموو ئەوە بزانین کە دەسەڵاتی یاسا و دابینکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا، تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە و پیاوی ئیمانداریش جێگەی بڕوایە {المؤمن مؤتمن})).

ا- بارزانیش لەسەر ئارەزووی موشیر عارف شەڕی ڕاگرتووە نەک بۆ سەندنی مافی کورد و چارەسەری کێشەی کورد.

ب- ڕاگرتنی شەڕ بۆ ئەوە بووە خوێنی بە ناهەق نەڕژێ و براکوژی نەمێنێ، بارزانی وا دیارە بە زۆر و پاڵەپەستۆ شەڕی ڕژێمی عێراقی پێ کراوە، و پێی وا بووە ئەو شەڕە ناهەقە و خوێنی بە ناهەقی تیا دەڕژێ، و بەرهەڵستی گەلی کورد و شۆڕشەکەشی لە هێرش و پەلاماری داگیرکەران -براکوژیە-.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەلا مستەفا نە شەڕخواز بووە و نە شۆڕشگێڕ و نە شۆڕشکەر، بەڵکە ئەوە سەرکردایەتی پارتی بوون ئەو شەڕە ناهەقەیان ... بانەوە و خوێنی ناهەقیان بە مەلا مستەفا و کورد ڕشتوە، وە بەرگری کردن لە خۆش لە هێرش و پەلاماری سوپای داگیرکەر و کاولکەر و کۆمەڵ کوژ شەڕی -براکوژیە-.

بەلام مەلا مستەفا نە گەمژە بووە و نە نەزان، مەلا مستەفا و عارف پێکەوە دژە پارتایەتی، دژە ڕای گشتی، دژە بڕیاری بەکۆمەڵ، دژە دیموکراتی، دژە مافی دەربڕینی بیروڕا، دژە شارستانیەت و دژە پەسەند کردنی سادەترین مافی مرۆڤ بوون و شاوەڕۆکی بەیانی هەردووکیشیان یەک دارشتن و یەک واتا و یەک مەبەستیان تیایەدی دەکرێ و پێ دەچێ هەر یەک پیاوی داناش بۆی دارشتبێ.

مەلا مستەفا لە وەلامی پرسیارێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی (الاحرار) ی بەیروتیدا دەڵێ: ((من ڕێز و خۆشەویستیەکی یەکجار زۆرم بۆ بەڕێز سەرەک کۆمار موشیر رکن عبدالسلام محمد عارف هەیە، و هیچ جۆرە بەندێکی نهێنی لە ڕێککەوتنی نێوانماندا نیە، هەرچی هەیە هەر ئەوەیە کە بلاوکراوەتەوە بۆ گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ناوچەی ژوورو. حکومەت بۆ ئێمە وەک باوک بۆ خێزانەکەی و منداڵەکانی وایە کە هەمیشە حەز بە خێر و خۆشی منداڵەکانی دەکا)).

لە وەلامی پرسیارێکی تری هەمان ڕۆژنامەنووس سەبارەت بە بڕیاری قەدەغە کردنی حیزبایەتی لە عێراقدا دەڵێ: ((بەلێ من پشتگیری ئەو بڕیارەی حکومەت دەکەم و لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی و قەدەغەکردنی پارتەکانی لە عێراقدا مادام ئەو کارە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی وولات و ئامانجە نیشتمانیەکان دەکات)).

ئێستاش بۆ بەراورد لە نێوان بەیانەکەی موشیر عارف و پرۆژەکەی بەعسیان کە مەلا مستەفا و پارتی و هەموو کوردیشی پێ ڕازی نەبوو. پرۆژەکە وەک خۆی دەخەمە ڕوو، بەلام بێ پێشەکی پرۆژەکە کە بەیانێکی دوورودرێژی بەعسیان بوو.

پرۆژەی لامەرکەزی بەعسیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ١١ ی حوزەیرانی ٩٦٣ دا

بەشی یەکەم    یاسای پارێزگاکان (قانون المحافظات)

پارێزگاکانی عێراق

بە پێی ئەم پرۆژەیە عێراق بەسەر ٦ پارێزگادا دابەش دەکرێ:

١-پارێزگای موسل: ناوەندەکەی شاری موسڵە و لە لیوای موسڵ پێکدێت.

٢- پارێزگای کەرکوک: ناوەندەکەی کەرکوکە و لە لیوای کەرکوک پێکدێت جگە لە قەزای چەمچەماڵ.

٣-پارێزگای سلێمانی: ناوەندەکەی سلێمانیە و لە لیواکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، لەگەڵ قەزاکانی چەمچەماڵ، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی، زێبار.

٤-پارێزگای بەغداد: ناوەندەکەی بەغدادە و لە لیواکانی بەغداد، رومادی، دیالی، کووت پێکدێت.

٥-پارێزگای حلە: ناوەندەکەی حلەیە و لە لیواکانی حلە، دیوانیە، کەربەلا پێکدێت.

٦-پارێزگای بەسرە: ناوەندەکەی بەسرەیە و لە لیواکانی بەسرە، عەمارە، ناسریە پێکدێت.

بەشی دووەم    زمانی کوردی

١-زمانی کوردی و عەرەبی زمانی رەسمی دەبن لە پارێزگای سلێمانیدا.

٢-خوێندن بە زمانی کوردی دەبێ لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکانی پارێزگای سلێمانی و زمانی عەرەبیش وەک زمانی پلە دوو لە قوتابخانەدا دەخوێنرێ.

٣-خوێندن لە هەموو قوتابخانەکانی دواناوەندی و پەیمانگاکاندا بە زمانی عەرەبی دەبێ.

بەشی سێهەم    بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان

١-پارێزگاکان و ناوچە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە پارێزگاکان لە گوندەوە تا ناوەندی پارێزگا، لەلایەن فەرمانبەران و ئەنجومەنی ناوچەییە هەڵبژێردراوەکانەوە بەڕێوە دەبرێن کە پێیان دەوترێ ئەنجومەنی گوند، ئەنجومەنی ناحیە، ئەنجومەنی قەزا، ئەنجومەنی لیوا، ئەنجومەنی پارێزگا.

٢-بەپێی ئەم پرۆژەیە دەزگا بەڕێوەبەرێتیەکانی ناوەند لەمانە پێکدێن:

ا-پارێزگار: لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەوە بە فەرمانێکی کۆماری دادەنرێ بەرپرسیارە لە هەموو کاروباری پارێزگاکە و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاشە.

ب-ئەنجومەنی پارێزگا: لەو ئەندامانە پێکدێن کە بە هەڵبژاردنی نهێنی و ڕاستەوخۆ دەردەچن لەگەڵ ئەو ئەندامانەش کە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بە فەرمانی کۆماری دادەنرێن.

ج-سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوەندی پارێزگا: ڕاستەوخۆ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگان بە مەرجێ کە کۆی ژمارەی ئەمانە و ئەوانەش کە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری دەکرێن لە ٣١١ ی ژمارەی ئەندام و هەڵبژێردراوەکان پتر نەبن.

د-ئەنجومەنی تەنفیزی: لە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیەکان لە ناوەندی پارێزگادا پێکدێت ئەندامان و سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ناوەند دیاریدەکرێن، بەلام جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێ.

<u>بەشی چوارەم دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا</u>

ا-مافی سەپەرشتی کردنی هەموو سامانێکی جێگۆڕ لە پێکرا و پێنەکراوی سنووری پارێزگای هەیە.

ب-ئەو سامانە بە گشتی دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنداریتی دەوڵەت.

ج-مافی سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە وفێرکردن، شارەوانیەکان و لادێکان، ئاوەدانکردنەوە، ڕێگاوبان و خانوبەرە، بازاڕ و بازرگانی، تەندروستی، کار، کاروباری کۆمەلایەتی، کشتوکاڵ و ئاودانی هەیە.

د-ئەنجومەن بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی پارێزگا و دڵنیا بوون لە هەستانی هەموو دام و دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکان بە کاروباری خۆیان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی ناوەند.

هـ-ئەنجومەنە ناوچەییەکان بۆیان هەیە لە سنووری ناوچەکانیان (سنووری لامەرکەزیدا) بەپێی ئەرکەکانیان بڕیار دەرکەن بە مەرجێ لە سنووری یاسا دەرنەچێ و وەزیری تایبەت مۆری بکات.

<u>بەشی پێنجەم ئەنجومەنی تەنفیزی</u>

ئەم ئەنجومەنە ئەرکی سەرشانی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی حکومەتی ناوەند و بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگایە. لە کاتی لەکارکەوتنی ئەنجومەنی پارێزگا، دەبێ ئەنجومەنی تەنفیزی بە کارەکانی ئەویش هەڵسێ.

بێجگە لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و تەنفیزی، بۆی هەیە هەموو فەرمانبەرێک لە سنووری پارێزگادا ئاڵوگۆڕ پێ بکا و بیانگوێزێتەوە، بۆی هەیە تا سنوورێکی دیاریکراو فەرمانبەران و مووچەخۆران دابمەزرێنێ و بیانخاتە سەر کار.

ئەنجومەنی دەبێ پرۆژەی داهات و خەرج (بودجە)ی پارێزگا ئامادە بکات لەگەڵ ئامادەکردنی نەخشەی پرۆژە ناوچەییەکان و ڕێکوپێک کردنیان و سەرپەرشتی کردنی داهات و خەرجی ناوچە لامەرکەزییەکە و ئامادە کردنی بۆ لێکۆڵینەوەی گشتی.

سەرچاوەکانی داهات و دارایییەکان

ا-نیوەی پاشماوەی داهاتی باجی موڵکانە، ڕەسمی شارەوانی، ڕەسمی بەنزین. کە ڕێژەی ئەو باج و ڕەسمانەش لەلایەن دەوڵەتی ناوەندەوە دیاری دەکرێ.

ب-ئەو بەشەی کە دەوڵەتی ناوەند لە داهاتی هەموو عێراق بۆ پارێزگای دیاریدەکا و دەیخاتە سەر بودجەی پارێزگا.

لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی الجماهیر
١١ - حزیران - ١٩٦٣

ئەوە دەقی ئەو شرە مەفانە بوو کە حکومەتی بەعسیانی ١٩٦٣ بە کوردیان ڕەوا بینی و کورد و شۆڕش و پارتی و بارزانیش پێی ڕازی نەبوون کە پتر بەهۆی گوشاری پارتیەوە بوو بۆ نەسەلماندنی ئەو پرۆژەیە.

گەر ئەو پرۆژەیە لەگەڵ بەیانەکەی موشیر-بارزانیدا بەراورد بکرێ، دەبینرێ کە بەیانەکەی موشیر-بارزانی بە هیچ جۆرێ لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیدار نەبووە بە کێشەی کورد و مافی کورد، و چارەسەرکردن و دان پێدانان.

## ٣-٣ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ١١-٦٤/٢/١٤

هەموو ڕێکخراو و لیژنە ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بڕیاری سەرکردایەتی و لەسەر نامەی لقەکانی پارتی، بە هەموو توانایانەوە سەرگەرمی کارکردن بوون لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری شار و لادێکان و ناو ڕێکخستنەکانی پارتی، بۆ هاندان و جۆشدانیان لەسەر بەردەوامبوون لە خەبات و چۆڵنەکردنی بنکە و بارەگا و ناوچە ڕزگارکراوەکان، و سووربوون لەسەر چاودێری کردنی هەموو جموجۆڵێکی سوپای ڕژێم و ڕێگرتن لە گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، و پاشان هاندانی جەماوەر بۆ گوشار خستنەسەر بارزانی بۆ پەشیمان کردنەوەی، و دواجار ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی بەیانەکەی موشیر عارف و مەلا مستەفا بۆ خەڵکی.

من ئەو کاتە لە سەرداني ڕێکخراوی شارەزوور بووم لە ١٩٦٤/٢/٢٠ گەڕامەوە بارەگای ناوچە نامەیەکمان لە لقەوە بۆ هات دەربارەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی نووسیبوو کە لە ٢/١١ هەتا ٩٦٤/٢/١٤ ی خایاندبوو.

ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە کرابوو کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بینەوە، و پاشان هاتبوونە سەر ئەو ڕایەی کە نامەیەک بۆ بەرزانی بنووسن و داوای دانیشتنی لەگەڵدا بکەن، و لە نامەکەشدا ئەم بیروڕایانەی خۆیانیان بۆ بنووسن:

١-سەرکردایەتی بە هیچ جۆرێ ڕێگە بە چەک فڕێدانی هێزی پێشمەرگە و گەڕانەوەیان بۆ ناو ماڵ و سەر پیشەی کۆنی خۆیان نادا.

٢-داوایان لە بارزانی کرد کە خاڵە نهێنیەکانی نێوان خۆی و عارف یان بۆ ڕوون بکاتەوە لەسەر داخوازیە سەرەکیەکانی شۆڕش.

٣-بە هیچ جۆرێ ڕێگە بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی و سوپایی ڕژێم نادەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە ڕزگار کراون.

٤-داوایان لە بارزانی کرد کە لە نزیکترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی نێوان بارزانی و م.س و سەرکردایەتی بکرێ و بڕیار لەسەر ئەوەش بدەن کە لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا کۆنفرانس یا پلینۆمێکی پارتی بگیرێ.

دوای ئەو نامەیە جەلال تاڵەبانی لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەگەریدا لەگەڵ هەواڵدەری رۆیتەر کە داخۆ بارزانی و رژیم لەسەر کێشەی کورد رێکەوتوون ووتی: (هیچ جۆرە رێکەوتنێک لە نێوان حکومەت و بارزانیدا نەبووە، ئەوەی تا ئێستا هەیە هەر راگرتنی شەرە، وەک هەنگوێک بۆ وتووێژکردن).

بەلام مەلا مستەفا لە وەلامی هەمان هەواڵدەردا لە ٩٦٤/٣/٣ دا ووتی: (بە تەواوی لەگەڵ عبدالسلام عارفدا رێکەتوون).

مەلا مستەفا لە ٩٦٣/٣/٢ دا وەلامی نامەکەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی بە جۆرێک دایەوە کە هەمووی هەڕەشە و گورەشە کردن بوو کە ناوەرۆکەکەی بەم جۆرە بوو:

١-هیچ پێویستیەک بە مانەوەی هێزی چەکداری کورد ناکات، چونکە ئێمە بە تەواوی لەگەڵ عبدالسلام عارفدا رێکەوتووین.

٢-دەتوانن نوێنەرتان بنێرن بۆ شاری قەلادزە بۆ قسەکردن.

٣-کاتێک حکومەتی نیشتمانی بیەوێ دەسەلاتی سوپایی و بەڕێوەبەرایەتی و سیاسی خۆی بگەڕێنێتەوە هەموو ناوچەکان، وە ئێوە رێگیریان بکەن، پێتان دەلێین ئێمە هیچ جۆرە یارمەتیەکتان نادەین و بە پێچەوانەوە بۆ بەرگری لە بڕیارو بەیانی شەڕ راگرتن لەگەڵ حکومەت لێتان دەدەم.

دوابەدوای گەیشتنی وەلامەکەی بارزانی، پارتی وەفدێکی رێکخست لە حبیب محمد کریم، د. محمود علی عوسمان، دکتور فواد جەلال، جەمال شالی و ناردنی بۆلای بارزانی بۆ ئەوەی قەناعەت بە بارزانی بکەن کە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن و لەو کۆبوونەوەیە پرۆژەیەکی گەلالە کراو ئامادە بکەن بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن لەگەڵ حکومەتدا.

مەلا مستەفا جگە لەوەی بە هیچ جۆرێک نەیویستبوو لەگەڵ وەفدەکە سەبارەت بە کۆبوونەوەی هاوبەشی و داناتی پرۆژەی گفتوگۆ قسە بکات، داوای لە وەفدەکە کردبوو کە بچنەوە بە سەرکردایەتی بلێن مەلا مستەفا بە مەرجێ لەگەلیان دادەنیشێ کە ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتێری حیزب لابرێ و جەلال تاڵەبانی بکرێ بە سکرتێر.

وە بە وەفدەکەی ووتبوو کە سەرۆکی پارتی گەورەترین دەسەلاتە لە پارتیدا و فەرماندەی گشتی هەموو هێزی چەکدارە و بڕیاری شەڕ و ئاشتی بەدەست ئەوە.

دوای گەڕانەوەی وەفدەکە و باسکردنی بیرورا و بڕیارەکانی مەلا مستەفا بۆ سەرکردایەتی، تازە ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عزیز شەمزینی لە گەشتەکەی ئەوروپا گەڕابوونەوە، بڕیارپاندا کە ئەمجارە وەفدێکی بالا بچنە لای مەلا مستەفا بۆ ڕانیە، وەفدەکە پێکهاتبوون لە ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، سەید عزیز شەمزینی، نووری شاوەیس کە هەمویان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون لەگەڵ سکرتێردا.

ڕۆژی ٦٤/٣/١٥ وەفدەکە چاویان بە مەلا مستەفا کەوت جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد کە مەلا مستەفا نەیویستبوو ئەو ببینێ.

وەفدەکە جارێکی تر داوایان لە مەلا مستەفا کرد کە جگە لەو دوو بەیانەی عبدالسلام و بارزانی هیچ ڕێکەوتنێکی تری نهێنی لەسەر مافی کورد لە گۆڕێدا هەیە؟

پاشان وویستیویان مەلا مستەفا قانع بکەن بەوەی کە لەو بارودۆخەدا وەزعی حکومەتی عارف لە ناوەوە و لە دەرەوەدا خراپە و هێزەکەی سوپای عێراقی بەهۆی ڕووداوەکانی ڕووخانی قاسم و لێدانی شیوعیەکان و پاشان لێدانی بەعسیەکان باری دەرووونی و بەرگریان زۆر خراپ و لاوازە و ئێستا بارودۆخی کورد و شۆڕش لە هەل و مەرجێکی لەباردایە و پێویستە شەڕیش بکرێ و پڕۆژەیەکی گەلالەکراویش لەسەر خواستەکانی کورد بدرێتە حکومەتی عبدالسلام بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی. وەلامی مەلا مستەفا بۆ ئەم وەفدەش بەم جۆرە بوو:

ا-هیچ ڕێکەوتن و بەندێکی نهێنی نیە و هەرچی هەیە هەر ئەوەیە کە لە بەیانەکاندا هاتوە.

ب-بە پێچەوانەوە وەزعی حکومەت زۆر باشە و سۆڤیەت و ئەمەریکا و ناصر پشتیوانی دەکەن و داوایان کردوە کە شەڕ ڕابگیرێ، وە وەزعی کورد زۆر خراپە و هیلاکی شەڕی شەش مانگەی بەعس و ئابلوقەی ئابووریە.

ج-بەوەش قانع نەبوو کە پڕۆژەیەک لەسەر مافی کورد بدەن بە حکومەتی عبدالسلام و ووتیوی عبدالسلام پیاوێکی خاوەن بڕوایە و من بڕوام پێیەتی و ڕێکەوتووین.

ئەم وەفدەی سەرکردایەتی پارتی وەک ئەوانی تر بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە و بڕیاریاندا کە خۆیان پڕۆژەیەکی داڕێژراو و دوورودرێژ لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بدەن بە حکومەت و پێشەکی لە ٦٤/٣/١٨ دا داوایان لە بارزانی کرد کە پڕۆژەکە ئیمزا بکات.

بارزانی نەک هەر پڕۆژەکەی ئیمزا نەکرد بەڵکە ئاگاداری وەفدی حکومەتی کرد کە ئەو (بارزانی) لەسەر ئەو داخوازیانە ڕازی نیە و داوای ئەو شتانە ناکات، ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردایەتی پارتیە ئەو داواکارییەیان داوە.

گەرچی سەرکردایەتی پڕۆژەکەی خۆی لە ٦٤/٣/٢٠ دا دا بە حکومەتی عارف، بەلام بێ ئەنجام و گوێ پێنەدراو بوو لەلایەن عبدالسلام عارفەوە.

ئەوەی عارف و بارزانی لەسەری ڕێکەوتبوون شتێکی تر و زۆر جیاواز بوو لە بیر و بۆچوون و پرۆژەی سەرکردایەتی، ئەوان لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و بەدەستهێنانی کات و نەخشە و پلان کێشان بۆ خۆقایم کردن و پاشان تەختکردنی گۆسپەکانی بەردەم خۆیان ڕێکەوتبوون کە دیارە هەریەکەیان بە جۆرێک و لە دید و بۆچوونی خۆیەوە.

### ٣-٤ کۆنفرانسی پارتی لە ماوەت و کۆنگرەی مەلا مستەفا لە قەڵادزێ:

دوای گەڕانەوەی وەفدەکەی پارتی لەلای مەلا مستەفا و بێ ئەنجامی سەردانەکە، سەرکردایەتی بڕیاریدا کۆنفرانسی پارتی بگرێ لە ماوەت و داوایان لە بارزانی کرد بەشداربێت، کە بەشدار نەبوو.

کۆنفرانس لە ڕۆژی ٤/٤ تا ٦٤/٤/٩ ی خایاند کە پێکهاتبوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانی لقەکان و نوێنەرانی لیژنە ناوچەکان جگە لە جەلال تاڵەبانی، حلمی علی شریف و عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) کە ئەو کاتە فەرماندەی هێزەکان بوون نەیانویست هێزەکان بە جێ بهێڵن لەترسی دروست بوونی ئاژاوە لە ناو هێزەکاندا. فەرماندەی هێزی خەبات شەهید علی عەسکەری کە ئامادە بوو هۆکەی ئەوە بوو کە کۆنفرانسەکە لە ناوچەی هێزی خەبات بەسترا.

لە کۆنفرانسدا ڕاپۆرتی سکرتێر و سەرکردایەتی و پاشان لقەکان خوێندرانەوە کە هەمووی پەیوەندیدار بوو بە کێشەی نێوان سەرکردایەتی و بارزانی و پاشان مەسەلەی ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆ.

هەر لە سەرەتای کۆنفرانسەوە زۆربەی ئەندامانی کۆنفرانس داوایان کرد کە نوێنەرێک بنێرنە لای مەلا مستەفا بۆ قانع کردنی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسدا، گەرچی ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، مەلا عبداللە ئیسماعیل (مەلا ماتۆر) دژی ئەو رایە بوون، بەلام لەبەرئەوەی زۆربەی دەنگ ئەو داوایەی کرد و ئەوانیش کەوتنە ژێر گوشاری کۆنفرانسەوە، وەفدێکیان ڕێکخست لە عبداللە زێباری، ئەسعەد خەیلانی، علی سنجاری و ناردیان بۆلای مەلا مستەفا، هیچ ئەنجامی نەبوو و وەفدەکە بە نامەیەکی مەلا مستەفاوە گەڕانەوە کە بۆ جەلال تاڵەبانی ناردبوو، داوای لێ کردبوو کە بچێتە لای مەلا مستەفا و لە ئاقمی ئیبراهیم ئەحمەد دوور کەوێتەوە و لە جێگەی ئیبراهیم ئەحمەد ببێتە سکرتێری پارتی.

کۆنفرانس درێژەی بە کارەکانی خۆی دا و ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

ا-دەرکردنی بەیاننێکی تێروتەسەل لەسەر ڕێکەوتنەکەی نێوان عبدالسلام و مەلا مستەفا لە ژێر ناوی (ڕێکەوتنی موشیر-بارزانی-ئاشتی یا تەسلیم بوون) (إتفاقية مشير-بارزاني-سلم أم إستسلام).

ب-ڕووتکردنەوەی مەلا مستەفا وەک سەرۆکی پارتی لەم دەسەلاتانە:

١-دەسەلاتی گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت.

٢-دەسەلاتی فەرماندەیی گشتی هێزی چەکدار.

٣-دەسەلاتی گرتنی کۆنگرەی پارتی.

٤-دەسەلاتی ئاڵوگۆڕکردن و لابردن و دانانی فەرماندەیی پێشمەرگە.

ج-بە نامە یا بروسکەیەک مەلا مستەفا لە بڕیارەکانی کۆنفرانس ئاگادار بکرێتەوە.

د-وەفدێکی پارتی ڕێکبخرێ بنێردرێت بۆلای وەفدەکەی حکومەت لەگەڵ پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی.

هـ-بەرگریەکی تەواو بکرێ لە ناوچە رزگارکراوەکان هەرکات حکومەت ویستی بە هێزی سوپا ئیدارەکان بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچانە.

بە بروسکەیەک بڕیارەکانی کۆنفرانس بە مەلا مستەفا ڕاگەیەندرا، و مەلا مستەفاش بە بروسکەیەک وەلامی کۆنفرانسی یا بڵێین سەرکردایەتی دایەوە سەبارەت بە بڕیارەکانی کۆنفرانس بە جۆرێک کە تەواو پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆنفرانس بوو و ئاگاداری کردبوونەوە کە:

١-کۆنفرانس شەرعی نیە لەبەرئەوەی یە بڕیاری سەرۆک و بە بەشداری سەرۆک نەگیراوە.
٢-لەبەرئەوەی کە سەرۆکی پارتی، فەرماندەی گشتی هەموو هێزی پێشمەرگەیە و سەرۆکی میللەتە بڕیاریدا بە:

ا-دەرکردن و لابردنی عەلی عەسکەری لە فەرماندەیی هێزی خەبات، عومەر دەبابە لە فەرماندەیی هێزی کاوە، جەلال تاڵەبانی لە فەرماندەیی هێزی ڕزگاری، وە کەمال موفتی (رەئیس کمال میران) لە فەرماندەیی هێزی قەرەداغ.

ب-دانانی ڕەشید سەندی بە فەرماندەی هێزی ڕزگاری، نووری مەلا حەکیم بە فەرماندەی هێزی قەرەداغ، نووری مەلا مارف بە فەرماندەی هێزی خەبات، وە عقید کافی نەبەوی بە فەرماندەی هێزی کاوە.

دەرکردنی ئەو بڕیارەی مەلا مستەفا، کێشەی نێوان سەرکردایەتی و پارتی زۆر توندوتیژتر کرد و لێرەوە سەرەتای شەڕی کوردکوژی سەری هەڵدا.

ئەوانەی کە مەلا مستەفا کردبوونی بە فەرماندەی هێزەکان، هیچیان ئەندامی سەرکردایەتی نەبوون، وەهیچیشیان ئەندامێکی مولتەزیمی پارتی نەبون، و پاش بەرپابوونی شۆڕش بەرودوا پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو.

ئەمانە لەبەرئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە پشتگوێ خرابوون لە دەوروبەری مەلا مستەفا کۆببووبونەوە و مەلا مستەفا ڕێزی لێ گرتبوون. ئەگەرچی بڕیارەکەی مەلا مستەفا لە سەرەتاوە کاری پێ نەکرا و سەری نەگرت لەبەرئەوەی هیچ کام لەو فەرماندە نوێیانە بە خۆیاندا ڕانەدەیەرموو کە بچنە شوێنی فەرماندەکانی پێشوو، کە پێش ئەو بڕیارە هەم لەڕووی ڕێکخراوەیی و هەم لەڕووی پلەی پێشمەرگانەشەوە لێپرسراو و فەرماندەیان بوون، بەڵام دوای بەرپابوونی لێکدان و دووبەرەکی ئیتر بڕیارەکەی مەلا مستەفا چەسپا.

دوای تەواوبوونی کۆنفرانس، بڕیارەکانی کۆنفرانس سەبارەت بە مەلا مستەفای سەرۆک و بەرەنگاری کردن و سازدانی هێزی پێشمەرگە و ڕاپەڕاندنی جەماوەر دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕژێم، هیچی سەری نەگرت و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. تەنیا بڕیارێ کە جێبەجێ کرا دەرکردنی بەیانێکی دوورودرێژ و توندوتیژ بوو لەسەر ڕوونکردنەوە و ئاشکرا کردن و ئەفاندنەوەی ئاگزکی نێوان

سەرکردایەتی و مەلا مستەفا و ڕێکەوتنی موشیر عارف-بارزانی لە ژێر ناونیشانی (إتفاقية المشير-بارزاني، سلم أم إستسلام).

١-بەیانەکە لە ١٩/٤/١٩٦٤دا دەرچوو و ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بەیانەکەی موشیر عارف و مەلا مستەفا و شیکردنەوەیان.

٢-ئەو بروسکانەی کە مەلا مستەفا بۆ فەرماندەکانی پێشمەرگەی ناردبوو لەمەڕ ڕاگرتنی شەڕ و چەک فڕێدان و ڕۆشتنەوە بۆ سەر کار و پیشەی خۆیان و مەبەستی مەلا مستەفا لە ڕاگرتنی شەڕ.

٣-هەموو هۆکانی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردایەتی و مەلا مستەفا، کە زۆربەی هۆکان ئەوەی دەردەخست کە سەرکردایەتی لەسەر هەقە و مەلا مستەفا ناهەقە و دەیەوێ دەسەڵاتی تاکی خۆی و بیر و بۆچوونی خێڵەکی بەسەر سەرکردایەتی و پارتیدا بسەپێنێ و پارتی لە هەموو ناوەرۆکێکی ڕێکخراوەیی و حیزبی ڕووت کاتەوە.

٤-ئەو بڕیارانەی کۆنفرانس دابووی دەربارەی ڕوونکردنەوەی مەلا مستەفا لە دەسەڵاتەکانی.

٥-وەڵامەکەی مەلا مستەفا و بە شەرعی نەناسینی کۆنفرانس و بڕیارداتی تاکی خۆی لەسەر گرتنی کۆنگرە و بەشدارنەبوونی لە کۆنفرانسدا.

٦-ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە وای لە سەرکردایەتی پارتی کردووە ئەمجارەیان لە بەرامبەر مەلا مستەفادا هەڵوێست وەرگرن و ملکەچی بڕیارەکانی نەبن.

٧-بە درێژی لەسەر ئەوە دوابوو کە ڕاگرتنی شەڕ هیچ دەستکەوتێکی گەلی کورد و شۆڕشی خوازراوی کوردستانی تیا بەدی ناکرێ و هیچ بەرهەمێکی بۆ گەل و پێشمەرگە و شۆڕش نیە جگە لەوەی کە ڕۆژانە بە زیلی سەربازی ئازووقە و خواردن و میوە لە ڕژێمەوە دەبرێ بەرەو بارەگاکانی بارزانی و پاشان ناوچەی بارزان، و لە کۆتایی ئەم بەشەدا نووسیبویان کە مەلا مستەفا شۆڕشی کوردی بە مۆز و پرتەقاڵ فرۆشتوە.

بەرامبەر بە بەیانەکەی سەرکردایەتی پارتی، مەلا مستەفاش بەیانێکی بڵاوکردەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی بیروڕاکانی سەرکردایەتی و نووسیبووی.

((لە کۆبوونەوەی نێوان ئێمە و حکومەتی سەرۆک عبدالسلام عارفدا بە بەشداری نوێنەرانی پارتی و عەشایەر و بێلایەنەکانی گەلی کورد، بڕوامان بەوە هێنا کە حکومەتی موشیر عبدالسلام عارف دانی ناوە بە هەقی میللەتی کوردماندا، پاشان لە بەیانی سەرەک کۆمار موشیر عبدالسلام عارفدا ئەو ڕاستیە بڵاوکرایەوە، بڕیاری حکومەتیش ئەوەیە کە هەقی مەشروعی گەلی کورد بەتەواوی بدات لەناو چوارچێوەی کۆماری عێراقی خۆشەویستدا، وە ئێمەش قەراری سەرۆک کۆمار بە ڕاست ئەزانین و بڕوامان وایە هەرگیز پەشیمان نابێتەوە، وە ئیسلامی پاک و خاوەن بڕوا، جێگای متمانەی ئێمەیە هەروەک لە حەدیسی شەریفدا نوسراوە {المؤمن مؤتمن} ، ئێمەش ئێستا چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی داواکانی خۆمانین و لاشمان ڕوون و ئاشکرایە کە حکومەتی ئێستمانی نیازی باشە و حەقی مەشروعی میللەتەکەمان پێشێل ناکات،

بۆیە بە پێویستی دەزانم کە پێتان ڕابگەیەنم کە کاروباری گەلی کورد وا بەدەست دەستێکی پاک و ئەمینەوە و هەتاهەتایە حەقی میللەت نەفرۆشراوە و نە دەشفرۆشرێ، وە لە پێناوی ئەو حەقەدا بارزانی لە پێش هەموو کەسێکەوە گیانی خۆی فیدا دەکا بۆ گەلی کوردی قارەمان)).

لە ۱۹٦٤/٦/۲ دا نامەیەکی لقی٤ مان بۆ هات و ئاگاداری کردین کە لەو چەند ڕۆژەدا وەفدێکی حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی تاهر یحیا دەچێتە (خەلەکان) و لەوێ لەگەڵ وەفدێکی بارزانی پێکهاتوو لە شێخ لەتیف شێخ محمود، عزیز عەقراوی و سالح یوسفی کۆدەبێتەوە

مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە وەفدێکی پێکهاتوو لە سکرتێری پارتی، عەلی عبداللە، جەلال تالەبانی، نوری شاوەیس و سەید عزیز شەمزینی بنێرێتە خەلەکان بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی نێوان حکومەت و بارزانی، وە بۆ گفتوگۆش لەگەڵ بارزانیدا سەبارەت بە شەرعیەتی کۆنفرانسی ماوەت و گرتنی کۆنگرەش لە ئایندەدا.

لە نامەکەی لقدا نوسرابوو کە وەفدەکەی م.س پرۆژەیەکی ئامادەکراویش سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا دەدات بە تاهیر یەحیا.

کۆبوونەوەی نێوان وەفدی حکومەت و بارزانی لە سەرەتای مانگی ٦٤/٥ بەستڕا، بارزانی بڕیاری قبوڵنەکردنی وەفدەکەی مەکتەبی سیاسی لە گفتوگۆدا دەرکرد و ڕێگەی بە هیچ کامیان نەدا جگە لە (جەلال تاڵەبانی) کە بەشداری گفتوگۆ بێ، لە کاتی گفتوگۆدا جەلال تاڵەبانی پرۆژەکەی مەکتەبی سیاسی خستە بەردەم نوێنەرانی حکومەت،

تایەر یەحیای سەرۆکی وەفدی حکومەت پرۆژەکەی پارتی ڕەت کردەوە و بە بارزانی ووت ئەوە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیە و جیاکردنەوەی (شمالی عێراق)ە لە عێراق.

بارزانی وەڵامی دایەوە، (ئەوە پرۆژەی ئیبراهیم ئەحمەدە و مەکتەبی سیاسی، پرۆژەی من و میللەت نیە، ئەم وەفدەی کە دەیبینی ئەوانە نوێنەرانی گەلی کوردن)، مەبەستی بارزانی لەو کارەی پێکانی دوو ئیشان بوو:

١-لە حکومەتی بگەیەنێ کە ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسین جیاوازی خوازن و شەڕخوازن تا بیانکات بە دوژمنی مەکتەبی سیاسی و بە دۆست و پشتیوانی خۆشی لە کاتی لایەلاکردنەوەی ناکۆکیەکاندا،

٢-هەر لەو کاتەشەوە بە حکومەت ڕابگەیەنێ ئیتر سەرکردایەتی پارتی نوێنەری گەل و شۆڕش نین و ناتوانن بە ناوی شۆڕش و گەل و خواستەکانی کوردەوە بدوێن، بەڵکە ئەوەی بارزانی دایاندەنێ لە (پیاوماقوڵانی کورد و سەرۆک عەشیرەتەکان) ئەوانە نوێنەری میللەتن،

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا تایەر یەحیا داوای لە بارزانی کرد کە:

ا-پارتی خۆی هەڵوەشێنیتەوە،

ب-چەکەکان تەسلیم بە حکومەت بکرێنەوە.

ج-ئەفسەرە ڕاکردووەکانی سەر بە حیزبی شیوعی تەسلیم بە حکومەت بکرێنەوە.

وەفدەکەی بارزانی گەرچی دانی بە جێبەجێ کردنی داواکانی حکومەتدا نەنا، بەلام بە توندیش بەرپەرچیان نەدایەوە، ئەوەش بە مەبەستی بەدەست خستنی کات و درێژەدان بە گفتوگۆ کە بارزانی پێویستی بوو بۆ لێدانی سەرکردایەتی و هەڵتەکاندنی پارتی،

دوای گەڕانەوەی وەفدەکەی مەکتەبی سیاسی، بەیانێکی دوورودرێژیان سەبارەت بە ڕا و بۆچوونی حکومەت لەسەر کێشەی کورد و هەڵوەشاندنەوەی دەستوورەکانی عێراق کە لە سەردەمی عبدالکریم قاسمدا دەرچووبوو پاشان داتانی

دەستوورێکی کاتی نوێ لەلایەن ڕژێمەکەی عارفەوە دەرکرد، لەو بەیانە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەمانەی دەگەیاند:

ا-بێ هیوایی لە بەدیهێنانی هیچ دەستکەوتێک بۆ گەل لەم گفتوگۆیانەدا.

ب-بێ هیوایی لە بوونی بچوکترین سەرەتای دیموکراتیەت لەم حکومەتەدا کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو پارتەکانی داوە.

ج-بێ هیوایی لە مەلا مستەفا، کە بێدەنگە لە ئاستی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دەستوورە کاتیە نوێیەکەدا هاتوە.

د-شیکردنەوەی مادەی یەکەمی دەستوورە نوێیەکە کە بریتی بوو لە (..گەلی عیراق بەشێکی، نەتەوەی عەرەبیە و ئامانجی پێکهێنانی یەکێتیەکی عەرەبی سەرەتاییە ..هتد).

ه-شیکردنەوەی مادەی (١٩) ەمی دەستوورەکە کە دەڵێ (هەموو عیراقیەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا، وە یەکسانن لە ئەرک و مافدا و بە هیچ جۆرێک سەبارەت بە جیاوازی ڕەگ و زمان و ئایین لەیەک جیا ناکرێنەوە، وە هەموو هاونیشتمانیان هاوکار دەبن لە پاراستنی یەکبوونی ئەم نیشتمانەدا بە عەرەب و کوردەکانیشەوە، وە ئەم دەستوورە مافەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عیراقدا دەپارێزێ).

و-بەراوردێکی ووردی ئەو دوو مادەیەی دەستوورەکەی کردبوو لەگەڵ دەستوورەکەی قاسمدا کە لای کەم دەستوورەکەی قاسم مادەی دووی دەڵێ (عێراق بەشێکی نەتەوەی عەرەبیە) نەک گەلی عێراق، وە دیسان لەسەر مافی کورد قاسم نووسیبووی لە مادەی سێهەمدا (یەکیەتی و بوونی عێراق لەسەر بنچینەی هاوکاری هەموو هاونیشتمانیان پێکهاتوە و ڕێز لە مافەکانیان دەگیرێ، سەربەستیەکانیان دەپارێزرێ، وە عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، وە ئەم دەستوورە دان بە مافەکانیاندا دەنێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا).

مانگەکانی ٤، ٥، ٦/٦٤ شۆڕشی کورد و ژیانی ڕێکخراوەیی پارتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خستبووە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت و دژوار، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئایندەی سەرجەمی بزووتنەوەی کوردی پێوە بەسترابوو.

باسی سەرەکی، هەوڵ و تەقەلای سەرەکی، کاری سەرەکی لە هەموو ناو دامودەزگاکانی پارتیدا بۆ ئەو کێشەیە و چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و

پاشان چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەرخان کرابوو. تا دەهات دەسەڵاتی مەلا مستەفا لەناو هێزی پێشمەرگە و لە نمایندە کردنی کوردا پەرەی دەسەند.

مەکتەبی سیاسی لەبەردەم ئەو بارودۆخەدا کەوتبووە قەیرانێکی سیاسی زۆر سەختەوە. فەرمان و بڕیارەکانی لە چوارچێوەی لق و لیژنە ناوچەکانی ڕێکخراوەکانی پتر بڕی نەدەکرد، بەشێکی زۆری پێشمەرگە چەکدارەکانی پارەگای ڕێکخراوە پێش کەوتبوونە پەرەی مەلا مستەفا. دەست تێوەردان و فیتنەبی و هاندان و توندوتیژ کردنی مەلا مستەفا لەلایەن حیزبەکانی ئاکاژێک و شیوعی و دیموکراتی ئەحمەد توفیقی ئێرانەوە، تا دەهات ئاگری ئاکۆکیەکەی خۆشتر دەکرد.

لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەر لە دەستە و پەل و لقەوە تاکو بەتالیۆن و هێز دوو فەرماندەیان هەبوو، یەکێکی پێشوو لایەنگری سەرکردایەتی و یەکێکی نوێش دانراو لەلایەن بارزانیەوە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە بارزانی گومانی لایەنگری سەرکردایەتی لێ دەکردن.

زەمینەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ تا دەهات خۆشتر و لەبارتر دەبوو، لە سنووری زۆر ڕێکخراوی پارتیدا تێکهەڵچوون لە نێوان لایەنگرانی سەرکردایەتی و لایەنگرانی بارزانیدا سەری هەڵدابوو کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لایەنگرانی سەرکردایەتی لە فەرماندەییەکانی پێشمەرگە هەر لە دەستەوە تا بەتالیۆن، وە لەناو ڕێکخستنەکانی پارتیشدا هەر لە لیژنەی ینکە و ڕێکخراوەوە تا ناوچە و لقەکان لە مەترسی پەلامار و سووکایەتی پێکردندا بن لەلایەن چەکدارەکانی لایەنگرانی بارزانیەوە لەناو هێزی پێشمەرگەدا.

دەسەڵاتی سیاسی و پێشمەرگایەتی تووشی وەرچەرخانێکی خراپ هات، پاشاگەردانی و ئاقم چێتی و بێ سەروبەری بوو بە ئەرێتێکی سەرهەڵداو،

کەسایەتی ڕۆشنبیری کوردی و زۆربەی کادر و ئەندام و لێپرسراوانی ڕێکخراو و ناوچە و لقەکانی پارتی هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان بۆ خاوکردنەوەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە و پاشان چارەسەرکردنی کێشەکاندا لە هەموو لایەکەوە داوا لە سەرکردایەتی پارتی و م.س کرا کە:

((پێویستە سەرکردایەتی پارتی و م.س گەر بەتەنگ شۆڕش و داخوازیەکانی گەل و یەکێتی ڕیزەکانی گەلەوەن، دەبێ بە چاوی بەرپرسیاریەوە بەرامبەر مێژوو، سەیری کێشەی نێوان پارتی و بارزانی بکەن و چاو لە هەموو کێشەیەکی سیاسی و جیاوازی بیروڕای نێوان خۆیان و بارزانی بپۆشن و هەوڵی ڕێکەوتنەوە بدەن، بۆ

جێبەجێ کردنی ئەم کارەش کۆبوونەوەیەکی فراوان پێکبێت لە بارزانی و نوێنەرانی بارزانی و م.س و سەرکردایەتی و نوێنەرانی لق و لیژنە ناوچەکان و کەسانی رۆشنبیر و بێ لایەن و سەرۆک عەشیرەتەکان ببەسترێت، کە هەم وەک حەکەم بریار لەسەر حەق و ناحەقی بیرو بۆچوونی هەردوولا بدرێ و هەم ببنە هۆی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەل و شۆرش و لە مەترسی شەقوپەق بوون و ئەگەری هەلگیرساندنی شەری براکوژی دەربازی بکەن، لە ئەگەری دووبەرەکی و لێکهەڵوەشانی شیرازەی ریزەکانی پارتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربازی بکەن، بە تایبەتی لەم کاتەدا کە لە کۆبوونەوەی فراوان، بارزانی و تاوەرەوە [illegible] لە خەلەکان بە باشی بۆ بارزانی و وەفدەکەی ئاشکرا بوو کە حکومەتی عبدالسلام نیازی جێبەجێ کردنی هیچ داخوازیەکی کوردی نیە، و ئەمەش دەرفەتێکی لەبارە کە هەوڵ لەگەڵ بارزانی بدرێت مەیدانی کێشەکەی لە کوردستانەوە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیدا بگوێزێتەوە بۆ بەری رژێم و ناکۆکیەکانی ناوخۆ خاو بکرێنەوە)).

لەناو سەرکردایەتی پارتیدا (جەلال تاڵەبانی) لە هەرە بەپەرۆشەکانی ئەم بیر و بۆچوونە بوو تەقەلایەکی زۆریشی لەگەڵ سەرکردایەتی دا بۆ دەستپێشخەری کردن لەو بوارەدا.

بە دوودڵی و دردۆنگیەوە و لەژێر فشاری جەماوەری رێکخستنەکانی پارتی و هەوڵی زۆری جەلال تاڵەبانی، سەرکردایەتی بەو بیروڕایە قایل بوون و نامەیەکیان بۆ بارزانی نووسی. بەلام وەلامی بارزانی بۆ ئەو هەوڵە خێرخوازیە، تەقاندنەوەی یەکجاری ناکۆکیەکە بوو بە گرتنی کۆنگرەی شەش لە ٩٦٤/٧/٧.

## کۆنگرەی شەش

مەلا مستەفا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە تاکە بریاردەرە، لەباتی ئەوەی ئامادەی بەشداربوونی ئەو کۆبوونەوە فراوانە بێ کە وەک کۆنگرەیەکی گەلی دەهاتە بەرچاو بۆ لەناوبردنی ناکۆکیەکان، بریاری گرتنی کۆنگرەی شەشەمی دا.

ئەو بریارەی مەلا مستەفا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانەی خوارەوە بوو:

١- بیسەلمێنێ کە ئەو (بارزانی) خاوەن بریارە بۆ گرتنی کۆبوونەوەی فراوان یا کۆنگرەی حیزبی یا کۆنگرەی گەلی نەک سەرکردایەتی.

٢-بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە لەو حەکەمایەتیەی کە کۆبوونەوەیەکی فراوان لەسەر کێشەی نێوان سەرکردایەتی و ئەودا (بارزانی) دەیکا.

٣-بۆ ئەوەی ئەهێڵێ هیچ پەرودۆخێک بۆ ئاشتبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتیدا دروست ببێ.

٤-بۆ ئەوەی شەرعیەتێک بدات بەو بڕیارانەی کە دابووی لەسەر لابردن و گۆڕینی فەرماندەی هێزەکان و بەتالیۆنەکان و قسە و پاسەکانی لەناو خەڵکدا کە سکرتێر و زۆربەی ئەندامە لاسارەکانی سەرکردایەتی پارتیشی دەرکردوە.

٥-بۆ داسەپاندنی هەیبەت و دکتاتۆریەت و تاک فەرمانڕەوایی خۆی لەناو پارتی و پێشمەرگە و گەلی کوردیشدا.

٦-مەلا مستەفا بە چاوی عەشیرەت و سەرەک عەشیرەتی سەیری حیزب و سەرۆک حیزبی دەکرد، بەهیچ جۆرێ بڕوای بە پەیرەوی ناوخۆی پارتی و دیسپلین و زۆرایەتی و کەمایەتی و دیاریکردنی دەسەڵاتی سەرۆک و سکرتێر و سەرکردایەتی و پلینیۆم و کۆنفرانس و کۆنگرە نەبوو، پێی وابوو ئەو مەرجە دیاریکراوانەی ناو پەیرەوی ناوخۆ سەبارەت بە گرتنی کۆنگرە و ناوەندێتی دیموکراتی ملکەچی بۆ رای زۆربە لە سەرکردایەتیدا، هەمووی بەندوباوی دروست کراوی سەرکردایەتین بۆ بەستنەوەی دەستی خۆی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتیدا. هەر بۆیەش لە کاتی دەمەتەقەی لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی تریک لە خۆیەوە وتبوی: ((بلەی ئەحە رەش (ئیبراهیم ئەحمەد) بۆ بتوانێ پەیرەوی ناوخۆ دابنێ کە ئەو سکرتێرە و من مەسئولی ئەوم، ئەی من بۆ ناتوانم ئەو پەیرەوە بگۆرم کە سەرۆکم)).

٧-هەر لەدوای ڕاگرتنی شەڕەوە لەلایەن مەلا مستەفاوە لەگەڵ عبدالسلام عارفدا، مەلا مستەفا کەوتبووە هەڵسەنگاندنی ئەو وەفدە و نوێنەرانەی کە سەرکردایەتی دەینارد بۆ لای بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوانیان، وە توانیبووی ملکەچ و پێی هەڵوێستەکان لەوانی تر جیا کاتەوە، وە لە لای خۆشیەوە دەستنیشانیان بکات بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی داهاتووی پاش لێدانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی- بۆ نموونە لەوانە (دکتۆر محمود علی عوسمان، حبیب محمد کریم و دکتۆر فواد جەلال) کە ئەمانە یەکەم وەفدی سەرکردایەتی بوون بۆ لای مەلا مستەفا لەگەڵ جمال شالیدا، کەچی لە کۆنگرەی شەشەمی مەلا مستەفادا کران بە ئەندامی سەرکردایەتی جگە لە جمال شالی.

وە وەفدی دووەمیش کە لە کاتی کۆنفرانسی ماوەت دا نێردران کە بریتی بوو لە (ئەسعەد خەیلانی، علی ستجاری و ماموستا عبداللە زیباری) لە ماتەش لە کۆنگرەدا علی ستجاری کرد بە ئەندامی سەرکردایەتی. لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی پارتیش، تەنیا پێنج ئەندامی هێشتەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی.

کۆنگرەی شەشەمی بەناو پارتی و لە گەرمەردا بارزانی، لە شاری قالادزە لە رۆژی ٦٤/٧/٧ بەسترا یە بەشداربوونی پتر لە (٤٥٠) کەس بێ بەپرەوکردنی هیچ مەرجێکی بەشداری کردنی کۆنگرە. بەشداربووانی کۆنگرە تێکەڵ و پێکەڵ بوون،

ا-هەندێکیان ئەندامی پارتی بوون بەلام لەلایەن هیچ کۆنفرانسێکی حیزبییەوە هەڵنەبژێردرابوون بۆ ئەندامەتی کۆنگرە.

ب-هەندێکیان کەسانی خێڵەکی و عەشایەر بوون و قەیان بەسەر ئەندامەتییەوە نەبوو و رۆژێک لە رۆژان لە شانەیەکی پارتیدا کاریان نەکردبوو.

ج-هەندێکیان ئەندامان و لێپرسراوانی (کاژیک) بوون.

د-هەندێکیشیان ئەندامان و لێپرسراوانی خوارەوەی حیزبی شیوعی عێراقی بوون.

هـ-وە پێنج تاکە کەسیشیان ئەندامی سەرکردایەتی بوون کە شەرعیەتی بەشداری کۆنگرەی هەبوو (سالح یوسفی، هاشم عەقراوی، حسین قەیلی، نعمان بارزانی و ئیسماعیل عارف).

مەلا مستەفا بۆئەوەی بەشداربووانی کۆنگرەکەی هەمووی وەک ئەندامانی پارتی نیشان بدات لە ٦٤/٧/٥ وە لیژنەیەکی (٢٠) کەسی بە مۆر و مەرەکەب و پسوولەی چاپکراوی ئەندامەتییەوە بە دیوی سەنگەسەری پشت دەربەندی راتیە داتا، هەر لۆری و سەیارە و تراکتۆرێکی پڕ لە خەڵک بگەیشتایەتە ئەوێ پسوولەیەکی ئەندامەتیان بۆ پڕ دەکردتەوە و بۆ مۆر دەکردن. ئەو ئەندامانە لەناو جەماوەری خەڵکدا ناسرابوون بە (ئەندامانی ئەودیو دەربەند).

مەلا مستەفا یەکەم دەستە گوڵی کاری یەکەم رۆژی کۆنگرەی بەگرتن و دەستبەسەر کردنی علی عبداللە و سەید عزیز شەمزینی دەستی پێکرد کە نێردرابوون بۆ دانی نامەی پێشنیارکراوی کۆبوونەوەی قراوانی نیشتمانی و ئاشتبوونەوە.

بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١-درێژەدان بە راگرتنی شەڕ و وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عبدالسلام عارفدا.

٢-تاوانبارکردنی (١٤) چوارده ئەندامی م.س و سەرکردایەتی بە دژایەتی کردنی گەل و بەرژەوەندیەکانی و ئاشتی، وە ناوبردنیان بە شەڕخواز و ئاژاوەچی و بەکرێگیراوی بێگانە.

٣-بەپێی خاڵی دوو بڕیاردرا کە هەرچواردەیان لە سەرکردایەتی پارتی دەرکرێن کە ئەمانە بوون ((ئیبراهیم ئەحمەد، علی عەبدوللا عومەر دەبابە، نوری شاوەیس، حلمی علی شریف، جەلال تاڵەبانی، مەلا عبدالله ئیسماعیل (مەلا ماتور)، سەید عەزیز شەمزینی، عەلی حەمدی، محەمەدی حاجی تاهیر، عەلی عەسکەری، شەمسەدین موفتی، نوری ئەحمەد تەها)) ئەمانە هەڵبژاردەی کۆنگرەی پێنجەمی پارتی بوون کە لە ٥-١٠/٥/١٩٦٠ دا لە بەغدا بەسترا.

٤-دانانی سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ پارتی پێکهاتبوو لە (حەبیب محەمەد کەریم سکرتێر، دکتۆر محمود عوسمان، دکتۆر فواد جەلال، عەلی سنجاری، سالح یوسفی، ئیسماعیل عارف، سدیق ئەمین، عومەر شەریف، عەبدول سۆران، هاشم حەقراوی، شیخ محەمەد هەرسین، یەدوڵلا فەیلی، عەزیز عەقراوی).

٥-ئاگادار کردنەوەی سەرکردایەتی کۆن بە بڕیارەکانی کۆنگرە و پێویستی ملکەچکردنیان بۆ ئەو بڕیارە.

٦-گەر سەرکردایەتی دەرکراو ملکەچی ئەو بڕیارە نەبوو پێویستە بگیرێن و بدرێنە دادگا و موحاسەبە بکرێن، وە ئەگەر خۆیان تەسلیم نەکرد پێویستە هێرش ببرێتە سەریان و دەستگیر بکرێن. واتە بڕیاری لێدانی سەرکردایەتی درا.

٧-فەرماندەی هێزەکان (ڕەشید سەندی، نوری مەلا کەریم، نوری مەلا عارف، عەقید کافی ئەبەوی) کە پێشتر بە بڕیاری بارزانی کرابوونە فەرماندەی هێزەکانی ڕزگاری، قەرەداغ، خەبات، کاوە، لە جێگەی (جەلال تاڵەبانی، کەمال موفتی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە) وە بەشداری کۆنگرە بوون، بە بڕیاری کۆنگرە دەس و الا کران لە ئاڵوگۆڕکردنی فەرماندەکانی پێشمەرگە لە دەستەوە تاکو هێز لە بەشی سیاسی و پێشمەرگانە و داریی و بەڕێوەبەرایەتیشدا.

بەرامبەر بەو بڕیارانەی کۆنگرەی شەشەمی بارزانی، سەرکردایەتی تووشی بێ هیوایی تەواو بوو لە ڕێکەوتنەوە لەگەڵ بارزانیدا.

وە لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بە ئێکەڵ و پێکەڵی ئەندامانی کۆنگرە و بەڕێوەنەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی لە گرتنی کۆنگرەدا و بەشدارنەبوونی

خۆیان لەو کۆنگرەیەدا کە لە پشتی ئەوانەوە ئەو بڕیارانە دراوە، کۆنگرە و بڕیارەکانی کۆنگرەیان بە شەرعی نەزانی.

لە ٩٦٤/٧/١٥ دا دیسان سەرکردایەتی پارتی لە ماوەت کۆبوونەوەیەکی فراوانی گرت و تاووتوێی ئەم خاڵانەی خوارەوەی تیادا کرا:

ا-ئایا سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی ناو پارتی ئەو کۆنگرەیە بە شەرعی و بڕیارەکانیشی بە ڕەوا بزانن و ملکەچی هەموو سزا و ڕیسوا بوونێک بن کە بارزانی بەسەریاندا بدا؟

ب-ئایا لە مەلا مستەفا جیابینەوە و هەر بە ناوی پارتی دیمەکراتی کوردستان (سەرکردایەتی گشتی) کاربکەن؟ یان بە ناوێکی تری جیا لە ناوی پارتی کاربکەن؟

ج-ئایا سەرکردایەتی و ئەندامانی لق و لیژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی لایەنگرانی سەرکردایەتی بۆ ماوەیەک لە پارتی دووربکەونەوە و خۆیان سڕ بکەن وەک هاوولاتیەک لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا کاربکەن؟

د-ئایا لەکاتی هێرش و تەلاماری بارزانی بۆسەر بنکە و بارەگاکانی پارتی بەرگری لە خۆیان بکەن؟ یان ناوچەکان چۆڵ کەن و خۆیان تەسلیمکەن؟

هـ-ئەگەری پێنجەم هاتە پێشەوە کە گەر ناچاری بەرگریکردن بوون و لە شەڕدا تێکشکان، دەتوانن پەنا بۆناو ئێران بەرن؟

من کە یەکێک لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە بووم لە هەموو ئەندامانی کۆبوونەوەکە توندڕەوتر و شێلگیرتر (نوری شاوەیس) ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە هەڵیدایە و وتی: ((تێکشکانی چی و پەنای چی؟ گەر ئێمە بە بڕوای ئەواوەوە شەڕی مەلا مستەفا بکەین بێ شک سەرکەوتوو دەبین و من بەش بە حاڵی خۆم ڕەشاشێک لەو سەرپردەی قەشاندا دەبەستم و تا بەسەر مەیتەکەمدا دەڕۆن شەڕیان لەگەڵ دەکەم، مەگەر مەلا مستەفا بەسەر لاشەی کوژراوی مندا بپەڕێتەوە لە پردی قەشان))، هێشتا کۆبوونەوە فریای ئەوە نەکەوت کە بگاتە بڕیارێکی دیاریکراو، کە هێرش و پەلاماری بارزانی بۆسەر پارتی لە هەموولایەکەوە دەستی پێکرد.

### ٣-٥ شەڕی کورد و کورد

لە ١٩٦٤/٧/١٧ دا لە هەموو ناوچەکانی هێزەکانی قەرەداغ گەرمیان، خەبات، ڕزگاری، و کاوە هێرش و پەلاماری مەلا مستەفا بۆسەر بنکە و بارەگاکانی لق و لیژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی پارتی دەستی پێکرد. لەناو ڕێکخستنەکانی پارتیدا زۆربەی کادر و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی کەوتنە بەرەی سەرکردایەتی کە ژمارەیان نزیک بە ٢٠٠ کەس دەبوون.

لەناو هێزی پێشمەرگەدا جگە لەو پێشمەرگانەی کە دەستە و پەلی بارەگاکان بوون، و زۆربەیان لەگەل لق و لێژنە ناوچە و ڕێکخراوەکاندا دیسان لە بەرەی سەرکردایەتی بوون، هەموو دەستە پەل و لق و بەتالیۆن و هێزەکان کەوتنە بەرەی مەلا مستەفا.

هێزی عەشایەر و هەموو ئەفسەر و پەشەکانی پۆلیس کەوتنە بەرەی مەلا مستەفا. لە ماوەی ڕاگرتنی شەڕ و ئاشتی کاتی لەگەڵ عبدالسلامدا مەلا مستەفا وای لە هەموو پێشمەرگە و جەماوەر گەیاندبوو کە حکومەت هەموو حەقێکی کورد دەدا و ئاشتی دەگەڕێتەوە کوردستان، بەلام سەرکردایەتی بە قیتی دوژمنانی کورد دەیەوێ ئەو هەلە لەدەست گەلی کورد بدات.

لەماوەی یەک هەفتە کەمتر هەموو لایەنگرانی سەرکردایەتی بە فەرمانی سەرکردایەتی هەموو ناوچەکانیان چۆل کرد و لە قەشان و ماوەت عیساوی و ژاژەلە کۆبوونەوە کە ژمارەیان لە (٨٠٠) کەس تێپەڕی نەدەکرد و لەو ژمارەیە نزیکەی (١٢٠) کەسیان کادر و ئەندام ڕێکخراو و ناوچە و لق بوون.

هێرش و پەلاماری مەلا مستەفا جگە لەوەی کە هەموو مرید و هێزەکەی خۆی و هێزی عەشایەر و زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکانی هێزەکانی تری تیا بەکارهێنابوو، یارمەتی و پالپشتێکی گەورەشی لە ڕژێمەکەی عبدالسلام عارف وەرگرت. هەر لە سەرباز و بەکارهێنانی کەرەسەی گواستنەوەی خێرای وەک لۆری سەربازی بۆ خێرا گواستنەوەی هێزەکەی و گەیاندنی بە ناوچەی شەڕەکان تا زۆری پۆش و تۆپی گەورە و فڕۆکەی جەنگیش.

مەلا مستەفا فەرمانیدا کە گوایە هەموو پارە و ئازووقەی شۆڕش و دەزگاکانی بێتەل و ڕادیۆ لەژێر دەستی سەرکردایەتیدایە، هێزی هێرشکەر هەر شوێنێکیان گرت و هەر بنکە و بارەگایەکیان گرت سەر بۆ مەلا مستەفا و مال بۆ تالانکەران. ئەو

هێزەی کە بەرەو ماوەت و ژاژلە و قەشان هاتبوون نزیکەی(١٠) دەهەزار چەکدار دەبوون زۆربەیان جگە لە چەک و فیشەکدانەکەیان، کە ئەمانەش زۆربەیان عەشایەر بوون، گوریس و گوونیە و ولاخی باربشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بۆ تالان و برۆ.

مەلا مستەفا وای لە خەلک گەیاندبوو کە سەرکردایەتی بەشی ژیانی یەکسانی گەلی کوردی ئازووقە پەزمەنە کردوە.

ئەوەی کە زیاتر سەنگەرەکانی بەرەی سەرکردایەتی پەریشان کردبوو، ئەو تۆپبارانە سەختە بوو کە تۆپ و سەربازەکانی عبدالسلام عارف بەکاریان دەهێنا لە شەرەکەدا.

ڕۆژی ٢٠/٧/٦٤ کۆبوونەوەیەک بە هەموو هێزەکەی سەرکردایەتی کرا وەک وتم کە ژمارەیان لە ٨٠٠ کەس پتر نەبوو و ئیبراهیم ئەحمەد وتی:

((براینە: بارزانی و عبدالسلام عارف بە زۆر شەڕیان هێناوەتە سەرمان و دەیانەوێ ڕۆلەی کورد بە کوشت بدەن، ئێمەش بڕیارمان داوە جگە لە شەڕی خۆپاراستن تا دەرچوونمان، بە هیچ جۆرێ شەڕ نەکەین و نەیەڵین شەڕ لەگەڵ بارزانی درێژە بکێشێ و برین قووڵ نەکەینەوە، هەر بۆیەش داوامان لە هەموو پێشمەرگە و ئەندامان کرد، کە لە ناوچە و شوێنەکانی خۆیاندا بمێننەوە و شەڕ نەکەن و لەناو هێز و ڕێکخستنەکانی بەناو پارتی بارزانیدا کاربکەن، بۆ دوو مەبەست:

١-بۆئەوەی بەرەکانی شەڕ گەورە نەبێ هێزی پێشمەرگە کەرت و پەرت نەبێ شەڕی براکوژی پەرە نەسێنێ.

٢-بۆئەوەی لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەشدا کاربکەن و ڕاستیەکان لە خەلک بگەیەنن تا ڕۆژگار دەیسەلمێنێ کە نە حکومەت هیچ بە کورد دەدات و نە مەلا مستەفاش مەبەستی لە ڕاگرتنی شەڕ وەرگرتنی مافی کورد بووە.

ئێمە لەڕاستیدا داهاتوویەکی ڕوونمان لەبەرچاو نیە و نازانین ئەنجام بەچی دەگا، نازانین کە ڕەو بکەین بەرەو دیوی ئێران، ئێران هەڵوێستی چۆن دەبێ، بۆیە بڕیار دەدەینە دەست خۆتان، کێ دەیەوێ بگەڕێتەوە ناوچە و شوێن و شارەکانی خۆی و کاری نهێنی بکات با بگەڕێتەوە، کێ دەیەوێ بچێتە ناو هێز و پارتیەکەی بارزانی و کاریان لەگەڵدا بکات با بچێ، کێش لەگەڵمان دەمێنێتەوە ئایندە هەرچۆنێ بوو خۆی بەرپرسیارە)).

دوای ئەو ووتەیەی ئیبراهیم ئەحمەد لەو (٨٠٠) کەسە تەنیا (٤٧٠) کەس مایەوە و ئەوانی تر چەکەکانیان دانا و بە جێیان هێشتین.

من یەکێک بووم لەو کەسانەی بێ هیچ ئاگادارییەک لە ئایندە و نەخشەی داهاتووی سەرکردایەتی، لەگەڵ سەرکردایەتیدا مامەوە، باوەڕم وابوو کە سەرکردایەتی لەسەر حەقە و نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کوردا لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە.

شەڕ لە ماوەت و قەشان و ژاژڵە نزیکەی ٣ ڕۆژی خایاند، لە ڕۆژی ٦٤/٧/٢٤دا دوایەشی پێشمەرگە کە دەستەکەی عەریف مجید شوانی، وو وە پێکهاتبوو لە (١١) یازدە پێشمەرگە لە چەمی تەیەتەوە پەڕینەوە دیوی ئێران.

شەوی ٢٣\٧/٢٤ فەرماندەکان (عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، جەلال تاڵەبانی و کەمال موفتی) بڕیاری کشانەوە و ڕۆشتنیان دابوو و هەموو دەستە و پەلەکانیان ئاگادارکردبوو جگە لە دەستەکەی عەریف مەجید شوانی کە بێ ئاگا بوون و پێکهاتبوون لە ٦ کادر و ٤ پێشمەرگە و عەریف مەجید و کەوتنە ئابڵوقەی هێزەکەی بارزانی لە ترشەکانی پشتی ماوەتەوە.

گەر شارەزایی و کارامەیی و لێهاتوویی عەریف مەجید شوانی نەبوایە بە بڕوای هەمووومان پێمان وابوو کەس لەو دەستەیە دەرچوایە، بەلام بێ زیان و پاش (١٤) چواردە سەعات شەڕ لەگەڵ ئەو هەموو هێزە ئابڵوقەدەرەدا و بە یەک برینتدارەوە بەناو چەکدارەکانی بارزانیدا بۆماوەی ٤ سەعات ڕێگا لە پشتی ژاژڵەوە بەرەو تەیەت دەرباز بووین، کە تەنانەت لەکاتی پەڕینەوە لە چەمەکەش گوشارێکی زۆرمان لەسەربوو.

کە گەیشتینە سەر چەمی تەیەت لەسەر چەمەکە ئاشێکی ئاوی لێبوو، بەرەبەیان بوو ئاشەوانەکەمان لەخەو هەڵسان تا بە کەلەکەکەی بمانپەڕێنێتەوە. ئاشەوانەکە لێی پرسین: کێ مەسئولتانە؟ جەمال عەلی باپیر بە پێکەنینەوە ووتی: مستم قوربان فەرموو! ئاشەوانەکە ووتی:!! ئەری ئەو شەڕە خۆبەخۆیە لەسەر چییە؟ جەمال ووتی: ئەو حەقەکەی کورد لە گیرفانی ئەم دەدوانزە کەسەدایە مەلا مستەفا و عبدالسلام ئەیانەوێ لێمان بسێنن و ئێمەش نایان دەینێ!!.

ئەو دەستەیە پێکهاتبوون لە عەریف مەجید شوانی، فاتیحی برازای، ڕەفیقی ڕەسامی برای محمد قودسی، حسین بچۆل ماوەتی، جەمال عەلی باپیر، کەمال

مەولود، حسین عەلی ڕەزا کەرکوکی، لەتیف بابەعەلی نوورەیابی، دکتۆر ڕەزا، مەلا عومەر و لاغلوبی و من.

## ٦-٣ پەیوەندی نێوان ئێران و مەکتەبی سیاسی

پەرلەوەی یەکسەر بچمە سەر پەیوەندی نێوان ئێران و مەکتەبی سیاسی و چۆنیتی چوونمان بۆ ناو ئێران و ڕێگەدانی ئێران بە پەڕینەوەی ئەو هێزە بۆناو خاکی ئێران، بە پێویستی دەزانم شتێک لەسەر ئەو هەل و مەرج و فاکتەرە ڕێخۆشکەرانە بنووسم کە هەم ڕۆلی کاریگەریان لە قوولبوونەوەی کێشە و ناکۆکی نێوان مەلا مستەفا و سەرکردایەتیدا بینی و ڕێخۆشکەر و هاندەری هەڵگیرسانی یەکەم پلیسەی شەڕی کورد بە کورد بە کوشتدان بوو لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولدا و داهێنانی دزێوترین و ئەفرەتلێکراوترین ئەزیت بوو، وە هەم هۆیەکی سەرەکیش بوون بۆ دروستبوونی پەیوەندی نێوان مەکتەبی سیاسی و ئێران، کە یەکەم پەیوەندی نێوان لایەنێکی شۆڕشگێڕ و ڕزگاری خوازی کوردی بوو لەگەڵ داگیرکەرێکی کوردستاندا کە ئێران بوو.

فاکتەرەکان گەرچی دەرەکی و ناوەکی بوون، بەلام دەرەکیەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ناوەکیەکان کاریگەر بوون. بۆ نموونە: یەکێتی سۆڤیەتی کە فاکتەرێکی دەرەکی بوو، بەلام گەورەترین کاریگەری لەسەر حیزبی شیوعی عێراقی هەبوو کە فاکتەرێکی ناوەکی بوو.

ئەمریکا و ئیسرائیل کە فاکتەرێکی دەرەکی بوون بەلام کاریگەریان لەسەر پەیوەندی شۆڕشی خوارووی کوردستان و ئێران هەبوو.

ئێران کە فاکتەرێکی دەرەکی بوو، بەلام سەبارەت بە بوونی هەندێ لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی ئێران، لە سەروویانەوە (ئەحمەد تۆفیق (عبداللەی ئیسحاقی) لەلای مەلا مستەفا کاریگەریان لەسەر ئەو فاکتەرە ناوەکیە هەبوو.

میسر کە فاکتەرێکی عەرەبی دەرەکی بوو، بەلام کاریگەری زۆری لەسەر ڕای گشتی عێراقی و بە تایبەتی قەومی و ناسریەکان هەبوو کە فاکتەرێکی ناوەکی بوون.

١-وولاتانی بەناو سوسیالستی و لە سەروویانەوە یەکێتی سۆڤیەتی، کە لە سەردەمی عبدالکریم قاسمدا چاویان بڕیبووە عێراق بۆ چەسپاندنی جێپێکەی

خۆیان لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە و چەندین پەیماننامەیان لەگەڵ بەستبوو، بە هاتنەسەرکاری بەعسیان و لێدانی حیزبی شیوعی عێراقی پەرژەوەندیەکانیان کەوتە مەترسیەوە لە عێراقدا.

لەلایەکەوە حیزبی شیوعی کەوتە بەر شاڵاوی بەعسیان و لێدان و هەڵتەکاندنیان لە هەموو دامودەزگا سوپایی و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا و ڕاونانیان، کە تەنیا شوێن و پەناگایان شۆڕشی کوردستان و ناوچە ڕزگارکراوەکان بوو بە تایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی مەلا مستەفا، کە زۆربەی ئەندام و کادر و ئەندامانی سەرکردایەتیان لای بارزانی کۆبوونەوە و کەوتنە هەوڵ و تەقەلادان بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان بارزانی و سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای شەرقی.

لەلایەکی ترەوە سۆڤیەت کە هیوابڕاو بووبوو لە حوکمی بەعسیان و دەیویست جۆرە فشارێک بخاتە سەر عێراق. کەوتە هەنگاو هاویشتن بۆ نزیکبوونەوە لە شۆڕشی کوردستان و بارزانی، وە هەندێ هەنگاویان لەو ڕووەوە هاویشت، بۆ نموونە هانی مەنگۆلیای گەلیان دا کە لە هەژدەهەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ٦٣/٧/٣ دا داوابکات کە مەسەلەی کوردیش خاڵێکی بەرنامەی کۆبوونەوەکە بێ و لێدوانی لەسەر بکرێت، بەڵام پاش ڕووخانی بەعسیان بە دوو مانگ دوای ئەوە مەنگۆلیا داواکاریەکەی خۆی کێشایەوە، لەبەرئەوەی کە لێدانی بەعسیان و هاتنی عبدالسلام بۆ سەر حوکم واتای نەمانی مەترسی بەعسیان لەسەر بەرژەوەندی سۆڤیەت لە عێراقدا و گۆڕانی سەنگ و تەرازووی کێشەکانی لە ناوچەکە وای دەگەیاند.

حیزبی شیوعی پاش لێدانی بەعس پێیان وابوو کە دەتوانن جارێکی تر بگەڕێنەوە دەسەلاتی پێشوویان و هەرنەبێ بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی عبدالسلام و ڕێگری کردن لە گەڕانەوەی دەسەلاتی بەعسیان و بە فەرمانی سۆڤیەت، کەوتنە هەوڵ و تەقەلایەکی بێ وێنە لەگەڵ بارزانیدا کە گەر بە کەمترین دەستکەوتیش بێ لەگەڵ عبدالسلام ڕێبکەوێ.

لەولاشەوە سۆڤیەت کەوتە ڕیش سپیەتی و داوای لە بارزانی کرد کە شەڕ ڕابگرێ و بە ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ عبدالسلام بگەنە ئەنجام.

حیزبی شیوعی کە پارتی بە کۆسپێکی گەورەی بەردەم گەشەکردنی خۆی دەزانی لە کوردستاندا و بارزانی بە پیاوێکی عەشایەر و خەتیمی پارتیش دەزانی، کەوتە

هاندانی بارزانی و پشتگیری کردنی بۆ لیدانی سەرکردایەتی و گەندەڵ کردنی گەوهەری پارتی.

مەبەستی هەرە سەرەکی حیزبی شیوعی لە پشتگیری بارزانی و لیدانی سەرکردایەتی پتر پەیوەندی بە باری ئایدیۆلۆجی سیاسیەوە بوو. شیوعیەکان زۆر سڵیان لە بۆچوونی سەرکردایەتی پارتی دەکردەوە لەسەر چارەسەری کێشەی کورد کە خۆی لە جۆرە سەربەخۆییەکدا دەبینی لە چوار چێوەی ئۆتۆنۆمیەکی ناوچەییدا و پێیان وابوو کە ئەوە ئایدیایەکی کۆنەپەرستی و جیاوازی خوازیە و بە فیتی بێگانە و بار بە دواری ( وحدة العراق و الوطن العراقي و الشعب العراقي ) دەگەیەنێ، بەلام ئەو مەترسیانەیان ی بە هیچ جۆرێ لە عەقل و بیری مەلا مستەفادا نەدەبینی.

٢-میسر کە ئەوکاتە لە لای بەرەی پێشکەوتنخوازی و نیشتمانی عەرەبی و تا رادەیەکیش جیهانیەوە، بە مەڵبەندی پێشکەوتنخوازی و خەبات و شۆرشگێری عەرەبی و رابەری یەکێتی عەرەبی دەناسرا و بە چەندین پەیمانەوە بە سۆڤیەتەوە بەسترابوو و هەلگری ئەلای یەکیەتی عەرەبی بوو. هیوایەکی زۆری بە سوریا و عێراق بوو کە پێکەوە ببنە وڵاتێکی یەکگرتووی عەرەبی.

هاتنی بەعسیان بۆسەر کار و بوونیان بە حکومرانی عێراق ئەو هیوایەی میسری عبدالناسر تووشی مەترسی و بگرە لەناوچوون بوو. بەعس کە خۆیان بە خاوەنی ئایدیای سۆسیالستیکی نەتەوەیی عەرەبی دەزانی، نە سۆسیالستی سەردەمیان قبوڵ بوو و نە یەکیەتیەکی عەرەبی بە ئایدیای ناسری، بەڵکە خواستاری دروستکردنی دەوڵەتێکی پان عەرەبی بەعسی بوون و لەژێر کارتێکەری بیر و بۆچوون و ئایدیای بەعسیانەدا. بۆیە عبدالناصر لەو کاتەدا کەوتە پشتگیری مەسەلەی کورد و لایەنگری کورد لە بەدیهێنانی داخوازیەکانی.

بەلام هەر پاش لیدان و روخانی حوکمی بەعس، میسریش بووە لایەنگری وەستانی شەر و پشتگیری عارف و بارزانی لە نەهێشتنی شەر و رێکەوتن بە شێوەیەک کە جۆرێک لە داخوازیەکانی کوردی تیا جێبەجێ بکری وەک ئەوەی کە لە بەیانەکەی عارفدا هاتبوو. قایل نەبوونی سەرکردایەتی پارتی بەو حاڵانەی کە لە بەیانەکەی عبدالسلامدا هاتبوو وەک چارەسەر بۆ کێشەی کورد و پێ داگرتنی لەسەر بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی و قایل نەبوون بە راگرتنی شەر بێ هیچ مەرجێک، وای لە ناسریەکان و نەتەوەییەکان لە عێراقدا کرد کە پاڵپشتی عبدالسلام بن بۆ

لایەنگری لە بارزانی و لیدانی سەرکردایەتی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە شەڕی نێوان مەلا مستەفا و سەرکردایەتیدا حکومەتی عبدالسلام ببێتە دۆست و هاوکار و یارمەتدەری مەلا مستەفا و دوژمنی پارتی و سەرکردایەتی، وە ئاوانبارکردنی سەرکردایەتی پارتی بە جیاوازخواز و خوازیاری کەرت و پەرت کردنی عێراق.

٢-ئێران کە دراوسێیەکی ناتەبا و نارێکی عێراقە و زۆربەی سنووری ڕۆژهەلاتی عێراق و ژوورووی و خوارووی بە ئێرانەوە بەستراوە، وە هەموو سنووری ڕۆژهەلاتی خوارووی کوردستان لە عێراقدا لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستان پێکەوەیە، کێشەی نێوان عێراق و ئێران لەسەر سنووری وشکانی و سنووری ئاوی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەولەتی عوسمانی و ولایەتی موسڵ و پاشان دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم و تێکشکانی دەولەتی عوسمانی دامەزراندنی دەولەتێک بە ناوی عێراق و لکاندنی خوارووی کوردستان (ولایەتی موسڵ) بۆ دەولەتی عێراقی دروست کراوەوە، کە بە بڕیاری (عصبة الأمم) سنوورە نوێکەی عێراق لە کوردستان و ولایەتی بەسرەشدا لەگەڵ ئێراندا دیاری کرا. ئەو کاتە عێراق ولاتێکی تازە و دەستکرد و بێ توانا و ژێر ئینتدابی بەریتانی بوو.

ئێران بە ئارەزووی خۆی سنووری خاکیش و سنووری ئاویشی دەبەزاند

خەوی داگیرکردنی کەنداوی عەرەبی و فراوانکردنی سنووری ئاوی لەلایەن ڕژێمەکانی ئێرانیەوە بۆتە هیوای هەمیشە چەنجالکەری بیری ڕژێمەکانی ئێرانی.

هەرکاتێ عێراق ئاسایش و ئارام بووبێ، و پەرژابێتە سەر خۆی، ئەمیش کەوتۆتە سەر کەلکەلەی فراوانکردنی سنووری ئاوی خۆی و بروبیانو دۆزینەوە بۆ داگیرکردنی کوێت و دەستبەسەراگرتنی قوڵترین بەشی کەنداوی عەرەبی. هەر لە سەردەمی فەیسەلی یەکەم و دوای ئەو شا غازی، و پاش ئەویش قاسم و دواجاریش بەعسان ئەخشە و پلانی داگیرکردنی کوێت یان داناوە و ویستوویانە لەو ڕێگەیەوە تەنگ بە دەسەلاتی ئاوی ئێران هەلچنن.

هەر کاتێکیش کێشە و نائارامی لە عێراق لەگۆڕێدا بووبێ، جا چ بزوتنەوەی ئایینی مەزهەبی شیعە لە خوارووی عێراق و چ کێشەی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستان (ژوورووی عێراق) ئێران بە هەلی زانیوە بۆ فراوانکردن و ئالۆزترکردن و قوڵترکردنی کێشەکان و یارمەتیدانیان، بە مەبەستی چەنجەلکردنی عێراق بە کێشەی ناوخۆ و ئاشان ووردە ووردە فراوانکردنی

سنووری دەسەڵاتی ئاوی خۆی لە کەنداوی عەرەبیدا و دەستبەسەراگرتنی ئیماراتە بچووک و ئیودووەرگە بچووکەکانی سەر کەنداوی عەرەبی.

شۆڕشی ئەیلول لە خوارووی کوردستاندا، بۆ ڕژێمی شاهی ئێرانی، هەلێکی زۆر گرنگ و لەبار و سەرکروتوو بوو بۆ پاڵەپەستۆ و گوشار خستنە سەر عێراق، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

هەمیشە سوود و بەرژەوەندی لەوەدا بووە کە شۆڕش بەردەوام بێ بەڵام نە گەشە بکات و نە بە ئامانجەکانی بگات و نە واشی لێ بێ مەترسی لە سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو پەیدا بکات و نائارامی و کێشە بخاتە ناو ئێرانەوە.

ئەو سیاسەتەی ئێران هەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولەوە و تا ڕووخانی شا و پاش ئەویش حکومڕانی خومەینی وکۆماری ئیسلامی ئێرانی تا ئێستا هەر بەردەوام بووە.

بەر ڕووخانی حکومڕانی عبدالکریم قاسم و هاتنی بەعسیان بۆسەر حوکم، ڕژێمی شای ئێرانی لە هەوڵ و تەقەلای پەیوەندی کردندا بوو لەگەڵ بارزانی و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئامادەی هاوکاریکردنی پیشاندا بەومەرجەی پارتی شەڕ رانەگری.

سەرەتای پیشاندانی نیازی هاوکاری شۆڕش لە خوارووی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ بەعسیاندا سەری هەڵدا.

کاتێ ڕژێمی بەعس لە ٦٣ دا ئابلوقەی توندی ئابووری خستە سەر خوارووی کوردستان و شەڕی جینۆسایدی دەستپێکرد، ئێران سنووری خۆی کردەوە و لە پشتی پەردەوە هەموو دامودەزگاکانی پاراستنی سنووری ئاگادارکرد کە هیچ ڕێگەیەک لە هاتوچۆی کوردەکانی عێراق و کڕین و بردنی کەرەسەکانی بژێوی نەگرن.

ئەم هەڵوێستەی ئێران زۆر بەپەلە پەیوەندی نێوان شۆڕش و ئێرانی پەرەپێدا بۆ ڕێگەدان بە لێپرسراوانی شۆڕش کە لە دەرگای ئێرانەوە هاتوچۆی وڵاتانی دەرەوە بکەن.

لەکاتی ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ عبدالسلام پاش ڕووخانی بەعسیان، ئێران تاکە وڵات بوو کە حەزی بە شەڕ ڕاگرتن نەدەکرد.

سەرکردایەتی کە دژی ڕاگرتنی شەڕی بێ مەرج بوون لەلایەن بارزانیەوە، لەم هەڵوێستەدا لەگەڵ ئێران یەکیان دەگرتەوە، ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی هەلومەرجی پەیوەندی بەتینتری لەگەڵ ئێراندا خۆشکرد.

بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و ڕژێمی ئێرانی، ئێران نوێنەرێکی خۆی، با ڕاشکاوتر بڵێین لێپرسراوێکی ساواکی بەناوی (عەقید پژمان) عیسا پژمان و دەرەجەدارێکی ساواکی بێتەلی بە ناوی (عباسی بێ سیم) ناردە ماوەت و لە مانگی ١٠/٩٦٣ دا بارەگایەکیان لە نزیک بارەگای مەکتەبی سیاسیەوە بۆ دانا.

سەرکردایەتی پارتی تەنیا سودێکی کە لە پەیوەندی لەگەڵ لێپرسراواتی ئێراندا دەستکەوتبێ ئەوەبوو کە لە کاتی تەنگ پێهەڵچنینیان لەلایەن بارزانیەوە ڕێگە دران بپەڕێنەوە دیوی ئێران.

بۆ ئێران گرنگ نەبوو لەگەڵ کێ و لەگەڵ چ لایەنێک لە کوردی خواروی کوردستان پەیوەندی دروستبکا. گرنگ بۆ ئێران ئەوە بوو کێ زیاتر بە فەرمانی ئەجوڵێتەوە، داواکانی جێبەجێ ئەکا، درێژە بە شەڕ دەدا لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا.

لەوکاتەدا داڵدەدانی سەرکردایەتی و ئەو هێزەی بەلاوە گرنگ بوو بۆ دوو مەبەست:

ا-وەک ئامێرێکی گوشار خستنە سەر عێراق و مەلا مستەفا بەکاریان بێنێ ئەگەر شەڕوەستاندن درێژەی کێشا یان ڕێکەوتن بە ئەنجام گەیشت و ناوچەکە ئارام بۆوە، یارمەتیان بدات بۆ خۆڕێکخستنەوە و خۆسازدانەوە و گەڕانەوە بۆ کوردستان و شەڕ دەستپێکردنەوە.

ب-بۆ ڕاکێشانی مەلا مستەفا بۆ ناو تۆڕی پەیوەندی و گرێدراوی، واتە ناچارکردن یان بە ئارەزووهێنانی مەلا مستەفا بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندیە لەبری سەرکردایەتی. بەتایبەتی لەو کاتەدا سەرکردایەتی لایەنە لاواز و کەم دەسەڵاتەکەی هاوکێشەکە بوو، وە مەلا مستەفا لایەنە بەهێز و دەسەڵاتدارەکەی هاوکێشەکە بوو.

سەرکردایەتی پتر پابەندی دیسیپلینی پارتی و خۆیەستنەوە بە ڕای گشتی پارتی یان لانی کەم ڕای زۆریە و دیموکراتیەتی بیروڕا دەربڕین بوو.

بەلام مەلا مستەفا لەسەرووی پارتیەوە بوو و خاوەنی ڕای تاکی خۆی و داسەپاندنی بیروڕای خۆی بوو کە بۆ ئێران یان هەر لایەنێکی تر پێویستیانە کێشەی کورد بخاتە ناو جۆغزی گرێدراو بە بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە، ئاسانتر و مسۆگەرتر بوو.

وانە بۆ دەست بەسەراگرتنی بزوتنەوەی کوردی و بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا، مەلا مستەفا لاوازترین ئەڵقە بوو کە بتوانرێ بەکاربهێنرێ و بەهێزترین ئەڵقەش بوو کە زۆربەی کوردی پێوە بپەسترێ.

چوونمان بۆ ئێران و جارێکی تر گەڕانەوە

ئێوارەی ڕۆژی ٩٦٤/٧/٢٤ هەموو هێزەکە لەسەر چەمی تەیەتەوە بەسەر سنووردا کەوتە ڕێ بەرەو گوندی (بێتوش).

ڕۆژی ٢٤ هێزەکە لەوبەر چەمی تەیەتەوە مایەوە هەم بۆ پشوودان و هەم بۆ ئەوەی درانگ دابێ و تاریک بێت، بۆ خۆپاراستن لە تەقە و هاوەنی هێزەکانی مەلا مستەفا کە هەتا سەر چەمەکە لە بەری خوارووی کوردستانەوە (عێراق) هاتبوون. بەرەبەیانی ٧/٢٥ گەیشتینە (بێتوش)

بێتوش گوندێکی خۆش و دڵڕفێن و ئاوەدان نزیکەی ١٥٠ ماڵێک دەبوو لە دامێنی شاخێکی بەرزی لوتکە بە بەفر داپۆشراو. گوندێکی پڕ کانیاو و جۆگە ئاوی زۆر و خاوەن باخ و دار و درەختێکی بەردار و بێ بەری زۆر. دانیشتوانی گوندەکە کەسانی دڵساف و دەروون ساف و کراوە و بە دەست و دڵ و سفرە کراوە بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە پێشوازیان کردین و میوانداریشیان کردین.

لە ٦٤/٧/٢٧ فەرماندەیەکی فارسی سوپای ئێرانی بەپلەی (سەرهەنگ) و نوێنەرێکی دەرباری شاهی بەناوی (سمکۆ عەلیار) کە کورد بوو، بە ژمارەیەک سەربازەوە کە نزیکەی ٢٥٠ کەس دەبوون هاتنە بێتوش.

نوێنەرانی ئێرانی کۆبونەوەیان لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد) پێشتر کردبوو لەوێش لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا و خالید دلێر کرد.

هێشتا لە کۆبوونەوەدا بوون جەلال تاڵەبانی بە توڕەییەوە لە کۆبوونەوەکە هاتە دەرێ و فەرمانی بە پێشمەرگەکاندا کە هەموو بەرزاییەکان بگرن و دەوری سەربازەکانی ئێرانی بدەن. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە نوێنەرانی ئێرانی گەڕانەوە، جەلال تاڵەبانی داوای کۆکردنەوەی هێزەکەی کرد و پێی ڕاگەیاندین کە حکومەتی ئێرانی ئەم مەرجانەی هەیە بۆ ڕێگەدانمان لە دیوی ئێران

١-گەر بمێنینەوە ئەبێ هەموو چەکەکانمان تەسلیم بە ئێران بکەین.

٢-لە ماوەیەکی کەمدا ئەگوێزرێینەوە بۆ ئۆردوگایەک کە ئێران خۆی دیاری دەکا

٣-وەک پەنابەرێکی سیاسی کاتی ڕەفتارمان لەگەڵ دەکرێ.

٤-گەر بەو مەرجانە قایل ئەبین دەبێ لە ماوەی یەک هەفتەدا خاکی ئێران بەجێ بهێڵین و بگەڕێینەوە عێراق.

ئەو مەرجانەی دەوڵەتی ئێران دوو ڕای جیاوازی لەناو ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرانی سیاسی و پێشمەرگەدا دروست کرد.

١- بیروڕای مانەوە کە ڕای ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری و زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی لق و لیژنە ناوچەکان و پێشمەرگەکانیش بوو. بەڵگەشیان بۆ بیروڕاکەیان ئەوەبوو کە هێشتا هێزێکی زۆری مەلا مستەفا لە ناوچەکانی سەر سنووردایە، هێشتا خەڵکی لە هەق و ناهەقی مەلا مستەفا بە باشی نەگەیشتوون. گەر ماوەی چەند مانگێک یان ساڵێک لە ئێران بمێنینەوە، هەم توندوتیژیەکە خاو دەبێتەوە و ناوچەکانی سەر سنوورەکان لەبارتر دەبن بۆ گەڕانەوە بۆ ناوی و هەم جەماوەریش بۆی دەردەکەوێ کە عبدالسلام عارف هیچی پێ نیە بۆ کورد و مەلا مستەفاش هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد بەدەست نەهێناوە، وە کەف و کوڵی جەماوەری خەڵەتاو و هێزی پێشمەرگەش دادەمرکێتەوە، هیسانەوە ڕێکخستنی ناوشار و شارۆچکە و لادێکانیش لەو ماوەیەدا دەتوانن خۆیان سازدەنەوە و جەماوەر هاندەن لە مەلا مستەفا بۆ شەڕکردنەوە.

وە لەلایەکی تریشەوە ڕژێمیش دەکەوێتەوە شەڕکردنەوە.

٢-بیروڕای تەنیای مام جەلال ئەوە بوو کە چەک دانەنێین و بگەڕێینەوە. بەڵگەش بۆ ڕاکەی ئەوە بوو کە، سەرکردایەتی لە هەموو ناوچەکاندا نەیویستوە شەڕی مەلا مستەفا بکا بۆیە مەلا مستەفا توانی وولات بەدەریان کات. گەر ئەم جارە بە بیروڕای تەواوی بەربەرەکانی مەلا مستەفاوە بگەڕێینەوە دەتوانین هەندێ ناوچە دەست بەسەردا بگرین و لەو ناوچانەش دەست بە کاری سیاسی و پێشمەرگانەش بکەین.

چەک دانان بۆ ئەم حکومەتە تاوانە و شەرمەزاری و ترسنۆکیە، دەبێ ئێمە هێزەکە بکەین بە ٣ بەشەوە و لە سێ قۆڵەوە هێرش بەرین.

ا-لە تاریەرەوە بەرەو پێنجوێن

ب-لە سورکێوەوە بەرەو شاربازێر و چوارتا

ج-لە مامەندەوە بەرەو پشدەر و قەڵادزە

شێوازی دواندنەکەی مام جەلال زۆر ڕەق و توند و تۆمەت ئامێز بوو، کە تۆمەتی ترسنۆکی دایە پاڵ ئەوانەی بیروڕای مانەوەیان پەسەند کرد.

مام جەلال کەمنی لە شوێنی کۆبوونەوەکە دوورکەوتەوە و داوای کرد کێ لەگەڵ گەڕانەوەیە بچێتە لای ئەو. جگە لە (١٥) کەس کە ئەوانیش دەستەکەی خۆی بوون و چوونە لای، کەس جووڵەی نەکرد.

دیسانەوە مام جەلال بە ڕق و توڕەییەکی نارەوا و ناڕاستەوە هێرشی کردە سەر ئەوانەی لەگەڵ مانەوەدا بوون و ووتی: ((من بە ئەنیاش بم هەر دەگەڕێمەوە و سەر بۆ بڕیاری ئەم سەگبابانە شۆڕ ناکەم و چەک دانانێم، ئێمە خاوەنی شۆڕشێک بووین ئێستاکە بە قسەی (سەرهەنگی سەرسەگبابی سەرقەحبەباب) چەک دانێین؟)).

عەلی عەسکەری بە هەمان شێوە ڕەقەکەی جەلال تاڵەبانی وەلامی دایەوە و پێی ووت: ((ئەم خەڵکەی کە لێرەیە کەسیان ترسنۆک نین. گەر ترسنۆک بوونایە لەگەڵمان نەدەبوون، ترسنۆکی و نازایەتیش لێرەدا دەرناکەوێ، بەڵکە لە شەڕدا، ئەوەی ئێستا دەمانەوێ بیکەین دەبوایە کاتی خۆی لە ناوچەکانماندا بمانکردایە و تا کوژرانمان شەڕمان کردایە نەک بە ناوی نەڕژاندنی خوێنی بەناهەق و قوڵتەبوونەوەی بڕینەکان ناوچەکانمان چۆڵ کرد و ڕامانکرد و بەم ئەنجامەش گەیشتین. من نەک لەبەرئەوەی بڕوام بە گەڕانەوەیە بەڵکە لەبەرئەوەی بیسەلمێنم کە ترسنۆک نین وا بڕیاری گەڕانەوەم دا و داواش لە هەموو برا پێشمەرگەکان و کاکیشم (مەبەستی عومەر مستەفا بوو) دەکەم کە بڕیاری گەڕانەوە پەسەند بکەن، بەلام بەڵێنیش دەدەم تا نەکوژرێم بەرەودوا نەگەڕێمەوە و هەر پێشمەرگەیەکیش لە شەڕدا هەڵبێ بیکوژم)).

هێزەکە کران بە ٣ بەشەوە

بەشێکی بە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی بەرەو تاریەر و پێنجوێن بەشێکی بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری بەرەو سورکێو و شارباژێر

بەشێکی بە سەرپەرشتی عومەر مستەفا بەرەو هێرۆ و هەڵشۆ و قەلادزە

من بەر قۆڵی شارباژێر کەوتم. ڕۆژی ٧/٢٩ هەرسێ قۆڵەکە لە ئێوارەدا کەوتینە ڕێ و پێتوشمان بە جێهێشت. لە ئەندامانی سەرکردایەتیش (ئیبراهیم ئەحمەد، حلمی عەلی شەریف، نوری ئەحمەدی تەها) بەرەو ئاران کەوتنە ڕێ.

لە قۆڵی شارباژێرەوە هێزەکە پێشڕەوییەکی باشی کرد و لە یەک ڕۆژدا لە گوندی ابارێ باریێوە تا سەری شاخی (گمۆ)یان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە.

شەوی ٧/٣١١٣٠ لە شۆڕبوونەدا بووین بەرەو شاری چوارتا و هەواڵمان بۆ هاتبوو کە هێزەکەی بارزانی چوارتایان چۆڵ کردوە و بەرەو سیتەک ڕۆیشتوون،

کە بە هێزکی تۆکی لەلایەن هەردوو قۆڵەکەی ترەوە ئەگادار کراین کە بگەڕێینەوە دواوە.

هێزکی تۆکیەکە بە من بوو کە ئاگاداری فەرماندە عەلی عەسکەری م کرد لە هەراڵەکە، کاک عەلی خۆی قسەی لەگەڵ کردن و دەرکەوت کە هەردوو قۆڵەکەی تر شکاون و بەرەو دوا پاشەکشەیان کردوە.

عەلی عەسکەری ئاگاداری کردن کە ناگەڕێنەوە، بەلام لەژێر گوشاری جەلال تالەبانی و عومەر مستەفا ناچار کرا ئەویش بڕیاری پاشەکشە بدات، و هەمیسان بەو شەوە بەرەو سورکێو گەڕانەوە.

ڕۆژی ٦٤/٨/١ هەرسێ هێزەکە لە گوندی ئاژان و ئاژەبان لە دیوی ئێران یەکمان گرتەوە.

هەر ئەو شەوە بڕیار درا کە ٣ مەفرەزەی ١٠ کەسی لەسەر سنوور بمێننەوە و هەموو چەکە بەکەڵکەکان کە نزیکەی (١٧٠) کلاشینکۆف و سیمینۆف و برنەوی تۆی دەبوون لای ئەو سێ مەفرەزەیە حەشار درێن. مەفرەزەکان لە گوندەکانی ئالۆتان و ئەنجێنەین بە فەرماندەیی حەمە ئەمین ئاغای باری، عەریف مەجید شوانی وە عبد الرحمن ڕووتەش ئەڵقەی پەیوەندی بێ لە نێوان سەرکردایەتی لە ئێران و ڕێکخراوەکانی پارتی لە خواروی کوردستان.

ڕۆژی ٦٤/٨/٢ سەرهەنگ سمکۆ عەلیار هاتە ئاژان و بڕیاری حکومەتی ئێرانی پێراگەیاندین کە دەبێ چەک دانێین و بشمانبەن بۆ شوێنی دیاریکراوی دوور لە سنوور.

هەر ئەو ڕۆژە نزیکەی (٢٥٠) چەک تەسلیم بە ڕژێمی ئێرانی کرا و ٤٢١ کەسیش خرانە ناو چەند لۆریەکی سەربازی ئێرانیەوە و بەرەو شاری سەقز براین و پاش مانەوەی نزیکەی ٣ مانگ لە سەقز براین بۆ هەمەدان.

دورخستنەوەی ئێمە لەسەر سنوور لەسەر داوا و گوشاری مەلا مستەفا بوو لە ئێران، وە هەڕەشە کردن لە ئێران کە (ئەگەر سنوور لە ڕووی چالاکیەکان دانەخەن و جارێکی تر ڕێگە بدرێن بگەڕێنەوە خاکی عێراق ناچار دەبن تا قوڵایی خاکی ئێران دوایان کەون و ئاسایشی ناو ئێرانیش بشێوێنن). هێشتا لە سەقز بووین کە ئاگادار کراین (ئێران و مەلا مستەفا خەریکی پەیوەندی دروستکردن و چاوبڕکی ڕێکەوتنن).

ژیانی ئەو ماوەیەی سەقز زۆر سەخت بوو. ئۆردوگایەکی لە خێمە دروستکراویان لە دەرەوەی شار بۆ ئامادە کردبووین. کات تا بڵێی سارد و بێ کەرەسەی گەرمکەر زیندانێکی فراوان بوو. کەس ڕێگەی چوونە ناو شار و تێکەڵبوون بە خەڵکی شاری نەبوو تەنیا بە پسولە ڕێگەدان نەبێ ئەویش، لەژێر چاودێری ساواکدا بوو.

لە مانگی ١١ گوێزراینەوە بۆ (هەمەدان) و لە کۆنە کارگەیەکی شقارتەدا دایان نابین کە لە ٣ هۆڵی گەورە و ٤ ژووری بچوک پێکهاتبوو.

ئەندامانی سەرکردایەتیش جگە لە عەلی عەسکەری کە لەگەڵمان مایەوە لە هەمەدان، هەموویان چوونە تاران و لەوێ شوێنیان بۆ دیاری کرا کە ئەم زاتانە بوون (ئیبراهیم ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، جەلال تاڵەبانی، حلمی عەلی شەریف، عومەر مستەفا). نوری شاوەیس کە لە کۆنفرانسی ماوەت دا لە هەرە شێلگیرەکانی دژی بارزانی بوو و بە سوکیەکی زۆر گەورەی دەزانی کە سەرکردایەتیەکی هوشیار و ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامەی بەرزی کۆلیجی سەر بۆ پیاوێکی عەشایەری عەقڵ دواکەوتوو دانەوێنێ و سوور بوو لەسەر دابەستنی ڕەشاشێک لەسەر پردی قەشان و شەڕکردن لەگەڵ هێزی بارزانیدا، لەکاتی دەستپێکردنی شەڕ لە ماوەت خۆی دزیەوە و بە بیانووی نەخۆشی ڕۆیشتەوە سلێمانی و لەوێشەوە لە ڕێگەی بەغداوە چوو بەریتانیا.

تازە گەیشتبووینە هەمەدان، لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە نامەیەک هات بۆ عەلی عەسکەری و عەلی عەسکەری هەمووماني کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندین کە حکومەتی ئێرانی کەوتۆتە پەیوەندی کردن بە مەلا مستەفاوە و ئەڵقەی پەیوەندیش لە نێواندا (تیمسار-پاکرەوان)ە.

لە کۆتایی مانگی ٦٤/١١ دا بوو لەلایەن بێ سیمەکانی خۆمانەوە بروسکەیەک گیرا کە بە (جفرە) نوسرابوو و لەلایەن کاک مەلا عەبدوڵای بیتسیە و ٤ جفرەکان کران بە نووسین. بروسکەکە لە (پرکار ئەقدەم) فەرماندەی ساواکی ئێرانیەوە بۆ عبدالوهاب ئەتروشی بوو.

ناوەڕۆکی بروسکەکە بریتی بوو لە فەرمانی دانی ژمارەیەک تۆپ لەسەر فەرمانی دەرباری شاهی بە مەلا مستەفا لە ڕێگەی پرکار و عبدالوهابەوە.

لەو ماوەیەدا بەیتا بەیتا نامەی ڕێکخستنەکانی ناو وولاتمان لە ڕێگەی عبدالرحمن ڕووتەوە پێ دەگەیشت. زۆربەی نامەکان بریتی بوون لە هەواڵەکانی

کوردستان لەسەر باری ڕێکخستن و دەنگ و باسەکان و ڕەفتاری لێپرسراوانی بارزانی لە ناوچەکان بەرامبەر خەڵک.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە هەواڵەکان باسی پەرتەوازەبوونی ڕێکخستن و بەپەرۆشی خەڵک و پاشان پاشگەزدانی ڕێکخراوەکانی بارزانیان دەکرد.

لە ڕووی ڕەفتاری لێپرسراوانی بارزانی باسی ڕەفتاری دڕندانەی عبدالوهاب ئەتروشی لە ناوچەی هەڵەبجە و پێنجوێن و حەسۆ میرخان لە پشدەر و ڕانیە و عەلی شەعبان لە خۆشناوەتی و ڕەشید سندی لە ناوچەی سورداش و چەمی ڕێزانیان دەکرد بەرامبەر خەڵک و لایەنگرانی سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتی سەر بە سەرکردایەتی.

لەناو شاری سلێمانیەوە نامەکان باسی بێزاری دانیشتوانی شاریان تێدابوو بەرامبەر بە ڕەفتاری باندەکانی بارزانی کە لەناو شاردا بەناوی (لیژنەی پێشمەرگەی شار) دروست کرابوون نەک بۆ زەبر وەشاندن لە پیاوان و دەزگاکانی ڕژێم، بەڵکو بۆ ڕاونان و تۆقاندن وکوشتن و جەزرەبەداتی دۆست و لایەنگرانی سەرکردایەتی.

بارەگای لێپرسراوانی ئەو دەزگایە لە گوندی (کانی ماسی) نزیک شاری سلێمانی و سەر ڕێگای سلێمانی قەرەداغ دانرابوو. لێپرسراوەکان بریتی بوون لە (حەمە ڕەشی ئەحەشانە کە پێش دووبەرەکی ئەندامی ڕێکخراوی سورداش بوو، مەحمودی شاە محمد کە پیاوێکی بەتەمەن بوو وە وەستا گورونی کەبابچی).

ئەم لیژنەیە چەند باندێکی پیاوکوژیان بەناوی مەفرەزەوە پێکهێنابوو، مەفرەزەی عوسەی نامە، مەفرەزەی سالە سیک، مەفرەزەی حسەی فارس، مەفرەزەی ئەمینی فارس، مەفرەزەی سەلاحی فاتە قەموور، مەفرەزەی ئەحە سێنسەر، مەفرەزەی بەکری حاتم و عومەری مارف و حەمە عەلی فەرەج).

ئەو نامانەش کە لەلایەن ئەو کادرانەی خزێندرابوونە ناو ڕێکخستنەکانی بارزانیەوە بە نهێنی دەهات هەمووی باسی لاوازی ڕێکخستنی بارزانی و بێ دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی و سیاسی لق و لیژنە ناوچە و ڕێکخراوەکانی دەکرد کە تەنیا یەکەرێکی بێ گیان و دەزگایەکی بێ تواتان و وەک داشی دامە بەدەست فەرماندەکانی پێشمەرگە و عەشایەرەوە هەڵدەسوڕێندرێن.

لە ڕۆژی ٩٦٤/١٢/٥ جەلال تاڵەبانی لە تارانەوە هاتە هەمەدان و نزیکەی (٢٠١) کەسی لە ئەندام لق و ناوچە و ڕێکخراوی ناو هێزەکەی کۆکردەوە بە ئامادەبوونی

عەلی عەسکەری کە لە هەمەدان لەگەڵمان بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرتێکی دەربارەی ڕێکخستنی شاوەوەی خوارووی کوردستان و هەڵوێستی جەماوەری خەڵک و پێشمەرگە بەرامبەر مەکتەبی سیاسی خوێندەوە کە لەلایەن مەکتەبی سیاسی دامەزراو لە بەغداوە گەیەنرابوو. دوای ڕۆیشتنمان بۆ ئێران، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس و عبدالرحمن زەبیحی چوونە بەغدا و لەوێ خۆیان شاردەوە و مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی پارتیان پێکهێنا.

حەمەی حاجی تاپەیر لقی سلێمانی، و عبداللە ئیسماعیل لە لقی هەولێر، و ئەحمەد عبداللە لە لقی بادینان کە هەرسێکیان ئەندامی سەرکردایەتی بوون، لێپرسراویەتی ئەو سێ لقەیان گرتە ئەستۆ.

ئەو سێ لقەش دەستیان کردەوە بە دامەزراندنەوەی لیژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکانی پارتی لە قەزا و ناحیەکاندا.

واتە بە کردەوە دوو پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا دروست بوو یەکیان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا و دووەمیش بە ڕابەری مەکتەبی سیاسی.

دوای خوێندنەوەی ووتارەکە جەلال تاڵەبانی باسی پێویستی ئێستای ناوخۆی خوارووی کوردستانی کرد بە کادری ڕێکخراوەیی و داوای کرد کە چەند کەس ئامادەی گەڕانەوەیە تا هەلومەرجی گەڕانەوەیان بۆ بڕەخسێنین.

هەر ئەو کاتەش ووتی کە چوار زەمالەیان لە ڕێگەی خوێندکارانی ئەوروپا وەرگرتوە بۆ ئەوەی بیەوێ بچێ بۆ خوێندن.

ئەوکاتە دوو برامان لەگەڵ بوون ناویان ئەحمەد و مەحمود، هەردوکیان قوتابی کۆلێژی پزیشکی بوون و خوێندنیان بەجێ هێشتبوو خەڵکی کەرکوک بوون شێخ لەتیف بابەعەلی شۆڕەبایی دەرچووی دواناوەندی و منیش هەمان شێوە، بۆیە ئێمەیان دەستنیشان کردبوو لەگەڵ دوو برای تریشدا. کە لەو شەشەمان چوارمان هەڵبژێرن.

لەو دانیشتنەدا تەنیا حسێن عەلی ڕەزا کە خەڵکی کەرکوک و کوڕی عەلی ڕەزا جایەچی بوو لە ساڵی ٩٦١ دا موچەخۆری دائیرەی (تەسویە) بوو لە ڕانیە، و هەر لەو ساڵەدا هەڵبژێردرا بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی ڕانیە و پاشان لە ٩٦٣ دا گوێزرایەوە بۆ ناوچەی ماوەت و بووە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی ماوەت، هەر لەوێدا منیش ئامادەییم دەربڕی.

دوای کۆبوونەوە جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری بانگیان کردم و سەرپشکیان کردم لە هەڵبژاردنی گەڕانەوە بۆ وولات یان چاوەڕوانکردن تا بڕیاردان لەسەر ناردنی چوار کەس لەو شەش کەسە، بێ دوودڵی و بە ڕاشکاویەوە خۆم بەلای گەڕانەدا ساغ کردەوە...

ئەو هێزەی کە لە هەمەدان بوون، لەڕووی باری دەروونیەوە لە بارودۆخێکی خراپدا دەژیان، زۆر دوور بوون لە کەس و کار و دەنگوباسیان، سەربەستی و ئازادیەکی ئەوتۆیان نەبوو لە گەڕاندا ی دەبوایە بۆ چوونە ناوشار پسولەی ڕێگەدانیان وەرگرتایە، ڕێگەیان نەبوو شاران بگەڕێن، هەموو بێ دەرامەت بوون زۆربەیان کەوتبوونە فرۆشتنی سەعاتی دەستیان و ڕادیۆ و ئەنگوستیلەی دەست و ئەڵقەی پەنجە.

لەبەر ئەو بارودۆخە دەروونیە خراپە لە ڕۆژێکدا لانی کەم چوار جۆر شەڕ و پێکاهەڵپژان ڕوویدەدا.

شوێنی حەوانەوەش زۆر نالەبار بوو، بۆ نزیکەی ٤١٥ کەس تەنیا دوو شوێنی خۆشتن هەبوو کە ئەویش دەبوایە لەسەر پەرەمێز و تەباخ ئاو گەرم بکرایە، شوێنی نوستن و دانیشتن لە چوار هۆڵی گەورە پێکهاتبوو کە هەر هۆڵەی نزیکەی(١٠٠) پێشمەرگەی تیابوو لە شێوەی زیندان لەسەر تەختی دووقات دەنوستن.

هەندێ جار لە وەرسیدا شتی وا ڕووی دەدا کە هەم خەم ئامێز و هەم پێکەنیناوی بوو. بۆ ئەو هەموو هێزە یەک چێشتخانە هەبوو کە (٣١) مەنجەڵی زۆر گەورەی بەرمیل ئاسای تێ گیرابوو، سێ ژەمە خواردنەکان لەو مەنجەڵانەوە بە کەوگیر و ئەسکۆی گەورەی خاکەناز ئاسا دەکرانە مەنجەڵی بچوکترەوە، هێزەکەش هۆڵ هۆڵ ریزیان دەبەست و قاپەکانیان بەدەستەوە دەگرت و خواردنەکنیان زیندان ئاسا وەردەگرت.

ڕۆژی ٩٦٤/١٢/٩ بوو لەکاتی تێکردنی خواردنی ئێوارەدا پێشمەرگەیەک لەسەر سەکۆی چێشتخانەکەوە قاچی خزا و کەوتە ناو مەنجەڵە زۆر گەورەکەوە کە شلەی تیابوو، تا دەریانهێنایەوە گیانی سپارد.

ڕۆژێکی تر شەو درەنگ بوو نزیکەی نیوەشەو بوو پتر لە ٢٠ کەس لای عەلی عەسکەری دانیشتبوین و ئیبراهیم سەعید ناسراو بە ابلەی سەعەکەر ا کە زۆر دەنگ خۆش و قسەخۆش بوو و دەقاودەقیش لاسایی دەکردەوە، گۆرانی بۆ دەوتین، لەبەر

[illegible]

گۆرانیەکەی بڕی و بە پاڕانەوەوە داوای لە کاک عەلی کرد ڕێگەی بدات ئاشەی و لەو گەڕەکە بگۆڕێ کە نزیک بە پادگانەکەمان بوو.

کاک عەلی ووتی چۆن شەویان لێ دەگۆڕی؟ بلە ووتی ئێستا بلندگۆیەکە هەڵدەگرم و دەچمە سەریان و یەک بانگی (تلك الصلاة) ئاسایی دەدەم. کاک عەلی ڕێگەیدا، بلە چووە سەریان و بە بلندگۆکە دەستی بە بانگدان کرد.

پێشمەرگەکانیش هاتنە حەوشە و سەیری پەنجەرەی ماڵەکانی دەوروبەریان کرد زۆربەی ماڵەکان چراکانیان داگیرسا.

دەتوانم بڵێم تەنیا سوودێک کە هەندێ لە پێشمەرگەکان لەو ئاوارەبوونە دەستیان کەوت، فێربوونی زمانی فارسی بوو کە هەم لە کۆرسی خوێندن و هەم لە خەڵکی شارەکە فێربوون.

ڕۆژی ٩٦٤/١٢/١٤ کاتژمێر شەشی بەیانی زوو لەگەڵ حوسێن عەلی ڕەزادا سواری جێبێک بووین کە بۆیان هێنابووین. سەیر لەوەدا بوو کە دوو سەربازی ئێرانیشمان لەگەڵ سواربوو، پرسیمان بۆ ئەو سەربازانەمان لەگەڵدایە؟ کاک عەلی عەسکەری ووتی: ئەمان دەتوانی بێ بیانوو بتان نێرینەوە، بە دەوڵەتمان ووتوە ئەو دوانە سەر بە بارزانین و دەبێ بنێردرێنەوە.

بەڕاستی ئەو پلانە و ئەو تۆمەتە ناڕاستە هەردووکمانی لە ناخەوە هەژاند، بەڵام تازە ناچاربووین وەک گیراو بگەڕێینەوە.

ڕۆژی ١٢/١٥ گەیشتینە شاری بانە و لەوێ خراینە زیندانەوە، پاش (٥) ڕۆژ بردیانین بۆ گوندی ئەنجێنە و لەوێ لە پۆلیسخانەکە دایان نایین و دوای دوو سەعات بە دوو پۆلیسی ئێرانی بردیانینە سەر چەمی تەیەت و بەو سەرما و ئاو زۆریە زۆریان لێ کردین بپەڕینەوە ئەوبەر کە مەرزی عێراق بوو.

ئێوارەی ١٢/١٥ بە ئازادی گەیشتینە گوندی ئالۆتان و چوینە بارەگای حەمە ئەمین ئاغای باری.

ڕۆژی ٦٤/١٢/١٨ سێ پێشمەرگەمان لەگەڵ هات و لە سورکێوەوە ڕووەو شاربازێڕ و سروچک و پاشان سلێمانی ڕۆیشتین، بەشەو ڕێمان دەکرد و بەڕۆژ خۆمان دەشاردەوە، ڕۆژی ٦٤/١٢/٢١ بەرەبەیانێکی زوو و تاریکوروون گەیشتینە سلێمانی و برانە ماڵی (سالح کارگەچی).

[illegible]

هەر ئەو ڕۆژە نزیکەی نیوەڕۆ نوێنەرێکی لقی سلێمانی بە ناو (حەمە چاوشین) هاتە لامان و ئاگاداری کردین کە:

حوسێن عەلی ڕەزا وەک ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی کاردەکات، وە منیش وەک ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی. ئێوارە درەنگ حوسێن یان بردە شوێنی خۆی و شەویش منیان بردە ماڵێک لە ژێرخانێکدا جارێکی تر لەگەڵ شێخ ڕەئوف شێخ عارف کە پێش ڕۆیشتنمان لە هۆمەران لەگەڵماندا ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەزا بوو و لەناو شاردا خۆی شاردبۆوە و لەگەڵمان نەبوو بۆ ئێران یەکمان گرتەوە.

سێ مانگی تەواو بە ڕۆژ لە ژێرخانەکەی (وەستا مارف دریژی بەننا) باوکی حەمەی وەستا مارف خەریکی کار بووین و بەشەو پەیوەندیمان بە ڕێکخراوەکانی سەر بە ناوچەی قەزاوە دەکرد.

حەمەی وەستا مارف کادرێکی چالاک و نەترس بوو لێپرسراوی ڕێکخراوی وارماوا واتە (دەربەندیخان) بوو، ماڵەکەی خۆیانی تەرخان کردبوو بۆ کاری ژێرزەمینی. حەمە خوشکەزایەکی هەبوو تەمەنی لە ١٠-١٢ ساڵ پتر نەدەبوو ناوی (جەبار) بوو زۆرجار بە ڕۆژ نامەمان پەودا دەنارد بۆ ئەو شوێنانەی پێویست بوون. جەباری ئەوسای منداڵ، بوو بە یەکێ لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٦ و کادرێکی چالاکی ڕاگەیاندن و ناوبانگی بە (هاوڕێ جەبار) دەرکرد.

ئەو ڕووداوەی کە لە گەڕانەوەمان لە هەمەدانەوە بۆ وڵات زۆر کاری تێکردم و هەرگیز بیرم ناچێ، شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە بوو کە لە ئالۆتانەوە لەگەڵمان هاتبوون هەتا سلێمانی و لە گەڕانەوەیاندا لە شاخی سورکێو بەر هەرەسی بەفر کەوتن.

(بابە عەلی و بابە ڕەسول) برابوون و پێشمەرگە بوون، دوو پێشمەرگەی زۆر خۆشەویست بوون لەناو پێشمەرگەکاندا، ئازا و قسەخۆش و هێمن و لەسەرخۆ و بەڕەوشت بوون، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەبوونە هاوڕێیەکی دڵسۆز و گوڵچاو لە هەر شوێنێ بوونایە. خەڵکی گوندی دۆڵپەمووی ناوچەی سەرچک بوون و لە شێخەکانی بوون. بابە عەلی برای بچوک و لاو بوو هێشتا ژنی نەهێنابوو، بابە ڕەسول باوکی تەنیا کوڕێکی تەمەن دووساڵە بوو.

کە گەیشتمەوە سلێمانی زۆر خۆشحاڵ بووم، گەرچی ئەو کاتە لاوێکی کەم ئەزموون بەڵام پڕ لە هەستی کوردایەتی بووم، ئەو ماوەیەی هەمەدان بۆ من وەک قوتابخانەیەک وابوو، چارەی ئێران و دەوڵەتانی تری دڕگیرکەرانی کوردستانم زۆر لەلا گران ببوو، هەڵوێست و ڕەفتاری ڕژێمی ئێرانی لەگەڵماندا هێندەی تر کاری تێ کردبووم و هۆیەکی گرنگیش بوو بۆ هاندانم بۆ گەڕانەوە.

لە گەڕانەوەشمدا زۆر لەگەڵ خۆمدا دەکەوتمە بەراوردکردنی سەرکردایەتی و بارزانی، پەیوەندی مەکتەب سیاسی بە ئێرانەوە و پاشان دروستبوونی پەیوەندی نێوان مەلا مستەفا و ڕژێمی شیرانیم لە یەک تای تەرازوودا دادەنا، بەلام لەو بەراورد کردنەدا لە هەندێ ڕووەوە سەرکردایەتیم بە خاوەن حەق و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووخواز و ڕۆشنبیر و شێلگیرتر لەسەر بەدەستهێنانی مافی کورد دەزانی و بارزانیم بە ناحەق و پلان گێڕ و گیرەدەرەبەگ و بیر عەشایەر و هەڵتەکێنەری شۆڕش و پارتی دەزانی.

جاری وا هەبوو بیرم لەوە دەکردەوە واز لەکاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگانە بهێنم و ناو شۆڕش بەجێبهێڵم و بگەڕێمەوە زانکۆ و سەر خوێندن وەک زۆربەی ئەو خوێندکارانەی کە هەتا شەڕی نێوان بارزانی و سەرکردایەتی لە شۆڕشدا بوون و پاشان ڕیزی شۆڕشیان بەجێهێشت و گەڕانەوە سەر خوێندن، بەلام دیسانەوە ژیانی ژێرسایە و سێبەری ڕژێمی عێراقیم لا ستەم و سووکی بوو، پێم وابوو ئەو کارە لە کەرامەتی شۆڕشگێڕێتیم کەم دەکاتەوە.

لە ماوەی سێ مانگی کاری نهێنی و ژێرزەمینی، لە ڕێگەی ڕێکخراوی وارماوا و قەرەداغەوە توانیان پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لەگەڵ (٣) لقی پێشمەرگە لە ڕێگەی سەرلقەکانیانەوە بکەین ئەو سێ لقەش سەر بە هێزی قەرەداغ بوون و شوری مەلا مارف فەرماندەی هێز بوو، سەرلقەکان حەمەی فەرەج، تالیب مۆرباسی و حەمە مۆرباسی، ئەم دووانەیان لەناو خەڵکیدا بە عەریف تالیب و عەریف محمد ناسرابوون.

پشت ئەستوور بەو سێ لقە، لە سەرەتای مانگی ٩٦٥/٤ دا چووینە گوندی قلیجە و لەوێ بارەگای لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانیمان دانا، بەلام بە نهێنی و بە ئاوی کەسوکاری سەعید والی بەگ و مستەفا والی بەگ و عەزیز والی بەگ ڕاکردوی دەستی ڕژێم. لەو ماوەیەدا ڕەئوف بەگی مستەفا بەگ زۆر هاوکاری کردین و

مەحمودی عەزیز بەگیش ئەندامی ڕێکخراوی وارماوە بوو، وە عوسمانی سەعید بەگ و ئەنوەری سەعید بەگیش هاوکاری زۆریان کردین.
کورد هەرگیز لەلایەن داگیرکەرانەوە نەشکێنراوە، لە ناوخۆدا کلۆریوە
هەندێ لە دەستکەوتەکانی جەماوەر دوای دەرپەڕاندنی سەرکردایەتی
یا هەندێ لە دیاردە دزێو و نەفرەتلێکراوەکانی ئەو بۆشاییە سیاسیە
یا تێکدان و شێواندنی بەها بەرز و پیرۆزەکانی کوردایەتی لەلایەن بارزانیەوە
زۆر بە پێویستی دەزانم بەر لە کۆتایی هێنان بەم بڕگەیە، ئاماژە بۆ چەند سەرەتایەک بکەم کە بە ڕاستی لە بەشە رەشەکەی مێژووی خەباتی کورددا بە دەستکەوتەکانی جەماوەر دەژمێردرێن دوای دەرپەڕاندنی سەرکردایەتی کە مەلا مستەفای پێی بەخشین، وە لە لایەکی تریشەوە بەو دیاردە دزێو و نەفرەتلێکراوانەی مێژوویی خەباتی گەلی کورد دادەنرێ کە بووە هۆی شێواندن و تێکدان و لەکەدارکردنی گەوهەری پیرۆزی کوردایەتی هەر لەو کاتەوە لەو ساڵەوە واتە ساڵی (١٩٦٤) تاکو ئێستای نووسینی ئەم کتێبە (١٩٩٧) رەنگە تا ئاییندەیەکی دووریش.
١-پەنابردنە بەر دوژمن بۆ لابەلاکردنی ململانێی ناوخۆ، یەکەم دەستکەوت بوو کە هەر لەو کاتەوە بە میرات بۆ نەوەکانی داهاتووش مایەوە و بووە نەریتی کارپێکراو و لە هەمان کاتیشدا زاراوەیەکی سیاسی لە فەرهەنگی سیاسی کورددا، ((جێبەجێ کردنی مەبەست پاساوی گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک دەداتەوە)).
ملکەچکردنی بارزانی بۆ فەرمانی حاجی عبدالسلام بڕیاری فڕێدانی چەک و گەڕانەوەی سەر پیشەی (پیرۆزی سەربەرزانەی) پێشووی خەڵک لە ڕووە ئاشکراکەیەوە بەڵام لە ڕووە نهێنیەکەیەوە خۆبەهێزکردن و پلان گێڕان و عەشایەر هاندان دژی سەرکردایەتی.
پەنابردنی بارزانی بۆ بەر ڕژێمی عێراقی عبدالسلام بۆ یارمەتیدانی لە لابەلاکردنی ململانێی ناو دەرووتی ئەو حیزبەی کە خۆی سەرۆکی بوو، بووە هۆی حەلال کردنی سیاسەتی پشت بە دوژمن بەستن بۆ لابەلاکردنی کێشەی ناوخۆی گەل.
لەو کاتەوە کە لە لایەن بارزانیەوە ئالای هێرشبردن (و پەلاماردانی ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندام و کادر و پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئەیلول بەرز کرایەوە، لەو کاتەوە کە خواستەکانی جەماوەر و شۆڕش وە یەکیەتی ریزەکانی گەل و پارتی، کرایە قوربانی جێبەجێکردنی ئاواتێکی هەڵقوڵاوی ناو

دەروونێکی پڕ لە ڕق و کینەی خێڵەکی ئامێز و بیر و هۆشێکی ووشکی دواکەوتووی دەر لە لۆجیک.

لەو کاتەوە کە بە زیلی سوپای عێراقی داگیرکەر و بە یارمەتی چەک و تەقەمەنی و ئازووقەی موشیر عبدالسلام عارف پەلاماری بنکە و بارەگاکانی شۆڕشی ئەیلول و ئەندام و کادر و ڕێکخراوەکانی پارتی درا کە تا ئەو ڕۆژە پشت و پەنا و فەرمان جێبەجێکەری سەرۆکی پارتەکە بوون.

لەو ڕۆژەوە بارزانی مستەفای سەرۆکی کورد و شێرپیاوی مەیدانی شۆڕش، ئاوێکی وای ڕژاند کە هەتا ئێستا و لەسەودوای پەیڕەوانی (ئراسی بارزانی) و ئەنانەت دژەکانیشی پێی لێ بخەن و بگرە پێشبینی بکەونەوە، واتە گرتنەبەری سیاسەتی حەلالکردنی بەکرێگیراوی و جاشایەتی (ئیقلیمی).

سەرکردایەتی پارتیش (بیردۆز و سیاسەتمەدارانی ئەوسای کورد و ڕابەر و سەرکردەی شۆڕش و پارتی) لەباتی ئەوەی لە سەرەتای دروستبوونی کێشەی نێوانیان و مەلا مستەفا بە گیانی هەست و لێپرسراوی و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەل و شۆڕش و بە ئەنگەوەهاتنی پارتی و هەڵسەنگاندنی ئاسکی و گرنگی هەلومەرجەکانی ئەوکات و بەرگری لە یەکیەتی ڕیزەکانی گەل، ڕووبەڕووی ئەو ناکۆکی و کێشەیە ببنەوە، لەباتی ئەوەی پەنا بەرنە بەر قایلبوون بە بایسالاری مەلا مستەفا نەک لەبەر مەلا مستەفا بەڵکە لەبەر ئاسکی باروودۆخەکە و مێژوویی هەلومەرجەکە.

پەنایان بردە بەر پەیوەندی بە ئێران و خۆتەسلیم کردن بە ئێران، هەستی خۆ بەزل زانی و گیانی بەربەرەکانیان لە چارەسەری کێشەکاندا بەسەر لۆجیک و هەستی نەتەوایەتیدا زاڵ بوو. ئەمانیش هەمان نەریتە نەفرەتلێکراوەکەی مەلا مستەفایان گرتەبەر لە لایەلاکردنەوەی کێشەکەدا، ئەمانیش هەمان سیاسەتی حەلالکردنی گرێدراوی داگیرکریان گرتەبەر.

ئەو نەریتە ڕەشە پڕ تاوانە یەکەم بەرهەمی سەرهەڵدانی دووبەرەکی ناو شۆڕش و ڕیزەکانی گەل بوو لە خوارووی کوردستاندا.

٢-بەرهەمی دووەمی بۆشایی سیاسی دروستبووی شەڕی ناوخۆ بریتی بوو لە پێکهێنانی چەندین باندی دژەگەلی لەلایەن مەلا مستەفاوە بەناوی (پێشمەرگەی ناوشارەکان و لیژنەی پ.م ناوشار).

کاتی ماسی و بیتواتە دوو نموونەی زیندووی ئەو باندانە و ڕەفتار و ڕەوشتیانن. ئەم باندانە لە شاری سلێمانی و لە شاری ڕانیە و شارۆچکەی چوارقوڕنە و شاری قەلادزە کەوتبوونە چالاکی نواندن.

چالاکییەکانیان بریتی بوو لە پەلاماردانی ئەو کەسانەی کە پارتی بوون و گومانیان لێ دەکرا کە لایەنگری سەرکردایەتی بن. دوای گرتن دەبرانە بەردەم لیژنەی ناوبراو کە لە جێگەی سەرۆک و سەرکردایەتی و لق و ناوچە و دادگاکانیش کاریان دەکرد و سزای جۆراوجۆریان بەسەر گیراوەکاندا دەدا، لێدان و ئەندامی لەش، شکاندن، ئەندامی لەش سووتاندن، لە هاویندا نوقوم کردنیان لەناو بەرمیلی ئاوی گەرم و لە زستاندا لەناو بەرمیلی سەهۆڵاو، کوشتن و سەرنگوم کردنیان.

* پشکنین و پەلاماردانی ئەو ماڵانەی کە ئافرەتی جوانی تیا بووایە و بیانویستایە داگیریکەن بە بیانووی ئەوەی لایەنگری سەرکردایەتین و پاشان زەوتکردنی ئەو ئافرەتانە.

* سووکایەتی کردن بەو لاوانەی کە قژیان درێژ بووایە و قاتی چاکەت و پانتۆڵیان لەبەرکردایە بە تایبەتی لە سلێمانی، دەبرانە کانی ماسی و سەر و بڕۆیان دەتاشین و جلەکانیان بزیاغ دەکردن و پاش ئەشکەنجە و لێدانێکی زۆر بەریان دەدان.

* پەلاماردانی ماڵ و دوکانی کەسانی دەوڵەمەند و ڕاووڕووت کردنیان و دانانی سەرانەی مانگانە لەسەریان.

* داگیرکردنی مەڕومالاتی ئەو کەسانەی لە ناوچەی ڕانیە و چوارقوڕنە و سەنگەسەر شکی لایەنگری یان سۆزێکی بۆ سەرکردایەتی هەبوایە.

کارگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە دانیشتواتی شاری سلێمانی لە سەردەمی کانی ماسیدا لە کۆتایی ١٩٦٤ و هەموو ساڵی ١٩٦٥ دا لە هەمان کەش و هەوای تۆقین و ترس و سەرکوتکردنی سەردەمی بەعسیەکانی ١٩٦٣ و زەعیم سدیقی خوێنڕێژدا بژین.

وەک چۆن بەدرەدین عەلی لە هەولێر و زەعیم سدیق لە سلێماتی بەهێزترین ئامێری دەستی بەعسیان بوون بۆ تۆقاندن و کوشتن و بڕین و سەرکوتکردنی خەڵکی، بەهەمان شێوەش باندەکانی کانی ماسی و بیتواتە دزێوترین ئامێری دەستی دەسەلاتدا بۆ تالانکردن و ڕاووڕووتکردن و تۆقاندن و کوشتن و سەرکوتکردنی خەڵکی لە سلێمانی و ڕانیە و چوارقوڕنە و قەلادزە.

حەسۆ میرخان ژاژۆکی لە قەلادزە و سەنگەسەر، عەلی شەعبان لە بێتواتە و ڕانیە و چوارقوڕنە میرنشینیەکی سەربەخۆ و بێ لێپیچانەوەیان دروست کردبوو.

دوکان و خانوویان بە ڕیز و گەڕەک داگیر دەکرد و تاپۆیان دەخستە سەر خۆیان بە مێگەل مەڕومالاتیان زەوت دەکرد و چەکدارەکانیان دەکردنە شوانکارەی مێگەلەکانیان.

دووجار جەماوەریان لێ ڕاپەڕی، جارێک لە سلێمانی کە چەند پیاوماقوڵێکیان نارده لای مەلا مستەفا بۆ سکالا کردن لەدەست باندەکانی کاکی ماسی، مەلا مستەفا ناردی بەدوای هەندێکیاندا و پێی وتبوون: امن بەیانێکتان لەسەر دەدەکەم کە ئاگاداری ئەو ڕەفتارانەی ئێوە نیم و بەناو لە پێشمەرگایەتی دەرتان دەکەم، بەلام نە دەرتان دەکەم و نە سزاشتان دەدەم و کەسیش ناتوانێ سزاتان بدات).

دوای گەڕانەوەی وەفدی شاری سلێمانی مەلا مستەفا بەیانێکی دەرکرد و ڕایگەیاند کە ئاگاداری ئەو ڕەفتارانە نیە و لە بەیانەکەدا عوسەی ئامە، سالە سیک و حسەی فارس لە پێشمەرگایەتی دەرکران.

بەلام هەریەک، لەمانە کە پێشتر فەرماندەی باندێکی مەفرەزەیەک بوون دوای کەمتر لە دە ڕۆژ کران بە سەرلق و هەرە بەدناوەکەیان کە حەمە ڕەشی ئەحەشانە بوو بڕایە بارەگی بارزانی و کرایە سەرپەرشتکاری یەکێ لە بارەگاکانی بارزانی.

ئەو سێ کەسە سزادراوەکەش لە جاران توندوتیژتر کەوتنە نواندنی ڕەفتاری نامرۆڤانە لەگەل دانیشتوان و لە هەموو شوێنێک و لە هەموو بۆنەیەکدا دەیانووت کە لە کوردا کەس بە مەسئول و پیاو نازانن جگە لە بارزانی و تەنیا فەرمانیش لە بارزانی وەردەگرن.

جاری دووهەم لە قەلادزە و سەنگەسەر و ڕانیە و چوارقوڕنە بوو، چەند کەسێکی ناودار چوونە لای بارزانی و سکالای خۆیان لە دەست حەسۆ میرخان و عەلی شەعبان لای مەلا مستەفا کرد.

وەلامی مەلا مستەفا ئەوەبوو: ائەم دووانە لەبەرئەوەی گیرفان و چاوی ئەماعیان پڕبووە لەمەودوا کەمترتان دەڕوتێننەوە، گەر ئەمانە لابەرم و دووانی تر دانێم لەبەر چاو برسێتیان و هەولی بەپەلە دەوڵەمەند بوونیان هەر بەجارێ دەتانڕوتێننەوە، بۆیە مانەوەی ئەمانە باشترە لەک دووانی تر دانێم!.

٣-گ ر:- بەری ڕێگای کوشتنی سیاسی.

بۆ یەکەم جار لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا ڕێگای کوشتن گیرایە بەر بۆ لەناوبردن و لابەلاکردنی کێشەی سیاسی، و ئەم ڕێچکەیەش بووە نەریت و ڕەوتی ململانێی سیاسی ناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسیە نەیارەکان بە یەکتری.

دوای ڕۆیشتنی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران و ئەمانی بەربەرەکانی سەرکردایەتی، مەلا مستەفا مەیدانەکەی بۆ چۆڵ بوو، کە دانانی کۆمەڵێ دامودەزگای کارتۆنی هەم پیشاندانی قەبەبوونی شۆڕش و هەم دەستبەسەرا گرتنی هەموو دەسەڵاتەکان، وەک (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی (المجلس التنفيذي) و پاشان دەزگای پاراستن، و دەزگای کاروباری پێشمەرگانە (الكتب العسكري)، ئەم دوو دەزگایەی دوایی گرنگترین بەشی شۆڕش بوون).

دوای ئەوە کەوتە گرتن و کوشتنی ئەو کادر و ئەندامە سیاسیانەی سەر بە مەکتەبی سیاسی کە مەترسی لێ دەکردن و لەبەئەوە لە هەر شارێ بێ شوێنێ کەسێکی ناسراو و خۆشەویست لەناو جەماوەر و چالاکی سەر بە سەرکردایەتی هەست پێبکردایە، یا خەڵکی دەنارد بۆ کوشتنیان، یان بەشەو دەیانفڕاندن و سەرنگوم دەکران، یان دەگیران و لە زینداندا دەیانکوشتن.

لەوانەی کە لەناو شارەکاندا کوژران.

ئەحمەد عبداللەی ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی ڕێکخستنی ناوچەی بادینان، ئەحمەد ڕەشواتی ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەولێر هەردووکیان لەناو شاری هەولێردا کوژران.

خالید حاجی قەرەج ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە، لەناو شاری هەڵەبجە کوژرا.

لەوانەش کە شەو فڕێندران و پاشان سەرنگوم کران و دوای چەندین مانگ لاشەکانیان دۆزرایەوە:

مەلا فاتیح مەلا حامیدی عەسکەری لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی ڕانیە، عەباس میرزا ڕۆستەمی ئەندامی لیژنەی ناوچەی ڕانیە ولێپرسراوی ڕێکخراوی جەلەکان و ئەمیر میرزا ڕۆستەمی ئەندامی لیژنەی ناوچەی ڕانیە و لێپرسراوی ڕێکخراوی چوارقورنە.

لەوانەش کە گیران و خرانە زیندانەکانی مەلا مستەفاوە و بێ دادگایی لە زیندانەکەدا کوژران: عەلی حەمدی ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی سلێمانی، مەحمود حاجی تۆفیق ئەندامی لقی سلێمانی، عوسمان عوزێری نووسەر و شاعیر و گۆیەندەیەکی بەکار و لێهاتووی ئێزگەی کوردستان و عەریف مەجید شوانی فەرماندەی لقی پێشمەرگە و پێشمەرگەی سەرەتایی شۆڕشی ئەیلول.

ئەمانە و سەدانی تر لەو ماوەیەدا لە کادر و ئەندامانی پارتی سەر بە سەرکردایەتی تووشی گرتن و ڕاونان و تۆقاندن بوون بەدەست کاربەدەستانی مەلا مستەفاوە.

ئەم دیاردەیە کە بەرهەمی ئەو بارودۆخە بوو بووە نەریتێکی سیاسی و سەرەتایەکی کارلەسەرکراو لە بەلاداخستنی ململانێی سیاسیدا لەلایەن مەلا مستەفا و دوای ئەویش بنەماڵەکەی. باشترین نموونەش گرتن و کوشتنی عەلی عەسکەری و حسین بابەشێخ و د. خالید سەعید و چەندانی تر لە کارەساتی هەکاریدا، و پاشان گرتن و کوشتنی حەسەن کوێستانی و ڕێباز لە ساڵی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ دا.

بۆ بیر و بۆچوون و لێکدانەوەی خێڵەکی بارزانی، کوشتن و لەناوبردنی دژەکانی خۆی جا چ دوژمنایەتی عەشایەری یان سیاسی بووبێ لەگەڵیاندا، کارێکی ڕەوا و حەڵاڵ و جوامێری و شەرەفمەندی بووە تەنانەت گەر هەندێ جار لە بنەماڵە و نزیکەکانی خۆشیان بووبێ. کوشتنی ئەحمەد ئاغای زێباری، سدیق میران میری خۆشناو کە بەهۆی دوژمنایەتی عەشایەرییەوە کوشتنی.

عەقید کافی ئەبەوی کە بەهۆی ناکۆکی ناو بنەماڵەکەیەوە کوشتی.

کاتی خۆشی لە سییەکاندا شێخ سلێمانی خالی کوشت بەهۆی زۆر نزیکییەوە لە شێخ ئەحمەدی برای.

کوشتنی مارگرێت کە یەکەم پێشمەرگەی ئافرەت بوو.

تەقەلێکردنی ناهیدەی شێخ سەلام (ژنی نوری شاوەیسی ئەندامی سەرکردایەتی و دایکی ڕۆژی نوری شاوەیسی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی) و هەوڵدان بۆکوشتنی عوبەیدوڵای کوڕی خۆی لەسەر هێنانی ئافرەتێکی بریتانی (مرضة) ئەمانەشی گوایە لەسەر ڕەوشت کرد.

٤-بەکارهێنانی ووشە و ڕستەی نەشیاو و نابەجێ و ناوونــاتۆرەی داتاشراو لە ململانێی سیاسیدا، چ لەکاتی دانیشتن و گفتوگۆ چ لە نووسیندا. دوای گەیشتنی

دووبەرەکی نێوان مەلا مستەفا و سەرکردایەتی بە توندترین پلەی و سەنگەرگرتن و شەڕی یەکتری، سوکایەتی بە یەکترکردن لە ناوونـاتورە ناشرین لەیـەکتـان بـووە بەرهەمێکی تری ئەو بارودۆخە و پاشان ئەریتێکی سیاسی چەسپاو لە بەربـەرەکانی ڕاگەیاندندا.

نازنـاوی (جەلق و بلق، موشیر بارزانی، جاشـەکانی ئـێران، جاشـەکانی حـاجی موشیر، پاشـان جەلالی، مـەلایی، جاشی شەستوشـەش، مـەلا چۆمبی) ئەمانـە بوونـە زارەوەی سیاسی و لە ئێزگەی ڕادیۆ و لە بەیان و بلاوکـراوە و لـە نـاو خـەلکدا بەکاردەهێنران. مـەلا مستەفا لەناو خەلکدا لە دانیشتن و گفتوگۆدا جنێوی زۆر ناشرینی بەکاردەهێنا و ڕقی لە هەرکـەس بووایە بە جنێـودان بـە خـۆی و دایکی و خوشکی و ژنیدا دەچووە خوارەوە.

لە خەلکە نزیک و لەپێشەکان لەلای مـەلا مستەفا کە ڕۆلی گرنگیان هـەبوو لە دارشتنی ڕستەی نەشیاو و جنێونـامێز و داتاشینی ناوونـاتورەی سـووک، هـەژاری شاعر، عبداللە ئیسحاقی سـەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شێخ محمد هەرسین و سەعید ناکام لە هەرە ماندەرەکانیان بوون.

عبداللە ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) مـانگ نامەیەکی دەردەکرد بـەنـاوی (دیسـان بارزانی) هەموو بریتی بوو لە پیاهەلگوتنی مەلا مستەفا و داتاشینی چەندین درۆی شاخ و باڵدار و ڕاستگەڕاندنی تا ڕاددەی ئەفسانەیی.

هەژاری موکریانی شاعیر، بوو بووە شایەری دەرباری بارزانی و داهێنەری ناو و نازنـاوی لـە سـنووربەدەر بـۆ شـان و شـەوکەتی بـارزانی و لەلایـەکی تریشـەوە داهێنەری بێتامترین و سـووکترین ووشـە و ڕستەی نەشیاو بۆ سـەرکردایەتی. ئـەم پیاوەش دەستێکی بالای لە نووسینی ناو (خەبات) ئۆرگانی پارتیدا هەبوو.

ئەوانە هەرچواریان کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستانی بەزۆر بە ئێرانـەوە بەسترا و بوون، و ئەندام یان لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

مـەلا مسـتەفا لای ئەوانـە وای دەرخسـتبوو کـە سـەرکردایەتی تێکـدەر و بـەکرێگیراوی ئێرانن، خۆشـی وا نیشـاندەدا کـە شێرەپیاوی کۆمـاری مهابـاد و پارمەتیدەر و پشتیوانی کوردەکانی ڕۆژهەلاتە و هاوکار و سەرکردەی دیموکراتی ئێرانیشە، ئەو جۆرە کەسانە جگە لـەوەی کـە لـە خـوارووی کوردسـتاندا هیـچ کەسوکارێکیان نەبوو لە شەڕ و پێکدادانەکاندا لەناو بچن، خۆشیان جگە لـە مـەلا مسـتەفا پشت و پەنایەکیان نەبوو بەو جۆرە لەبەریا بحەسێنەوە، زۆریشیان هیوا بەوە بـوو

که رۆژێ لە رۆژان مەلا مستەفا سەپەرشتی و هاوکاری و فەرماندەییان بکات لە خەباتدا لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، بەلام رۆژگار تەواو پێچەوانەی ئەو هیوایەی ئەوانی سەلماند.

٤- پەیوەندی نێوان مەلا مستەفا و ئێران

مەلا مستەفا و ئیسرائیل و ئەمەریکا

دوای دەربازاندنی سەرکردایەتی، مەلا مستەفا دەستی ئاوالا بوو بۆ هەر کارێ پەیوەی بیکات بێ بەرهەلست، و مەترسیشی لە بوونی سەرکردایەتی لە ئێران دەکرد، کەوتە تەقەلای دروستکردنی پەیوەندی و عبدالوهاب ئەترووشی بۆ ئەو کارە تەخانکرد.

لەلای رژێمی ئێرانیش، بەبەر کەم تواناییی و دووری سەرکردایەتی لە خوارووی کوردستان و بێ هیوابوونیان بە سەرکردایەتی، وە دەسەلاتداری مەلا مستەفا لە مەیدانەکەدا ئارەزووی دروستکردنی پەیوەندیان بە مەلا مستەفاوە دەکرد.

هەر لە مانگی ١٠/٩٦٤ وە ئەلقەی پەیوەندی نێوان ئێران و مەلا مستەفا پێکهات، لای مەلا مستەفاوە عبدالوهاب ئەترووشی و لای ئێرانیشەوە ئیسمار پاکرەوان، لەسەرەتاوە پاش ماوەیەکی کەم شەمسەدین موفتی بوو بە نوێنەری مەلا مستەفا لە تاران بە نهێنی.

یەکەم بەرهەمی ئەو پەیوەندیە لە مانگی ١/٩٦٥ دا بوو کە ژمارەیەک چەک و هەندێ تۆپ لە رێگەی ایرکار ئەقدەم (ی ساواکی ئێرانەوە درا بە مەلا مستەفا بە رێگەی عبدالوهاب، ئێران هیوایەکی زۆری بە مەلا مستەفا بوو کە بتوانێ باری ئارامی و ئاسایشی عیراقی بۆ بشێوێنێ وە پێی وابوو کلیلی شەڕ و ئاشتی لە دەستیدایە.

مەلا مستەفاش کە هەردوو سنووری عیراق-تورکیا و عیراق-سوریای لێ گیرابوو و لە ژێر دەسەلات و کۆنترۆلی رژێمی عیراقیدا بوون و لەکاتی شەڕیشدا مەلا مستەفا نەیدەتوانی کۆنترۆلی کات، زۆر پێویستی بە ئێران بوو وەک قولاییەکی ستراتیجی بۆ خۆی، دیسانەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی سەرکردایەتی پێویستی بە پارمەتی چەک و تەقەمەنی ئێرانی بوو.

لەلایەکی تریشەوە مەلا مستەفا دەیزانی کە ئێران ئەوی بۆ دوو مەبەست دەوێ: یەکەم: بۆ شەڕ لەگەل عیراق

دووهەم: بۆ سەرکوتکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نەهێشتنی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

مەلا مستەفا پاش ئەوەی سەرانی حیزبی دیموکراتی بەکارهێنا بۆ لێدانی سەرکردایەتی و کۆسپی سەرکردایەتی لەبەردەمدا ئەخت بوو، ئیتر پێویستیەکی بەوان نەما و خستینیە ژێر گوشارێکی گەورەی خۆیەوە وەک هەنگاوی یەکەم بۆ دڵنیاکردنی ئێران.

مەلا مستەفا هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە بیروڕای وابوو کە تەنیا هۆی سەرکەوتنی بریتیە لە یارمەتی و پشتیوانی دەوڵەتانی دەرەوە، بەتایبەتی ئەمریکا یا سۆڤیەت و پاشان ئێران، ئیسرائیل و تورکیا، بۆیە هەر لە ساڵی ۱۹۶۲ وە هەوڵی دەدا لە رێگەی ئەو رۆژنامەنووسانەی ئەمریکی کە سەردانیان دەکرد پەیامی ئارەزووی پەیوەندی خۆی بە ئەمەریکا رابگەیەنن، وە لە ساڵی ۱۹۶۳ دا کە ئیبراهیم ئەحمەد سەردانی ئەورووپای کرد، لە فەرەنسا سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلی کردبوو و قسەیان لەسەر دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ کردبوو.

پاش دەرپەڕاندنی سەرکردایەتی و نەمانی رۆڵی ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا مستەفا ئەو سەردەوەی قۆزتەوە و لە ساڵی ۱۹٦٤ دا پەیوەندی لەگەڵ کردن و لە ساڵی ۱۹٦٥ دا نوێنەرانی ئیسرائیل چوونەلای مەلا مستەفا و لەو ساڵە بەدواوە هەمیشە نوێنەری ئیسرائیل لە بارەگای بارزانیدا هەبوو.

سەبارەت بە گەشەکردنی پەیوەندی مەلا مستەفا بە ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل لە بابەت و بەشەکانی داهاتوودا تیشکیان دەخەمە سەر.

## ٤-شەڕفرۆشتنی رژێمی عیراقی

### ٤-١ هەڵگیرسانەوەی شەڕ

رژێمی عیراقی، دوای دەرپەڕاندنی سەرکردایەتی و لێدان و پەرەوازەکردنی بنکە و بارەگاکانی رێکخراوەیی و پێشمەرگە لەلایەن بارزانیەوە، گەیشتبووە ئەو بیروڕایەی کە هێز و دەسەڵاتی بارزانی لە ناوچەکانی سۆراندا تووشی لاوازی بووە و جەماوەری کورد وەک پێشوو لایەنگری ناکەن، وە لەوەش گەیشتبوو کە بارزانی پەیوەندی لەگەڵ ئێران پەیدا کردوە، مەترسی زۆر لەوە هەبوو بارزانی لە ناوچەی

سنوراندا کەلێنی سەرکردایەتی بە یارمەتییەکانی ڕژێمی ئێرانی پڕکاتەوە، بۆیە لەڕووی سوپایی و سیاسی و دیبلۆماسییەوە کەوتبووە کێشانی نەخشەی لێدانی شۆڕش و بارزانی.

ڕژێمی عێراقی لە ناوەڕاستی مانگی ٩٦٤/١٢ وە کەوتبووە بیانووگرتن و شەڕ فرۆشتن، دەمێک دەکەوتە گرتن و ئازاردانی خەڵکی لە شار و شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەبانووی ئاژاوەچێتی، وە دەمێکیش هێنان و بردن و مۆڵداتی سوپا لە ناوچە ڕزگارکروەکاندا.

لە کۆتایی مانگی ٩٦٤/١٢ دا لە دوو قۆڵەوە کەوتە لەشکرکێشی بەرەو چەمچەماڵ و دەربەندیخان، لە هەردوو قۆڵەوە بەرەنگاری بەرهەڵستی پێشمەرگە بۆوە. ئەو لەشکرکێشیەی بە مەبەستی دابڕینی گرمیانی کەرکوک و ناوچەی کەلار و کفری کرد لە دەسەڵاتی شۆڕش.

لەدوای مانگی ٩٦٥/١ وە پەیوەندی نێوان عوشیر و بارزانی بەرەو ئێکترازان و ئاڵۆزی ڕۆیشت، وردە شەڕ و لێدان لە چەندین ناوچەدا ڕوویدا.

عبدالسلام عارف کەوتبووە پاشگەزبوونەوە و پەشیمانبوونەوە لەو بەڵێنە ئاشکرایانەی کە بە بارزانی دابوو، واتە لە جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەی کە لە پەیانەکەیدا ئاماژەی بۆ کردبوون. وە ئەو بەڵێنە نهێنیەش کە لە کاتی گفتوگۆدا بە بارزانی دابوو و دوای سەرهەڵدانی تێکچوونی نێوانیان لەلایەن مەلامستەفاوە ئاشکرا کرا کە بریتی بوو لە (پێکهێنانی سوپایەکی (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار کەسی لەو چەکدارانەی مەلامستەفا دەستنیشانیان دەکا بەناوی (هێزی دەرەک) بۆ پاراستنی سنووری عێراق لە ڕۆژهەلات و ژووروی عێراقدا) لەوەش پاشگەز بۆوە.

وەزیری ناوخۆی عێراقی (عبدالحمید سوبحی) لە لێدوانێکی ڕۆژنامەییدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (المحرر)ی لوبنانی، کە ڕۆژی ٩٦٥/١/٢٥ لە ڕادیۆی بەیروتدا بلاوکریەوە، ڕایگیاند کە حکومەتی عێراق هەرگیز ئامادەی پێکهێنانی سوپایەکی کوردی بەناوی هێزی دەرەک نیە، وە دەبێ هەموو چەکدارەکانی کورد چەکەکانیان و هەموو کەلوپەلێکی شەڕ و تەقەمەنی و بێ سیم و ئێزگەکەیان تەسلیم بە حکومەت بکەنەوە لەو ماوەیەی کە بۆیان دیاریکراوە.

ڕژێمی عێراقی سوودێکی زۆری لە ماوەی ڕاگرتنی شەڕ و وتووێژدا وەرگرت بۆ خۆقایمکردن و ڕێکخستن و ئەیارکردنەوەی سوپاکەی، وە هەر لەو ماوەیەشدا توانی بێ بەرگری و بێ زیان بگەڕێتەوە هەنێ ناوچەی ئازادکراو. سوپاکەشی لەناو

شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و ئوردوگاکانی سەربازی سەر ڕێگاکانی نێوان ئەو شارانەشی توندتر و زۆرتر و قایمتر و تەیارتر کرد.

لەڕووی سیاسی و دبلۆماسیەوە ڕژێم کەوتە هەنگاونان بۆ ڕاکێشانی ڕای عەرەبی و وڵاتانی تر بەلای خۆیدا و تاوانبارکردنی مەلامستەفا بە شەڕخواز و بەکرێگیراو.

لە مانگی ٩٦٥/٢ دا وەفدێکی عێراقی چوو بۆ سۆڤیەت بە لێپرسراویەتی (فوئاد الرکابی) و لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتیدا تاووتوێی باری ناوخۆی عێراقیان کردبوو لەگەڵ کێشەی کورددا، پتر باسی ئایندەی کوردستان و عێراق و ئەو مەترسیە گەورەیەیان کردوە کە گوایە بەهۆی پەیوەندی بارزانیەوە بە ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە چاوەڕوان دەکرێ.

فوئاد الرکابی لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (الکاتب المصري) ژمارە -٥- مایسی/١٩٦٥ دا دەڵێ: (سەرانی سۆڤیەتیش هاودەنگ بوون لەگەڵمان لەسەر پەیوەندی بارزانی بە ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە و کارتێکەریان لە بارزانی بۆ شەڕ هەڵگیرسانەوە).

هەر لە هەمان گۆڤار و ژمارەدا (ئەدیب الجادر) ئەندامی وەفدەکە دەڵێ: (سۆڤیەت ڕای وایە ئەگەر لەوە زیاتر ماف بدەین بە کوردەکانی عێراق، دەبێتە هۆی هاندانی کوردەکانی ئێران و تورکیا بۆ ڕاپەڕین).

تەقەلای دبلۆماسی عێراقی جگە لەوەی بۆ ڕاکێشانی بیروڕای دەرەوە بوو بە قازانجی خۆیان لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پشتیوانی پەیداکردن، لەلایەکی تریشەوە بە مەبەستی دەربازکردنی عێراقیش بوو لە هاوکاری دەوڵەتە عەرەبیەکان و فەلەستین لە دروستبوونی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا، بە بیانووی شەڕی ناوخۆی عێراقەوە.

عێراق هەوڵی زۆری دەدا کە لە ڕێگەی دبلۆماسیەوە وڵاتانی عەرەبی و سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات وا تێبگەیەنێ کە:

١-کورد و شۆڕشەکەی و مەلامستەفا بە پیلانی ئێران و ئیسرائیل و ئەمەریکا بەرپرسیارن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ عێراقدا، بۆ ئەوەی سوپای عێراقی سەرقاڵ و جەنجەڵ بکەن و دایبڕن لە هاوکاریکردنی عەرەبی و فەلەستینی.

٢-لەو ڕێگە ڕێلانەوە کاری بکەن شەڕ هەڵگیرسێنەوە تا ئەوە بکەنە بیانووی خۆدزینەوە لە هاوکاری فەلەستین، بەتایبەتی ئەو کاتە ڕژێمەکەی موشیر عارف لە قەیرانێکی سیاسی و ئابووری سەختدا دەژیا و مەترسی لە ڕووخانی خۆی هەبوو لەکاتی شەڕدا لەگەڵ ئیسرائیل. بەڵگەی ڕاستی خاڵی دووەمیش ئەو سەردانانەن کە وەفدی عیراقی لە مانگی ٩٦٥/٤ دا کردیان بۆ میسر و جەزائیر.

سەردانی یەکەم بۆ میسر بوو، وەفدی عیراقی پێکهاتبوو لە (عبدالکریم فرحان، هاشم علي، أدیب الجادر، فؤاد الرکابي، عبدالعزیز الدوري و عبداللطیف الکمالي) لەگەڵ وەفدی میسریدا کۆبوونەوە کە پێکهاتبوو لە (کمال رفعت، حسین خلاف، فتحي الدویب، حکمت أبوزید، لطفي الخولي، إبراهیم سعدالدین، ...). هەردوو ئەندامانی وەفدەکە لەسەر مەسەلەی کورد ڕایان وابوو کە چارەسەری کێشەی کورد، لەوەی عبدالسلام هەنگاوی بۆ ناوە پتر ناکرێ، جگە لە (لطفي الخولي) کە داوای گرتنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی عەرەبی وکوردی لە وەفدی عێراق کرد بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی میسری.

لە کۆبوونەوەی نێوان میسر و جەزائیریشدا، نوێنەرێکی جەزائیری بەناوی (حسین زەهوان) کە سەرۆک وەفدی جەزائیر بوو، وتبووی: (عێراق باشتر وابوو کە سەنگەری بەرامبەر ئیسرائیل چۆڵ نەکردایە و سوپاکەی نەکێشایەتەوە بۆ هێرش بردنە سەر کوردەکان؟).

ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەو هەنگاوە سیاسی و دبلۆماسیانە بوون کە ڕژێمەکەی موشیر عارف دەینا بۆ ڕەوایی کردنی ئەو هێرش و پەلامارەی دەیکردە سەر کوردستان.

مەلامستەفاش دوای بەکارهێنانی هەلومەرجی ڕاگرتنی شەڕ و بەدەستهێنانی پاڵپشتی حکومەتی عێراقی بۆ لێدانی سەرکردایەتی و یەکلایی کردنەوەی کێشەی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتیدا بە دەرپەڕاندنیان لە کوردستان و دەستوالابوونی بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانی خۆی لە سەپاندنی دەسەڵاتی بێ چەندوچوونی و بێ بەرگری لێکردن بەسەر شۆڕش و سەرکردایەتی نوێی داتاشراوی پارتی و هەموو هێزی چەکداردا، وە دوای بەستنی پەیوەندی بە ڕژێمی ئێرانی و گرتنەدەستی سەرەداوی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە، هیچ پێویستی بە ئاشتی و درێژەدانی ڕاگرتنی شەڕی نەما. بۆیە کەوتە بڕوبیانوو گرتن بە ڕژێمی عێراقی، بۆ نموونە،

ا-کاتی خۆی کە لەگەڵ موشیر عارفدا ڕێککەوت و بەو چەند خاڵەی ناو بەیانەکەی عارف قایل بوو و لە هەموو بۆ ئەو دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرکردایەتی و دەوروبەرەکەی خۆیدا دووبارەی دەکردەوە کە هیچ بەندێکی نهێنی نیە لە نێوان خۆی و عبدالسلامدا، بەلام دوای جێبەجێ بوونی ئامانجەکانی، داوای جێبەجێ کردنی بەندێکی نهێنی دەکرد کە گوایە لەنێوان خۆی و عارفدا بووە، ئەویش بریاردان لەسەر دامەزراندنی (هێزی دەرەک لە ۲۰،۰۰۰ کەس).
ب-سەرەتای گفتوگۆی نێوان بارزانی و موشیر، مەکتەبی سیاسی پرۆژەی بەرنامەی ئۆتۆنۆمی دا بە رژێمەکەی عارف و داوای لە بارزانی کرد کە ئیمزای بکات، بارزانی جگە لەوەی کە ئیمزای نەکرد، بە نوێنەری ڕژێمیشی ووت: (ئەوە داخوازی من نیە و من ئیمزام نەکردوە و من ئەوانەم ناوێ و ئەوە داخوازای ئاژاوەچیەکانی سەرکردایەتیە). بەلام لە ناوەراستی مانگی ۹٦٥/١ دا لە بیرخەرەوەیەکدا کە دای بە نوێنەری رژێم هەمان پرۆژەی کۆنی سەرکردایەتی لەسەر چارەسەری کێشەی کورد دا بە رژێمی عێراقی.

کاری ئێمە و هەموو ڕێکخستنەکانی پارتی باڵی سەرکردایەتی لەناو ڕێکخستن و جەماوەر و پێشمەرگەدا بریتی بوو لە گرتنەبەری سیاسەتی یەکیەتی و ململانێ (الوحدة والصراع).
لەلایەکەوە هاندانی ڕێکخراوەکان و جەماوەر و پێشمەرگە بۆ یەکگرتن و پشتیوانی و داکۆکی لە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانەی هێرش و پەلاماری ڕژێم، لەلایەکی تریشەوە سەلماندنی بۆچوونەکانی سەرکردایەتی و ڕوونکردنەوەیان بۆ جەماوەر و پێشمەرگە لەمەڕ گفتوگۆ و وەستاندنی شەڕ و نیازی ناڕاستی عارف و پوچەڵبوونەوەی تیوری (المؤمن مؤتمن)، وە ئاشکردنەوەی زیانەکانی شەڕ ڕاگرتن و دروستبوونی دووبەرەکی و پەشان شەری ناوخۆ و هەڵەکانی شیرازەی ڕێکخستن و شۆڕش.

هەر لە ۹٦٥/٣/١٥ وە خۆئامادەکردن لە هەردوولاوە بۆ شەڕ دەستیپێکرد، بەلام لە ۹٦٥/٤/١ دا هێرش و پەلاماری ڕژێم لە هەموو قۆڵەکانەوە دەستیپێکرد، ڕژێم لە چەند قۆڵێکەوە کەوتە پێشرەوی بە سوپا و تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی، بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو لەلایەن ژەنراڵەکانی سوپایی و بە سەرپەرشتی (عبدالعزیز

العقيلي) بەناوی نەخشەی (توكلت علی اللە) بۆ پاكسازی كردنی هەموو ناوچە ڕزگاركراوەكان لە پێشمەرگە و كۆتایی هێنان بە شۆڕشی كورد بەپێی قۆناغەكان:

قۆناغی یەكەم: بریتی بوو لە پەلاماردانی ناوچەكانی سەر بە پارێزگای كەركوك، واتە ناوچەی گەرمیان و كفری و كەلار و چەمچەمال و پاشان دابڕینی ئەو ناوچانە لە دەسەلاتی شۆڕش، بۆیە هێزێكی سوپایی نزیكەی (٢٠،٠٠٠) كەسی تەیار بە هەموو جۆرە چەكێك و بە پشتیوانی فڕۆكەی جەنگی میگ و هەلیكۆپتەر لە دوو قۆڵەوە لە كەركوكەوە بەرەو چەمچەمال و سلێمانی وە لە كەركوكەوە بەرەو كفری و كەلار و دەربەندیخان بەرەو سلێمانی هێرشی كرد.

قۆناغی دووهەم: دوای یەكگرتنەوەی هێزەكانی ڕژێم لە سلێمانی دیسان پەلاماردانی ناوچەی هەڵەبجە و پێنجوێن لەلایەك و لەلایەكی ترەوە پەلاماردانی ناوچەی شارباژێر و سیوەیل و سرۆچك، بۆ گرتنی سنوورەكان و بەستنی سنووری نێوان عێراق-ئێران لە پێنجوێنەوە تا دەگاتە ماوەت و گرتنی ڕێگای هاوكاری ئێرانی بۆ مەلامستەفا.

قۆناغی سێهەم: لەشكركێشیەكی گەورە لە موسڵەوە و لە كەركوكەوە بە دوو قۆڵ بەرەو هەولێر و بەرەو كۆیە بە نیازی گرتنەوەی ناوچەی تەق تەق-كۆیە، ڕانیە-قەڵادزە، وە لە سلێمانیشەوە بەرەو دوكان-خەلەكان و پاشان لێكدانەوەی هەردوو هێزەكە لە ڕانیە و قەڵادزە، بە مەبەستی گەیشتنە سەر سنووری ئێران و گرتنی ئەو سنوورەش لە ناوچەی پشدەر و مەنگوڕایەتی و ئاكۆیەتی، وە دەرپەڕاندنی ناوەندی دەسەلات و بنكەی بارزانی لە سەنگەسەر.

قۆناغی چوارهەم: لە هەولێرەوە پەلاماردانی ناوچەی سەلاحەدین و شەقلاوە و حاجی ئۆمەران بۆ دەستبەسەراگرتنی ڕێگای (هەولێر-چۆمان-حاجی ئۆمەران-نەغەدە) واتە ڕێگای (هاملتۆن) كە زۆر ستراتیجیە لەڕووی سوپاییەوە، بەمەبەستی گرتن و بەستنی ئەو ڕێگایەش لە شۆڕش و لەو یارمەتیانەی كە ئێران دەینارد بۆ بارزانی.

ئەم چوار قۆناغە كە ڕژێمی عێراقی دایڕشتبوو، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستانە بوو:

١-دابڕانی ئەو ناوچانەی سەرەوە لە یەكتری.

٢-پەرشوبڵاوكردنی هێزی پێشمەرگە و ناچاركردنیان بۆ شەڕكردن لە چەند قۆڵەوە كە هەم لەڕووی ژمارە و هەم لەڕووی كەرەسەی شەڕەوە بێ توانا و لاوازیان دەكات و توانای بەرەنگاربوونەوەیان كەم دەبێ.

٣-بۆ پاکسازی (تمشیط) کردنی تەواوی ئەو ناوچانە و نەهێشتنی ئەگەری بوونی هێزی بچووک بچووکی پێشمەرگە لەم یا لەو ناوچە.

٤-بڕینی ڕێگای هاتوچۆی هێزی پێشمەرگەی زۆر لەم یا لەو ناوچەوە بۆ ناوچەیەکی تر.

٥-دەستبەسەراگرتنی تەواوی سنووری نێوان عێراق-ئێران لە خانەقینەوە هەتا دۆڵی خواکورک، واتە سێ سنووری عێراق-ئێران-تورکیا.

قۆناغی پێنجەم: لەشکرکێشیەکی گەورە لە موسڵ وە لە هەولێرەوە بەرەو ئاکرێ و دهۆک و ئامێدی بۆ داپڕاندنی ناوچەی بادینان لە سۆران، و پاش تەنگ هەڵچنین بە بارزانی و ناچارکردنی بۆ ڕاکێشانی بۆ بادینان و دواجار ئابلوقەدانی یان ناچارکردنی بە ڕەوکردن بۆ ئێران.

لەو شەڕ و پەلامارانەی ڕژێم لەگەڵ ئەوەی کە هێز و سوپای ڕژێم لەڕووی چەندایەتیەوە بەراورد نەدەکرا لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کە دە جار بەقەدەر هێزی پێشمەرگە بوون، وە لەڕووی چۆنایەتیشەوە دیسان بەراورد نەدەکران، کە سوپای عێراقی پشتیوانیەکی بەهێزی تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و تەقەمەنیەکی بێ سنووری لەبەردەستا بوو، وە پێشمەرگە جگە لە چەکەکانی شانیان و چەند دانە تۆپێک کە ئێران دابووی بە بارزانی، تووشی بەرەنگاربوونەوەیەکی زۆر سەخت هاتن، پێشمەرگە (١٥) ڕۆژ شەڕی ئەو هەموو سوپایەی عێراقی کرد لە قۆڵەکانی چەمچەماڵ-سلێمانی وە کەلار-دەربەندی-سلێمانی.

سوپای هێرشکەری ڕژێم لە هەردوولاوە پاش (١٥) ڕۆژ شەڕ گەیشتنە سلێمانی، دوای کاولکردن و سووتاندنی هەموو ئەو گوندانەی سەر ڕێگایان و کوشتن و گرتنی خەڵکی بێتاوان و تالانکردنی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا دەگرت.

لە شاری سلێمانیدا کەوتنە ڕەشبگیریەکی گەورە و نواندنی هەڕەشە و گوڕەشە بە مەبەستی ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی. لە ماوەی کەمتر لە مانگێک ڕژێم شارەکانی قەرەداغ-پێنجوێن-هەڵەبجە، چوارتا-کۆیە-دوکان-ڕانیە-قەڵادزە، سەلاحەدین و شەقڵاوەی گرت و پەلاماری شاخی سەفینی دا و گرتی و هەموو ناوچەکانی هیران و نازەنین و دۆڵی خۆشناوەتی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

دوای گرتنەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن ڕژێمەوە، هێزی پێشمەرگەش کەوتنەوە خۆسازدان و بوون بە دوو بەشەوە.

بەشێکیان کران بە چەند دەستە و پەلی بچووک و نێردرانەوە ناوچە داگیرکراوەکان بۆ شەڕی پاتیزانی و وەڕسکردنی هێزەکانی دوژمن،

بەشی دوهەم وەک هێزێکی گەورە لەسەر سنوورەکان لە ماوەتەوە هەتاکو قەندیل و قەسری بنکە و بارەگایان دانا و کەوتنەوە خۆڕێکخستنەوە بۆ پەلاماردانی ڕژێم بە هێزی گەورە و لە ناوچە داگیرکراوەکانی نزیک سنوور لە پاییز و زستانی داهاتوودا.

## ٤-٧ ڕێکەوتنی نێوان سەرکردایەتی و مەلامستەفا

ئێمەش کە کاری لیژنەی ناوچەی قەزامان دەکرد بەر ئەو شالاوە کەوتین و ڕەومان کرد بەرەو شارباژێر و ماوەی (٢٠) ڕۆژێک لە گوندی چنارەی باسک ماینەوە،

لە سەرەتای مانگی ٦٥/٥ دا بڕیارماندا لەگەڵ یەکێک لەو هێزە بچووکانە بگەڕێینەوە ناوچەی شارەزوور و وارماوا، بۆ ئێمە ئەو پەلە پێشمەرگەیەی کە تالیب مۆریاسی فەرماندەیی دەکردن زۆر شیاو بوو لەگەڵیاندا بڕۆین، ئەو پەلە هەموویان لایەنگرانی سەرکردایەتی بوون.

مەبەستی سەرەکی گەڕانەوەمان بۆ وارماوا، بۆ دوورکەوتنەوە و خۆوونکردن بوو لەبەر چاوی دەزگا جاسوسیەکەی بارزانی (پاراستن) و ئەو فەرماندە سیاسی و پێشمەرگانەیەی کە دەیانناسین، و خۆ دوورگرتن لێیان. وە بۆ نزیکبوونەوەش لە دێهاتەکانی ناوچەکانی وارماوا و شارەزوور و قەرەداخ.

لە ٦٥/٥/١٠ دا نامەیەکی لقی چوارمان بۆ هات بە ئیمزای (حەمەی حاجی تایەر) لێپرسراوی لق دەربارەی گەڕانەوەی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی و هێزەکە لە هەمەدان و تارانەوە بۆ وڵات، و ئاگادای کردین کە بەو زووانە دەگەڕێنەوە و بە ناوبژیکەری ئێران لەگەڵ بارزانی ڕێکدەکەونەوە و لەسەر داوا و تەقەلای کەسانی کوردپەروەر.

لە ڕاستیدا گەڕانەوەیان لەسەر بناغەی ڕێکەوتنی نێوان سەرکردایەتی و مەلامستەفا نەبوو، بەڵکە لەسەر گوشاری ئێران بوو بۆسەر سەرکردایەتی بۆ گەڕانەوە و گوشار خستنەسەر مەلامستەفاش بۆ لێبوردن لێیان و ڕێگەدان بە گەڕانەوەیان.

کۆمەڵێک فاکتەر هەبوون بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی گەڕانەوەی سەرکردایەتی و قایلبوون بەو لێبوردنەی حەلامستەفا:

١-هەر لە ساڵی ١٩٦٢ وە ژمارەیەک لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە (کوردستانی ئێران) ڕوویان کردە خوارووی کوردستان و بوونە پێشمەرگە و هاکاری شۆڕش، هەندێکیان لە نزیک بارەگای بارزانی و هەندێکیشیان لە نزیک ئەندامانی سەرکردایەتی بوون. بوونی ئەوان ڕەنگدانەوەی یەکانگیری خەباتی گەلی کوردی لە هەردوو پارچەکەدا دەگەیاند، و هۆیەکی گرنگیش بوون بۆ یارمەتیدانی شۆڕش لەلایەن کوردەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بە پارە و ئازووقە و کەلوپەل.

ئەو هاوکاری و هاریکاریەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شۆڕش لە خوارووی کوردستاندا، بووە مایەی پەیدابوونی مەترسیەکی گەورە بۆ ڕژێمی ئێرانی. بەلام جێگای هیوای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بوون لەلای خەڵکی کە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ببنە ناوکی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ئێراندا.

(ئەحمەد تۆفیق، مەلا عبداللە مەلا عوسمان، شادرەوان، مەلا ڕەشید و چەند کەسانێکی تر) لە نزیک بارزانی بوون و کاتێکەرتش بوون لە بارزانی.

(سلێمانی موعینی، ئیسماعیل شەریفزادە و چەند کەسانێکی تر) پتر لە سەرکردایەتیەوە نزیک بوون، سابارەت بە بیرکردنەوە و جۆری ئایدۆلۆجیان، ئەم بەشەیان زۆرتر جێی هیوای خەڵکی بوون و خۆشەویستتر بوون لەناو جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وە هەر ئەمانەش بوون کە لە دواییدا توانیان ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخەنەوە و چەند مەفرەزەیەکی چەکداری پێکبێنن، بوونی سەرکردایەتی لە هەمەدان و چەند مەفرەزەیەکیش لەناو وولاتدا لەسەر سنوور، سەریەشە و مەترسیان بۆ بارزانی دروست دەکرد.

ئەو دوو مەترسیە، واتە مەترسی ڕژێمی ئێران لە کوردەکانی ئێرانی ناو شۆڕش، وە مەترسی مەلامستەفا لە سەرکردایەتی و لایەنگرانی لەناو وولاتدا، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ڕێکەوتنی ئێران و مەلامستەفا لەسەر:

ا-گەڕانەوەی سەرکردایەتی و هێزەکەیان بۆ ژێر باڵ و دەسەلات و فەرمانی مەلامستەفا و نەهێشتنی ئەو مەترسیە، و دەرکردنی لێبوردنێکی ڕووکەشی بۆیان لە مەلامستەفاوە.

ب-گوشار خستنەسەر کوردەکانی ئێران لەلایەن مەلامستەفاوە بۆ دوورخستنەوەیان لە ناوچە سنوورییەکان و کۆنترۆڵکردنی جموجوڵیان و دەستوبێ بەستنیان لە دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی ئێران، و فشار خستنەسەریان بۆ گەڕانەوەیان بۆ دیوی ئێران، و دەرکردنی لێبووردنێکی ڕووکەش بۆیان لە ڕژێمی ئێرانییەوە.

٢-هۆی دووهەم: پەیوەندی نەهێنی هەندێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە سەرپەل و سەرلق و فەرماندەی بەتالیۆن، وە هەندێ لە سەرەک عەشیرەتەکان بە سەرکردایەتیەوە. ئەمە وای لە سەرکردایەتی کردبوو کە بێتە سەر ئەو بڕوایەی بە هەموو شێوەیەک و بێ مەرج سوود لەو هەلە وەربگرێ و بگەڕێتەوە و لە نزیکەوە ئەو پەیوەندیانە توندوتۆڵتر بکات بەڵکو لە ئایندەدا بیکاتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ فشار خستنەسەر مەلامستەفا بە مەبەستی تێکەڵبوونەوە، واتە گەڕانەوەی سەرکردایەتی و ئەندامانی لق و ناوچەکانی سەر بە سەرکردایەتی بۆ هەموو بوارەکانی ناو ڕێکخستن.

٣-هۆی سێهەم: هەڵگیرسانەوەی شەڕ هۆیەکی زۆر کاریگەر بوو لە چەند ڕوویەکەوە:

ا-بەشێکی گرنگی ناکۆکی نێوان بارزانی و سەرکردایەتی لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆی بێ ئەنجام بوو، بەلام کە شەڕ لە ناوەڕاستی مانگی ٩٦٥/٣ وە هەڵگیرسایەوە، ئیتر ئەو بیانووەش نەما، واتە هەم ئێران پێویستی بە سەرکردایەتی نەما، هەم بارزانی بیانووی شەڕ ڕاگرتنی بەدەستەوە نەما، وە هەم سەرکردایەتیش بیانووی کارنەکردنی لەگەڵ بارزانی یا لەژێر فەرماندەیی بارزانیدا نەما.

ب-ڕژێمی عیراقی کە کاتی خۆی بۆ پشتیوانی لە مەلامستەفای ئاشتی خواز و بیاوی خوا و برواببوو بە ئیماندارانی وەک مشیر عارف، بوو بە لایەن (طرف) لە لێدانی سەرکردایەتی شەڕخواز (إنفصالي) و تێکدەری ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی عیراق، ئێستاکە واتە پاش مانگی ٩٦٤/١٢ بەدواوە بۆی دەرکەوت کە بێ بوونی سەرکردایەتیش شەڕ هەر دەبێ و مەلامستەفا لە جاران زیاتر دەستوالایە بۆ ئاشتی و شەڕ، بە تایبەتی پاش بەستنی پەیوەندی خۆی بە ئێرانەوە و لاوازکردنی شوێنی سەرکردایەتی لە ئێرانیشدا، بۆیە و لەژێر گوشاری هەردوو جەنەڕاڵی بالادەستی

سوپای عێراقی (شاکر محمود شکری و عبدالعزیز العقیلی)، ڕژێمی عێراقی کەوتە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەداوێکی پەیوەندی بە لایەنی سەرکردایەتیەوە.

ئەوکاتە کە مەکتەبی سیاسی لە ناوەوەی وولات لە بەغدا سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی پارتی باڵی سەرکردایەتی دەکرد و (عبدالرحمن زەبیحی) یەک لە ئەندامەکانی بوو، ڕژێمی عێراقی لە ڕێگەی ئەوەوە کەوتە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی.

خوێنەری بەڕێز گەر بە وردی سەیری ئەو سێ فاکتەرە بکات کە بوونە هۆی گەڕانەوەی سەرکردایەتی و تێبووردنی مەلامستەفا، بە ڕوونی بۆی دەردەکەوێ کە هەلومەرجەکەو و باروودۆخی ئەو کاتە چۆن کاری کردە سەر جێگۆڕکە کردنی سەرکردایەتی و مەلامستەفا لە مەیدانەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، وە بۆشی دەردەکەوێ کە چ ئەنجامێکی تاڵ و چ لاپەڕەیەکی ڕەش چاوەڕوانی ڕەوتی مێژووی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی شۆڕشی کوردستانی دەکرد لە بەشی خوارووودا و چ نەریتێکی نەفرەتلێکراویش گیرایەبەر و حەلال کرا، و چ داهاتوویەکی پڕ لە چەرمەسەری و ماڵوێرانی و دەربەدەری بووە بەرهەمی ئەو سیاسەتە نەفرەتاویەی سەرانی خەباتی سیاسی کوردی.

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٥ دا سەرکردایەتی و ئەو هێزەی لەگەڵیان بوو گەڕانەوە وولات جگە لە سکرتێر (ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عزیز شەمزینی ئەندامی سەرکردایەتی) کە مەلامستەفا لە لێبووردنەکەدا بەدەری کردن و لە تاران مانەوە تا مانگی ١٩٦٦/١.

بە گەڕانەوەی سەرکردایەتی، بە ئاشکرا هەست بە جموجوڵی لایەنگرانی سەرکردایەتی دەکرا لەناو هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانیشدا.

ئێمە لە ناوچەی قەرەداغ و وارماوا و بازیان و گەرمیاندا بە ئاشکرا کاری سیاسیمان دەکرد و دەچوینە ناو پێشمەرگە و جەماوەرەوە. بەتایبەتی دوای گرتنەوەی قەرەداغ و گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بۆ ناوچەکە.

چەندین جار لەلایەن فەرماندەی هێزەوە (نوری مەلامارف) هوشیارکراینەوە کە ناوچەکە چۆلکەین و هەندێ جار فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردین و دەستەی پێشمەرگەی دەنارد بۆ گرتنمان، بەلام پێشمەرگەکان دوای ئاگادارکردنەوەمان دەگەڕانەوە بۆ بارەگای هێز بە دەست بەتاڵی و وایان نیشاندەدا کە ئێمەیان نەدۆزیوەتەوە.

دوایین جار لە مانگی ٦٥/٧ دا فەرماندەی هێز داوای کرد لەگەڵیا دانیشین، لەو دانیشتنەدا داوای لێکردین کە بە ئاشکرا کارنەکەین لەناو پێشمەرگەدا پاڵپشتی سەرکردایەتی نیشان نەدەین، لە بەرامبەر ئەوەدا ئەویش چاو لە جموجوڵمان بپۆشێ.

ئەو کاتە یەک پەتالیۆنی تەواو لە ناوچەکە بووبوونە بەرەی لایەنگرانی سەرکردایەتی، و لە هەڵەبجەش پەیوەندی بەتینمان لەگەڵ لقی١ پێشمەرگەی ژێر فەرماندەیی (قادر کۆکزیی) هەبوو. لە بازیانیش پەیوەندی توندمان بە دوو پەلی لقی بازیانەوە هەبوو کە پەلەکەی (عزیز مەجی) و پەلەکەی (تالیب ڕۆستەم) بوون، لە سورداش و سەرچنار کە دوو ئەنداممان ناردبووە ناو هەردوو ڕێکخراوەکەی پارتی سەر بە بارزانی (رەسول مامەند و شەوکەتی حاجی علی) ئەوانیش کاری زۆریان لەناو پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاریدا کردبوو.

لە ناوچەکانی تریشدا ئەندام و ڕێکخراو لیژنە ناوچە نهێنیەکانی پارتی سەر بە سەرکردایەتی پەیوەندی زۆر فراوانیان بە جەماوەرە و پێشمەرگەوە کردبوو.

ئەو جموجووڵانە و ڕاپۆرتانەی پاراستن بۆ بارزانی بیانوو بەڵگەی دایە دەست بارزانی بۆ بەهەند وەرگرتنی سەرکردایەتی و پاشان چاودێریکردنی جموجوولیان و دەست بەسەرکردنیان لە (دۆڵە ڕەقەی ئاکۆیەتی) لە ژووروی ڕۆژئاوای ڕانیە.

یەکەمجار تەنیا (جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، حلمی علی شەریف) و چەند کادرێک و پێشمەرگەیەکی کەم بوون، لە دواییدا (علی عبداللە و نوری شاوەیس)یش لە بەغداوە چوونە لایان و ئەوانیش بوونە دەستبەسەر لەوێ.

هێزەکەی سەرکردایەتیش کران بە دوو بەشەوە، بەشێکیان نێردرانە ناوچەی شارباژێڕ و ژێر چاودێری عبدالوهاب ئەتروشی، و بەشەکەی تریش نێردرانە ناوچەی خۆشناوەتی و سەفین و هەر ٥-١٠ پێشمەرگەیان ناردە ناو لقی یا پەتالیۆنی پێشمەرگەوە، بەو جۆرە پەرش و بڵاویان کردن.

لە مانگی ٩٦٥/٨ دا شۆڕش هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو ناوچانەی کە لە مانگی ٤ دا لەدەستی دابوون، بە تایبەتی لە ناوچەی قەلادزە و چوارتا و خۆشناوەتی. ئەو هێرشە پتر لە ١٧ ڕۆژی خایاند، لە ٦٥/٩/٣ دا شاخی سەفین لەژێر دەسەلاتی ڕژێمدا تەمابە قوربانی (٦١) پێشمەرگە کە لەوانە (١٩) پێشمەرگەیان لەوانە بوون کە لەگەڵ سەرکردایەتیدا لە هەمەدانەوە گەڕابوونەوە لەگەڵ فەرماندەکەیاندا (حسن خۆشناو) شەهید بوون. هەر لە مانگی (٩) دا قەلادزە و

چوارتا گیرانه‌وه، ناوچه‌كانی قه‌ره‌داغ و گه‌رمیان و كه‌لار و وارماوا كه‌وتنه‌وه ژێر كۆنترۆڵی پێشمه‌رگه.

ئه‌و تێكشكانانه‌ی ڕژێم له‌ مه‌یدانی شه‌ڕدا، بووه‌ هۆی قۆزتنه‌وه‌ی به‌ڵگه‌ و بیانوو بۆ به‌عسیان كه‌ بكه‌ونه‌ پلانگێڕان له‌ حكومه‌ته‌كه‌ی عارف و تایه‌ر یه‌حیا.

ڕۆژی ١٦/٩/٩٦٥ عارف عبدالرزاق كه‌ یه‌كێك له‌ جه‌نه‌راڵه‌كانی سوپای عێراقی بوو هه‌وڵیدا حكومه‌ته‌كه‌ی عارف بڕوخێنێ به‌ پاڵپشتی به‌عسیان، به‌ڵام هه‌وڵه‌كه‌ی سه‌ری نه‌گرت.

ئه‌و ڕووداوه‌ بووه‌هۆی دروستبوونی ئاڵوگۆڕ له‌ حكومه‌ته‌كه‌ی عبدالسلامدا و لابردنی تایه‌ر یه‌حیا و پێكهێنانی وه‌زاره‌تێكی تر كه‌ عبدالرحمن به‌زاز پێكیهێنا له‌ ٢٥/٩/٩٦٥ دا و عبدالعزیز عقیلی كرایه‌ وه‌زیری به‌رگری.

هاتنی عبدالرحمن به‌زاز گۆڕانكاریه‌كی نوێ بوو، كه‌ ئه‌وه‌ یه‌كه‌م سه‌رۆك وه‌زیرانی مه‌ده‌نی بوو له‌ حكومه‌تی عێراقیدا پاش ١٤/تموز/١٩٥٨.

عبدالرحمن به‌زاز پێشی بڕوای به‌ چاره‌سه‌ری كێشه‌ی كورد بوو له‌ ڕێگه‌ی گفتوگۆوه‌، وه‌ ڕای وابوو كه‌ به‌ سوپا و شه‌ڕ و په‌لامار ناتوانرێ كۆتایی به‌ ڕاپه‌ڕینی كورد بهێنرێ گه‌ر ته‌نیا (١٠٠) پێشمه‌رگه‌ به‌ شاخه‌وه‌ بن.

له‌لایه‌كی تریشه‌وه‌ عبدالسلام عارف دوای شه‌ڕكردنه‌وه‌ له‌گه‌ڵ مه‌لامسته‌فا و دوای ئاشكرابوون و په‌ره‌سه‌ندنی په‌یوه‌ندی نێوان ئێران و مه‌لامسته‌فا و گه‌ڕانه‌وه‌ی سه‌ركردایه‌تی و پشتگوێ خستنیان له‌لایه‌ن مه‌لامسته‌فاوه‌، هه‌لێكی باشی بۆ هه‌ڵكه‌وتبوو كه‌ جارێكی تر پلانێكی تر بخاته‌كار بۆ لاوازكردنی شۆڕش و پارچه‌پارچه‌كردنی وه‌ك ساڵی ٩٦٤ به‌ڵام به‌ جۆرێكی پێچه‌وانه‌. واته‌ هه‌وڵدان بۆ به‌كارهێنانی هه‌ردوولا (مه‌لامسته‌فا و سه‌ركردایه‌تی) وه‌ ڕاكێشانیان بۆ گفتوگۆ به‌ مه‌به‌ستی:

أ-دوورخستنه‌وه‌ی مه‌لامسته‌فا له‌ ئێران.

ب-گه‌ر بۆی نه‌كرا، نزیكبوونه‌وه‌ له‌ سه‌ركردایه‌تی و به‌كارهێنانی وه‌ك هۆیه‌كی گوشار بۆسه‌ر مه‌لامسته‌فا.

ج-قۆزسته‌وه‌ی ناكۆكی نێوان سه‌ركردایه‌تی و مه‌لامسته‌فا به‌هۆی ملهوڕی مه‌لامسته‌فاوه‌ له‌ پشتگوێ خستنی سه‌ركردایه‌تی و هه‌وڵی سووككردنیان، گه‌ر له‌گه‌ڵ بارزانیدا سه‌رنه‌كه‌وت پشتیوانی سه‌ركردایه‌تی بكات بۆ لێدانی مه‌لامسته‌فا.

مەلامستەفا لە ڕێگەی حیزبی شیوعی عێراقیەوە ئاگادار کرابوو لە بوونی سووکە پەیوەندیەکی نێوان سەرکردایەتی و حکومەتی عبدالسلامدا، لە ڕێگەی نوێنەری سەرکردایەتی (عبدالرحمن زەبیحی)وە بە سەرەک وەزیران بەزازەوە.

لەلایەکی تریشەوە هەستی بە جموجوڵی لایەنگرانی سەرکردایەتی کردبوو لەناو هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکاندا. سەرکردایەتیش جگە لەو باروودۆخەی کە تیابوون و وەک دەستبەسەر لە دۆڵەڕەقەدا بوون و بۆیان نەبوو بێ ئیجازەی مەلامستەفا بۆ هیچ شوێنێک دوور بکەونەوە، هەستیان بە مەترسی گیانیشیان دەکرد و لەوە دەترسان کە مەلامستەفا ڕۆژێک، بە پلان بیانگرێ و لەناویان بەرێ، یان لە ناکاو بتێریتە سەریان و بیانکوژێ.

بۆیە ئاگاداری ڕێکخستنەکانی خۆیان کردبوو کە ڕای خۆیان بدەن لەسەر ئەوەی تەسلیم بە هەموو فەرمانێکی مەلامستەفا ببن یان لەکاتی تەنگاویدا هەڵێن و خۆیان لەناو شارەکان و ڕێکخستنەکاندا بشارنەوە.

لە ٦٥/١٠/٢٥ دا لەسەر داوای لقی سلێمانی کۆبوونەوەی ئەندامانی لق و لێپرسراو و جێگری لێپرسراوی لیژنەی ناوچەکانی سەر بە لقی سلێمانی، لەناو شاری سلێمانی کرا و تاوتوێی داواکاریەکەی سەرکردایەتی کرا و بە هەموو دەنگەکان بریاردرا کە بەهیچ جۆرێ تەسلیم بە مەلامستەفا نەبن و خۆیان گیرۆدەی زیندانەکانی مەلامستەفا نەکەن و لەکاتی هەستکردن بە مەترسی هەوڵدەن بگەنەوە ناو شارەکان و بە نهێنی درێژە بە کارەکانی خۆیان بدەن تا وەک عەلی حەمەدی و محمودی حاجی توفیقیان لێنەیەت. ئەوە ڕای هەموو لقەکانی ڕێکخستن بوو (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، بەغدا).

بردنی بریاری لقی٤ لە سلێمانی بۆ سەرکردایەتی بە نامە بە من سپێردرا و بۆم بردن. ئەو کاتە (جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، نوری شاوەیس، حیلمی عەلی شەریف، علی عبداللە و نوری ئەحمەد تەها) لەوێ بوون.

زۆر وەڕس بوون، تاڕەزایی زۆریان لەئاست هەڵوێستی دوژمنکاریانەی مەلامستەفا دەردەبڕی، پتر لەوە بێزار بوون کە مەلامستەفا ڕێگەی نەدەدان بڕۆن سەرداتی خێزان و کەس و کاریان بکەن، یان هەر نەبێ بۆ کەمێ شوێنگۆڕین لەو نارچەیە دووربکەونەوە.

لەو سەردانەدا لە لە گفتوگۆی ئەوانیشدا دەرکەوت کە ئەمانیش بەهیچ جۆرێ ئامادەنین واز لە خەباتی حیزبایەتی بهێنن، یان دووربکەونەوە لە خەباتی سیاسی و

ڕێگە بۆ مەلامستەفا چۆلکەن و کۆتایی بەو بارودۆخە بهێنن، بەڵکە لە ئاست سەررەقی مەلامستەفا و قین و دوژمنایەتی ئەودا سوووربوون کە پارتی سەر بە خۆیان بەهێزتر بکەن و ڕێکخستنەکان توندوتۆڵتر بکەنەوە و بنکەی پێشمەرگانەی خۆیان لەناو هێزی پێشمەرگەدا فراوانتر بکەن.

لە ڕاستیشدا سەرکردایەتی بەهۆی ئەو سووکە پەیوەندیەی کە دروستیان کردبوو لەگەڵ حکومەت لەوە دڵنیابوون کە ئەمجارە ناکەونە ژێر ئەو گوشارە گەورەیەی مەلامستەفاوە، وە وەک ساڵی ٩٦٤ مەلامستەفا ناتوانێ بە پشتیوانی حکومەت ئەفروتونایان بکات، جگە لەوەش لەو بڕوایەدا بوون کە مەلامستەفا دیسانەوە شەڕ لەگەڵ حکومەت ڕابگرێ بۆ لێدانی ئەوان.

لە ٩٦٥/١١/٩ دا گەڕامەوە سلێمانی و نامەی سەرکردایەتیم دایەوە بە لق و پاشان گەڕامەوە بۆ ناوچەی وارماوا.

لە ٩٦٦/٢/٢ دا نامەیەکی لقی سلێمانیمان بۆ هات، ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرە بوو:

((سەرەڕای پەسەندکردنی هەموو مەرجەکانی بارزانی لەلایەن سەرکردایەتیەوە، و قایل بوونیان بە نەگەڕانەوەی سکرتێری پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد) و مانەوەی لە تاران لەسەر بڕیاری بارزانی، وە پێشاندانی نیازی چاکی سەرکردایەتی بەرامبەر بارزانی بە ناردنی هەموو پێشمەرگەکان بۆ سەرەکانی شەڕ و قایلبوون بەو پەرشوبڵاویەی کە بەسەر ئەو پێشمەرگانەدا هات، و دەربڕینی بەڵێنی کارکردن لەگەڵ بارزانی و جەنگین دژی ڕژێم تا دوا ئەندام و پێشمەرگە لە پێناوی پاراستنی شۆڕش و بەرگەرتنی بە شەڕی ناوخۆ و دووبەرەکی، سەرەڕای ئەمانە هەمووی، مەلامستەفا لە بەدگومانی خۆی و ئامادەنەبوونی بۆ بۆ هیچ جۆرە هاریکاریەک لەگەڵ سەرکردایەتی و و لە بیر و بۆچوونی خێڵەکی پڕ لە کین و تۆڵەسەندنەوە، وە بە پیلان و هاندان و کارتێکردنی هەندێ دژەکورد و دژەنەبایی و لە گیانی بەرپرسیارێتی… مەسئولیەت پەرستیەوە، بەوەش قایل نەبوو کە سەرکردایەتی بێکار و فەرامۆشکراو و دەستبەسەر لە دۆڵەڕەقەدا دانیشن، بەڵکە کەوتە تەقەلای جێبەجێکردنی پلانی کوشتنیان و لەناوبردنیان بۆیە لە ڕۆژی ٩٦٦/١/٢٥ دا لقێکی چەکداری بارزانی ناردە لای (عەباس مامەند ئاغای ئاکۆ) بۆ گرتنی سەرکردایەتی و بردنیان بۆلای بارزانی و لەوێشەوە بۆ ژێر دەسەلات و چاودێری تیدریسی کوڕی

لەبەرئەوەی هەڤاڵانی سەرکردایەتی لە ڕێگەی (عەباس ئاغاوە) لەوە دڵنیا کراونەتەوە کە ئەو بڕیارەی مەلامستەفا بۆ کوشتنیانە، بڕیاریاندا خۆیان نەدەن بە

دەستەوە، بە تایبەتی (جەلال تالەبانی، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری و حلمی عەلی شەریف) کە مەترسی گەورەیان لەسەر بووە، وە خۆیان دەربازکرد و گەیشتنە ناو شارەکان بۆ ئەوەی:

١-خۆیان تووشی کێشەیەکی تری شەڕی ناوخۆ نەکەن، و ئەو نەخشەیەی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژیە کە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە داڕێژراوە و مەلامستەفا دەبێتە جێبەجێکەری پووچەڵکرێتەوە.

٢-بۆتەوەی درێژە بە خەباتی سیاسی بدەن بە نهێنی و خۆیان لەبەرچاو بارزانی وونکەن لە پێناو پاراستنی پارتی و یەکیەتی ناو ڕیزەکانی گەلی کوردستان.

بۆیە داوا لە هەموو ئەندامانی پارتی دەکەن کە زۆر هێمنانە و زیرەکانە ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ کەن.

ڕۆژی ١٩٦٦/١/٢٨ چوار ئەندامی سەرکردایەتی بە یارمەتی (عەباس مامەند ئاغا) و لە ڕێگەی لێژنەی ناوچەی ڕانیەوە کە سەر بە سەرکردایەتی بوون، لە دۆڵەڕەقە هەڵهاتن و خۆیان گیاندە ناو شاری سلێمانی دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە دابەشبوون بەسەر لقی سلێمانی و کەرکوک و بەغدادا. جەلال تالەبانی لە سلێمانی مایەوە و عەلی عەسکەری چووە کەرکوک و حلمی عەلی شەریف چووە بەغدا و عومەر مستەفاش لە سلێمانی مایەوە.

## ٤-٣ تێکچوونی نێوان مەلامستەفا و سەرکردایەتی

لەدوای دەربازبوونی ئەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، سێ ئەندامی تریان کە کەمتر مەترسی کوشتنیان لەسەر بوو (نوری شاوەیس، عەلی عبداللە و نوری ئەحمەد تەها) مانەوە، بەلام لە ترسا و لەژێر گوشاردا نامەیەکیان بۆ مەلامستەفا نووسی کە پڕتر لە پاڕانەوە و پاکانە و پەشیمانبوونەوە لە ڕابوردوو نەچوو وەک لەوەی هەڵوێست بێ.

سەیر لەوەدا بوو کە یەک لە نووسەری نامەکە (نوری شاوەیس) بوو کە هەرە توندڕەوەکانی ناو سەرکردایەتی بوو بەرامبەر بە بارزانی، لە هەموشیان پتر سووکایەتی پێ کرابوو لەلایەن بارزانیەوە، کە مەفرەزەی ناردبوو بۆ کوشتنی ژنەکەی (ناهیدەی شێخ سەلام) و تەقەیان لێکرد و قۆڵیان بریندار کرد.

بەو نامەی پاکانە و ملکەچییە، لە هەموو مەترسیەک دەرباز بوون و مەلامستەفاش کە ئەوەی دەویست لەبەردەمیا بەو جۆرە ملکەچ بن وازی لێ هێنان و ووردەووردە لە خۆشی نزیک کردنەوە.

بە ڕاکردنی چوار کەسەکە، مەلامستەفا بڕیاری شەڕی لەگەڵ سەرکردایەتی و هەموو لایەنگرانیان ڕاگەیاند، لە هەموو ناوچەکانی کەوتە ڕاونان و گرتن و لێدانی لایەنگرانی سەرکردایەتی، بەشێکی ئەو دەستە و پەل و لقە پێشمەرگانەی کە سەر بە سەرکردایەتی بوون خۆیان تەدەدا بە دەستەوە و یاخی بوون لەناو هێزی پێشمەرگەدا دەستی پێکرد.

سەرکردایەتیش پاش ڕاکردنی ئەو چوار کەسە و چوونەوەیان بۆ ناو شارەکان، هەموو ڕێکخراوەکانی سەر بە خۆیان جارێکی تر ڕێکخستەوە و دەستیانکرد بە ڕێکوپێک کردنی ئەو ڕێکخراوانەی تریش کە پەرش و بڵاویان تێکەوتبوو، لەلایەکی تریشەوە کەوتنە پەیوەندی کردنەوە بەو پێشمەرگانەی کە یاخی دەبوون و هەڵدان بۆ پێکهێنانی بنکەیەکی کۆکەرەوەی ئەو پێشمەرگانە. لێرەوە ووشەی یان زاراوەی (مەلایی) (جەلالی) سەریهەڵدا.

لە کۆتایی مانگی ٩٦٦/٢ دا نامەیەکی لقی سلێمانیمان بۆ هات، داوای لێ دەکردین کە ئەو پێشمەرگانەی سەر بە سەرکردایەتی (جەلالی)ن و یاخی بوون، لەناو ئەو پەل و لق و بەتالیۆنانەدا جێیان بکەینەوە کە پەیوەندیان بە ئێمەوە بوو. وە دەبێ ئەو دەستە و پەل و لق و بەتالیۆنانەش لە گەرمیان و قەرەداغ دا بە ئاشکرا و بێپەروا یاخیبوونی خۆیان لە مەلامستەفا ڕابگەیەنن و بکەونە جەولە و چالاکی پێشمەرگانە نواندن، و هەوڵدەن پەیوەندی بە چەکدارەکانی (مەلایی)ەوە بکەن بۆ یاخی بوون و چوونەناو هێزی پێشمەرگەی سەر بە سەرکردایەتی (جەلالی)، وە بەم زووانەش رئیس کەمال (کەمال موفتی) دەگاتە لاتان بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو هێزە.

لە سەرەتای مانگی ٩٦٦/٣ دا کەمال موفتی گەیشتە لامان لە گوندی (ئەحمەد برنە) لە وارماوا کۆبووینەوە و بۆ ڕۆژی دوایی چووینە قوپی قەرەداغ و لەوێ هەرداوو لقەکەی عەریف تالیب و حەمە مۆرپاسی و لقی شارەزوریش بە فەرماندەیی (حەمەی فەرەج)مان بینی و یەکەم بەتالیۆنی ناوکی دروستبوونی هێزی سەرکردایەتی (جەلالی) پێکهات بە فەرماندەیی (کەمال موفتی).

لە ماوەی کەمتر لە مانگێک بەشێکی زۆری پێشمەرگەی گەرمیان و کەلار و قەرەداغ و شارەزوور یاخی بوون و ڕوویانکردە هێزی قەرەداغ و گەرمیانی (جەلالی).

و لە ناوچەکانی تریشەوە هەر یاخیبوونێک سەریهەڵدایە، هەر خۆیان دەگەیاندە هێزەکەی گەرمیان.

لە ١٢/٤/٩٦٦ دا کۆبوونەوەی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی بە ئامادەبوونی فەرماندەی هێز کەمال موفتی و سەرلقەکان لە (هۆمەرامان) بەسترا و بڕیارماندا نامەیەک بۆ نووری مەلا مارف فەرماندەی هێزی گرەوان قەرەداغی (مەلایی) بنێرین کە بە ئاشتی و بێ تەقە ناوچەکە بەجێ بێڵن و ئێمە ڕێگەیان دەدەین بپەڕنەوە بۆ بەری شارباژێر.

وە لە ١٥/٤/٩٦٦ دا نووری مەلا مارف و چەند فەرماندەی بەتالیۆن و پێشمەرگە و لقەی سەر بە مەلایی، ناوچەکەیان چۆڵکرد و پەڕینەوە بۆ بەری شارباژێر. لەو ڕۆژەوە هێزی گەرمیان-قەرەداغ بە تەواوی بووە (جەلالی) و بنکەی کۆبوونەوەی هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە هێزەکانی تری (مەلایی) یاخی دەبوون.

لەڕووی ڕاگەیاندنیشەوە دەستیان بە چالاکی کرد و کەوتنەوە دەرکردنی ڕۆژنامەی (النضال) خەبات بە عەرەبی و پاشان ڕۆژنامەی (خەباتی کوردستان) و (ڕزگاری)یان دەرکرد.

واتە دیسانەوە بە کردەوە دوو پارتی دیموکراتی کوردستان بە قەبارەی ڕێکخستنەوە، بە هێزی چەکدارەوە، بە ئۆرگانی ناوەندی ڕاگەیاندنەوە. کەوتنەوە کوتانەوەی سەرگوێلاکی یەکتری و شەڕی براکوژی و شەڕی ڕاگەیاندن بەلام ئەمجارە بەناوی (جەلالی-مەلایی) داسەپێنراو بەسەر هەردوولایاندا لەلایەن هەردوولایانەوە.

## ٥- گەمەی عبدالسلام لەگەڵ باسکی جەلالی وجەلالیش لەگەڵ ئەندامانی و جەماوەر

لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی عێراقی، وە دوای گەڕانەوەی سەرکردایەتی و تێکەڵبوونەوەی لایەنگرانی بە شۆڕش و کارکردن لەژێر سەرکردایەتی مەلامستەفادا، و سەرنەکەوتنی نەخشە سوپاییەکەی ڕژێمی عارف لە

پاکتاوکردنی (تصفية) ی شۆڕش، کابینەکەی حکومەتی عێراقی تووشی قەیرانێکی سیاسی و تازەوەیەکی فەرماندەیی سوپایی بوو ئازادەی بیرکردنەوە لە ڕوخاندنی ڕژێم.

دوای سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵە، عبدالسلام و جەنراڵە سوپاییەکانی عێراقی بیریان لە ڕێگەچارەیەک کردەوە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە.

لابردنی تایەر یەحیا و هێنانی عبدالرحمن بەزاز و لێدانی هەندێ لە جەنەراڵەکان، بە تاکە چارەسەر دەزانرا بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانە، وە لەوێوە دەستبەکاربین بۆ دانانی نەخشەی نوێ بۆ لێدانی شۆڕشی کورد، بە تایبەتی کە بارودۆخی ئەو کاتە لەباربوو بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکە کە بریتی بوو لە دووبارە هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی دووبەرەکی و هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی لەناو بزوتنەوەی کورددا.

هەلومەرجەکەش بەهۆی لاساری مەلامستەفا لە فەرامۆشکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتی و سووک کردنیان لەلایەک، وە ملهوڕی و خۆبەدەستەوەنەدانی سەرکردایەتی بە مەلامستەفا، زۆر لەباربوو بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەی ڕژێم.

بۆیە ئەمجارە ئەندازیاری نەخشەکە کە بەزاز بوو بەو جۆرە داڕێژرا کە دەرگایەکی هیوا بۆ باسکی سەرکردایەتی بخەنە سەرپشت و پەیوەندیان لەگەڵ بەهێز بکەن بە نهێنی، تا سەرکردایەتی بەو هیوایەوە، شێلگیرانەتر بڕوایان بەخۆ بێ لە ململانێیدا لەگەڵ بارزانی، وە هەرکات تەنگاو کران بتوانن بە پشتیوانی حکومەت خۆیان بگرنەوە.

نەخشەکەی ڕژێم بۆ چەند قۆناغێک بوو، کە چەند ئەگەرێکی بۆ دیاریکرابوو:

<u>قۆناغی یەکەم:</u>

ا-هەوڵدان بۆ دیسانەوە جیاکردنەوەی باسکی جەلالی لەباسکی مەلایی بە مەبەستی لانی کەم بێلایەن کردنی بەشێکی هێزی پێشمەرگە و جەماوەر و پارتی لە شەڕدا لەگەڵ پارتی.

ب-هەوڵدان بۆ خۆشکردنی پەیوەندی ڕژێم لەگەڵ ئێران و پیشاندانی ئەرێی بەرامبەریان و دروستکردنی زەمینەی گفتوگۆ لەسەر کێشەی نێوانیان، بە مەبەستی دابڕینی تهران لە مەلامستەفا.

ج-سازدانی هێزێکی سوپایی تەیار و کۆک و پەلاماردانی شوێنە ستراتیژیەکانی وەک سەفین و زۆزک و هەندرین و گرتنی ئەو ناوچانە و دابڕینی هێزەکانی بارزانی لە یەکتری، و پاشان پەلاماردانی بارەگاکانی بارزانی.

قۆناغی دووهەم:

گەر قۆناغی یەکەمی نەخشەکە سەرکەوتوو نەبوو، کە نەخشەکێشەکان زیاتر جەنراڵەکانی سوپا بوون ئەوا قۆناغی دووهەم دەست پێبکەن کە ئەمە یان نەخشەی بەرازی سەرەک وەزیران بوو:

ا-دەست بکەن بە گفتوگۆ لەگەڵ باسکی پارتی جەلالی و مافی کورد لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی لامەرکەزی داڕێژراو لەلایەن بەزازەوە بسەلمێنن.

ب-بەو کارە و پشتیوانی کردنی ئەوانیش لە جەلالی دەتوانن جەماوەرێکی زۆر لە شار و لە شاخ لە مەلامستەفا بکەنەوە، کە خەڵکی لەبەر ماندوو بوونیان لە شەڕدا و مسۆگەر کردنی دەستکەوتێکی دیار و ئاشکرای شۆڕشیش ڕوودەکەنە باسکی پارتی جەلالی.

ج-بە لاوازکردنی مەلامستەفا و دابڕینی زۆربەی هێزەکە لێی، لە گرنگی مەلامستەفا لەبەردەم ئێراندا کەم دەکەنەوە و هەوڵیش دەدەن بە سەلماندنی هەندێ لە داخوازیەکانی ئێران، وا لە ئێران بکەن کە دەستبەرداری مەلامستەفا ببێت و سنووری لێ داخات و یارمەتیەکانی ببڕێت.

ئەم نەخشانە وا دانران کە ئەگەر هەوڵ و تەقەلاکانی تریان سەری نەگرت ئەوسا بەکاری بێنن.

بەلام وەنەبێ ئەو نەخشانە زۆر شاردراوە و نهێنی بووبن، هەم ئێران و لە ڕێگەی ئیرانیشەوە مەلامستەفای لێ ئاگادار کرا.

ئەو نەخشەیەی ڕژێم ئەنجامێکی پێچەوانەی لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان ئێران و مەلامستەفا دا بەدەستەوە، ئێران و مەلامستەفاش پتر لێک نزیک بوونەوە هەریەکە بۆ مەبەستی خۆی.

ئێران دەیەویست شەڕ لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا بەردەوام بێ و ڕژێمی عێراقی لاواز بێ و قەیرانی سیاسی و سوپایی و دارایی فراوانتر ببێ، وە بە یارمەتیدانی مەلامستەفا شۆڕشی کورد و چارەنووسی داهاتووی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، وە پاراستنی ئاسایشی کوردستانی ئێرانیش لە ڕێگەی مەلامستەفاوە مسۆگەر بکات و مەترسی لاوە کوردە تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش

تەهێڵێ و هەموو جموجۆڵێکیان لە ڕێگەی بارزانییەوە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

مەلامستەفاش دەیویست بە پشتیوانی ئێران و یارمەتی ئێران، خۆی بەهێز بکات و بتوانێ دوژمنەکانی خۆی کە باسکی پارتی جەلالی بوو تەفروتونا بکات، و ئێرانیش وەک وەرەقەی گوشار لەسەر ڕژێم بەکاربهێنێ بۆ دەستبەرداربوونی باسکی پارتی جەلالی.

باسکی پارتی جەلالیش دەیەویست وەرەقەی ڕژێمی عێراقی و یارمەتی و پشتیوانی ڕژێمی عێراقی بۆ لێدان و دەرپەڕاندنی باسکی پارتی مەلایی بەکاربێنێ، تا ئەو کاتەی کە خۆی تاکە سوارەی مەیدان دەمێنێتەوە و ئەوسا بکەوێتە سەر ڕەوتی خەباتی بەردەوام بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی کورد.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا نە ئێران، نە بارزانی و مەلایی، نە سەرکردایەتی و جەلالی، و نە ڕژێمی عێراقی لە بیری دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد و بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی نەبوون هەر لایە لەلای خۆیەوە لە هەوڵی بەدەست هێنانی دەستکەوتە تەسکە تایبەتیەکانی خۆیدا بوو.

لێرەدا سەرزەنشت نە لەسەر ئێران و نە عێراقە کە دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانن، سەرزەنشت لەسەر دوو لایەنی خۆ بە کورد زان، بە شۆڕشگێڕ زان، بە خەباتکەر زان و بە نوێنەر زانی گەلی کوردە لە باشووری کوردستاندا کە بوونە شێرپەنجەی ئالانە مێشک و ڕەفتار و ڕەوشت و نەریتی خەبات و کوردایەتی و جەستەیان داڕزاند و دووچاری کێشەیەکی لەبڕان نەهاتوویان کرد.

سەرکردایەتی پارتی باسکی جەلالیش لەباتی ئاشکراکردنی ڕاستی ڕووداوەکان، بە چەندین بیانووی دوور لە ڕاستی و پەردەدار بە ناوی کوردایەتییەوە کەوتە پاساودانی پەیوەندی خۆی و ڕژێم، لە ڕووداوەکانی ئایندەدا پتر بۆ خوێنەر دەردەکەون.

پتەوبوون و خەستبوونەوەی پەیوەندی مەلامستەفا بە ئێرانەوە لە یارمەتیدانی ئێراندا لەو شەڕەی کە لە ڕۆژی ٩٦٦/١/١ دا کرا بە فەرماندەیی (عزیز عەقراوی) لە پێنجوێندا دەرکەوت و پاشان لە بەرەی چوارتا و ڕەواندوزدا، کە هەم بە تۆپ و تەقەمەنی وە هەم بە لۆجستیک یارمەتیەکی خەستی بارزانیان دا، کە بووە هۆی گرتنەوەی پێنجوێن و ناوچەی ڕەواندوزیش.

ئەو کارەوای لە ڕژێمی عێراقی کرد کە هاواری لێ هەڵسێ و بکەوێتە ناڕەزایی دەربڕین دژی ئێران لە یارمەتیدانی باسکی مەلاییدا.

ڕۆژی ٩٦٦/١/٣ عبدالعزیز عقیلی وەزیری بەرگری عێراقی لە ڕۆژنامەی (المنار)دا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا ئێرانی هوشیار کردەوە کە پێویستە سنووری خۆی لە ووی یاخیبووەکاندا داخا و بەڵگە ئەداتە دەست هەندێ وولاتی دەرەوە دەست بخەنە ناو کاروباری ئێران و عێراقیشەوە، وە هەوڵی دروستکردنی ئیسرائیلێکی دووهەم بدەن لە عێراقدا.

ڕۆژی ٩٦٦/١/٤ عدنان پاچەچی وەزیری ناوخۆی عێراق، بالیۆزی ئێرانی لە بەغدا بانگ کرد و ئاگاداری کرد کە ئێران یارمەتی بارزانی دەدا و سنووری خۆی بۆ کردۆتەوە. کە لەوێوە هێرش بەرنەسەر شار و شارۆچکە و سەربازگاکانی عێراقی بە چەک و تەقەمەنی ئێرانیەوە.

لە ٩٦٦/١/٥ دا عبدالرحمن عارف سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی، لە ڕاگەیاندنێکیدا بۆ ڕۆژنامەی لۆمۆند ووتی: دەست تێوەردانی حکومەتی ئێرانی لە کاروباری ناوخۆی عێراق و یارمەتیدانی کوردە یاخی بووەکان ڕوون و ئاشکرایە و بەڵگەشمان هەیە کە مەلامستەفا بارزانی لە مانگی ٩٦٥/١١ دا لەگەڵ سەرەک وەزیرانی ئێران ئەمیر عباس هوەیدا کۆبۆتەوە.

لە ٩٦٦/١/١٢ دا نامەیەکی لقی٤ مان بۆ هات دەڵێ: "بارزانی ئێستاکە جگە لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، پەیوەندی بە ئیسرائیلیشەوە هەیە و لە سەرەتای مانگی ٩٦٦/١ دا کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیان لە ڕێگای مۆسکاوە لە شوێنێکی نەزاندراوەوە گیاندۆتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا تا لە ڕێگای تورکیاوە بگەیەنرێت بە بارزانی، بەلام چەکەکان لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانیەوە گیراون".

دواجار دەرکەوت کە ئەو هەواڵەی نامەکەی لقی٤، بەو جۆرە نەبوو، وە لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا و بی.بی.سی یەوە لە ٩٦٦/١/٢٥ ڕوون بووەوە کە، ئەو چەکانە بە ڕێگەی حیزبی شیوعی عێراقیەوە لە وولاتی چیکۆسلۆفاکی سۆسیالیستەوە نێردراوە بە ڕێگەی قاچاغ بۆ ئەڵمانیا و لەوێوە بە ڕێگای ئیتالیادا و بە دەریادا ببرێتە تورکیا و لەوێشەوە بگەیەنرێتە کوردستان، بەلام پۆلیسی ئەڵمانی گرتبوونی.

هەروەک چۆن عبدالسلام عارف گەمەی بە سەرکردایەتی پارتی باسکی جەلالی دەکرد و دەیویست بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان بهێنێ، بەو جۆرەش

سەرکردایەتی گەمەی بە ڕێکخراوەکانی و کادرەکانی و پێشمەرگەکانی دەکرد و، بەهەمان شێوەش پارتی باسکی مەلایی و مەلامستەفاش بە جەماوەر.

دیاردەیەکی سەیربوو، هێزەکانی سەر بە پارتی باسکی جەلالی لە هەر ناوچەیەکدا جموجوڵ و گەڕانیان بکردایە، ڕەبایەکان و سوپاگاکانی ڕژێم خۆیان لێ بێئاگا دەکرد، و بە هەمان شێوەش هێزەکەش لە هیچ لایەکەوە پەلاماری ڕەبایەی سوپای ڕژێمیان نەدەدا.

ئەو دیاردەیە سەرەتای گرتنی ڕێبازی چەوتی سەرکردایەتی بوو لە ڕابەرایەتی کردنی شۆڕش و خەباتی سیاسیدا. گۆڕانکاریەکان زۆر بە پەلە ڕوویاندەدا، تەرازووی هێز لە نێوان مەلایی و جەلالیدا ڕۆژانە بە سوودی مەلایی و زیانی جەلالی بوو، دوای خۆئاشکراکردنی یاخی بوونی جەلالی و بانگێشتنی هێزی پێشمەرگە و جەماوەر و عەشایەر بۆ یاخی بوون لە مەلایی، جموجوڵێکی گەورە لە ناوچەی پشدەر و ئاکۆیەتی ڕوویدا، عەشیرەتەکانی ئاکۆ و بلیاس و مەنگور و بەشێکی پشدەر خۆیان بەلای جەلالیدا ساغ کردەوە.

لە سەرەتای مانگی ٩٦٦/٤ وە بە ئاشکرا هەست بە جموجوڵی سوپایی ڕژێم دەکرا بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرش بردنەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی، لە ٩٦٦/٤/١٢ دا نامەیەکی لقی٤ مان بۆ هات دەڵێ:

((بۆچونەکانی ئێمە و حکومەت لەسەر مەسەلەی کێشەی گەلەکەمان لە یەکەوە نزیکە و ڕژێم ئامادەی دانانە بە مافی گەلی کوردمان لەسەر بناغەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا.

ئێمە وامان لە حکومەتی عێراقی کردوە کە هەوڵ بدات بارزانیش بەشداری گفتوگۆ بێ تاکو ئاشتیەکی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بێتە کایەوە.

بەلام بەهۆی ڕازینەبوونی شای ئێران، بارزانی بەهیچ جۆرێ ئامادەی وتووێژ نیە و لە هیچ وتوویژێکیشدا بەشداری ناکات کە بلو و جلوی تیا بێت.

لە وەلامدانەوەی بارزانیدا، ڕەنگە ڕژێم لەم ماوەیەدا (بالتحدید لەم مەقتەیەی ئایندەدا) هێرش بەرێتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بارزانی بە تایبەت بۆ زۆزک و هەندرێن.

بۆیە پێویستە:

١-هەموو هێزەکانمان لە ناوچەکانی خۆیاندا بمیننەوە، لەکاتی هێرشی سوپادا جگە لە بەرگریکردن لە خۆ هیچ پەلامارێک نەدەن و دەبێ هەموو چالاکیەک دژی سوپای ڕژێم ڕاگرن.
٢-چاوەڕێی بڕیارەکانی ئایندەی سەرکردایەتی بن.
٣-لەکاتی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە، پێویستە ناوچە و بارەگاکانی خۆتان چۆڵ نەکەن!!.

مردنی عبدالسلام عارف

ڕۆژی ١٣/٤/٩٦٦ کە ئێمە چاوەڕێی شتی ترمان دەکرد، ئێزگەی بەغدا هەواڵی بەربوونەوەی فڕۆکەکەی عبدالسلام عارف و سووتانی ڕاگەیاند.

ئێمە پێمان وابوو ئەو ڕووداوە و مردنی عبدالسلام، هەم نەخشەی شەڕەکەی ڕژێم لە زۆزک و هەندرێن دەگۆڕێ و هەم ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی.

مردنی عبدالسلام عارف گۆڕانێکی ئەوتۆی لە کابینەی حکومەتی عێراقیدا نەکرد.

عبدالرحمن عارف ی برای عبدالسلام بووە سەرەک کۆمار و وەزارەتیش وەک خۆی مایەوە جگە لە وازهێنانی عبدالعزیز عقیلی وەزیری بەرگری و دانانی شاکر محمود شکری بە وەزیری بەرگری.

عوقەیلی پێی وابوو لەناو جەنراڵەکانی عێراقیدا لە هەموویان شیاوترە بۆ سەرەک کۆماری و خۆی لە عبدالرحمن عارف بە شیاوتر دەزانی، بەلام لەبەرئەوەی کە عارف پاڵپشتی لەناو سوپادا بەهێزتر بوو، لە عوقیلی ئەو کرا بە سەرەک کۆمار و عەقەیلیش وازی هێنا لە کارکردن.

هێزەکانی سوپای عێراقی وورده‌وورده پتر لە شوێنی مەبەستی هێرشبردن نزیک دەبوونەوە، لەلایەکی تریشەوە خەڵکیان ڕادەسپارد کە مەلامستەفا قایل بە گفتوگۆ بکەن.

ڕۆژی ٢/٥/٩٦٦ سوپای ڕژێم هێرشی بردە سەر زۆزک و هەندرێن و پاش سێ ڕۆژ شەڕ سوپای ڕژێم پێشڕەوی کرد و ئەو دوو شوێنە ستراتیژیە گرنگەی گرت.

سوپای ڕژێم بە دوو فەیلەق سەرباز و هێزی بارزانی بە (٢،٧٠٠) چەکدارەوە بە فەرماندەیی ئیدریس بارزانی بوو.

ئەو شەڕە بۆ ئەو کاتە و بۆ بارزانی و ڕژێمیش تا ڕادەیەک گرنگ بوو، بۆیە مەلامستەفا هەستی بە مەترسی ئەو تێکشکانە کرد و کەوتە کۆکردنەوەی ٨٠٪ ی هەمو چەکدارەکانی و بە یارمەتی تۆپ و تفاقی شەڕی ئێرانی و حیزبی شیوعی

عێراقیش لە ٩٦٦/٥/٩ دا هێزشیان بردەوە بۆسەر هەندرێن و لە ٩٦٦/٥/١٤ دا هەندرێنیان گرتەوە و لە ٩٦٦/٥/١٧ دا شاخی زۆزکیشیان گرتەوە.

ئەو شەڕە هەم بۆ مەلامستەفا و هەم بۆ حکومەتەکەی بەزاز چارەنووس ساز بوو، بۆ مەلامستەفا:

١-بە لەدەست دانی زۆزک و هەندرێن یادیشان لە ناوچەی سۆران دادەبڕا و تەیدەتوانی وا بە ئاسانی پێکیانەوە ببەستێ.

٢- بە تێکشکان لەو شەڕەدا بایەخی لای ئێران و لای حکومەتی عێراقیش کەم دەبۆوە.

٣-بە تێکشکان لەو شەڕەدا هێزەکەی تووشی پاشاگەردانی دەبوو، بەتایبەتی لە سۆراندا (بەدیلێکی تر هەبوو کە پارتی باسکی جەلالی بوو.)

٤-سەرکەوتنی بارزانی لەو شەڕەدا گەورەترین خاڵی بەهێزی لە مەیدانی کاری شەڕی چەکداری و لە مەیدانی سیاسیشدا دەرخست. گەر سوپای عێراقی سەرکەوتوو بووایە، ئەوا بیروڕای چارەسەری سوپایی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ زاڵ دەبوو، و بە هیچ جۆرێ ڕوویان نەدەکردە چارەسەری سیاسی و گرتنەبەری ڕێبازی گفتوگۆ.

بۆ حکومەتی بەزازیش گرنگ بوو کە ڕای بەزاز وابوو (دەبێ چارەی ئاشتیانە و سیاسیانە و دیلۆماسیانە بۆ مەسەلەی کورد بگیرێتە بەر و لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێکەوتنی سیاسیەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بگرێ بە پێچەوانەوە ڕای جەنراڵەکان بەکارهێنانی زەبروزەنگ و کۆکردنەوەی گەورەترین هێز و دەرپەڕاندنی مەلامستەفا بوو.

دوای ئەو تێکشکانەی ڕژێم، حکومەتی عێراقی بە گەرمی ڕوویان کردەوە سەرکردایەتی پارتی باسکی جەلالی و وتوویژکردن.

وە لەولاشەوە پەیوەندیان لەگەڵ بارزانی کرد بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، ڕای سەرکردایەتی وابوو کە بارزانی ئامادەی گفتوگۆ نابێ لەگەڵ ڕژێم، هەم گوایە ئێران ڕێگەیان نادات و هەم لەو شەڕانەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و مەستی ئەو سەرکەوتنانەن، وە لە لایەکی تریشەوە ئامادەی گفتوگۆ نابێ سەبارەت بە بەشداری باسکی سەرکردایەتی.

بەلام بۆچوونەکانی سەرکردایەتی وا دەرنەچوو، ئەوەی کە سەرکردایەتی بە هەڵەدا بردبوو ئەوە بوو کە بیروڕا و هەستی بارزانیان بەرامبەر بە خۆیان بیر

چووبوّوە، مەلامستەفا هەمیشە ئامادەی ئەوە بوو کە دەست لە شۆڕش و مافی گەل و کێشەی کورد هەلگرێ و لەگەل هەر لایەکدا بێ ڕێکەوێ بۆ لێدانی سەرکردایەتی پارتی باسکی جەلالی.

مەلامستەفا ئەو جارە لە بالادەستیەوە بەهێزی سەرکەوتنیان لە شەڕی هەندرێن و زۆزک وەلامی داوای ڕژێمی دایەوە و ڕێگای گفتوگۆی پەسەند کرد، بۆئەوەی کە هەم دەستبەتاڵ بێ بۆ بەگژاچوونەوە و بەربەست کردنی ئەو باخی بوونانەی کە لەو ماوەیەدا لە هێزی ڕزگاری و هێزی کاوەدا ڕوپدا بە فەرماندەیی ئەوشیروان فوئاد مەستی و ئەحمەد حەمەدەمین، وە هەم سەرکردایەتی پارتی باسکی جەلالیش وەک سالی ١٩٦٤ لێبکات و تەفروتوونایان کات بە دوو ئەخشە:

ا-لە گفتوگۆ لەگەل ڕژێمدا جەخت لەسەر چەک کردنیان بکات کە ناوی لێنابوون جاشی ئەستوشەش.

ب-پاش چەک کردنیان ئەوسا هێرشیان بەرێتە سەر.

# ٥ ووتوویژی سالی ١٩٦٦

## ٥-١ ووتوویژی نێوان بەزاز و م.س و بارزانی

پرۆژەکەی عبدالرحمن بەزاز بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتی و لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە بریتی بوو لە (١٢) بەند (مادده). وە لەگەل سەرکردایەتی باسکی جەلالی لەسەر ئەو ماددانە پێکهاتبوون، و چاوەڕێی نوێنەری بارزانیان دەکرد کە ئەوانیش قایل بن و ئەوساکە لە ڕادیۆ و تەلەفیزۆندا بلاوبکرێتەوە.

(١٢) ماددەکەی بەزاز ئەمانەی خوارەوە بوون، کە لە دواییدا دەقی پرۆژەکەش دەخەینە ڕوو:

١-دانان بە مافی کورد لە دەستووری کاتی و هەمیشەییدا و یەکسانیان لەگەل نەتەوەی عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا.

٢-جێبەجێ کردنی یاسای ناوەندی پارێزگاکان.

٣-زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکان زمانی ڕەسمی بێ لەپال زمانی عەرەبیدا.

٤-نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراقیدا ژمارەیان بەپێی ڕێژەی ژمارەی کورد بۆ ژمارەی عێراق.
٥-بەشداری کورد لە وەزارەتەکان و هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقیدا بەپێی سەرژمێریان.
٦-مافی تەواوی خوێندنی لە هەموو ئاستەکاندا و بووژاندنەوەی کلتوری کوردی.
٧-هەموو فەرمانبەرەکانی حکومەت لە ناوچە کوردیەکان کورد بن.
٨-ژیانی پەرلەمانی و سەربەستی سیاسی و کارکردنی حیزبایەتی و ڕێگادانی دەربڕینی بیروڕا لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بۆ کوردەکان فەراهەم دەکرێ.
٩-دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ سەرباز و پۆلیسە هەڵاتووەکان و چارەسەری مەسەلەی چەکداری.
١٠-بەردانی گیراوە سیاسیەکان.
١١-کردنەوەی دانیشتگایەک لە کوردستان.
١٢-بژاردنەوەی زەرەر و زیان.
لە ٩٦٦/٦/١٣ دا وەفدێکی بارزانی بە سەرۆکایەتی سکرتێری پارتی بارزانی (حبیب محمد کریم) و ئەندامەتی ئافیز جەلال، ساڵەح یوسفی و محسن دزەیی چوونە بەغدا.
وەفدەکەی بارزانی دەیانویست (٣) خاڵی تر بخرێتە سەر (١٢) ماددەکەی بەزاز:
١-ناوەندی ئۆتۆنۆمی لە دهۆک بێ.
٢-تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان باسکی بارزانی لە کوردستاندا بە شێوەی قانونی بناسرێ.
٣-پارتی دیموکراتی کوردستان باسکی جەلالی لە کوردستاندا هەڵوەشێنرێتەوە و هەموو چەکدارەکانیشیان وەک جاشەکانی تر چەک کرێن.
حکومەتی عێراقی بەو (٣) خاڵەی وەفدی بارزانی قایل نەبوو.
ڕۆژی ٩٦٦/٦/٢٥ وەفدەکەی بارزانی گەڕانەوە.
ڕۆژی ٩٦٦/٦/١٦ ڕێکەوتن نامەی نێوان سەرکردایەتی پارتی باسکی جەلالی و حکومەتی بەزاز مۆرکرا ئەو (١٢) ماددەیە ڕاگەیەندرا.
لە ڕاستیدا گەرچی ڕێکەوتن نامەکە نە ناوەرۆکی پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بوو وە نە جۆرە دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەرایەتی و پەرلەمانی و تەنفیزی تیا دیاری کرابوو، بەڵام تا ڕادەیەک لە ڕووی فەرهەنگیەوە دانیان بە مافی کورددا نابوو.

ئەو ڕاگەیاندنە، هەم لەلایەن بەشێکی زۆری جەماوەر لە شارەکان و هەم لەناو ڕیزەکانی هێزی چەکداری پاسکی جەلالی هیوایەکی زۆری پەیدا کرد، وە لەناو ڕیزەکانی پارتی پاسکی مەلاییدا مقۆمقۆیەکی دروستکرد و، ڕاکردن و چەکدانان و یاخی بوون سەری هەڵدا.

بارزانی هەستی بە مەترسی کرد و بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە و دەست والایی و بەکاربوون بۆ لێدانی دوژمنە سەرەکیەکەی کە بە سەرکردایەتی پاسکی جەلالی دەزانی دیسانەوە وەفدەکەی خۆی ناردەوە بەغدا و قایل بوونی خۆیان بەو (١٢) ماددەیە ڕاگەیاند.

لە ڕۆژی ٩٦٦/٦/٢٩ دا دیسانەوە هەمان (١٢) ماددەکەی بەزاز لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بەناوی پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد ڕاگەیەندرا و بە دوایدا بروسکەیەکی پشتگیری بارزانیش.

دەقی پرۆژەکەی بەزاز کە ڕاگەیەندرا ئەمەی خوارەوە بوو:

((ئەم حکومەتەمان ئارەزوومەندە کە سنوورێک بۆ ئەو بارە ناسروشتیەی سەرجەمی ژووروی وولات دابنێ و بیسەلمێنێ کە پارێزکاریکردنی خاکی عێراق و یەکیەتی نیشتمانی عێراقی ئەرکی سەرەکی سەرشانی هەموو لایەکە، و بۆ دووبارە توندوتۆڵ کردنەوەی پەیوەندی نێوان عەرەب و کورد و سەلماندنی ڕەگی قووڵی ئەو پەیوەندیە و خۆبەستنەوە بە مێژووی ئەو برایەتیەوە و دەرخستنی نیازی پاکمان لە پاراستنی، ڕایدەگەیەنین کە:

یەکەم: حکومەتی عێراقی بێ چەندوچوون دان بە بوونی نەتەوەی کورددا دەنێ لە دەستووری کاتیدا وە لەکاتی گۆڕانی دەستوریشدا و لە دەستوری هەمیشەییشدا بە فراوانترین شێوە دیاری بکرێ کە لە چوارچێوەی نیشتمانی عێراقدا دوو نەتەوەی سەرەکی لەسەر دەژین (عەرەب، کورد) و بەو جۆرەی کە لە هەموو مافێکدا وەک یەک بن.

دووەم: حکومەت ئامادەیە کە ئەو ڕاستیەی ماددەی یەکەم بە کردەوە لە یاسای پارێزگاکاندا کە بە دەستەوەیە تەواو بێ جێبەجێ بکات، لەسەر بنچینەی لامەرکەزی کە هەموو لیوا و قەزا و ناحیەیەک شەخسیەتی مەعنەوی خۆی هەبێ و بڕوای پێکرابێ، وە هەریەک لەو ناوچانە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی خۆی و

دەسەلاتی فراوانی تایبەتی خۆی هەبێ لە مەیدانەکانی پەروەردە و فێربوون، تەندروستی، کاروباری ناوخۆ و شارەوانی بەپێی یاسا کە دیاری کردوە.

وە بە پێی یاسای دیاریکراو دەکرێ کە گۆڕانکاری لە سنووری ناوچە بەڕێوەبەرایەتیەکاندا بکرێ یان ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی نوێ لەکاتی پێویست و بەپێی بەرژەوەندی گشتی پێکبهێنرێ.

سێهەم: شتێکی سروشتیە کە حکومەت بڕوا بە زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا دەکات، لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. وە لەو سنوورەی کە یاساش دیاریدەکات زمانی کوردیش وەک زمانی عەرەبی لە نوسین و خوێندندا بەکاردەهێنرێ و کاری پێدەکرێ.

چوارەم: حکومەت بڕیاری داوە لەو ماوەیە کە لە دەستوری کاتیدا دیاریکراوە هەڵبژاردنی گشتی بکرێ بۆ دانانی پەرلەمان بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە وەزارەت دایرشتوە. برا کوردەکانمان بەپێی ژمارەیان کە دیاریکراوە لە ئاماری گشتی دانیشتوانی عێراقدا، هاوبەشی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) دەکەن بەو جۆرەی کە یاسای هەڵبژاردن دیاری دەکات.

پێنجەم: شتێکی سروشتیە کە کوردەکانیش هاوبەشی برا عەرەبەکانن لە هەموو فەرمانبەرێتیەکی گشتیدا بەپێی ڕێژەی ژمارەیان (لە وەزارەتەکان، دادگاکان، بەڕێوەبەرایەتیەکان، و لە بەشی دیلۆمات و لەناو سوپادا) لەگەڵ ڕەچاوکردنی سەرەتای توانا و لێهاتوییدا.

شەشەم: ژمارەیەک لەو خوێندکارانەی کە بە زەمالە یان بەعسە یان مەنحەی خوێندن لە هەموو بەشەکنی خوێندن و لە هەموو ئاستەکاندا دەنێردرێنە دەرەوەی وولات لە کوردەکان دەبێ، بەو پێیەی کە سەرەتای لێهاتویی و پێویستی وولاتی تێدا پێشێل نەکرێ.

دانیشتگای بەغداش گرنگی پتر بە لێکۆڵینەوەی زمان و هونەر و کلتور و شارستانیتی کوردی دەدات، و هەوڵ دەدرێ کە لە کاتی لەباربوونی توانای تایبەت چەند کۆلیجێک لە ژووروی وولاتدا بکرێتەوە.

حەوتەم: لەگەڵ ژیانی پەرلەمانیدا، هەندێ ڕێکخراو و پارتی سیاسیش دروست دەبن، و ڕۆژنامەکانیش دەتوانن خواستەکانی گەل ڕەنگ پێبدەنەوە. حکومەت لەو ڕووەوە ڕێگە بە کوردەکان دەدات لەو سنوورەی یاسا دیاری دەکات کە پارت و ڕۆژنامەی خۆیان هەبێ، وە لە ڕۆژنامە سیاسی و هونەریەکان لە ناوچە

کوردەکاندا بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان بە هەردوو زمانەکە دەبن بەپێی داوای خاوەن ڕۆژنامە.

هەشتەم:

ا-لەگەڵ تەمانی توندوتیژی لە ژوورووی وولاتدا، بڕیاری لێبوردنی گشتی دەردەکرێ بۆ هەموو ئەوانەی کە بەشداری کاری توندوتیژیان کردووە، یان پەیوەندیان پێوەی هەبووە، ئەم بڕیارە ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەهۆی ئەو کارانەوە حوکمیان بەسەردا دراوە یان سەربەستیان لێ زەوت کراوە.

ب- هەموو مووچەخۆر و فەرمانبەرێکی کورد دەگێردرێنەوە سەر کار و پیشەی پێشوویان و شوێن و جێی کاریشیان بۆ دابین دەکرێ و مەغدووریشیان ڕەچاو دەکرێ.

ج-حکومەت بە هەموو توانایەوە کار دەکا بۆ گەڕانەوەی هەموو کرێکارە کوردەکان بۆ شوێنە کۆنەکانیان کە لێی دەرکراون. ((بەتایبەت مەبەست لە کۆمپانیای نەوتە)) وەرگێڕ.

نۆهەم: هەموو ئەوانەی کە لە هێزی چەکداری عێراقیدا بوون و هەڵاتوون، لەگەڵ دەرچوونی ئەم بەیانە یەکسەر بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان لە هێزی چەکداری عێراقی، کە دەبێ لە ماوەی (٢) مانگدا هەموویان گەڕابنەوە، وە هەرچی بگەڕێتەوە وەک برا ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ و بڕیاری لێبوردنیشیان بۆ دەردەچێ.

ا-ئەوەی لەناو سوپاوە ڕایکردوە بگەڕێتەوە ناو سوپا بە چەکەکەیەوە.

ب-ئەوەی لەناو پۆلیسەوە ڕایکردوە بگەڕێتەوە ناو هێزی پۆلیس بە چەکەکەیەوە.

ج-بەلام ئەوانەی کە لە هێزی چەکداری دەزگاکانی دەوڵەتیەوە ڕایان نەکردوە و ئێستا چەکدارن بە بەشێک لە هێزێکی حکومەتی چەکدار دەناسرێن و تا گەڕانەوەیان بۆ سەر کاروباری پێشوویان کە دەبێ حکومەت هەوڵی ئاسانکردنی ئەو کارە بدات دەبێ حکومەت لە ژیانیان بەرپرسیار بێ، و هەر کەسێ گەڕایەوە سەر کاری ئاسایی خۆی یا شوێنی کاری بۆ دابین کرا دەبێ چەک و چۆلەکان بدەنەوە بە حکومەت، کە ئەمەش بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو لە هەردوو لاوە (حکومەت- شۆڕشی کورد) جێبەجێ دەکرێ.

د-شتێکی سروشتیە کە پاش گەڕانەوەی ئاسایش بۆ ژوورووی وولات هەموو چەکدارە ئانیزامیەکان (جاشەکان دەگەڕێنەوە سەر کار و پیشەی پێشووی خۆیان و بەپێی نەخشەیەکی دارێژراو چەکەکانیان لێ وەردەگیرێتەوە.

دەیەم: ئەو خەرجەی ئەمرۆ بەفیڕۆ دەدرێ لەبەر پەچدانەوەی ئەو توندوتیژیەی ژوورووی وولات کە هێندە زۆر لە توانا نەهاتوە، لەمەودوا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژوورو خەرج دەکرێ وە دەزگایەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژوورو دیاریدەکرێ، و لە نەخشەی ئابووریدا بووجەیەکی شیاوی بۆ دابین دەکرێ، و ئەو دەزگایەش دەبەسترێتەوە بە وەزارەتی هاوینەهەوارەکان و جەنگەڵ و توێژینی لە ژوورووی وولات، وە هەر هەمان وەزارەت سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکا کە کاروبارە تایبەتیەکانی ناوچە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ژوورو ڕێکدەخا بۆ گرنگیدان بە کلتووری کوردی و بەرنامەی پەروەردە و فێرکردنی کوردی، هەروەها حکومەت کاردەکا بۆ قەرەبوکردنی زیان لێدراوەکان بە شێوەیەکی ڕەوای ئەوتۆ کە بەو قەرەبو کردنە هەموو زیان لێدراوەکان بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان دروست بکەنەوە، و بتوانن هاوبەشی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری وولات بکەن و بە ئارامی بژین.

لەو ڕووەوە کە حکومەت بڕوای بە گرتنەبەری ڕێگای مرۆڤدۆستانە هەیە، هاوکاری و یارمەتی هەموو بێوەژن و هەتیو و کەم ئەندام دەدات کە بوونەتە قوربانی توندوتیژیەکەی ژوورووی وولات، وە شوێن و جێگا و ژیان و پەیمانگای پەروەردەیان بەپێی توانا بۆ دابین دەکا.

یانزەهەم: حکومەت هەڵدەستێ بە گێڕانەوەی ئەوانەی کە کۆچیان پێ کراوە، یان لە ناوچەکانی خۆیان دوور خراونەتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێی پێشوویان.

هەر جێگا و شوێنێک کە دەوڵەت بۆ سوودی گشتی بیەوێ بەکاری بهێنێ، دەبێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بە پەلە قەرەبووی زیانی خاوەنەکانیان بکرێتەوە.

دەبێ هاونیشتمانانی خۆشەویست لە ئەوپەڕی ژوورو تا ئەوپەڕی خوارووی وولات ئەو ڕاستیە بزانن کە پارێزگاری کردنی هێمنی و ئارام و ئاسایشی وولات لە ناوەوە و لە دەرەوە تەنیا و تەنیا کاری دەوڵەتە و کاری هیچ لایەنێکی جیا لە دەوڵەت نیە. وە سوپایەکی ئەوەندە ڕێکوپێک و ڕێکخراو و ئازامان هەیە کە ئەو ئەرکە پیرۆزەی سەرشانی جێبەجێ بکات.

ڕۆژنامەی جمهوری ١٩٦٦/٦/٢٩

ئەمەش دەقی بروسکەی پشتگیری مەلامستەفایە بۆ عارف و بەزاز

بۆ بەڕێز سەرەک کۆمار و بەڕێز سەرەک وەزیران
لە مستەفا بارزانیەوە

ئەو بەیانەی ئەمڕۆ بەڕێز سەرەک وەزیران تەشریفی فەرموو بە خوێندنەوەی سەبارەت بە سیاسەتی حکومەت دەربارەی ژوورووی وولات و ئەو پرۆژەیەی کە لە گەوهەری بەیانەکەدا بوو بۆ نەهێشتنی باری نائاسایی ژوورو، ڕەنگدانەوەیەکی دڵسۆزانەیە لە ئارەزووی ڕۆڵەکانی گەل بەگشتی لە عەرەب و کورد بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و برایەتی و پێشکەوتنی وولات و یەکیەتی نیشتمانی. ئێمە پشتگیری دڵسۆزانەی خۆمان بۆ هەموو مادەکانی بەیانەکە دەردەبڕیان و لای خۆمانەوە کاری تەواو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانەی لە پرۆژەکەدا هاتووە دەکەین. و لە خواش دەپاڕێینەوە کە دەست بە بالاتانەوە بگرێ و سەرکەوتووتان کات لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە مێژووییە.
ڕۆژنامەی جمهوری ١٩٦٦/٦/٣٠

ئەم ڕێکەوتن نامەیە، بەهیچ جۆرێ لە شێوە و ناوەڕۆکدا لەگەڵ ڕێکەوتن نامەکانی تری پێشوو و دواییش تا ١١/ئازار/٩٧٠ جیاوازیان نەبووە جگە لە جیاوازی ڕیزکردنی ڕستەکان.

لەڕووی هەلومەرجی سیاسی و مێژوویی نەتەوەیەکەوە، لەڕووی خواست و هیوا و ئاواتی گەلێکی داگیرکراوەوە، هەرگیز ڕەخساو و لەبار نەبوون بۆ ئەو ڕێکەوتنەی کە هەردوو باسکی پارتی (مەلایی-جەلالی) خەونی سەوز و زەردیان پێوە دەبینی. تەنیا یەک هۆ پاڵی بە هەرسێ لاوە نا (ڕژێم، جەلالی-مەلایی) بۆ وتووێژ و ڕێکەوتن لەسەر لەسەر ئەو چەند دەستکەوتە کلتوریەی کە ڕژێمی عێراقی بە منەتێکی زۆرەوە بە بەخشینی مافی کوردی دەزانی، ئەویش بوونی دووبەرەکی نێوان جەلالی و مەلایی بوو کە ئەم دوو لایەنەش لەبەر دووبەرەکیان و بیرکردنەوەی تەسکی هەردوولایان لە پەرستنو پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی سیاسی حیزبی خۆیان و ئەرامۆشکردنی بەرژەوەندی پیرۆزی ڕزگاری و نەتەوەیی ی بەدیهێنانی ئاماتجەکانی شۆڕشی ئەیلول ئەو کارەیان کرد. لەلایەکی تریشەوە ڕژێم ئەو دووبەرەکیەی بە هەلێکی گرنگ دەزانی بۆ خۆدەرباز کردن لە کێشەی کورد و شەڕی ناوخۆ بە کەمترین دەستکەوت.

هەرچەندە سکرتێری پارتی باسکی مەلایی (حەبیب محمد کەریم) لە لێدوانێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی فەرەنسی (کریس کوچیرا) دەڵێ: ئێمە کە

شەڕمان ڕاگرت بارودۆخمان باش نەبوو، تەقەمەتی و ئازووقە و دەرامەتمان زۆر لە کزی بوو، بۆیە بەو (١٢) ماددەیە قایل بووین.
بەلام (د. محمود عوسمان)ی ئەندامی م.س ی باسکی مەلایی، هەر لە هەمان شوێن و کات لەگەڵ هەمان نووسەردا دەڵێ: ئێمە دەمانتوانی زۆر بە سێتایی لەو ماددانە پتر داواکەین، بەلام بەداخەوە کەڵکمان لێ وەرنەگرت.

لەدوای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٦ وە بە کردەوە شەڕی نێوان کورد و عێراق نەما، بەلام شەڕ بە بارێکی تردا کەوتەوە، شەڕی کورد و کورد دەستپێکرد.

وەک لە پێشەوە ڕوونم کردەوە (ڕاوی ڕێوی بۆ کەولەکە) بوو. وەستانی شەڕیش لە نێوان کورد و عێراقدا بە پلانی (مەلایی-جەلالی-ڕژێم) بۆ دروستکردنی شەڕی کورد و کورد بوو. مەلامستەفا لەلای خۆیەوە دەستبەتاڵ بوو بۆ هێرش و پەلاماردانە سەر بنکە و بارەگا و هێزەکانی باسکی (جەلالی).

سەرکردایەتیش هەم لە باری بەرگریکردن و هەم چاوپیار هێرش و پەلاماردا بوو بۆسەر بنکە و بارەگاکانی باسکی (مەلایی).
لەڕووی ڕاگەیاندنیشەوە هەردوو پارتی تەواوی ڕۆژنامەکانی خۆیان بۆ شەڕی ڕاگەیاندن دژی یەکتری تەرخان کردبوو، ڕۆژنامەی (النور) زمانحاڵی پارتی باسکی (جەلالی) بوو، وە ڕۆژنامەی (التآخی) زمانحاڵی پارتی باسکی (مەلایی) بوو.

## ٥-٢ شەڕی نێوان (جەلالی-مەلایی)

لەدوای ڕاگەیاندنەکەی ٢٩/حوزەیران/١٩٦٦ وە، بارێکی نەشەڕ نە ئاشتی لەنێوان کورد و عێراقدا باڵی کێشا بەسەر کێشەی کورددا.
بەلام شەڕی کورد و کورد ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان باسی (جەلالی) کە پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە کرد و هەلی گفتوگۆیان ڕەخساند، بەو نیزە نەبوو کە چارەسەری کێشەی کورد و دابینکردنی ئاشتی و گەڕانەوەی سەرفرازی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی خاکی کوردستان لەو ڕێگەیەوە دەست دەکەوێ، بەڵکە ئەو گفتوگۆیە و پەسەندکردن و قایل بوون بە (١٢) ماددەکەی بەزاز وەک چارەسەری کێشەی کورد، کرانە هۆ (وەسیلە) بۆ مەبەستێکی تری تایبەت و تەسک ئەویش گەیشتن بە ئامانجی تەسکی حیزبی و تایبەتمەندێتی کەسایەتی کەسانی سەرکردایەتی واتە چارێکی تر

بەهێزبوونەوەی باسکی سەرکردایەتی و م.س (جەلالی) لێدان و تۆڵەکردنەوە لە پارتی باسکی بارزانی (مەلایی) و دەرپەڕاندنیان لە خوارووی کوردستاندا لە تۆڵەی ئەو شکستە سیاسی و پێشمەرگانەیەی کە لە ١٩٦٤ دا تووشی هاتن.

پارتی دیموکراتی کوردستانی باسکی (مەلایی)، بە سەرکردایەتی و ڕابەری و فەرماندەیی مەلامستەفای خاوەن بڕیار و تاکە دەسەلاتی ناو حیزبەکە کە هەستی بە مەترسی باڵەکەی تە کرد، ئەمیش مەسەلەی کورد و شۆڕش و بەرژەوەندی گەلی کردە قوربانی کینە و ڕقی لەبڕان نەهاتووی بەرامبەر باڵی (جەلالی) و لەگەڵ دوژمنە سەرەکیەکەدا ئاشتی ڕاگەیاند بۆ دەستبەتاڵ بوونی بۆ لێدانی باڵەکەی تر و هەڵگیرساندنی شەڕی کورد و کورد دووبارە.

نە باڵی سەرکردایەتی لە پێناوی مەسەلە سەرەکیەکەی کورددا، نەرمیان نواند ونە بە ڕابەری بێ چەندوچوونی بارزانی قایل بوون، وە مەلامستەفاش کە کلیلی چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆکەی بەدەست بوو، هەروەها نەرمی نواندن و ڕێکەوتنی لەگەڵ باسکی سەرکردایەتی نەدا و بە گیانی سەرکردەیەکی بەرپرسیار لە ئایندەی کورد ڕەفتاری لەتەکدا نەکردن.

هەردوولایان بەو ڕەفتارە ناسیاسی و ناکوردایەتیە بوونەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی ناوخۆی سەخت کە تا دەهات برینەکان قووڵتر دەبوونەوە و ڕیزەکانی گەل و شۆڕش پتر لێکتر دەترازان. ماڵوێرانی گەلی کوردیش وەک بەرهەمی ئەو سیاسەتە چەوتە تا دەهات پتر تەشەنەی دەکرد تا وای لێهات بووە نەریتێکی درێژەپێدراو و لەبڕانەوە نەهاتوو، دەرچوون لە قاڵبی سیاسەت و چوونە ناو قاڵبی دوژمنایەتی خێڵەکی و کەسایەتیەوە.

لەدوای ٢٩/حوزەیران/١٩٦٦ وە هەردوولا دەیانویست لە ڕێگەی هێرش و پەلامارەوە بۆسەر یەکتری کێشەکەیان یەکلایی بکەنەوە.

مەلامستەفا دەستی بە هێرش و پەلامار بۆسەر بنکە و بارەگا و هێزەکانی باسکی (جەلالی) کرد، سەرکردایەتی باسکی (جەلالی)ش بەهەمان شێوە ڕەفتاری دەکرد.

لەدوای حوزەیرانی ١٩٦٦ وە چەندین شەڕی توند لەنێوانیاندا ڕوویدا لە ناوچەکانی پشدەر، سووداش، شارەزوور، هەڵەبجە، دووکان و دەبەتجدیخان. بۆ نموونە:

لە ١٢/٧/٩٦٦ دا لە ناوچەی پشدەر شەڕێک لە نێوان چەکدارەکانی قادری مامەند ئاغای پشدەری کە سەر بە سەرکردایەتی بوون و نێوان چەکدارەکانی مام

وسوو دزەیی کە سەر بە بارزانی بوون ڕوویدا و لە ئەنجامدا هێزەکەی قادر ئاغا شکان و ناوچەکەیان چۆڵکرد و بەرەو بەکرەجۆ کشانەوە.

لە ١٩٦٦/٧/٢١ دا لە ناوچەی سورداش شەڕ لە نێوان هێزێکی سەرکردایەتی بە فەرماندەیی (حەمەئەمین مام کەریم قەمچوغەیی) و نێوان هێزێکی بارزانی بە فەرماندەیی (عارف قەرەچەتانی) ڕوویدا و پاش دوو ڕۆژ شەڕ عارف شکا. بەو شکانە هێزەکانی سەرکردایەتی دەستیان بەسەر هەموو ناوچەکانی دۆڵی سورداشدا گرت هەتا شارۆچکەی دووکان.

لە ١٩٦٦/٨/٢٣ دا لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە دیسانەوە شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویدا و ئەنجام بە سەرکەوتنی باسکی سەرکردایەتی و شکانی هێزەکانی بارزانی تەواوبوو.

لە ١٩٦٦/٨/٢٥ دا لە ناوچەی بازیان پاش شەڕێکی (٧) سەعاتی دیسانەوە هێزەکانی بارزانی شکان. ئەمانە هەندێک لەو شەڕانە بوون کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە ئەجندەی ساڵانەمدا تۆمارم کردبوون.

هەتا کۆتایی مانگی ١٩٦٦/١٠ هەموو ناوچەکانی هەڵەبجە، شارەزوور، وارماول، دەربەندیخان، قەرەداغ، گەرمیان، کەلار، بازیان، سورداش و دووکان؛ واتە زۆربەی سنووری پارێزگای سلێمانی کەوتە ژێر دەسەڵاتی پارتی باسکی (جەلالی). ئەو سەرکەوتنانە و قەبەبوونی هێزەکانی باسکی سەرکردایەتی بووە هۆی ئەوەی کە سەرکردایەتی بکەوێتە سەر بیروڕای گرتنی کۆنفرانسێک، بە تایبەت پاش وازهێنانی بەزاز لە سەرۆک وەزیری و هاتنی (ناجي طالب) بۆ جێگەکەی.

لەژێر فشار و پاڵەپەستۆی جەنراڵەکانی سوپایی عێراقیدا، عبدالرحمن بەزاز لە ناوەڕاستی مانگی ١٩٦٦/٨ دا خۆی لە سەرۆک وەزیری کێشایەوە. هۆکانی ئەو خۆکشانەوەیەش ئەمانە بوون:

ا-بەزاز پیاوێکی سیاسی بڕوا بە ژیانی پەرلەمانی هەبوو، دەیویست دەسەڵاتی سوپا و (عەسکەرتاری) لە حکومەتەکەی دوورخاتەوە، لە بەرنامەیدا بوو کە کێشەی ئابووری عێراق چارەسەرکا و ئاشتیەکی ڕاستی لە عێراقدا بەرقەرارکات، بۆئەوەی بتوانێ ئەو بەرنامەیەی جێبەجێ بکات دەبوایە کێشەی کوردی بە ڕێگە چارەیەک بگەیاندایە کە گۆسپ بوون، هەر بۆیەش پرۆژە (١٢) ماددەکەی داناو هەوڵیدا کە هەردوولای (مەلایی-جەلالی) قبیل کات لەسەری ڕێبکەون. بەلام

جەنەراڵەکانی سوپا کە ئەیانەویست دەوڵەتیان لەژێردەست بێتە بەری بوونە کۆسپ لەبەردەم بەزازدا.
ب-جەنەراڵەکانی سوپای عێراقی کە خاوەن دەسەلات و فەرمانڕەوایی حکومەتی عێراقی بوون سوودیان لە ئاشتیدا نەبوو، بەڵکە سوودیان لە شەڕدا بوو وە پێشیان وابوو کە سوپا دەتوانێ بەشەڕ ئەو کێشەیە بنەبڕ بکات کە ئەمەش لەگەڵ بیروڕای بەزاز نەدەگونجا.
ج-دوای ڕێکەوتنی هەردوولای (جەلالی-مەلایی) لەگەڵ بەزاز لەسەر ئەو پرۆژەیە، شەڕی ناوخۆی کورد و کورد، هەڵگیرسا و توندوتیژ بوو، جەنراڵەکانی سوپا پێیان وابوو کە ئەو شەڕە لە هێز و توانای هەردوولایان کەم دەکاتەوە و توانای گوشار خستنەسەر حکومەتیان نامێنێ بۆ جێبەجێ کردنی (١٢) ماددەکە، بۆیە دەبێ بەزاز لە بەڵێنەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە.
هەر بۆیەش پاش خۆکشانەوەی بەزاز و بوونی جەنراڵ ناجی تالب بە سەرەک وەزیر، بەزاز ڕایگەیاند کە ئەو پرۆژەیە هی حکومەتەکەی ئەو بووە، حکومەتی ناجی تالب دەتوانێ ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەکا و خۆی پێوە نەبەستێتەوە، یان بەردەوام بێ لەسەری.
سەرکردایەتی پارتی باسکی (جەلالی) لە ٢٨/٨-٢/٩/١٩٦٦ کۆنفرانسێکی بەست. لەو کۆنفرانسەدا بەرنامەی کۆنفرانس و ڕاپۆرتی سەرکردایەتی خوێندرایەوە. ڕاپۆرتی سەرکردایەتی بریتی بوو لە خستنەڕووی کاری سەرکردایەتی لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٦٤ و تا ئەو کاتە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان و لەسەر ئەم خاڵانە دووان:
١-هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت ١٩٦٤ و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەلامستەفا
٢-تێکشکان و چوونە ئێران و پەیوەندی بە ئێرانەوە و ئەنجامەکانی.
٣-هۆکانی گەڕانەوە لە ئێرانەوە و پاشان یاخی بوونی دووبارە لە مەلامستەفا.
٤-کاری نهێنی و پاشان پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە و گفتوگۆ.
٥-هەڵسەنگاندنی پێکەوە گفتوگۆ کردنی هەردوو باڵی پارتی لەگەڵ حکومەت.
٦- هۆیەکانی ڕێنەکەوتنی هەردوو باڵەکەی پارتی و پەیدابوونی یاخی بوون لەناو هێزەکانی بارزانی و دروستبوونی شەڕی ئێوان هەردوو باڵەکە.

٧-چۆنێتی وەرگرتنی هەڵوێست لە پاشگەزبوونەوەی حکومەت لە بەڵێنەکانی و گۆڕانی وەزارەت و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ وەزارەتەکەی (ناجی طالب).
٨-چۆنێتی پتەوکردن و فراوانکردن و گەشەپێدانی ڕێکخراوەکان و ڕێکخستن لەناو جەماوەر و پێشمەرگەدا و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە.
٩-لێدوان لەسەر دەستپێکردنی کۆنفرانسە ناوچەییەکان و خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەم سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئەنداماتی سەرکردایەتی و م.س دا ڕوویدابوو لە کۆنگرەی پێنجەمەوە تا ئەو کاتە.

من کە یەکێک لە بەشداربووانی کۆنفرانس بووم، بە ڕاشکاویەوە دەڵێم کە بە زۆربەیەکی زۆر هەم ڕاپۆرتی سەرکردایەتی و هەم بەرنامەی کۆنفرانس لە کۆنفرانسدا پەسەندکران، وە ئەنجام گیریەکەش بریتی بوو لە:
ا-بەڕاست زانینی هەڵوێستەکانی ڕابوردوو.
ب-داناشینی بڕوبیانوو بۆ پاساودانی هەڵوێستی سەرکردایەتی لە مەلامستەفا و دروستبوونی شەڕی کورد و کورد.
ج-تاوانبارکردنی مەلامستەفا و ئۆبال خستنە ملی مەلامستەفا لەو هەموو کارەساتەی کە ڕوویدا.
د-سووربوون لەسەر ڕاستی و شەرعیەتی ئەو باڵەی پارتی کە خۆیان سەرکردایەتیان دەکرد و خۆیان بە خاوەنی دەزانی و تاوانبارکردنی باڵەکەی بارزانی بە لادەر و پلانگێڕ بۆ لەناوبردنی پارتی.
هـ-نکۆڵکردن لە شەرعیەتی کۆنگرەی شەشی پارتی باسکی بارزانی و بڕوا پێنەکردنی.

بە کورتی ڕەوایی کردن و شەرعی کردنی هەموو بڕیار و بۆچوون و هەنگاوەکانی سەرکردایەتی کە بووە هۆی دروستبوونی شەڕی براکوژی و پەیدابوونی نەریتێکی دوور لە هەموو ڕەوشتێکی سیاسی.
و-سووربوون لەسەر درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ مەلامستەفا تا دەرکردنی لە کوردستان.
ز-درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتەکەی ناجی تالیب و هەوڵدان بۆ بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێ کردنی (١٢) ماددەکە و ستایشکردنی حکومەت.
ح-تاوانبارکردنی مەلامستەفا بە خائن و بەکرێگیراوی ئێران.

لەبەرامبەر ئەو هەڵویستەی سەرکردایەتی پارتی پاسکی (جەلالی) کە لە کۆنفرانسدا گرتی و سەبارەت بە توند و تیژبوونی شەڕی کورد و کورد، وە بەهۆی هاتنە سەر کاری حکومەتە نوییەکەی (ناجی تالب). مەلامستەفاش بەهەلی زانی کە ئەو بارودۆخە بقۆزێتەوە و هەوڵی وەتەقەخستنی و وەلاوەنانی سەرکردایەتی جەلالی بدات لە گفتوگۆ دا لەگەڵ ئەو حکومەتە نوێ.

لەکۆتایی مانگی ١٩٦٦/٩ دا مەلامستەفا یادداشتێکی ڕەخنە و گلەیی ئامێزی دا بە سەرۆک کۆمار عبدالرحمان عارف، لەو یادداشتەدا ئاماژەی پتر بۆ ئەوە کردکە حکومەت لایەنگیری و پشتیوانی لە جەلالیەکان دەکات و بە چەک و پارە و تەقەمەنی بەهێزیان دەکات دژی شۆڕش، وە ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە، ئەگەر حکومەت نیازی باشەی هەیە و دەیەوێ شەڕ نەمێنی و ئاشتی بەرقەرار بێت، و گفتوگۆ بەردەوام بێت، دەبێت (جاشەکانی جەلالی) چەک کرێن و هەموو پارمەتیەکان بیبڕدرێن.

لە ١٩٦٦/١٠/٢٦ دا عبد لرحمان عارف سەردانی خوارووی کوردستانی کرد، لە مەفرەقی دوڕیانی ڕەواندوز لەگەڵ مەلامستەفا دا کۆبوەوە.

لەو دانیشتنەشدا مەلامستەفا لەباتی ئەوەی سووربێت لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی حوزەیران، کە چی سوور بوو لەسەر چەک کردنی جاشەکانی جەلالی و لێدان و دوورخستنەوەیان لە مەیدانی گفتوگۆ.

بۆ بەرپەرچ دانەوەی بڕیارەکانی کۆنفرانسی پارتی پاسکی (جەلالی)، مەلامستەفاش لە ١٥-١٩٦٦/١١/٢١ دا ((کۆنگرەی حەوتەمی)) پارتی پاسکی (مەلایی) گرت.

بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرە ئەمانە بوون:

١- پاسکی سەرکردایەتی (جەلالی) بە خائین و خۆفرۆش و جاشی عێراق تاوانبار کرد.

٢- حبیب محمد کریم بە سکرتێر دەستنیشا کرایەوە.

٣- هەندێ لە ئەندامانی دەرکراوی کۆنگرەی شەشەم، وەرگیرانەوە، و نووری شاوەیس و علی عبداللە کە پێشتر پاکانەیان بۆ مەلامستەفا نوسیبوو کرانەوە بە ئەندامی م.س.

٤- یاد نامەیەک (مذكرة) پدەن بە حکومەتی عارف لەسەر:

ا) گلەیی و هەڕەشە تێکەڵ، سەبارەت بە یارمەتیدانی جەلالی.

ب) بیری حکومەت بخریتەوە کە شەڕ بەکردەوە ڕانەگیراوە، بەهۆی هەندی کردەوەی

شەڕەنگێزانەی حکومەت.

ج) پێویستە حکومەت جاشەکان و جاش (جەلالی) یەکان هەڵبوەشێنیتەوە.

د) پێویستە حکومەت واز بەیارمەتی و پشتیوانی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بهێنێ.

هـ) پێویستە حکومەت بەزوویی ۱۲ مادەکە جێبەجێ بکات.

مەلامستەفاش لەپاتی ئەوەی وەک سەرکردەیەکی کورد (کە خۆی بەوە دەزانی) هەوڵی ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە بدات، و چارەسەرێکی هێمنانە و ئاشتیانە بۆ ئەو ململانێیە بدۆزێتەوە و هەوڵی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی شۆڕش و گەل بدات، ئەوەندەی تر رق و کینە و بۆچوونە خێڵەکیەکەی برینەکانی قوڵتر کردەوە و لەگەڵ دەورویەرەکەیدا چەندین هێز و بەڵگەی ئایدۆلۆژیاییو سەخت تر کردنی ناکۆکیەکان داتاشی، و کێشە سەرکیەکەو بەرژەوەندی گەلیان کردە قوربانی لابەلا کردنی ئەو ناکۆکیە نارەواو نابەجێ یە.

هەر لە کۆتایی حوزەیرانی ۱۹٦٦ وە بەکردەوە شەڕی کورد و عیراق ڕاوەستا تا سەرەتای ساڵی ۱۹٦۹.

وە بەدرێژایی ئەو ماوەیە تا دەهات شەڕی کورد و کورد بەرەی دەسەند و سەخت تر و توند و تیژتر دەبوو، برینەکان قوڵتر و قوربانیەکان بێ ئەنجام و پتر تر دەبوون، تەنانەت پاش گرتنی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی باسکی (مەلایی)، پارتی باسکی (جەلالی) کۆنگرەیەکی گرت بەناوی کۆنگرەی شەشەم، ئەم باڵەی پارتیش خۆی بەمیراتگر و خاوەنی دروست کەری پارتیدەزانی، بەوە قایل نەدەبوو واز لەناوی پارتی و تەنانەت ناوی رۆژنامەکەش (خەبات) بهێنێ.

لەو کۆبونەوەیەدا کەمن یەکێک بووم لەبەشداربوانی بووم، و لە ۱۹٦٧/٣/٢٧ دا گیرا، بەهەمان شێوەکەی کۆنگرەی حەوتی پارتی باسکی (مەلایی) ناکۆکیەکانیان سەخت تر کرد و بەتاوان بارکردنی مەلامستەفا بە خێڵەکی و پیاوی ئێران و جولەکە پاساوی هەڵوێستەکانی خۆیان دەدایەوە.

ئەم کۆنگرەیە ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا کە هەرە گرنگەکانی بوو:

١) پەسەند کردنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت.

٢) دەرکردنی مەلامستەفا لە سەرۆکایەتی پارتی.

٣) دەرکردنی ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کە لە کۆنگرەی حەوتەمی باسکی (مەلایی) لەسەر کردایەتی
و م.س ی وەرگیربونەوە.
٤) تاوانبار کردنی باسکی (مەلایی) بە خیانەت و بەکرێ گیراوی جولەکەو ئێران.
٥) پشتگیری خەباتی گەلانی عەرەبی و بەگشتی و گەلی فەلەستین بەتایبەتی لە شەریاندا بەرامبەر
ئیسرائیل.
٦) سور بون لەسەر گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراقی بۆ جێبەجێ کردنی ١٢ مادەکەی حوزەیران.
٧) هەڵبژاردنەوەی سکرتێر کە (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، وە سەرکردایەتی وە م.س.

٨) بەهێز کردنی هێزی چەکدار و تەنگ هەڵچنین بەهێزی مەلامستافا.
٩) پەسەند کردنی پەیرەوی ناوخۆ کە هەر هەمان پەیرەوەکەی کۆنگرەی پێنجەم بوو، جگە لە زیاد
کردنی رستەی (خەبات دەکەین بۆ بنیات نانی دەوڵەتێکی سوشیالیزمی لە عێراق دا کەگەلی کورد لە
سایەیدا بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بگات) لە پرۆگرامەکەیدا.

## ٥-٣ مەلا مستەفا و ئێران و حیزبی دیموکرات

دوای پەرەسەندن و قەبە بونی هێزی چەکداری پارتی باسکی (جەلالی) ئاوەندێکی گەورەیان لە رۆژئاوایی شاری سلێمانی کردەوە، ئەو ئاوەندە بووە مەڵبەندی کۆکردنەوەی خەلک و ئاوەندی دەسەلاتی سیاسی و بەرێوبەرایەتی، لە هەمان کاتیشدا بووە چەقێکی خڕ بونەوەی پارتەکانی ئۆپۆسیزیۆنی ئێرانی، کوردی و ناکوردی، بە ئاشکرا و بەبەر چاوی حکومەتی عێراقیەوە و بە یارمەتی حکومەتی عێراقیش.

لە سالی ١٩٦٢ ەوە بەرەی راست رەوی حیزبی دیموکرات بەسەرۆکاێتی ئەحمەد توفیق (عبداللە اسحاقی) کە لەنزیک بارەگای بارزانیەوە بوو، یەکێک بوو لە بارەرپێکراوانی بارزانی و مانگنامەیەکی بەشێوەی نامیلکە دەرکرد بەناوی (دیسان

بارزانی) که هەمووی پیا هەڵگوتن بۆ بەسەر بارزانیدا، وە یەکێک بوو لە هاندەرو ئاگر خۆشکەرەکانی هێرش و پەلاماری مەلامستەفا بۆ سەر سەرکردایەتی، لە داوی پەیوەندی ئێران مەلامستەفا و لەسەر داواو مەرجی ئێران لەسەر مەلامستەفا، ئەم بەرەیەی حیزبی دیموکرات و سکرتێرەکەشی بوونە ئامێرێکی ئاسان بەدەستەوە هاتوی مەلامستەفا، کە هەموو بڕیارێکی خۆی بەسەردا دەسەپاندن.

لە ساڵی ١٩٦٦ بەدواوە بەتایبەتی پاش بەهێزبوونی باسکی (جەلالی) و تەنگ هەڵچنین بە هێزەکانی مەلامستەفا و دەست بەسەرداگرتنی زۆربەی ناوچەکانی سۆران، وەپاش دروست بوونی پەیوەندی نێوان حدکا و باسکی (جەلالی)، مەلامستەفاش پەیوەندیەکانی خۆی بە ئێرانەوە فراوانتر و قەبەتر و قوڵتر کرد، ئێرانیش دوای دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان مەلامستەفا و حکومەتی عێراقی لە حوزەیرانی ١٩٦٦ دا رادەی یارمەتی و پشتیوانیەکانی بۆ مەلامستەفا فراوانتر کرد.

لە بەرامبەر پەیوەندی توند و تۆڵی بارزانی بە ئێرانەوە، حکومەتی عێراقیش کەوتە پەیوەندی و هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و جێ کردنەوەیان و یارمەتی دانیان.

لەم جۆرە هاوکێشانەدا هەمیشە بیری (دوژمنی دوژمنم دۆستمە، دۆستی دوژمنم دوژمنمە) بە کاردێ.

بۆیە مەلامستەفا لە ساڵی ١٩٦٦ بەدواوە بەتایبەتی پاش گرتنی عبداللە اسحاقی لەلایەن عێراق و یەکسەر بەردانی، کەوتە شک و گومان لێی و دوور خستنەوەی لەخۆی.

لەلایەکی تریشەوە نزیکی عبداللە اسحاقی لە مەلامستەفا و پەیوەندی مەلامستەفاش بە ئێرانەوە بوە هۆی پەیدابونی باڵێکی نوێ لە ناو حیزبی دیموکرات کە بەباڵی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر و چەپی حیزبی دیموکرات ناسران و پێکهاتبون لەلاوە خوێن گەرم و شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرەکانی حیزبی دیموکرات.

ئەم بەشەیان دۆستایەتی و پەیوەندی توندیان بە پارتی باسکی (جەلالی) یەوە هەبوو، سەبارەت بەوەی کە (مەلامستەفا هاوپەیمانی ئێران بوو) وە باسکی (جەلالی)ش دژی ئێران بوون، و هەردوولاشیان دۆستی عێراق بوو.

هەر لەو ساڵەدا بەشێک لەئەندامانی سەرکردایەتی (سازمانی ئینقیلابی ئێران) کە لە حەفتاکاندا ناوی خۆیان گۆڕی بۆ (حیزبی ڕەنجبەرانی ئێران)، لەبەکرەجۆ لەنزیک ناوەندی باسکی (جەلالی) و باسکی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات دا بوون.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دابەش بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە دوو باڵ چاکتر وایە کە کورتەیەکی زۆر کەم لەسەر مێژووی ئەو حیزبە لە ١٩٥٨ بەدواوە بزانین.

دوای گەڕانەوەی بارزانی لەیەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٨ دەستەیەک لەئەندامانی حیزبی دیموکرات و کەسانی خاوەن ڕابردوی سیاسی و خەبات، بۆ سەردانی بارزانی چوون بۆ بەغداد، لەوێش چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بارزانی، ئەندازیاری دوبارە دامەزراندنەوەی حیزب بێت.

لەسەرەتاوە بارزانی بڕیاری ئەوەی دا کە حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی -کوردستانی ئێران و عێراق وەک یەک حیزب کاربکەن و یەک سەرۆک و یەک سکرتێر و دوو سەرکردایەتیان هەبێ، بەلام سەرەنجامی بیرکردنەوەی هەردوو حیزب، لەلایەک وەگرتنی هەندێ لە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات (وەک: عەزیزی یوسفی، غەنی بلووریانی) و ڕاونان و دەربەدەر کردنی هەندێکی تریان لەلایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە ئەو نەخشەیە تێک چوو.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩ ڕژێمی ئێرانی کەوتە گرتن و ڕاونانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات زۆر بەفراوانی و بەتوندی، لەو پەلامارەدا پتر لە ٢٥٠ کەسی نلسراو و ناودار و ئیشکەری لێگرتن و ژمارەیەکی زۆریش دەربەدەر بوون کەزۆربەیان ڕوویان کردە خوارووی کوردستان و هەندێکیشیان چوونە سوریا و لوبنان و ئەوروپا، بە پراکتیک حیزبی دیموکرات هەڵتەکاو و ڕێکخستنەکانی پەرش وبلاوبوون.

لە ساڵی ١٩٦٠ دا (عبدالله اسحاقی) ئەحمەد توفیق کەوتە پەلەقاژەی دروستکردنەوەی پەیوەندیەکان و ڕێکخستنەوەی حیزب لەناو کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەبەشی خوارووی کوردستان دا و تاکو ساڵی ١٩٦٤ لە ژێر چەتر و فرمانی مەلامستەفا دا کاری کرد.

لە ساڵی ١٩٦٤ دا حیزبی دیموکرات دووەم کۆنگرەی خۆی لەگوندی (سۆنێ)ی سەر سنووری نێوان ئێران - عێراق لەپشت قەلادزێ بەست، لەو کۆبونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەلاوە ڕوشنبیرەکان بەشداریان کرد بە بەڵگەوە (کوڕی ڕەش

کەکوڕی قازی محمد بووە، عبداللە اسحاقی یان تاوان بارکرد و دەریان کرد لە حیزب .

بەو جۆرە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بوون بە دوو باسکەوە، باسکی ڕاست ڕەو بەسکرتێری عبداللە اسحاقی، وە باسکی شۆڕشگێڕەکان کە پێکهاتبون لە ( عبداللە موعینی، سولەیمان موعینی، اسماعیل شەرەف زادە، عبدالرحمان قاسملو، چەند کەسێکی تر ) .

ئەم باسکەیان لەدوای گەڕانەوەی سەرکردایەتی باسکی ( جەلالی ) لە ئێران و یاخی بونیان لەمەلامستەفا و خورد و ر هێزبونیان، پەیوەندی زۆر توند و تۆلیان پێکەوەبوو، وە بوبون بە جێی مەترسی شای ئێران بۆ ڕژێمی شای ئێران .

لەساڵی ١٩٦٦ بەدواوە ئەم باسکەی حیزبی دیموکرات زۆر گەشەیان کرد و ڕێکخستنێکی زۆر فراوانیان هەم لەناو ئاوارەکان لەخوارووی کوردستان، و هەم لەپەیوەندیان بەناوەوەی وولات لەڕۆژ هەلاتی کوردستان دروست کردەوە و کەتنە پێکهێنانی دەستەی چەکداری و جموجۆل کردن لەسەر سنورەکان لە دیوی ئێراندا .

ئەم باسکەی حیزبی دیموکرات لەلایەکەوە لەپارتی باسکی ( جەلالی )یەوە نزیک بوون، لەلایەکی تریشەوە حکومەتی عێراقیش یارمەتی دەدان، وەدیسانەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بارزانیدا بەتایبەتی سەر سنووری عێراق-ئێران لە ناوچەی پێنجوێن و شارباژێڕ و سیوەیل و پشدەر دا کاریان دەکرد و لەوێوە دەچونە ئەودیوی سنوور .

بۆیە ڕژێمی شای ئێرانی مەترسی لێنیشت، و کەوتە تەقەلای جێ بەجێ کردنی بەندەکانی ڕێککەوتن نامەی ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ مەلامستەفا دا، بە تایبەتی ئەوەی کەپەیوەندی بەهێمنی و ئارامی ئێرانەوە بوو .

لەگەڵ قەبەبون و فراوان بون و بەهێزبونی پەیوەندی ئێران و مەلامستەفا، مل کەچی و فەرمان جێ بەجێ کەری و لەدەست دانی سەربەستی و سەربەخۆیی مەلامستەفاش بۆ ئێران پتر و پتر بوو، تا گەیشتە ڕادەی دەست چوونە خوێنی شۆڕشگێرانی حیزبی دیموکرات و ڕاوەدونانیان و دژایەتی کردنیان .

یەک لە مەرجەکانی ئێران لەسەر مەلامستەفا بریتی بوو لە پاراستنی ئاسایش و هێمنی کوردستانی ئێران و کۆنترۆڵ کردنی و لێدانی حیزبی دیموکرات .

بەو جۆرە ڕژێمی ئێرانی بە یارمەتیدانی مەلامستەفا توانی سێ دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنێ :

١- جلەوی مەلامستەفا و جولانەوەی خواروروی کوردستان بگریتە دەست.
٢- بەهۆی مەلامستەفا وە جولانەوەی رزگاری خوازی رۆژهەلاتی کوردستان لاواز بکات.
٣- بەهۆی مەلامستەفاوە هیچ ڕێککەوتنێک لە خواروروی کوردستاندا بەدی نەیەت.

مەلامستەفا لەژێر فشاری ئێراندا لە مانگی ١٩٦٧/٥ دا لەڕێگەی (سامی عبدالرحمان)ەوە سەرانی حیزبی دیموکراتی ئاگادار کرد کەئەو کاتە بریتی بوون لە((اسماعیل شریف زادە، سولەیمان موعینی، عبداله موعینی، محمد امین ڕەوەند، مەلا ئاوارە، وە عبدالرحمان قاسملو کە لە ئەوروپا بوون))-
ا) دەبێت هەموو سەران و ئەندام و چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات لەخواروروی کوردستاندا بڕۆن و بچنە بەغداد دانیشن.
ب) یان چەک دانێن و دەست لە هەموو چالاکیەکی سیاسی و پێشمەرگانە هەلگرن، و بەهیچ جۆرێ لەخواروروی سنووری کوردستانەوە کە لەژێر دەسەلاتی پارتیدایە نەچنە دیوی ئێران و سنوور نەبەزێنن، و ئاسایشی ئێران بەشێوێنن.
ج) یان هەموو خواروروی کوردستان چۆڵ کەن و بڕۆنەوە دیوی ئێران و هەموو پەیوەندیەکیان بە عێراق و خواروروی کوردستانەوە بپڕن.

حیزبی دیموکرات ئەو ڕاستیەیان باش دەزانی کە تەواوی سەر سنوور بەدەست پارتی باسکی (مەلایی) و لەژێر دەسەلاتی بارزانیدایە و دەتوانن چالاکی ئەمان بوەستێنن، بۆیە پاش هەرەشەکەی مەمستەفا بڕیاریاندا سەرکردایەتی و بەشێکی ئەندامان و چەکدارەکان ببن بە دوو بەش.

بەشێکیان لەگەڵ نزیکەی ١٠٠٠ چەکداردا بەدوو قۆڵ ڕووەو ناوچەی سەردەشت و خانی مهاباد بڕۆن، و درێژە بەکاری سیاسی و پێشمەرگانە بدەن.

بەشێکیان لە خواروروی کوردستانا لە دەرەوەی دەسەلاتی بارزانیدا و نزیک لەناوەندی پارتی باسکی (جەلالی) بمێننەوە بۆ کاری سیاسی و پەیوەندی بە بەشەکەی ناوەوە وگەیاندنی چەک و تەقەمەنی و پێویستی بەڕێگای نەهێنی پێیان.

لەکۆتای مانگی ٥ و ناوەڕاستی مانگی ١٩٦٧/٦ دا بەشێکیان بەڕابەری (مەلا ئەحمەد شەلماشی) مەلا ئاوارە چونەوە ناوچەی سەردەشت، وە بەشی دووەمیان بەڕابەری ئیسماعیل شریف زادە و عبدالله موعینی گەیشتنەوە ناوچەی خانی مهاباد، لێرەوە ئەرکی بارزانی لەمەڕ جێبەجێ کردنی داواکاری شای ئێران دەستی پێکرد.

١- لە ڕێگەی ساواکی ئێرانیەوە کە بارەگایان لە پەنای بارەگای بارزانیەوە بوو، زانیاریەکی تەواویان لەبارەگای بارزانیەوە وەرگرت دەربارەی ژمارە و ناو و جۆری چەک و ناوچەی کاری چەکدارانەوە و گەیاندیانەوە دام و دەزگا بەرپرسەکانی ڕژێمی ئێرانی، ئێرانیش زۆر بەپەلە و بەووردی کەوتە چاودێری کردنیان و کێشانی نەخشەی پەلاماردانیان و تەوق کردنیان لە ناوچەیەکی دیاریکراو و ڕێگری لە بلاوبونیان.

٢- لەکاتی هێرشی سوپای ئێرانی بۆ سەر ئەو دوو هێزەی حیزبی دیموکرات و ئابلۆقەدانیان، ویستیان خۆیان بگەیەننەوە سەر سنوور و بگەڕێنەوە دیوی خوارووی کوردستان، بەلام بەفەرمانی ئێران مەلامستەفا سنووری لێگرتن، پاش شەڕێکی زۆر پالەوانانە لەهەردوو ناوچەی سەر سنوور سەردەشت و خانە یەک بەدوای یەکدا دەستە چەکدارەکان و قەرماندەکانیان شەهید بوون، بەم کارەساتە حیزبی دیموکرات و کادری سەرکردایەتی و چەندین شۆڕشگێری تێکۆشەر بونە قوربانی سیاسەتی بارزانی.

٣- ئێران هێشا مەترسی زۆری لەو سەرکردانەی دیموکرات هەبوو کە لە خوارووی کوردستاندا مابونەوە، بۆیە فەرمانی بە مەلامستەفا دا کە ئەوانەی گرنگن تیرۆریان کات، یان بیانگرێ و تەسلیم بەدام و دەزگای شایان کاتەوە.

لە بەهاری ١٩٦٨ دا لە ڕێگەی صدیق ئەمین (ناسراو بە صدیق ئەفەندی) کە ئەندامی لقی چواری پارتی باسکی (مەلایی) بوو لەناوچەی ماوەت، سلیمانی موعینی ئەندامی حیزبی دیموکرات گیراو دوور لەهەموو نەریتی کوردەیەتی و مرۆڤ دۆستی شەهیدیان کرد و تەرمەکەیان بە دیاری لەقەرەبووی چەند تۆپێکی ڕژێمی ئێراندا دایەوە دەست ڕژێمی شا، وەهەر لەو ماوەیەدا بەفەرمانی عبدول وەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی بارزانی لەناو شاری سلیمانیدا ( ) لەناو مزگەوتی دوو دەرگا دا بەنارنجۆک شەهید کرا، و بکوژەکەشی (یوسفە لچە) چەکدارێکی تیرۆرستی عبدول وەهاب ئەتروشی بوو، وە دوا بەدوای ئەمیش (خلیل شەوباش) یان شەهید کرد.

مەلامستەفاش بەم کارە پڕ شەرمەزاریەی ڕەوشتی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی توشی هەلتەکاوی کرد.

بەشەهید کردنی ئەو لاوە خوێن گەرم و شۆڕشگێڕانە، ناوکی شۆڕشێکی ڕزگاری خوازیان لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا لەباربرد، لەڕووی دەروونیشەوە ڕەنگدانەوەی

زۆر خراپی خستە سەر هەڵوێستی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەرامبەر بە مەلامستەفا و شۆڕشی خوارووی کوردستانیش، بارزانی بەو ڕەفتارە ناشۆڕشگێڕیانەی لە پێناو قایل کردنی داگیر کەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەرامبەر چەند دەستکەوتێکی کاتیدا، بۆ هەتا هەتایە متمانەی خۆی و یارمەتی لەپڕان نەهاتوی مادی و مەعنەوی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەدەست خۆیی و شۆڕشی کورد دا، تەنانەت پاش مردنی مەلامستەفاش و هێنانەوەی تەرمەکەی، جەماوەری هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم ڕستانە پێشوازیان لەتەرمەکەی کرد:

(( قیادە مۆقەتە گورگە لەناو میللەتا ))

(( کێ بوو کاک سولەیمانی کوشت بارزانی بوو بارزانی ))

## ٤-٥ شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل - ١٩٦٧ ناسراو بەشەڕی شەش ڕۆژە

هێشتا وتوێژ لە نێوان بارزانی و عبدالرحمان عارف دا بەردەوام بوو کەنزیکەی ساڵێکی بەسەردا ئاتیپەڕی بوو، کە دەوڵەتە عەرەبییەکان داوایان لەعێراق کرد کە ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ لەو نەخشەیەی کەدانرابوو بۆ لێدانی ئیسرائیل، میسر ی عبدالناصر کە بەپێشەنگی دەوڵەتانی عەرەبی و لایەنی هەرە پێشکەوتوو خوازی عەرەبیی دەناسرا، گوشاری خستبوە سەر عێراق بۆ بوشداری کردن لەو شەڕە.

دەوڵەتی عێراقی کە هێشتا سەرقاڵی چارەسەری کێشەیەکی گەورەی ناوخۆی بوو، کە کێشەی کورد بوو، وە یەکێ لەهۆ هەرە گنگەکانی سەقامگیرنەبوونی حکومەتە یەک بە دوای یەکەکانی عێراقی و قەیرانی سیاسی و ئابووری عێراقی بوو، لەژێر گوشاری دەوڵەتانی عەرەبی و جەنەڕاڵە سوپاییەکانی نەتەوەیی عێراقیەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی تر بۆوە، کە بەشداری کردن بوو لەشەڕی ئیسرائیل.

حکومەتی عارف داوای لەهەردوو باسکی پارتی کرد کە هەڵوێستی نیشتمانی خۆیان دەربڕن، سەرکردایەتی پارتی باسکی (جەلالی) لەڕێگەی ڕۆژنامەیەکەوە هەڵوێستی خۆی دەربڕی بەپشتگیری کردن لەو شەڕە، بە بەرۆشیەکی زۆرەوە، زۆربەی سەر وتارەکانی (ڕووناکی) لەسەر کێشەی فەلەستین بوو.

گەیشتبوە ئەو رادەیەی کە کێشەی فەلەستین خرابوە خانەی گرنگترین کێشەی سەردەم لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە رەگ و ریشەوە بە دەرهێنانی دەسەلاتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا دەزانرا، ئەمانەت وای لێهاتبوو کە کێشەی کوردی تیا وون ببو خرابوە لاوە.

لەرووی هاوبەشی کوردیش لەو شەرەدا ئەم باسکەی پارتی ئامادەبوونی خۆی دەربری بەناردنی هێزێک بۆ مەیدانی شەری ئیسرائیل لەگەل سوپای عێراقدا.

پارتی دیموکرات باسکی (مەلایی) لەگەل ئەوەی کە گرنگیەکی ئەوتۆیان ئەدا بەداخوازیەکەی حکومەتی عارف، بەلام بارزانی بەلێنی دابوو کە ئەویش ئامادەیە هێزێکی خۆی بنێریتە شەرەکە شان بەشانی سوپای عێراقی،

لەبەر کورت خایەنی شەرەکە، کە تەنیا شەش رۆژی خایاند و بەسەرکەوتنی ئیسرائیل تەواوبوو، هەردوو باسکی پارتی فریای شەر نەکەوتن.

مەلامستەفا لەگەل ئەو بەلێنەی کە بە عارفی دابوو بەشداری کردن لەشەر، بەلام لەپشتەوە سلی لەوە نەدەکردەوە کە لە هەموو کۆر و کۆمەلێک دا لایەنگری لەئیسرائیل دەکرد و تەنانەت لە لێدوانێکی دا دەری بریبوو کە: "ئێمە لەدژایەتی کردنی عەرەبدا لەگەل ئیسرائیل هاوچارەنوسین". { لۆمۆند ١٢/١٠/١٩٦٨ }

وە هەر پاش تەواوبوونی شەری نێوان ئیسرائیل عەرەب، مەلامستەفا لەرێگەی تارانەوە سەردانێکی ئیسرائیلی کرد بۆ پیرۆزبایی لێکردنیسان بەبۆنەی سەرکەوتنیانەوە، لەوێ چاوی بە گولدا مائیری سەرەک وەزیران و موشیدەیانی وەزیری بەرگری کەوت، ئەنجامی سەردانەکەشی وەرگرتنی هەندێ لەو چەکانە بوو کە ئیسرائیل لەشەر دا لە عەرەبی گرتبوو.

سیاسەتی بو لەو کاتەدا بەتایبەتی لای شیوعیەکان و دیموکراتەکان و خۆ بەپێشکەوتوخوازانەکان بریتی بوو لەدەربرینی هەلویست لەحەنای کێشەی فەلەستین و پێوانەش بۆ سەلماندنی پێشکەوتن خوازی و دیموکرات خوازی و شۆرشگێری هەر لایەنگری ئەو مەسەلەیەو دژایەتی کردنی ئیسرائیل بوو.

سەیر و سەمەرە لەوەدا بوو، کە بۆ حیزبێکی سیاسی کوردی حەرام بوو بۆ بەرژەوەندی مەسەلەکەی سوکە پەیوەندیەکیشی بە ولاتێکی بەدەر لە ئۆردوگای سۆسیالیستیەوە هەبێت، بەلام بۆ قەلای سۆسیالیستی حەلال بوو کە باشترین پەیوەندی لەگەل دیکتاتۆرترین و کۆنەپەرست ترین و رەگەزپەرست ترین ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست هەبێ.

بۆ نموونە: لەو کاتەی کە سۆڤیەت بەناو پشتگیری لەمەسەلەی کورد لە عێراقدا دەرکرد - وەک حیزبی شیوعی عێراقی لافی پێوە لێدەدا- تا لەو کاتەدا سۆڤیەت پەیوەندی، ئابووری، بازرگانی، رۆشنبیری، و عەسکەری لەگەڵ عێراقدا دروستکرد و زۆربەی هەرە زۆری چەک و کەرەسەکانی شەڕی سپای عێراقی سۆڤیەتی بوون، وە گەورەترین پەیمانی نەوتی کانی ڕومێلەی لەگەڵ عێراق دا مۆر کرد.

هەر لەو کاتەدا سۆڤیەت خەریکی پتەو کردنی پەیوەندی ئابووری بوو لەگەڵ ئێران و تورکیای -هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی.

ئەو هەڵوێستەی مەلامستەفا بەرامبەر فەلەستین و سەفەری ئیسرائیل و پاشان ڕاگەیاندنی سالح یوسفی لەمەڕ هاوچارەنوسی کورد جوولەکە بەرامبەر عەرەب، و پروپاگەندەی نەتەوەییەکانی عەرەب، و هەوڵ و تەقەلای پارتی باسکی (جەلالی) بۆ بەدناو کردنی باسکی (مەلایی) بەتۆمەتی پیاوی ئێران و ئیسرائیل و ئەمەریکا، تا ڕادەیەکی زۆر کاری کردە سەر جەماوەری ڕۆشنبیری کورد و خۆبەپێشکەوتو خواز و داکشانیان بۆ لایەنگری لەباسکی (جەلالی) و بەهێزبونی ئەو باسکەی پارتی هەم لەڕوی ڕێکخراوەیی و هەم لەڕوی ژمارەی هێزی چەکدارەوە.

لەلایەکی تریشەوە لەبەر دردۆنگی حکومەت لەمەلامستەفا و دروستبونی ساردی نێوانیان، تا ئەو ڕادەیەی کە حکومەتی عارف بیریان لەوە کردەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران دا بکەونە گفتوگۆ و هەوڵ بدەن پەیوەندی نێوان ئێران و مەلامستەفا بپڕن، بەتایبەتی کە پشتیوانی ئێران لە مەلامستەفا زۆر پەرەی سەندبوو گەیشتبووە ڕادەیەکی مەترسی دار لەسەر ڕژێمی عێراقی.

عبدالرحمان عارف بەڕەسمی سەردانی ئێرانی کرد لەگەڵ شای ئێراندا کۆبووەوە بۆ لێدوان لەمەسەلەی پەیوەندی نێوان هەردوو وولات و مەسەلەی کورد و پەیوەندی نێوان ئێران و مەلامستەفا، کە ئەم سەردانەی عارف بێ ئەنجام مایەوە سەبارەت بە ڕووخانی عارف و چوونە سەر حوکمی بەعسیان.

گەر عارف لەو سەردانەی ڕووخانی خۆی بەدوادا نەهاتایە، بڕیاری وابوو کە بەرەی ئێران لەژێر پێی مەلامستەفا دەربهێنێ.

بەو کارەی، ئەوەی لە ١٩٧٥ دا ڕویدا و ئاشبەتاڵ بەرهەمەکەی بوو، ئەوسا ڕویدەدا و، هەر ئەو کات ئاشبەتاڵ دەبوە بەرهەمی شۆڕشی ئەیلول.

## ٥-٥ سەرهەڵدانی بیری چەپ و پەیدابوونی ماویزم

گۆڕانکاریەکانی شۆڕشی کوردستان و تێکچوونی یەکێتی ناو ڕیزەکانی گەل و شۆڕش، بێ ئەنجامی گفتوگۆکانی کورد لەگەڵ ڕژێمە یەک بەدوای یەکەکانی عێراقی، و بێ هیوایی جەماوەر لە ڕەوت و ڕێباز و سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراقی، ململانێی توند و تیژی نێوان هەردوو ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستی سۆڤیەتی و چینی، ڕۆڵی سازمانی ئینقلابی ئێران لەناو ڕۆشنبیرانی باسکی جەلالی و کاریگەری هەڤالانی ڕۆشنبیر و چەپی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەمانە بەگشتی و کۆمەڵ بوونە فاکتەری هاندەری لاوە ڕۆشنبیرەکانی کوردستانی خواروو بەتایبەت ناو پارتی باسکی (جەلالی) بۆ خۆ پەروەردە کردن و پاشان بیرکردنەوە لەگرتنە بەری ڕێبازێکی نوێ بۆ ڕابەری کردنی خەباتی گەلی کورد لەپێناو ڕزگاری و سەرفرازیدا.

ئەو دیاردەیە زۆر بەپەلە و بەفراوانی گەشەی کرد، بەلام لێکدابڕاو و پچڕ پچڕ، هەر تاقمەی بە جۆرێکی جیا لەوی تر بیری دەکردەوە، وای لێهات چەندین بیرو بۆچوونی جیاجیای چەپ سەری هەڵدا، توندڕەوی چەپ، سۆسیال دیموکرات، ماویزم، جیڤاریزم.

بەلام لەهەمان کاتیشدا هەر لەمنداڵدانی ئەو هەل و مەرج و باری دۆخەدا، ناوکی ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی تیا لەدایک بوو کەلەئایندەدا ڕۆڵی هەرە گەورەی لەخەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا بینی و وەک ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی کوردستانی، ئابڕووی تکاوی ئاشبەتالی کڕیەوە و شۆڕشی نوێی هەڵگیرسانەوە، و تا ماوەیەک شوێن پێی بۆڕێکخراوە بۆرژواکان لەق کرد، و ئەو بۆشاییەشی پڕ کردەوە کە پارتی نوێنەرەوەی عەشایەری کوردەی و بیری خێڵەکی بارزانی بە ئاشبەتال دروستی کرد.

ئەویش (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی-کوردستان) بوو، کە پاشان بوە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

بەشێک لەبزوتنەوە کە دووچاری توندڕەوی چەپی پەلەپەلکەر بوون، ئەم بەشەیان هەر لەسەرەتاوە لەبیری پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی عێراقی دا بوون، بەلام جیاواز لە هەردوو باڵی لیژنەی مەرکەزی-و قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراقی.

بەشی دووەمیان لەژێر کارتێکەری (جەلال تاڵەبانی)وە (سازمانی ئینقیلابی ئێران) لەبیری دروستکردنی ئاڵوگۆڕێکی ئایدۆلۆژی ناو پارتی باسکی (جەلالی) دا بوون بە ڕەوتی ماویزم، ناکۆکی نێوان چین و سۆڤیەت لە لوتکەدابوو، سۆڤیەتیش گەورەترین سەرچاوەی چەک و تفاقی شەڕ و پشتیوانی عێراق بوو، عێراقیش داگیرکەری خوارووی کوردستان بوو، بۆیە زەمینەیەکی زۆر لەبار هەبوو بۆ گەشەکردنی ئەم بەشەیان و بلاوبونەوەی فیکری ماوتسی تونگ، ئەم لایەنەش بڕوای وابوو کە بە ڕێگای ڕێکخراوەیی ڕەوتی سیاسەتی پارتی باسکی (جەلالی) بگۆڕێ. بەشی سێیەمیان ئەوە و دژی ڕێبازی سۆڤیەتی و سیستەمی حوکمەکەی بوو و بەلادەر (ڕیڤیژینیست) لە ڕێبازی (ماکسیزم-لینینیزم) یان دا دەنا، و لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەیان لەسیاسەتی چینی دەگرت لەسەر ئاستی دەرەوەدا، واتە سیاسەتی دەرەوەیان، ئەم بەشەیان وەک سۆڤیەت یان لا- ڕیڤیژینیزم بوو، دەقاو دەقیش لەگەڵ سیاسەتی چین دا نەبوون، ئەمانە گەیشتبونە ئەو بڕوایەی کە کێشەی کورد لەسەر دەستی پارتی بانکی (مەلایی) و نەپارتی باسکی (جەلالی) چارەسەر ناکرێ، بۆیە پێویستە ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی گۆشکراو بە ئایدیای مارکسیزم-لینینیزم و سود وەرگرتن لەبیری ماوتسی تونگ لەکوردستاندا لەدایک بێ، بۆ ئەوەی جڵەوی بزوتنەوەی کوردایەتی لەژێر دەستی هەردوو باڵی خێڵەکی و بۆرژوای کورد دەربێنێ، ئەم بەشە زیاتر خۆیان بەتاوتوێکردن و خوێندنەوەی بابەتەکانی ((شەڕی درێژخایەن _ شەڕی پارتیزانی _ پەرەسەندنی شۆڕش لەلادێ وە بۆ شار _ خانەانەکردنی ناکۆکیەکان _ دیاری کردنی دۆست و دوژمن _ پارتی پێشڕەو _ بەرەی یەکگرتوی چینە شۆڕشگێڕەکان _ دیموکراتی نوێ)) خەریک دەکرد.

بەشێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی چەپ بە هەرسێ بەشەکەیەوە و چەندین گروپی تری جیاجیاو بێ ئاگا لەیەکتر، هەر لەسالی ١٩٦٧ ەوە سەری هەلدا و پاشان لە سالی ١٩٧٠ دا یەکی گرتەوە.

من یەکێک بوم لەو ئەندامانەی ناو پارتی باسکی (جەلالی) کە تا کۆتایی سالی ١٩٦٧ ئەو لایەنەم بەهەموو هەڵە و کەم و کوڕیەکەوە لاپەسندبوو، ڕاست و هەڵەیم بەڕاست دەزانی، بەلام لەوە بەدواوە کەوتمە ناو گێژاوێکی سەختی بیرکردنەوەوە، بەتایبەت پاش تێکەڵ بونم بە کۆمەڵی سێیەم و خوێندنەوەی کتێبەکانی ماو و کەم تا کورتیش لە بەرهەمەکانی لینین.

لەگەڵ پەرەسەندنی پارتیی باسکی(جەلالی) و پاشەکشە کردنی پارتی باسکی(مەلایی) لەزۆربەی شار و ناوچەکانی قولایی خوارووی کوردستان دا بۆ شارۆچکەکانی ناوچەکانی سەر سنوور و نزیکە سنووری ئێران-عێراق، ئادەمات مەیل و ئارەزووی ڕەدوو کەوتنی سیاسەتی پارتی باسکی(جەلالی)م کەمتر دەبوو، بەردەوام بیرم دەرکردەوە : ئەو شەڕە ناوخۆییە بەسوودی کێ و زیانی کێ تەواو دەبێ ؟ ئەو پارچە پارچە بوون و لێکهەڵوەشانەی ڕیزەکانی کورد دەبێ چ سوودێکی هەبێ بۆ ئایندەی شۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردستان؟ لەدەست دانی ئەو هەموو لاوە خوێن گەرمە شۆڕشگێڕانە لەشەڕی براکوژیدا دەبێ قەرە بوو بکرێتەوە؟ دەبێ پێشکەوتو خوازی پارتی هەردوو باسکی (مەلایی و جەلالی) لەچیدابێ کە هەردوولا بۆ لەناو بردنی یەکتری پشت بەداگیرکەران ببەستن؟ ئەو سەروەریە دەبێ چی بێ کەهەردوولا لەسەر بەدەست هێنانی (١٢) مادەکەی بەزاز لافی پێوە لێدەن و کێشەی سەرەکی کورد بکەنە قوربانی دەستکەوتی تەسکی بیری دەمارگیری خۆیان؟، ئەمانەو چەندین پرسیاری تر لەمێشکمدا بەردەوام جەنجاڵی کردبووم.

لەو ماوەیەدا کۆنفرانسە ناوچەییەکان گێڕان، لەکۆنفرانسی هەموو لیژنەی ناوچەکاندا کە پتر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو باروودۆخە گێڕابوو لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە، زۆربەی بەشداربوان لەوانە بوون کەلاوەکی خەریکی خۆپەروەردەکردن بوون، و بێ ئاگا لەیەکتری چەند تەکەتولێکیان پێکهێنابوو، کە هەموو تەکەتولەکان لەیەک خاڵدا یەکیان دەگرتەوە ئەویش (یان گۆڕینی باسکی جەلالی بەشێوەی کاری ڕێکخراوەیی، یان پێکهێنانی ڕێکخراوێکی چەپ)، لە کۆنفرانسەکاندا زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە لەوان هەڵبژێردران، ئەم ڕوداوە هیوایەکی خستە دڵی هەموان، بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی براکوژی و دووبەرەکی لەدارشتنی بەرنامەیەکی نوێ لەکۆنگرەی چاوەڕوانکراودا.

دوای کۆنفرانسەکان سەرکردایەتی پارتی باسکی(جەلالی) هەستی بە جموجۆڵەکە کرد، و بڕیاری دواخستنی کۆنگرەی دا و چەندین بڕ و بیانوی بۆ داتاشی.

دوای بێ هیوابونم لەبەستنی کۆنگرە، بڕیارم دا کە داوا لەهاوڕێکانم بکەم لەلیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی، ڕاپۆرتێک بدەن بەلقی چوار (لقی سلێمانی) و ناوەڕۆکەکەی بریتی بێ لەهەوڵ و تەقەلادان بۆ پێکهێنانی گفتوگۆ لەگەڵ باسکی

(مەلایی)، و پاشان یەکگرتنەوە، تا یەیەکگرتنەوەی هەردوولا ببنە هێزێکی سەرەکی و رژێم ناچار دان پەجێبەجێ کردنی داواکاریەکانی خەڵکی کورد دا بنێ.

نەک لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبووم، بەڵکە بومە جێگەی رەخنەو گاڵتەی هەندێ لەئەندامانی ناوچە و بەرووخویان ئاوانبار کردم.

لە ١٩٦٨/١/٣٠ دا خۆم نامەیەکم بۆ لق نوسی بەم جۆرە:

بۆ لقی چواری بەرێز

کوردستان یان نەمان

وەک ئاشکرایە لاتان کە ئێستاکە پارتیمان بەرابەرایەتی م.س بەرێز لەچاو رابوردودا لەلوتکەی دەسەلاتداریدایە لەبەشی هەرە زۆری ناوچەی سۆراندا، ژمارەی پێشمەرگە ئێستاکە لە هەموو کاتێکی لەوەو پێشی پترە و دەتوانم بڵێم هاوتای ژمارەی چەکدارەکانی مەلایی دەکا.

لەرووی رێکخستن و کاری رێکخراوەیشەوە چ ئاشکراو چ نهێنی چ ئەوانەی راستەوخۆ لە رێگەی ناوچەو لقەکانەوە بەسەرکردایەتیەوە بەستراون و چ ئەوانەی بە (خەت مائل) لەناو پارتیەکەی بارزانیدا کار دەکەن، پتر ترە لەرێکخستنەکانی مەلایی، وا ئێستاکە لەئایەکی تەرازوی هێزی ئەوتۆ داین کە مەلامستەفا حسابمان بۆ بکات و بەکەممان نەزانێ.

پێشنیار دەکەم، ئێمە با لەم کاتەدا دەستپێشکەربین لەداناني بەرنامەیەک بۆ ئاشتبوونەوە، و رێکەوتن لەگەڵ باڵەکەی تری مەلامستەفا، وە با بانگەوازی ئاشتبونەوەیان بۆ هەڵدەین، هەم بەنوسین و هەم بەناردنی ناوبژی کەری وا کە جێگەی متمانەی بارزانی بێ.

بە پێویستیشی دەزانم هۆکانی نوسینی ئەم نامەیە بخەمە بەر چاوی بەرێزتان:

١- گەر کوردانە سەرنج بدەین و سادانەش لێکی بدەینەوە، هەردوولامان ئێستاکە دوو هێزی گەورەی کوردین و هەردوولاشمان پێویستیمان بە یەکتری و پاڵپشتی یەکتری و هاوکاری یەکتری و پشت بەیەکتری بەستن هەیە لە جێگەی ئەوەی هەرلایەکمان پشت بەداگیرکەرێکی کوردستان بگرین، ئاشتبونەوەمان و یەکگرتنمان، هەردوولامان بەهێزتر دەکات و بەرەی گەلیش زۆر بەهێز دەکەین و دوژمنیش لاواز دەکەین.

٢- لەرووی دروشم و داخوازیەکانمان، من هەردوولا وەک یەک دەبینم، وەک یەک داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین لەپرۆگرامەکانماندا، وە وەک یەکیش بەپراکتیک بە ١٢

مادەکەی بەزار قایلین کە ڕژێم لەوەش پەشیمان بۆتەوە کە لەشەڕەمافێکی فەرهەنگی پێترنیە .

٣- هەردوولا پشتمان بەداگیرکەران بەستوە بۆلێدانی یەکتری، کە بەبڕوای من هیچ لایەک لاکەی تری پێ لەناو نابرێ، بەلام هەردوولا یەکتریمان پێ لاواز و زەبوون دەکرێ لەبەردەم دوژمن و داگیرکەراندا .

مەلاسستەفا پشتی بە ئێران و جولەکە بەستوە و بۆتە بەکرێ گیراوی ئێران بەپێی بەرژەوەندیەکانی ئێران دەجولێنەوە، شەڕوئاشتیان بەدەست خۆیان نین. ئێمەش پشتمان بەڕژێمی داگیرکەری عێراق بەستوە و هەموو چەک و تفاقی شەڕ و تەنانەت ئازوقەی پێشمەرگە و پارەتی پێشمەرگەش لەعێراق وەردەگرین، هەرکاتێ ڕژێم باری لای مەلامستەفای لار بوو ڕووی خۆشمان پیشان دەدەن و هەرکاتیش باریان لای مەلامستەفا ڕاست بۆوە لێمان لالوت دەبن و فەرامۆشمان دەکەن .

٤- لەڕووی تیۆریشەوە، گەر بەراوردی شۆڕشی کوردستان و خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و پارتیشمان بەڕابەرایەتی م.س و مەلایەکانیش بەڕابەری بارزانی، لەگەڵ شۆڕشی تری گەلانی ژێر دەستەو وولاتانی داگیرکراودا بکەین، بەتایبەتی شۆڕشی چینی مەزنی سالەکانی چلەکان و کێشەی نێوان حیزبی شیوعی و نێوان کۆمنتانغ و نێوان چین و یابان، ئەوا دیسانەوە دەبێ ئێمەش وەک حیزبی شیوعی چینی و ماوتسیتۆنگ کە لە هێرش و پەلاماری یابان بۆ سەر چین، پەیمانیان لەگەڵ کۆمنتانغ بەست دژی داگیرکەری یابان، دەبێ لەگەڵ مەلاییەکان پێکەوە بەرەیەک دروست بکەین دژی عێراقی داگیرکەر

٥- عێراقیش و ئێرانیش، ئەم ئاکۆکی شەڕی براکوژیەی ئێستای نێوانمانیان قۆزتۆتەوە و هەردوولایان بە بیانوی پشتگیری دەسەلات و سوپا و چەک و جبەخانەی خۆیانیان هێناوەتە سەر کوردستانی خواروو و ورگی گەلی کورد کە مەترسیەکی ئێجگار گەورەی دروستکردوە لەسەر ئایندەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەڕۆژهەلات و خوارووی کوردستاندا .

داواکارم لەبەڕێزتان گەر پێتان پەسندبێ ئەم پێشنیارەم هەلبسەنگێنن و بیخەنە بەردەم ڕێکخستنەکان و سەرکردایەتی بەڕێز بۆ مشتومڕ لەسەر کردنی .

تکایە ئەم نامەیە بەباری خراپە لێک مەدەنەوە، جگە لە دلسۆزیم بۆ کێشەی کورد و چارەنوسی دوا ڕۆژی کوردستان و یەکیەتی ڕیزەکانی گەل

ئیتر بۆ پێشەوە هاوڕێتان

برایم جەلال

ئەندامی کارگێڕی ٨.ق.س

(٨.ق.س) واتە لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی _ ژمارە (٨)

وەلامی داواکاریەم یا پێشنیارەکەم پاش دوو مانگ بۆ هاتەوە، بەنامەیەک کە ئاراستەی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی یان کرد، و داوایان کردبوو کە دەبێ لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکەن و پاشان بمنێرن بۆ لقی٤ .

لە ٦٨\٣\٢٧ دا چومە لقی٤ و پاش مشتومڕێکی زۆر کە بەلای لقەوە ڕووخاو و تەکەتولیان بۆ قەبلاندم، هەر ئەو کاتە منیش (استقالە)م لەئەندامەتی لیژنەی ناوچەو و کادری پیشەیی کرد.

## ٦- ڕووخانی حکومەتی عارف و هاتنی حوکمی بەعسیان

پارتی بەعسی پەندێکی زۆریان لە یەکەم تاقی کردنەوەی چونە سەر حوکمیان لە ٩٦٣ دا وەرگرتبوو، بۆیە ئەم جارە بەئەزموونەوە دەسەلاتیان گرتە دەست .

کێشەی کورد و شۆڕشی کوردستان هۆیەکی گرنگی ڕوخانی ڕژێمی قاسم و پاشان بەعس و دواجار عبدالرحمان عارف بو، بەلام گەلێ هۆی تریش هەبوو کە هەل و مەرجی ڕوخانی عارف و هاتنەسەر کاری بەعسیان خۆش کرد .

لاوازی عارف لە دەسەلاتدا لەناو سوپادا، و نەبونی حیزبێکی سیاسی پاڵپشت بۆ عارف، وکێشەی شیعە لەخوارووی عێراق، و بێ هیوایی نەتەوەییەکانی عەرەبی لە عارف، و ئەشەنەکردنی کێشەی نێوان عێراق و ئێران، و پارچەپارچەبونی سوپای عێراقی، کە بەشێکی لەکوردستاندا قەتیس کردبوو، و بەشێکی لەئەردەن مابونەوە کە بۆ شەڕی ئیسرائیل ڕۆیشبون، و پاشان یارمەتی ئینگلیز و ئەمەریکا بۆ بەعس بەهۆی جەنەڕاڵە سوپاییەکانی عێراقی سەر بەو دووانە، ئەمانەو گەلێکی تریش بونە هۆی ڕوانی عارف، و هاتنە سەر کاری بەعسیان، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی جگە لەبەعس، هیچیان لەو ئاستەدا نەبوون بتوانن حوکم بگرنە دەست.

## ٦-١ بەردەوامی پەیوندی بەعس - جەلالی - مەلایی

بەعس لە ٦٨/٧/١٧ دا حوکمیان گرتە دەست، ئەحمەد حەسەن بەکر بوە سەرەک کۆمار و عبدالرزاق نایف وەزارەتی پێکهێنا کە پیاوی ئینگلیز بەناوبانگ بوو.

لە ٦٨/٧/٣٠ دا جارێکی تر بەعس کەوتە پاکتاوکردنی ئەوانەی کە بەعسی نەبوون و هاوکاریان کردبوون لە چوونە سەر حوکم، بەسەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و هەر خۆیشی سەرەک وەزیر بوو.

بەعس ئەمجارە ویستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی بەجۆرێک دارێژێ کە هەم خۆی لە کێشەکانی ناوخۆ بپارێزێ و هەم لەدەرەوەش پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئۆردوگای سوسیالیستی و سۆڤیەت باش بکات.

بەعس لەو کاتەدا دەیەویست خۆی توشی شەڕی ناوخۆ نەکات، بۆیە درێژەی بەپەیوەندی خۆیدا لەگەڵ هەردوو باسکی (مەلایی و جەلالی)، و لەو وەزارەتەی ئەحمەد حەسەن بەکر دا سێ کورسی دانێ، دوو ووەزیر باسکی (مەلایی) و وەزیرێکیش باسکی (جەلالی)، وە پەڵێنیشی دا بەجێبەجێ کردنی (١٢) مادەکەی بەزاز.

ئەم سیاسەتەی بەعس جۆرە پێش برکەیەکی لەنێوان (مەلایی و جەلالی)دا دروست کرد لەڕوی ڕاگەیاندنەوە بۆ فشاری تر خستنە سەر بەعس بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی پتر.

(التآخی) برایەتی زمان حاڵی (مەلایی) داوای جێ بەجێ کردنی هەرچی زووتری ١٢ مادەکە، و دانانی دەستوری هەمیشەیی، و دیاری کردنی ماقی گەلی کورد لەو دەستورەدا، و دەستپێکردنی هەڵبژاردن و دانانی پەرلەمانی دەکرد، چارو بار سەرزەنشتی حکومەتی دەکرد لەیارمەتیدانی جەلالی و هەڕەشەی بەکێشانەوەی وەزیرەکانی خۆی دەکرد، کە بەپراکتیک دوای ماوەیەکی زۆر کورت وەزیرەکانی کێشایەوە، بەبیانوی ئەوەی کە ئامادەنین لە حکومەتێکدا بەشداری بکەن کە نوێنەری -جاش جەلالی-یشی تێدا بێت.

ڕۆژنامەی (النور) ڕوناکی زمان حاڵی (جەلالی)یش هەمان شتیان داوا دەکرد لە حکومەتی بەعس و داوای بڕینی دەستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیان دەکرد.

بەعسیەکان لەسیاسەتیاندا بەرامبەر کێشەی کورد و هەردوو باسکی (مەلایی و جەلالی) نەخشەیەکی درێژخایەنیان دیاری کردبوو:

- لە ڕووی تەکتیکیەوە:

١- بەردەوامی پشتی جەلالی و یارمەتی دانیان

ا) بە پارە و چەک و تەقەمەنی و ئازوقە کە بەتەنهێتی بۆ هەر چەکدارێک ١٤ دیناریان بڕیبووە

ب) تەرخان کردنی کورسیەکی وەزارەت بۆ وەزیرێکی ئەوان کە (تەها محی الدين معروف)

ج) دەس واڵاکردنیان لەهەموو ناوچەو شوێنێکدا بۆ لێدانی

د) بەشداری کردنیان لەچەندین بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتیدا لەشارەکان دا بەتایبەت لەسلێمانی و کەرکوک و هەولێر، تا ئەو ڕادەیەی کەبەپراکتیک لەهەندێ شار و ناوچەدا لەپاڵ بەعس دا حوکمڕان بوون.

هـ) ڕێگەدان بەدامەزراندنی چەندین بنکە و بارەگای سیاسی- پێشمەرگانە، بەڕێوەبەرایەتی و تەنانەت دادگایی- و ئابووریش.

و) دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، کۆڕی زانیاری کورد، یەکێتی نوسەرانی کورد، کردنی نەورۆز بەجەژنی یاسایی.

ز) لەڕووی بلاوکراوەشەوە ڕێگەیاندا بەدەرکردنی (هاوکاری، بەیان، ڕزگاری).

ئەو پاڵپشت و هاوکاری ویارمەتیانەی بەعس بۆ باسکی جەلالی، پتر بۆ برەودان بوو بەو باسکەی پارتی و تەقەلایەک بوو بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری کورد، بەتایبەتی ڕۆشنبیران لەولایەنەی پارتی.

بەلام لەڕووی ستراتیژییەوە هەڵوێستی بەعسیان بەرامبەر کێشەی کورد و ئەو باسمەی پارتیش لەهەڵوێست حکومەتەکانی پێش خۆیان چاکتر نەبوو.

لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزی و خۆ گرێدانەی باسکی (جەلالی) بۆ بەعس و بەبەعسەوە، بەعس هیچ دەستکەوتێکی سیاسی ئەوتۆی لەسەر دەستی ئەو باسکە بۆ کورد نەدا بەدەستەوە.

٢- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ باسکی (مەلایی) و یارمەتی دانی ئەمالیش:

ا) ناردنی ئازوقە و زەخیرە بۆ بارەگاکانی ئەو باسکەی پارتی.

ب) تەرخان کردنی مانگانەی ٤ ملیۆن دینار بۆ خەرجی بارەگاکانی بارزانی و بارەگاکانی تری ئەو باسکە و مانگانەی چەکدارەکانیان.

ج) دانی دوو کورسی وەزارەت بە نوێنەرانیان.

د) دانی بەڵێنی هەڵوەشاندنەوەی هەموو هێزە چەکدارکوردیە نایاساییەکان (واتە جاشەکان)بە باسکی (جەلالی)شەوە، لەکاتی سەرکەوتنی گفتوگۆ لەگەڵیاندا.

بەرامبەر بەمانیش بەعس بە چاوی گومانەوە مامەڵەیان لەتەك دەكردن لەگفتوگۆكاندا و هیچ دەسكەوتێكی سیاسیانەیان بۆ ئەمانیش نەدەسەلماند وەك چارەسەر بۆ كێشەی كورد.

- لەرووی ستراتیجەوە -

لەرووی ستراتیژەوە نەخشەی رژێم سەبارەت بەكێشەی كورد و هەردوو پاسكی پارتی بەو جۆرەبوو كە:

١- هەوڵی توند و تۆڵ كردنی پەیوەندی خۆیان بەسۆڤیەتەوە بدەن.

٢- فراوانكردنی پەیوەندی سیاسی، و دیبلۆماسی، و ئابووری، وسوپایی خۆیان، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بەیەك یا دوو سەرچاوە نەبەستن و بازنەی پەیوەندی خۆیان لەدەرەوە فراوانتر بكەن، بەتایبەت لەگەڵ بەرەی سوسیالیستی دا، ئەمەش بۆ سەلماندنی پێشكەوتن خوازی و دیموكرات خوازی سیاسەتیان لەبەردەم وولاتانی دەرەوە و ناشیرین كردنی چارەی شۆڕشی كورد و كێشەی كورد و تاوانباركردنی بەبەكرێ گیراوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و جیاوازی خوازی و پارچە پارچەكردنی عێراق.

٣- هەوڵدان لەرێگەی سۆڤیەتەوە بۆ پەیوەندی كردنی بەحیزبی شیوعی عێراقی و ئێرانی لەبزووتنەوەی كوردی بەتایبەتی مەلامستەفا.

٤- بەهۆی حیزبی شیوعی عێراقی و لەرێگەی پەیوەندی بەهێزیشیان بە سۆڤیەتەوە، هەوڵ دەن سۆزی سۆڤیەت بۆ كێشەی كورد و پەیوەندیشی بە پارتیەوە نەهێڵن.

٥- هەوڵ دەن بەرێگەی دیبلۆماسی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا دروست بكەنەوە و بیخەنەوە بارێكی ئاسایی ئەوتۆ كە بەجێ بەجێ كردنی هەندێ داخوازی ئێران، پشتیوانی ئێران لەمەلامستەفا ببڕن، و پارتی پاسكی (مەلایی) وەتەق بخەن.

٦- گەر ئەوانەی سەرەوەیان بۆ چووە سەر ئەو هێزەكەی ئەردەن یان بكشێنەوەو بەنەخشەیەكی سوپایی مەحكەمەوە و كە تا ٣٠٠٠٠ كوشتەی تیابدەن، و بەهاوكاری هێزەكانی پاسكی جەلالی، هێرشە بەرنە سەر پارتی پاسكی (مەلایی) و هەموو كوردستانیان لەدەست دەربێنن و ئەوسا پاسكی (جەلایی)ش وەك هێزێكی چەكداری نائاسایی (غیر نظامی) هەڵوەشێنێتەوە.

لەراستیدا بەعس لەو نەخشە ستراتیژیەی جگە لە ئێران، تا رادەیەكی زۆر سەركەوتنی بەدەستهێنا بۆیە كەوتە جێ بەجێ كردنی دوابەندی نەخشەكەی كە لە

ڕۆژی ١٩٦٨/١١/١٠ دا هێرش و پەلاماری بەعسیان بۆ سەر بنکە و بارەگا و ناوچەکانی پاسکی (مەلایی) دەستی پێ کرد.

٧- گەر سەرکەوتو نەبوون لەشەڕ دا لەگەڵ مەلامستەفا، وە سەرکەوتووتەبوون لە داپڕانی ئێران لە مەلامستەفا ئەوسا کە بەپێچەوانەی بەندی شەشەمی تەخشەکەیان هەوڵ دەن مەلامستەفا لەئێران دا ببڕن لەڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵیا و سەلماندنی هەندێ دەستکەوتی سیاسی بۆی کەبەوکارە :

ا) خۆیان لەمەترسی ئێران دەربازکەن.

ب) لەڕێگەی ئاشتیەوە بکەونە کنەکردن و گەندەڵ کردنی ڕێکخراوەکانی پارتی و چەکدارەکانی پارتی پاسکی (مەلایی).

ج) بەڕێکەوتن لەگەڵ مەلامستەفا خۆیان لەمەترسی ئایندەی قەبەبوونی پاسکی جەلالی بپارێزن و هەموو چەکدارەکانیان هەلوەشێننەوە.

د) پاشان لەپاڵ ئاشتیدا پلان کوشتن و لەناو بردنی مەلامستەفا داڕێژن.

## ٦-٢ شەڕی یەک ساڵەی نێوان : بەعس-مەلایی، جەلالی-مەلایی

لە ١٩٦٨/١١/١٠ وە ڕژێمی بەعس بەهەموو کەرەسەیەکی شەڕ و بەسوپایەکی زۆرەوە کە نزیکەی ٦٠% ی هەموو سوپای عێراقی دەبوو، لەهەموو لایەکەوە هێرشی کردە سەر ناوچەو بنکەو بارەگاکانی مەلامستەفا و پارتی پاسکی (مەلایی) بەتایبەتی لەناوچەی بادینان و بەخەستی بۆ ناوچەکانی سەرخەتی (هاملتۆن).

شان بەشانی سوپای ڕژێم، هێزەکانی (جەلالی)ش کە ژمارەیان لە ٤-٥ هەزار چەکدار دەبوو هێرشیان کردە سەر هێزەکانی (مەلایی) لە ناوچەکانی «دۆڵی جافەتی و سیوەیل، شارباژێر، سروچک، هەڵەبجە، بیارە و تەویلە، و ناوچەی دوکان، بتوێن، پشدەر، و ڕانیە».

لەم هێرشانەدا هەتا مانگی ١٩٦٩/١١ هێزەکانی (مەلایی) هەر لەشکان و کشانەوەدابوون بۆ ناوچە سنورییەکان، هێزەکانی ڕژێم و (جەلالی)ش هەر لە پێشڕەویدا بوون، تا ئەو ڕادەیەی کە لەسۆراندا هەموو شار و شارۆچکەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی جەلالیەکان و بە پراکتیک حوکمران بوون تیایاندا.

ئەم وەرچەرخانە لە تەرازوی هێزدا، ئێرانی نیگەران کرد و مەترسی کەوتە سەر، بۆیە کەوتە پشتیوانی مەلامستەفا بەچەک و جبەخانەیەکی زۆرەوە، جگە لەوەش کەسوپای چەکداری خۆیان ناردە ناو مەیدانەکانی شەڕەوە بەجلی کوردی خاکیەوە

و لەسەر سنوریشەوە بەتۆپی دورهاوێژ کەوتە بۆردومان کردنی سەربازگەکانی عێراقی و هێزەکانی (جەلالی).

چەکدارەکانی پارتی باسکی (مەلایی) لەبەر بەرپەرچ دانەوەی ئەو هێرشە توندە دا لە ٩٦٩/٣/١١ دا بەهاوەن و یارمەتی شارەزایانی ئێرانی تۆپ یارانی بەشێکی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیان کردە، کە ئەوە گەورەترین هەوڵی باسکی (مەلایی) بوو بۆ وەلامدانەوەی هێرشە بەربلاوەکەی ڕژێم و باسکی (جەلالی).

مەترسی تەواو کەوتە سەر مەلامستەفا و سەرکردایەتی پارتەکە، تا ئەو ڕادەیەی کەپڕوپاگەندە کرا، گوایە بارەگای بارزانی گوێزراوەتەوە پشتی سنور بۆ دیوی ئێران، بەلام ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە هەندێ لەکەسە نزیکەکانی بارزانی داوایان لە مەلامستەفا کرد بوو کە بارەگاکەی بگوێزێتەوە.

وەلامی مەلامستەفا بۆ ئەوی داوا مەترسی ئامێزە، پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بو لە ٩ ئەندام، کە پێکهاتبون لە « حەبیب محەمەد کەریم، د. مەحمود عوسمان، سالح یوسفی، ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەزیز عەقراوی، سامی عبدالرحمان، نوری شاوەیس، علی عبالله ». ئەمانە هەمویان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی باسکی (مەلایی) بوون.

پێکهێنانی ئەو سەرکردایەتیە بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردن و جلەوگرتنی بەشی ڕێکخستن، و بەشی پاراستن، و بەشی هێزی چەکدار بوو لەو بارودۆخەدا، کە تاڕادەیەک شیرازەی هەر ٣ بەشەکە بەرەو تێکچون دەچوو.

وورە و بڕوا و سووربوونی مەلامستەفا لەسەر مانەوە و بەرگری کردن، وە پێکهێنانی ئەو سەرکردایەتیە، زۆر کاری کردە سەر هەموو بەرەکانی تری شەڕ و دەربازکردنی هێزەکە لە پاشا گەردانی.

شەڕ و پێکدادان لە زستانی ٩٦٩ دا واتە مانگی ٣،٢،١ تا ڕادیەک هێور بووە، بەهۆی سەرماو سۆڵەی زستانەوە.

لە مانگی ٩٦٩/٤ دا هێرش و پەلامار جارێکی تر بەتوند و تیژی دەستی پێکردەوە لە هەردوو لای ڕژێم و جەلالی بۆ سەر (مەلایی)، ئەو هێرش و پەلامارە بوە هۆی بەشداری کردنی ئێران لەشەڕەکەدا بە ئاشکرا و بێ پەروا و ناردنی سوپای خۆی بۆ ناوچەکانی شەڕ.

## ٦-٣ بەشداری کردنی ئێران لەشەڕ دا دژی عێراق

لە دوای نیسانی/ ٩٦٩ ڕە شەڕی ئاشکرای نێوان هێزەکانی سوپای عێراقی و ئێرانی لەناوچە سنوریەکاندا سەری هەڵدا.

ڕژیمی عێراقی قەبارەی خۆی لەشەڕەکەدا پتر کرد، ڕژیمی عێراقی پتر لەنیوەی تەواوی سوپای عێراقی خزاندە مەیدانەکانی شەڕەوە.

هێزەکانی عێراقی لەشەڕدا ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرانی ڕژێمەوە بە تایبەتی جەنەڕاڵەکانی سوپاوە سەرپەرشتی کرا.

لە قوڵی بادینان (سەعدون غێدان) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەعس و لە قوڵی سۆران (ساڵح مەهدی عەماش) جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی عێراق سەرپەرشتیان دەکرد.

ئەو هێرش و پەلامارە بەهاوکاری پاسکی (جەلالی) تەنگیان بەپاسکی (مەلایی) هەڵچنی.

ئێران بۆ لەدەست نەدانی مەلامستەفا و ڕاگرتنی پارسەنگ لەناوچەکەدا بەشێکی سوپای خۆی گەیاندە سنور و تەنانەت هاتە ناوپشتی سنورەوە بۆ ناو خاکی خوارووی کوردستان.

لەیەکێک لەشەڕەکاندا هێزەکانی هاوبەشی ئێرانی و پارتی پاسکی (مەلایی) لەناوچەی پاوەوە بۆ ناوچەی هەڵەبجە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پاسکی (جەلالی) لەمانگی ٦٩١٨ دا بە فەرماندەیی عبدالوهاب ئەتروشی، لەو شەڕەدا پاسکە (جەلالی) هێزەکەی ئێران و پاسکی (مەلایی)یان شکاند، و ٣ تۆپی ئێرانی و ژمارەیەکیان لە چەکداری ئێرانی بەدیل گرت و دیلەکان و تۆپەکانیان بەناو شاری سلێمانیدا گێڕا و پاشان تەسلیم بەڕژێمی عێراقی کردن، ڕژێمە عێراقی هەم تۆپەکان و هەم دیلەکانی لەسەر ئێزگەی تەلەفزیۆنی عێراقی پیشاندا.

## ٦-٤ وتووێژی کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ و ئازاری ١٩٧٠

فاکتەرە گرنگەکانی کارتێکەر لەگفتوگۆی نێوان ڕژێمی عێراقی و پارتی پاسکی (مەلایی) گەلێک کاری گەربوون لە ڕەخساندنی ئەو بارودۆخە و سازکردنی هەلێکی لەبار بۆ دروست بوونی ئاشتییەکی کاتی کە نزیکەی چوار ساڵ پتری خایاند و لەهەناوی خۆشیدا گەلێ گۆڕانکاری لەسەر کوردستانی خواروو دا هێنایە کایەوە.

١- یەکیەتی سۆڤیەتی کە بەچەندین داوی سیاسی، ئابووری، رۆشنبیری، عەسکەری، پەیوەندی خۆی لەگەڵ عێراق دا توند و تۆڵ کردبوو، وە سەبارەت بەبوونی حیزبی شیوعی عێراقی وەک پاڵپشت لەگەڵ مەلامستەفا دا، و بۆ دابڕانی مەلامستەفاش لە ئێران و بازنەی (ئێران-ئەمەریکا-ئیسرائیل)، کەوتە ئەقەلادان هەم لەگەڵ سەرانی بەعس و هەم لەگەڵ مەلامستەفاش بۆ لێک نزیک کردنەوەیان و گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆ.

٢- مەلامستەفا کە لەو بارودۆخەدا لەهەموو لایەکەوە تەنگی پێ هەڵچرابوو و زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی خوارووی کوردستانی لەژێر دەست دەرهێنرابوو، و هێزەکانی لەشەڕێکی نابەرانبەریدا تووشی شکستی زۆر و هیلاکی و تێکچوونی شیرازەبوو بوو، پێویستی بەپشوودان و خۆ ڕێکخستنەوە و تەقەلادان هەبوو کە لەبواری ئاشتیدا بتوانێ دوژمنەکانی خۆی (جەلالیەکان) بشکێنێ، بەتایبەتی هەستی بەوەکردبوو کە جەلالی لەهەردوو ڕووی سیاسی و چەکدارییەوە بوونەتە هێزێکی زۆر گەورە و مەترسی بەخش.

٣- حکومەتی بەعس لەناو خۆیاندا سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد و لایەلاکردنەوەی ئەو گەترسیە ناوخۆییە، بەتایبەتی پاش هێرشەکانی کۆتایی ساڵی ٩٦٨ و ناوەڕاستی ساڵی ٩٦٩ بووبوون بە دوو بەشەوە.

بەشێکیان کە زۆربەی جەنەڕاڵە سوپاییەکانی ناو بەعس بوون پێیان وابو کە تەنیا دەبێت ڕێگای شەڕ و هێرش و پەلامار بگیرێتەبەر.

بەشێکی تریان کە زۆربەیان لە کەسە سیاسی و ناسوپاییەکان و بەشێکی کەم لە جەنەڕاڵەکان بوون و لەسەرویانەوە (سەدام حسین) ڕایان وابو کەبەشەڕ ناتوانن ئەخشە ستراتیژییەکەیان بەرامبەر کێشەی کورد و لەناوبردنی مەلامستەفا جێبەجێ بکەن.

سەدام حسین کە پشتیوانەکەی لەناو ڕێکخراوەکانی بەعس و ڕیزەکانی ڕێکخستندا بەهێزتر بوو، لەچاو هاوڕێکانی تریا بەتایبەتی لەوانەی کە لەناو سوپا پشتیوانیان هەبوو، دەیەویست کێشەی کورد بکاتە هۆیەک بۆ سەرکەوتنی خۆی و دەسەلات گرتنە دەست لەناو حیزبەکەیدا، بۆیە دەیەویست ئەو بۆچوونە لەناو بەعسدا بسەلمێنێ، کە تەنیا لەڕێگەی گفتوگۆ و ئاشتییەوە دەتوانن خۆیان لە مەلامستەفا و کێشەی کوردیش ڕزگار بکەن، وە دەشیەویست لەکەش و هەوای ئاشتی و ئارامیدا دژەکانی خۆی لەناو سەرانی بەعسدا پاکتاوبکات، بەتایبەتی کە

بیانوی ئەوەی بەدەستەوە بوو کە لەماوەی نزیکەی یەک ساڵدا و بەزۆربەی هەرە زۆری سوپای عێراقی و پشتیوانی بەشێکی زۆری کوردەوە کە لایەنگرانی (جەلالی) بوون نەیانتوانی مەلامستەفا و هێزەکەی لەناو بەرن، و جگە لەوەش توندوتیژی شەڕەکە بوو بە هۆی پتر دەست تێوەردانی حکومەتی ئێرانی لەکاروباری ناوخۆی عێراق و بەشداری کردنی لەشەڕدا و بەئاشکرا و پراکتیک، کە پێی رابوو لەو کاتەدا ناتوانن بەرەنگاری ئێران ببنەوە.

هێز و سوپای عێراقی سەرکەوتنی لەدەرپەڕاندنی مەلامستەفا لەخوارووی کوردستان و تێکشکاندنی یەجگاریدا بەدەست نەهێنا.

باسکی (جەلالی) نەیانتوانی تۆڵەی شکستی ساڵی ١٩٦٤ی خۆیان بکەنەوە و مەلامستەفا و هێزەکەی ئاودیوی ئێران بکەن.

هەلومەرجی وتووێژ لەباربوو، خوێندکاران بوونە پردی دروستکردنی پەیوەندی نێوان مەلامستەفا و عێراق، سۆڤیەت کەوتە هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ ئەو مەبەستە.

هەنگاوی یەکەمی چاو بڕکێی گفتوگۆ گەلێ کۆسپ و تەگەرە و گوشاری تێدا بەکارهێنرا، ئێران نەیدەویست گفتوگۆ سەر بگرێ یا هەر بکرێ، گوشاری خستبووە سەر مەلامستەفا کە گفتوگۆ نەکات و ئامادەیە بەهەموو جۆرێ ئاسەر پشتیوانی مەلامستەفا بێ، سۆڤیەت نوێنەرانی خۆی بەناوی (دکتۆر موراد عەزیز) لەڕێگەی بەغدادەوە ناردە لای مەلامستەفا بۆ کارتێکردن و قایل کردنی بە ئامادەبوون بۆ گفتوگۆ.

(د. موراد) ناوی پێشینەی مراد رەزم ئاور بوە، بەپێی بڵاوکراوەی (اسناد لانەی جاسوسی، کوردستان (٢) شمارە ٣٢، دانشجویان خت امام صفحە یی ٦٦) کە دەڵێ: جاسوسی دەزگای سیا (عەلی قازی_ کوڕی رەش) دەرگوزارشی ٥/مهد/١٣٥٨ مینوسیت:

«مهمترین چهره در امور کوردها در عیراق یک فرو نه چندان معروف بنام دکتر مراد عزیز است که در سوویەت زیندگی میکند و همیشه با اسکورد ٢-٣ مرسیدس بینز پر از محافظانی امنیتی مسلح به سلاحهای اتوماتیک هستند رفت و امد میکند. موقعیت او در رابطه با دولت عیراق مشخص نیست ..... از احترامی که برای او قائل میشوند احتمالا مقام بالایی دارد......، دکتور عزیز در اذربایجان بعنوان گروهبان مراد رزم اور، ارتش ایران شناخته میشد ......»

مەلامستەفا ئەی دەویست ئێران لەدەست خۆی بدات، بۆیە لەسەرەتاوە دژی هەوڵەکەی خوێندکاران وەستایەوە، بەڵام پاش گوشاری نوێنەری سۆڤیەتی قایل بوو بۆ گفتوگۆ و ئێرانیشی لەوە دڵنیا کرد کە هەرگیز پشتیوانی ئێرانی لەبیرناچێتەوەو پەیوەندی خۆیشی لەگەڵ ئیکنادات و ئامادەیی جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانیشیەتی.

سەرەتای سەرهەڵدانی گفتوگۆ لەفرماندەی لەشکری (طارق ابن زیاد) وە دەرچوو کەلە رەواندوز دریکاندی، حکومەت ئامادەی گفتوگۆیە.

لە ١٩/١٢/٩٦٩ وەفدێکی حکومەتی عێراقی (عزیز شریف، فوئاد عارف، سامر عزیز) چوونە ناو پردان بۆ بینینی وەفدەکەی بارزانی (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، دارا توفیق، د.محمود عبدالرحمان، سامی عبدالرحمان) پاش دوو رۆژ گفتوگۆ، مەلامستەفا دارا توفیقی لەگەڵ وەفدەکەی حکومەت نارد بۆ بەغداد.

خاڵی گرنگ و سووربوونی مەلامستەفا لەسەری لەو گفتوگۆیەدا هەڵوەشاندنی جاش جەلالی بوو.

دارا توفیق لە ٢١-٢٥/١٢/٩٦٩ لە بەغداد مایەوە بۆ گفتوگۆ، لەهەموو دانیشتنەکاندا سەدام حسین بەشداری کرد و خۆی بەلایەنگری سەرخستنی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد نیشاندەدا، لەدانیشتنەکەدا سەدام ئاگاداری دارا توفیقی کرد کە دوو مەسەلە هەن دەبێت بۆ سەرخستنی گفتوگۆ لەبەر چاو بگیرێن:

١- دەسەڵاتی سوپا لەناو حکومەتی عێراقیدا کە پشتگوێ ناخرێن و دەبێ قایل بکرێن.

٢- بینین و پرس و ڕا بە دامەزرێنەری حیزبی بەعس (واتە: میشێل عەفلەق).

لە ٢١/١٢/٩٦٩ احمد حسن بکر و سەدام حسین کۆبونەوەیان لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمایەتی (القيادة القطرية) بەعس و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) کرد، بۆ تاووتوێ کردنی گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی، و دانی ئۆتۆنۆمی، و چۆنیەتی شێوەی ئۆتۆنۆمی، دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، دابڕاندنی مەلامستەفا لە ئێران، و کۆنترۆڵ کردنی سەرتاسەری سنووری ئێران-عێراق.

لەکۆبونەوەکەدا ململانێی ناوخۆیان ئاشکراتر بوو، بەشێک لەجەنەڕاڵەکان لەگەڵ ڕاتەگرتنی شەڕدابوون، ڕایان وابوو کە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی بێسوودە و

ئاگەنە ئەنجام و بڕوایان وابوو کە گەر ئۆتۆنۆمیشی بدەتێ مەلامستەفا واز لەشەڕ ناهێنێ و ڕێگە نادەن بهێڵێ ئارامی لەعێراقدا بێ، ئەم لایەنە ڕایان وابوو کە داوا لەباسکی (جەلالی) بکەن پرۆژەیەک پێشکەش کەن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد و گەر بەعەقڵدا چوو، ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ بکەن.

بۆ دروست نەبوونی دووبەرەکی لەناو سەرکردایەتی بەعس و سەرانی سوپادا، داوایان لەپارتی باسکی (جەلالی) کرد بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەیەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پرۆژەی ئەمان پێشکەش کرا، کە بریتی بوو لەپرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ هەموو ناوچە کورد نشینەکانی خوارووی کوردستان بە کەرکوک و هەموو قەزاکانی سەر بە موسڵ و ناوچە کورد نشینەکانی سەر بە دیالە، وە لەئایندەشدا دان بەمافی کورد دا بهێنرێت لەدیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا.

بەپێشکەش کردنی ئەو پرۆژەیەی پارتی باسکی (جەلالی) دەرکەوت کە ئەمان داواکانیان گەلێ لەوە پترە کە مەلامستەفا داوای دەکات، بەم کارەش کە هەڵوێستی سەدام حسین بەهێزتر بوو کە لایەنگری گفتوگۆ بوو لەگەڵ مەلامستەفا.

لە ٦٩/١٢/٢٦ دا دارا توفیق چوو بۆ (بەیروت) و لەوێ لەگەڵ (میشێل عەفلەق) کۆبۆوە.

لە ٦٩/١٢/٢٧ لەسەر بڕیاری ئەحمەد حسن بکر، سەدام حسین کۆبونەوەیەکی گەورەی بە جەنەڕاڵ و فەرماندە سوپاییەکان کرد، لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ مەلامستەفا، سەدام پتر مەبەستی لەو کۆبونەوەیەدا ئەوەبوو کە:

١- قەبارەی لایەنگرانی گفتوگۆ و دژەکانی بۆ دەرکەوێ لەناو سوپادا،

٢- پێیان ڕابگەیەنێ کە حکومەت لەعێراقدا، حوکمی حیزبێکی سیاسی عەرەبیە و پێویستە لەمەودوا سوپاش لە خزمەتی جێ بە جێ کردنی سیاسەتی حکومەت دابێ، وە دەبێ سیاسەت ئاراستەکەری سوپابێ نەک بەپێچەوانەوە.

٣- درێژەدان بەگفتوگۆ و ڕێکەوتن لەگەڵ مەلامستەفا دا، جێ بەجێ کردنی نەخشە ستراتیژیەکەی دوای ناوەڕاستی ساڵی ٩٦٨ ە بۆ دابڕنی مەلامستەفا لەئێران و ئیسرائیل و ئەمەریکا و پاشان لێک ترازاندنی مەلامستەفا و حیزبی شیوعی عێراقیشە.

دوای بینینی میشێل عەفلەق، دارا توفیق گەڕایەوە ناو پردان و بەمەلامستەفای وت کە بەعس ئامادەیە کە هەموو داواکاریەکانی جێ بەجێ بکات.

لەمانگی ١١/٧٠ دا حکومەتی بەعس کەوتە لێدانی سەرانی ئەوانەی لەناو سوپادا دژی گفتوگۆن، بەبیانوی ئەوەی کە هەوڵی کوشتنی سەدام حسین یان داوە، پتر لە ٧٠ فەرماندەیی سوپاییان گرت و گوللە بارانیان کرد.

یەکێک لەوانە کەبەر شالاوی گرتن و تیرۆرکردن کەوت (حەردان عبدول غفار التکریتی) بوو، کە ئاگاداری تەواوی نەخشەکەی حکومەت بوو بۆ لێدانی مەلامستەفا لەڕێگەی گفتوگۆوە کە لەبیرەوەریەکانیدا لە(لاپەڕە ٥٦-٥٧) دا دەڵێ:

(کان القصد من المفاوضات اعطاء املا كل التنازلات التي يريدها في محاولة لاحتوائه أو القيام بانقلاب عسكري ضده، ولكنه كان اقوى واذكي واكثر تمرساً بأساليب المناورات السياسية والعسكرية، لذلك فقد اشترط في بند سري من بنود البيان بقاء ٢٥ خمسة وعشرون ألفاً من جنود البيشمركة تحت السلاح، ولقد أعطيناه ذلك ولكن قررنا ان نستغل فترة انتهاء الحرب لادخال عناصر من جماعة جلال الطالباني وهو عدو تقليدي للملا والقيام بأغتياله عند اللزوم).

بەعسیەکان کۆنگرەی حەوتەمی سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراقیان گرت، لەکۆنگرەدا بڕیاری چارەسەری کێشەی کوردیان دا و کردیانە بنەمایەکی بڕوابوونی حیزبەکەیان بەدانی مافی کورد.

ئەو بڕیارەیان پتر بۆ دڵنیاکردنی مەلامستەفا لەگفتوگۆ خۆشکرد، و لەلایەکی تریشەوە بەعسیەکان بەو بڕیارە ویستیان بیسەلمێنن کە چارەسەری کێشەی کورد و دانی مافی کورد لە ستراتیژی حیزبەکەیاندایە، و پەیوەندیەکی بەگوشار و مەترسی دەرەوەی عێراق لەسەر عێراق و بەزەبر و زەنگی شۆڕشی کوردەوە نیە، و توبالی درێژە کێشانی شەڕی کوردیشیان خستە ئەستۆی حکومەتەکانی قاسم و هەردوو عارف.

لە ٦٩/١٢/٣١ دا وەفدێکی بەعسیان (عبدالخالق سامرائي، طارق عزيز، عزیز شریف، فوئاد عارف) چوونە لای مەلامستەفا.

لە ٧٠/١/٧ وەفدێکی مەلامستەفا (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، د. محمود عوسمان، سامی عبدالرحمان، دارا توفیق، ناقیز جلال، موحسن دزەیی، ساڵح یوسفی) چوونە بەغداد، دوای ٣ ڕۆژ گفتوگۆ تووشی هەندێ گیروگرفت بوون لەسەر دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، و چەکدارەکانی پارتی باسکی (جەلالی).

بۆ چارەسەرکردنی ئەو دوو گیروگرفتە، سەدام حسین لە ٧٠/١/١٠ چوو د سەردانی مەلامستەفا و لەگەڵ مەلامستەفا کەوتە وتووێژ.

سەبارەت بەکێشەی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، سەدام زۆر لاستیکیانە و بەڕاشکاوی ووتی: "گەلی کورد پاش گەلی عەرەب گەورەترین نەتەوەی سەر زەمینی عێراقە و نابێ تەنیا کوردستانی عێراق بە وولاتی خۆی بزانێ و لەو سنوورە تەسکەدا بیەوێ هاوبەشی لەئاوەدان کردنەوە و بەرەوپێشەوە بردنی عێراقدا بکات، بەڵکە دەبێ خۆی بە خاوەنی هەموو عێراق بزانێ، و بەشداری لە گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردنی هەموو عێراقدا بکات. گەلی کورد و گەلی عەرەب پێکەوە خاوەنی هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی عێراقن. لەبەسرە یان لەسلێمانی، لە بەغداد یا لە هەولێر، لە موسڵ یا لە کەرکوک، دەبێ گەلی کورد هاوکاری تەواو لەحوکمدا بکەن بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت" :

سەبارەت بەمەسەلەی (جەلالی)، کە مەلامستەفا سوور بوو لەسەر ئەوەی کەمەسەلەی (جەلالی) مەسەلەیەکی ناوخۆیی کوردە و دەبێ کورد خۆی بڕیاریان لێبدات، بەلام حکومەت لەسەریەتی کە یارمەتی هیچ هێزێک لەدژی ئەو -بارزانی- نەدات و هەموو جاشەکان بە جاش جەلالیەکانیشەوە هەڵوەشێنێ و چەکیان کات.

سەدام حسێن بەڵێنی بە مەلامستەفا دا کە ئەوەشی بۆ بکەن، بە مەرجێ سەروماڵیان پارێزراو بێت.

سەبارەت بەناوچەی ئۆتۆنۆمی، سەدام بە مەلامستەفای ووت، کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک دەگرێتەوە، بەلام کەرکوک و ناوچە کورد نشینەکانی تری وەک خانەقین و سنجار و دەوروبەری موسڵ لەگفتوگۆ و دانوستاندندا قسەی لەسەر دەکرێ.

ڕۆژی ۹۷۰/۳/۱۲ نوێنەرانی بەعس بەڕاشکاوی بەنوێنەرانی مەلامستەفایان ڕاگەیاند، کە دەبێ مەلامستەفا کەرکوک و هەر ناوچەیەکی تری پیترۆڵ جاری لە بیر خۆی بباتەوە و لەهیچ گفتوگۆیەکدا دانوستاندنی لەسەر نەکرێ.

لەسەر ئەوە وەفدەکەی پارتی باسکی (مەلایی) هەر ئەو ڕۆژە گەڕانەوە بارەگای مەلامستەفا، جگە لە (د. محمود، نووری شاوەیس، دارا توفیق محسن دزەیی)، کە بەفەرمانی بارزانی لەوێ مانەوە، حکومەتی عێراقی هەر ئەو ڕۆژە ئاگاداری هەموو فەرماندە سوپاییەکانی خۆیانی کرد کە کۆک ئامادەبن و گفتوگۆ سەری نەگرتوە، و لەڕادیۆ و تەلەفیزیۆنیشدا ڕایانگەیاند کە مەلامستەفا پیاوی ئیمپریالیزمە و بە دەسیسەی ئیمپریالیزم دەیەوێ هەمیشە عێراقی پێشکەوتوخواز دووچاری تەنگ

و چەلەمەی شەڕیکات، لەتەلەفیزیۆندا کاریکاتێریکی مەلامستەفایان پیشاندا بە پاڵتۆیەکەوە کە لەسەریان نوسیبوو (رداء العمالە).

لەهەموو گفتوگۆکاندا دوای وتوویژ، نوێنەری سۆڤیەتی لە باڵوێزخانەی سۆڤیەتی لەبەغداد، پەیوەندی بە هەردوولایانەوە دەکرد و هەوڵی نەپچرانی گفتوگۆ و لێک نزیک بوونەوەی دەدان.

لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزی و چارەنوس بەستنەوەیەی جەلالی بەڕژێمی بەعس و بەعسیانەوە، هەموو کەین و بەینەکانی گفتوگۆ لەپشتی ئەوانەوە و لەسەر چارەنوس و ئایندەی ئەوانیش دەکرا.

هەرکاتێ کەش و هەوای گفتوگۆ لێلیەکی تێبکەوتایە، بەعس ڕوویان دەرکردەوە باسکی (جەلالی)، و هەرکاتێکیش کەش و هەواکە باش و ڕوون بوایە پاشگوێیان دەخستن. باسکی جەلالیش بەپێی بەڵێن و گفتە درۆزنانەکەی بەعسیان هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەئەک بارودۆخەکەدا دەکرد.

بۆ نموونە: لەدوای ڕاگەیاندنەکەی ڕژێم لە ٩٧٠١٣١٢ دا سەبارەت بە ئەمانی گفتوگۆ، پارتی باسکی (جەلالی) لەهەموو لایەکەوە کەوتنە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر مەلامستەفا و تاوانبارکردنی بەپیاوی ئیمپریالیزم، ڕۆژی ٩٧٠١٣١٣ لێپرسراوی پارتی باسکی (جەلالی) شێخ لەتیف لە هەولێر بەدروستکردنی خۆپیشاندانێک هەڵسای بەبڵندگۆ هاواری دەکرد. «بارزانی خزمەتکاری شا و ئیمپریالیزم! ئیستیفادەی لەو فرسەتە نەکرد کە حکومەتی نیشتمانی حیزبی بەعس دایە بۆ تۆبە کردن و هاتنە ناو ڕیزی نیشتمانی، گفتوگۆ بەنەتیجە نەگەیشت، شەڕی ئەمجارە، شەڕی لەناوبردنی دەسەلاتی مەلا چۆمبی و شا و ئیمپریالیزمە......!!»

ڕۆژی ٩٧٠١٣١٩ بروسکەیەک لە مەلامستەفا دەرکرا بۆ وەفدەکەی لە بەغداد بمێنێتەوە، وەفدی بارزانی لەو بروسکەیە سەریان سوڕما، و ئاگایان لەپەیوەندی نهێنی نێوان مەلامستەفا و سەدام نەبوو.

ڕۆژی ٩٧٠١٣١١٠ سەدام حسین گەیشتە لای مەلامستەفا لەناوپردان و مەلامستەفا پاڵتۆی عەمالەتەکەی بەری خۆی دا بەسەرشانی سەدام دا. سەدام لەسەفەری ئەم جارەیدا تەواو دڵنیا و پشت ئەستور بوو بەقایل بوونی مەلامستەفا لەسەر مۆرکردنی (بەیانی) بەئەنجام گەیشتنی گفتوگۆ. لەئێوارەی ڕۆژی ٩٧٠١٣١١٠ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتن نامەی نێوان سەدام حسین و مەلامستەفا ناسراو بە (بەیانی یانزەی ئازار) لەلایەن هەردووکیانەوە مۆرکرا.

ڕۆژی ١١\٣\٩٧٠ پاش گەڕانەوەی سەدام حسین لەڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقی لەلایەن سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکرەوە بەیانی ڕێکەوتن نامەی ئازار خوێندراەوە .

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) الاهالي ١٣ تشرینی یەکەم ١٩٦١

(٢) العراق فی عهد قاسم ل٤٠٨

(٣) سەیری (حول قصة النفط فی العراق) الشواف ل١٨٩ بکە .

(٤) اوریل دان - العراق فی عهد قاسم - ل٤٢٦

(٥) بەڕێز جرجیس فتح الله تەرجومەی کتێبەکەی اوریل دان دا ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە کە یەکەم کەس خوالێخۆشبوو مەلامستەفا لەشۆڕشی ئەیلولدا بەرامبەر ئەوانە بەکارهێناوە کە چەکیان بۆ دوژمنی نەتەوەکەیان هەلگرتوە بەلام لەڕاستیدا لە چلەکانەوە ووشەی (جاش پۆلیس) بەکارهێنراوە بۆ ئەو پۆلیسەئاتیرامیانەی کە بۆ ماوەیەک چەکدار دەکران و موچەیان بۆ دەبرڕایەوە لەکاتی پێویستیدا .

(٦) پەیڕەوو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان - چاپی پارتی سالی ١٩٦١ .

(٧) ڕۆژنامەی {الزمان} .

(٨) ژمارەی ١ سالی ١ لە ٤ \ نیسان \ ١٩٥٩ .

(٩) شەهید مەلا ڕەسول بە بەرەنگاریەکی قارەمانانەدا لە ڕۆژی / /٩٠ ٦ لە شاخی شەهید بوو .

(١٠) شەهیدان علی حمدی و محمود حاجی توفیق پاش گرتنیان لەلایەن بارزانیەوە لە سەنگەسەری ڕانیە شەهید کران لە / /١٩٦٤ دا .

سەرچاوەکانی بەشی یەکەم
١- راپۆرتی کۆلن والیس
٢- راپۆرتی ماجید مستەفا
٣- اسرار بارزانی _ گوزارش اردەلان
٤- کۆماری مهاباد _ ئیگلتون
٥- ئنیویورک تایمس ای ٣ ابریل ١٩٥٠
٦- کورد و کێشەی کورد _ د. شاکر خصباک
٧- کوردستانی عێراق _ عصمت شریف وانلی
٨- کێشەی کورد _ جەلال تالەبانی
٩- سەفەرێ بۆ وولاتی ئازایان _ دانا ئادەم شمیت
١٠- کردها _ حسن ارفع
١١- شەڕی کوردستان _ دیڤید ادمسن
١٢- العراق فی عهد قاسم _ جرجیس فتح الله
١٣- مذکرات حردان عبدالغفار التکریتي
١٤- اسناد لانەی جاسوسی _ کوردستان ٢
١٥- پاش بەندی شەرەفنامە _ هەژار مکریانی
١٦- حزب البعث العرب الاشتراکی _ کامل جابر
١٧- ئەم سەرچاوانەم لە ڕێگەی ئێزگەی ڕادیۆی لەندن، اسرائیل، دەنگی ئەمەریکا، بەشی عەرەبی کە بە هەواڵ بلاوکراونەتەوە و لە ئەجندەی ساڵانەم دا تۆمارم کردوون _ وەرگیراوە.
ڕۆژنامەی لۆمۆند، نیویۆرک تایمس، ساندی تلگراف، دیلی تلگراف، پراڤدا، واشنتون پۆست، المحرر _ لبنان، ساندی تایمس، المنار.

١٨- کاروانی شەهیدان _ کریم حسامی
١٩- حول قصة النفط في العراق _ الشواف
٢٠- پەیرەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان _ چاپی پارتی ساڵی ١٩٦٠
٢١- شەرفنامە _ شەرەفخانی بەتلیسی
٢٢- شۆرشی بارزانی _ مسعود بارزانی
٢٣- المسألة الكردية _ عبدالمحسن خليل محمد
٢٤- البارزانيون _ حسن مصطفى
٢٥- قضية الأكراد في شمال العراق _ امين سامي الغمراوي
٢٦- قاسم العراق والاكراد _ احمد فوزي عبدالجبار
٢٧- گەنجینەی فەرهەنگ و زانست
٢٨- کۆماری مهاباد _ نەوشیروان مستەفا
٢٩- بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری _ رمزی قزاز
٣٠- یادداشتی رەفیق حیلمی
٣١- رتل باز في حركات بارزان _ مقدم ركن بهاءالدين نوري
٣٢- مصطفى البارزاني الأسطورة والخيال _ حسن براك
٣٣- مذكرات مكرم طالباني
٣٤- مذكرات صالح الحيدري _ الجزء الثاني
٣٥- العراق دولة العنف _ ١٩٨٦ مطبوعات كوردولوجيا القسم الثاني _ لندن
٣٦- راپۆرتێکی کورتی ٣٥ لاپەرەیی بە دوو بەش لەسەر
(نێوانی بارزانی و مەکتەبی سیاسی ١٩٦٣-١٩٧٠ ، راپەرینی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش ١٩٦٣) کە ناوی نوسەرەکەی لەسەر نییە، و مۆرکی حیزبی شیوعی عێراقی پێوە دیارە
٣٧- کریس کۆچێرا _ کورد لەسەدەی ١٩-٢٠ دا
٣٨- في سبيل السلم والوحدة الوطنية _ منشورات دار الثاخي
٣٩- لكي يصان السلام وتتعزز الوحدة الوطنية _ منشورات الثورة

## ١-سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسی گەلی کورددا.

### ١-١ گرنگی بەیانی ئازار لە ستراتیژی بزوتنەوەی کورد دا

بزوتنەوەی دیموکراتخواز و ڕزگاریخوازی گەلی کورد پاش کۆماری مهاباد، پتر خۆی لە چوارچێوەی مافی فەرهەنگیدا و بەدەستهێنانی لانی کەمی یەکسانی لەگەڵ گەلانی وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا خۆی دیوەتەوە، لە سەرجەمی ووتوێژەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە خوارووی کوردستاندا لەگەڵ ڕژیمە داگیرکەرەکاندا خواستاری دەسەلاتێکی ئۆتۆنۆمی یا فدراڵی یا سەربەخۆیی نەبووە لە دانوستاندنەکاندا تا کۆتایی ساڵەکانی شەستەکان.

سەرئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنیستانە و عەسکەرتاری و دیکتاتۆری ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عراقی بەرامبەر کێشەی کورد و وەلام دانەوەی داخوازیە زۆر کەمەکانی بە ئاگر و ئاسن و هێرش و پەلامار و گرتنەبەری ڕەوتی سەرکوتکەرانە، خواستەکانی بزوتنەوەی کوردستانیش هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ خەملیوتر و چڕتر و بابەتیانەتر بوو، دیارە خوێنەر لە بەشی یەکەمدا تێبینی ئەوەی کردوە کە لە هەر گفتوگۆیەکدا بەدوای یەکدا کرابێ خواستێکی نوێتری کوردی تیا بەدی کردوە، تا هەنگاو بە هەنگاو گفتوگۆ دوای گفتوگۆ داخوازیەکانی کورد پتر ڕسکاون و قالبێکی بابەتیانەتر و چوارچێوەیەکی پێشکەوتوتریان بەخۆوە گرتوە تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی بەیانی یانزەی ئازاری تیا لەدایک بووە.

بەیاتی یانزەی ئازار بوو بە کۆبەندی داخوازیەکانی گەلی کورد لە خوارووی کوردستاندا تا ئەو کاتە، و پێسەلماندنێکی بێ چەندوچوون و مێژوویی بوو بە

ڕژێمی داگیرکەر سەبارەت بە بوونی کوردستان و گەلی کورد و مافی حکومڕانیکردنی خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا و بە شێوەی ئۆتۆنۆمی.

بەیانی ئازار دۆکۆمێنت و پرۆتۆکۆلێکی یاسایی و پێناسەیی کورد بوو بە ناساندنی کورد و مافی خۆبەڕێوەبردنی لەڕووی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەوە بە گەلانی وولاتانی جیهان بە شێوەی ئۆتۆنۆمی کە تا ئەو کاتەش مەسەلەی کورد و گیروگرفتەکانی بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی و پلان و کۆنەپەرستی ناودەبرا.

بەیانی ئازار، سەقامگیربوونی داخوازیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیقلیمیەکانی گەلی کورد بوو لە جۆرێ ئۆتۆنۆمیدا هیوای بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینی لێ دەکرا لە ئاییندەیەکی تردا و لەژێر سایە و تەقەلا و بڕیاری ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی کوردیدا لە خوارووی کوردستان.

بەیانی ئازار بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوون و فیداکاری و خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کوردی بەوەفا بە کوردستان و ئارەق و فرمێسکی ٩ ساڵ خەباتی بێووچانی گەلێکی سێ ملیۆنی بوو. ئەو کۆرپەیە بوو کە لە منداڵدانی باری بابەتی و خۆیی لە باری کوردستان و عێراق و ناوچەکە پاش (٧) ژان، ژانەکانی ووتووێژی ١٩٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٦، ٦٨، ٧٠ لە دایک بوو.

هەر لە ماوەی چوار ساڵی نەشەڕ و نەئاشتی بەرهەمی بەیانی ئازاریش بوو کە هەلومەرجی لەدایکبوونی ڕێکخراوی سیاسی تری خوڵقاند، کە لە ئاییندەدا بوونە داینەمۆ و چەقی خەباتێکی جەماوەری زۆر بەرفراوانتر لە پێشوو و هەڵگری ئاڵای کوردایەتی و دروشمی ڕزگاریخوازی زۆر پتر و فراوانتر لە ئۆتۆنۆمیش و دانەنانی ئەو ئاڵایە تا گەیشتن بە حکومڕانی فیدراڵی.

بۆیە بەیانی ئازار گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ستراتیژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتیدا.

هەر لەبەر ئەو گرنگیەش دەقی بەیانەکە وەک خۆی بێ کەم و زیاد دەخەمە بەر چاوی خوێنەر، کە هەم بەشێک لە نیازی گڵاوی ڕژێم و هەم بەشێک لە دان پێدانانی بێ چارانەی ڕژێمیش دەردەخا.

## ١-٢ دەقی بەیانەکەی ئازاری ٩٧٠ لەلایەن بەعسیانەوە بە شێوەی کوردی

(( هۆی یەکەمی بەرپابوونی شۆڕشی ١٧ ی تەموز بریتی بوو لە دەربڕینی ئارەزایی جەماوەری عەرەبی بە گشتی بەرامبەر هۆکان و هۆکارەکانی تێکشکانی حوزەیران، رەنگدانەوەی ڕای گشتی عراقی بوو لە ئاوانبارکردنی ڕژێمی کۆنەپەرستی و ئاکرەوی رابوردوی لە گێرانی ڕۆڵی پاشەکشەکەرانەی تێشکانی نەتەوایەتیدا، و لەبەر وەتەق کەوتنی ڕژێم لە جەماوەر و بێ توانایی لە چارەسەرکردنی کێشە نیشتمانیەکان کە بەشێکی گرنگی یەکخستنی ووزە نیشتمانی و مەتریالی و مرۆڤایەتیەکانە لە عراقدا بۆ وەگەڕخستنیان لە شەڕی چارەنووس سازی بەتەوەی عەرەبیدا بەشێوەیەکی سروشتی و بابەتیانە.

بۆیە شۆڕش هەر لە سەرەتای یەکەم ڕۆژیەوە، مەسەلەی یەکیەتی و یەکگرتنی نیشتمانی خستە بەرچاوی خۆی بێ جیاوازی رەگەز و زمان و ئایین و سەرچاوەی کۆمەلایەتی، وە فەراهەمکردنی هەموو فاکتەرە پێویستەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری ئەو یەکێتیە، بۆ وەگەڕخستنی سەرجەم ووزەی جەماوەری عراقی لەو شەڕە نەتەوەییە چارەنووس سازەدا... کە بەلای شۆڕشەوە خۆی لە ئاکۆکی سەرەکی و مێژوویی نێوان ئیمپریالزم و زایۆنزم و خواستە چەپەلەکانیان لە وولاتانی عەرەبیدا و نێوان بەرژەوەندی نەتەوەیی عەرەبی لە ڕزگارکردنی وولاتی عەرەبی و خەبات لە پێناوی ئامانجە مرۆڤایەتی و پێشکەوتووخوازەکەیدا دەنوێنێ.

سەرەرای ئەو کێشە و کۆسپانەی کە ڕووبەڕووی شۆڕشمان بۆتەوە وەک پاشماوەی ڕژێمە کۆنەکان بۆمان ماوەتەوە. شۆڕش هەر لە لەدایکبوونیەوە بە بڕوا و تەوژمێکی بەتینەوە هەنگاوی بۆ ڕزگارکردنی عراق لە پاشماوە کۆنەکانی ئیمپریالزم و پاشکەوتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکان هەلهێناوە و بە پراکتیکیش کاری بۆ بنیادنانی عراقێکی نوێ و بەدیهێنانی یەکسانی تەواو لە ئەرک و فەرمانەکان و ماف و وەکیەکی نێوان هاونیشتمانان کردووە. کە لە ڕێگەی هەستی نیشتمان پەروەری هەموو لایەک بۆ یەکیەتی خاکی نیشتمانی خۆشەویست و یەکیەتی گەلی عراقیەوە دەتوانین ئامانجە سەرەکیەکانی یەکیەتی نەتەوەیی و سەربەستی و سۆسیالستی بەدی بهێنین.

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عراقدا کە کێشە و کۆسپی هەرە سەرەکیە لەبەردەم شۆڕشدا، وە سەبارەت بە بێ توانایی سەردەمانی پێشوو لە

چارەسەرکردنی و بگرە نەبوونی ئارەزوویەکی ڕاستگۆیانەش بۆ بەپیرەوە چوونی، وە بە گرتنەبەری ڕێگای توندوتیژی و تۆقاندن و سەرکوتکردن لەباتی ڕێگای ئاشتی و دیموکراتیانە و برایانە لەلایەن ئەو سەردەمانەوە، وە بەهۆی قۆستنەوەی ئەو هەلە لەلایەن ئیمپریالزم و نۆکەرانەوە و دەست تێوەردان و خۆتێکەڵ کردنیان-هێندەی تر کێشەکەیان ئاڵۆز کرد تا ڕادەی ئیمچە لە چارەسەرکردن نەهاتوو، کە دەبوایە لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرایە کە کێشەیەکی نیشتمانی و خواستێکی مەشروع و ڕەوای بەشێکی گەلی عراقە.

شۆڕش هەر لە سەرەتای بەرپابوونیەوە بە گیانێکی هەست بە بەرپرسیاری و سەرەتای دیموکراتی و شۆڕشگێرانەوە کاری بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کردووە.

شۆڕش کە شارەوتی خۆی لە سەرچاوەی تیئوری پارتی بەعسی عەرەبی سوسیالستیەوە ڕێچکە دەگرێ، بڕوای وایە کە مافی نەتەوایەتی لە ناوەرۆکدا مافێکی دیموکراتیە، گەوهەری ئەو مافەش زیندووکردنەوەی کەلەپووری کلتووری و زمان و نەریت و بەگڕخستنی خواستی ئازادیە.

لەیەک وولاتیشدا، کە چەند نەتەوەیەکی تێدا بێت، پێویست بە دۆزینەوە و گرتنەبەری ڕێبازێک دەکە کە بتوانێ پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوانە بە شێوەیەکی وا دابین بکا کە هاندەری ڕاپەڕینیان بێت پێکەوە.

ئەو تەخشە و پلانانەی کە بۆ لاوازکردنی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان و یا بۆ لێکدابڕانیان بەکاردەهێنرێ، بەهیچ جۆرێ خزمەتی هاوبەشی ڕۆڵەکانیان ناکات... بە پێچەوانەوە، ڕێکوپێک کردن و بەهێزکردنی پەیوەندیە نیشتمانی و مرۆڤایەتیەکانی نێوان نەتەوەکان دەبێتە هۆی لە دایکبوونی فاکتەرەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە ئاقارێکی ئاشتیانە و برایانەی نێوان نەتەوەکاندا.

لەو ڕووەوە کە بڕوامان بەو ڕاستیە هەیە، کە دەبێ دەست پێشکەری بکەین لە دیاریکردنی هەڵوێستی ئایدۆلۆژی و تیۆریمان بەرامبەر بەو کێشە نیشتمانیە و داڕشتنی چارەسەرێکی گونجاو بۆی، بۆیە لە کۆنگرەی حەوتەمی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوسیالستیدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دا ئەو سەرەتایەمان چەسپاند بەم شێوەیە:

کۆنگرە دووپاتی کردەوە کە مەسەلەی خواستی نەتەوەیی کوردەکان لە عراقدا یەکەم مەسەلەیە کە ڕووبەڕووی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی عەرەبی دەبێتەوە.

چەندین ساڵ بەسەر ئەم کێشەیەدا تێپەڕی بێ ئەوەی چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، کە بوو بەهۆی گەیاندنی زیانێکی زۆر بە هاونیشتمانانی عەرەبی و کوردی وەک یەک، ئەویش سەبارەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بەو کێشەیە. هێزە ئیمپریالست و کۆنەپەرست و بەکرێگیراو و بێ بارەکانیش ئەو بارودۆخەیان قۆستەوە بۆ دەست تێوەردانە کاروباری ناوخۆی عراق و گوشار خستنە سەر حکومەتەکەی و پلان گێڕان لە مافەکانی عەرەب و کورد و گەیاندنی گەورەترین زیان بە دەستکەوتە نەتەوەیی و دیموکراتیە پێشکەوتووخوازەکانی عراق بە گشتی، کە بەرهەمی خەباتی دوورو درێژی چەندین ساڵە و، قوربانیە هاوبەشەکانی گەلی عراق بووە بە گشتی.

بۆیە شۆڕش لە بڕوای تەواویەوە بە سەرەتاکانی پارتی بەعس و بڕیارەکانی، دانی بە مافی هاونیشتمانیە کوردەکاندا نا لە بەکارهێنانی مافی نەتەوایەتیان و گەشەپێدانی تایبەتمەندیە نەتەوەییەکەیاندا لە چوارچێوەی یەکیەتی گەل و وولات و دەستوور و دەسەڵاتی دەوڵەتی عراقدا.

شۆڕش بڕوای وایە کە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد وەک بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب، بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی ئاراستەکراوە دژی ئیمپریالزم و کۆنەپەرستان، و بناغەیەکی سەرەکی یەکیەتی نیشتمان پەروەرانەی عەرەبی و کوردیە، و پێکەوە گرێدانی خەباتی ناوکۆییانە لە ڕێبازی خەباتی ڕزگاریخوازی عەرەبیدا دژی ئیمپریالزم و هێزە کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانیان.

پلانی ئیمپریالزم و زایۆنزم و کۆنەپەرستی دژی کۆماری عراق، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاسۆی ئاشتی لە ژووروی وولاتدا بەهۆی ئەو هەوڵ و تەقەلا دڵسۆزانەیەی کە حکومەتی شۆڕش دای، لەگەڵ ئەو بەپیرەوە چوونە دڵسۆزانەیەی کە لەلایەن سەرکردایەتی بەڕێز بارزانی مستەفاوە کرا، شتێکی کتوپڕ و ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو نەخشەیەکی دارێژراو بوو بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵە ئاشتیخوازیە.

شتێکی شاردراوە نیە کە شۆڕشمان لەلای خۆیەوە دەستپێشکەری کرد بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و دڵنیایی لە ژووروی عراقی خۆشەویستدا بە بڕیاردان لەسەر:

ا- دانی نا بە ڕاستی و ڕەوایی بوونی نەتەوەیی کوردا، کە ئەوەش یەکێک بوو لە بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی بەعس، و لە هەموو بەیان و بڵاوکراوەکانی

پارتی و دەسەلاتی دەوڵەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەسمیدا بلاوکراوەتەوە، و لە پەندەکانی دەستووری کاتی و هەمیشەییدا دەچەسپێت.

ب- ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لەسەر بنیاتنانی دانیشتگای سلێمانی و دامەزراندنی کۆمەڵەی زانیاری کوردی دا، هەروەک بڕیاریشی لەسەر دابینکردنی هەموو مافە فەرهەنگی و زمانەوانیەکانی نەتەوەی کوردی دا، بەوەی کە زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانە و پەیمانگا و دانیشگا و خانەی مامۆستایان و کۆلیجەکانی سوپایی و پۆلیسیدا بخوێندرێ، وە دەبێ هەموو کتێب و نوسراوە زانستی و ویژەیی و سیاسیەکانی کە ڕەنگدەرەوەی خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردە بلاوبکرێتەوە.

بۆئەوەی ئەدیبان و نووسەران و شاعرانی کورد بتوانن بەرهەمەکانیان چاپ کەن و خۆشیان لەناو یەکیەتیەکدا ڕێکخەن و دامەزرێنن، دەبێ هەموو ووزە و توانا و پێویستیەکیان بۆ فەراهەم و جێبەجێ بکرێ، تا بتوانن توانا و ووزە زانستی و هونەریەکانیان گەشەپێ بدەن. وە بڕیاری دەزگای چاپ و بلاوکراوەی کوردی بە زمانی کوردیمان دا، و بەڕێوەبەرایەتی گشتی-فەرهەنگی کوردیشمان دامەزراند، و بڕیاریشمان لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی (جریدە) هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی دا.

بڕیارمان دا کە ماوەی پرۆگرامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک درێژتر بکرێت، تا ئەو کاتەی کە ئێزگەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە بلاوکردنەوە بە زمانی کوردی دادەمەزرێ.

ج-لەو ڕووەوەی کە بڕوامان بە مافی برا کوردەکان هەبوو لە بووژاندنەوەی نەریت و جەژنە نەتەوایەتیەکانیان، و بۆ هاوبەشی کردنی سەرجەم گەلی عیراق لە جەژنی ڕۆڵەکانی، بڕیارمان لەسەر کردنی -نەورۆز- بە جەژنێکی نیشتمانی و ڕەسمی لە کۆماری عراقدا دا.

د-ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای پارێزگاکانی دەرکرد، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە ناناوەندی بەڕێوەبەرایەتیە ناوخۆییەکان (الامركزية الإدارات المحلية)، و پارێزگای دهۆک یشی دامەزراند.

هـ-ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو (عەسکەری و مەدەنی) یانە دەرکرد کە بەشداری کاری توندوتیژیان لە ژوورووی وولاتدا کردووە، تا بەو بڕیارە شوێنەواری باروودۆخە ناهەموارەکانی ڕابووردوو

پسەرەرێتەوە، و هەلومەرجێکی لەباری ژیانی نیشتمانپەروەرانەی ژامنکەری ئاسایش و برایەتی نەتەوەیی بێنێتە کایەوە.

جەماوەری عەرەب و کوردی عراق بەخۆشحاڵی و پشتیوانی کردنی تەواوەوە ئەو بڕیار و کردەوانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان پێشوازی کرد، کە ئەوەش بارودۆخێکی لەباری ئەوتۆی ڕەخسا اند کە هەوڵی هەنگاوناتی گرنگتر و گونجاوتر بدرێت لەپێناوی بەدیهێناتی ئەو ئامانجانەی کە هەموو گەل چاوەڕێی دەکا و توانا و ووزەیەکی پتر دەداتە یەکیەتی گەلی عراق.

بۆیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کەوتە پەیوەندی کردن لەگەڵ سەرکردایەتی بەڕێز بارزانی مستەفا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، و گۆڕینەوەی بیروڕا و پاشان بڕوابوون و قایل بوونی هەموو لایەک بە پەسەندکردنی ئەم بەیانە و ناوەرۆکەکەی و جێبەجێ کردنی.

لەبەرئەوەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سوورە لەسەر بەرفراوانکردن و فەراهەم کردنی هۆکارەکانی پتر گەشەپێدانی باری فەرهەنگی و ئابووری گشتی ناوچە کوردیەکان، تا جەماوەری کورد بتوانێ مافی ڕەوای خۆی بەکاربێنێ لە بەشداریکردنی لە چالاکیەکان و دروستکردنی وولات و خەبات لە پێناو ئامانجە نەتەوەییە سەرەکیەکەدا. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا:

١-زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی، زمانێکی ڕەسمی بێ لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. وە زمانی کوردی زمانی پەروەردە و فێرکردن بێ لەو ناوچانە، زمانی عەرەبیش لەو قوتابخانانەی کە بە کوردی دەخوێنن بخوێندرێت، وە زمانی کوردی وەک زمانی دووەم لە سەرتاسەری عراقدا بخوێنرێ لەو سنوورە کە یاسا دیاری دەکا.

٢-سەبارەت بە بەشداریکردنی برا کوردەکان لە حکومڕانیدا و جیاوازی نەکردن لە نێوان کورد و عەرەب لە کاری فەرمانڕەوایییە گشتیەکان و وەزارەتەکان و سوپا و هیتر، لە ڕابوردوو ئێستاشدا یەکێکە لەو پرانسیپانەی کە دەسەلاتی شۆڕش هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە، و لەبەرئەوەی بڕوای پەو سەرەتایەش هەیە هەوڵ بۆ جێبەجێ کردنیشی بە شێوەیەکی ڕەوایانە دەدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی سەرەتای لیها.توویی و ڕێژەی دانیشتوان و مەحرومبوونی برا کوردەکان لە ڕابوردوودا.

٣-بەهۆی ئەو دواکەوتووییەی کە لە رابوردوودا بەسەر نەتەوەی کورددا سەپێنراوە لە رووی فەرهەنگی و پەروەردەوە، دەبێ نەخشەیەک بۆ قەرەبووکردنی ئەو دواکەوتووییە دابنرێ لە رێگەی:

ا-پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەمەڕ زمان و مافی فەرهەنگی گەلی کوردەوە، بەهۆی بەستنەوەی بەرنامەی ئامادەکردن و ئاراستەکردنی تایبەت بە کاروباری نەتەوایەتی کوردی لە بەشی ئیستگە و تەلەفزیۆنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرهەنگ و راگەیاندنی کوردیەوە.

ب-ئەو قوتابییە کوردانەی کە لە قوتابخانە دەرکراون یا بەهۆی بار و دۆخی دۆزارەوە ناچار بە بەجێهێشتنی قوتابخانە کراون، بگەڕێنەوە قوتابخانەکانیان بۆ رەچاوکردنی تەمەن تا چارەسەرێکی تەواویان بۆ دەدۆزرێتەوە.

ج-قوتابخانەیەکی زۆرتر لە ناوچە کوردیەکاندا بکرێتەوە و ئاستی پەروەردە و فێرکردنیان تێدا بەرزتر بکرێت و بە رێژەیەکی عادلانەش لە هەموو دانشگاکان و کۆلیجە سەربازی و پۆلیسیەکان و بۆ دەرەوە ناردن و زەمالە پێدان لە بواری خوێندندا وەربگیرێن.

٤-فەرمانبەرانی دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکان لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن لە کورد بن یا لەوانەی کە زمانی کوردی باش دەزانن، بەلام (پارێزگار، قائیمقام، مدیری شورتە، مدیری ئەمن) و سەرۆک دایەرەکانی تر لەلایەن لیژنەی بالای سەرپەرشتیکەری جێبەجێکردنی ئەم بەیانەوە دیاریدەکرێن بە شێوەیەک کە هاندەری پتەوکردنی یەکیەتی نیشتمانی عراق و دابینکەری ئاسایشی ناوچەکە بێت.

٥-دەولەت بڕیار دەدا کە گەلی کورد مافی دامەزراندنی رێکخراوە پیشەییە کوردیەکانی وەک خوێندکاران، لاوان، ژنان، مامۆستایانی هەیە و ئەمانەش دەبنەوە ئەندام لە هەمان رێکخراوی پیشەیی نیشتمانی عراقدا.

٦- ا- کارکردن بە برگەکانی (١، ٢) ی بڕیاری ژمارە (٥٩) رۆژی ٦٨/٨/٥ کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو، وە درێژەپێدان بەو بڕیارە کە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە هاوبەشیان لە کاری توندوتیژی ناوچەی کوردیدا کردووە (كافة اللذين ساهموا في أعمال العنف في المنطقة الكردية).

ب-کرێکاران و فەرمانبەران و هەموو موچەخۆرانی عەسکەری و مەدەنی کوردی دەگێردرێنەوە سەر کاری خۆیان، بێ گوێدان و خۆبەستنەوە بە هەبوونی جێگا و

(میلاک)، وە سوود لە فەرمانبەران وەربگیرێ بۆ پڕکردنەوەی شوێنە پێویستەکانی ناوچە کوردییەکان.

٧- ا-کۆمیتەیەک لە شارەزایان پێکبهێنرێ و سەر بە وەزارەتی کاروباری ژوورو بێ، بۆ سەرپەرشتی کردنی بوژاندنەوەی ناوچە کوردیەکان لە هەموو بارێکەوە و قەرەبووی ئەو زیانانە بکرێتەوە کە لە ناوچەکە کەوتووە و میزانیەیەکی تێروتەسەلی ئەوتۆی بۆ دابین بکرێ کە بتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

ب-بەپەلە کار بۆ بوژاندنەوەی زیان لێدراوان بکرێ لە ڕێگەی دروستکردنی خانووبەرە و پرۆژەی ترەوە کە کار بۆ بێکاران دابین بکات و بە پێی زیانەکانیان قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە، ئەمەش لەلایەن کۆمیتەی بالاوە دیاری دەکرێ.

ج-برینەوەی مووچەی خانەنشینی (تقاعدی) بۆ خێزان و کەسوکاری شەهیدان کە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە بزوتنەوەی چەکداری کوردیدا شەهید بوون، و مووچەش بۆ کەم ئەندامان بە پێی یاسایەکی تایبەت کە بۆ ئەم کارە دادەنرێ.

٨-هەموو دانیشتوانی عەرەب و کورد بگەڕێندرێنەوە ناوچەکانی پێشینەی خۆیان، بەلام ئەو هاوولاتیانەی کە ناوچەکانیان لەلایەن میریەوە بۆ سوودی گشتی دەستی بەسەردا گیراوە دەبێ شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە نزیک ناوچەکانی خۆیانەوە بۆ دابین بکرێ وە قەرەبووی زیانەکانیشیان بکرێتەوە.

٩-پەلە لە یاسای چارەسەری کێشەی زەوی لە ناوچە کوردیەکاندا بکرێ و گۆڕانکاریەکی ئەوتۆش لە هەندێ بەندیدا بکرێ کە هەموو پەیوەندیەکی دەرەبەگایەتی لە ناوچەکەدا هەڵدەتەکێنێ، وە هەموو جوتیارێک ببێتە خاوەنی زەویەکی گونجاو و جوتیاران لە باجی کەڵەکە بووی ئەنجامی شەڕوشۆڕی ناوخۆ ببە خشرێن.

١٠-لەسەر گۆڕینی دەستوری کاتی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکەوتین:

ا-گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەبی و کوردی پێکدێت، وە لەم دەستورەدا دان بە مافی نەتەوایەتی کورد و کەمایەتیەکانی تردا دەنێ لە چوارچێوەی یەکیەتی عێراقدا.

ب-ئەم بەندە لە بڕگەی چواری دەستوردا دیاری بکرێت کە، زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی ڕەسمیە لە ناوچە کوردیەکاندا.

ج-ئەو گۆڕانانەی سەرەوە لە دەستوری هەمیشەییشدا بچەسپێت،

١١-ئیزگە و چەکە قورسەکانی پارتی و سەرکردایەتی بارزانی و بزوتنەوەی کوردی، پاش جێبەجێ کردنی دواپین بەندی ئەم بەیانە بدرێتەوە بە دەوڵەتی عرق.

١٢-یەکێک لە جێگرانی سەرۆک کۆمار کورد بێت.

١٣-گۆرانکاری لە یاسای پارێزگاکاندا بە جۆرێک بکرێ کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم بەیانەدا بگونجێت.

١٤-دوای ڕاگەیاندنی ئەم بەیانە، و راو تەگبیر لەگەڵ کۆمیتەی بالای سەرپەرشتی کەری جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بەیانە، هەنگاو بنرێت بۆ یەکپێگرتنەوەی ئەو پارێزگا و ناوچە بەڕێوەبەرایەتیانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، بەپێی سەرژمێرێک کە لە ئاییندەدا دەکرێ بۆ دیاریکردنی ناوچەکان. دەوڵەتی عراق بۆ گەشەپێدانی ئەم یەکە بەڕێوەبەرایەتیە (الوحدة الأدارية) هەوڵ دەدا کە هەموو هەل و مەرجێکی لەبار بڕەخسێنێ تا گەلی کورد بتوانێ بە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بگات لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا. تا پێکهاتنی ئەو یەکە بەڕێوەبەرایەتیە کوردیە. کارەکانیان لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی نێوان لیژنەی بالا و نێوان پارێزگاکان ئەنجام دەدرێ.

وە لەبەرئەوەی کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عراقدا ڕادەگەیەنرێ، شتێکی سروشتیە کە بەکارهێنان و دەرهێنان و بەگەڕخستنی هەموو سامانە سروشتیەکان و کانزاکان لە دەسەلاتی ناوەندی کۆماری عراقدایە.

١٥-گەلی کورد بەپێی ڕێژەی دانیشتواتی بۆ سەرجەم دانیشتوانی عراق بەشداری لە بەڕێوەبردنی دەسەلاتی تشریعیدا دەکا (واتە لە پەرلەمانی عراقیدا).

.ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ١١/٣/ ١٩٧٠

## خاڵە ڕەش و گەشەکانی بەیانەکە

ئەگەر سەرنجێکی وورد لە بەیانەکەی بەعسیان بدەین کە ڕێکەوتنی ئازاری پێ ڕاگەیەندرا، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕژێمی بەعس جگە لە دەربڕینی ئارەزووی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی شێوەیەکی دواکەوتووی ئۆتۆنۆمیدا کە لە دواییدا لە پرۆژەی ئۆتۆنۆمیدا کەم و کوڕیەکانی دەردەخەین. پتر جەخت لەسەر سوربوونی ڕژێم دەکا لە ڕاگەیاندنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-ئۆباڵی ئیکشکانی نەتەوەی عەرەبی لە شەڕی ئیسرائیلدا خستۆتە ئەستۆی ڕژێمی پێش خۆیان و پاشەکشەی ئەو ڕژێمە لە شەڕدا، و بە شێوەیەکی تونێکلداریش سەرکردایەتی بارزانی بەرپرسیار کردوە لەوەی کە سوپای عێراقی نەیتوانیوە بەشداری چالاکانە لەو شەڕەدا بکا.

٢ سەرکردایەتی پارتی و بارزانی و شۆڕش بە ئامێرێکی دەستی ئیمپریالزم و زایۆنزم و کۆنەپەرستی لەقەڵەم دەدا و بە نۆکەریان ناو دەبا.

٣-جەختێکی زۆر و چەندجارە لەسەر یەکیەتی خاکی عێراق و گەلی عێراق دەکا و سوورە لەسەر پاراستنی، و مافی گەلی کوردیش بە خواستێکی مەشروعی بەشێکی گەلی عێراق دەزانی نەک بە مافی ڕەوای گەلی کورد.

٤-گەوهەری مافی کورد، بە زیندووکردنەوەی کەلەپووری کلتووری و زمان و ئەویت دەزانی نەک لە بوارەکانی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی و ئابووریدا.

٥-حکومڕانی کورد لە ناوچە کوردیەکان لەلایەن کورد خۆیەوە لە چوارچێوەیەکی ئۆتۆنۆمی پێشکەوتوو سەردەمدا، بە نەخشە و پلان بۆ لێکدابڕانی پەیوەندی ئەتەوەکان لەقەڵەم دەدا.

٦-ئەو دەستکەوتانەی کە کورد لە سایەی حوکمی بەعسەوە لە ساڵی ٩٦٨ وە تا ٩٧٠ دەستی کەوتووە کە لە خاڵی (١) هەتا خاڵی (هـ)ی دەستنیشان کردوە، ئەوانە هەمووی لە سەردەمی دەسەڵاتی باڵی (جەلالی)دا هاتنەدی و بەوانیشیان دا، کە لە ڕاستیدا ئەواو پێچەوانەی ئەو بەڵێنە بوو کە (سەدام حسین) بە باڵی جەلالی دابوو کە گوتبویان (دەستکەوتێکی ئەوتۆتان دەدەینێ کە سەرتان پێی بەرز بێت لەناو کوردا)، بەلام بەو چەند دەستکەوتە کەمە دەستیان برین و پاشانیش بە بەیانی ئازار لە پشتەوە باڵی جەلالیان دایە بەر خەنجەری غەدر.

٧-خاڵەکانی بەیانەکەش کە لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانیدا لەسەری ڕێکەوتن، هەر لە خاڵی (١) یەکەوە تا خاڵی (١٥) پانزەهەم دیسانەوە پتر جەخت لەسەر مافی کلتووری و فەرهەنگی برا کوردەکان دەکات لەگەڵ پاراستنی یەکیەتی خاکی نیشتمانی عێراق و گەلی عێراق.

٨-خاڵی هەرە گرنگ لە بەیانەکە خاڵی (١) یەکە کە بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردیە شان بە شانی زمانی عەرەبی لە سەرتاسەری عێراقدا. وە خاڵی (٢) کە بریتیە لە بەشداریکردنی کورد لە هەموو دام و دەزگایەکی دەوڵەتی عێراقیدا لە وەزارەتەوە تا سەرکردایەتی سوپا و پارێزگاکان، بەلام لاوازی ئەم خاڵەش لەوەدایە کە کورد

بەشداری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دیارە لە سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعسیشدا ناکات، چونکە تەنیا دەسەلات و حوکم بەڕێوەبەر ئەو دوو دەزگایەن نەک وەزارەتەکان یان ئەنجومەنی سیاسی.

٩-لەگەڵ هەموو کەم و کوڕیەکانیش، هێشتا گەوهەری ئەم بەیانە گەلێک جیاوازە لەگەڵ ئەو ڕێکەوتن نامانە و بەیانانەی تر کە لە شوباتی ٩٦٣، و لە ٩٦٤/٢/١٠ و لە ٩٦٦/٦/٢٩ دا و پاشان لە ٩٦٨ دا دەرچوون. گەوهەری ئەم بەیانە خاڵی (١٤)ی بەیانەکەیە کە بریتیە لە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمیەی وەک مافی گەلی کورد دەسنیشان کراوە، کە لە دواییدا دێینە سەر باسکردنی کەم و کوڕیەکانی پرۆژەکە.

١٠-زۆر بە زەقی شۆڕشی کوردستان بە دەست تێوەردانی ئیمپریالزم و زایۆنزم و کۆنەپەرستی و پاشان بە کلکی ئەوانە و بە کرێگیراویان دەناسێنێ، نەک بە بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز. کە ڕەنگە لەسەر ئاستی تاکەکەسی یا تاقمێکی سەرکردایەتیەوە ڕاستیەکی تیدا بێ بەلام لەسەر ئاستی جەماوەر نەک هەر ڕاستی تیادا نیە بەڵکە هەمووی تاوانبارکردن و سوکایەتی پێکردنە، جگە لەوەش زۆر بە ڕاشکاویەوە دەرکردنی لێبوردنی گشتی (بۆ ئەوانەی کە بەشداری زۆر و ستەمیان لە ژوورووی وولاتدا کردوە) بە دەستکەوتێکی بەخشراو لە بەعسەوە بە کورد دادەنێ. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە سەرۆکی گەلێک و پارتیەک و خۆ بە شێرپیاوی کورد زانی وەک مەلا مستەفا ئەو جۆرە دارشتن و ئەو جۆرە بەیانە مۆر بکات و پەسەند بکات و ئامادەی جێبەجێ کردنیشی بێ، کە خۆی لە خۆیدا دان پێدانانێکی ئاشکرای مەلا مستەفا بوو بە نۆکەری و کۆنەپەرستی و خزمەتکاری خۆی بۆ ئیمپریالزم.

## پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بەعسیان و بارزانی

### ٣-١ یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

بەشی یەکەم — بنەماکانی ئۆتۆنۆمی

بەندی یەکەم — بنەما گشتیەکان

بڕگەی یەکەم

ا-ناوچەی کوردستان حوکمی ئۆتۆنۆمی خۆی دەبێ و ناوی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبرێ.

ب-ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەو شوێنانە پێکدێ کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن بەپێی سەرژمێرێک دیاری دەکرێ وەک لە بەیانی ۱۱-ی ئازاردا هاتووە. سەرژمێری ساڵی ۹۵۷ دەکرێتە سەرچاوەی سەرەکی دیاریکردنی سروشتی نەتەوەیی دانیشتوان لەو شوێنانەی سەرژمێری تیا دەکرێ.

ج-ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی دادەنرێ و پێناسەی تایبەتی خۆی دەبێ لە بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی خۆیدا لە چوارچێوەی یەک یاسایی و سیاسی و ئابووری کۆماری عێراقدا. دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەپێی یاسای پارێزگاکان و رەچاوکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبێ.

د-ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەشێکی خاکی عێراقە و دانیشتوانی بەشێکی گەلی عێراقن و لێی جوێ نابنەوە.

هـ-شاری هەولێر ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمیە.

و-دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەشێکن لە دەزگاکانی کۆماری عێراق.

برگەی دووهەم

ا-زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانی رەسمی دەبن لە ناوچەکە.

ب-زمانی کوردی زمانی خوێندن دەبێ بۆ کوردەکان و زمانی عەرەبیش لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا داسەپاو (اجباری) دەبێ.

ج-خوێندنگای عەرەبی بۆ ئەو هاوولاتیانەی کە ناتوانن بە کوردی بخوێنن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەکرێتەوە و خوێندنی زمانی کوردیشی تیا دا سەپاو دەبێ.

د-هەموو کەس ئازادە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بە چ زمانێ بخوێنێ و لە کام قوتابخانە بێت بێ گوێدانە زمانی دایک.

هـ-پەروەردە و فێرکردن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، دەبێ بەپێی سیاسەتی پەروەردە و فێرکردنی گشتی دەوڵەت بێ.

برگەی سێهەم

ا-سەربەستی و مافەکانی نەتەوەکانی نەتەوەی عەرەبی و کەمایەتیە نەتەوەییەکانی تر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا پارێزراو دەبێ بەپێی حوکمەکانی دەستور و یاسا و بریارەکان، بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئەوە.

ب-رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب و کەمایەتیە نەتەوەییەکان بەپێی ڕێژەیان بۆ ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەشداری لە بەڕێوەبردنی هەموو دەزگاکان و فەرمانڕەواییە گشتیەکاندا دەکەن بەپێی یاسا و ئەو بڕیارانەی کە دەوڵەت داویە.

بڕگەی چوارەم

دەسەڵاتی دادوەری (سلطات القضاء) سەربەخۆیە و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نابێ، هەموو دەزگاکانی ئەو دەسەڵاتەش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەشێکن لە دەسەڵاتی دادوەری کۆماری عێراق.

بەندی دووەم

بنەما داراییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بڕگەی پێنجەم

ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکەیەکی (وحدە) دارایی سەربەخۆیە لە ناو یەکەی دارایی دەوڵەتدا.

بڕگەی شەشەم

ا-بودجەیەکی تایبەتی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری دەکرێ لە چوارچێوەی بودجەی گشتی دەوڵەتدا.

ب-سەبارەت بە ڕێکخستن و ئامادەکردنی بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەسەر هەمان بنەماکانی ئامادەکردن و ڕێکخستنی بودجەی گشتی دەوڵەت دەبێ.

بڕگەی حەوتەم

بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێن:

١-بودجەی ئاسایی.

٢-ئەو بودجەیەی کە بۆ ساڵێک لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی دیاری دەکرێ.

٣-بودجەی پەرژەوەندیە پەرهەمهێنەرەکان و دەزگا بەرهەمهێنەرەکانی کە مۆرکی ناوچەییان پێوەیە.

٤-بودجە بەڕێوەبەرییەتیە ناوخۆییەکان (الأدارات المحلية) و شارەوانی ناوچەکە.

بڕگەی هەشتەم

سەرچاوەی داهاتی بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی:

ا-داهاتە ناوخۆییەکانی

١-داهاتی باج و ڕەسمە بڕیاردراوەکانی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە ناوچەییەکان بەپێی یاسا.

٢-نرخی شمەکە فرۆشراوەکان و کرێی کارگوزاریەکان.

٣-سوودی بەرژەوەندیە گشتیەکان و ئەو دەزگایانەی کە لەسەر بودجەی ناوچەکەن.

٤-باجی خانووبەرە و سوودەکانی.

٥-باجی زەویە کشتوکالیەکان و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکالیەکان.

٦-باجی زەوی و زار.

٧-باجی لەپاش بەجێ ماوەکان (التركة).

٨-ڕەسمی تاپۆ.

٩-ڕەسمی دادگاکان و داهاتەکانی (جەزا).

١٠-پارەی پولی دارایی (الطوابع المالية).

١١-ڕەسمی ناونووسکردنی ئۆتۆمۆبیلەکان.

ب-داهاتە دابینکراوەکان

ئەو چەردەیەی کە لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری دەکرێ و ئەو بودجەیەش کە لە بەرنامەی بەکارهێنانی ساڵانەی نەخشەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و شارستانی کردنی نەتەوەیی دیاری دەکرێ، بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕی و تێچوونەکانی بودجەی ناوچەکە، بە جۆرێک کە گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هاوکێشە بێ لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا.

برگەی نۆهەم

تەواوی لیستی داهات و خەرجی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ملکەچی لێکۆڵینەوەی دیوانی چاودێری و پشکنینی دارایی گشتی دەوڵەت بێ.

بەشی دووهەم

دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی

بەندی یەکەم

ئەنجومەنی یاسادانان (المجلس التشريعي)

بڕگەی دەیەم

ئەنجومەنی یاسادانان ئەو دەزگا یاساییەیە کە لە ناوچەکەدا هەڵدەبژێردرێن، و شێوەی پێکهاتی و ڕێکخستن و کارکردنیان بە یاسا دیاری دەکرێ.

بڕگەی یانزەهەم

ا-ئەنجومەنی یاسادانان لەناو خۆیدا سەرۆک و جێگر و (ئەمین سر) هەڵدەبژێرێ.

ب-ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان کۆدەبێتەوە و بڕیارەکانیشی دەبێ بە زۆربەی دەنگ بێ، مەگەر کارێک بێ کە پێچەوانەی ئەم یاسایە و یاسای ئەنجومەن بێ.

بڕگەی دوانزەهەم

دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی ڕێ پێدراو بەپێی دەستور و یاسا:

ا-دانانی پەیڕەوی ناوخۆ.

ب-دانی بڕیارە یاساییەکان کە پێویست بێ بۆ گەشەپێدانی ناوچەکە و بەرەو پێشەوە بردنی دام و دەزگا کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ئاوەدانکردنەوە ئابووریەکان، لە سنووری ناوچەکە، بەمەرجێ کە لە سیاسەتی گشتی دەوڵەت دەرنەچێ.

ج-بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێک کە پەیوەندی بە گەشەکردنی فەرهەنگ و داب و نەریتە نەتەوەییەکانی هاونیشتمانانی ناوچەکەوە هەیە.

د-بڕیاردان لەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەندی تایبەتیان بە دەزگا نیوە ڕەسمی (شبە رسمی)کان و دام و دەزگا بەرژەوەندیە ناوخۆییەکانی ناوچەکەوە هەیە، پاش تاوتوێ کردنی لەگەڵ دەزگاکانی ناوەنددا.

هـ-مۆرکردنی ئەو پرۆژە و پلانە درێژخایەنانەی کە ئەنجومەنی جێبەجێکردن (المجلس التنفيذي) دەیخاتە بەردەمیان سەبارەت بە کاروباری ئابووری، کۆمەلایەتی، شارستانیەتی، ئاوەدان کردنەوە، پەروەردە و فێرکرن و تەندروستی بەپێی پێداویستیەکانی پلانی ناوەند لەو ڕووەوە.

و-پێشنیار کردنی بودجەی تایبەت بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ز-پەسەندکردنی لیستی ئاماری کۆتایی، پاش لێکۆڵینەوەی لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە، وە بەرزکردنەوەی بۆ دەسەلاتداریتی یاسادانانی ناوەند (المجلس التشريعي المركزي) بۆ پەسەند کردنی.

ح-ئاڵ و گۆڕ کردن لە سنووری ئەو چەردە پارانەی کە بۆ مەبەستە جیاجیاکان دیاری کراوە لە بودجەی ساڵانەی تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، بە مەرجێ دژ نەبێ لەگەڵ پلانی ئاوەدانکردنەوەی گشتی و یاسای دەوڵەتی ناوەندیدا.

ڵ-راوێژکردن و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجومەنی جێبەجێکردن لەو کارانەی کە لە سنووری دەسەڵاتیاندایە،

ی-کێشانەوەی بڕوا و متمانە لە یەکێک یا لە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی، وە هەر یەکێک لە ئەنجومەنی تەنفیزی بڕوا و متمانەی لێ سەندرایەوە، لە کار دەکەوێ، و بڕیاری کێشانەوەی متمانە و بڕواش بە زۆربەی دەنگ دەبێ.

بەندی دووهەم

ئەنجومەنی جێبەجێ کردن ( المجلس التنفيذي)

بڕگەی سیانزدەهەم

ا-ئەنجومەنی تەنفیزی دەزگای جێبەجێ کەری بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیە.

ب-ئەنجومەن پێک دێ لە سەرۆک، جێگری سەرۆک، و ژمارەیەک لە ئەندامان کە تەواو هێندەی ژمارەی ئەو بەڕێوەبەرێتیانەی کە لە بڕگەی چواردا دیاری کراوە لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەگ.

ج-سەرەک کۆمار یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دەستنیشان دەکا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی و پێکهێنانی ئەنجومەنەکە.

د-سەرۆکی ئەنجومەن هەڵدەستێ بە دەستنیشان کردنی جێگری سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی بەپێی ژمارەی بەڕێوەبەرایەتیەکان، لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانندا، یا لە دەرەوەیدا لەو کەسانەی کە مەرجەکانی ئەندامەتی ئەنجومەنی تەنفیزیان تێدا بێ، وە لیستی کابینەی ئەنجومەنەکەی پێشکەش بە ئەنجومەنی یاسادانان دەکا بۆ بڕوا و متمانە پێدان بە زۆربەی دەنگ، و پاشان مەرسومی کۆماری لەسەر دەردەکرێ.

هـ-سەرۆکە و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی وەزیر دەبن.

و-سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی لەکارخستنی سەرۆکی ئەنجومەن و کابینەکەی ئەنجومەنی هەیە.

ز-لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن یا کێشانەوەی متمانە لێی، ئەنجومەن دەبێ بەردەوام بێ لە کارەکانی تا پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێ کە نابێ لە (١٥) رۆژ پتر بخایەنێ.

برگەی چواردەهەم

ا-هەموو پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پەیوەندی راستەوخۆیان بە سەرۆکی ئەنجومەنەوە دەبێ.

ب-ئەنجومەنی تەنفیزی ئەم نوسینگایانەی خوارەوەیان دەبێ:

١-نوسینگەی ئەنجومەنی تەنفیزی.

٢-نوسینگەی لێکۆڵینەوە ی چاودێر و پشکنین.

٣-نوسینگەی سەرژمێری و نەخشە و پلان.

ج-ئەنجومەنی تەنفیزی لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم

١-بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن.

٢-بەڕێوەبەرایەتی رێگاویان و نیشتەجێ کردن.

٣-بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و چارەسەری کێشەی زەوی.

٤-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ.

٥-بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و گواستنەوە.

٦-بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگ و لاوان.

٧-بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان.

٨-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

٩-بەڕێوەبەرایەتی ئابووری و دارایی.

١٠-بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف.

دووهەم: ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە سنووری دەسەڵاتیان بەم جۆرەی خوارەوەیە.

١-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ: بەرپرسیارە لە پۆلیس، بەڕێوەبەرایەتی سەرژمێری (احوال مدنیە)، بەرگری مەدەنی (الدفاع المدني).

٢-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی: بەرپرسیارە لە تەندروستی و کارە کۆمەڵایەتیەکان.

٣-بەڕێوەبەرایەتی ئابووری و دارایی: بەرپەسیارە لە دەزگا داراییەکان و کەرتەکانی پیشەسازی و بازرگانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

د-لێپرسراوی هەر یەک لەو بەڕێوەبەرایەتیانە ئەندامی ئەنجومەن دەبن بەناوی ئەمینداری گشتی (الامین العام)، و هەریەکەیان جێگرێکی دەبێ بە پلەی تایبەت (درجة خاصة).

بڕگەی پانزەهەم

دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی ئەتفیزی

ا-بەر جەستەکردن و جێبەجێ کردنی یاساکان و پەیرەوەکان.

ب-خۆبەستنەوە بە بڕیارەکانی دادوەرییەوە.

ج-پاراستن و مسۆگەر کردنی عەدالەت و ئاسایش و پاراستنی کەرتە گشتیە نیشتمانیەکان و ناوچەییەکان و سامانە گشتی و دەوڵەتیەکان.

د-بڕیاردان لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە حوکمی یاسا وەردەگرن.

هـ-ئامادەکردنی نەخشە و پلانە گشتیەکانی ئەو پرۆژانەی کە پێویستن بۆ بەرەوپێشەوە بردنی باری ئابووری، کۆمەلایەتی، پەروەردە و فێرکردن، کارگوزاریەکان و تەندروستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەپێی نەخشە و پلانە گشتیەکانی حکومەتی ناوەند، و پەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی یاسا دانان بۆ پەسەند کردنی.

و-سەرپەرشتی کردنی هەموو دام و دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ژ-دانانی فەرمانبەران لە هەموو دام و دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، جگە لەوانەی کە بە فەرمانی کۆماری لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە دادەنرێن، یان فەرمانی سەرۆک کۆماری بۆی.

ح-دانانی بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەپێی ئەو یاسا و بنەمایانەی کە لە ڕێگەی کاروباری حساباتی دەوڵەتەوە دەستنیشان کراوە.

ل-ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی سالانە لەسەر باری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆک کۆمار، و ئەنجومەنی یاسا دانانی ئۆتۆنۆمی.

### ٤-١ خاڵە ڕەشەکانی پرۆژەکە

گەر خوێنەر بەراوردی گەوهەری بەیان و پرۆژە و ڕێکەوتن نامەکانی ساڵانی ٩٦٣، ٩٦٤، ٩٦٦، ٩٦٨ بکات لەگەڵ پرۆژە و بەیانی ڕێکەوتن نامەکەی ١١ی ئازار ١٩٧٠ بکات، ئەوسا گرنگی ئەو پرۆژەیە و گەوهەری داخوازیە سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو کات لە ناوەڕۆکی پرۆژەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

پرۆژەی ئازاری ٩٧٠ لە ڕووی تیۆریەوە شایانی باس و لێکۆڵینەوە و بایەخ پێدان بووە تا ئەو کاتە و پاش ئەو کاتەش تا لەدایک بوونی حکومەتی فدراڵ.

بەڵام جێبەجێ کردن و کارکردن بە ناوەڕۆکەکەی و بەدیهێنانی بەندەکانی لە پرۆسەی گرتنەبەری ڕێبازی دیموکراتیانەدا جێگەی پرسیارە، سروشتی ئەو ڕژێمەی کە پرۆژەکەی داڕشتوە و پەسەند کردوە لە بواری جێبەجێ کردنی دا جێگەی پرسیارە،

ئایا ئەو ڕژێمەی کە ناسنامەی چینایەتی و نەتەوایەتی و پارتایەتیەکەی وەک ڕژێمێکی تاکە حزبی شۆڤێنی نوێنەری بۆرژوای بیروکراتی عەرەبی و دەسەڵات بەدەستی حوکمی تاکە کەسی دیکتاتۆری، لە توانایدا دەبوو ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکات؟

دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە و چەندین پرسیاری تریش لەسەر ئەم مەسەلەیە، لە بەشی ((کورد و ڕژێم لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا)) لە ماوەی چوار ساڵی ئە شەڕ ئە ئاشتیدا دەدرێتەوە.

بێ گومان ئەم پرۆژەیەش لە ئاستی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و خواستە خۆرسکیەکانی جەماوەری کوردستاندا نیە، و لە ئاستی گەشە کردن و بەرەوپێشەوە چوونی دونیای سەردەم، و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی گەلانی ژێردەستە و داگیر و دابەشکراودا نیە.

هەرگیز لە ئاستی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا نەبووە، بەڵام هەنگاوێکی گەورە و تەقەلایەکی بایەخداریش بوو لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا بۆ گرتنەبەری ڕێگای سەرفرازی و ڕزگاری لەو دەرگایەوە.

هەر لە چوارچێوە و قەبارەی تەسکی پرۆژەکە خۆشیدا، بێ بەری نەبوە لە کەم و کوڕی و پاشقوڵ گرتن و چەندین بڕیاری لاستیکی گومان لێکراو و ڕێخۆشکەر بۆ

لێکدانەوەی بەو جۆرەی کە بەرژەوەندی لێکدەرەوەکەی بخوازێ. بۆیە لێرە لەسەر بەشێک لە خاڵە ڕەشەکانی پرۆژەکەش دەنووسین:

١-دیاری نەکردنی سنوورێکی دیار و ئاشکرای ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە پرۆژەکەدا، کە بەمەش بەشێکی زۆری ناوچەی موسڵ و خانەقین و مەندەلی و کەرکوک و ناوچەکانی نێوان کەرکوک و حەمرین بەدەر دەبن لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

٢-کەرکوک کە قودسی پیرۆزی کوردستانە، لەو پرۆژەیەدا بە هەڵواسراوی مایەوە و دانرا بۆ مشتومڕ لەسەر کردن و پاشان هەردوولا بەوە قایل بوون کە شارێکی بێ لایەن نە کوردی و نە عەرەبی بێ و دوا جاریش لە کوردستانیش جیا کرایەوە.

٣-لە پرۆژەکەدا پاراستنی سنووری ئۆتۆنۆمی و ئاسایشی ناوخۆی ئۆتۆنۆمی خستەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند. واتە سوپای عێراقی و ئەمن و ئیستخباراتی عێراقی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەبن و هیچ دەسەڵاتێکی حوکمی ئۆتۆنۆمیان لەسەر نابێ.

٤-حوکمی ئۆتۆنۆمی تەنیا دوو دەسەڵاتی (تەشریعی-تەنفیزی) واتە هەردوو ئەنجومەنی یاسا دانان و جێبەجێ کردنی دەبێ، دەسەڵاتی دادوەری (قضائي) تەنیا لە حوکمی حکومەتی ناوەندایە و هەردوو دەسەڵاتەکەی تەشریعی و تەنفیزی حوکمی ئۆتۆنۆمیش مل کەچی بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەری ناوەندە، واتە لەڕووی سیاسیەوە ئەو دوو دەسەڵاتەی ئۆتۆنۆم بێ ناوەڕۆک دەبن.

٥- لە هەموو برگەکانی شێوەی هەڵبژاردن و کارکردن و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی بە یەک خاڵ بە حوکمی ناوەندەوە دەبەستێتەوە، کە دەسەڵاتی حوکمی ئۆتۆنۆمی بێ ئیفلیج دەکا ئەویش ڕستەی (بەو جۆرە، لەو سنوورەی کە یاسای ناوند بۆیان دیاری دەکات)، واتە لەو سنوورەی کە یاسای حکومەتی ناوەند بۆ حوکمی ئۆتۆنۆمی دیاری دەکا، واتە هیچ کار و بڕیارێکی بچوک یان گەورە، هەر لە دانانی یاسای ناوخۆی حوکمی ئۆتۆنۆمیەوە تا دامەزراندنی فەرمانبەرێک بێ پرسی ناوەند ناتوانن بڕیار بدەن.

٦-یەکێک لە بڕیارەکانی پرۆژەکە بریتی بوو لە دەستپێکردنی سەرژمێری گشتی دوای شەش (٦) مانگ تێپەڕبوون بەسەر ڕاگەیاندنی پرۆژەکەدا، بەلام تەک هەر دوا خرا، بەڵکە بێدەنگەی لێ کرا و پارتی و بارزانیش لەسەری سوور نە بوون.

٧-بریار وابوو کە لە ماوەی -٤- چوار ساڵی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە، هەڵبژاردنی گشتیش لە عێراق و کوردستاندا بکرێ بۆ بنیادنانی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی حوکمی ئۆتۆنۆمی، ئەمەشیان لەلایەن هەردوو لاوە بێدەنگی لێ کرا تا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ١٩٧٤دا.

٨-ڕژێمی عێراقی لە ماوەی ئەو چوار ساڵە ٩٧٠-٩٧٤ جگە لە مافە قەرەنگیەکانی گەلی کورد بە نیوەچڵی کە زۆربەی بەرهەمی ڕێکەوتنی ساڵی ٩٦٨ بوو، گوێی خۆی لە مافە سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی و کۆمەلایەتی گەلی کورد کەڕ کرد.

پارتی و بارزانیش بە بوونی چەند وەزیرێک لە حکومەتی ناوەند و بە دەستەوەگرتنی چەند بەڕێوەبەرایەتیەک لە سلێمانی و هەولێر واتە لە ١/٢ی سەرتاسەری خوارووی کوردستاندا خۆی خەریک کرد و هیچ هەوڵ و دەستپێشکەریەکی نەکرد بۆ دەستبەسەرا گرتنی دەزگاکانی ئاسایشی ناو شارەکان، و هەنگاونان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی ئەنجومەنی تەنفیزی بەپێی ناوەڕۆکی پرۆژەکەی لەسەری ڕێکەوتبوون.

٩-ڕای من وایە کە بەعسیەکان سەرئەنجامی لاوازی ئابووری، سیاسی، سوپایی خۆیان بە تایبەت پاش ناقیکردنەوە کورتەکەیان لە شەڕی چەند مانگەی ساڵی ٩٦٩، ناچار بە گفتوگۆی ساڵی ٩٧٠ و قایل بوون بەو پرۆژەی ئۆتۆنۆمیەی لەگەل مەلامستەفادا لەسەری ڕێکەوتن بوون، وە دەیانەویست بە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکە دانرا،بە نەشەڕ و نەئاشتی بەرنەسەر و کات بەدەست بێنن بۆ خۆبەهێزکردن و دەربازبوون لەو قەیرانە، نەک بە گیانی بڕوابوون بە چارەسەری کێشەی ڕەوای گەلی کورد.

بەعسیەکان بە ڕاشکاوی و بێ شاردنەوە ڕایان وا بوو کە بڕوایان بە دیموکراتی ڕۆژئاوایی و هیچ جۆرە دیموکراتیەکی تر نیە جگە لەو دیموکراتیە رموزناتەی خۆیان، وە هەمیشە دووپاتیان دەکردەوە کە ئەوان بە خەبات و شۆڕش و قوربانیدان هاتوونەتە سەر حوکم و ڕێگەش نادەن بە هاوبەشی کردنی هیچ پارت و لایەنێکی تر لە حوکمدا لەگەڵیان.

بارزانیش مەبەستی سەرەکی لە ڕێکەوتن لەگەل حوکمی بەعسیان، لێدان و نەهێشتن و لەناوبردنی ا جەلالی ا بوو بە پلەی یەکەم، و پاشان سوود وەرگرتن لەو ماوەیە بۆ چاککردنی باری ناهەمواری ئابووری و پێشمەرگانەی خۆی و پارتەکەی، و یەکلا کردنەوەی پەیوەندی نێوان خۆی و ئەمەریکا، ئێران، ئیسرائیل، سۆڤیەت، و بە

تایبەتی بۆ گوشار خستنە سەر ئێران و ئیسرائیل بەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ عێراق بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی پتر لەوان و باشتر خۆقایم کردنیش،
بارزانی هەرگیز بڕوای بە ژیانی ئارام و ئاسایش نەبووە لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا. هەرگیز بەوە قایل نەبووە کە سەرۆک یا لیهرسراوی یەکەمی دەزگایەکی حوکمی ناوخۆیی خوارووی کوردستان بێ جا لامەرکەزی یا ئۆتۆنۆمی و تەنانەت حوکمی فدرال و دەوڵەتی کوردیش، مەلامستەفا خۆی زۆر لە سەروو ئەوانەوە دەزانی پتر ئارەزووی سەوکردەیی بێ هاوتای سەرتاسەری کوردستانی گەورەی دەکرد و خۆشی هەر بەوە دەزانی.
مەلامستەفا لەو کاتەی کە ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا مۆر دەکرد، لە هەمان کات چاوی بڕیبووە دەوڵەتەکانی دەرەوە بەتایبەتی ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکا، سۆڤیەت جاروباریش فەرەنسا، کە بە فەرمانی ئەوان بڕیار بدا و بجوڵێتەوە و شەڕ بکا و ئاشتی بکا و دەوڵەتی کوردی بۆ دامەزرێنن.
ڕاستی سەرنەکەوتنی پرۆژەی ١١ی ئازاری ٩٧٠، ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کەم و کوڕیانەی کە هەردوولایان لە ئۆرگانەکانیاندا مشتومڕیان لەسەر دەکرد، بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ بڕوانەبوونی هەردوولایان بە پرۆژەکە و جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی پرۆژەکە.
ئەو مشتومڕانەیان لە ڕۆژنامەی (برایەتی) و (الثورة) بیانووگرتن بوو لە یەکتری و سازکردنی شانۆیەکی پەردەدار بوو بۆ جەماوەری کوردستان و عێراق، هەر لایەکیان وەک ئەکتەرێکی شارەزا لەودیوی پەردەکانەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینی.
مەلامستەفا هەرگیز بڕوای بە دەسەلاتی کۆمەڵی سەرکردایەتی هەڵبژاردە و پەرلەمان و حوکمی یاسا نەبووە، پیاوێکی ئازا و شەڕکەر و شارەزای شەڕ بوو، پیاوێک بوو بە عەقل و بیر و فەرهەنگی شێخایەتی و عەشایەری پەروەردە بووبوو، بڕوای بە تاک دەسەلاتی و خۆداسەپاند و خودانی و تاک ڕەوی هەبوو، تەنانەت لە پارتەکەی خۆشیدا (پارتی باسکی مەلایی) بڕوای بە ڕاوێژ و بڕیاری زۆرینە و ملکەچی پارت و دیسپلین نەبوو.
مەلامستەفا لە هەموو ژیانیدا متمانەی نەک هەر بە هەموو کەس نەبوو، بەڵکە متمانەی بە کەسە زۆر نزیکەکانی خۆشی نەبوو لە کەسوکارەکانی خۆیدا جگە لە

سێ کوڕە زۆر نزیکەکەی (لوقمان، ئیدریس، مەسعود) و چەند پارێزانیەکی تایبەت باوەڕپێکراوی خۆی.

مەلامستەفا جارێک لە جاران وەک سەرکردەی گەلێک یا سەرۆکی پارتێک، نەکەوتە بەردەم جەماوەری کۆکراوەی شارێک و دە (١٠) ڕستەی بەدەمدا نەهاتووە بە ڕێکوپێکی بۆ جەماوەی باس بکا. تەنانەت لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی خۆشیدا کە دوواوەبیتر نوکتە و قسەی نەستەق و جنێوی لە گفتوگۆکانیدا بەکار هێناوە.

هەر بۆیەش لەپاش خوێندنەوەی بەیانی ١١ی ئازار بە کەمتر لە مانگێک ڕێگەی بە هەموو دام و دەزگا حزبی و پێشمەرگانەکانی دا بچنە شارەکان، تا لەو هەلومەرجی نە ئاشتی نە شەڕەدا لە خۆیان دوور خاتەوە، بەلام خۆی و بارەگاکەی و هێزە تایبەتیەکەی و کوڕەکانی خۆی نەک هەر نزیک شارەکان نەکەوتنەوە و هیچ کار و فەرمانێکی دەوڵەتیان وەرنەگەت، بەڵکە لە سنووری ئێران-عێراقیش دوور نەکەوتنەوە.

## ٢-بەیانی ئازار و هەلومەرجی لەدایکبوونی کۆمەڵە

هەروەک لە بابەتەکانی پێشوو ئاماژەم بۆ سەرهەڵدان و برەو پەیداکردنی بیری چەپ کردوە، لەناو ڕۆشنبیرانی کوردا بەتایبەتی لەناو ریزەکانی پارتی باسکی چەلالی و لاوە دلگرانەکانی نا پارتی شیوعی (قیادەی مەرکەزی) و چەند کەسانێکی حزبی شیوعی (لیژنەی مەرکەزی)دا، لە چەند لایەکەوە هەر لە سەرەتای ساڵی ٩٦٨ وە ، چەندین بازنەی ڕۆشنبیری پێکهاتبوو. بەیانی ١١ی ئازار کەش و هەوایەکی لەباری ڕەخساند بۆ لێک ئاشکرابوونی ئەو لایەنانە و لێک نزیکبوونەوە و ڕێکەوتن لەسەر بەرنامە و پەیڕەوێکی یەکگرتوو بە مەبەستی پێکهێنانی ڕێکخراوی نوێ.

١- بەهۆی ڕێکەوتنی ئازارەوە گوشاری دام و دەزگا تۆقێنەرەکان کەمتر بووەوە لەسەر خەڵک و مەیدانی کارکردن خۆشتر و خەباتی نیمچە ئاشکرا و نیمچە ژێرزەمینی لەبارتر بوو.

٢-بەیانی ئازار ووڕەی هێزە چەکدارەکەی جەلالی زۆر دابەزاند و لەبەریەکی هەلوەشاند، و ئائومێدیەکی زۆر ڕووی تێکرد و ڕۆشنبیرەکانی ناوی کە

نەیاندەویست جارێکی تر بچنەوە ناو مەلایی، و بەدوای هیوایەکدا دەگەڕان خۆیانی پێوە ببەستنەوە.

٣- ڕێکخراوەکانی پارتی باسکی جەلالی، کەوتبوونە ژێر گوشاری مەلایی و خەڵکەوە، بەشێکی ئەمانیش بەتایبەتی ئەوانەی لە جەلالی بێ هیوا بووبوون و هەر لە ساڵی ۹٦۹ وە بڕوایان بە سەرکەوتنی پارتی باسکی جەلالی نەمابوو و ڕەدوو کەوتبوون و چاوەڕێی گرتنی کۆنگرەیان دەکرد تا ڕۆڵی خۆیان لە هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیاندا ببینن، جەماوەرێکی بەکەڵکی ئایندەی ڕێکخراوێکی نوێی لەدایکبوو بوون.

٤-زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە ڕێبازی دووری درێژی خەباتی سیاسی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەل نە بە پارتی باسکی مەلایی و نە بە پارتی باسکی جەلالی دەبڕدرێ، و ڕۆڵی هەردوولایان لە خەباتدا بەرەو نەمان دەڕوا و پێویست بە ڕێکخراوێکی سیاسی پێشکەوتووخاز هەیە بتوانێ بۆشایی سیاسی مەیدانی خەبات پڕکاتەوە و ڕیزە لێکترازاوەکانی گەل یەک پێ بگرێتەوە، ئەوەش تەنها تەنیا بە ڕێکخراوێکی پێشکەوتووخوازی خاوەن ئاستامەی چینایەتی و ڕێکخەری ڕیزەکانی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان دەکرێ، کە بتوانێ کۆتایی هەم بە شانۆگەری شەڕی ناوخۆ و ڕۆڵی پارتی خێڵەکی و بۆرجوازی بێ توانای کورد بهێنێ و هەم تەنگیش بە پارتی ڕیفۆرمستی عراقی لە کوردستاندا هەڵچنێ.

٥-گرتنی کۆنگرەی پارتی باسکی جەلالی و گۆڕینی ناوەکەی و پاشان هەڵوەشاندنی و تێکەڵ بوونەوەی بە پارتی باسکی مەلایی زەمینەیەکی باشی بۆ لەدایکبوونی کۆمەڵە ڕەخساند.

ئەمانە و گەلێ هۆی تر، کە لە باسی کۆمەڵەدا بە درێژی لەسەری دەنووسین، هەلومەرجی لەدایکبوونی کۆمەڵەیان ڕەخساند کە هەموویان لەڕووی باری بابەتی و باری خۆییەوە پێویستی بوون و لەدایکبوونی ڕێکخراوێکی نوێی وەک کۆمەڵەیان لە مندالدانی حەتمیەتی مێژوویی خەباتی گەلی کورددا سەلماند.

### ١-٢ هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ (پارتی باسکی جەلالی)

هەر لەساڵی ١٩٦٨ وە ئەم باڵەی پارتی دەستیکرد بە گرتنی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی ڕیزەکانی پارتی لە ڕێکخراوەکەی خۆیدا، لە هەموو ڕێکخراو و

لیژنە ناوچە و لقەکاندا، لە کات و شوێنی جیاجیادا کۆنفرانس دەگیران و نوێنەرانی کۆنگرەی هەشتەم هەڵدەبژێردران بە مەبەستی گرتنی کۆنگرەی هەشتەم.
بەلام لەبەر بوونی بیروڕای جیاواز لەمەڕ چارەنووسی ئەم باسکەی پارتی لەناو ریزەکانی خۆیدا، سەرکردایەتی مەترسی زۆری لەلا پەیدا بوو بوو سەبارەت بە تێکچوونی ریزەکانی و دروستبوونی ئاڵوگۆڕ لە سەرکردایەتیەکەیدا لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا، بۆیە ئەو کۆنگرەیەی کە دەبوایە لە ساڵی ٩٦٨ یان ساڵی ٩٦٩ ببەستری، لەلایەن سەرکردایەتیەوە دواخرا تا لە ساڵی ٩٧٠ دا بەسترا.
ئەگەر بەیانی ١١ی ئازار نەبوایە، مەبەستم گەر ڕێکەوتنی پارتی مەلایی و حکومەتی بەعس ڕوینەدایە و ئەو ڕێکەوتنامەیەیان مۆر نەکردایە، کۆنگرەی هەشتی پارتی باسکی جەلالی هەر نەدەبەسترا تا تەواو پاکتاوی ریزەکانی خۆیان نەکردایە.
لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ دا پارتی باسکی جەلالی کۆنگرەی هەشتەمی گرت، ئەندامانی کۆنگرە دوو بەش بوون دوو بیروڕای جیاوازیان هەبوو:
بەشێکیان دەیانویست کۆنگرە بەو ڕێبازەدا بەرن کە:
ا-ناوی خۆیان بگۆڕن لە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە بۆ (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)،
ب-بە ناوە نوێکەوە لەگەڵ بارزانیدا بکەونە وتوویژ و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دۆست و هاوکاربن و وەک یەرەیەک پێکەوە کار بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی ئۆتۆنۆمدا،
ج-قەبارە و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و چەکداری بپارێزن،
ئەم بەشەیان پێکهاتبوون لە سکرتێر ئیبراهیم ئەحمەد و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی و هەندێ لە نوێنەرانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان- ئەمانە هیوای ئەوەیان هەبوو کە لە کاتی سەرنەکەوتنی وتوویژدا و ڕێنەکەوتنی بارزانی و هەڵگیرسانەوەی شەڕ، جارێکی تر بە ناوێکی ترەوە بێنەوە مەیدان و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بگرنەوە دەست.
بەشی دووهەم دەیانەویست لەو کۆنگرەیەدا بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە ژیانی پارتەکە بهێنن و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدەن لەو ڕووەوەی کە:
ا-هەردوو پارتەکە، واتە (جەلالی، مەلایی) لەڕووی بیروباوەڕ و پێکهاتەی چینایەتی و پەیڕەو و پرۆگرام و ئامانج و سیاسەت و ڕێبازەوە هەر یەکن و تەنها ناو و سەرکردایەتیەکەیان لێک جیا بووەتەوە،

ب-کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنرێ، کە مانەوەی پارتی باسکی جەلالی لەژێر هەر ناوێکی تویدا بێ لە ئاییندەدا هەلومەرجی شەڕی ناوخۆ دەڕەخسێ و پاڵ دەدەنەوە بە حکومەتی عراقیەوە.

ج-هەڵوەشاندنەوە و تێکەڵ بوونەوە بە پارتی بارزانیەوە کۆتایی بە دووبەرەکی و دڵەڕاوکەی شەڕی ناوخۆ دێنێ.

ئەم بەشەیان لەو کەسانە پێکهاتبوون کە پێش گرتنی کۆنگرە لەگەڵ یەکدا بیروڕایان لەسەر پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ کۆڕپیبووەوە و پێشیان وابوو هەتا زەمینەی هەڵوەشان و هەڵەکانی پارتی باسکی جەلالی خۆشتەکرێ، ئەو ڕێکخراوە نوێیە دوو کۆسپی گەورەی لەبەردەمدا دەبێ کە (جەلالی و مەلایی)یە،

وە لەبەرئەوەی ئەم بەشە بڕوایان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێی ئەوتۆ هەبوو کە کۆتایی بە هەموو جۆرە پەیوەندیەکی تاوانکارانە و گومان لێکراوی بهێنێ، جا چ عراق و چ ئێران و چ هەر لایەنێکی تری دوژمن بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بێ، پێیان وابوو دەبێ بچوکترین هەل لەدەست نەدەن کە دەرەخسێ بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی ئەو دوو لایەی کە بە کۆسپیان دەزانین،

جگە لەوەش ئەم بەشەیان بەگومان بوون لە سەرکردایەتیەکەی پارتەکەیان، لە بەردەوامی پەیوەندیان بە سەرانی ڕژێمەوە، وە مەترسی زۆریان هەبوو کە ئەو سەرکردایەتیە جارێکی تریش دان بە دۆڕان و تێکشکان و بێ توانایی خۆیاندا ئەنێن لە بەرامبەر بارزانیدا و ئاگری شەڕێکی تری خوێناوی بە پلان و نەخشە و هاوکاری و یارمەتی ڕژێمی بەعسی عراقی لەگەڵ مەلامستەفادا هەڵگیرسێننەوە.

ئەم بەشە تا ڕادەیەک ئاگاداری پلان و مەبەستی سەرانی ڕژێمی عراقی بوون سەبارەت بە ڕێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا، کە خۆی لە تەقەلای ڕژێمدا دەنواند بۆ لاوازکردنی پارتی باسکی مەلایی لە میانەی چوار ساڵی گفتوگۆ و، پاشان لەناوبردنی بارزانی و سوود وەرگرتن لە هاوکاری پارتی باسکی جەلالی بۆ ئەو مەبەستە و پاشان پاشگەز بوونەوە لە ناوەڕۆکی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی ئازار، بەڵگەی ئەو ڕاستیەش لە ئاییندەدا دەرکەوت لە یادنامەکەی حەردان عەبدولغەفار تکریتیدا کە ئەوکات یەکێک بوو لە بەشداربووانی وتووێژ لەلایەن ڕژێمەوە کە پیشوتر نووسیومانە.

ئەم بەشەیان ئەوەشیان باش دەزانی کە تەنها نەرجی مەلامستەفا سەبارەت بە ئایندەی پارتی باسکی جەلالی، ئەوەیە کە:

ا-دەبێ کۆنگرە بگرن و ناوی خۆیان بگۆڕن.
ب-دەبێ خۆیان حەل کەن و تێکەڵ بە پارتی باسکی مەلایی ببنەوەو لەناو پارتیدا و لەژێر سەرکردایەتی مەلامستەفادا بەو پێ و پلە و پایەیەی کە ئەو بۆیان دیاری دەکا کاربکەن.
ئەم بەشەیان بە ژمارە پتر بوون لە بەشەکەی تر، بۆیە کۆنگرە بە زۆرایەتیەکی زۆر ئەم بڕیارانەی دا:
١-گۆڕینی ناوی پارتی بە پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان.
٢-هەڵوەشاندنی پارتی شۆڕشگێری کوردستان.
٣-تێکەڵاوبوونەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان-سەرکردایەتی بارزانی.
دوای تەواوبوونی کۆنگرە، سەرکردە و کادر و ئەندامانی پارتی شۆرشگێری هەڵوەشاوە لەسەر بەڵێنەکانی سەرکردایەتی بارزانی کە دابویان بە سەرکردایەتی جەلالی لەکاتی پەیوەندی (قاخر میرگەسووری) بە سەراتی جەلالیەوە بۆ ئاشبوونەوە و تێکەڵاوبوونەوە، وە چوونی جەلال تاڵەبانی بۆلای مەلامستەفا، بە هیوا بوون کە لە هەموو لق و لیژنە ناوچە و ڕێکخراوەکاندا سێیەکیان پێدەنێ، واتە سێیەکی ژمارەی ئەندامانی لق و لیژنە ناوچە و ڕێکخراوەکان لەوان دابنرێ، و لە بارودۆخێکی لەبارپشدا کۆنگرەی نۆهەم ببەسترێ و ئەندامانی سەرکردایەتی بالی جەلالی هەڵوەشاوەش کاریان پێ بدرێ.
بەلام مەلامستەفا نەک هەر ئەو بەڵێنانەی کە دابووی بە جێ نەهێنان، و کۆنگرەشیان نەگرت و لە زۆربەی لق و لیژنە ناوچە و ڕێکخراوەکانی پارتیشدا هیچ کارێکیان پێمان نەدا و جێگەشیان نەکردنەوە، بەڵکە بۆ سووک کردن وبێنرخ کردنی ئەو هەنگاوە گرنگەی پارتی شۆڕشگێر، سەرکردایەتی بارزانی بەیانێکیان لەسەر دەرکرد و ناویشیان لەو تێکەڵاوبوونەوەیە نا (استعاب) واتە وەرگرتنەوەیان.
مەلامستەفا بەسەریدا سەپاندن کە دەبێ (ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری) لە ئەندامانی سەرکردایەتی و چەند کەسانێکی تریش لەوانەی کە لای سەرکرایەتی بارزانی خۆشەویست نەبوون لای مەلامستەفا و نزیکی بارەگاکەی جێگیر بین.
لەکاتی گرتنی کۆنگرەی هەشتی پارتی باسکی جەلالی، من لە (بەسرە) بووم. لە مانگی ئیساتی ٩٧٠ دا کە ئەو کاتە فەرمانبەر بووم لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، شوکری سەبری حەدیسی پارێزگاری سلێمانی بوو یەکێ بوو لە کادرە

کۆنەکانی پارتی بەعس، کە دەبوایە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراقی بووایە، بەڵام لای بەعس زۆر خۆشەویست نەبوو، لەبەرئەوەی لە سەردەمی کودەتاکەی عبدالسلام عارف بەسەر بەعسیاندا یەکێک بوو لە گیراوەکان و پاکانەی دابوو، شتێکی لەسەر دەگێڕنەوە گوایە کە پرسیاریان لێ کردووە بۆ پاکانەی داوە؟ لە وەڵامدا دەڵێ:(ما أريد ان كون مناضل منيوك)، واتە دیارە لە بەندیخانە ویستویانە سوکایەتی پێ بکەن بۆیە پاکانەی داوە.

لەسەر داوای لقی ٤ی پارتی باسکی مەلایی و سووربوونی ئەوان، لە ١٢ی نیسانی ٩٧٠دا شوکری حەدیسی ناردی بە دوامدا و پێی ووتم کە لەسەر داوای پارتی دەبێ دوور بخرێیتەوە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وە ووتی ئەگەر بەگوێی من بکەیت هەر لە سلێمانی دەتهێڵمەوە، منیش لە مەبەستەکەی گەیشتم و وەڵامم دایەوە کە ئامادەی بەگوێ کردنی ئەو نیم. لە ٢٤ی نیساندا فەرمانی دوورخستنەوە و گواستنەوەم لە وەزارەتی شارەوانیەوە دەرچوو لە سلێمانیەوە بۆ بەسرا.

شوکری حەدیسی ئەو کاتەی لە سلێمانی بوو هەوڵی زۆری ئەدا کە گەرای بەعس لەوێ دابنێ و کاری زۆریشی بۆ کرد و یەکەم کەسیش بوو کە ڕێکخستنی بەعسی لە سلێمانی دامەزراند.

بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا ناردیان بەدوامدا و چووم بۆ بەغدا، لەبەرئەوەی لە ساڵی ٩٦٨دا لە کۆنفرانسی لیژنەی ناوچەی قەزادا هەڵبژێردرابووم بۆ کۆنگرە و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەش مەبەستیان بوو بەشدار بم لەو بەشەی کە نیازی هەڵوەشاندنەوەی پارتیان هەبوو، بەشدار بووم و لەگەڵ ئەو لایەنەدا دەنگم دا کە زۆربە بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارتی. دواڕۆژی تەواوبوونی کۆنگرە لەگەڵ (فەرەیدوون عبدالقادر)دا گەلێ ئاخاوتنمان کرد و قایلبوونی خۆم تیشاندا کە ئامادەی کارکردنم لە ڕێکخراوی نوێدا کە لەدایک دەبێ.

## کۆنگرەی هەشتی پارتی

کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان باسکی مەلایی لە سەرەتای مانگی تەموزی ٩٧٠ گیرا و ژمارەیەکی لە ئاسایی بەدەر خەڵکی تیا کۆکرایەوە.

کۆنگرە سەبارەت بە گۆڕینی ناوی پارتی باسکی جەلالی بۆ پارتی شۆڕشگێڕ و پاشان هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە، هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا و هیچ بڕیارێکی دیار و ڕوونیشیان لەسەر تێکەڵاوبوونەوەکە نەدا و، بەیانی (استعاب)ەکەیان بە هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە ڕووداوە گرنگەکە دەستنیشان کرد.

لەم کۆنگرەیەدا کە پتر لەسەر هەوڵ و تەقەلای سەرکردایەتی گیرا، مەبەستی سەرەکی بریتی بوو لە هێنانی چەند کەسانێکی تر بۆ سەرکردایەتی و گۆڕانێک لە مەکتەبی سیاسیدا.

سەرکردایەتیش مەبەستیان لەو فراوانکردنەی ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، بریتی بوو لە خۆشکردنی بارودۆخی کۆنگرە بۆ دابەشکردنی پلە و پایەی بەڕێوەبەرایەتی بەسەریاندا هەر لە وەزارەتی حکومەتی ناوەندەوە هەتا پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کە هەموویان لە پشتی بارزانیەوە شەڕیان لەسەر دەکرد.

لەو کۆنگرەیەدا، بارزانی دەستنیشانی (حەبیب محەمەد کەریم)ی کرد بۆ جێگری سەرەک کۆمار، بە پێچەوانەی پێشبینی هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی و جەماوەر و سەرانی حکومەتی عێراقیش، کە پێیان وابوو یەکێک لە کوڕەکانی خۆی (ئیدریس یا مەسعود) دەستنیشان دەکا.

بارزانی بەم بڕیارەی ویستی چەند مەبەستێ بەدی بێنێ:

١-بیسەلمێنێ کە پێکهاتنی لەگەڵ بەعسدا بۆ جێبەجێ کردنی چەند مەبەستێکی تایبەتی خۆی بووە کە بریتی بوون لە شکان و لەناوبردن و ئەفروتوناکردنی جەلالی، لە قایل کردنی سۆڤیەت و دڵنەوایی کردنیان لەو تەقەلایەی کە سۆڤیەت دەیدا بۆ دروستبوونی گفتوگۆ.

٢-لە ئێرانی بگەیەنێ کە ڕێکەوتنی لەگەڵ بەعسدا کاتیە و بە سوودی بەرژەوەندی ئێران بەکاری دێنێ، بۆیە نە خۆی و نە کوڕەکانیشی دەستنیشان نەکردوە بۆ جێگری سەرکۆمار.

٣-لە حکومەتی عێراقیشی بگەیەنێ کە بڕوا و هیوایەکی تەواوی بەو ڕێکەوتنە نیە و ئامادە نیە خۆی یا کوڕەکانی بخاتە ژێر سایە و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەوە، وە پەیوەندیشی لەگەڵ ئێران نابڕێ، و دەشیەویست دانانی حەبیب وەک بەڵگەیەک لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنێ وەک بیانوویەک، چونکە دەیزانی ڕژێمی عێراقی بە دانانی حەبیب بۆ جێگری سەرکۆمار قایل نابێ، لەبەرئەوەی حەبیب هەم بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە ئێرانی دەناسرا و، هەم (جنسیە) ڕەچەڵەکی ئێرانی بوو، کە لە یاسای عێراقیدا ئەو پلانە تەنیا دەدرێن بە کەسانی بە ڕەچەڵەک (جنسیە) عێراقی بن.

بڕیارێکی تری کۆنگرە هێنـانی (ئیدریس و مەسعود) بوو بۆ مەکتـەبی سیاسـی و کردنیان بە لێپرسراوی دەزگای پێشمەرگایەتی و دەزگای پاراستن، کە فراوانترین و گرنگترین و دەسەلاتدارترین دەزگای پارتی بوون.
بڕیارێکی تری کۆنگرە کردنی (دارا توفیق) بە ئەندامی کۆمیتەی سـەرکردایەتی، لەبەرئەوەی مەلامستەفا وای دەزانی کە دارا باوەڕپێکراوی سۆفیەتە، و دەتوانێ لە ڕێگەی داراوە سوودی مالی چەک و کەلوپەلی پێویست لە سۆفیەت دابین بکات.
گەلی کەسی تری خێلەکیشـیان لەسـەر داوای بـارزانی کـردە ئـەندامی کۆمیتـەی سەرکردایەتی.
جەماوەر لەو بڕیارانەی کۆنگرە شک و گومانیان لە بەردەوامی ئاشتی و سەرگرتنی گفتوگۆ پەیدا کـرد و مەترسی هەلگیرسانەوەی شـەڕیان بـەدی دەکـرد، بـەلام بڕیـار بڕیاری بارزانی بوو کەسیش بوی نەبوو وورتەی تێدا بکات.
لە هەموو کەس بێ ئاگاتر سەرکردایەتی پارتی بوون کە شەڕ و پێشبڕکەیان لەسـەر پلە و پایە دەکرد و لەپشتی یەکتریەوە پاشقولیان لەیەک دەگرت، بۆ ڕاستی ئـەوەش چەند نموونەیەکی کورت باس دەکەین:
لەسەر پارێزگاری سلێمانی ذکۆکی و تەنانەت شەڕە قسەش لەنێوان عـەلی عـەبدولا، عەزیز عەقراوی، دارا توفیق و عبدالوهـاب ئەتروشیدا بـووە و هەریەکـەیان هـەولی داوە لای مەلامستەفا کە بۆ ئەو کارە بیالێورێ.
شەڕ و هەراکردن و پاشقول لەیەکتری گرتن لەسەر سـەرۆکایەتی نوێنـەری شـۆڕش بۆ گفتوگۆ لە نێوان د.مەحمەد عوسمان و سامی عبدالرحمانـدا.
شەڕ لەسەر (٥) پێنج وەزارەتەکە، شەڕ لەسـەر لێپرسـراوی هێـز و ڕوتبـەی سوپایی پێدراو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.
یەکێک لە دیاردە هەرە سەیر و گرنگەکانیش لە هەمان کاتدا لەناو ئەو کۆنگرەیەدا، بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری سەران و ئەندامانی حزبی شیوعی عراقـی بـوو، کـە بەشێکی کاتی کۆنگرەیان تەرخان کردبـوو بـۆ هێرش بردنەسەر ڕژێمی عراقـی، لـە کـاتێکدا هێشـتا لـە (٧) مـانگ پـتر لەسـەر ڕێکـەوتنی نێـوان پـارتی و بەعسـدا تێنەپەڕیبوو.
مەلامستەفا چەند مەبەستێکی لەو کارە هەبوو:

أ-دەیەویست لەو کاتەدا سەنجی سۆڤیەت بۆلای دۆستایەتی خۆی بۆ سۆڤیەت ڕەبکێشێ، و هەر بۆیەش (دارا توفیق)ی کردە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، کە دارا تا چەند ڕۆژێک پێش کۆنگرە شیوعی بوو بە پیاوی سۆڤیەت ناسراوبوو.

ب-دەیەویست شیوعیەکانیش وەک فاکتەرێکی گوشار بۆسەر ڕژێمی عراقی پیشان بدات.

ج-دەیەویست حزبی شیوعیش شانتاژداوی بکات لەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی کە مابووی لەگەڵ ئێران و بەهێزتریشی کردبوو.

د-دەیەویست ئەو پەیوەندیەی نێوان سۆڤیەت و عراق نەبێتە مایەی پاشبوونی نێوانی بەعس و حزبی شیوعی عراقی.

بەلام ئەنجام بە سوودی مەبەست و ویستەکانی مەلامستەفادا نەشکایەوە، بەڵکە تەواو پێچەوانە دەرچوو و حزبی شیوعی چووە ناو بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتن خوازەکەی بەعس و پەتجەمۆری (میثاق العمل الوطني) بەعسیشی کرد.

## ٢-٢ سەرهەڵدانی ساردی نێوان ڕژێم و بارزانی

دوای کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنیشان کردنی (حەبیب محەمەد کەریم) بۆ جێگری سەرەک کۆماری عراقی، ڕژێمی عراقی یاداشتێکی دا بە مەلامستەفا و ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لەوەی کە ئەگەر مەلامستەفا هیچ شک و گومانێکی لە حکومەتی ناوەند نیە دەشیەوێ وەک لایەنێکی سەرەکی ناوەرۆکی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکرێ، وە ئەو دەستنیشان کردنە بڕیاری لایەکی دژبە عراقی لەسەر نیە؟ بۆچی خۆی یان یەکێک لە کورەکانی (ئیدریس-مەسعود) بۆ ئەو پلەیە دەستنیشان ناکات؟

بەعس ئەو یاداشتەی لەگەڵ ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی مەلامستەفا لەسەر حەبیب، بە (فوئاد عارف)دا ناردی بۆ مەلامستەفا، لەگەڵ داواکردنی خۆی یا یەک لە کورەکانی بۆ ئەو کارە.

مەلامستەفا دیسانەوە داواکەی بەعسی بەم ڕستەیە بەرپەرچ دایەوە: ((خوداتی بارزان (شیخ ئەحمەد) لە خەوندا پێی وتووم نابێ هیچ بارزانیەک لە کاروباری حکومەتدا کار بکات)) وە داواشی لە فوئاد عارف کرد کە لە جیاتی (حەبیب) ئەو ببێ بە جێگری سەرەک کۆمار.

مەلامستەفا ئەو ڕاستیەی باش دەزانی کە بەشداریکردنی خۆی یا کوڕەکانی لە کاروباری دەولەتی ناوەندا، یا ڕێککەوتنی تەواو لەگەڵ هەر حکومەتێکی عراقیدا دەبێتە هۆی:
أ-لەدەست دانی هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ دەولەتانی دەرەوەدا، ئێران، ئیسرائیل، ئەمەریکا، جاروبار تورکیاش وە سۆڤیەتی ئەوکات.
ب-دەستبەردر بوونی هێزی چەکدار و چەک و جبەخانە و مانەوەی وەک هەر کوردێکی تری خوارووی کوردستان تەنیا و گەڕانەوەی بۆناو عەشیرەتەکەی و درێژەدان بە ژیانی خێڵەکی خۆی لە بارزاندا.
ج-نەمانی ئەو پارە و سامانانەی کە لەژێر پەردەی پارمەتیدانی شۆڕشی کورددا لە هەموو لایەکەوە وەریدەگرت.
د-لەدەست دانی تاکە دەسەلاتی سەرۆکی تاقانە و تاکە بیر و بکوژی کورد و ئەفروشتنا بوونی زیندانەکانی.
بۆیە نە خۆی و نە کوڕەکانی و نە هیچ کەسێکی نزیکی خۆی لە بنەماڵەی شێخان و تیرەی بارزانی نەدەخستە ناو دام و دەزگاکانی دەولەت و ئامادەی دەستهەلگرتنیش نەبوو لە هیچ کام لەو ئیمتیازانەی بۆ هیچ حکومەتێکی عراقی و لە هیچ گفتوگۆیەکدا.

لەگەڵ ڕەتکردنەوەی حەبیب لەلایەن حکومەتی عراقەوە، مەلامستەفاش کەسی تری بە ڕەسمی بۆ ئەو کارە دەستنیشان نەکرد، بۆیە ئەو خاڵەی پرۆژەکە لە هەردوولاوە لەبیر برایەوە.
لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ ڕژێمی بەعس بڕیاریدا کە هەتا مانگی مارتی ٩٧١ سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری بکەن، و پاشەڕۆژی شاری (کەرکوک)ش ڕوون بکەنەوە، لە سنووری ئۆتۆنۆمیدا دەبێ یا لە سنووری حکومەتی ناوەند یان هاوبەش.
لە ٩٧٠/١٢/٧دا (بدرالدین علی) کە کۆنە پارێزگاری هەولێر بوو و یەکێک لە هەرە پیاوکوژ و بەدناوەکانی بەعس و هاوشانی (نەعیم سدیق)ی فەرماندەی فرقەی بەعس لە شاری سلێمانی لە دڕندەیی و تاوانکاریدا، لە شاری بەغداد کوژرا. بەعس کوژرانی بدرالدین ی بە پلانی مەلامستەفا لەقەڵەم دا و ئیدریس بارزانیشی لەسەر تاوانبار کرد. بەعس ئەم ڕووداوەی کردە بیانووی پاشەکشەکردنی خۆی لە لە

دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەتا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە مارتی ١٩٧٤ دا هەر نەکرا.

لە یادی یەکەم ساڵڕۆژی بەیانی ئازار لە ١٩٧١/٣/١١دا خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری بەغدا لەلایەن بەعسیانەوە ساز کرا. لەو خۆپیشاندانەدا نوێنەرانی بەعسیان، شبلی ئەلعەیسەمی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی، و مورتەزا ئەلحەدیسی سەرۆکی لیژنەی ئاشتی و سالح مەهدی عەماش جێگری سەرکۆمار وتاریان تیا خوێندەوە کە لە بەشێکی وتارەکەی سالح مەهدی عەماشدا وەک نیمچە هەڕەشە و ئولتیماتۆمێک دابوو بۆ مەلامستەفا و ڕایگەیاند کە بەعسیەکان لەگەڵ کوردەکان ڕێک کەوتوون (نەک لەگەڵ پارتی و بارزانی) و پرۆژەی ئازار وەک مافی گەلی کورد لە ژوورەوەی عێراقدا بۆ کوردەکان سەلمێندراوە، وە هەرکەس بیەوێ تێکی بدات پەنجەی پەشیمانی خۆی دەگەزێ.

ناوەڕۆکی ئەم وتارەدا ئەم تێبینیانە دەدا بە دەستەوە:

ا-لەگەڵ کوردەکان ڕێکەوتون نەک لەگەڵ پارتی و بارزانی، واتە کەمکردنەوە لە نرخ و قەبارە و ڕۆڵی مەلامستەفا لە ڕێکەوتنەکەدا.

ب-بەعسیان خۆیان بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئەو مافە بدەن بە گەلی کورد، نەک لە ئەنجامی گوشاری شۆڕش و دانوستاندا لەگەڵ مەلامستەفا.

ج-نیمچە هەڕەشە و ئولتیماتۆمێک لە مەلامستەفا کە گەر بیەوێ تێکی بدا پەنجەی پەشیمانی خۆی دەگەزێ، هەروەک گەستیشی لە ئازار ١٩٧٥دا.

لە نوێنەرانی پارتی لەو یاد و خۆپیشاندانە تانیا سالح یوسفی تیابوو کە لە ناوەڕۆکی وتارەکەی ئەویشدا هەمان هوشیارکردنەوەی بەعسیانیانی تێدا بوو کە دەڵێ ((یەکیەتی نەتەوەیی لە عێراقدا دەبێ لەسەر بناغەی بڕوا بە یەکبوون لەیەک گەیشتن پێک بێت)).

ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە بارزانی بڕوای بە بەعسیان نەبووە و بەعسیەکانیش بڕوایان بە بارزانی نەبووە.

دوای ئەو خۆپیشاندانە، ووردە ووردە ناکۆکیە داپۆشراو و خەفەکراوەکان لە نێوان هەردوولا بەدەر دەکەوتن و پتر سەریان هەڵدەدا و زەق و ئاشکراتر دەبوون. هاتوچۆی نێوان نوێنەرانی هەردوولا کەمتر دەبوو، بێ بڕوایی هەردوولاش پتر دەبوو.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵ و نیوێک بەسەر بەیانی ئازاردا، هێشتا بەعس هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ جێبەجێ کردنی یەکێک لە بەندەکان کە ((گێڕانەوەی کوردە دەرکراوەکانی کەرکوک و شەنگار و خانەقین و کفری و ناوچەکانی تر بوو بۆ شوێنەکانی خۆیان و بژاردنەوەی ئەو زیانانەی بەهۆی ئەو کۆچپێکردنە زۆرەملێیەوە لێیان کەوتبوو)) بە پێچەوانەوە بەعسیەکان لەو ماوەیەدا کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵی پتریان بە کوردەکانی ئەو ناوچانە و شوێنی تریش کرد و بەوەشەوە نەوەستان بڕیارێکی زۆر نامرۆڤانە و دوژمنکاریانەشیان دەرکرد و لە مانگی ۹۷۱/۹ دا جێبەجێیان کرد کە بریتی بوو لە:

دەرکردنی ٤٠٠٠٠ چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان نزیک بە ۱۸۰،۰۰۰ سەد و هەشتا هەزار کەس دەبوو لە عێراقدا، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە شیعەن و بە ڕەچەڵەک ئێرانین، وە دەستیان گرت بەسەر هەموو ماڵ و موڵک و سامانەکانیاندا و بە سەڵتەزەلامی ئاودیوی سنووری ئێرانیان کردن. لە هەمان کاتیشدا بەعس بڕیارێکی تری دەرکرد کە ئەو کەسانەی خاوەنی ڕەچەڵەکی (جنسیەی) کۆنی عوسمانی نەبن لە عێراقدا بە عێراقی دانانرێن و بە ئێرانی دەناسرێن و لە عێراق دەردەکرێن.

لە کاتێکدا کە بە هەزاران عەرەبی سووری و ئەردەنی و میسری و کوێتی و تەنانەت عەرەبی ئەهوازی ئێرانیش لە عێراقدا نیشتەجێ بوون و ڕەچەڵەکنامەی عەرەبی عێراقیان دەدرایە.

پارتی و مەلامستەفا بەرامبەر بەو ڕەفتار و بڕیارەی ڕژێم هیچ هەڵوێستێکی پێویست و توندیان وەرنەگرت و خۆشیان نەکردە خاوەنی، جگە لە نووسینی (مەقالەیەک) لە ڕۆژنامەی برایەتیدا. کە دەبوایە لەو کاتە ناسکە و بە گەرماوگەرمی گەورەترین بەرهەڵستیان پیشان بدایە.

بەڵام لە ۹۷۱/۱/۱٦ بارزانی گەورەترین خۆپیشاندانی چەکداری و خڕکردنەوەی هەموو فەرماندە و هێزەکانی لە ناوچەی بارزاندا کرد بەرامبەر بە دەستپێکردنی مەشقی سەربازی (فەرەزیات)ی سوپای عێراقی لە ۹۷۱/٦/۱۰ لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری، کە بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی عێراقی بەپەلە فەرەزیاتەکەی خۆی هەڵوەشێنێتەوە و سوپاکەشی بکشێنێتەوە و نامەیەکی عوزرخوایش بۆ مەلامستەفا بنێرێ.

پاشگەزبوونەوە و سارڕیی بەعس و پلانەکانیان لەدوای بەیانی ئازار جارێکی تر نەخشە ستراتیژییەکەیانمان وەبیر دەخاتەوە کە لە بەشی یەکەم لەژێر سەردێڕی (ڕوخانی ڕژێمی عبدالرحمن عارف و هاتنی بەعسیان و ڕتووێژی سێقۆلی) لێی دوابووین لەمەڕ چۆنیەتی لێدانی شۆڕشی کورد.

ڕژێمی بەعس و (سەدام حسین) شانۆگەری دانوستاندنی ئازاری ٩٧٠ یان بە چەند مەبەستێک گێڕا:

١-١-٨ ڕەتدانی پەرەقەی مەلامستەفا مەسەلەی کورد لە دەست ئێران و ئەق خستنی بارزانی لە پارتەی دەوڵەتانی هاوکاریکەری بارزانی.

٢-لەناوبردنی بارزانی بە پلان، یان هەر نەبێ تەنیا کردن و بێ دەسەڵات کردنی و ڕووتکردنەوەی لە هێزی چەکداری و دەسەڵاتی سیاسی و چەکداری و کۆمەلایەتی.

٣-دوای لایەلا کردنەوەی ئەو مەسەلەیە، دەستخالی بوون بۆ خۆبەهێزکردن و دەستگرتن بەسەر ناوچەی ناوی کەنداوی عەرەبیدا.

٤-بۆ جێبەجێ کردنی خالی (٣) بەدەستهێنانی متمانەی سۆڤیەت، خۆشکردنی کەش و هەوای هێنانەوەی حزبی شیوعی عراقی بۆ باوەشی خۆی.

٥-لێدانی باسکی (م.س) و جەلالی و چەک کردنیان و سووک و سەلیم کردنیان لەبەردەم جەماوەر و هێشتنەوەی سەرە داوێکی پەیوەندی بەردەوامیش لەگەڵیان، بۆ بەکارهێنانیان جارێکی تر دژی مەلامستەفا گەر نەخشەکانی تریان سەرینەگرت.

هەڵوێستی هوشیارانەی هەردوولای بارزانی و مەکتەبی سیاسی پاش بەیانی ئازار ڕۆڵی لایەنە چەپەکەی ناو پارتی شۆڕشگێڕ لە کۆنگرەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی و گەڕانەوەی زۆربەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی هەڵوەشاوە بۆناو پارتەکەی بارزانی، زۆر لە نەخشەکانی ڕژێمی هەڵوەشاندەوە.

لە مانگی ٩٧١/٩ دا لە بارەگای بارزانیەوە هەواڵێک بلاوکرایەوە، کە بە پلان و نەخشەی ڕژێمی بەعس تەقەلای کوشتنی بارزانی دراوە. ئەو هەواڵە لێکترازانی پەیوەندی نێوان هەردوولای دروستکرد.

بەعسیان بە بیانووی هێنانەوەجێی دڵی بارزانی و بۆ ئاشتکردنەوەی و سەلماندنی بێ ئاگایی خۆیان لەو کارە، لە ٩٧١/٩/٢٩ دا کۆمەڵێ دیاری بەنرخ و پارە و نامەیەکی ڕەسمی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکریان بە گروپێکی (٩) کەسی ژێر پەردەی پیاوی ئاینی و ناوداری عەشایەری عەرەبیدا ناردە لای مەلامستەفا.

نوێنەرەکان بە دوو ئۆتۆمبێلی تەیارکراو بە موشەکی ئاراستەکراو چوونە بارەگای بارزانی، و یەک لە نوێنەرەکان ڕیکۆردێکی (تەسجیل)لوغمکراوی پێوە بەسترابوو، کە ڕەنگە خۆشی نەیزانیبێ مەلغومە، گوایە بۆ تەسجیلکردنی گفتوگۆکانی نێوانیان، کۆنترۆڵی تەقینەوەی ڕیکۆردەکە بە یەکێ لە شۆفێرەکان دەبێ و لەکاتی دانیشتنی نوێنەرە مەلاکان لەگەڵ مەلامستەفا، ڕیکۆردە لوغمکراوەکە دەتەقێننەوە و چەند موشەکێکی ئاراستەکراوی شاردراوەی ژێر ئۆتۆمبێلەکەش دەنێن بە بارەگای بارزانیەوە. مەلامستەفا سەلامەت دەردەچێ و (٨) کەسەکەی تریش بێ لێکۆڵینەوە و پرسیار لێکردن و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە جەمسەری پلانەکە، لەلایەن چەکدارەکانی بارەگای بارزانیەوە دەکوژرێن. ئەو پلانەی ڕژێم هەر بە شاردراوەیی دەمێنێتەوە تا گرتنی (نازم گزار)ی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای (ئەمنی) عێراقی و لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیا بەسەر ئەودا هێنترا. لە مانگی ٩٧٣/٧ دا لە دادگایی کردنی نازم گزاری پیاوکوژی بەعسیان و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی عێراقی و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بە تاوانی تەقەلادان بۆ کودەتاکردن بەسەر سەدام حسین ی جێگری سەرکۆماردا، نازم ڕایگیاند کە نەخشەی کوشتنی بارزانی لەلایەن ئەوەوە داڕێژراوە و کەسی تر ئاگادار نەبووە.

گەر بچینە سەر ووردە باسەکان و ڕووداوە ووردەکانی نێوان سالی ٩٧١-٩٧٤ پێم وایە کە لێرەدا شوێنی باش نیە، وە گەر خوێنەر بیەوێ لە درێژەی ڕووداوەکانی خوێندنەوەی کتێبی(لكي يصان السلام ئەو سالانە بکۆڵێتەوە، چاکتر وایە بگەڕێتەوە بۆ و تتعزز الوحدة الوطنية) لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (الثورة) وە کتێبی (في سبيل السلم والوحدة الوطنية-في سبيل تطبيق اتفاقية اذار) لە بڵاوکراوەکانی (التآخي)

## ٣-٢ یادداشتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسیان

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان

برایان :

سڵاومان بۆ ئێوە و هەموو ئەندامەکانتان، ئەم نامەیەتان لەکاتێکدا بۆ دەنێرین کە پەیوەندی نێوانمان تووشی ئاڵۆزی بووە، هیواداریین ئەم دەست پێشکەریە یارمەتی دەربێت بۆ پەلەکردن لە ڕاگرتنی ئەو تێکچوونە و نوێ کردنەوەی پەیوەندی نێوانمان، لەسەر بنەما نەگۆڕەکانی هاوپەیمانێتیمان بۆ بەدی هێنانی برایەتی

نەتەوەیی و یەکسانی تەواو لەنێوان جەماوەری گەلی عەرەب و کوردماندا کە بریتییە لە خەباتی هاوبەش و دڵسۆزانە لەپێناو چەسپاندنی یەکیەتی سەربەخۆی نیشتمانی کۆماری عێراق، وەپاراستنی یەکیەتی خاک و گەلی عێراق، لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەممووزی پیرۆز دا، و لە چوارچێوەی ئامانجەکانی کە چەندین دەستکەوتی پێشکەوتو خوازی تیایە دەست هێناوە، وە لە هەموویان گرنگتر و بەرچاوتر بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی یە.

هۆکارەکانی ساردی و ئاڵۆزیەکان لەلای هەردوکمان ئاشکرایە، وە چەندین جار لەسەروبەر لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی م.س و سەرکردایەتی پارتیی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتی بەڕێز بارزانی دا باسکراوە.

ئێمە کاتێ کەدەگەڕێینەوە سەر باسکردنی ئەو ڕووداوانەی کەهۆی دروستبونی نائارامی ئێمەبوون بەم نوسراوە، لەبەر ئەوەیە کە بۆچونی ئێمەتان لاڕوون و ئاشکرابێت، وە بەکراوەییش بۆ هەموو هاورێ کانتان ڕوون بێتەوە، تاکو ئەوانیش بتوانن لەم هەڵەدا ئاگاداری بۆچوونەکانمان بن، لەسەر هۆکارەکانی ساردی نێوانمان کە هێشتا لەتوانادایە چارەسەر بکرێن. وەبۆ ئەوەی جەماوەری هەردوولاشمان باش ئاگاداری هەڕەشەکەو لەئاشتی بن، تا ئەوانیش هەوڵی چاکەی خۆیان لەگێڕانەوەی هاوپەیمانێتیماندا بدەن، لەسەر بنەماکانی خەبات و نیشتمان پەروەریی چەسپاو، و ڕەخساندنی هەل و مەرجێکی لەبار بۆ دەست پێکردنەوەی نێوانمان بەبڕوابونێکی تەواو بەیەکتری، و سووربونمان لەسەر گەشەپێدان و پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە بەرەو باشتر ئاسۆ و شوێنەی کە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عەرەب و کوردی تێدایە، بەرژەوەندی عێراقێکی پێشکەوتو، بەتایبەتی گەر ئامادەیی تەواو لێبڕاوانە بۆ هێشتنی ئەو نیگەتیڤانە نەبێ بێ شک هەم هەڕەشە لەئاسایشی دەوڵەت و هەم لەئایندەی هاوکاری نێوانمان دەکات.

گومان لەوەدا نی یە کەڕاست گۆیی و ڕووبەڕووبونەوەی بابەتیانە لەسەر کێشەکان و ناکۆکیەکان، و دەرخستنی ڕاستیەکان و سووربون لەسەر یەکیەتی ئەم وڵاتە و دوا ڕۆژی گەلەکەی، تەنیا ڕێوانەن کە بتوانرێت پشتیان پەبەسترێت لەخستنەڕووی ئەو هۆیانەی ساردی نێوانمانی پێکهێناوە، ئەوجا بەچارەسەرەکانیش دەگەین و دەبنە هۆی نەهێشتنی زۆربەی کێشەکانی نێوانمان، بەو بڕوایەی کە کێشەکان چەندە ئاڵۆزبن، گەر بمانەوێت دەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین،

بۆ ئەوەی بەباشی و ڕاشکاوی لە هۆکانی تێکچوونی باروودۆخەکە بگەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی نزیک و هەستکردن بەناوەڕۆکی ڕووداوەکان لەچوارچێوەی بابەتی و مێژوویی خۆیدا، و خۆمان لەگێڕانەوەی کات بەرەودوا بپارێزین.

بەلای ئێمەوە گەلێ ڕووداو هەیە بەپێویستی دەزانین لێرەدا بگرێینەوە سەری، لەوانە:

" کاتێ کە ئێمە بڕیاری وتووێژمان لەگەڵ ئێوەدا بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد، هەرگیز لەلاوازی و بێهێزیی و نیازی خراپمانەوە نەبوە، بەڵکە لەوپەڕی بەهێزی و نیاز چاکیمانەوە بووە، و سەرەتای خۆبەستنەوەی هەمیشەیشمانە بەسەرەتاکانی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و شۆڕشگێڕیەوە، خۆبەستنەوەمانە بەسەرەتاکانی سەربەخۆیی و یەکیەتی نیشتمانی و ڕەوتیی دیموکراتیانە و گۆڕانکاریە کۆمەلایەتی یە پێشکەوتو خوازەکەمان و سووربوونمان لەسەر پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد لەسەر بنچینەیەکی پتەو و ڕاست و پێشکەوتوخوازانە، بۆ دانانی چارەسەرێکی ڕاست و ڕەوای ئەوتۆ کە بەرپەرچی هەموو فاکتەرەکانی لێکترازان و شەڕو پێکاداتی نێوان ڕۆڵەکانی یەک وولات بداتەوە.

ئەم هەڵوێستەی ئێمە نەلەخۆوە و نەلەبەر کارتێکەری فاکتەرە کتوپڕو تایبەتیەکان بووە.. بەڵکە هەڵقوڵاوی بەرنامەیەکی ستراتیژی بەبیر و باوەڕی لەمەڕ پارتیمان و دەسەلاتی شۆڕشمانەوە بووە بەمافی ڕەوای کوردەکان لەچوارچێوەی نیشتمان پەروەری ڕاستەقینەدا. "

پارتیمان هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی خۆی بەبڕیار و بەیانەکانی سەبارەت بەمەسەلەی کورد دەربڕیوە، بۆ نمونە، ئەو بەیانەی کە سەرکردیەتی هەرێمایەتی لەسەر بەیانی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەری کردو بەیانی کۆنگرەی حەوتەمی هەرێمایەتی پارتیشمان لەسالی ١٩٦٩ دا.

پارتیمان پارتی شۆڕشی عەرەبی، هەمیشە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەستکردی ئیمپریالیزم بووە، بڕوای تەواویشی بەپێویستی برایەتی نێوان چەند نەتەوەیەک بووە، کە لەسنووری یەک وولات و یەک دەوڵەت دان.

وولاتێکی وەک عێراق کە چەندین نەتەوەی تێدا دەژی، مەسەلەی مافی نەتەوەیی دەبێتە بناغەی پێکەوە ژیان و یەکیەتی وولات.

بۆیە دەسەلاتی شۆڕش لەو ڕوانگانەوە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵتان، و لەڕووی بابەتیەوە هەستی بەوەکردەوە کە ئێوە نوێنەرایەتی هێزێکی سەرەکی دەکەن و

کارتێکردنی تەواوتان لەئایندەی مەسەلەی کورد دا هەیە بە چاک یا بە خراپ، جا چ لەم قۆناغە یا لە قۆناغەکانی ئایندەدا.

ئەگەر چارەسەرکردنی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد، ماوەیەک دوای شۆڕشی ١٧ی تەمموز لەلایەن ئێمەوە هاتبێتە کایەوە، ئەوە ناگەیێنێ کە ئەم مەسەلەیە یەکێک نەبووە لەئەرکە هەرە گرنگەکانی شۆڕش، چونکە پێش بەیانی ئازار چەندین هەنگاومان بۆ ئەو مەسەلەیە ناوە، بۆ نموونە: وتووێژمان لەگەڵ ئێوە بۆ بەشداریکردنتان لەحوکمدا لەسەر بناغەی بەیانی ٢٩ی حوزەیران یەکێک لەو هەنگاوانە بووە.

هەرچەندە داخوازیەکانی ئێوە ئەو کاتە بەهیچ جۆرێک لەناوەڕۆکی بەیانی ٢٩ی حوزەیران پتر نەبووە، بەڵام ئێمە ئەوکات رامان وابوو کە جێبەجێکردنی بەندەکانی ٢٩ی حوزەیران بەهیچ جۆرێک سەلماندنی مافی کورد ناگەیەنێ و برایەتی پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب دەستەبەرناکات.

بۆیە شۆڕشی ١٧ی تەمموز هەر لەیەکەم ڕۆژەوە ئامادەیی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی بەیانی ٢٩ی حوزەیران دەربڕی، وەک دووپاتکردنەوەیەک بۆ بەڵێنەکانی پێش شۆڕش لەو پێک گەیشتنانەی کە لەنێوانماندا دەبوو و خۆتان ئاگادارن، کە یەکەم هەنگاو بەشداری کردنی ئێوە بوو لەپێکهێنانی ئەنجومەنی ١٧ی تەمموز.

بەداخێکی زۆر و سەرسامیەوە بەشدارنەبوونتان لەدوای راپەڕینی ٣٠ی تەمموز لەحوکمدا و کشانەوەتان بۆ ئێمە کتوپڕ بوو، کە ئەو ڕاپەڕینە بۆ پاکتاوکردنی کەسانی ڕاستڕەو و کۆنە پەرەست و گومان لێکراوبوو کە دەیانەویست شۆڕش لەسەر ڕێبازی خۆی لادەن، و ئەنجامی ڕاپەڕینیش بەسودی جەماوەر و مەسەلەی ڕزگاری و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا شکایەوە.

لەگەڵ ئەو هەڵویستەی ئێوەشدا، هێشتا ئێمە دەرگای گفتوگۆمان لەگەڵ دانەخستن، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامی ئەو هۆیانەی کە وای لەئێوەکرد ئەو هەڵویستە وەرگرن.

بەڵام کێشەکە لەو ئاستەدا نەمایەوە، بەڵکە لەلایەن ئێوەوە توند و تیژتر کرا و گەیاتنانە ئاستێکی ترسناک کاتێک کە هەستان بەتەقاندنەوەی بۆرێی نەوتەکان بەسەرپەرشتی یەکێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیتان، ئەم کارەش ئەو ڕاستیەی بۆ ئێمە دەرخست، کە ئێوە چیتر ئامادەی چارەسەری کێشەکە نین بەڕێگای ئاشتیانە،

دوای ئەوەش هەستان بەکۆمەڵێک کاری خراپکارانەی وەک تەقاندنەوەی هێڵە ئاسنینی شەمەندەفەر و چەندین چالاکی تر کەمەبەستیان تێکشکاندنی ئابووری وولات بوو، کە هیچ حکومەتێک نییە گەر بیەوێ هەست بەبەرپرسیارێتی خۆی بکات لە ئاست ئەو کردەوانەدا بێدەنگ بێت.

بۆیە ئێمە دوو ڕێگەمان لەبەردەم دابوو، یان دەبوو بێدەنگ بین لەئاست کردەوەکانتان کە ئاسایشی وولاتی دەخستە مەترسییەوە، یان بەداخەوە بەربەرچدانەوتان و پاراستنی هەیبەتی دەوڵەت و یەکیەتی خاکی وولات، کە بێشک هەر دەبوایە ڕێگەی دووەم بگرین.

لەوبارودۆخەدا کە هەرگیز خواستی ئێمە نەبوە، شەڕ هەڵ گیرسایەوە، ئێمە هەمیشە بڕوامان بەگرتنە بەری ڕێگای ئاشتیانەبوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، و نەهێشتنی هۆکانی شەڕ هەڵگیرساندن.

ئێوە باش ئەوەتان دەزانی کە لەکاتی شەڕبونەوەدا ژمارەیەکی زۆری کوردەکانتان لەگەڵ نییە، بەتایبەتی باڵی دووەمی پارتیتان کە مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمد، جلال تاڵەبانی سەرکردایەتیان دەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە بڕوای تەواومان بەو ڕاستیە هەبوو کە چارەسەری کێشەی کورد هەر هیچ بناغەیەک چارەسەر ناکرێت تا ئەو هۆیانە دەست نیشان نەکرێن کە کێشەکەی دروست کردوە.

لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی پارتیمان(الثورة) زنجیرە وتارێکی لەژێر سەردێڕی (چۆن چارەسەری کێشەی کورد دەکرێ) بلاوکردەوە و هەڵوێستی پارتیمانی تیا ڕوون کردەوە، ئەو ڕوون کردنەوانە بڕوای پتەوی ئێمەبوو بەگرتنە بەری ڕێگای ئاشتیانە و دان پیانانان و جێبەجێ کردنی مافی ڕەوای کورد، و هەموو چەوساندنەوەیەکی نەتەوایەتی بەهەر شێوەیەک بێت دەبێتە هۆی بەردەوامی لەخەباتدا بۆ ڕزگاربوون لەو چەوساندنەوەیە.

حکومەتی شۆڕش، سەرەڕای بارودۆخی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ بڕوای خۆی بەڕاستی و ڕەوایی مافی نەتەوەیی کورد سەلماند، و ئەو خاڵانەی کەلەبەیانی ٢٩حوزەیران دا هاتبوو بەزیادەوە جێبەجێی کردن، لای هیچ کەس شاراوەنیە کە حکومەتی شۆڕش لەکاتی شەڕدا هەڵستا بەدەرکردنی هەندێ بڕیار کە پەیوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەبوو، و لەبەیانی ٢٩حوزەیران یشدا نەبوە وەک:

- دان پیادانان بە مافی فەرهەنگی گەلی کورد
- دامەزراندنی کــــۆڕی زانیاری کـــوردی
- کردنەوەی دانیشـــگای ســــلێمانی
- پێکهێنانی پارێزگـــــای دهـــۆک
- ناسینی جەژنی نەورۆز لە ٢١ئازار دا بە جەژنێکی ڕەسمی نیشتمانی و گەلی لەسەرتاسەری عێراقدا.
- دەرکردنی لێبوردنی گشتی چەندین جار بۆ بەشداربووانی ڕووداوەکانی ژوورو.

ئەمانە کە بەشێکی کارەکانمان بوە و پێش بەیانی ئازار جێبەجێ کراون، کە لەناوەرۆک دا بەشێکی ئەو بەرنامە سیاسی‌یەن کە شۆڕش ئامادەی کردوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، و بەیانی ئازاریش بەڵگەی سووربوونمانە بە پراکتیک لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە.

هیچ پێویست بەشاردنەوە ناکات، کەلەسەرەتای گفتوگۆی نێوانمکاندا پێش بەیانی ئازار، حاڵەکانی مشتومڕی نێوانمان هیچ پەیوەندیەکی بەمافی نەتەوەی کوردەوە نەبو، بەڵکە لەلای ئێوەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لەبازنەی ئایندەی پەیوەندی ئێمە و تاقمەکەی مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی‌دا و ئایندەی پەیوەندیمان بەسەرۆک سوارەکانی پێشوو (جاشەکان) دەخولایەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانەشدا، لەلای ئێمەوە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵتاندا سەری هەڵدا، چونکە ئامانەوێ بیشارینەوە کەهەر چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیەبێ بەشداربونی ئێوە وەک پارتێکی سیاسی، ڕەنگە ببێتە هۆی دروست بونی کۆسپ لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی مافی نەتەوەیی کورد. وە دوورەپەرێزی هێزێکی سیاسی سەرەکی بزوتنەوەی کوردی لەهاوبەشی کردن لە داڕشتنی ئاشتی، دەبێتە مایەی کۆسپ خستنە بەری.

لەسایەی ئەو بارودۆخانەدا دەیەمین کۆنگرەی نەتەوەیی پارتیمان لە ١١-١٠ ئازاری ١٩٧٠ بەست، مەسەلەی کوردی دوبارە تیا تاوتوێ کرایەوە و سەبارەت بەخواستی نەتەوایەتی جەماوەری کورد لە عێراقدا، و ئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی هەڵسەنگێنرا، کۆنگرە ئەوەی سەلماند کە گرتنە بەری ڕێگای ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە و لەسەر بناغەی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا، بەجۆرێک کە باشترین هەلومەرجی

هاوکاری و پشتیوانی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب فەراهەم بکات، دەبێت سەرمەشقی دەستکەوتی پارتیمان بێت.

گومان لەوەدانییە و ئێوەش دەزانن کە ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ بەڕێز دارا تۆفیق دا کردمان لەلایەن ئێوەوە باسی کێشەی ئۆتۆنۆمی تێدا نەهاتە کایەوە، بەڵکە داخوازیەکانتان لە چوارچێوەیەکی قۆناغیدا قەتیس کردبوو، بەڵام ئێمە پێمان وتن کە ئەو داخوازیانەی ئێوە لای ئێمە هەموو شتێک نییە. هەر لەسەرەتاوە بۆچوونی ئێمە بۆ چارەسەری کێشەکە زۆر لە خواستەکانی ئێوە پتر و فراوانتر بوو، ئێمە پێمان وابوو کە دەبێ کێشەی کورد لە ڕەگەوە چارەسەر بکرێ، نەک تەنیا بریتی بێ لە داخوازی نیوەچڵی و ڕێکەوتنی کاتی.

هێنانە پێشەوەی پەیوەندی ئێمە بە باڵی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەلایە ئێوەوە لەو کاتەدا، بەلای ئێمەوە مەسەلەکەی پلە دوو بوو نەک سەرەکی، وەپێمان وانەبوو کەلەلای ئێوە ئەوەندە گرنگە و زۆر زیاترتان بەلاوە مەبەستە، وەک لە چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانەی کێشەی کورد کە کێشەی هەموو گەلی کوردە.

ئێمە دیدمان وایە کە نابێ بە هیچ جۆرێک هاونیشتمانان: جا چ باڵی دووەمی حیزبەکەتان و چ سوارەکان (جاشەکان) ناچار بکەین بۆ گرتنە بەری ڕێگایەک کە هەموو لایەکمان بە حکومەتیشەوە ئۆباڵی ئایندەی بکەوێتە ئەستۆ، جگە لەوەی کە بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە پاراستن و مسۆگەر کردنی ئاشتی، پێویستی بە ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی ئەوتۆیە کە یەکیەتی نیشتمانی تیادابین بکرێ، وە ئەو مافە هەموو ڕیزەکانی نیشتمان پەروەری عەرەبی و کوردی بگرێتەوە، جێبەجێ کردنی چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتی و دیموکراتی بۆ پاراستنی مافی هەموو جەماوەری کوردە نەک تەنیا بۆ بەشێکی.

لەبەر ئەوەی سیاسەتی گشتیمان ئەوەبوو کە خۆمان نەخەینە ناو خاڵەکانی ناکۆکی نێوان ئێمە و ئێوە، ڕاکەی ئێوەمان پەسەند کرد و ئامادەیی خۆما دەربڕی بۆ پێکهێنانی ئاشت بوونەوەیەکی گشتی نێوان ئێوە و دژەکانتان کە:

یەکەم: ئەوی ئێوە بە دوژمنتان دەزانی جگە لەکورد کەسی تر نەبوون.

دووەم: نابێت بەتاوانبار (خائن)یان بزانن هەر لەبەر ئەوەی لەبۆچووندا لەگەڵ ئێوە جیاوازبوون.

سێیەم: وە دەبێت هەڵویستیشتان لەسەریان تەواو گونجاوبێت لەگەڵ تەقەلای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە.

بەداخەوە هیچ وەڵامێکی باشمان لەو ڕووەوە لێوەرنەگرتنەوە، و بەپێچەوانەشەوە ئامادەی گوێ گرتن نەبوون لەسەر ئەو مەسەلەیە.

بەڵام هەر پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی کەم بەسەر ڕاگەیاندنی بەیانی ئاژاردا، بیستمان کە ڕێکەوتنەوەی نێوان سوارەکان(فرسان- جاشەکان) و بەڕێز بارزانی بووە، وە بارزانی ئەو دوژمنانەی خۆی بانگ کردوە و لەکاتی سەر داندا پارەو چەکیشی داونەتێ.

پاش ماوەیەکی کەم بیستمان کە پەیوەندیتان بەباڵی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە بۆ ئاشتبونەوەی خۆتان و سەرکردایەتی ئەوان.

لەگەڵ ویستی دڵسۆزانە و ڕاستگۆیمان بۆ چارەسەری هەموو کێشە و ناخۆشی دووبەرەکیەکەی نێوان ئێوە و دژەکانتان، بەڵام نەمانتوانی چۆن هەڵویستی پێشوتان لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو تەقەلایەکی خێرخوازانەمان بۆ ڕێکخستنەوەی ئێوە و دژەکانتان، وپاشان لەپشتی ئێمەوە و کتوپڕ خۆتان لەگەڵیان ڕێک کەوتنەوە تێکبەینەوە، جگە لەوەی کە شانۆگەرییەکی پشتی پەردەبێت بۆ پێوە لکاندنی مۆرکی سەرکەوتنی خۆتان و سەپاندنی چارەسەرەکە لەلایەن خۆتانەوە بەسەر چوارچێوەی ڕێکەوتنەکەماندا.

ئەمە یەکەم درزی پەیوەندی نێوانمان بوو کە نیاز خراپی تیا دەرکەوت، و پشت گوێ خستنی تەقەلای دڵسۆزانەشمان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بەئاشتی تیا بەدی کرا، و لێکدانەوەشتان بۆ باروودۆخی ئاشتی، بەسەرکەوتنی تاکی خۆتان بزانن. بۆیە ئەو هەڵویستانەتان وای لێکردین کە دڵنیا نەبین لە پاکی نیازتان، بەتایبەتی ئەو ڕێبازەی ئێوە گرتان بەهیچ جۆرێک نیشانەی بوونی خواستێکی ڕاستگۆیانە نایەخشێ بەبنیاتنانی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمان پەروەرانەی چەسپاو.

بۆیە لەڕابردوو و ئێستاش جێی پرسیاربو بۆ ئێمە: ئەگەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد سەرکەوتنێکی نیشتمانی و گشتی بێت، وەسەرکەوتنیش بێ بۆ ئەو دۆخە سیاسییەی کە ئەو چارەسەرەی هێناوەتە کایەوە، ئەی بۆ ئێشان وابێ کە ئەو بارەسیاسییە بۆی ئەبێت پەیوەندی باشی هەبێت بەولایەنە کوردانەی کەلەدەرەوەی پارتیەکەی ئێوەبن؟ ئایا ئەوەناگەیەنێ کە بتانەوێ کۆسپ لەبەردەم

ئەو رژێمەدا دروست بکەن کە جێبەجێ کردنی ئەو چارەسەرە ئاشتییانەی کە کێشەی کوردی لەئەستۆیە؟

ئایا دروست کردنی کۆسپ لەبەردەم حکومەتی شۆرشدا لەپەرژەوەندی مەسەلەی کوردە، و بەهەمان چاویش سەیری دەکەن، کەسەیری حکومەتەکانی پێشوتان پێکردوە، وەک ئەوەی لای ئێوە ئاشتی و شەر، چارەسەری کێشەی کورد وچارەسەر نەکردنی بەیەک بزانن؟!

ئەوەی جێگەی سەرسەرمانە، لای ئێوە نیشتمان پەروەری و پەکرین گیراوی بەندە بە جۆرێ پەیوەندی بەحیزبەکەتانەوە، بێگوێدانە مافی بوونی پارتی تر و یارودۆخە گشتییەکەی شۆرش، وە بەرژەوەندی کورد، وە زۆرمان لا سەیرە کەئێوە بەچاوی دوژمن بڕوانن هەرکەس کەپەیوەندی بەحکومەتەوە هەبێت لەدەرەوەی بازنەی خۆتانەوە، لەکاتێکدا کە خۆشتان بەشێکن لەو حکومەتە، و بەشدارن لەدام و دەزگا جۆراوجۆرەکانیدا. ئەو بۆچونەتان بەرامبەر حکومەت تەک هەر پێش بەیانی ئازاربووە. بەڵکە دوای بەیانی ئازاریش هەمان بۆچونتان هەیە، وەنەک هەر بەرامبەر تەوحکومەتانەی کە هێرش و پەلاماریان دەبردە سەر کورد و سیاسەتی توانەوەی نەتەوەی کوردیان گرتبوە بەر، بەڵکە بەرامبەر تەو حکومەتەش کەدان بەمافی نەتەوەی کورد دا دەنێت، ئامادەی بەئەستۆ گرتنی مەترسیدارترین هەنگاوی چەسپاندنی ئاشتییە.

بۆ ئەوەی مەسەلە سەرەکییەکان لەناو تاوتوێ کردنی مەسەلە ئاگرتگەکاندا لەبیرنەچنەوە پێویستە جارێکی تر بەراشکاوی کێشەکانتان بخەینەوە یاد و بەردەم، بەو هیوایەی کە کاتی تەواوی ئەوەتان هەبێت بەقوڵی و بەووردی تاوتوێی بکەن.

برایان: ئێمە بڕوامان وایە کەهەردوولامان لەسەر ئەو راستیە رێککەوتوین کەبەیانی ١١ی ئازار لەدوو بابەتی سەرەکی پێکەوە پەیوەندداری پێکهاتووە:

ا- مسۆگەر کردنی مافی رەوای نەتەوەی کورد.

ب- چەسپاندنی یەکیەتی خاکی عێراق، واتە یەکیەتی گەل و وولات و رژێمی دەستوری، لەچوارچێوەی دەسەلاتی یاسا و ناوەندێتی حکومەتدا، واتە ئەو لۆجیکەی کەراستی بوون و بەردەوامی مانیەتی.

ئەو ماف و پەیدانانەی کە لەناوەرۆکی بەیانی ١١ی ئازاردا هاتووە، و لەدەرچونی بەیانەکەوە تائێستا توانراوە جێبەجێ بکرێن و کراوە ئەمانەی خوارەوەن:-

١- گۆڕینی دەستووری کاتی بە جۆرێک کە جەخت لەسەر بوونی نەتەوایەتی گەلی کورد بکات.

٢- ڕەخساندنی هەموو هەلێکی یاسایی بۆ ناساندنی زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی بە ڕەسمی لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، وە کردنی بە زمانی خوێندنیش لە ناوچە کوردیەکاندا.

٣- بەشداری کردنی برا کوردەکان لە حکوم ڕانی کردن و کەرتە گشتیەکانی دەوڵەت و کۆمیتەکانی نەخشە داناندا.

٤- فەرمانبەرانی هەموو بەڕێوبەرایەتییەکان لە ناوچە کوردیەکاندا لە کورد یا لەوانەی کوردی باش دەزانن پێکهاتووە.

٥- دارشتنی پرۆژەیەکی نوێ بۆ بەڕێوبەرایەتی لێکۆڵینەوەی کوردی کە گۆڕانکاری ئەوەندە فراوان و سەرەکی تیاکراوە، بتوانن بە باشی ئەرکەکانی خۆی تیاجێبەجێ بکات سەبارەت بەو کارە.

٦- ناونانی هەموو قوتابخانە کوردیەکان، بە ناوە مێژوویی، وجوگرافی، و نیشتمانە کوردیەکانەوە.

٧- ڕێگە دان بە بوونی کتێبی کوردی لە کتێبخانە گشتیەکان و قوتابخانەکاندا.

٨- دامەزراندنی ژمارەیەکی بە جگار زۆری مامۆستا کوردەکان لەو قوتابخانانەی کە بە زمانی کوردی دەخوێنن.

٩- کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی کلتووری کوردی لە وەزارەتی ڕاگەیاندندا.

١٠- چاپخانەیەکمان بە ناوی (دار التضامن) کردۆتەوە بۆ چاپکردنی کتێبی کوردی.

١١- لە وەزارەتی ڕاگەیاندن دا گۆڤارێکی کوردی بە ناوی (بەیان) ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی (هاوکاری) دەردەچێت.

١٢- ڕێگە دان بە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بە زمانی کوردین، وەک برایەتی، بیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، ئەستێرە.

١٣- فراوان کردن و پتر کردنی کاتی بەرنامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک دا.

١٤- ڕێگە دان بە کارکردنی کۆمەڵەی کلتووری کوردی.

١٥- دامەزراندنی یەکیەتی نوسەرانی (الادباء) کورد.

١٦- ڕێگە دان بە دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەریە کوردیەکانی خوێندکاران، لاوان، ژنان، مامۆستایان.

١٧- گێڕانەوەی ئەو قوتابیانەی کە لەقوتابخانە دەرکراون یان ناچاربون واز لەقوتابخانە بهێنن بۆ پۆلەکانی خۆیان، بێ گوێدانە ڕادەی تەمەنیان.

١٨- هەموو بەندیەکانی (سوپایی و مەدەنی) کە بەهۆی ڕووداوەکانی ژووروەوە گیرابوون، بەڕەڵلا کراون و لەهەموو سزاکانی دادگاییان بووردران.

١٩- دامەزراندنی هەموو مامۆستا و برین پێچەکانی دەرچوانی خولی ئاپاسایی لای ئێوە، لەقوتابخانە و نەخۆشخانەکاندا.

٢٠- هەموو ئەو کرێکار و موچەخۆرانەی (سوپایی و مەدەنی) کە بەهۆی بەشداریان لەکارە توند و تیژەکانی ناوچەی کوردیەوە هەبوو، خرانەوە سەرکارەکانی خۆیان، بێ گوێدانە بوون و نەبونی شوێنی کارکردن، جگە لەمەش چەندین بڕیاری تایبەت لەسەر خواستی پارتیمان و بەڕێز بارزانی، لەلایەن بەڕێز سەرەک کۆمار و جێگرەکەیەوە دەرچوو بۆ گێڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو (سوپایی و مەدەنی)یانەی کەهیچ پەیوەندیەکیان بەرووداوەکانی ژووروەوە نەبوە و لەبەر هۆی تر کاتی خۆی لەکار خراون.

٢١- بڕینەوەی موچەی خانەنشینی بۆ خێزانی شەهیدەکانی ڕووداوەکانی ژوورو و کەم ئەندامان، لەمانگی ١٩٧١/٥ەوە تا تەواوبونی کاری خانەنشینەکەیان بەکۆمەڵ و پاشان مانگانەکانیان.

٢٢- لێ بووردنی هەموو سەرباز و پۆلیسە کوردە ڕاکردووەکان لەو چەک و کەلوپەلانەی کەلە ڕاکردنیاندا لەگەڵ خۆیان بردوە.

٢٣- لێخۆشبون لەو کوردانەی کەهاوبەشی ڕووداوەکانی ژوورویان کردوە، لەکاری سەربازی و دانی پارەی لەجێی (بدل) کاری سەربازی.

٢٤- دامەزراندن و دابەش کردنی ٦٠٠٠شەش هەزار پێشمەرگە لەخزمەتی سەربازی بەخشراو، بەسەر ١٢ فەوج دا بەناوی پارێزەری سنوور (حراس الحدود)، دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەدروستکرتی ئەو هێزە چەکدارە و پلەو پایەکانیان و کردنیان بەبەشێکی سوپای عێراقی.

٢٥- بڕینەوەی (٥٠٠٠٠) پەنجاهەزار دینارمانگانە بۆ (٥٠٠٠) پێشمەرگەی بەخشراو لەکاری سەربازی کەیەکی (١٠) دینار یان دەدرێتێ تاوەکو کاریان بۆ دابین دەکرێ.

٢٦- بڕینەوەی (٣٠٠٠٠ - ٥٠٠٠٠) دینار مانگانە بۆ خەرجی بارەگای بەڕێز بارزانی،

٢٧- پەسەند کردنی ماوەی کاری پێشمەرگانە بۆ هەموو کرێکاران، و فەرمانبەران، و موچە خۆرانی (سوپایی و مەدەنی) بەماوەی کار بۆ مەبەستی خانە نشینی، و پاراستنی کۆمەلایەتی (ضمان الاجتماعي)، زیاد کرنی موچە.

٢٨- دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت بەو جوتیارە کوردانە کە بەهۆی ڕوداوەکانی ژووروەوە نەیانتوانیوە وامەکانی بانکی کشتوکالی بیژێررنەوە، بۆ پێدانی وامی نوێ بەو ڕادەیەی کە هەم بتوانن بەشێک لەوامە کۆنەکەلەکەبوەکانیان بدەنەوە، و هەم بەشی پێویستی بەردەوام بونیشیان بکات لەسەر کاری کشتوکالیان.

٢٩- دەستکردن بە جێبەجێ کردنی کێشەی زەوی لەناوچەی ژوورو و لەگەل ئەو هەموو کۆسپیانەش کە دەخرێنە بەردەمی، لەگەل تەواوکردنی چەندین پرۆژەی کشتوکالی و ئاژەلداری.

٣٠- داناتی نەخشویەکی ئابووری ئەوتۆ کە هاوکێشەیەکی تەواو لەهەموو عێراقدا دروست بکات بۆ گەشە پێدانی ئابووری ناوچەی ژوورو بەپارمەتی حکومەتی ناوەند و ناوچەی ئۆتۆنۆمی وە بەلەبەرچاوگرتنی دواکەوتویی ژورو ئەگەر نێوە ڕایەکی تایبەتیتان لەو بارەیەوە لەسەری هەیە، ئامادەین کە لێکۆلینەوە لەسەر هەموو پێشنیارەکانتان بکەین.

٣١- کۆمیتەیەکی تایبەت بەئاوەدان کردنەوی ژوورو داتراوە بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخان کراوە، بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کەزامن کەری قەرەبوو کردنی ناوچەی کوردین لەو زیانانەی کەلەسالانی ڕابردوودا لێیکەوتوە جگەلەو پرۆژانەش کەبڕیاری لەسەر دراوە کەلەنەخشەی ئابووریدا جێ بجێ بکرێن.

٣٢- زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە قەرەبوی زیانەکانی خەلکی کورد دەکات، جێبەجێ کراون، بەتایبەتی پرۆژەی نیشتەجێکردن و خزمەتگوزاریەکان. تائێستا (١٢٠٠٠ دوانزە هەزار خانوو بۆ ئەوانە خانوەکانیان روخاوە یان نەماوە، دروستکراوە، چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانە و ناوەندی تەندروستی دروستکراوە، چەندین بیری ئیرتیوازی ئاو لێدراوە، چەندین بازاری سەردەم (اسواق عصرية) دروستکراوە، چەندین پرۆژەی نوێی ئاو و ووزەی رووناکی (کارەبا) رێگاوبان و پردی نوێ کراوە، چەندین هێلی پەیوەندی تەلەفۆن، و پرۆژەی گەشت و گوزارمان دروستکردوە، لەم دواییانەدا بڕیارمان لەسەر دروست کردنی میوانخانەیەکی گەشت

و گوزاری زۆر گەورە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین داوە کە تێچوونەکەی یەک ملیۆن دینارە.

٣٢- سەبارەت بە پیشەسازی کردنی ناوچەی کوردی، پێنج کارخانەی دروستکردنی فەرشمان لە شارەکانی هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز، دهۆک، ئامێدی کردۆتەوە، کارخانەیەکی چنینمان لە هەولێر، و کارخانەی بەرهەم هێنانی شیرمان لە هەولێر پەرە پێداوە، کارخانەی دارتاشی هەولێرمان تەواو کرد.

بەم نزیکانەش کارگەی شەکری چەوەندەر لە سلێمانی، فراوانکردنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، و کارگەی پاک کردنەوەی توتن لە سلێمانی، کارگەیەکی جۆجەڵە لە هەولێر تەواو دەبن.

بەم زووانەش دەست دەکرێت بە دروست کردنی کارگەی چنینی خوری لە هەولێر و کارگەی دروست کردنی جل و بەرگی کوردی لە دهۆک، کارخانەیەکی گەورەی خواردنی قوتو لە هەرین، کارخانەیەکی دۆشاوی تەماتەی قوتو لە دهۆک، کارگەیەکی جگەرە لە هەولێر. هەروەک بڕیار دراوە کە بەم نزیکانە وەزارەتی نەوت دەست بە دروستکردنی چەندین عەماری سوتەمەنی (نەوت، گاز، بەنزین) دەکات لە سەرچنار بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ناوچەی ژوروو بە تایبەتی سلێمانی. بەم زووانەش پرۆژەی دروست کردنی بەردی مەرمەڕ و کاشی لە شاری هەولێر دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نەخشەدانان.

لێرەوە دەردەکەوێت کە بە پێی ئەو نەخشە جوگرافیایەی کە پرۆژەکانی بە سەردا دابەش کراوە و بە مەبەستی گەشەپێدانی باری ئابووری ناوچەکە کراوە، ڕێژەی بەرکەوتەی هەریەک کەسی ناوچەی ژوروو گەلێک پترە لە ڕێژەی گشتی هەموو عێراق.

ئێستا دێینە سەر باسکردنی ئەو بەندانە کە لە بەیانی ئازاردا هاتووە و تائێستا جێبەجێ نەکراوە لەگەڵ هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردنی

١- هاوبەشی کردنی کوردەکان لە ئەنجومەنی یاسادانان دا و (السلطة التشريعية) تێمە لای خۆمانەوە بەشداری کردنی کوردەکان لە ئەنجومەنی یاسادانان دا بە مافێکی سروشتی دەزانین، و بە زووترین کات کار بۆ ئەوە دەکەین و هەر لە سەرەتاوە پێمان ڕاگەیاندوون کە سورین لە سەر پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە، بەلام ئێرەش ئەو ڕاستیە

دەزانن کە ئەو ئەنجومەنە دەبێت دەزگایەک بێت بۆ هاوکاری نیشتمانی، نەک بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی تیایدا، تا ئەنجومەن بتوانێت ڕۆڵی خۆی لەیەک خستنی هەموو وزەکان بۆ پتەو کردنی شۆڕش و پارێزگاری کردنی دەستکەوتەکانی بگێڕێت.

پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیش بەلای ئێمەوە پاش ڕێکەوتن لەسەر پرۆژەی کاری نیشتمانی (ميثاق العمل الوطني) دەبێت، گەر ئێوە بیروڕایەکی جیاوازتان لەسەر ئەو هەبێت، ئامادەین لەهەموو پێشنیارەکانتان لەو ڕووەوە بکۆڵینەوە.

٢- دانانی جێگری سەرۆک کۆمار:

ئێوە مافی خۆتانە هەر کەس بەنوێنەری خۆتان بۆ ئەو شوێنە هەڵبژێرن، بەلام ئێمەش تایبەت لەهەڵبژاردنی کەسێک بۆ ئەو شوێنە گرنگ و پڕ لەبەرپرسیارەی دەوڵەتدا گۆشەگیر بکرێین، ئێمە لەکاتی خۆیدا پێشنیاری هەڵبژاردنی یەک لەو دوو کەسە ناسراوانەی خۆتانمان کرد کە بەتواناو دەسەلاتدارن وە یەکیان ئەندامی سەرکردایەتی خۆتان بوو. بەلام وەلامێکمان لێتان وەرنەگرتەوە،

ئێستاش ئێمە ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەو برگەیەین، بەڕاوێژکردن لەگەڵتاندا بەپێی بەیانی ئازار،

٣- سەبارەت بەدانانی بەڕێوەبەرەکانی ئاسایش لەناوچەکانی ژوورووودا، لەگەڵ سوربوونمان لەهاوبەشی کردنی برا کوردەکان لەهەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا بەدەزگای ئاسایش یشەوە، ناتوانین ئەو بارودۆخە تایبەتەی ناوچەی ژوورووش بەچاونەکەین، و سروشتی پەیوەندیەکانی بزوتنەوەی کوردیش ئێستاکە بەهیچ جۆرێک پاڵپێوەتەرتیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵە، وە هەرکاتێکیش بارودۆخی ئاسایی و لەبار هاتە پێشەوە بەهیچ جۆری سێ و دوو لەجێبەجێکردنی ناکەین.

٤- سەبارەت بەگۆرینی یاسای پارێزگاکان (قانون المحافظات) بەجۆرێک کەلەگەل ناوەڕۆکی بەیانی ئازاردا بگونجێ- ئێمە ئامادەی سازکردنی زەمینەی جێبەجێ کردنین، وەئامادەشین بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر پێشنیارێکتان لەو ڕووەوە پێش کەشی کەن،

٥- سەبارەت بەسەرژمێری کردن لەناوچە قرەنەتەوەکان بۆ دیاری کردنی ئەو نارچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردە، ئێمە ئێستاش ئامادەی جێبەجێکردنین، و هەرگیز داوای دواخستنیمان نەکردوە بەلام دواخستنەکەی لەسەر داوای بەڕێز بارزانی بووە کە ئاگاداری برتەی حدیثی نوێنەری ئێمەی کردوە، ئێوە بەئەنجامی

سەرژمێری هیچ ناوچەیەکی فرەنەتەوە قایل نابن گەر عەرەب زۆربە دەرچێت، هەر کاتێک کۆسپەکانی بەردەم سەرژمێری نەمان، ئێمە ئامادەی جێبەجێ کردنین لەسەر بناغەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بۆ دیاریکردنی زۆربەی دانیشتوانی هەرناوچەیەک. کورد یا عەرەب یاهەر نەتەوەیەکی تر بن وەکاری نیشتەجێ کردنیش لەکورد و عەرەبیش لەناوچە تێکەڵیەکان رابگرن.

٦- جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەگەڵ ئەوەی کە چوار ساڵ ماوەدانرا بۆ جێبەجێ کردنی یان پاش دروست بونی یەکیەتی نێوان عێراق و وولاتێکی تری عەرەبی، بەلای ئێمەوە جێبەجێکردنی لەنزیکترین کاتدا خواستی پارتیمانە و یەکێکە لەبڕیارە هەرە گرنگەکانی کۆنگرەی ١٠ی پارتیمان، هەروەک رەنگدەرەوەی بڕوای پارتیمانە بەیەکسانی نەتەوایەتی و سوربونمانە لەسەر برایەتی کورد و عەرەب و یەکیەتی نیشتمانی.

بۆیە لەو کاتەی کەهەوڵی رەخساندنی لەبار دەدەین بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی لەهەمان کاتیشدا ئەوە دوپات دەکەینەوە کە ئۆتۆنۆمی لای ئێمە بڕوای ستراتیژمانە، جێبەجێکردنی زوو یا درەنگ دەوەستێتە سەر هەڵویستی ئێوە کەلایەنی سەرەکین لەوە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیاری ئۆتۆنۆمی، وە بەرپرسیاریشن بۆ رەخساندنی ئەو هەل و مەرجانەی کەدەرفەت بە زوو جێبەجێکردنی دەدات.

برایان :

ئەو کاتەی کەخاڵە جێبەجێ کراو و نەکراوەکانی ناوەڕۆکی بەیانی ئازارتان دەخەینە بەرچاو، هەڵویستی ئاهاندەرانەی ئێوەشمان لەبەرچاوە، ئەو بارودۆخانەش کە ئامازەتان بۆ کرد، و جۆری ئێستای پەیوەندی نێوان هەردوو لامان و دەسەلاتی شۆرش، کە ئەگەر پەیوەندیەکانی نێوانمان لەئاست ناوەڕۆکی بەیانەکەدا بێت، دەتوانرێ بەزوویی هەموو بەندەکانیش جێبەجێ بکرێ.

ئەوەندەی کە پەیوەندی بەبڕیاری دووەوە هەبێ _ خۆ بەستنەوە بەیەکیەتی عێراقەوە _ واتە یەکیەتی خاک و گەل و دەستوری عێراق، زۆر راستین کە بڵێین :- "کارتان بۆ لادان لەیەکیەتی نیشتمانی و سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق کردوە، بەو پەیوەندیەی دەرەوەتان بەکۆنە پەرستانی حکومەتی ئێرانەوە"

ئەگەر سەرکردایەتی پارتیتان لەڕابردوودا پەیوەندی خۆی بەئێرانەوە بەرەوا زانیبێ، پاش رێکەوتن و بەیانی ئازار درێژەدان بەو پەیوەندیە نەک هەر خزمەت بەمەسەلەی کورد ناکات، بەڵکە زیانیشی پێدەگەیەنێ. دەبوایە پاش بلاوبونەوەی

بەیانی ئازار و ئاشتی، یەکەم هەنگاوتان بڕینی ئەو پەیوەندیە بوایە بەکۆنە پەرستانی ئێرانەوە، وەکارتان بۆ بەرەو پێش بردنی شۆڕش و هەنگاوتان بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بەیانی ئازار بنایە. بەتایبەتی کە ئەو ڕاستیەش باش دەزانن، کۆنە پەرستانی ئێران یەکەم لایەن بوون پلانیان دژی شۆڕش و چەمارەری کورد گێڕا بۆ سەرنەگرتنی ئاشتی و کۆسپ دروست کردن لەبەردەم جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بەیانی ئازاردا.

ئێستاش بەڵگەکانی مانەوە و پتەوکردنی پەیوەندیتان بەئێرانەوە دەخەینە ڕوو

١- هێنانی چەکێکی زۆر لەئێرانەوە بۆ ناوچەی ژوورو، بەتایبەتی پاش توندبوونی ناکۆکی نێوان حکومەتی شۆڕش و کۆنە پەرستانی ئێران،
٢- گەیشتنی چەکی قورس و سوک لەڕێگەی ئێرانەوە بەهێزە چەکدارەکانتان و هێنانی ئێزگەیەکی ڕادیۆی گەورە لەئێرانەوە.
٣- مەشق کردنی ژمارەیەکی زۆر لەپێش مەرگەکانتان لەسەر چەکی جۆراو جۆری قورس لەئێران،
٤- ناردنی ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیانی سەر بەپارتیتان بۆ کۆلیجە سەربازیەکانی ئێران.
٥- دانی زانیاری لەسەر سوپای عێراق بەئێران لەلایەن ئەندامانی ناسراوی ئێوەوە کەپەیوەندی ئاشکرایان بەساواکی ئێرانەوە هەیە و لای ئێوەش لێپرسراون.
٦- پشتگیری کردنی هێزی چەکداری ئێرانی لەلایەن هێزەکانی ئێوەوە، لەکاتی ڕووداوی وورده تەقەی نێوان ئەوان و سوپای عێراقی لەسەر سنوورەکان، تائەو ڕادەیەی کە بەهاوکاری ئێوە، هێزەکانی ئێرانی توانیویانە بەشێکی زەوی عێراق لەسنووری خانەقینەوە داگیربکەن.
٧- پێشوازی کردنی کەسانی سخابەراتی ئێرانی لەلایەن ئەندامانی ناسراوی ئێوەوە لەناو خاکی عێراقدا و میوانداری کردنیان و چاوساغی کردنیان لەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر چەند ناوچەیەکی خاکی عێراق.
٨- هێنان و هاتنی کەل وپەلی ئێرانی و ئیسرائیلی قاچاخ بۆ ناوچەی ژوورو، تائەو ڕادەیەی کە دەسەلاتی ئابووری ئێرانی ئیسرائیلی لەو ناوچانەدا زۆر بەهێز بووە و تەنگی بەبازاڕی خۆماڵی عێراقی هەلچنیوە.
٩- ناردنی نەخۆشەکانتان بەتایبەتی لێپرسراوەکان بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران.

١٠- یارمەتیدان و ئاسانکردنی چونە دەرەوەی هەتێ لەدانیشتوانی عێراق بەڕێگای ئێراندا، بەپێچەوانەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کەپاش خۆماڵی کردنی نەوت، هەموو چونە دەرەوەیەکی عێراقی قەدەغە کردوە.

١١- پەرەسەندنی دەسەڵاتی مخابەراتی ئێرانی لەو ناوچانەی کەلەژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردیدایە، تائەو ڕادەیەی کەهەڵدەستن بەکوشتن و فڕاندنی ڕۆڵەکانی گەل و چەکدارەکانی سوپای عێراقی.

١٢- هاتنی کەسانی بیانی بۆ ناوچەی ژوورو لەڕێگەی ئێرانەوە.

١٣- گرتن و دانەوەی نیشتمان پەروەرانی ڕاکردوو لەدەست ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بە ئێران و کوشتنی هەندێکیان لەلایەن ئێوەوە.

١٤- هاتوچۆی پەیوەندی و سەردانی لێپرسراوانی ئێوە و ئێرانی لەگەڵ یەکتریدا.

ڕەنگە هەندێکتان بڵێن ئەو هەڵوێستەتان پاش تێکچونی پەیوەندی نێوانمان بوە، بەڵام ئێمە دەیسەلمێنین کە پێشوتریش لەکاتی باشترین پەیوەندی نێوانمان و ئێستاش، هەر هەمان ئەو پەیوەندیەتان بەئێرانەوە بوە و نەپچڕاوە.

ئەمەش هەندێ لەو ڕەفتارە ناڕەوایانەتانە کە ئەوار پێچەوانەی خۆ بەستنەوەتان بەدەسەڵاتی دەوڵەتەوە، و دروستکردنی دەسەڵاتێکی تری دەوڵەتیە لەناو دەوڵەت دا

١- دژی دانەوەو ناوەدانکردنی مەڵبەندە ئاسایشیەکانی سەر سنووری عێراق-ئێران بەسوپای عێراقی وەستاون، کەئەرکیان پاراستنی سنوور و چاودێری کردنێتی.

٢- ڕێگەنەدان بەسوپای عێراقی بۆ مەشق کردن لەچەندین شوێنی دیاری کراودا لەوڵاتی خۆشەویستماندا، تەنانەت هەندێ ناوچەتان لێ قەدەغە کردوە، و تەنانەت دەرگاتان بەڕووی هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت داخستووە.

٣- قەدەغەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێوە، وەک فەرمانبەرانی چارەسەری کشتوکاڵی، و دارایی، و تەندروستی.

٤- گرتنی هاوڵاتیان و زیندانی کردنیان و هەندێ جار کوشتنیان.

٥- دروست کردن و فراوان کردنی چەندین زیندانی سەربەخۆتان.

٦- سەندنی باج لەدانیشتوان.

بەکورتی سەرژمێرییەکی ئەو تاوانانەمان لەلایە کە کەسان و لێپرسراوانی ناو پارتییەکەتان پێی هەڵساون:

(٣٧٩) تاوانی کوشتن، (٢١٩) تاوانی ڕفاندنی خەڵکی، لەم (٥٩٨) ڕووداوە (٤٩٩) تاوانیان بەرامبەر کەسانی سڤیل کراوە، (٤٧) تاوان بەرامبەر فەرمانبەری دەوڵەت و سەربازی (٢٠) تاوانیان بەرامبەر تێکۆشەران و نیشتمان پەروەرانی عێراقی کراون کە کراونەتە قوربانی سیاسەتەکەتان.

(٤١٩) ڕوداوی پەلاماردانی خەڵک، و (١٥٧) ڕوداوی دەستبەسەراگرتنی موڵک و ماڵ و کەل و پەلی خەڵک، (٢٩) ڕوداوی زەوتکردنی ئافرەت، (١١) ڕوداوی تێکدەرانەی هێڵی ئاسن و شەمەندەفەر، (٦) ڕووداوی تێکدانی پرۆژەی کارەبا، (٣) کاری تێکدەرانەی پرد و جۆگا و ڕێگاوبان، (٢٥) ڕووداوی کاری تێکدەرانەی جیاجیا.

- ئاەو شوێنەی کەپەیوەندی بەئاسایشی دەوڵەتەوە هەبێ، ئەو کردارانەشتان دەخەینە ڕوو کە بەڵگەی سووربوونی پارتیتان دەسەلمێنێ لەسەر تێکدانی ئاسایش و شیرازەکەی

١- پەناادانی کەس و تاقمی دژ بەشۆڕش، و چەکدار کردنیان و پارمەتیدانیان بەپارە و بەکارهێنانیان بۆ ئەو کارانەی کەئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتی پێ دەکەوێتە مەترسییەوە، جا ئەو کەسانە کورد یا عەرەب یا بێگانە بوبن.

٢- دروست کردنی پەیوەندیتان لەگەڵ چەند وولاتێکی دراوسێی عەرەبی و ناعەرەبی (مەبەستیان سوریا، تورکیا، ئێرانە)، بەمەبەستی پلان گێڕان دژی عێراق، وەپەیوەندیتان لەگەڵ ئەو لایەنە عێراقیە دژە شۆڕشانەی کەلەپشتی سنوورەوە خەریکی پلان گێڕانن دژی شۆڕش و دەوڵەتی عێراقی، بەتایبەتی کەئەو پەیوەندیانە هەمووی لەڕێگەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی تانەوە دەکرێ.

٣- بەردەوام بوونتان لە دابەش کردنی چەکی سوک و دەمانچە و نارنجۆک و مین بەسەر ئەندامانتان و لایەنگرانی پارتیتاندا.

٤- کردنەوەی ئوردوگای سەربازی مەشق پێ کردنی پێش مەرگەکانتان لەسەر چەکی قورس، کەبڕیاربوو هەموو ئەو چەکە قورسانەی پێش بەیانی ئزار هەتان بوو بیدەنەوە بەدەوڵەت.

٥- دروست کردن کردنەوەی فەوجی نوێ پێش مەرگە.

٦- بانگێشتنتان بۆ سەربازەکوردەکان و ئەو سەربازانەی کە بچوکترین سزا بدرێن لەسەر سەر پێچیان لەجێبەجێ کردنی دیسپلینی سەربازی، تا ڕیزی سوپای عێراقی

بەجێ بهێڵن و پەیوەندی پەنێوەوە بکەن. یا پشت ئەستور بە نێوە پەیڕەوی دیسیپلینێکی سەربازی نەکەن، و زانیاریش لەسەر جموجۆڵی سوپاو نەخشەکان و ژمارەیان و جۆری چەکیان کۆکەنەوە و بە راپۆرت بیدەن بەلایەنی بیانی دژ بەشۆرش.

٧- دوای ئەوەی لەمانگی ٥/١٩٧٢ دا ئولتیماتوم مان دایە کارخانە بیانییەکانی نەوت، نێوە هەڵسان بەکێشانی نەخشەی لێدان و تەقاندنەوەی بۆریە نەوتەکان.

٨- هەوڵدانتان بۆ تێکدانی بەشێکی فرۆکەخانە.

٩- تێکشکانی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر.

١٠- دروست کردنی ئاژاوە و بشێوی وەک ڕوداوەکانی (خانەقین، بەعشیقە، سنجار، ...هتد)

١١- پەلاماردانی گیانی لێپرسراوانی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت.

١٢- پەلاماردانی دەزگاکانی ئاسایش.

* ئەگەر لەگۆشەی یەکیەتی و یەک دەسەلاتی شۆڕش و داسەپاوی دەسەلاتی دەولەتەوە سەیری باروردۆخی ژوورووی وولات بکەین، دەتوانین بەڕاشکاویەوە بڵێین کەناوچەی ژوورو بەپێی لۆجیکێ دەروات بەڕێوە کە تەواو پێچەوانەی بەرنامەو ڕەوتی شۆڕشە.

دەکرێت بەم بەڵگانەی خوارەوە ئەوەشتان بۆ روون بکەینەوە:

١- گوێڕایەڵ نەبوتی هەموو بەڕێوبەرایەتیە کوردیەکان کە لەئەنداماتی ئێوەدانراون، بۆ فەرمانی دەسەلاتی ناوەند.

٢- گوێڕایەڵی نەکردنی پاسەوانەکانی سنوور و جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانیان، و پیشتگوێخستنی ئەو فەرمانانەی کەلەلێپرسراوانیانەوە لەسوپاوە بۆیان دەچێت، وە بەکارهێنانیان لەڕێگەی ئێوەوە بۆ شەڕی ناوخۆ و ناکۆکی عەشایەری و کۆکردنەوەی سەرانە و پەلاماردانی خەڵکی.

٣- دروست کردنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم جێبەجێ کردنی یاسای چارەسەری کێشەی زەوی.

(( ڕێگرتن لەو فەرمانبەرانەی کە بەکاری جێبەجێ کردنی یاساکە هەڵدەستن، لەلایەن پارتیتانەوە و لەڕێگەی پێشمەرگە هەرەخەست کراوەکانتانەوە (البیشمرکە المسرحە)، تەنانەت لەهەندێ ناوچەی سنووری سەربە پارێزگای سلێمانی بەهیچ جۆرێک بڕیارەکانی ئەو یاسایەی تیا جێبەجێ نەکراوە.

ب) کۆکردنەوەی باجی کشتوکاڵی لەناو جوتیارە کورد و عەرەبەکانی ناوچەی ژوورووی بەناوی (زەکات) لەرێگەی پێشمەرگەکانتانەوە، و قەدەغەکردنی دەزگا رەسمی و تایبەتیەکانی دەوڵەت لەوەرگرتنی باج لەو ناوچانەدا.

ج) رێگرتن لە فەرمانبەران و لیژنەکانی دەست بەسەرداگرتن ودابەشکردنی زەوی لەناوچەکەدا.

د) قراندنی فەرمانبەرانی دابەشکردنی زەوی و زار فشار خستنەسەریان بۆ لادان لەیاسا، و جێبەجێ کردنی کارەکانیان بەپێی ویست وئارەزووی خۆتان.

هـ) شاردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر ئەو جوتیارانەی کەزەویان بەسەردابەش دەکرێت، لەلیژنەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی لەپارێزگای دهۆک دا.

و) سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپانەش، لەرۆژنامەی (التآخي) دا بەمەبەستی پڕوپاگەندە داوای جێبەجێ کردنی یاسای چارەسەرکردنی زەوی و کشتوکاڵ دەکەن.

٤- ئەگەرە خستنە بەردەم جێبەجێ کردنی بڕیاردانی مافی کلتووری کەمایەتی نەتەوەییەکان.

- سەبارەت بەسیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو کاتەی کەبەشداری لەحوکمدا دەکەن، کەچی ڕۆڵی پارتێکی ئۆپۆزیسیۆنی بەرامبەر حکومەت دەگێڕن. ئەم نمونانەش بەڵگەی ئەو ڕاستیەن:

١- ئەو بەیان و بڵاوکراوانەی کەدەری دەکەن، پڕە لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی شێواندنی ڕاستی لەسەر دەسەڵاتی شۆڕش.

٢- دەرکردنە بڵاوکردنەوی ناو خۆتان بۆ سەیرکردنی پەیمانی عێراقی-سۆڤیەتی بەچاوی شک وگومانەوە.

٣- پشتگیری نەکردنی بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوت، بەلێنەدانی بروسکەیەکی پشتگیری چ لەلایەن بەڕێز بارزانی و چ لەلایەن مەکتەبی سیاسی تانەوە.

٤- باس کردن و جولاندنی هەندێ بابەت لەرۆژنامەی (التآخي)، کەبەڵگەی هەڵویستی خۆکەنار گری و خواستی جیابونەوەن، وەک داواکردنی بەشی ژوورو لەنەوتی خۆماڵی کراو.

٥- گرتنی هەڵویستی نادۆستانەتان بەرامبەر بەرەی نیشتمانی پێشکەوتو خواز و ڕێکەوتن لەسەر پەیمانی کاری نیشتمانی (میثاق العمل الوطني).

٦- پشت گوێ خستنی پەلامارەکانی ئێرانی لەناوچە سنورییەکانەوە بۆ سەرخاکی عێراق، و دەرنەبڕینی ناڕەزایی بەرامبەر لەو کارە لەڕۆژنامەکەتاندا.
٧- باسکردنی کۆمەڵێک داواکاری نژوارانەی ئەوتۆ کە پارتیتان دەخاتە خانەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، لەکات و بارودۆخی زۆرناسکی ئەوتۆی کەوڵات دوچاری مەترسی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دەکات. ڕۆژنامەی (التاخی)تان پڕە لەو جۆرە داواکاریانە.

- لەمەبدانی دڵسۆزیتان بۆ شۆڕش، بەدڵنیاییەوە دەڵێین کەپارتی دیموکراتی کوردستان بەجۆرێک هەڵسوکەوت لەگەڵ شۆڕش دەکات، کەبیەوێ وەک پارتیەک بەهەر شێوەیەکی ڕەواو ناڕەواش بێت خەڵک لەخۆی کۆکاتەوە، ئەگەر ئەو کارە لەسەر شۆڕشی عێراقیش بکەوێت، بۆ نمونە :-

١- دانی لیستەی ناوی پەندیەکان، کەزۆربەیان لەسەر تاوانی ئاسایی گیراون، و ئێوە بەکەسانی خۆتان و پەیوەندیدار بەڕوداوەکانی ژوروتان لەقەڵەم داون.
٢- پێشکەش کردنی لیستەی ناوی (١٢٠٠٠٠) سەدوبیست هەزار پێشمەرگە بۆ لێخۆش بوون لەکاری سەربازی، کەدەرکەوتوە زۆربەیان پێشمەرگە نەبوون و ژمارەیەکی زۆریشیان عەرەبن.
٣- بارەگاکانتان کردۆتە جێگەی بەڕێوەبردنی کاری دانیشتوان لەجێگەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت، کەدەبو بە بۆ ئاراستەکردن و وشیار کردنەوەی جەماوەرتان بەکاربهێنایە، ئەم کارەش بەهیچ جۆرێک لەگەڵ داب و نەریتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانەوە ناگونجێ.
٤- ناوی زۆر کەسی مردوتان خستۆتە ناولیستەی ناوی شەهیدانەوە، تا موچەی مانگانە بۆ خێزانەکانیان ببردرێتەوە، کەشەهیدنین.
٥- بەبیرەوەچوون و جێبەجێ کردنی داواو کێشەی ئەوکوردانەی کەسەربەخۆتانن، چارەوابێ یا ناڕەوا.

- لەگۆشەی سوربونتان لەسەر جێبەجێ کردنی بەیانی ئازار، دەتوانین ئەو ڕاستیانەتان بیرخەینەوە :-

١- نەدانەوەی ئەو چەکانەی کەلەلاتانە و لەسەرێ ڕێکەوتین بە دەوڵەت، جگەلەبەشێکی بێکەڵکیان کەلەلایەن خۆشتانەوە لەڕوداوە داخ ئامێزەکاندا بەکارنەهێنراون.

٢- ڕێگەنەدان بەگەڕانەوەی ڕەوکردوەکانی کاتی ڕوداوەکانی ڕوژوو بۆ شوێنەکانی خۆیان، و لەدوای بەیانی ئازاریشەوە بەهەزاران هاوڵاتیمانیان لەشوێن و جێگای خۆیان ڕەوپێکردون، و تائێستاش هەزاران خێزانی کورد بێ جێ و ڕێ و نوا ماونەتەوە، بەهۆی سیاسەتی سەرکوتکەرانەتان بەرامبەر هەموو ئەو کوردانەی نەیانەوێ لەگەڵتان بن یا مل کەچی فەرمانەکانتان بن.

٣- هاوکاری نەکردنتان لەگەڵ ئەو لیژنانەی کەتەرخان کرابوون بۆ لێکۆڵینەوە لەوهەوڵەی درابو بۆ کوشتنی بەڕێز بارزانی، و بگرە کارگەیشتە ئەوەی کۆسپیش بخەنە بەردەمیان بۆ سەرنەکەوتنیان لەو کارەدا.

٤- ڕێگەدان بەدەرەبەگەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی زەوی و زاری جوتیاران لەهەندێ ناوچە کوردیەکاندا.

* وە دەربارەی بەپەروشیشتان بۆ برایەتی کورد و عەرەب و پتەوکردنی هاوخەباتی نێوان عەرەب وکورد، دەتوانین ئەم بەڵگانەتان بۆ بهێنینەوە :

١- گرتنی سیاسەتی گۆشەگیر لەلایەن پارتیتانەوە لەپەروەردەکردنی جەماوەریدا جا ئەو سیاسەتەتان لەبلاوکراوە ناوخۆییەکاندا پیادە دەکەن، یان لەڕێگەی گۆڤاری ناوخۆی پارتیتان (کادر) یا لەگۆڤار و ڕۆژنامە جەماوەریەکاندا وەک (ڕۆژی کوردستان، برایەتی ) ڕەنگ پێبدەنەوە.

٢- گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردنی فەرمانبەرە کوردەکان لەعەرەبەکان لەناوچەی زوروو وکێشە دروستکردنیش بۆ فەرمانبەرە عەرەبەکان.

٣- بلاوکردنەوەی تۆمەتی ناڕەواوئەبوو، سەبارەت بەعەرەب کردنی ناوچەنێکەلیەکان، بۆ ئەوەی لەژێر ئەو پەردەیەدا هەڵستن بەکورد کردنی (تکرید) ئەو ناوچانەو هەندێ ناوچەی تری عەرەب نشین.

* هەڵوێستی نادۆستانەی ئاشکراتان لەدەوڵەت لەسەر ئاستی دەرەوەتان، هەڵوێستی پارتیتان بەرامبەر شۆڕش لەدەرەوە کەلەکاری کۆمەڵە خوێندکاریەکوردەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئێوەوە ئاراستەدەکرێن، دەقاودەق لەگەڵ هەڵوێستی دوژمنانی شۆڕشماندا جووتە، کەخۆی لەبەرهەڵستی کردنمان و بلاوکردنەوەی تۆمەتی ناڕەوالەسەرمان دادەنوێنێ. ئەمە جگەلەگرتنی کەسانی بیانی و هەندێ جارکوشتنیان لەلایەن

ڕێکخراوەکانی ئێوەوە کەسیاسەتی ئێمەی پێدەخەنە بارێکی ئاڵۆزەوە بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بە خاوەنی ئەو بیانیان دەزانن،

وە ئەگەر دەربارەی تێگە پشتێیشتان لەسەر ئۆتۆنۆمی بدوێین، ئەوەندە بەسە کە ئەو هەموو کۆسپ و تەگرانەی دەیخەنە سەر ڕێی سوپای عێراقی و ڕێگریان لەمەشق و جموجۆڵی سەربازی لەناوچەی زۆرووتان یاد بخەینەوە.

گەر لەم کاتەدا مامەڵەتان لەگەڵمان لەو جۆرەبێت، دەبێ جۆری شێوەی ئەو ئۆتۆنۆمیەی پارتیتان دەیەوێ چۆن بێ؟

(تێبینی/ پێویستم نەزانی هەندێ درێژەدان و ئاموژگاری یادداشتەکە بنووسمەوە کەهەمووی ٤ لاپەڕەیەکە، بۆیە یەکسەر چومەتە سەرمەرجەکانی بەعس لەیادداشتەکەدا کەلەسەر پارتی داناوە.)

لەبەرئەو هۆیانەی کەلەمەوبەر نوسیومانە، ئێمە پێمان وایە کەپەیوەندی نێوانمان بکاتەوە ئاستی ئەو پەیوەندیە چاکەی پاش بەیانی ئازار دروست بوو، لەسەر ئەم مەرجانەی خوارەوە دەوەستێ:

١- گەوهەری بەیانی ئازار و ئاشتی تەواو، بریتی‌یە لەسەربەخۆیی حوکمی یاسا و دام و دەزگاکانی یاسایی و دەستوری دەوڵەت، ئەگر لەهەردوو لامانەوە بڕیاری تەواو لەسەر ڕێزگرتنی یاسا و پێشێل نەکردنی نەدرێ، وئەگەر لەسەر ئەو ڕاستیە سورنەبین کەبەکارهێنانی دەسەلاتی دەوڵەتی تەنیادەبێ لەڕێگەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوەبێ بەپێی یاساو دەستوری دەوڵەت، ئەوا بێگومان مەسەلەی ئاشتی دەکەوێتە ژێرمەترسی لەناوچون،

٢- پەیوەندیتان بەپارتیمانەوە و بەدەسەلاتی شۆڕشەوە دەبێ لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی شۆڕش و هێزەکانی دابێ، نابێ ئەو پەیوەندیە لەبەر ڕۆشنایی لاوازکردن و نەهێشتنی پەیوەندیمان بێ بەهەر لایەنێکی یاهێزێکی پاکەسێکی پێشکەوتوو خوازەوە کەپشتیوانی شۆڕش دەکەن. چونکە شۆڕش نایەوێ و ئامادەش نیە پەیوەندی خۆی بەجەماوەری کوردەوە لەزۆرووی وولاتدا تەسک کاتەوە، تا تەنیا لەڕێگەی پارتیەکەی ئێوەوەبێ،نەپارتیەکەی ئێوە و نەهیچ پارتیەکی تر بەئێمەشەوە ناتوانین جێگری هەموو گەل بین، لەباشترین حاڵدا دەتوانین پێشرەوبین.

٣- دەبێ پارتیتان هەموو پەیوەندیەکی خۆی لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی ئێراندا بپچڕێ و سنووریان لەسەر داخەن، بنکە وپۆلیس خانەکانی سەر سنووری هەڵەنەوە

بەسوپای عێراقی،، بەهیچ جۆرێک ناتوانین پەیوەندیمان لەگەڵتاندا درێژەپێبدەین لەسەر بنچینەی کاری هاوبەش و هاوکاری هەر بەم شێوە فراوانە پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتێکی دوژمن بەئێمە بەردەوام بێ، بەتایبەتی دەوڵەتێک کە هەم دوژمنی عێراق و نەتەوەی عەرەبە و هەم گەلی کوردی سنووری وولاتەکەی خۆی.

٤- دەبێ پارتیتان پابەندی ئەوە بێت کە دوژمنایەتی کەسانی نیشتمان پەروەری ئێرانی نەکاونەیانگرێ و پەنابەرەکان نەداتەوە بەشای ئێرانی.

دەبێ وەڵامی ئێوە بونەم ' پرسیارە چیبێ کە جەماوەری کورد و عەرەب لێتان بپرسن بۆ دۆستایەتی شای ئێرانتان لەلا گرنگترە وەک لەنیشتمان پەروەرانی ئێرانی؟ بەتایبەتی کە کورد بن، لەکاتێکدا کە خۆتان بەپارتێکی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دەزانن؟.

٥- بڕیاربدەن کە پابەندی دەسبەرداربوونی کەسانی کۆنەپەرست وگومان لێکراو و دژە شۆڕش بن. واز لەپەیوەندی دوو فاقە بێنن: لەلایەکەوە لەرێگەی وەزیرەکانتان و لێپرسراوانی پارتیتانەوە بە شۆڕش و حکومەتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ دوژمنان لەرێگەی پارمەتیداتیان بۆ سەرخستنی پلانەکانیان، وەدەبێ دەست لەو تاکتیکاتانە هەڵگرن کە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆری پەیوەندی سیاسیتان کەلەسەر بەرژەوەندی و ستراتیژی شۆڕش و جەماوەر دەکەوێ.

٦- ڕسواکردنی کوشتنی خەڵکی کەلەسەر سیاسەت و هەرتاوانێک کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئاشتی، دەبێ بەتاوانێکی نائاسایی بزانن و لەوەش بگەن کەلەچوارچێوەی تەسکی تاوانەکەدا قەتیس نابێ، بەڵکە دەبێ بەهۆیەکی مەترسیداری بزانن بۆ سەر ئاسایشی وولات و دەوڵەت.

٧- بەربەرەکانی کردن و ڕسواکردنی هەموو کاروکردەوەیەک کە دەبێتە هاندەر بۆ جموجۆڵی شۆڤێنییەتی و دوورەپەرێزی و نانەوەی ئاژاوە.

٨- واز لەهەوڵی ڕاکێشانی کۆنەپەرستان بەلای خۆتان دا بێنن، و بەسەر جەماوەریاندا مەسەپێنن، وپپشت بەسەرەتاکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەو دیموکراتی ببەستن لەپەیوەندیەکانتاندا.

٩- هەستن بەدوورخستنەوەی ئەو سەرەک عەشیرەتە کوردانەی کەناوچەی ژوورووی مەترسی لەسەر ئاشتی ناوچەکە پەیدادەکەن. بۆ بەغداد یا بۆ هەر شارێکی تر کەپێتان باشە. وەئەگەر ئەم پێشنیارەتان پێباش نەبوو، پێمان وایە دەبێ

بارودۆخێکی وا بڕەخسێنین کە هەموو کەس بتوانێت لەشوێنی خۆی بەئاشتی بژی؛ و سزای توندی ئەو کەسەش بدەین کەبیەوێ لەیاسا دەرچێت و ئاژاوە بنێتەوە.

١٠- دەبێ پارتیتان پابەندی ڕێگەدان بێت بەهێزی سوپاو چەکداری دەوڵەت لەهەر شوێنێک بیانەوێت بەئەرکی سەر شانیان هەڵستن، وەنابێ ڕێگربن لەبەردەم دەزگاکانی ئاسایش و ئیستخباراتی گشتی لەناوچەی ژوروو لەجێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان، چونکە پێچەوانەی ئەوە، گۆشەگیری لەدەوڵەت و شەڕ فرۆشتن بەدەوڵەت دەگەیەنێ و بەهیچ جۆرێکێ لەگەڵ گەوهەری بەیانی ئازاردا ناگونجێ... وە دەوڵەتێک نییە لەم جیهانەدا کەبەو قایل بێت دام و دەزگاکانی بەو عەقڵەوە مامەڵەی لەتەکدا بکەن یان لەدژی بوەستن.

١١- دەبێ پارتیتان پابەندی بەلامارنەدانی کەسانی لایەنگری شۆڕش بێت، و نابێت بیانگرن یا ئەشکەنجەیان بدەن یا بیانکوژن. وە دەبێ هەموو بەندیخانەکانتان داخەن. ئەو دەسەڵاتانەی کەپارتیتان بەخۆی ڕەوا دەبینێ، هەمووی نامرۆشتی وپێچەوانەی پرنسیپی دەوڵەت و دیسپلینی پەیوەندی نێوانمانە، کەدەبێت چاوی پێدابخشێنەوە.

١٢- دەبێت دان بەوەدابنێن کە چارەسەری کێشەی کورد، مانای داگیرکردنی هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت لەژوورووی وڵاتدانییە لەلایەن پارتیتانەوە، هەروەک مانای پاوانکردنی دەزگا ناوەندییەکانیش لەلایەن پارتیتانەوە نییە، چونکە گەلی کورد و بزوتنەوەی کوردی گەلێک لەئێوە گەورەتر و فراوانترە.

١٣- پێویستە سیاسەتی پارتیتان بەکردەوە ڕووەو پتەوکردنی ئاشتی و برایەتی نەتەوەیی بێت، وەپارێزەری یەکیەتی و هاوخەباتی نیشتمانی بێت. وەنابێت بەرژەوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرو هەموو بەرژەوەندیگەلی عێراق و وڵات دابنێن.

١٤- پێویستە هەموو بەرپرسیاران وفەرمانبەرانی سەر بەپارتیتان پابەندی جێبەجێ کردنی یاسا و ڕژێم بن و یەکیەتی دەسەڵاتی نیشتمانی بپارێزن و سەربەخۆیی وڵات لەسەرووی هەموو شتێکەوە دابنێن. کاتێک کەدەسەڵاتی شۆڕش لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لەسەر مافی کورد و شێوەی جێبەجێ کردنەکەی ڕێک دەکەوێ چ پێویست بەدژایەتی کردنی ئەو یاساو ڕژێمەیە؟ بەتایبەتی لەکاتێکدا کەمافی کورد دەسەلمێنێ، ئایا پێتان وایە کەپەیڕەوی پارتیتان و بۆچوونەکانتان دەبنە جێگری ئەو یاساو پەیڕەوانەی دەوڵەت؟

١٥- دەبێت پارتیتان پابەندی قەدەغەکردنی هەموو دیاردەیەکی چەکداری بن لەناوچە کوردنشینەکاندا.

١٦- دەبێت پارتیتان دان بەوەدابنێ کە دەزگاکانی دەوڵەت تەنیا بەپرسیارن لەبەکارهێنان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی لەهەموو کاروبارێکی هاونیشتمانان، و هیچ دەسەڵاتێکی تر لەدەرەوەی دەوڵەتیان بەسەردا نەسەپێنرێ. سەپاندنی هەر دەسەڵاتێکی تر مانای چەند ناوەندی دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت کە ئەمەش پێچەوانەی سەرەتای یەرژەوەندی جەماوەری عەرەب و کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ترە، و دژی سەرەتای برایەتی نەتەوەیی و مەبەستەکانی بەیانی ١١ی ئازارە.

١٧- دەبێت پارتیتان زەمینە وهەلومەرجی لەبار برەخسێنێ بۆ هەستانی دەوڵەت بەلێکۆڵینەوە لەتاوانی فڕاندن و کوشتنی هاولاتیان و دانەوەی هەموو تاوانبارە دژەکانی شۆڕش بەدەزگاکانی دەوڵەت، وەچیتر دالدەی تاوانباران و ڕاکردوانی دەستی دادگا و سەربازە ڕاکردووەکان نەدەن.

١٨- پابەندی پارتیتان بەبەهێزکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش بەکردەوە بیسەلمێنن، و یارەگاکانتان نەبێتە شوێنی حەوانەوەی کۆمەڵ بوێنی دژەکانی شۆڕش و کۆنەپەرستان، چونکە ئەو جۆرە کەسانە ئەبوون کە ئاشتییان لەژێر ووی وولات دابین کرد و ئەوانیشنین کە سووربن لەسەر جێبەجێکردنی بەیانی ئازار، تا ئێوە بەو جۆرە پشتیان پێببەستن.

١٩- پێکەوە لەسەر دوورخستنەوەی ئەو فەرمانبەرە بەڕێوەبەرایەتیانە ڕێکەوین کە لەسەر داوای ئێوە لەناوچەی ژوورووو دامەزراون و ئێستاش ما نادەن بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی دەسەڵاتی ناوەند.

٢٠- هەڵسان بەگێڕانەوەی هەموو کوردە کۆچ پێکراوەکانی پێش بەیانی ئازار و دوای بەیانەکە بۆ شوێن و نیشتەجێکانی خۆیان.

٢١- ڕێگە بەڕێکخراوەکانی سەر بەپارتیتان نەدەن دەست بخەنە کاروباری ڕۆژانەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە، چونکە دەزگا بەڕێوبەرایەتیەکان بەرپرسیاری یەکەمن لە چارەسەری کێشەی ڕۆژانەی دانیشتوان. دەستێوەردانی ئەو دەزگایانە سەپاندنی ئارەزووی تاکی و دەسەڵاتی پارتیتان دەگەیەنێ.

٢٢- ئەو کێشانەی کەسەربەخۆیی و ئاسایشی دەوڵەت لەناوچەی ژووروو دەخاتە مەترسیەوە بەپێویستی دەزانین کەکۆمیتەیەکی دادوەری لەدادگەرە (حاکم)

شارەزاکانی ئەو مەیدانە پێکبێ بەتایبەتی لەو کەسانەی کەبەپاکی و ڕستی ناسراون و جێگەی باوەڕی هێزەنیشتمانیەکانن، تابەکاری لێکۆڵینەوە لەو کێشانە هەڵستن.

٢٣- هەموو گیراوەکانی ناو بەندیخانەکانتان بەرەڵا بکەن.

٢٤- هەموو چەکە قورسەکانتان بگێرنەوە بۆ دەوڵەت.

٢٥- دیاردەی چەکداری و پشکنینی ڕێگاوبانەکان کەلەلایەن چەکدارەکانتانەوە دەکرێت نەهێلن.

٢٦- هیچ کۆسپێک نەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی بڕیاری داتی ماقی کلتوری و بەڕێوەبەرایەتی ، بەکەمایەتیە نەتەوەییەکانی تر لەناوچەی زۆروو.

٢٧- بەهیچ جۆرێک کۆسپ نەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی یاسای چارەسەری کشتوکاڵ لەناوچەی زۆروو.

٢٨- هاوکاری تەواوبکەن لەقەدەغەکردنی قاچاخ و دزەی جاسوسی بیانی و بێگانە بۆ ناو عێراق لەسنوری ژوورووی وولاتەوە.

٢٩- سەبارەت بەپاسەوانەکانی سنوور( حرس الحدود ) ئێمە وای دەبینین :

ا- پاسەوانی سنوور بەوەزارەتی بەرگریەوە ئەبەسترێتەوە، مل کەچی فەرمانی ئەو وەزارەتەبن.

ب- دیاری کردنی ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارە کوردانە کەلەناوسوپای عێراقدان بەقایل بوونی هەردوولامان، بۆ دامەزراندنیان لەفەوجەکانی پاسەوانەکانی سنووردا بۆ مەشق پێکردنیان.

ج- فەرمانی پاسەوانی سنوور بریتیە لەپاراستنی سنوری عێراق و بەس، وەدەبێت مل کەچی یاسا و بڕیارەکانیی سەربازی بن. ئەمەش ئەو ڕاستیانەی خوارەوە دەگەیەنێ :-

١) بەهیچ جۆرێ نابێت جلی پێشمەرگانە بپۆشن.

٢) نابێ بەهیچ جۆرێ بەچەکەوە بچنە ناو شارەکان.

٣) دەبێت ئامادە و مل کەچی پشکنین بن لەلایەن ئەو فەرماندەی لیوایانەی ناو سوپای عێراقی کە لەناوچەکانی ئەواندان.

٤) نابێت فەرماندی فەوجەکانی پاسەوانی سنوور بێ ڕەزامەندی فەرماندەی لیوای لێپرسراوی، فەوج بەجێ بهێڵێت.

٥) هەموو فوجەکانی پاسەوان وەک هەموو فەوجەکانی سوپای عێراقی مل کەچی مەشق پێکردن بن.

٣٠- دەبێت ڕێگە بەهەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتن خوازەکانی هاوکارانیی شۆڕش بدرێت بەسەربەستی چالاکی خۆیان ئەنجام دەن، ئەگەر هێندە سوورن لەسەر دروشمی (دیموکراتی بۆ عێراق) دەبێت لەوە زیاتر سوورتربن لەسەر دیموکراتی لەکوردستاندا. ناگرێت دیموکراتیەت وەک دروشمێکی گشتی بەرزکەنەوە، ئەگەر ئەو دروشمە لەناوچەی ژوورووەدا سڕ کەن. هەر وەک ناشێت کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لەو ناوچانەی کەزۆربەی دانیشتوانی کوردن بۆ خۆتانی پاوان کەن، بەڵکە پێویستە ڕێگە بەو ڕێکخراوو لایەنە نیشتمانی و دیموکراتیانەی تریش بدرێت کە چالاکی ڕێکخراوەیی و سیاسی خۆیان بکەن، کە ئەمە لەگەڵ دەقی ناوەڕۆکی بەیانی ئازار، و متناقت کاری نیشتمانی و هاوشان لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەکاندا جووتە. لەو کاتەی کە ڕێگە بەئێوە دراوە بەڕەزامەندی ئێمە لق و لیژنەی پارتیتان لەبەسرە، واست، و حەی، و زیقار، و بابل، دا بارەگاو چالاکی ڕێکخراوەیی سیاسیان هەبێت، چۆن دەبێت ئێوە دژی چالاکی ڕێکخراوەیی لایەنی تر بن لەناوچە کورد نشینەکاندا.

٣١- سەبارەت بەدیاری کردنی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی، لەبەر ئەو کۆسپانەی هاتونەتە بەر سەرژمێری و لەئەرئەوەی دەمانەوێت پەلە لەجێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی ناوچەکوردییەکان بکەین، پێمان وایە پێویستە چاو بەدابەشکردنەوەی ناوچە ئیداریەکاندا بەو جۆرەی لەگەڵ واقیعی نەتەوەییدا بگونجێ بخشێنینەوە بەم جۆرەی خوارەوە:-

أ) کردنەوەی چەند یەکەیەکی بەڕێوبەرایەتی نوێ لەناوچە کورد نشینەکاندا.

ب) بەستنەوەی هەموو یەکە بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەک (پارێزگا، قەزا، ناحیە) کوردنشینەکان بەیەکەوە و کردنی بەیەک (یەکەی) بەڕێوەبەرایەتی و یەک ناوچە، کە دەبێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ج) ئەو کوردانەی کەلەناوچە تێکەڵیەکاندا دەژین وەک هەموو کەمایەتیە نەتەوەیەکان مافی فەرهەنگی و بەڕێوەبەرایەتیان پارێزراوبێت لەسنووری ئەو یەکە بەڕێوەبەرایەتیەدا.

برایان:

هیواداربن کەئەم نامەیەی ئاراستەتانی دەکەین، جێگای سەرنج و گرنگی دان بێت لەلایەن ئێوەوە، ئێمە کەبڕی سەرنجی خۆمان لەهەموو ڕوویەکەوە دەخەینە ڕوو، ئامادەی تاوتوێکردنێکی ڕاست و بابەتیانەشین لەگەڵتاندا لەپێناوگەیشتن بەبەرزترین پلەی لەیەک تێگەیشتن، وەدەست نیشانکردنی باشترین ڕێگەی پاراستنی

یەکیەتی نیشتمانی و ئامانج و مافەکانی گەلەکەمان بە عەرەب و کورد و کەمایەتیەکانەوە.. وە بۆ دەست نیشانکردن و هەلاویردنی هەر هەڵویستێکی هەڵە کە ڕەنگە لەکاتی دانوستاندن یا دیالۆگ دا دەربکەون، بە هیوای قایل بوون بە بیر و ڕا ڕاست و سەرکەوتوەکان.

سەرکردایەتی هەرێمایەتی لە ۲۳ - ۹ - ۱۹۷۲

ئەگەر هەموو بیروبیانوەکانی بەعس لەیادنامەکەیاندا بۆ پارتی، کە هەندێکیان ڕاستن و پارتی ئەو بیانوانەی داوەتە دەستیان، بەلاوە بنێین و خۆمان توشی لێکۆڵینەوە نەکەین لەسەری، و تەنیا بێینە سەر تاوتوێکردنی هەندێ لەو ڕێچەکانیان کە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی پارتی لەگەڵ خۆیان لەسەر پارتیان داناوە، ئەم ڕاستیانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

١- هەر دوای تێپەڕبونی سالێک بەسەر بەیانی ئازار، بەعسیەکان دوای قایم کردنی شوێن پێی خۆیان لەحوکم دا و بوژانەوەی لانیکەمی ئابوری عێراق و بتەوبونی دەسەلاتیان لە ناو سوپادا، تەقەلادانیان بۆ بەهێزکردنی سوپاکەیان لەڕوی چەندایەتی و تەکنیکیشەوە، و سەرکەوتنیان لەدەست بەسەراگرتنی هەموو دەزگا ئابوری و سوپایی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی عێراقی و بەهێزکردنی دەزگاکانی (ئەمن و ئیستیخبارات) و سەرکەوتنیان لەپیادەکردنی فەرهەنگی بەعس لەهەموو بەشێکی عێراق و کوردستانیش، کە هەموو ئەمانەیان بەنەخشە و لەماوەی ئاشتی لەگەڵ کورد و پەرژانیان بۆ ئەنجامدانی، بەدی هێنا، کەوتنە پراشە کشە کردن لەبەڵێنەکانیان کە بەمەلامستەفا و پارتیان دابوو کە گەوهەری بەیانی ئازاری ۱۹۷۰ بوو.

٢- پاش گەڕبونەوەی بەعسیان لەجیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی (ینفتری، پشرتعت، قیاچت) لەیەکتری، و بەستنەوەی هەموو دەسەلاتەکانیان بەتاکە دەسەلاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە. کە نیازی داسەپاندنی و تاک دەسەلاتی و پێشێل کردنی ئەو دیموکراتیەتە دەگەیەنێ کە کورد لەسایەیدا یەئۆتۆنۆمی بگات.

٣- پاش گەڕبونەوە لەسەر ژمێری و دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان (مجلس تشریعي) و پێکهێنانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن (تنفیذي)، بەجۆرێک لەگەڵ ناوەرۆکی بەیانی ئازار و حوکمی ئۆتۆنۆمیدا جووت بێ.

٤- بەستنەوەی دەسەلاتی سەرجەم دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کوردستان بە دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتەکانی (ناوچەی ژوورووەوە)، کە ئەمانیش راستەوخۆ بە سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعسەوە بەسترابونەوە، واتە بێ نرخ کردنی ئۆتۆنۆمی ئازادەی کردنی بەبەشێکی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس.

٥- قەتیس کردنی دەسەلاتی پەیوەندی حوکمی ئۆتۆنۆمی لەچوار چێوەی دەسەلاتی حوکمی ناوەند داو قەدەغەکردنی هەموو جۆرە پەیوەندیەک لێیان، لەلایەکەوە پەیوەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە ئێرانەوە بەتاوانی دەزانی و لەلایەکی تریشەوە بەخۆی رەوادەبینی کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێران دروست بکا. لەلایەکەوە خۆیان پەیمانی ئاشتی و هاوکاری لەگەڵ سۆڤیەت دا مۆر دەکەن، بەلام داوا لەپارتی دەکەن کەنوێنەرانی سۆڤیەتی یا وولاتانی ترنەبینن و تابێ رێگایان بدەن لەئێرانەوە بچنە لایان.

٦- ئەو دەسەلاتانەی بۆ پارتی و ئۆتۆنۆمی و ئاشتی دیاری کردوە لەگەڵ پارتیدا، و کردویەتی بەمەرج لەسەر پارتی بۆ درێژەدان بەگفتوگۆ، لەقەبارەی دەسەلاتی پارێزگایەکی عێراقی دەرناچن و گەر لەو کەمتر نەبێ.

٧- کورد گوتەنی (مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارە)، هەر لەم وەبیرەوەهێنانەوەی بەعسیان دا دەردەکەوێ، کەمۆرکردنی بەیانی ئازار لەگەڵ بارزانی تەنیا بۆ کات بەدەستهێنان و خۆ تەرخان کردن بووە بۆ جێبەجێ کردنی پلان و نەخشەی لەناوبردن و لەباربردن و هەڵتەکاندنی شۆڕش، و سەرکوت کردنی خەباتی گەلی کورد. کەسودیشی لەکەم توانایی و بێ ئەزمونی مەلامستەفا و پارتی لەمەیدانەکانی دیپلۆماسیەت و بەڕێوەبردنی ململانێدا وەرگرتوە، کەئەم راستەش لەوە بیرهێنانەوەکەی پارتی لەوەلامی بەعسدا بەروونی دەردەکەوێ.

هەرکەس کەبیەوێ لەتیازەکانی ئەوسای بەعسیان بگات، بایگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانی رۆژنامەی (الثورة)سالی (١٩٧٢-١٩٧٣) یاکۆکراوەی وتارەکان لەکتێبی (التي یصان السلام وتتعزز الوحدة الوطنیة).

## ٢-٤ وەلامی یادداشتەکەی بەعسیان لەلایەن پارتیەوە

یادداشتی پارتی دیموکراتی کوردستان/ بۆ سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست

پارتی دیموکراتی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

بۆ/ سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست

برایان:

١- وەلامدانەوەی یادداشتی رۆژی ١٩٧٢/٩/٢٣ تان، بەهەل دەزانین کەسلاوی خۆمان بەئێوە و هەموو ئەندامانی پارتیتان بگەیەنین.

ئێمە شکمان لەوە نییە کەپەیوەندی نێوانمان توشی ساردیەکی گەورەبوە، وەئەمەوبەریش هەر لەسەرەتای سالی ١٩٧١ ەوە، چەندین جار لەکۆبونەوەکانی لیژنەی ئاشتی و دانیشتنەکانی نێوان هەردوو پارتیمان، و یادداشتەکانی سەرۆکی پارتیمان بۆ بەرێزتان، هۆکانی ئەو ساردیەمان خستۆتەبەردەمتان و بەرباس، بەلام گوێ پێنەدانی ئێوە و گرنگی پێنەدانی لەلایەن ئێوەوە بەو پەلامارانەی کەهەر لەناوەراستی سالی ١٩٧١ وە کراوەتە سەرمان یەک بەدوای یەکدا و تائێستاش بەردەوامە، باروودۆخەکی بەرەو داروخان برد، تاگەیشتە ئەو رادەیەی ئێستا خەریکە باروودۆخە گشتیەکە بەرەو تەقینەوە بەرێت، و ئاسایشی گەلی عێراقمان بخاتە مەترسیەوە، وەئایندەی پەیوەندی نێوان هەردوو پارتیشمان توشی زیان و مەترسیەکی گەورەبکات.

ئێمەش لەگەلتانین کەدەلێن ((راست گۆیی و رووبەرووبونەوە لەسەر خالە جیاواز و ناکۆکیەکانی نێوانمان بەشێوەیەکی بابەتیانە، وەسووربون لەسەر یەکیەتی ئەم خاکەوئایندەی گەلەکەی، تەنیا پێوانەی دان تیادانانی هۆکانی ئەو ساردیەن، پاشان ئەقەلادان بۆگەیشتن بە فاکتەرەکانی چارەسەری ئەو کێشەوناکۆکیانەی کەپێوەی دەنالێنین، لەسەر ئەو متمانەو بروایەی کەهەرچەند کێشەکان گەورەبن گەر ئارەزوومان بێت، دەتوانین بەسەریاندا زال بین)). هەر لەو لۆجیکەوە ناچاری پێش ئاوتوێ کردنی ناوەرۆکی یادداشتەکان، گەر رێگەمان بدەن رەخنەی لێبگرین، یادداشتەکان پرە لەناوناتۆرە دروستکردن بۆ پارتیمان و تۆمەتبارکردن و زراندنی ناوبانگی، ئەمەش بەشێوازێکی راستیەکان و پێوەنانی کەدەبوایە پتر بایەتیانەو تەقەلای برایانەبوایە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی نێوانمان، بەلگەشمان بۆ ئەم راستیە ناردنی رێنەی یادداشتەکان بۆ چەندین لایەنی ناوخۆو دەرەوە پێش ئەوەی بۆ خۆمانی بنێرن.

بەداخەوە یادداشتەکان لەکاتی پێویست و شیاوی خۆیدا و نەهەل و مەرجێکی لەباریشدا نەدرا. ئەو هەموو کێشانەمان لەوتووێژی ئەم دواییەی نێوانمادا باسکرا، پێمان وابوو کەهەنگاوی پراکتیکی دەنرێت بۆ چارەسەرکردنیان، بەلام بەداخەوە نەماندەزانی کەوەلامەکەمان بەیادداشتێک دەدەنەوە کەرێگە لەوتووێژ دەگرێ و هیوابڕاو دەبین.

٢- لەیادداشتەکەتاندا واتان پیشان داوە کەبەشداری وەزارەتەکەی ١٧اتەموزی ١٩٦٨ مان کردوە بەلام بەشداری وەزارەتەکەی ٣٠اتەموز مان نەکردوە. واتە بەشداری ئەو وەزارەتەمان کردوە کە کەسانی ڕاستڕەو و گومان لێکراو کۆنەپەرستی تیا بووە، بەلام پاش لێدان و دەرکردنی ئەوانە بەشداریمان نەکردوە، وەیادداشتەکەتان تۆبالی شەر هەلگیرساندنی دوای ئەو مێژووە دەخاتە ئەستۆی ئێمە.

ئێوە و ڕای گشتی عێراقیش ئەو ڕاستیە دەزانن کە هیچ پەیوەندیەکمان لەوەوپێش لەگەڵ نایف دا نەبووە، وەنایف کاتی هاتۆتە سەر شانۆی سیاسی کەهاوبەشی ئێوەبوە لەحوکمدا پاش ١٧اتەموزی ١٩٦٨، و ئێوە لەهەموو کەس باشتر دەزانن کەئێمە ئامادەی هاوبەشی وەزارەتی نایف نەبوین بەلام نایف بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێوەدا نوێنەرەی ئێمەتان خستۆتە وەزارەتەوە، بێ ئەوەی کە ڕای ئێمە یا ڕای وەزیرەکانیشمان پێشەکی وەرگرن، وەئێمە کەلێی بێدەنگ بوین لەبەرئەو بوە کەکۆسپ نەخەینە بەردەم حکومەتێکی نوێ کەسەرەتای حکوم گرتنە دەستی بووە.

بەلام بۆ بەشداری حکومەتی ٣٠اتەموزمان نەکرد، دەگەڕێتەوە بۆ بێوەفایی حکومەت بەرامبەر بەو ڕێکەوتنەی کەلەنێوانماندا بوو پێش ئاشکراکردنی وەزارەت، لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەو کاتە وارێکەوتین کەئێمە بەچوار وەزیر بەشداری وەزارەتی ٣٠تەموز بکەین وەهیچ وەزیرێکی ئەو تاقمانەی کە چەکیان دژی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلەکەمان (مەبەست بالی سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی (جەلالی)یە) هەلگرتبوو، بەلام یەک سەعات دوای ڕێکەوتنەکەمان وەزارەت دانرا کەئێمەشی توشی سەرسوڕمان کرد، کەتەنیا دوو وەزیری ئێمەی تیابوو لەگەڵ وەزیرێکی نوێنەری تاقمە کوردیە دژەکانمان. بۆیە وەزیرەکانی خۆمان کێشایەوە، وەبەڕێز سەرۆک بارزانی لە ٦٨/٨/١٨ دا لەڕۆژنامەی (التآخی) تیشکێکی خستەسەر ئەو مەسەلەیە کەنەهێشترا بلاوبکرێتەوە، جگە لەوەش بۆ سەرۆک کۆمارو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشمان ڕوون کردەوە و داوامان کرد

کەوەزیری ئەو تاقمە دژبەکوردە دەرکەن ئەوسا بەشداری دەکەین بەلام داواکەمان پەسەند نەکرا، گوێ نەدرایە پچڕاندنی پەیوەندی ئێمە لەگەل دەولەت لەبەر هێشتنەوەی وەزیرێکی ئەو تاقمە.

ڕاستە حکومەت بەکردەوە لەوکاتەی کەبانگی شەڕی هەلدابوو لەگەل گەلی کوردماندا لەسالی ١٩٦٩\١٩٦٨ هەلسا بەدەرکردنی چەند بریارێک کەبەشێکی داخوازیەکان و مافی نەتەوایەتی کوردی تیابەجێ کرا بەلام جێبەجێ کردنی ئەو داخوازیانە لەکاتە شەر لەگەل گەلی کورد دا ئەنیایز بەهێزکردن و پتەوکردنی ئەو جەماعەتە بوو لەڕوی سیاسی یەوە لەناو جەماوەری کورددا، بۆ گۆشەگیرکردنمان بوو لەناو جەماوەری کوردستاندا نەک لەبەر دلسۆزی و سووربوونی حکومەت بێ بۆ بەدی هێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردمان.

برایان:

بەڕاستی لەو هۆشاردراوانە ناگەین کە وای لەئێوە کردوە کە هێندە تەنگەتاوبن بەو ئاشتبونەوە گشتی یەی نێوان ئێمەو دوژمنەکانمان لەکوردەکان پاش ڕێکەوتنی ئازار، یا ئەو ڕێکەوتن و ئاشتبونەوەیە بێ ئاگاداری ئێوەش بێت، ئایا خۆتان لەدانیشتنەکانی پێش بەیانی ئازار داوای ئاشتبونەوەتان لەگەل ئەو تاقمانەی دژ بەئێمە نەدەکرد؟

ئێمە ئەو جۆرە ئەفەلایانە هەر بەوە ئازانین کەبەشێکی گەوهەری بەیانی ١١ی ئازارە بەلکە بەوەشی دەزانین کە ئەرکی سەرشانمانە بۆ بەهێزکردن و پتەو کردنی یەکیەتی نیشتمانی لەنێوان رۆلەکانی گەلەکەماندا لەسەرتاسەری کۆماری عێراقدا، کەدەبێ لەهەموو کاتێکدا جێگای رەزامەندی و دلخۆشی ئێوەبێت نەک تەنگەتاوبونتان.

ا- ئێمە هەموو پەیوەندیەکی ئاسایی ئیازچاکی نێوان حکومەت و نێوان رۆلەکانی گەلی عەرەب بێ باکورد لەبەر رۆشنایی یاساوپەیرەوی بەکارێکی سروشتی دەزانین و پێویست بەهیچ مشت و مڕێک ناکات.

ب- بەلام دەسەلاتی دەولەت و دەزگاکانی و ڕێکخراوەکانی پارتی بەعسی لەناوچەکوردیەکاندا هەولێکی زۆر دەدەن بۆ دۆزینەوەی بەکرێگیراوی خۆیان، وەهەلخەلەتاندنی هەندێکی ساویلکە بەهۆی پارە و دەم چەورکردنیان بەشتی تر بۆ بەکارهێنانیان دژی ئێمە وپشتگیری کردنی سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچەکانی کوردستان، یان بۆ بەکارهێنانیان لەکاری خراپکاری و کوشتنی کەسانی دلسۆز و

لیداني بارەگاکانمان و تەقاندنەوەیان بە نارنجۆک و تەقەمەنی تر کە دیارە بێ شک ئێمە دژی ئەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان حکومەت و هاونیشتمانییە کوردەکانین، وەبەماڤی رەوای خۆشمانی دەزانین بۆ پارێزگاری کردن لە خۆمان بەرگری بکەین.

ج- ئێمە هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر هەموو کەس لەسەر جۆری پەیوەندیان بە ئێمەوە دیاری دەکەین، ئەمە شتێکی سەرسوڕمێنەر نییە، پارتیمان بە هەموو بەشەکانیەوە هەوڵی پەیداکردنی دۆست دەدات لەناو گەلی کورد دا وەلەناو غەیری کوردیشدا چ لەدەرەوەی وولات و چ لەناوەوە، دیسانەوە هەڵوێستی دوژمنانەی خۆمان بەرامبەر دوژمنەکانمان هەیە بەپێی پلەی دوژمنایەتیەکانیان، بەلام بەبەکارهێنانی شێوەی سیاسی و دیموکراتیانە بۆ تێگەیاندنیان و قەناعەت پێکردنیان، وەهەر لەخۆشمانەوە بەناحەق ناکەوینە تاوانبارکردنی هەر کەس لەگەڵماندا جیاوازی بیروڕای هەبێت، و گوێ لەرەخنەکانیشیان دەگرین و بەپەلەش دەکەوینە راستکردنەوەی خۆمان، ئەگەر رەخنەکانیان لەهەندێ کردەوەی ناڕەوای ئێمە لەسەر بناغەی راست و پەسەند کرابێ"، وەئەگەر تاک تاکیش کردەوەی هەڵەمان بووبێت هەرگیز لەگەڵ توند رەوی و دڵ رەقی دەزگاکانتاندا بەرمبەر هەرکەس لەگەڵتان رێک نەبێت بەراورد ناکرێ.

٣- برایان :

بەراستی سەبارەت بەکارە خراپەکانی کە خراوەتە پاڵ ئێمە و یادداشتەکەتان ئێمەی لێ بەرپرسیارکردوە گەلێک زۆری پێوەناوە. ئێمە نالێین کەم یا زۆر بەشداریمان نییە لەو هەڵەو کەم و کوڕیانەی کەبەهەر رێژەیەک بێ کاریان کردۆتە سەر دروست بوونی ئەم بارودۆخەی کەهەموومان لێی رازی نین. گەرچی هەموو رەفتارەکانی ئێمە بریتی بوە لەبەرپەرچدانەوەی پەلاماردانمان لەلایەن ئێوەوە. بەلام گەر ئێمەش بێینە سەر نووسینی کردەوە دوژمن کاریەکانی دەزگاکانتان بەرامبەر گیانی برایەتی و هاوپەیمانیمان لەگەڵتاندا، دەبێت دەیان هەزار حاڵەت بنووسین کە کردووتانەو هەمووی پێشێل کردنی یاسا و مافی مرۆڤ و رێککەوتن نامەکەی نێوامانە، بۆیە تەنیا چەند نموونەیەکی کەمتان بیردەخەینەوە :

١) چەند حەفتەیەک دوای بەیانی ئازار تەقەیان لەبارەگای پارتیمان کرد لەناو شاری موسڵ دا، وەهیچ هەنگاوێکی یالسایتان نەنا بەرامبەر تەقەکەرەکان.

٢) پاشەکشە کردنتان لەسزادانی ئەو تاوانبارانەی کەتەقەیان لەسەیارەیەکی برامان (ئیدریس بارزانی) کرد لەناو شاری بەغداد دا بەچەند مانگێک دوای بەیانی

ئازار، وەشاردنەوەی تاوانبارەکان لەلایەن لێپرسراوانی حیزبەکەتانەوە بۆ ئەوەی لەسزای یاسایی بیان پارێزن.

٣) بەردەوام بوونتان لەسەر سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردستان پێش چەند مانگێک کەبەسەر رێککەوتن نامەکەی ئازاردا تێپەڕی، بەتایبەتی لەناوچەکانی پارێزگای کەرکوک و دیالی و نەینەوا وە هەوڵ دانتان بۆ ڕاگواستنی دانیشتووە کوردەکان لەو ناوچانە، و هێشتنەوەی دەسەڵاتی تاکە حیزبی خۆتان لەو ٣ پارێزگایە لەهەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا و ڕاوناتی ئەندام لایەنگرانی ئێمە تیایاندا و پاڵەپەستۆ خستنەسەریان بۆ چوونە دەرەوە لەشارەکان و ناچارکردنیان بەگوێزانەوەی پارەگاکانمان بۆ گوندەکان.

٤) ڕێگەنەدان بەهاوبەشی کردنمان لەحوکم و دەسەڵاتی تشریعی بەپێی بەندەکان بەیانی ١١ی ئازار.

٥) ڕێگەنەدان بەهاوبەشی کردنمان لەکێشانی نەخشەو ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت چ لەناوەوە چ لەدەرەوەی وڵات لەرێگەی یەکتر بینین و ڕاوێژکردن گەرچی ئەمە یەکێک لەخالەکانی ڕێککەوتنمان بوو.

٦) وازنەهێنانتان لەگرتنەبەری سیاسەتی لاوازکردنی سەرکردایەتی پارتیمان و هەڵوەشاندنی شیرازەکەی.

٧) هەوڵدان دووجار بۆ کوشتنی بەڕێز بارزانی و نەکردنی هیچ کارێک بۆ سزادانی تاوانباران.

٨) دەست تێوەردانی کاروباری تایبەتی بارزانییان، هەوڵدان بۆ کەرت و پەرتکردنی ڕیزەکانیان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی تاوەندێکی دژ بەبەڕێز بارزانی لەناویاندا، و بەکارهێنانی سوپاو هێزی چەکدار بۆ هێرش بردنەسەر ناوچەکەیان.

٩) کۆسپ دروست کردن و بروبیانوو دروست کردن بۆ دواخستنی سەرژمێری و نەکردنی لەکاتی خۆیدا کەلەبەیانەکەدا بڕیار درابوو.

١٠) دروست کردنی تاقمی چەکداری دژ بەئێمە لەناوچە کوردەکاندا و پارەتێدانیان بەچەک وپارەی دەوڵەت و بەکارهێنانیان بۆ پەلاماردانی ڕۆڵەکانی دەوڵەت و هێرش بردنە سەر پێشمەرگەو لایەنگرەکانمان کەچەند جار ڕوویداوە، لەئاکرێ، سپیلک، شەنگار.

١١) دەرکردنی دەیان هەزار لەبرا کوردە فەیلیەکان بۆ ئەودیو سنووروو تالان کردنی سامان و دارایییان و موڵک و ماڵیان بەپێچەوانەی ئەو فەوانینانەی کەلەرێکەوتنەکەی نێوانماندا هەبوو سەبارەت بەو دوور خراوانە.

١٢) ڕاوەدوونانی ئەندامان و لایەنگرانی پارتیمان لەناو سوپادا و لەناو هێزی چەکداردا، وەفراوان کردنی ئەو کردەوەیەتان پاش دەرچوونی پەیمانی کاری نیشتمانی (میثاق العمل الوطني)

١٣) گواستنەوەی هەندێ لەئەندامانی پارتیمان لەوفەرمانبەرومووچەخۆرانەی کەلەدەزگاکانی دەوڵەت دان، بۆ ناوچەکانی ناوەندو خوارووی عێراق بەمەبەستی لاوازکردنی پارتیمان.

١٤) گرتن و فڕاندنی لایەنگران و ئەندامانی پارتیمان و ئەشکەنجەدانیان تامردن.

١٥) ناردنی تەقەمەنی و مین و نارنجۆک و گوللە یا زۆکە بۆ بارەگاکانمان و لای ئەندامەکانمان و تەقاندنەوەیان کەبۆتە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لەهاونیشتمانیە کوردەکان.

١٦) هەستان دەزگاکانی ئاسایش بەدروست کردنی ڕێکخراوی کوردی داتاشراو چاپ کردن و بلاوکردنەوەی چاپەمەنی بۆیان کەهەمووی تەرخان کراوە بۆ هێرش بردنە سەر پارتیمان و سەرکردایەتی‌یەکەی.

١٧) دروستکردنی پاسەوانی نیشتمانی (الحرس الوطني) لەناوچەکوردیەکان بێ ئاگاداری ئێمە کەهەموویان لەکەسانی بەکرێ گیراو ی داخ لەدڵن بەرامبەرمان و بەرامبەر گەلی کورد.

١٨) بۆمباباران کردنی گوندە کوردیەکان بەتۆپ و فرۆکە لەلایەن حکومەتەوە بەبێ هۆ یا بیانویەکی دروست کراوەوە وەک لەشەنگار و بارزان و ناوچەی شێخان رویدا.

١٩) کاول کردنی گوندەکان بەبیلدۆزەر بەبیانوی نابەجێوە وەک لەقەرلوس و یوسف بەگ باوبلاوی کرا لەناوچەی خانەقین و مەندەلی.

٢٠) فشارخستنە سەر کرێکارەکانی ڕۆژنامەی (التآخي) و تۆقاندنیان لەلایەن پیاوەکانی ئاسایش و ئیستیخباراتەوەو هەڕەشە لێکردنیان و بەندکردنی هەندێکیان بەتایبەت کاتی مشت ومڕە ڕۆژنامەگەریەکەی نێوان ئێمە و ئێوە.

٢١) ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوە سەربازییەکانمان ناتوانن هاتوچۆی ناوشار و شارۆچکەکان بکەن بە هۆی ئەو فەرمانانەی کە دژیان دەرتان کردووە بۆ ڕەفتاری یاسایی کردن لەگەڵیان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشتانەوە، نازانین ئەو ڕەفتارانە تا چەند لەگەڵ لۆجیکی برایەتی و هاوپەیمانێتی یەکدەگرێتەوە کە هەر دەم تا دەم باسی لێوە دەکەین.

٢٢) دەست پەسەراگرتنی هەندێ لەو دەست کەوتانی کە گەلەکەمان لە ڕێکەوتنی ئازاردا بەدەستی هێناوە و لە پرۆژەی پەیمانی کاری نیشتمانیشدا دیاری کراوە، لەوانە:

ا- بێبەش کردنی پارتیمان لە هەستانی بە چالاکی سیاسی لەناو سوپا و هێزی چەکداردا،

ب- هەڵپەساردنی گەلی کوردمان بۆ مافی نەتەوایەتی خۆی، بە هۆی هەندێ مەرجی خولقێنراوەوە کە هەرگیز ئەو مەرجانە لە ڕێکەوتنی ئازاردا نەبووە وەک، بڕوا هێنانی کوردەکان بەوەی کە عێراق بەشێکی نەتەوەی عەرەبییە و چەند مەرجێکی تری نابەجێ. بەوەشەوە نەوەستاون بەڵکە کەوتونەتە لەناوبردنی بەشێکی ئەو دەستکەوتانەی کە بەپێی ڕێکەوتن نامەی حوزەیرانی ١٩٦٨ کورد بە دەستی هێناوە وەک هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی کاروباری ژوورو و هەڵتەکاندنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی و بەستنەوەیان بە وەزارەتی ترەوە،

٢٣- تەنگ پێ هەڵچنینی ڕێکخراوە کوردستانییە جەماوەرییەکان و توێنەرانمان لەناو نەقابەی کرێکاران و کۆمەڵەی جوتیارانی ناوەند و لە پارێزگا کوردیەکانیشدا.

برایان:

٤- ئەوی کە پەیوەندی بە هەڵوێستی ئادۆستانەی ئێمەوە بێ لەسەر بەرەی نیشتمانی پێشکەوتن خواز و ڕێکەوتن لەسەر پەیمانی کاری نیشتمانی ئێمە سەرتاسەری ئەو بۆچوونانەتان ڕەت دەکەینەوە و لە بناغەوە واتییە، چونکە ئێمە پێمان وایە هەڵوێستی ئێوە لەسەر ئەو دوانە دۆستانە نییە. ئێوە باش دەزانن کە چەندین جار پێکەوە ڕێکەوتوین لەسەر ئەوەی کە هەردوو پارتەکەمان ئێمە و ئێوە پێکەوە پرۆژەی پەیمانی کاری نیشتمانی بە هاوبەشی دابنێین، بەلام ئێوە بە هیچ جۆرێک کارتان پێنەکرد بەڵکە بەتەنیا پرۆژەکەتان دانا و بلاویشتان کردەوە بێ ئاگاداری ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە یادداشتێکمان لەسەر پرۆژەکە دانێ کە چی هیچ

وەلامێکمان لێوەرنەگرتنەوە. جگە لەوەی کەپرۆژەی پەیمانەکەشتان بەو شێوەیەی ئێوە بلاوتان کردەوە، ڕەزامەندی هیچ پارتییەکی لەعێراقدا بەوەستا نەهێنا.

سەبارەت بەمەترسی ئێوە لەدابەزینی بنکەی جەماوەری پارتیمان لەناو جەماوەری کورددا لەبەر ئەوەی کەئێمە پارتی هاوپەیمانی ئێوە نین، بەلای ئێمەوە تەواو پێچەوانەیە، چونکە بەڕای ئێمە بەهێزی بنکەی جەماوەری ئێوە لەکوردستاندا بەندە بەڕادەی بەهێزی پەیوەندیتانەوە بەپارتیمانەوە بەسەرکردایەتی بارزانی، وەبەهێزی و لاوازی جەماوەریمان لەناو کورددا بەستراوە بەڕادەی بەرگریمان لەداخوازییە ڕەواکانی جەماوەری کورد وەپێمان وایە ئەگەر ناڕەزایییەکی کەمیش هەبێت لەلایەن جەماوەرەوە لەئێمە لەبەر ئەوە کە تائێستا کە چاومان لەکردەوە نابەرپرسیارەکانی ئێوە پۆشیوە.

بابێینە سەر تۆمەتی تاوانبارکردنمان بەدەست بەسراگرتنی دام و دەزگاکانی دەوڵەت لەناوچەی ژوروو دا وەهەوڵدانمان بۆ دروستکردنی چەند ناوەندێکی دەسەلاتداری دەوڵەتی، ئێمە ئەو تۆمەتەش ڕەت دەکەینەوە وەلەبەرتەوەی بڕوامان بەبیروڕای دیموکراتی و هەوڵ ڕەخساندن بۆ دانیشتوان هەیە و دژی هەموو هەڵوێستێکیشین کەڕێگربێت لەپەردەم دەسەلاتی یاسادا. وەئەگەر شتێکی تاوازەی لەوبابەتەش ڕوبدابێ ئامادەی ڕاست کردنەوە و چارەسەرکردنین، وەئێمە لەگەڵ ئەوانەی شەرحەکەتانین لەسەر داگیر نەکردنی دەسەلاتی دەزگاکانی دەوڵەت. بەلام ووشەی بریقەدار دەبێت جووت بێت لەگەڵ باری دراو دا واتە نوسین و کردار وەک یەک بن. بۆیە لەخوارەوە کۆمەڵێک نمونە لەسەر دەست بەسەراگرتنی تەواوی دەسەلاتی دەوڵەت لەلایەن پارتیتانەوە لەهەموو دام و دەزگاکانیدا دێنینەوە :

(١) ئێوە و حیزبەکەتان هەموو ناوەندە گرنگەکانی دەوڵەت و هێزی چەکدارتان خستۆتە ژێر دەستی خۆتان بەتەنیا.

(٢) پێشێل کردنی هەموو یاسایەکی کارگوزاری و هەموو مەرجەکانی ڕاتیاری و تەکنیکی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دانی جێگای ئەوتۆ بەئەندامانی پارتیەکەتان، کە ئەگەر لەبەر ئەندامایەتیتان نەبێت لەپارتیتاندا هەرگیز ئەو شوێن و لێپرسراویانە بەدەست ناهێنین.

(٣) بنیات نانی سوپای گەلی (جیش الشعبی) کەبەچەک و کەلوپەلەکانی حکومەت پڕ چەک و تەیارکراون و دەوڵەت لەماڵی ئەم گەلە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کردون، کە ئەمەش سوپایەکی تایبەت بەپارتیتانە نەک بەدەوڵەت.

(٤) دروست کردنی چەندین زیندان و بەندیخانەی تایبەت بەپارتیتان چ لەبەغداد و چ لەناوچەکانی تر بەئاشکراو بەنهێنی جگە لەزیندانی (قصر النهایة)ی بەدناو کە دەزگاکانتان جۆراوجۆر ئەشکەنجەی زیندانیانی تێدا دەدەن.

(٥) دادگایی کردنی دانیشتوان لەلایەن پارتیتانەوە و دەرکردنی بڕیاری کوشتنیان و جێبەجێ کردنیشی بەشێوەی اغتیال کردنیان چ لەناو عێراق چ لەدەرەوەی عێراق بێ ئەوەی دادگایەکی دەولەتی لێ ئاگادار کرابێ.

(٦) دامەزراندنی کادرە متفرغەکانتان بەناو لەکاروباری ڕووکەشیدا وەکو مستشار و ئەندامی فلان لیژنە و فلان دەزگا و فلان نوسینگە و لەناو نوسینگەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمیەتیدا بەموچەی زۆر کە هەموی لەگەنجینەی دەولەت دەردەچێت.

(٧) مل کەچی هەموو دەزگاکانی دەولەت بۆ دەسەلاتی حیزبتان و ڕێکخراوەکانی، هەر لەوەزارەتەوە تادواترین دەزگای حکومەت و سوپا و هێزی چەکداریش.

(٨) دانی چەندین بڕیاری گرنگ و پڕمەترسی لەسەر ئایندەی وولات لەلایەن پارتیتانە وەبلاوکردنەوەی بەناوی گەلی عێراقی‌یەوە بێ‌وەرگرتنی ڕای پارتەکانی تر و وەزارەت و گەل و هێزە نیشتمانیەکان. گەرچی ئێمە چوار وەزیرمان هەیە بەلام ئەوانیش وەک هەموو هاو نیشتمانیەکی تر پاش بلاوکردنەوە لەئێزگەکان گوێیان لەوبڕیارانە دەبێت.

**( تێبینی: لەبەرئەوەی لەیادداشتەکەی پارتیدا سەبارەت بەبەندەکانی بەیانی ئازار دووبارە هەموویانی نوسیوەتەوە ئینجا شەرحی لەسەرداون، ئێمە بۆ کەم کردنەوەی کات لێرەدا دەقی بەندەکەمان نەنوسیوەتەوە بەلکە تەنیا ژمارەی بەندەکان و کورتەیەک، ئیتر یەکسەر چوینەتە سەر شەرحەکانی پارتی لەسەر بەندەکان.)

برایان:

٥- ئەو بەندانەی کە جێبەجێ کراوە و کە جێبەجێ نەکراوە لەناوەڕۆکی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویدا:

بۆچونی ئێمە لەسەر ئەوانەی کە جێبەجێ کراون یان نەکراون جیاوازە لەگەل بۆچونی ئێوەدا بەلام لەم بەشەدا گەلێ خالی واتان باسکردوە درێژەشتان داوەتێ

کە جیّبەجیّتان کردوە بەلای ئێمەوە ئەو کارانە بەشێکی ئەرکی دەولەتن لەهەموو باروودۆخێکدا. گەرچی بەپێی زانیاری ئێمە زۆریشتان پێوەناوە.

١- کردنی زمانی کوردی بەزمانێکی رەسمی:

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری رەسمی کردنی زمانی کوردی داوە لەگەل زمانی عەرەبیدا، بەلام بریارەکە برگەیەکی تریشی لەگەلدایە کە دەلیّ، بەلام دەبیّ هەندیّ نوسراو ومعامەلە بەعەرەبی بنوسریّت و ئەوی تریش بەکوردی و بەعەرەبی، واتە هەر نوسراویّک و بریاریّک جاریّک بەعەرەبی و جاریّکیش بەکوردی.

وەیەکێکی تر لەمادەکانی بریارەکە دەلیّ ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەو ناوچانە دەستنیشان دەکات کەزمانی کوردی تیا رەسمی بیّت، بەلام ئەویش تائێستا دەست نیشان و دیاری نەکراوە.

٢- سەبارەت بەهاوبەشی کردنی برا کوردەکان لەحکومدا بیّ جیاوازی لەنێوان کورد و غەیرەکورد... هتد، راستە کەچوار وەزیر و سیّ وەزیری جێگیرمان کەلەلایە ئێوەوە دیاری کراون هەن لەحکومەتدا، بەلام لەسەر ئاستی بەرێوەبەرێتی گشتییەکان(المدراء العامین) رێژەیەکی زۆرکەممان هەیە، وە زۆر وەزاروت هەن کەدامو دەزگا سەرەکیەکانیان هەر کوردی تیانییە وەک وەزارەتی دەرەوە، نەوت، ئابووری، خوێندنگای بەرز و پەروەردە، چارەسەری کێشەی زەوی (الأصلاح الزراعي)، کاروباری کۆمەلایەتی و گواستنەوەو هات وچۆ. بەلام لەسەرتاسەری وەزارەتی بەرگری دا بەهەموو دەزگاکانیدا یەک تاکە کوردی تیادایە کەفەرماندەی فرقەیە، لەئەنجومەنەکانی دەولەتیشدا، دوو کورد لەئەنجومەنی نەخشەداناندا هەیە لەکۆی ١٥ ئەندام، لەئەنجومەنی خوێندنگای بەرز(التعلیم العالی)دا یەک کوردی تیانییە جگە لەنوێنەرانی زانکۆی سلێمانی، وە ئەنجومەنی بەرگری بالا یەک کوردی تیایە.

ئاشکراشە کەهەموو سیاسەتی حکومەت لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە دیاری دەکریّ کە ئەویش تایبەتە بە پارتی بەعس و سەرکردەکانی.

٣- دەربارەی زمان و فەرهەنگی کوردی:

راستە بەرێوەبەرایەتی لێکۆلینەوەی خوێندنی کوردی رەسەتی کوردی دیراساتی، بەلام تائێستا هیچ بودجەیەکی بۆ دیاری نەکراوە، کەتائێستاش لەبەر بیّ بودجەیی تەنیاقەرمانبەرێکیان لیّ دانەمزراوە لەناویا، بریار بۆ داشانی (دارالثقافە

للطباعة و النشر باللغة الكردية) دەرچووە و داشتراوە بەلام لە هیچ دەزگایەکیدا کوردێکی تیا نوێنەر نییە و یەک کوردیش ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی نییە کەهەموو چاپ کراوەکانی بەزمانی کوردین.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرهەنگ و کلتوری کوردی داتراوە بەلام تائێستاش مشت ومڕی لەسەر ئایا ئەبێت بەفەرهەنگ یا بەفەرهەنگ و ڕاگەیاندن کە تائێستاش بڕیار لەسەر بەرنامەکانی وەرنەگیراوە.

بەرنامەی کوردی لەتەلەفزیۆنی کەرکوک دا زۆر کەمە بەدەریشە لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بەنەتەوەی کوردەوە بێت، وە هیچ هەنگاوێک نەنرا بۆ دامەزراندنی ئێزگەی تەلەفزیۆنی تایبەت بەزمانی کوردی.

قوتابیە کوردەکان بەڕێژەیەکی یەکسانی لە زانکۆکانی سەربازی و پۆلیس و ناردنە دەرەوە بۆ خوێندن وەرنەگیران کەژمارەیان لەنێوان ٣-١٠ ٪ یە، لەساڵی ١٩٧١ دا تەنیا ٨ قوتابی کورد لەزانکۆی سەربازی وەرگیران لەکۆی ٣٣٠ قوتابی زانکۆ. وەلەزۆربەی زانکۆکانی تریش بەبیانوی نمرەوە ژمارەی قوتابیە کوردەکان زۆر زۆر کەمترە لەساڵی ڕابردوو کە ڕێژەیان لە ٥٠ ٪ تێنەپەڕیوە.

٤- سەبارەت (بەدانانی فەرمانبەرو موچە خۆرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کەهەموویان کوردبن یا کوردی باش بزانن مەگەر بەش نەکات ئەوسا لەنەتەوەی تر وەهەموو فەرمانبەرە سەرکیەکان وەک پارێزگار، قایمقام، بەڕێوبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئاسایش لەکورد دابنرێن وەیەپەلە دەست بکرێت ...هتد)

ئەم بەندەیان لەپارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک جێبەجێ کراوە، جگە لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایش کەتوانایەکی زۆر لەڕادەبەدەریان خراوەتە بەردەست وەدەسەلاتی تایبەتیان دراوەتێ، و پەیوەندیان بەپارێزگارەکانەوە ئەنیا ڕووکەشە و بونەتە نوێنەری حکومەتی ناوەند لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا وە کراونەتە ناوەندێکی بەهێز بۆ لەخۆکۆکردنەوەی کەسانی دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان. بەلام لەپارێزگای کەرکوک وە ناوچە کوردیەکانی دیالی و نەینەوا هەموو دەزگا بەڕێوبەرایتیەکان و فەرمانبەرێتیە گرنگەکان بەدەست کەسانێکەوەن کە کورد نین جگە لەدوو سێ قایمقام، تەنانەت لەو ناوچانەی کەهەمویان کوردن هەوڵ ئەدەن فەرمانبەرێتیەکان بدەنە ئەو کوردانەی کە دژە کوردن وە بەکاریان بهێنن بۆ

جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن و بەبەعسی کردن وە دژایەتی کردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی.
٥- دەربارەی مافی گەلی کورد لەبنیاتنانی ڕێکخراوی پیشەیی وەک قوتابیان، لاوان، ژنان، مامۆستایان:

ئەم بەندە جێبەجێ کراوە بەلام دوچاری ڕاوەدوتان و چەوساندنەوە هاتون بەتایبەی لەو ناوچە کوردیانەی کەکەمایەتی نەتەوایەتی تری تیایە، چەندین جار پەلاماری بارەگاکانیان دراوە، لەڕووی پارمەتیدانی داراییانەوە پەکسانیان لەگەلدا نەکراوە لەچاو ڕێکخراوە پیشەییەکانی عەرەبیدا، هەروەک ئەندامان وسەرکردایەتیەکانیشیان لەگەل ڕێکخراوە پیشەییە عەرەبییەکانیشدا بەیەک چاو سەیر نەکراون، بەلکە هەندێ جار ڕاوەدوو نراون و ئەندامانیان لێگیراو و ئەشکەنجە کراو و ڕاگوێزراوە بەناحەق بۆ دوورخستنەوەیان لەسەندیکای کرێکاری و کۆمەلەی جوتیاری.
٦- سەبارەت بەبەندی لێبوردنی گشتی وەگەڕانەوەیان بۆ سەرکاری خۆیان وەحسابکردنی ماوەی پێشمەرگایەتیان بەخزمەت...هتد، ئەم بەندە لەسالی یەکەمی تەمەنی بەیانی ١١ی ئازاردا بەتەواوی جێبەجێ کراوە، بەلام پاش یەک سال بەسەدان کەس لەناو هێزی چەکداری عێراقیدا بەهۆی قەدەغەکردنیان لەکار و چالاکی پارتایەتی پدک لەناو سوپاو هێزەکانی تری چەکداردا ڕایان کردوە وە دەیان ئەندام و لایەنگری پدک لەناو هێزی چەکداری عێراقیدا گیراون و ئەشکەنجە دراون بەزۆر نەهێنیان پێدرکاندوون.
٧- ئەوانەی کەپەیوەندی بەبەندی ٧ و برگەی (ا،ب،ج،د)وە هەیە لەڕێکەوتن نامەی ئازاردا:

کۆمیتەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژوورو پێکهێنراوە و (٩ ملیۆن) دیناریشی خراوەتە بەردەست و بەکاری خۆی هەلستاوە، بەلام ناوچەکە پێویستی بەکۆمەلێ پرۆژەی ترە کە لیژنەکە لەبەر بێدەرامەتی نەیتوانیوە جێبەجێیان بکات، کەتێچونی پرۆژە نوێیەکان بە (١٢ ملیۆن دینار) هەلدەسەنگێنرێت، ئەمە جگەلەوەی کە لیژنەکە لەبەر کەمی پسپۆڕی شارەزا توشی ئیفلیجی بووە.
* دەربارەی نەخشەی ئابووری کەلەسالی یەکەمدا ئامادەکرا، وەبەشی کوردستان تەنیا ٨ / ی سەرجەمی نەخشە نەتەوەییەکە بوو، وەلەسالی دووهەم پاش زۆربونی داهاتی نەوت، شتێکی تریشی خرایەسەر، بەلام ئەو ڕێژەیە هێشتا بەشی

کەسێک لەکوردستاندا گەلێ کەمترە لەبەشی کەسێک لەناوەند و خوارووی عێراقدا گەر بەبەراوورد لەگەڵ کۆی گشتیدا بیگرین.

سەرجەمی ئەو پارەیەی کەبۆ نەخشە ئابووریەکەی عێراق دانراوە (٩٥٢) ملیۆن دینارە، لەم پارەیە ئەوەی کەبۆ ناوچەی ژوورو (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، نەینەوا، کەرکوک) دیاری کراوە بریتییە لە ١٧ وە ١٩ کەرێژەی ژمارەی دانیشتوانی ئەم پێنج پارێزگایە بریتییە لە ٢٥ ی هەموو دانیشتوانی عێراق. ئەو پارەیەی کەبۆ کەرتی خۆیی لەعێراقدا دیاری کراوە (٤٧) ملیۆن دینارە، بەشی ناوچەی کوردی لەو کەرتەدا گەلێ لەبەشی حکومەتی ناوەند کەمترە، بۆیە گەر بەشێوەیەکی گشتی هەردوو کەرتەکە سەیر کەین دەبینین رێژەی بەشی ناوچەی کوردی دادەبەزێ و کەم دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە گەلێک فاکتەری جیۆپۆلیتیکی تایبەت هەیە لەکوردستاندا کەدەبوایە رەچاوبکرایە وە دواکەوتنی ناوچە کوردیەکان بەهۆی باروودۆخ و سیاسەتی حکومڕانەکانی پێشوو رەچاوبکرایە. ئەگەر ئەو رێچکەیە لەگەشەپێدانی ناوچەکە نەگۆڕدرێ بێشک ناوچەکە هەر بەدواکەوتویی دەمێنێتەوە وەدەبێتە مۆرکێکی دیار و ئاشکرای جیاوازی کوردستان لەچاو عێرقدا. چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەش گیروگرفتێکی نەوتۆی لەبەردەمدا نیە چونکە کوردستان دەوڵەمەندە لەرووی درامەتی کشتوکاڵی و پیشەسازییەوە وە لەرووی کانەزاو گەشت و گوزارەوە. پێویستی زۆر بەدانانی نەخشەیەکی سەرکەوتووانەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە هەیە، پێویستی بەفراوانکردنی رێگاوبانە پێویستی بەخزمەت گوزاری، پەروەردە، تەندروستی، شارەوانی هەیە دەتوانرێ کەسامانێکی زۆری تیابەدەست بهێنرێ و دووبارە بۆ خێر و خۆشی سەرجەمی وولات بەکاربهێنرێتەوە.

بۆیە دیاری کردنی چەرداێکی دادپەروەرانەی دارایی لەبەرنامەی ئاوەدان کردنەوە و گشەپێدانی کوردستاندا لەناو نەخشەی ئابووری عێراق یەکێکە لەو کەم و کوڕیانەی کەدەبێت چارەسەری بکرێت.

* راستە تائێستاکە (١٥٠٠) کەس و خێزانی شەهیدانی رووداوی ژوورو بەپێی یاسای تەقاوتی کارەکانیان ئەنجام دراوە.

* تائێستا دەستکراوە بەدروست کردنی (١٢٠٠٠) خانوو بۆ زیان لێدراوەکانی رووداوی ژوورو کەزۆر لەخانووە کۆنەکانی خۆیان باشترە، بەلام ژمارەی خانوە رووخاوەکان چەندین جار ئەوەندەی ئەو ژمارەیە دەبێت کەدروست نەکردوە،

زەرەرو زیانی خەڵکە زیان لێدراوەکان نەبژێردراوەتەوە و هیچ جۆرە یارمەتیەکیشیان نەدراوە، هەڵنەستاون بەکردنەوەی هیچ پرۆژەیەکی فریاگەری لەناوچەکەداوە بگرە ڕێشتان لەتوێژەرانی کۆمەڵەی فریاگەری نەتەوەیەکگرتووەکان گرتوە کەیارمەتی زیان لێدراوەکان بدەن لەڕێگەی توێژەرانی بەرنامەو گەشەپێدانی سەربەنەتەوە یەکگرتوکان.

٨- دەربارەی گێڕانەوەی دانیشتوانی گوندە کوردی و عەرەبییەکان بۆ شوێنەکانی پێشوی خۆیان... هتد. تا ئێستا تەنیا ڕێگاتان بەگەڕانەوەی دانیشتوانی دوو گوند لەکۆی (٢٢) گوند داوە بۆ شوێنی خۆیان ئەو دوو گوندەش (یاروەلی، قرەعەتو) لە کەرکوک. قەرەبوی ئەو خاوەن زەویانە نەکراوە کەزەویەکانیان لێداگیرکراوە و کراوەتە ناوچەی قەدەغەکراو، ڕێگەتان بەو خاوەن موڵکانەش نەداوە کەخانووەکانیان لەسەر زەویەکانی خۆیان دروست کەنەوە کەدەکەوێتە دەرەوەی سنووری زەویە داگیرکراوەکانی تر بەڵکە بەپێچەوانەوە ئەو زەویانەی تریشتان لێدەگیرکردون و خۆتان کێڵاوتانەوکردوتانە بەکشتوکوال بەوبیانوەی کەلەئاییندەدا بکرێتە بنکەوپایەگای سەربازی و ئوردوگای سەربازی.

* ڕێگەتان نەداوە بەهەزاران خێزانی خەڵکی گەڕەکی جمهوری لەکەرکوک بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و خانوە ڕووخاوەکانیان دروست بکەنەوە.

* بەپێچەوانەی ئەمانە هەمووی ئەوەی کەکردوتان بریتی بووە لەبەعەرەب کردنی ناوچەی ڕۆژهەلاتی شاری کەرکوک و هێنان و نیشتەجێ کردنی عەرەب و دروست کردنی چەندین گەڕەک و خانوو بەرەی باش بۆ عەرەبەکان بەمەبەستی بەعرەب کردنی شاری کەرکوکیش.

* گوندەکانی (مەنبەق، بالانی، زەند، ١١ گوندی تری دەوروبەریتان (عەرەب نشین کردوە بەبیانوی کڕینی ئەو گوندانە وەزەوی و زارەکانیان لەلایەن سەرۆک عەشرەتی جبوری (علی الدحام) لەدەرەبەگە کوردەکان کەپارەی کڕینەکەشی حکومەت داویەتی.

* گوێزانەوە و دامەزراندن و هێنانی ژمارەیەکی هێجگار زۆر لەفەرمانبەران و پۆلیسی عەرەب بۆ ناوکورکوک و دانی ناسنامەی کەکوک پێیان کە ئەمانە گوایە لەکۆنەوە دانیشتوی کەرکوک بوون، ئەمەش بەمەبەستی بەعەرەب کردنی کەرکوک.

ئەم ڕێچکەیەتان لەبەعەرەب کردنی کەرکوک یا هەر ناوچەیەکی تری کوردستان لەئاییندەدا مەترسی لەهەموو ڕەفتارەکانی ترتان پترە.

٩- پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی یاسای چارەسەری کێشەی زەوی (قانون الاصلاح الزراعی) لەناوچە کوردیەکان..هتد.

* یاسای نوێی چارەسەری کێشەی زەوی وادانراوە کەلانی زۆری زەوی کێلدراو ٤٠ دونم بێت کەئەمەش زۆر کەمترە لەلانی زۆری هەربەرهەم هێنەرێکی تر لەوولات دا.

* پارتیمان هەمیشە پشتگیری چالاکانەی لەجێبەجێ کردنی ئەو یاسایەدا کردوە و دەکات بۆ گۆرینی پەیوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی گوندی کوردستان بەلام حکومەت ئەمەی کردۆتە بیانویەک بۆ بەعەرەب کردن و بەبەعسی کردنی ئەو ناوچانەی کەکورد و کەمایەتی کەمی تری تیایە.

* وە هەبدنی پاریزگا تائەم نزیکانەش توانای تەواوی نەخراوەتە بەردەست بۆ جێبەجێ کردنی یاشای چارەسەر کردنی کێشەی زەوی.

١٠- رێکەوتنمان لەسەر ئالوگۆری دەستوری کاتی بەم جۆرەی خوارەوەبوو :-

ا) گەلی عیراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کەنەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، ئەم دەستورە بریار لەسەر مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و مافی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی تر دەدات بەگشتی لەچوارچێوەی یەکیەتی عیراقدا.

ب) زیادکردنی ئەم برگەیە لەمادەی ٤ی دەستوردا (زمانی کوردی زمانێکی رەسمیە لەپال زمانی عەرەبیدا لەناوچە کوردیەکاندا).

ج) برگەی اب لەدەستوری هەمیشەییدا بچەسپێنرێت.

برگەکانی اب ئان جێبەجێ کردوە بەلام برگەی ج دیارە تا یاسای دەستوری هەمیشەیی دانەنرێت جێبەجێ ناکرێت.

١١- سەبارەت بەگێرانەوەی ئیزگە و چەکە قورسەکانی لای پارتیمان کەپەیوەند بوو بە جێبەجێ کردنی دوا قۆناغی رێکەوتن نامەکە. لەلایەن پارتیمانەوە بۆ سەلماندنی سوربوتمان لەسەر ئاشتی و رێکەوتن ئیزگە و چەکە قورسەکانمان تەسلیم کردنەوە بێ ئەوەی کە دوا قۆناغی رێکەوتن نامەکەش جێبەجێ کرابێ.

١٢- یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کۆمار کورد بێت.

ئەمە جێبەجێ نەکراوە، راستە حکومەت داوای لە یدک کرد کەنوێنەرێکی خۆی بۆ ج ، سەرۆک دیاری بکات، بەلام پارتیمان نوێنەری خۆی دیاری نەکرد، لەو روانگەوەی کە ئەزمونی لەمەر بەشداری کردنی وەزارەتدا هەبوو، پێی وایە ئەو دەسەلاتەی دەدرێت بەنوێنەوەکەشی وەک جێگری سەرۆک کۆمار بەو جۆرە نابێت

کەبتوانێ ئەرکەکانی خۆی لەو شوێندا جێبەجێ بکات، وەکەی هەستمان پەوە کرد کە ئەو ڕێبازە لەبەڕێوەبردنی کاروباردا دەگۆڕێت هەرگیز لاریمان لەهەڵبژاردنی نوێنەری خۆمان نابێت بۆ جێگری سەرۆک کۆمار.
١٣- یاسای پارێزگاکان گۆڕانی تیادا دەکرێت بە جۆرێک کەبگونجێ لەگەڵ ناوەرۆکی بەیانی ئازار:
هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ نەکرا لەیاسای پارێزگاکاندا، بەپێچەوانەوە سەرپێچیەکی ئێجگار زۆر لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و دەسەڵاتەکانی حکومەتەوە لەیاسای پارێزگاکان دەکرێت.
١٤- سەبارەت بەیەکپێگرتنەوەی پارێزگاکان و ناوچە بەڕێوبەرایەتیەکانی تر کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کوردبن، وە ئەو بەندە ئەهێنێیەی کەبڕیار بو پاش تێپەڕبونی یەک ساڵ بەسەر بلاوکردنەوەی بەیانی ئازاردا جێبەجێ بکرێت کەبریتی بوو لە سەرژمێر کردنی ناوچەکوردیەکان وە ئۆتۆنۆمیش پاش ٤ ساڵ بەتەواوی جێبەجێ بکرێت نەکرا.
* سەرژمێری لەکاتی خۆیدا نەکرا، دواخستنەکەشی لەسەر داوای حکومەت بوو، بەعەرەب کردن و بەبەعسی کردنی کوردستان کوردیش بەردەوام بوو بەهەموو جۆرێک، ئەم کردەوەیەش بوە هۆی سەرەکی و یەکەمی نەهێشتنی بڕوا و متمانە لەنێوانماندا و دروست کردنی لێکدان لەهەندێ شوێن، ئێمە ئەو کردەوەیەتان بەبڕیاری شەرێکی شاردراوە دەزانین لەسەر کورد،
* گومان لەوەدانیە کەدیاری کردنی هەندێ ناوچەی کوردی هاریکاری چارەسەرکردنی گەلێ کێشەی نێوان هەردوولامان دەکات، وەدواخستنی ئەو دیاری کردنە و سەرژمێری کردنی ناوچەکەش ئەوەندەی تر ئۆتۆنۆمی لەئامانجەکانی خۆی دوور دەخاتەوە کە دەبێت لە ٤ ساڵدا جێبەجێ بکرێت بەپێی ڕێکەوتن نامەی نێوانمان.
١٥- گەلی کورد هاوبەشی لەئەنجومەنی یاسادانان دەکات، بەرێژەی دانیشتوانی بۆ دانیشتوانی عێراق.
* ئەو ئەنجومەنی یاسادانانەی کەهەیە بریتیە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کەیەک تاکە کوردی تیا نیە، ئەمەش مانای بێبەری کردنی کوردە لەگرنگترین پایەکانی هاوبەشی کردن لەحکومدا.

* هیچ هەنگاوێک بۆ دانانی ئەنجومەنی نیشتمانی نەنراوە کەبریارە کورد - بەڕێژەی دانیشتوانی خۆی هاوبەشی تیادا بکات.

دەربارەی خۆبەستنەوەی پدک بەبەیانی ئازار و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی:
خۆبەستنەوەی بزوتنەوەی کورد کەتۆماریش نەکراوە بەڵام شتێکی سروشتی‌یە بریتی‌یە لەهاوبەش کردنێکی ناوچەکە بۆ بارێکی ئاسایی و سروشتی وەچەسپاندنی دەسەلاتی ناوەند تیایدا.

بەپێی ئەو بۆ چونە و بەوگیانەشەوە پدک هەستاوە بە هاوکاری کردنی حکومەت، لە چەسپاندنی یاسا و دام و دەزگاکانی حکومەت لەناوچەکەدا.
* بەڕێوبەرایەتیە ناوخۆیی‌یەکان گێردراونەتەوە ناوچەکانی خۆیان.
*ڕێگاوبانە گشتیەکان بەڕووی دەولەتدا کراونەتەوە.
* بنکەکانی پۆلیس (مخافر الشرطة) ئاوەدان کراونەتەوە کەلەسالانی شەڕدا چۆل کرابون.
* هێمنی و ئارامی و ئاسایش گەڕاوەتەوە ناوچەکە وە هەموو ڕق و کینەیەکی کۆن بەرامبەر چەک هەلگرانی دژ بەنەتەوەکەیان فەرامۆش کراوە.
* ئەو پێشمەرگانەی کەلەهێزە چەکدارەکانی عیراقی‌یەوە رایان کردبوە ناو شۆڕش گێردراونەوە ناو هێز و قوجەکانی خۆیان لەناو سوپای عیراقیدا.
* پێشمەرگەکانی تریش هەموو لەفەوجەکانی پاسەوانی سنووردا جێ کراونەتەوە.
* پدک هەستاوە بەهەلوەشانەوەی دەزگاکانی خۆی لەشۆڕشی کورد دا وەکا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، دەزگای جێبەجێ کردن (مكتب التنفيذي)، دادگا، دەزگای پێشمەرگایەتی، دەزگای بەڕێوەبەرایەتی، دەزگای پەروەردە، دەزگای تەندروستی) .
* هەلوەشاندنەوەی ڕێکخستنی هێزەکانمان و بلاوەپێکردنی پێشمەرگەکانمان و ناردنەوەیان بۆ سەرکاری پێشوی خۆیان، یان دامەزراندنیان لەفەوجەکانی پاسەوانی سنوردا یا لەدام و دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکانی پارێزگاکان.
* هەموو بنکەکانی پشکنینی سەر ڕێگاوبانەکانمان لابرد.

ئەمانە هەمووی یتر لەسالێکە جێبەجێ کراون، ئێمە نالێین کە هەموو پابمانەکانی خۆمانمان جێبەجێ کردوە، چونکە ئەوەش بەندە بە هاوکاری راستودلسۆزی نێوانمان.

برایان.

٦- لەوەبیرهێنانەوەکەتاندا (مذكرة) (٣١) مەرجتان بۆ داناوین کە جێبەجێ کردنیان گوایە لەلای ئێمەوە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی پەیوەندی نێوانمان بۆ ئاستی پاش بەیانی ١١ی ئازار.

بەلای ئێمەوە مەرجەکانی (١، ٦، ٧، ٨، ٩، ٢٠، ٢٢، ٢٦، ٢٧، ٢٨) مەرجی گشتین و لەسەر هەردوولامان پێویستە پابەندی بین. بەلام مەرجەکانی تر (٢، ٣، ٤، ٥، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢١، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٩، ٣٠، ٣١) تایبەتن بە ئێمەوە کە پابەندبوون یان نەبوون پێیانەوە تەنیا پەیوەندی بە پارتیمانەوە هەیە.

* مەرجی یەکەم تایبەتە بە دەسەلاتی یاسا و دام و دەزگا دەستوریەکانی دەولەت، ئێمە لەو کاتەی کە بەتەواوی پشتگیری لەو سەرەتایانە دەکەین کە تیایدا هاتووە، ئەوەش دووپات دەکەینەوە کە هەر کەم و کوڕیەک لە جێبەجێ کردنیدا بکرێ دەبێتە هۆی ئەو بارودۆخە نالەبارە، وەبەبێ جێبەجێ کردنی ئاشتی ڕاستەقینەش نابێت. بە بۆچوونی ئێمە ئەو داوایە دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی لە حکومەت بکرێت، کە بەلای ئێمەوە داوایەکی ڕەوایەو سورین لەسەر جێبەجێ کردنی.

ئەو کاتە کە خۆمان و لایەنگرانمان لە کەم و کوڕی بێبەری ناکەین بەرامبەر دەسەلاتی یاسا پێشمان وایە لە پێشدا دەبێت دەزگاکانی حکومەت بەپێی دەسەلاتی یاسا لەگەل هاونیشتمانیندا ڕەفتار بکەن، وەبەدلسۆزیەوە دەلێین زۆربەی ڕووداوەکانی لەیاسا دەرچوون سەرئەنجامی ڕەفتاری ناڕاستی لێپرسراوان و بەهەلە بەکارهێنانی یاسا بوە لەگەل دانیشتواندا.

* مەرجی شەشەم: ئایا دەولەت خۆی بەرپرسیارنیە لە پاراستنی یاسا و جێبەجێ کردنی و پارێزگاری کردنی گیانی هاونیشتمانانیش؟ بەپێی ئەو هەموو ڕاستیانە نابێت خۆیشی پێش هەموو کەسی تر واز لە تاوبردنی خەلکی بهێنێت بە تۆمەتی کاری سیاسی؟، زۆرمان بەلگە لەلایە کە دەسەلاتی دەولەت بەخۆی ڕەوا بینیوە کە هەرکەسێک بیەوێ بیکوژێ دەیکوژێ لەوانەی کە بەدوژمنی خۆیانی بزانێ لە خواروو یا ژوروو یا ناوەندی عێراق یا لە دەرەوەی عێراقیش. ئەو کارانەی کەوایان لە خەلکی کردوە هەست بە بێ ئارامی بکەن و تەنانەت گومان لە کارە

چاکەکانی حکومەتیش بکەن، کە پێمان وایە نەهێشتنی ئەو دیاردەیە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دەوێت لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگاشەوە.

* مەرجی حەوتەم: ئێمە دوپاتی دەکەینەوە کە ڕێز لەماف و سەربەستی ڕۆڵەکانی گەل دەکرێن وەک یەک و بێ جیاوازی بەوپێیەی کە یاسا دەیپارێزێ.

* مەرجی دەیەم: ئەو دەزگایانەی کە بەناوی ئاسایش و ئیستخبارات بێ ئاگاداری دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکان لەداوی بەیانی ئازار کەدامەزراون، وەبەکاری کوشتنی خەڵک و ڕاوەدوونان و تۆقاندن و پلانگێران و تەنگ پێهەڵچنینی لایەنگراتمان هەڵدەستن وە کەوتونەتە کڕینی خەڵکی و تەنانەت لایەنگراتی ئێمەش ئەو پارتیەی کەدەتانەوێ هاوپەیمانتان بێت، بێ ئەوەی سزا درابن یا لەسنورێک ڕاکرابن ـ یا لێیتچانەوەیان لەگەڵدا کرابێ، وە ئەگەر بەرگریەکیش لەلایەن لایەنگرانی پارتیمانە ڕویدابێ بۆ خۆپاراستن بوە یان هەندێ جار ئەمانیش بەهەمان شێوەی دەزگاکانی ئێوە ڕەفتاریان لەتەکدا کردون.

* مەرجی پانزەهەم: ئێمە هەمان مەرج لەپارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست داوا دەکەین، زۆرباش دەزانن کە چەند هاونیشتمانی لەلایەنگرانی ئێمە و لایەنەکانی تر و کەسانی تریش فڕێندراون و زیندانی کراون لەبەنەدیخانەکانی خۆتاندا ئەشکەنجە دەدرێن و کراونەتە کۆچی قوربانی ئەو شێوە ڕەفتارە نامۆیەی دونیای سەردەم. وەئەو کەسانەی ئێوە بەلایەنگرانی شۆڕشیان دەزانن و گوایە لەلایەن پارتیمانەوە گیراون، لەڕاستیدا ئەوانە هەموویان لەو کەسانەن کە بەکارهێنراون بۆ کوشتنی خەڵک لەناوچەکوردیەکان وە بۆ تەقاندنەوەی مین و نارنجۆک و کاری خراپکاری، ئێمە ئامادەین بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە لەگەڵ هەردوو لامان‌دا.

* مەرجی چواردەهەم: ئێمە پێمان وایە ئەو بەڕێوەبەرێتیانەی لەسەر پارتیمان دەکەون، هەستاون بە جێبەجی کردنی یاسا، نکوڵ لەوەش ناکەین کە کەم و کوڕی لەو مەیدانەدا لەلایەن هەندێکیانەوە بوە، بەهۆی ئەوبارودۆخە ئاڵۆزەی کەدروست کراوە لەبەردەم جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنی ئازاردا، وەهەندێکیان بونەتە قوربانی ئەو بارودۆخە. وە بەداخەوە دەڵێین کەئەو مافەی بڕیاردراوە بدرێت بەگەڕانەوەی کورد لەوناوچانەی کەلێپرسراوانی بەعس بەڕێوەی دەبەن، دژی دەوەستن و ڕێگە لەجێبەجێ کردنیشی دەگرن

* مەرجی نۆزدە: تکایە ئاگادارمان بکەن لەو فەرمانانەی کە دەوڵەت داویە بەسەر ئەو بەڕێوبەرانەی کەسەر بە ئێمەن و جێبەجێیان نەکردوە ئێمە پشتگیری هەموو لێپێچانەوەیەکی ڕەوا دەکەین کە بەرامبەریان بکرێ و بەرامبەر هەموو کەسێکی تری جێبەجێ نەکەریش بکرێت لەکورد و عەرەب.

* مەرجی بیستەم: ئێمە دەڵێین کە حکومەت و دەزگا بەرپرسیارەکان دژی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ زێدی خۆیان چ ئەوانەی کە پێش ئازار یان پاش ئازار ڕاگوێزراون، بەڵام دەربارەی گەڕانەوەی ئەو عەشیرەتە کوردانەی کە لەقەزای ئاکرێ وە پاش دروست بوونی ئاشتی ڕەویان کردوە لەناوچەکە، ئێمە بەپێی ڕێکەوتن نامەیەک کە نوسرابوو هەوڵی زۆرمان دا بۆ گەڕانەویان بەڵام شێوەی گەڕانەوکەیان بەپشت گیری هەندێ لایەنی دەسەڵاتداری دەوڵەتەوە تەواو پێچەوانەی ڕێکەوتنەکەمان بوو، کە بە چەکێکی ئێجگار زۆر و سامانێکی زۆرەوە وە بەشێوەی چەکداری ڕێکوپێک کراو بەفەرماندەیی چەند ئەفسەرێکی سوپاوە گێردرانەوە نەک گەڕانەوە، وە هەر لەگەڵ گەڕاندنەوەیاندا کەوتنە پەلاماردانی گوند و موڵکی خەڵکی تری ناوچەکە و ئاژاوەنانەوە کە بوبە هۆی ڕەوکردنی سەدان خێزانی ناوچەکە لەترسی ئەوان. وە ئێمە گێڕانەوەی ئەوانە بەهێزی چەک و سەپاندنیان بەسەر خەڵکی تردا پەسەند ناکەین. ئێمە ئامادەی یارمەتیدانی هەموو کەسێکین کە بیەوێ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی وە بەئارامی و ئاشتی لەناوچەکەدا بژی، بەکردەوەش هەزاران خێزان بەو شێوەیە گەڕاوتەتەوە و چەند لەتوانامانادابوبێت یارمەتیمان داون و پێمان وایە ئەوە ئەرکی مرۆڤایەتی و نیشتمانیمانە.

* مەرجی بیستویەک: بە تەواوی پشتگیری ڕایەکەتان دەکەین سەبارەت بەدەست نەخستنە کاروباری ڕۆژانەی حکومەتەوە، چ لەلایەن هەرلایەکەوە بێ وە داواکارین کە ئەم مەرجە بۆ سەرتاسەری عێراق بێت.

* مەرجی بیستودوو: بە تەواوەتی لەگەڵتانین وە داواکارین کە بەزووترین کات ئەو کۆمیتەیە دروست بکرێت.

* مەرجی بیستوسێ: ئێمەش قایلین و ئامادەین بەمەرجێ ببێتە بڕیار بۆ سەرتاسەری عێراق بەکوردستانیشەوە، گەرچی هەموو زینداتیەکانی لای ئێمە لەوانەن کە تەرخان کراون بۆ تەقاندنەوەی بارەگاکانمان و کوشتنی ئەندامان لێپرسراوانمان و ئاژاوە نانەوە.

* مەرجی ٥،٢ - ئێمە داوا لەسەرکردایەتی هەرێمایەتی (بەعس) دەکەین کە خۆی بخاتە شوێنی ئێمە و سەیری ئەو دوو مەرجە بکات، ئایا دەتوانێت ئەو دوو مەرجە لەیەک کاتدا جێبەجێ بکات؟ لەلایەکەوە ماف و ڕێگا بە پارتیەکەی خۆتان دەدەن پەیوەندی بە هەموو کەسەوە بکەن لەکوردستاندا و تائێستاش ئەو پەیوەندیانەتان بریتیی بووە لەهەوڵدان بۆ لاوازکردنی پارتیمان بەکڕینی خەڵکی بەپارە و بەچەک، بەڵام لەلایەکی ترەوە داوا لەئێمە دەکەن کە پەیوەندی بەهیچ لایەنێکی ترەوە نەکەین. بیانوشتان ئەوەیە کە هەرچی ئێوە پەیوەندی پێوەبکەن نیشتمان پەروەرەو هەرچی ئێمەش پەیوەندی پێوە بکەین کۆنەپەرستە و دوژمنی شۆڕش، ئەو بیانوانە هەرگیز نابنە پاساوی هەڵوێستەکانتان. مەبەستتان لەهەردوو مەرجەکە یەک شتە ئەویش وەتەق خستنی بزوتنەوەی کورد و هەڵتەکاندنی، و دروست کردنی چەندین ناوەندی هێزە لەکوردستاندا. لە ڕاستیدا هاوبەشیمان لەحکومەتدا بەوەزیرەکانمان وە لەزیندانەکانیشدا بەبەندییەکانمان هەڵوێستی ئێمەی (احراج)کردوە، بەڵام لەبەر سووربوونمان لەسەر بەرژەوەندی گشتی و یەکیەتی نیشتمانی و ئاڵۆزنەکردنی بارودۆخەکە لەوە زیاتر، وەزیرەکانمان لەحکومەتدا هێشتۆتەوە لەگەڵ ئەو هەموو بارودۆخە ئاڵۆزەی کەبەسەر پەیوەندی نێوانماندا هاتوە.

* مەرجی دوانزە: ئێمە هەمیشە دژی سەرەتای پاوان کردن بووین و پێش و پاش بەیانی ١١ی ئازار لەهەموو دەزگاگەلی و ڕەسمیەکاندا ئەوە سیاسەتمان بووە، کەس ناچاری نەکردین لەپێنج وەزیر دوو وەزیریان لەوانە هەڵبژێرین کە حیزبی نین، ئەوە حکومەتە کەلەو ناوچانەی کەمایەتی نەتەوایەتی تری تیایە وە تەنانەت لەهەندێ شوێنی تری کوردستانیشدا ئەو سیاسەتەی بەکارهێناوە کە هەرچی لەحیزبەکەی خۆیدا نەبێت هیچ کارو فەرمانێکی نەدرێتێ. گەر سەرنج لەهەسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک بدەن بۆتان دەردەکەوێت کەنزیکەی نیوەی فەرمانبەرەکان و موچەخۆرەکانی ئەندام و لایەنگری ئێمە نین. وە لەڕووی نوێنەرایەتیمان لەدەزگا ناوەندیەکاندا بەشێکی ئەو فەرمانبەرانەی کە دانراون و گۆڕدن بێ ئاگاداری ئێمە بووە، بەڵام ئێمە شانازی بەهەموو کەسێکی نیشتمان پەروەری دڵسۆزەوە دەکەین کە خزمەتی گەلەکەی بکات و هەڵوێستیشمان کاتی خۆی بەرامبەریان باش بووە.

* مەرجی سیانزە: پارتیمان سیاسەتی خۆی لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی حیزبی خۆی دانەڕشتووە، بەلام کەم جار وەهەرگیز دان بەبچوکترین مافی گەلی کورد دا نەنراوە بێ داواکردن، بۆیە هەمیشە بەسووربوونی تەواوە داوای داخوازیەکانی گەل بکەین، چونکە گەلی کوردیش داوامان لێدەکات ئەوەی کە ئێوە بەبەرژەوەندی تایبەتی پارتیمانی دەزانن، دەتوانین سێدان نموونەتان لەسەر مەغدووری گەلی کورد بۆ بێنینەوە، وەئەگەر ئێمەش لەسەر داواکانیان بێدەنگ بین ئەمیش مەغدووریەکی ترە.

* مەرجی ۲٥،۱٥ : سەبارەت بەقەدەغەکردنی حاڵەتی چەکدرای لەهەموو ئەوناوچانەی کە کوردی تیادەژی، ئێمەش لەگەڵ ڕاکەی ئێوەداین بۆ قەدەغەکردنی وەئەنجامێکی باشیشی دەبێت لەسەر گەڕانەوەی پەیوەندی سروشتی نێوان ئێمە وئێوە، بەلام ئەگەر لایەنگرانی ئێمە لەدێهاتەکاندا چەکدارن، پارتی ئێوە لەناو شارەکاندا چەک بەسەر دۆستان و لایەنگرانی خۆیدا دابەش دەکات لەسەرتاسەری وولاتدا، وەلەوناوچە کوردیانەی کەکەمایەتی نەتەوەیی تێدایە، هەڵدەستن بەدابەش کردنی چەک بەسەر ئەو خەڵکانەی کەدژایەتی پارتیمان دەکەن جا لەشار بێت یا لەلادێ، وەبەئاشکرا مەشقیان لەسەر چەکەکان پێدەکەن، کە ئەو ڕەفتارانە بوەتە هۆی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا.

* مەرجی هەژدە: گوایە بارەگاکانمان کراوەیە بۆ ئەو کەسانەی دژی شۆڕش و حکومەتن، ئەمە جگە لەوەی ڕاست نیە پێوەندی زۆریشی پێوە دیارە، ئەو کەسانەی کەئێوە بەکۆنەپەرستیان دەزانن و لای ئێمەن ولەمەوپێش ئاگادرمان کردوون، هەر ئەو کەسانەن کەلێپرسراوە گەورەکانتان کاتی خۆی هەولیان لەگەڵ داون و کۆمەڵێ پەیمانیان پێداون و وەرەقەی (عدم التعرض)یان داونەتێ، بۆچی ئەگەر لای ئێمەبن کۆنەپەرستن و گەر لای ئێوەبن پێشکەوتوخوازن؟، بەلام ئەوەی کەپێویستە هەردوولامان بیکەین وەلەسەر ڕێکەوین بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی باش و نوێ، ئەوەیە کەهیچ لایەکمان دالدەی دوژمنەکانی لاکەی تر مان نەدەین.

* مەرجی (۲۸،۳۱): تاوانبارکردنمان بەکۆمەڵێک تۆمەتی پوچ و بەتاڵ و نەبوو، یان پەیوەندیمان لەگەڵ دوژمنەکانی حکومەت لەناوەوە و دەرەوەی وولات بەشێوەیەکی فراوان.

هۆی سەرەکی ئەو پەیوەندیانە زۆر یا کەم ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی نێوان هەردوو پارتیمانە، وەکلیلی ئەم مەسەلەیەش بەدەست دەوڵەتەوەیە زیاتر لەوەی کەبەدەست ئێمەوە بێت، وەماوەی نێوان بڵاوکردنەوەی بەیانی ئازار و تا ٢٩\ئەیلولی\١٩٧١ باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە، بەلام سەبارەت بەقاچاخ ئێمە ئامادەیی بەرەبەرەکانی کردنی ئەو دیاردەیەمان تیایە کەڕچی ئەوە دیاردەیەکە لەسەر تاسەری سنورەکان کەم یان زۆر هەیە، ساڵی ڕابردوی تەنیا لەپارێزگای سلێمانیدا داهاتی گرتنی شتی قاچاخ گەیشتە ٣ ملیۆن دینار، بەهۆی ڕێگرتن لەقاچاخ چێتی و دەست بەسەراگرتنی شتی قاچاخەوە، بەلام تۆمەتی لەناونەبردنی دیاردەی قاچاخ چێتی دژی بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی لەو ساڵەدا هەر بەردەوام بوی.

* مەرجەکانی (٤، ٢٦، ٢٧) ئەمانە هەمویان تۆمەتن دەیدەنە پاڵمان نەک مەرج، وەهەموشیان تۆمەتی ناڕەوان و هیچ بەڵگەیەکی ئاشکراتان لەسەری نییە، مەرجی ٤ تان، ئێمە هەرگیز دژایەتی کەسانی نیشتمان پەروەری ئێرانیمان نەکردوە و کەسیشمان تەسلیم بەحکومەتی ئێرانی نەکردۆتەوە، مەرجیش نییە هەرچی ئێوە بەنیشتمان پەروەری بزانن وابێت. بۆ نمونە خەڵکە نیشتمان پەروەرەکانی ئێرانی خۆشیان هەردوو جەنەڕاڵ (بەختیاری، تەباهییان) بەکەسانی نیشتمان پەروەر دانانێن.

* سەبارەت بەوەی کە ئێمە کۆسپ دەخەینە بەردەم جێبەجێ کردنی مافی فەرهەنگی و بەڕێوەبەرێتی کەمایەتیە نەتەوەییەکان، لەیەکەم دانیشتنی وتووێژی ئازاردا نوێنەرەکانی ئێمە باسی پێویستی دانی مافی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی لەگەڵدا کردون کە هەتدی؟ - لەئەندامانی نوێنەری پارتی بەعس بەوباسە داچڵەکیون، بەلام بەبێچونی ئێمە بۆ مەبەستی تاکتیکی خۆتان پێش جێبەجێکردنی بەیانی ئازار، بڕیاری دانی مافی فەرهەنگی تورکمانەکانتان دەرکرد، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کەگومانمان لەو مەبەستەتان هەبو هەر پشتگیریمان کرد، ئەمساڵیش بڕیارێکی ترتان بۆ دانی مافی فەرهەنگی بەوانەی کەبەزمانی سریانی دەدوێن دەرکرد، ئێمە بەخۆشحاڵیەوە ئەوەشمان وەرگرت و بەرگری لەمافەکانیشیان دەکەین وەچەندیش بتوانین یارمەتیان دەدەین، چونکە ئەو هەڵوێستەمان هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی پارتیمان وگەلی کوردە کە لەهەموو گەلێکی تر زیاتر بەئاگری چەوساندنەوەوە سوتاوە لەهەموو لایەنێکیش باشتر هەست بەگرنگی مافی

کەمایەتیەکان دەکات، بەڵام ئەی بۆچی لەپەیمانی کاری نیشتمانی (میثاق العمل الوطني) دا هیچ باسێکی ئەو کەمایەتیە نەتەوەییانەتان نەکردوە؟. بەڵام بابێینە سەر ڕادەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەتان، وەک دەزانن دڵسۆزی و عیبرەت لەنوسینی بڕیاردا نیە بەڵکە خۆی لەجێبەجێ کردندا دەنوێنێ، بۆنمونە: قەرای تەلعەفەر کەژمارەی تورکمانەکان لە ٧٠ هەزار کەس پترن بۆ یەک قوتابخانەی تورکمانیتان بۆ نەکردنەوە؟، لەکەرکوک دا بۆ دوای تێپەڕبونی یەک ساڵ بەسەر بڕیارەکەتاندا ژمارەی قوتابخانە تورکمنیەکانتان لە سەد قوتابخانەوە کەم کردەوە بۆ چل قوتابخانە. بەهۆی بڕیاری دانی مافی فەرهەنگی بەسریانیەکان بەزۆر بەسەر ئەوانیشدا داسەپاند کە لەباتی زمانی کوردی دەبێت تەنیا بەزمانی عەرەبی بخوێنن لەکوردستاندا.

* سەبارەت بەبڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ کەمایەتیە نەتەوەییەکان کەناوچەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان هەبێ، ئێمە تێبینی خۆمان هەیە. پێویستە لەپێشدا سنوری ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی دوو نەتەوە سەرکیەکەی کورد و عەرەب دیاری بکرێت، ئەوسا ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو کەمایەتیانە لەناو ئەو دوو ناوچەیەدا دیاری بکرێت، وە ئەگەر بەو جۆرەنکرێ و هەر ڕێگەیەکی تر بگرنە بەر ئێمە پێمان وایە کەدەتانەوێ بەو بیانەوە ناوچە بەڕێوەبەرایەتیەکانی کورد کەم و تەسک بکەنەوە.

* مەرجی (٢٢) کە چەکە قورسەکان بدەینەوە بە حکومەت:

ئاشکرایە کە ئێستاکە داوالیکردنمان بەچەکە قورسەکان بەحکومەت دەرچونە لەڕێکەوتن نامەی ئازار. مادەی پانزە لەڕێکەوتنەکەی ئازار دەڵێ کەلەقۆناغی دوای جێبەجێ کردنی بەیانەکەدا تەسلیم بکرێتەوە، پێمان وایە کەئێوەش لەگەڵ ڕایەکەی ئێمەن کەهێشتا زۆر دوورین لەقۆناغی جێبەجێ کردنی بەیانەکە، گەرچی واتەڕێکە ئەو ماوەیەی بۆیدانرابوو بەرەو تەواوبون دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەکردەوە بەشێکی چەکە قورسەکانمان لەگەڵ ئێزگەکەماندا دایەوە بەحکومەت وەک پیشاندانی نیازی باشمان، بەڵام گەر بەعسیەکان پێیان وایە ئەو چەکانە کۆن و بێکەڵک بون هەموو چەکەکانی تریشمان هەر کۆنن.

* مەرجی بیست و نۆ: دەربارەی پاسەوانی سنور ئەوەتان بۆ روون دەکەینەوە کە جیاوازی لەنێوان بۆچونی ئێمە و ئێوەدا هەیە لەسەری. ئەوانە کە بەشداریان کرد

لەداڕشتنی ڕێکەوتنەکەی ئازار بەتایبەتی لەسەرکردەکانی پارتی بەعس باش دەزانن کەمەبەستی سەرەکی لەبنیاتنانی پاتەوانی سنور بۆ مسۆگەر کردنی پاراستنی (گەل) ێک بوو کەماوەی ۱۰ ساڵە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و شەڕو پەلامار دەبێتەوە، نەک وەک هەندێ لێپرسـراوتان کەبەو چاوەسەیری دەکەن تەنیا بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان بێت.

پاسەوانی سنور هێزێکی ناوچەیی یە و قایل نابین سەر بەوەزارەتی بەرگری بێت. ئێمە داوادەکەین کەفەرماندارییەکیان بۆ دیاری بکرێت بەشێوە بەڕێوەبەرایەتی وەبەرەزارەتی ناوخۆوە ببەسترێتەوە کەسەرپەرشتی مەشق و پشکنینی ئەو فەوجانە بکات، هیواداریـن چارەیەکیش بۆ کێشەی فەرماندەیی ئەو فەوجانە بدۆزنەوە کەتا ئێستا جگە لەداتای فەرماندەکانیان چیتر لەو بارەیەوە نەکراوە. پێشمان وایە کەهیچ بەڵگەیەک نییە بۆ گوێزانەوەی فەوجەکان لەو شوێنە دیاریکراوانەی کەلەسەری ڕێککەوتوین. ڕای ئێمە وایە دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ فەوجەکان و چارەسەرکردنی کێشەی فەرماندەیی فەوجەکان لەڕووی جۆری بەڕێوە بردن و موچەیانەوە هەموو پێشنیارەکانی ترتان چارەسەر دەکات کەکردوتانە دەربارەی پاسەوانەکانی سنور وە ئێمەش لەگەڵ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانتانین.

* مەرجی ۳۰: ئێمە دروشمی (دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)مان پێش بەیانی ئازار و پێش هاتنی بەعسیش بۆ سەر حوکم هەڵگرتوە. ئێمە هەر لەساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی کوردییەوە ئەو دروشمەمان بەرزکردۆتەوە کەتائێستاش ڕەنگ دەرەوەی خواستەکانی گەلی عێراقە بەکورد و عەرەبییەوە، وەئەشمان ویستوە کەکوردستان لەو دیموکراتیەتە بەدەر بێت.

* پێمان وایە لەڕاستییەوە دوورتین گەر بڵێین ئەو لایەنگری و پشتگیرییەی کەپارتیمان لەناو جەماوەردا بەدەستی هێناوە هیچ پارتییەکی تر نەلەدەرەوەی کوردستان و نە لەناوەوەی کوردستان بەدەستی نەهێناوە، ئەو سەربەستییەش کەلایەنەکانی تر لەناو کوردستان دا هەیان بوە لەهیچ شوێنێکی تر دەستیان نەکەوتوە کە هەزاران لەسەرکردایەتی و کادرانی لایەن و پارتە نیشتمانیەکانی تر لەسایەی ئەو سەربەستییەوە چ عەرەب و چ کورد گیانیان لەمەرگی حەتمی ڕزگار بوە.

* مەبەستتان لەهێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان کێیە وەچ لایەکن؟. گەر مەبەستتان پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست بێت، پارتی بەعس رەگ و ریشەی لەناو گەلی کورددا نی‌یە، وەهۆیەکەشی دیارە کەهەموو دروشمەکانی بەعس و مێژووی بەعس پەیوەندە بە خواستەکانی نەتەوەی عەرەبی‌یەوە، ئێمەش دژی هیچ بیروباوەڕێک نین کەبەڕێگای ئاسایی و گونجاو بڵاوبکرێتەوە. بەلام گەر تاقمێک کۆبکرێنەوە و پارە و چەکیان بدرێتێ و لەژێر باڵی حکومەتدا بکەونە پەلاماردانی هاونیشتمانان و گرتنی خەلکی و تۆقاندنیان و تالانکردن و کاول کردنی ماڵی خەڵکی و ئێمە هەمیشە دژی دەوەستین و بەربەرەکانی دەکەین وەبەربەرەکانیشمان کردوون. چونکە ئەوانە کاری پارتایەتی نین بەڵکە چلکاوخۆری و کاسەلیسی‌یە، وەدەقی ئەم بۆچوونەمان بەسەر ئەوانەشدا جێبەجێ دەکرێت کەناویان لەخۆیان ناوە یا ڕاستر وایە ناویان لێنراوە (بەرەی رزگاری کوردستان) کەپارە و چەکیان دراوەتێ و وەشوێن بارەگای لیژنەی ئاشتی پێشویان پێدراوە بیکەنە بارەگای خۆیان و لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەتەوە بەیانەکانیان بۆ چاپ و بڵاودەکرێتەوە. تۆبەرەی کارەکانی ئەو تاقمە بریتی بوو لە ناردنی لوغم و مین بەشێوەی دیاری بۆ لێپرسراوەکانی پاسەوانەکانی سنور و بەپرسەکانی بزوتنەوەی کوردی.

* لەیادداشتەکاندا ئاوانبارتان کردوین کەئێمە بارەگامان لە ناوچەکانیعەرەبیدا هەیە و ڕێگە بەئێوە نادەین لەناوچە کوردیەکاندا رێکخراوکانتان کاربکەن. ئێمە لەو ناچە عەرەبیانەی کە بارەگامان هەیە پەیوەندیمان تەنیا بەکوردەکانی دانیشتوی ئەو شوێنانەوە هەیە، وەهیچ لاریەکیشمان لەوە نی‌یە کە پارتی بەعس پەیوەندی بە عەرەبەکانی ناوچە کوردیەکانەوە بکات. بەلام ئێمە لەشێوەی پەیوەندیتان بەخەڵکە کوردەوە دلگرانین بەتایبەتی کەلەشێوازی کاری سیاسی دەرچوبێت و بۆ مەبەستی کاری تر بەکاربهێنرێن.

* مەرجی (٤١١) کەتایبەتە بەدیاری کردن و یەک پێگرتنی ناوچەی کوردی:

لەڕاستیدا حکومەت گەر بیەوێت سەرژمێریەکی ڕاست و دوور لەپاڵەپەستۆ و کارتێکردن دەست پێبکات دەتوانێ هەموو کۆسپەکانی بەردەم سەرژمێری لابەرێت. بەلام پێشنیاری پارتی بەعس تایبەت بەدیاری کردنی ناوچەی کورد-ی و یەک پێگرتنەوەی ئەو ناوچە و بەڕێوبەرایەتیانەی کەبەتەنیاکوردی تیادا دەژی، ئێمە ئەوە بەتەسک کردنەوەی ناوچەی کوردی دەزانین. ئەم پێشنیارە بۆ ئێمە نوێ نی‌یە،

* مەبەستان لەهێزە نیشتمانی و پێشکەوتو خوازەکان کێیە وەچ لایەکە؟، گەر مەبەستان پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست بێت، پارتی بەعس ڕەگ و ریشەی لەناو گەلی کورد دانییە، وەهۆیەکەشی دیارە کەهەموو دروشمەکانی بەعس و مێژووی بەعس پەیوەندە بە خواستەکانی نەتەوەی عەرەبییەوە، ئێمەش دژی هیچ بیروباوەڕێک نین کەبەڕێگای ئاسایی و گونجاو بلاوبکرێتەوە. بەلام گەر تاقمێک کۆبکرێنەوە و پارە و چەکیان بدرێتێ و لەژێر بالی حکومەتدا بکەونە پەلاماردانی هاونیشتمانان و گرتنی خەلکی و تۆقاندنیان و تالانکردن و کاول کردنی مالێ خەلکی و ئێمە هەمیشە دژی دەوەستین و بەربەرەکانی دەکەین وەبەربەرەکانێشمان کردون، چونکە ئەوانە کاری پارتایەتی نین بەلکە چلکاوخۆری و کاسەلیسی‌یە، وەدەقی ئەم بۆچونەمان بەسەر ئەوانەشدا جێبەجێ دەکرێت کەناویان لەخۆیان ناوە یا ڕاستر وایە ناویان لێنراوە (بەرەی ڕزگاری کوردستان) کەپارە و چەکیان دراوەتێ و وەشوێن بارەگای لیژنەی ئاشتی پێشویان پێدراوە بیکەنە بارەگای خۆیان و لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی دەولەتەوە بەیانەکانیان بۆ چاپ و بلاودەکرێتەوە. ئۆبەرەی کارەکانی ئەو تاقمە بریتی بوو لە ناردنی لوغم و مین بەشێوەی دیاری بۆ لێپرسراوەکانی یاسەوانەکانی سنور و بەپرسەکانی بزوتنەوەی کوردی.

* لەیادداشتەکاندا تاوانبارتان کردوین کەئێمە بارەگامان لە ناوچەکانی عەرەبیدا هەیە و ڕێگە بەئێوە نادەین لەناوچە کوردیەکاندا ڕێکخراوکانتان کاربکەن، ئێمە لەو ناچە عەرەبیانەی کە بارەگامان هەیە پەیوەندیمان تەنیا بەکوردەکانی دانیشتوی ئەو شوێنانەوە هەیە، وەهیچ لاریەکیشمان لەوە نی‌یە کە پارتی بەعس پەیوەندی بە عەرەبەکانی ناوچە کوردیەکانەوە بکات. بەلام ئێمە لەشێوەی پەیوەندیتان بەخەلکە کوردەوە دلگرانین بەتایبەتی کەلەشێوازی کاری سیاسی دەرچوبێت و بۆ مەبەستی کاری تر بەکاتهێنرێن.

* مەرجی (٣١): کەتایبەتە بەدیاری کردن و یەک پێگرتنی ناوچەی کوردی.

لەڕاستیدا حکومەت گەر بیەوێت سەرژمێریەکی ڕاست و دوور لەپالەپەستۆ و کارتێکردن دەست پێبکات دەتوانێ هەموو کۆسیەکانی بەردەم سەرژمێری لابەرێت. بەلام پێشنیاری پارتی بەعس تایبەت بەدیاری کردنی ناوچەی کوردی و یەک پێگرتنەوەی ئەو ناوچە و بەڕێوبەرایەتیانەی کەبەتەنیاکوردی تیادا دەژی، ئێمە ئەوە بەتەسک کردنەوەی ناوچەی کوردی دەزانین. ئەم پێشنیارە بۆ ئێمە نوێ نی‌یە،

٥- كارگردن بۆ نەهێشتنی ئەو بارودۆخە ناهەموارییەی نێوان هەردوو سەرکردایەتی پارتییەکە.

بەشی دووەم

١- ڕاگرتنی بەعەرەب کردن و بەبەعسی کردن و تێکدانی بونی نەتەوایەتی ناوچەی کوردی، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کەکەمایەتی نەتەوەیی تێدایە، ڕاگرتنی پەیوەندیتان بەکوردەکانەوە لەپشتی ئێمەوە، ئەگەر مەبەستان هاوکاریە لەگەڵ ئێمەدا

٢- دروست کردنی پەیوەندیەکی ڕاستگۆیانەو هاریکاریانە لەنێوان سەرکردایەتی هەردوو پارتدا (پدک، بەعس)، پێمان وایە ئەو جۆرە پەیوەندیەی کەلەناو گەوهەری بەیانی ئازاردا هاتوە و ئەو دوو لایەش بەیانەکەیان مۆرکردوە هەر ئەو دوانەش ئەتوانن بەیانەکە جێبەجێ بکەن،

٣- زمانی کوردی بکرێتە زمانێکی ڕەسمی بەپێی ئەو سەرەتایانەی کەلەم وەلامەدا باسمان کردوە.

٤- هاوبەشی کردنی گەلی کورد لەحوکمدا و جێبەجێ کردنی، وەبۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە دەڵێین داواکاری ڕەوای گەلی کورد ئەوەیە کەبەڕێژەی دانیشتوانی هاوبەشی دەسەلاتی (تشریعی و تنفیذی) ناوەند بکات، کەبەندەکانی (١٥،١١) ی بەیانی ئازار بەڕوونی باسی لێوەکردوە،

٥- دیاری کردن و یەک پێگرتنەوەی ناوچەکوردیەکان بەپێی ڕێکەوتن نامەی ٢١١ی ئازار، کەبڕیاربوو ئەم کارە لەساڵی ١٩٧٠ دابکرایە، وەماقی خۆمانە کەئێستاکە ٣/٢ی ماوەی جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی تێپەڕیوە ئەو داوایە بکەین. بۆ جێبەجێ کردنی ئەمەش پێویست بەدروست کردنی بارودۆخی ئاسایی و گونجاو دەکات لەو ناوچانەی کەبۆچونی جیاوازمان لەسەری هەیە ئەویش بە پێکهێنانی بەڕێوبەرایەتیەکی هاوبەش تیایاندا، وە ئەو سەرەتای سەرژمێرییەی کە هەسبەری ڕێک کەوتین ئێستاش خۆمانی پێوەدەبەستینەوە، وە پدک ئامادەی ئاوتوێ کردنی هەر پێشنیاریکە لەوبارەیەوە پارتی بەعس بیکات،

٦- داتانی بودجەیەکی ڕەوا بۆ کوردستان لەبەرنامەی بەگەڕخستنی سەرمایە (استثمار) و نەخشەی پێنج ساڵەدا، هەر بەم بۆنەیەوە دەمانەوێت لێرەدا ئەوە باس بکەین کەئەمساڵ گیانی ڕەوایمان (عدالە) لەبڕیارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی

نەخشە و سەرۆکی کۆمیتەی ئاراستەکردن بینی ئەویش بەوەی کە پرۆژەکانی ناوچەی کوردی نەبەستەوە بەسیاسەتی ئەقەشوفەوە.

٧- داناانی سەرۆکی ئاسایش و موخابەرات لەدەزگا موخابەرات و ئاسایشەکانی ناوچەی کوردیدا بەپاوێژی هەردوولامان بێت و وەفوتابیەکوردەکانیش بەپێی رێژە لەزانکۆی پۆلیس و سەربازی و فڕۆکەوانیدا وەربگیرێن و هەروەاش لەزەمالە و ناردنە دەرەوەشدا.

٨- دیاری کردنی کات و شێوەی ئۆتۆنۆمی: دیارە کە درێژترین کاتی جێبەجێ کردنی ئوتونۆمی لەنێوانماندا بە ٤ ساڵ دیاری کرا، وەبڕیاربوو کەلەساڵی یەکەمیدا دیاری کردن و یەک پێگرتنەوەی ناوچەکوردیەکان بکرێت هەروەک لەبڕگەی ١٤ی بەیانی ئازاردا هاتوە. وەئەگەر هەر لەئێستاوە دەست بەکاربین بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵە ئەوەندەی کات دەوێت کە تا جێبەجێ کردنی تەواوی ناوەرۆکی ئەم بەندە لەکۆتایی ماوەی دیاری کراوەکەشمان نزیک دەخاتەوە. وەپێشنیار دەکەین کەهەردوولامان شێوەی ئۆتۆنۆمی پێشکەش بەیەک بکەین و لەسەری رێکەوین کەبەلای ئێمەوە گەوهەری ئۆتۆنۆمی بریتی‌یە لەدامەزراندنی کیانی نەتەوەیی لەچوارچێوەی یەکیەتی نیشتماندا.

٩- چارەیەک بۆ کێشەی کوردە فەیلی و گۆیان و ئۆمەریان و کەسانی تریش کەبێ بەرین لەجنسیەی عێراقی بدۆزرێتەوە و وەرنگەبە ڕاگوێزراوەکانیان بدرێت کەبگەڕێنەوە سەرشوێن و جێگەی خۆیان کەبەپێچەوانەی ڕێکەوتن نامەی ئازارا ڕاگوێزراون.

١٠- لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پیلانە بکرێت کەلە ١٩٧١/٩/٢٩ وە ١٩٧٢/٧/١٥ دا کرا بۆ کوشتنی سەرۆکی پدک، وەسزای ئەوانە بدرێت کەلەلێکۆڵینەوەدا تاوانباربون ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونەوەی بڕوامان بەیەکتری و وەگرنگی تایبەتی خۆیشی هەیە لەڕووی دادوەری و دەسەلاتی یاساوە.

١١- لیژنەی ئاشتی و چاودێری کردنی بەیانی ئازار: هەر لەسەرەتای دروستبونی ئەم لیژنەیەوە تائێستا هیچ دەسەلاتێکی نەدراوەتێ، ئەوەی کەدەسەلاتی دراوەتێ تەنیا سەرۆکی لیژنەکەیە، کەئەویش پاش ماوەیەک دەسەلاتەکەیان لێسەندەوە، شک لەوەداتی‌یە کە ئەم لیژنەیە لەساڵی یەکەمیدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا ی چالاکی زۆری نواند، بەلام ماوەیەکی زۆرە لیژنەکە کەنەفت بوە، کەهۆکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەیوەندی ئەم دواییەی نێوانمان، ئێمە پێشنیار دەکەین کە

دەسەلاتی تەواو بە لیژنەی ئاشتی بدرێتەوە وە پەیرەوێکی ناوخۆشی بۆ دابنرێت دەربارەی جۆری کارکردن و هەستاتی بە چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی بەیانی ئازار.

برایان:

ئێمە کە ئەم کێشانەتان دەخەینە بەرچاو و زۆر بە ڕاشکاوی باسمان کردوە ئامادەیی خۆشمان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە دەردەبرین بە پێی ڕێکەوتنەکەی ئازار. ئەو خالانەش کە لەم یادداشتەدا دەستنیشانمان کردوە پێمان وانییە کە بەهیچ جۆرێک داواستاندنی لەسەر ناکرێت، وەپێشمان وایە بەستنەوەی ئەم خالانەی ئێمە بەو مەرجە ڕەوایانەی کەلەیادداشتەکەی ئێوەدا هاتوە هەردوولامان لەئەنجامدا ڕادەکێشێ بۆ دروستکردنی باروودۆخێکی باش و ئاسایی، کەئەو باروودۆخەش ڕامان دەکێشێ بۆ گۆڕانکاریەکی گەورە بەلای باشەدا لەپەیوەندی نێوان هەردوولامان، وەهاوکارانە ڕێکردن بەرەو دروست کردنی ئاشتی نیشتمانپەروەرانە و پێشخستنی کۆمەلایەتی و پتەوکردنی یەکیەتی نیشتمانی.

لەکۆتاییدا سلاوی برایەتمان

٢٨ - ١٠ - ١٩٧٢

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەگەر بەووردی تێبینی وەلامەکەی پدک بکەین چەند ڕاستیەکمان لەمێژوی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی و ئاشتیانەی پدک و بارزانی و شۆڕشی کورد کە ئەوان سەرکردایەتیان کردوە و خۆیان بەخاوەن و میراتگری زانیوە وە پێیان وابوە کە کورد پارتی دەگەیەنێت و پارتیش بارزانی و بارزانیش هەموو کورد و کوردستان بۆ دەردەکەوێت.

١- سەرنجی خالی دووی وەلامی پارتی بدەین کە چۆن بەشانازییەوە باسی دەکەن کە هۆی هەرەگەورە و سەرەکی پچڕاندنی وتوویژی سالی ٩٦٨ یان لەگەل حکومەتدا بریتی بوە لەبونی یەک وەزیری بالی دووهەمی پارتی (جەلالی)، واتە گەر ڕژێمی عێراقی لەوەزارەتی ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ دا بەقسەی پارتی بکردایە، تۆشی

شەڕ نەدەبووەوە لەگەڵ باسکی (مەلایی)دا. لەکاتێکدا هەردوو باڵەکە ئەوکاتە لەگەڵ ڕژێمدا لەوتوویژدابوون، وەمافی ئەوەشیان هەبوو کەبەنوێنەری خۆیان بەشداری حوکم بکەن، لەکاتێکدا کە باسکی (مەلایی) دوو وەزارەتی درابوویە و باسکی (جەلالی)ش یەک وەزارەت. هەروەک لەبابەتەکانی پێشتری کتێبەکەدا ئاماژەم بۆ کردووە کەکۆمەڵێک لەڕۆشنبیرانی کورد ئەو کاتە چ لەوانەی ناو باسکی (جەلالی)و چ کەسانی بێ لایەنیش داخوازیەکیان پێشکەش هەردوولا کرد کە ئەو کاتە لەلوتکەی بەهێزی چەکداریدا بوون ئاشت ببنەوە و یەکبگرنەوە و بەرەیەک پێکبهێنن، بەداخ.. ەوە لەلایەن هەردوولاوە پەسەند نەکرا بەتایبەتی لەلایەن باسکی (مەلایی)یەوە بەتوندی وەڵام درایەوەو داخوازی کەرانیش بەدوژمن و پیاوی ڕژێم ناوبران. وەلەلایەن باسکی (جەلالی)شەوە بەگێرەشێوێن درانە قەڵەم. خۆ ئەگەر ئەو کاتە ئەو دوو هێزە یەکیان بگرتایە گەر لەهێزی ڕژێم بەتواناتر نەبوتایە هاوتایان دەکرد.

٢- لەوەڵامی مەرجی ٢٨،٣ ی بەعسیان دا دەڵێ ماوەی نێوان ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەیانی ئازار واتە لە ١١ی ٣ی ١٩٧٠ وە تا ١٩٧١|٩|٢٩ باشترین پەیوەندی دۆستانەیان هەبوە، وە تێکچوون و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەش لە دوای ٩|٢٩ بوتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان.

ڕۆژی ١٩٧١|٩|٢٩ ڕۆژی دەست پێکردنی چارەڕەشی گەلی کورد و کلیلی کردنەوەی دەرگای ئاش بەتاڵی ١٩٧٥ بوو. ڕۆژی لێدانی زەنگی تێکدانی وتوویژبوو لەلایەن هەردوو لایانەوە. کەهیچ کامیان لەو دوانە واتە پدک و حکومەت نەیانتوانی سروشتی جیانەیەتی خۆیان و ڕەفتاری تاک ڕەوی و خۆپەرستی تەسکی خۆیان کپ بکەن و کەمێک بیر لەبەرژەوەندی گەلی کورد و عێراقیش بکەنەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمی نەبوو لەلایەن ڕژێمەوە ڕۆژی نکوڵ لێکردنی گەلی کورد نەبوو، بەڵکە ڕۆژی جێبەجێ کردنی پلانەکەبوو کەلەسەرکردەی کورد کرا، واتە ڕۆژی دانانی کوشتنی بارزانی.

٣- لەلایەکی ترەوە لەوەڵامی یادداشتەکەدا باسی ئەوە دەکات کە جێبەجێ کردنی بەشێکی مافە فەرهەنگیەکانی گەلی کورد لەساڵی ٩٦٨ دا بۆ بەهێزکردنی شوێن پێی سیاسی جەلالیەکان بوە لەناو گەلی کورد دا و وە بۆ گۆشەگیردنی پارتی.

ئەو مافە فەرهەنگیانە لەسەویەر بەدرێژی و لەجارێک زیاتر باس کراون، کەم یان زۆر کردنەوەی دەرگایەک بوون بۆ گەشەکردنی هونەر و وێژە و مێژووی کورد

و خوێندن بەزمانی کوردی و لەدایکبونی هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی کوردی و کردنەوەی زانکۆ کە مۆرکی شارستانیەتە وە پاشان سەرهەڵدانی بیرێکی پێشکەوتوخوازانە لەناو کورد دا کەلەپاشە ڕۆژدا بوە ناوکی ڕێکخراوێکی شۆڕش گێڕی پێشکەوتوی ئەوتۆ کەگەورەترین ڕوڵی لەبەرزکردنەوەی ئاڵا شۆڕشگێڕانە کەوتوەکەی سەردەمی ئاش بەتاڵدا گێڕا وە بوە هۆی دروستکردنی شۆڕشی نوێ، کەچی دید و بۆچونی ئەوکاتی پەک لەمەڕ ئەو دەستکەوتانە هێندە تەسک بوو بەئامێری گۆشەگیرکردنی خۆی دەزانی.

٤- لەبەراورد کردنی یادداشتەکەی بەعسیان و وەلامەکەی پارتیدا لەسەر پرۆژەی بەیانی ١١ی ئازار و ئۆتۆنۆمی کوردستان دەردەکەوێت کەگۆڕانێکی زۆر بەسەر گەوهەری بەیانەکەدا هاتوە.

بەعسیەکان بەتەواوی لەبەڵێنەکانی ڕێکەوتن نامەی ئازار ژێوان بونەتەوە و کەوتونەتەوە بڕوبیانوگرتن و تەقەلای پوچەلکردنەوەی گەوهەری بەیانەکە و بچوک و تەسک کردنەوەی ئوتۆنۆمی، وەکەمکردنەوەی دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەسەلاتەکانی تەنفیزی و تەشریعی ئایندەی ئۆتۆنۆمی و بێ بەری کردنی هەم پارتی و هەم کوردیش لەدەسەلاتی ناوەندو پلانگێڕان بۆ لەباربردنی ئاشتی لەعێراق و کوردستاندا.

پارتیش کەوتۆتە پێداگرتن لەسەر داخوازی پتر لەوەی کەلەبەیانەکەدا هاتوە، وەپاشەکشە کردن لەهاوبەشی کردنی دەسەلاتی ناوەندو کۆسپ دروستکردن لەبەردەم بەردەوامی ئاشتی و دریژەپێدانی وتوویژ. زۆربەی ئەو بیانوانەی کەهێنراونەتەوە لەلایەن پەک وە وەبەهۆی ئالۆزی باروتۆخەکەی لەقەلەم دەدەن لەسەر دەستکەوتی تاکی و تەمەن کورت و کەم بایەخ و بەرژەوەندی ئەم یا ئەو سەرکردەو ئەندام بوە.

٥- وەلامەکەی پارتی لەسەر چارەسەری کێشەی زەوی هەم لاوازە و هەم بیانوی ناکۆکی عەشایەریشی تیابەکارهێنراوە، هەموو کوردستان نەبریتی یە لەهەرکیایەتی و سورچیایەتی و بارزان وەنەهەموو گەلی کوردیش بریتیی یە لەو سێ عەشیرەتە، تاکو ناکۆکی نێوانیان ببێتە ڕێگری کردن لەچارەسەری کێشەی زەوی لەخواروی کوردستاندا، وەسەدان هەزار جوتیاری کورد لەمافی ڕەوای چینایەی خۆی بێبەری بکرێ و سەدان دەرەبەگ و موڵکداری گەورەش لەشێخ و میر و مەلا و کوێخای بەناو شۆڕشگێڕ ببنە مۆتەکەی سەر سنگی جوتیار و لادێ و شاری کوردستان، گەر هەرکی

و سورچی و بارزانی لەناوچەی پارێزگای دهۆک هەن خۆ لەپارێزگای هەولێر و کەرکوک و سلێمانیدا نین، گەر کەمایەتی نەتەوەیی لەپارێزگای کەرکوک و بەشێکی نەینەوادا هەن خۆ لەپارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانیدا نین، ئەی بۆچی هەر نەبێت لەپارێزگای هەولێر و سلێمانیدا پارتی خۆی بەچارەسەری کێشەی زەوی هەڵنەستا؟ خۆ پتر لەسێ ساڵ بەپراکتیک حوکمی لەهەر سێ پارێزگاکەدا دەکرد.

٦- لەوەڵامەکەی پارتی‌دا دەبینین هیچ کام لەمەرجەکانی بەعس کە ٣١ مەرجن پەسند نەکردوە بۆ هەر مەرجێکیش بەڵگەی بەرپەرچدەرانەی هێناوەتەوە. وەلەدوا بەشی وەڵامەکەشیدا ١١ مەرجیشی بۆ نوێ کردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و بەعس دیاری کردوە، کەبێ شک هەر وەک دەریش کەوت نە پارتی و نەبەعس مشتێکیشیان لەو خەرارە مەرجانە بۆ یەکتری نەسەلماند.

ئەوەی کە جێگەی پرسیارە لەپارتی ئەوەیە بۆچی هەر لەکۆتایی ساڵی ١٩٧١ وە واتە دوای پلانەکە پەیوەندی خۆی نەپساند لەگەڵ ڕژێمدا؟، ئەی بەعسیەکان کەهەرگیز لەنیازیاندا نەبوو بەیانی ئازار جێبەجێ کەن بۆچوارساڵ گێرمەوکێشمەیان بەگەلی کورد کرد؟، دیارە وەڵامی ئەمەیان لەو بەشەدا دراوەتەوە کەبۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکەی ساڵی ١٩٦٨ یان بوە لەڕوی ستراتیجی و تەکتیکەوە، بەلام وەڵامی ئەو پرسیارەی کەلە پارتی کرا لە بابەتەکانی لەمەودوادایە.

بەعسیەکان هەمیشە پارتیان تاوانبار دەکرد بەو پەیوەندیەی کەهەیبو بە ئێران، ئیسرائیل، ئەمەریکاوە بەلام تەنانەت یەکجاریش ئاماژەیان سەبارەت بەپەیوەندی بە سۆڤیەتەوە نەکردوە. لەکاتێکدا کەپەیوەندی بارزانی بەسۆڤیەتەوە بۆ تاوێژی کردن و یارمەتیدانی کورد کەمتر نەبوو لەوپەیوەندیە تووند و تۆڵەی لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل دا هەیبوو، ڕاستی ئەمەش لەو چاوپێکەوتنەی بارزانی و ڕۆمانسیفدا دەردەکەوێت کە لەناوپردان کردیان.

## ٢-٥ گەمەی سۆڤیەت - ئەمەریکا - ئێران - ئیسرائیل لەگەڵ بارزانی

لەمانگی ١٩٧٢/١٢ دا وەفدێکی سۆڤیەتی بەسەرۆکایەتی ڕۆمانسیف کەیەکێک لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شیوعی سۆڤیەت بوو چونە ناوپردان و لەگەڵ بارزانی‌دا وتوێژیان سەبارەت بەتاوێژیوانی نێوان حکومەت و ئەقەلادان بۆ

جێبەجێ کردنی بەیانی ئازار کرد. بارزانی لە وتووێژەدا داوای لە سۆڤیەت کرد کە لایەنگری عێراق نەکات و بە چەکی سۆڤیەتیش پڕ چەکی نەکات، چونکە گەر عێراق بەهێزتر ببێت بێ شک دەکەوێتە پەلاماردانی کوردەکان.

بارزانی لەوە بێ خەبەر بوو کە وەفدی سۆڤیەتی لەسەر داوا و بڕ مەبەستی تایبەتی بەعسیان چووبوونە لای بارزانی، وە داواشیان لە بارزانی ئەوەبوو کە لەگەڵ عێراق ڕێک بکەوێت، وە پەیوەندی و پەیمانی ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل وتووێژ نەپچڕێت. هەڵوێستی نوێنەرانی سۆڤیەت دیار و ئاشکرا بوو لەمەڕ مەسەلەی کورد، وە بەعسیەکانیش پلانی خۆیان جێبەجێ کرد کە بریتی بوو لە نەخشە ستراتیجیەکەیان و وە یەک لە خاڵەکانی نەهێشتنی بڕوا و متمانە و پشتیوانی سۆڤیەت بوو بە بارزانی.

هەر دوای دوو مانگ تێپەڕبوون بەسەر ئەو وتووێژەدا (کۆسەجین) ی سەرەک وەزیرانی سۆڤیەت لە ٩٧٢\٤\٨ سەردانی عێراقی کرد وە پەیمانی دۆستانە و هاوکاری نێوان عێراق و سۆڤیەت مۆر کرا. مۆرکردنی ئەو پەیمانە وەلامدانەوەیەکی تاڵی سۆڤیەت بوو بۆ بارزانی.

ئەو پەیمانەی کە لە گفتوگۆی نێوان سۆڤیەت و بارزانیدا بە بارزانی درابوو کە دوای گەڕانەوەی وەفدەکە، حکومەتی سۆڤیەت بە ڕەسمی داوا لە بارزانی و حکومەتی عێراق بکات کە هەردوولایان نوێنەری خۆیان بنێرنە سۆڤیەت و بە ناوبژی کەری سۆڤیەت دوبارە وتووێژ بکەن، بەلام دوای مۆرکردنی پەیمانی بەغدای نێوان سۆڤیەت و عێراق، بارزانی لەو بەڵێنەش هیوابڕاو بوو وە سۆڤیەتیش جارێکی تر باسی ئەو مەسەلەیەی نەکردەوە. لێرە بەدواوە دوای هیوابڕاوی بارزانی بە سۆڤیەت، پەیوەندی تووند و تۆڵی نێوان بارزانی و ئێران پاشان ئەمەریکا و ئیسرائیل دەستی پێ کردەوە.

ئەو هۆیانەش کە باروودۆخی پتەوکردنی ئەو پەیوەندیانەیان ڕەخساند ئەمانە بوون :-

١) بەستنی پەیمانی نێوان عێراق و سۆڤیەت، کە هەم مەترسی لای بارزانی پەیدا کرد بەلە دەستچوونی پشتیوانی سۆڤیەت پاشان یارمەتی سۆڤیەت بۆی عێراق وە هەم مەترسی بۆ سەر ئێرانیش دروست بوو کە ئێران لە ناکۆکیەکی زۆر قەڵ و توندی لە مێژینەدابوو لەگەڵ عێراقدا لەسەر سنووری ئاو و خاک، ئێرانیش مەترسی لە بەهێزبوونی عێراق پەیدا کرد کە چاو ببڕێتە سەر ئاوی کەنداو و داگیری بکات

جگەلەوەش ئێران لەوە دەترسا کە عێراق بپەڕژێتە سەر خۆی و بکەوێتە دەست خستنە ناوکاروباری ناوخۆی ئێران و پارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

ب) دوای خۆماڵی کردنی نەوت و بەستنی پەیمانی نێوان سۆڤیەت و عێراق، واتە کز بوون و لاوازبوونی دەسەڵاتی ئینگلیز لەعێراقدا(١)، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەمەریکا و ئینگلیزیش بکەونەوە گەمەکۆنەکەیان لەگەڵ کورد داو کارتی کورد بەکاربێنن، بۆیە کەوتنە پارمەتیدانی بارزانی و هاندانی بۆ شەڕکردنەوە لەگەڵ حکومەتدا بەمەبەستی تێوەگلاندنی عێراق لەشەڕی ناوخۆ و نەپەرژانی بۆپەلاماردانی ئێران و ناوچەی کەنداو کە جێ پێی سەرەکی ئەمەریکا و ڕۆژئاوابو " بەرامبەر بە سۆڤیەت لەناوچەکەدا.

بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر عێراق هێنری کیزستجەر مستەشاری نکسۆنی سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا، پاش بەستنی پەیمانی عێراق-سۆڤیەت، پێشنیارەکەی CIA ئەمەریکی پەسەند کرد کەبریتی بوو لە پارمەتیدانی بارزانی، وە لەکۆبونەوەی نێوان نیکسۆن و شای ئێراندا لە ٣٠-٩٧٢\٥\٣١ دا نیکسۆن بڕیاری دا کە ١٦ ملیۆن دۆلار لەساڵی ٩٧٢-٩٧٥ بدرێتە مەلا مستەفای بارزانی(٢).

لەمانگی ٩٧٢\٧ دا کۆبونەوەیکی نهێنی لەنێوان بارزانی وشای ئێران کرا، شا بیر و ڕای وابوو کە ئەو پارەیەی نیکسۆن دیاری کردوە زۆر کەمە وە ئێران ئامادەیە پتری بکات، وەلەدوو کۆبونەوەی تری دوای ئەو کۆبونەوەیەش شا بەڵێنی بەبارزانیدا کەهەم بە پارەو هەم بەچەک و تەقەمەنی و هەم بەپسپۆری شارەزای کاروباری سەربازی پارمەتی پتری بارزانی بدات(٣).

پەیوەندی نێوان CIA و بارزانی گەیشتە ڕادەی پێکهێنانی لیژنەی پەیوەندی هاوبەش کەلەلایەن بارزانیەوە نوێنەرەکانی بریتی بوون لە(ئیدریس، مەسعود، سامی). لەبەرئەوەی هەم مەسعود و هەم ئیدریس کەسانی کەم تەزموون بوون وەلەگەمەی دیبلۆماسی و دەوڵەتان شارەزاییان نەبوو پێیان وابوو کەئەمەریکا هاریکاریەکەی هەتاسەرە و تاسەرکەوتن پشتی کورد بەرنادات. بەلام محمد محمود عبدالرحمان (سامی) کەشارەزایی لەو دوانەی تر پتربوو بەبارزانی ڕاگەیاندبو کەئەمەریکا و CIA بەهیچ جۆرێک نایەوێ کورد بەداخوازیەکانی خۆی بگەیەنێ، بەلام بەڵێنەکانی CIAی ئەمەریکی بەڕادەیەک بارزانی وەڕ کردبوو کەئامادەبوو کوردستان بکاتە ویلایەتی ٥١ی ئەمەریکی(٤) بەتایبەتی لەنێوان خۆیی و کیسینجەردا ئەو بەڵێنەی دابو. پەیوەندی نێوان بارزانی نێوان و کیسنجەر

گەیشتبوە ئەوەی کە دوو جار دیاری بۆ کیسنجەر بنێرێ. جاری یەکەم دوو قەرشی تیراتی گران و جاری دووەمیش لە ژن هێنانی کیسنجەردا ملوانکەیەکی ئاڵتون و مرواری گرانبەهای تێکەڵ (٥). پەیوەندیەکانی ئەمەریکا بە بارزانی یەوە لە چوارچێوەی تاکتیک بەدەر نەبوە چونکە لە هەردوو کۆبونەوەیکەی بارزانی لە تاران لە مانگی ١٩٧٤\١١٠ بارزانی داوای گفتوگۆی کردوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا نیکسۆن و وەسکرتێری دەوڵەتی ئەمەریکی ولیام رۆجیرس، بەلام هیچیان ئامادە نەبون لەگەڵ بارزانی دابنیشن.

لە مانگی ١٩٧٣\٣ دا عبداللە سلوم السامرائی ئەندامی سەرکردایەتی و هەرێمایەتی و تیۆرستی بەعسیەکان پێشنیارێکی نارد بۆ پارتی بۆ ناردنی نوێنەریان بۆ بەغدا و دەست کردنەوە بە گفتوگۆ، وەداوایان کردبو کە سەرۆکایەتی نوێنەرەکانی بارزانی مەسعود بارزانی بێت، بەلام مەلامستەفا ئیدریسی کوڕی کرد بە سەرۆکی نوێنەرەکانی، کە دیارە مەلامستەفا ئەم کارەی بۆ مەبەستێکی تایبەت کرد ئەویش سەرنەکەوتنی گفتوگۆکە، چونکە ئەو کاتە حکومەتی عێراق تۆمەتی کوشتنی یەکێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی خستبوە ئەستۆی ئیدریس و هاتوچۆکردنی لێ قەدەغەکرابوو، هەر بۆیەش حکومەتی بەعسی ئەو نوێنەرانەی پەسەند نەکرد و دوبارە داوای ناردنی مەسعود بارزانیان کردەوە، وەپارتیش دوبارە ناردنی مەسعودیان رەت کردەوە. دوابەدوای ئەو رووداوە واتە دوای لێکترازانی پارتی و بەعسیەکان بارزانی لەسەرەتای مانگی ١٩٧٣\٦ دا داوای لە ئەمەریکا کرد کە هەواڵدەرێکی واشنتۆن پۆست بنێرنە لای بۆ کوردستان بۆ بینینی راستیەکان و باروودۆخی ناوچەکە و وەبڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەکەیاندا. لە گفتوگۆکانی بارزانی لەگەڵ هەواڵدەر و فەرمانبەری واشنتۆن پۆست (جیم هۆگلان) بارزانی داوای لە ئەمەریکا کرد کە یا بە شێوەی سیاسی و مرۆڤایەتی یا راستەوخۆ بە شێوەی سوپایی بە ئاشکرا یا بە نهێنی یارمەتی کورد بداتە وەهەر لەو گفتوگۆیەدا کە لە ١٩٧٣\٦\٢٢ دا کرا بارزانی رایگەیاند کە ئامادەیە بە ئاشکرا بڵاوی بکاتەوە کە لایەنگری سیاسەتی ئەمەریکییە لە ناوچەکەدا و ئامادەشە بە دەوری خۆی هەستێ لە پارێزگاری کردنی بەرژەوەندی ئەمەریکا و داکۆکی کردن لەسەری لە ناوچەکەدا.

بارزانی هەر لەوێدا ئامادەیی دەربڕی کە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و دەرهێنانی کەلەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە تەسلیم بەکۆمپانیایەکی نەوتی ئەمەریکی بکات(٦).

لەکۆتاییدا پاش ئەوەی کەبەدوورو درێژی باسی پلانەکانی بەعسی کردبوو لەناوچەکەدا باسی باروودۆخی کوردستان و عێراق و ئێرانیشی کردبوو وە وتبوی کە ئەگەر ئەمەریکا ئامادەنەبێت بەتەواوەتی و بەڕاستی یارمەتیمان بدات ئێمە یارمەتی لەئێران و ئیسرائیل وەردەگرین کەهەردوولایان ئامادەن یارمەتیمان بدەن، بەڵام ئێمە پێمان خۆشە ڕاستەوخۆ لەئەمەریکاوە بێت. ڕژێمی بەعسیان کە هەستی بەمەترسی پەیوەندی نێوان بارزانی و ئەمەریکا و ئێران و ئیسرائیل کرد، جارێکی تر بەیۆنەی پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی نیشتمانی پێشکەوتوخواز داوای لەپارتی کرد بۆ ناردنی نوێنەریان و بەشداری کردن لەبەرەکەدا.

## ٢-٦ بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوخواز حوزەیرانی ١٩٧٣
## (الجبهة الوطنية و القومية التقدمية)

حکومەتی عێراق لەسەرەتای مانگی ٧/٣/١٦ دا یاد نامەیەکی دا پدک و داوای لێکردن کەپێشنیاری خۆیان وتوێنەریان بنێرن بۆ گفتوگۆ لەسەر بەشداری کردنیان لەو بەرەیەدا، کە بڕیار وابو لەنێوان پدک و بەعسیەکان شیوعی عێراقی پێک بێت.

پارتی بۆ ئەوەی نوێنەر بنێرێت وەڵامی بەعسیەکانی بەچەند داواکاریەک دایەوە کەکردبوتی بەمەرجی بەشداربونیان لەبەرەدا :-

١- دەبێت لەبەرنامەی بەرەدا مافی کورد بەپێی ڕێکەوتن نامەکی ١١ی ئازار بچەسپێنرێت.

٢- دەزگا و لیژنە دابمەزرێ و دیاری بکرێ بۆ دەستکردن بەسەرژمێری و دیاری کردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

٣- بەشداری بەکردەوەو پراکتیکی هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەحکومەدا، واتە بەشداری کردن لەهەرسێ دەسەڵاتەکانی (تشریعي، تنفیذي، قضائي) وەدەست بکرێت بەهەڵبژاردن بۆ دانانی ئەنجومەنی نیشتمانی تاکو هیچی تر هەردوو پارتی دیموکرات و کومۆنیست لەژێر فشارو چاودێری بەعسدانەبن.

٤- پێویستە پەیڕەوی سەرەتاکانی دیموکراتیەت بکرێت چ لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و چ لە پەیوەندی ڕۆژانەی دەوڵەت لەگەڵ گەلانی عێراقدا بەگشتی و کوردستان بەتایبەی لەڕوی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتیشەوە، و هیچی تر سەرەتاکانی دیموکراتیەت پێشێل نەکرێت.

٥- شێوەی ئۆتۆنۆمی لەڕوی یاسایی و بەڕێوەبەرایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی وەپەیوەندی بەدەسەلاتی ناوەندەوە لە چوارچێوەیەکی داڕێژراودا دیاری بکرێت بەهاوکاری هەموو لایەکمان و دەست بکرێت بەهەنگاونان بۆ جێبەجێ کردنی.

لێرەدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەم داواکاری و مەرجانەی پارتی بۆ بەشداری کردن لەبەرەکەداهەر هەمان مەرجەکانی پێشوی پارتین کەدایانابون بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان خۆیان و حکومەت لەوەلامەکەیاندا بۆ حکومەتی بەعس، بەلام ئەم جارەیان بەقەبارەیەکی پتر و ناوەرۆکێکی ماناداترەوە، کە لێرەدا دەردەکەوێت پارتی لەچ مەیدانێکی بەهێزیەوە خۆی دیوە، جا ئەو خۆبەهێز زانینە یان سەرئەنجامی پەیوەندی نێوان پارتی وئەمەریکا - ئێران - ئیسرائیل بوە وەیا بەهەلەداچون بوە لەگەوهەری پەیوەندیەکانی.

بەلام ئەمجارەش سەرانی بەعس مەرجەکانی پارتیان فەرامۆش کرد و داواکاریەکانیان خستە ناو هەمان گۆشەی وێل کراویەوە.

د. محمود عوسمان لەو بارەیەوە دەڵێ " ئێمە سێ ساڵ و نیو هەر بەناو لەحکومەتدا بەشداریمان کرد، هیچ ڕۆڵێکمان لەسیاسەتی حکومەت و لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا نەبو، تەنانەت حکومەت یەک هەنگاویشی بۆ جێبەجێ کردنی ئازار نەنا، ئێستاش هەر بەو جۆرە بەشداری کردن لەبەردا بێسودەو هەر بەناو بەشداردەبین نەک بەکردەوە" (٧١).

بەعس و حیزبی شیوعی بەدوو قۆلی لە ١٧/٧/١٩٧٣ دا بەرەیان پێکهێنا بێ بەشداری کردنی پدک.

پێکهێنانی بەرە خاڵێکی تریشی لەنەخشە ستراتیجیەکەی ساڵی ١٩٦٨ی بەعسیان بەرامبەر بارزانی و پارتی بەدی هێنا، کەبریتی بوو لەدابڕینی حیزبی شیوعی عێراقی لە بارزانی. وە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ پەیوەندی نێوان حیزبی شیوعی و بارزانی بەرەو لاوازی و ناکۆکیەکانی نێوانیشیان بەرەو قەبەبون و کڵبە سەندن دەچوو.

## ٢-٧ شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل

حکومەتی عێراقی لە ١٩٧٣/٩/١٨ دوو هێرشی کردە سەرناوچەکانی شێخان و دەربەندیخان بەمەبەستی تاقیکردنەوە وەهەردوو ناوچەکەی داگیرکردەوە، بەڵام بەهۆی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل کە لە ١٩٧٣/١٠/٦ ڕوویدا، عێراق هێزەکانی خۆی کشاندەوە و هێزی پێشمەرگەش لە ١٩٧٣/١٠/١٣ دا ناوچەکانیان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

بارزانی شەڕی عەرەب و ئیسرائیلی بەهەل زانی کەدوو ڕۆڵی جیا لەیەکتری بگێڕێ:

١ لەلایەکەوە پێی وابوو کە عێراق لەم هەل و مەرجەدا گەر بچوکترین هەنگاو لەپارتیەوە ببینێ بۆ لەیەک نزیکبونەوە بەپیریەوە دەچێت. بۆیە کۆبونەوەیەکی بەسەرکردایەتی م.س کرد وە پێی ڕاگەیاندن کە ئامادەیی پدک ڕابگەیەنن لەم کاتەدا کەهەموو ناکۆکیەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەتدا رادەگرن و ئامادەشن کەهاوکاری عێراق و عەرەب بکەن لەم شەڕەدا لەگەڵ ئیسرائیل. ئەم تاکتیکەش بەڕای بارزانی گەر سەری بگرتایە دوو سوودی دەبو:

١- دڵنیاکردنی عێراق و دەوڵەتە عەرەبیەکان لەنیشتمان پەروەری بارزانی و پارتی بەهیوای بەدەستهێنانی بڕوایان، وەپوچەڵ کردنەوەی پڕوپاگەندەی بەعسیان و هەندێ لایەنی تری عەرەبی سەبارەت بەپەیوەندی گومان لێکراوی بارزانی بەجولەکەوە.

٢- بۆ فشار خستنەسەر ئیسرائیل تاپتر لەبارزانی نزیک ببنەوە و بەبەخشندەییەوە یارمەتی وهاوکاری بکەن بۆ ئەوەی یان لەگەڵ عێراقدا بەشداری شەڕیان نەکات و بێلایەن بمێنێتەوە وەیان داوا لەبارزانی بکەن دژی عێراق شەڕ دەست پێبکاتەوە بۆ پەک خستنی سوپای عێراقی و نەپرژانی بۆ شەڕی ئیسرائیل.

هەبۆیەش بارزانی بڕیاریدا کە نابێت لەسەرتاسەری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ هێزی چەکداری حکومەتدا شەڕبکەن. لەهەمان کاتیش نامەیەکی بۆ (عزیز شریف) وەزیری ئەوسای دەوڵەتی عێراق نارد کەوەک ئاشتی خوازێک کە جائیزەی لینینی لەسۆڤیەت پێدرابوو هەوڵی ناوبژی کردن بدات. عزیز شریف نامەیەکی بۆ سەرەک کۆمار بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر نوسی داوای

لێکرد کە وتوویژ دەست پێبکرێتەوە وە ئاگاداریشی کرد کە بارزانی ئامادیە نوێنەرانی خۆی بنێرێت بۆ وتوویژ(٨).

بەلام حکومەتی عێراقی لەباتی وەلامدانەوەی نامەکەی عزیز شریف و ئامادەیی دەربڕین بۆ گفتوگۆ، داوای لە حکومەتی سۆڤیەتی کرد کە بارزانی ئاگادار کەنەوە شەڕنەکاتەوە، بۆیە حکومەتی سۆڤیەتی دوو نوێنەری خۆی ناردە ناوپردان بۆ لای بارزانی و داوایان لە بارزانی کرد کە شەڕ لەگەل حکومەتی عێراقدا نەکات(٩).

ب) بارزانی دەیویست لەهەمان کاتدا هەلومەرجی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل بقۆزێتەوە وەک، بارزانی [illegible] بەکاری بێنێ بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانی ئەمەریکا. بۆیە لە ١٩٧٣/١٠/١٥ دا بە بروسکە داوای لە کیسنجەر کرد کە رای حکومەتی ئەمەریکا سەبارەت بە هێرش بردنە سەر هێزەکانی سوپای عێراقی بۆ وەربگرێ و وەلامی بداتەوە(١٠)، هەر هەمان پێشنیاریشی دا بە شای ئێران. کیسنجەر پێشنیارەکەی بارزانی دا بە نیکسۆن.

نیکسۆنی سەرەک کۆماری ئەمەریکا بە نەهێنی پەیوەندی بە عێراق و ئێرانەوە کرد و داوای لێکردن کە بە مەردوولا هەول دەن ئاکۆکیەکانیان نەهێلن وە (ئەو شێرپەنجەیەش لە ناو بەرن کە سودەکەی لە پێشدا بۆ عێراقە و ئینجا بۆ ئێران)، مەبەستی لەو شێرپەنجەیە شۆڕشی کورد و بارزانی بوە. لەولاشەوە لە ١٩٧٣/١٠/١٦ وەلامی بارزانی دایەوە لە زمانی کیسنجەرەوە کە جارێ هێرش نەباتە سەر سوپای عێراقی(١١).

لێرەدا دەردەکەوێ کە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە هیچ لایەکەوە هیچ سودێکی بۆ کورد و پارتی و بارزانی نەبو، جگە لەوەی لە ماوەی شەش مانگی شەڕدا کوردستان ئارام بوو هێرش و پەلامار لەلایەن حکومەتەوە نەکرایە سەر پارتی و بارزانی.

تادەهات نێوانی پدک و پارتی بەعس زیاتر ئالۆز تر دەبو وە درزەکەی نێوانیان گەورەتر دەبو بە تایبەتی لە دوای ١٩٧٣/١٠/١٧ کە سەدام حسێن جێگری سەرۆکی سەرکردایەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرکردە و لێپرسراوەکانی بەعسیاندا بە بۆنەی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل بە تەواوی نیازی بەعثیان و حکومەتی عێراقی ئاشکراکرد بەرامبەر بارزانی و پارتی و وە دەربارەی قەبارەو جۆری ئۆتۆنۆمیەک کە گوایە بە کورد بەخشراوە.

سەدام لەناوەڕۆکی قسەکانیدا ئەمانەی خوارەوەی ئاشکراکرد:-

«١- بەیانی ١١ی ئازار و بڕیاردانیان بەدانی مافی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا، ڕوداوێکی کاتی و بەسەرداسەپێنراوی هیچ لایەک نی‌یە، بەڵکە یەکێکە لەسەرەتاکانی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیەتی بەعس وە سیاسەتی گشتی لەحوکمدا، ئەوە سەرەتای خۆڕسکی دیموکراتیەتە لەبیروەوونی بەعسدا وەسوورن بۆ جێبەجێ کردنی.

٢- بەداخەوە لەوکاتەدا کەشەڕی چارەنوس سازی ڕەوای نەتەوەی عەرەبە لەگەڵ زایۆنیزم و دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوەکەی ئیسرائیل لەسەر زەوی باوباپیران و پشتاوپشتی هەزاران ساڵەی نەتەوەی عەرەبیدا، کەهەم دەوڵەتێکی داگیرکەری خۆسەپێنەرەوو هەم داردەستێکی هەرە بەزەبر و بڕواپێکراوی ئیمپریالیزمە لەم کاتەدا بەداخەوە دەڵێن کە پدک هاوپەیمان و بەشدار لەحکومەدا کەدەشیەوێ پتر ڕۆڵ لەحکومڕانی کردنی گەلی عێراقدا بگێڕێ، نەک هەربەکردەوە هیچ ئیازمەندیەکی خۆی پیشان نەدا بۆ پشتگیری نەتەوەی براوهاوپەیمانی عەرەبی، بەڵکە لەهەوڵی کۆسپ و تەگەردروستکردنیشدان لەبەردەم بەشداری کردنی سوپای ڕزگارکەری خاکی عەرەب (سوپای عێراقی ئازا و نەبەز و بیروباوەڕ).

٣- بەعس گەلێک هەوڵی لەگەڵ پارتیدا داوە کەهەڵویستی خۆیان چاک کەن وەبەگیانی هەست بەلێپرسراویەوە سەیری باروودۆخی عێراق و دەوروبەر بکەن وە مەرجەکانیان جێبەجێ بکەن کەدەستەبەری لێکنزیکبونەوەیان و ڕێ خۆشکەری خەملاندنی زەمینەی هەنگاونانە بۆ جێبەجێ کردنی پاشماوەی بەیانی ١١ە ئازار وەدەست بەکاربونە بۆ جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی. بەلام بەداخەوە یەک هەنگاویشیان لەو ڕووەوە نەناوە و بگرە کۆمەڵێ مەرج و گیروگرفتیشیان بۆ حکومەت دروست کردوە.

٤- جێبەجێ کردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ براکوردەکان و جێبەجێ کردنی گەوهەری بەیانی ئازار لەخودی ئایدیای بەعسیە، بۆیە پارتی بیەوێ یان نەیەوێ کۆسپ دروست کات یان نەیکات، ئێمە ئەو مافە بەگەلی کورد دەدەین وەهەنگاویشی بۆ داوێنین. پدک بریتی نی‌یە لەهەموو گەلی کورد وەهەموو گەلی کوردیش قەتیسماوی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی پدک نی‌یە.»

ئەم فەرمودانەی سەدام حسێن زۆری کار کردە سەر بارزانی وسەرکردایەتی پارتی و سەرجەم ڕێکخستنەکانی وە بەتەواوی لێیان ڕوون بوەوە کەمەبەستی بەعسیان وەتەق خستنی پارتی و بارزانی‌یە.

لەلایەکەوە بەهۆی پەیمانی نێوان عێراق و سۆڤیەت پارتی و بارزانییان هیوابڕاو کرد لەپشتیوانی سۆڤیەت لەکورد.

لەلایەکی ترەوە بەهۆی دروستکردنی بەرەوە حیزبی شیوعی عێراقیشیان لەپارتی کردەوە و ناکۆکیان لە ناودا دروست کردن.

دیسانەوە بەهۆی شەڕی عەرەب ئیسرائیلەوە و هەڵوێستی بێلایەنی پارتی بە هەموو دەوڵەتە عەرەبەکانیان سەلماند کەپارتی و بارزانی هاوکار و هاوخەباتی نەتەوەی عەرەبی نین و ناشیانەوێ بەبرایەتی لەگەڵ عەرەبدا بژین..

ئەمانە و گەلێ هۆی تری ناوەکی ناوخۆی ڕیزەکانی پارتی بەتایبەتی جیاوازی بیروبۆچونی ناوسەرکردایەتی پارتی سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەتەک بارودۆخەکەدا، وای لەزۆربەی ئەندامانی سەرکردایەی کرد کە نەتوانن بیر کردنەوەی تێڕوانینێکی زانستیانەو بابەتیانەیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو باروددۆخە ئاڵۆزەی کەتێی کەوتبوون، بۆیە کارگەیشتبوە ئەوەی کە هەریەکە لەلێپرسراوان بە جۆرێکی جیاواز لەیەکتر بیرورا دەربڕن.

* حەبیب محمد کریم سکرتێری پدک لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆند نمونەی جەزائیری هێناوەتەوە کە گوایە لەپێشدا بۆ مافی فەرهەنگی خەباتیان کردوە و پاشان وردە وردە داخوازیەکانیان پتر وپتر تر کردوە تاپادەی سەربەستی ە ئازادی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و جیا لەفەرەنسا، پاشان وتویەتی ئێمەش لەسەرەتاوە داوای مافی فەرهەنگیمان کرد بۆیان نەسەلماندین، جاری دوەم داوای لامەرکەزیمان کرد ئەوەشیان پەسەند نەکرد، ئەوەتا لەجاری سێیەمدا داوای ئۆتۆنۆمیمان کرد سەلماندیان بەلام بەکۆمەڵێک بڕوبیانوی نابەجێ وەبەناحەق ناوانبارکردنمان لەپەیمانەکە ژێوان بونەتەوە و پاشەکشە دەکەن، لای ئێمە زۆر گرنگ نیە گەر دژمان بوەستنەوە، پارتی هەر پارتیە و شاخەکان هەر لەشوێنی خۆیانن وە پێشمەرگە لەجاران پترە، دوای ئەم شەڕە ئێمەش مافی سەربەخۆیی نەتەوایەتی داوادەکەین، وەلە ئایندەدا دەردەکوێت کە باروددۆخەکە بەسودی ئێمە هەڵدەکەوێت، وە بەعسیەکان وا دەزانن نەخشەکانیان سەردەگرێ و سەرکەوتوو دەبێ دژی گەلی کورد) .

* لەلایەکی ترەوە بارزانی لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ هەواڵدەری ڕۆژنامەکان بەزمانی سەوداکاری لەسەر سامانی کوردستان دەدوا، پێی وابوو هەر ڕۆژنامەنوسێک و هەواڵدەرێکی ڕۆژنامەگەری نوێنەری سیاسی دەولەتەکەیەتی و دەتوانێ لەپاتی

حکومەتەکەی بڕیاریدا. بۆیە لەگفتوگۆیەکیدا لە ١٩٧٣/١/١٠ لەگەڵ هەواڵدەری ڕۆژنامەی فەرەنسی کە - محمود عوسمان وەرگێڕی گفتوگۆکەبوە لەکوردیەوە بۆفەرەنسی دەڵێ ((ئێمە ئامادەین لەگەڵ دەوڵەتی فەرەنسا پەیوەندیمان هەبێت. کوردستان وولاتێکی دەوڵەمەندە و هەموو شتێکی هەیە، گەر حکومەتی فەرەنسا نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە لامان دەتوانین لەگەڵیا ڕێکەوین، وەئامادەین کەنەوتی خۆمان گەر بەڕێگەی سوریاشدا ئەبێت ڕێگای ترمان هەیە بۆ فەرەنسای بنێرین، مەسەلەی ئۆتۆنۆمی لای ئێمە داخوازیەکی کاتیە، گەر فەرەنسا یارمەتیمان بدا وەپشتیوانیما بکات دەتوانین خۆمان جیاکەینەوە وەلەگەڵ فەرەنسا هەموو پەیمانێکی سیاسی و ئابووری ببەستین)).

د.محمود عوسمان ئەندامی م.س ی پدک لەکاتی وەرگێڕانی گفتوگۆکەدا، بێ ئەوەی بهێڵێت بارزانی هەستی پێبکات بەهەواڵدەرەکە دەڵێت ((عەیبی گەورەی هەواڵدەرەکان و لێکۆڵەرەوەکان لەوەدایە، کە دێنە لامان بەو جۆرەی کەهەن خۆیان ناناسێنن، وەبارزانیش لێکیان جیاناکاتەوە، ئەمانە نوێنەرێکی سیاسی دەوڵەتەکەیانن یا ڕۆژنامەگەر، وەئەوەی کەبەپیاوێکی سیاسی دەڵێ هەر ئەوەش بەڕۆژنامەنوسێک دەڵێ ))(١١).

* لەلایەکی ترەوە بەشی زۆری ئەندامانی م.س و سەرکردایەتی ڕایان وابوو کەهەوڵبدرێت پەیوەندی لەگەڵ بەغدا دا دروست ببێتەوەو ئەوەندەی بکرێت ڕێگە لەشەڕ دروست بونەوە بگیرێت.

لە ١٩٧٣/١٢/١٢ دا بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز بەدەستە پێشکەری بەعسیەکان (نەک شیوعیەکان) جارێکی تریش داوایان لەپارتی کردەوە کەنوێنەرانی خۆی بنێرێت بۆ بەغداد بۆ گفتوگۆ، پدک لە ١٩٧٤/١/١٢ نوێنەرێکی خۆی بەسەرکردایەتی حەبیب محەمەد کەریم وەئەندامەتی سالح یوسفی، دارا توفیق، ئیحسان شێرزاد. ناردە بەغداد بۆ گفتوگۆ کەسەرۆکی کۆڕەکەی حکومەتیش سەدام حسین بوو. لەم کۆبونەوەیەشدا هەمان مەرج و مەرج کاریەکی هەردوولایان هاتەوە بەردەم.

- سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری بکرێت.
- چارەسەری پێشمەرگە و پاسەوانەکانی سنوور بکرێت.
- سنوورەکان لەگەڵ ئێران ببەسترێت و حکومەت پارێزگاری سنورەکان بکات.
- پەیوەندی پدک لەگەڵ ئێران بپچڕێت.

• پارتی ئامادەی بەشداربون بێت لەیەرەدا.

دوای مشتومڕێکی زۆر و دانوستاندێکی درێژ کۆبونەوەی کۆڕەکە بەتێکچونی نێوان سەدام و حەبیب کۆتایی هات و نوێنەرانی بارزانی بەسەدامیان ڕاگەیاند کەپێشنیارەکان بۆ بارزانی دەبەنەوە و لەمانگی ٩٧٤١٢ دا دەگەڕێنەوە بەغداد. بەلام لەمانگی ٩٧٤١٢ تەنیا فوئاد عارف و ئیحسان شێرزاد کە دوو کسایەتی بێلایەن بون وەک نوێنەری پارتی لەگەل نوێنەرانی حکومەت دا کۆبونەوە بێئەنجام.

لە ٩٧٤١٣١٥ بارزانیی نامەیەکی بۆ سەدام حسێن نوسی و بە دارا توفیق دا ناردیە بەغداد، داوای لەسەدام کردبوو کە هەولدەن بارودۆخەکە هێمن و ئاسایی بکەنەوە و هەولی ئالۆز کردنە نەدەن. سەدام حسێن لە ٩٧٤١٣١٧ وەلامی بارزانی دایەوە و دەلێ ((ئێمە لەمانگی ٩٧٤١٢ چاوەڕوانی نوێنەرانی بەڕێزتانمان دەکرد بەسەرۆکایەتی یەکێک لە کوڕەکانتان، بەلام وەلامتان نەبوو، ئێستاش چاوەڕوانی هاتنی یەکێک لەکوڕەکانی بەڕێزتانین)).

ئیحسان شێرزادیش نامەیەکی بۆ بارزانی نوسیبوو کە ئیدریس یا مەسعود یەکێکیان بنێرێت، لەنامەکەدا داوای لەبارزانی کردبوو، کەهەموو ژیانی خۆی لەپێناوی گەلی کورد دا بەخت کردوە و سەرتاسەری ژیانی هەر خەبات و تێکۆشان و گیان بازی بووە، دەشێ ئەمجارەش بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم قوربانی و فیداکاریەش پێشکەش بەگەلەکەی بکات و یەکێک لەکوڕەکانی بنێرێت بۆ وتووێژ، کەئەم فیداکاریەش هەرگیز بیر ناچێتەوە.

بۆ وەلامی سەدام و ئیحسان شێرزاد بارزانی داوای لەحکومەت کرد فڕۆکەیەک بنێرن بۆ ڕەواندوز.

ڕۆژی ٩٧٤١٣١٨ لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی و ئەندامێتی دارا توفیق، ئیحسان شێرزاد، فوئاد عارف گەیشتنە بەغداد لەگەل نوێنەرانی حکومەت کەوتنە گفتوگۆ. خالەکانی گفتوگۆی نێوانیان بریتی بوو لە:-

١- بۆ ڕێکەوتن و دارشتنی سیاسەتێکی گونجاو وەستراتیجێکی ئاشکرا و گشتی لەسەر جێبەجێکردنی بەیانی ١١ی ئازار و ئۆتۆنۆمی وەگفتوگۆیەکی ڕاستەقینەو دلنیابون لەیەکتری، وەسەلماندنی هاوکاری نێوانیان، پێویستە هەردوو پارتەکە وسەرکردایەتی هەردوو شۆڕشەکە (شۆڕشی ئەیلولی کوردستان - شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموز) ددان بەڕاست و ڕەوایی مافی فەلەستین دابنێن لەدروست کردنی دەولەتی سەربەخۆی خۆی، وەجیابونەوەی لەئیسرائیل، سەلماندنی خاوەنداریتی عێراق

وەعەرەب بۆ کەنداو، وەدان بەوەدا بنێن کەکەنداو نەهی ئێرانەوو نەفارسی‌یە.
کورد دەبێت بەئاشکرا و بێ‌پێچ و پەنا پشتیوانی خۆی لەمافە ڕەواکانی عێراق و عەرەب ڕابگەیەنێ، وەدەبێت وولاتە عەرەبیەکان بەگشتی و عێراق بەتایبەتی نەک هەر پشتیوانی کورد بکەن لەعێراقدا، بەڵکە پشتیوانی لەمافی ڕەوای کوردەکانی ئێران و تورکیاش بکەن.
٢- سنووری ئۆتۆنۆمی لەناوچەکەدا دیاری بکرێت، وەلەسەر خانەقین و شەنگار وتوێز بەردەوام بێت، و کەرکوکیش بەتورە ماوەیەک لەژێر ئۆتۆنۆمی و ماوەیەک لەژێر دەسەڵاتی ناوەندا بێت.
٣- یاسای ئۆتۆنۆمی دەربچێت و بەپێی یاساکە لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەنگاو بنرێت بۆ بنیاتنانی ئەنجومەتی (تشریعی و تنفیذی) بەهەڵبژاردن، وە لەوبارەیەوە چوار چێوەیەکی دیار و ئاشکرا لەلایەن حکومەتەوە دابڕێژرێ و ئامادە بکرێت کەتیایدا حکومی ئۆتۆنۆمی و ناوەند دیاری بکرێت.
ئێوارەی ٣/٨ کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵی نێوان سەدام و ئیدریس کرا کە دوو سەعاتی خایاند. سەدام ئاگاداری ئیدریسی کرد کەپێشنیارەکانی ئەو گفتوگۆیە سبەینێی ٩٧٤/٣/٩ دەدرێتە کۆبونەوەی فراوانی پارتی بەعس وئەوان ئەنجامەکەی دەدەنەوە بەنوێنەرانی پارتی.
ئێوارەی ڕۆژی ٩٧٤/٣/٩ لێپرسراوی کاروباری ناوچەی ژوروو وەئەندامی سەرکردایەتی بەعس غانم عبدالجلیل بەئیدریس بارزانی ڕاگەیاند کە تا ڕۆژی ٦/٢٣ ماوەیان لەبەردەمدایە وەلامیان بدەنەوە سەبارەت بەڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو بڕیارانەی کەبەعس دەربارەی ئۆتۆنۆمی و ناوچەی ئۆتۆنۆمی داویانە، دوای ئەو ماوەیە هیچ پێشنیارێکیان لێوەرناگیرێت، وەلەسەر کەرکوکیش دەبێت بەیەکێک لەم دوو حاڵەتە ڕازی بن:
١) بەڕێوەبەرایەتی کەرکوک هاوبەش بێت بەلام بەسەرپەرشتی کردنی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە.
٢) یان بکرێت بەدوو بەشەوە بەشێکی سەربەناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەشەکەی تریشی لەدەرەوەی سنووری ئۆتۆنۆمیدا. وەهەردوو بەشەکەش دیسان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە سەرپەرشتی بکرێت.

دەربارەی سەرژمێری کردنیش حکومەت ناتوانێت لەگەڵ یەک دا سەرژمێری بکات.
ئیدریس بارزانی نیازی حکومەتی بۆ دەرکەوتو لەوە گەیشت کەتەوەوە هەڵکردنی ئیشکی سەوزی شەڕبونەوەیە، بەلام ئاگاداری حکومەتی کرد کەپێشنیارەکانی حکومەت دەباتەوە بۆ بارزانی بۆ لێکۆڵینەوە.
لە ٩٧٤\٣\١٦ ئیحسان شێرزاد و دارا توفیق گەڕانەوە بەغداد و وەڵامی بارزانیان لەسەر پێشنیارەکانی حکومەت دا بە غانم عبدالجلیل ئەویش دای بە سدام حسێن کەبریتی بوو لە:-
١- ناوچەی کەرکوک دابەش ناکرێت وەلەسنوری هەرێمی ئۆتۆنۆمیدا دەبێت.
٢- یان کەرکوک بکرێت بەدوو ناوچەی بەڕێوبەرایەتیەوە، خویجە-قەرەتەپە ناوچەیەک بێ و لەژێر دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندابێت، شاری کەرکوک و ناوچەکانی تری سەربە پارێزگای کەرکوکیش لەژێر دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەبێت.
ڕۆژی ٩٧٤\٣\١٧ غانم عبدالجلیل بەناوی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتوخواز (بەعس، حیزبی شیوعی) وەبەناوی حکومەتەوە پێشنیارەکانی بارزانیان ڕەتکردەوە و بە دارا توفیق یان ڕاگەیاند کەئاگاداری بارزانی و سەرکردایەتی پدک بکاتەوە،
ڕۆژی ٩٧٤\٣\٢٣ فتاح شالی کە کەسایەتیەکی کوردی ناسراو بێلایەن بوو هەوڵیدا بەوتوێژکردن لەگەڵ بەعسیەکان بۆ سازکردنی جۆرەگونجاندنێک لەنێوان پێشنیارەکانی ڕژێم و بارزانی بەلام ئەمیش بێ سود بو.

## ٣- شەڕی یەک ساڵەی ١٩٧٤-١٩٧٥

لەنێوان شۆڕشی سەرجەم جەماوەری کورد و نێوان ڕژێمی بەعسیان ئۆتۆنۆمیەکارتۆنیەکەی بەعسیان و بڕیاری لێبوردنی گشتی

دوای گەڕانەوەی دارا توفیق ڕژێمی بەعسی کەوتە جێبەجێ کردنی پاشماوەی نەخشە ستراتیجیەکەی بۆ لێدانی پارتی و بارزانی و بزوتنەوەی کورد.
ئەوەی کە تا ٩٧٤\٣\٢٣ واتە لەماوەی ٤ ساڵی ئاشتی و نەشەڕو نەئاشتیدا جێبەجێ کران ئەمانەی خوارەوەبون:-

١- ڕاگرتنی دڵی بارزانی لەسەرەتاوە بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و سەرخۆبەرژان بۆ خۆ بەهێزکردن لە ڕووی سوپایی و دارایی و سیاسیەوە.

٢- لەکاتی ئاشتیدا و لەژێر پەردەی برایەتی و دۆستایەتیدا لەپشتەوە دەستی ناجوامێرانە و ئامرۆڤانە و دوور لەڕەوشتی سیاسی لەبارزانی بوەشێنن و ئەو کۆسپە گەورەیە لەبەردەم خۆیاندا تەخت کەن.

٣- سود لەهەل و مەرجی ئاشتی وەربگرن بۆ خۆماڵی کردنی نەوت و هەڵهێنجانی لەڕادەبەدەر و فرۆشتنی، کەهەم لەڕووی ڕێژەی هەڵێنجانی نەوتەوە دوو بەرابەریان کرد و هەم لەڕووی نرخیشەوە گەلێک بەرزیان کردەوە، بەمەش سەرچاوەیەکی گەورەی ئابووریان پێکەوەنا بۆ خۆ پرچەک کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی جەنگاوەری و جۆرایەتی سوپاو چەک و تەقەمەنی و گەشەپێدانی چەکی ستراتیجی لەڕووی تەکنیکی و هونەری شەڕیشەوە.

٤- پێکهێنانی پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی نێوان عێراق و سۆڤیەت هەم بۆ مسۆگەرکردنی پاڵپشت بۆ خۆیان بەرامبەر کۆمپانیاکانی نەوتی بێگانە کەبەشیان لکۆمپانیای نەوتی عێراقی خۆماڵی کراودا هەبوو، وەهەم بۆ نەهێشتنی دۆستایەتی نێوان بارزانی و سۆڤیەت. ئەمە جگە لە پشت بەستن بەکەرەسەی جەنگی سۆڤیەتی،

٥- پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی و چەند وردە حیزبێکی تری داتاشراوی وەک پارتی شۆڕشگێری کوردستان بەرابەری شێخ ستار تایەر شەریفی بەکرێ گیراوی بەعس وەبزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانی کورد بەرابەری عبداللە اسماعیل(ناسراو بە مەلا ماتۆڕ) و محمد حەیدەری بەکرێگیراوی عێراق، وەبەرەی ڕزگاری کوردستان بەرابەری موسلح نەقشبەندی(موسلحە کوێر)ی کۆنە شیوعی و تازە بەکرێگیراوی بەعس، بۆ دابڕینی حیزبی شیوعی لە یەک و وەتەق خستنی بارزانی،

٦- لەماوەی ئەو ٤ ساڵەدا پەیوەندیان بەهەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و لێپرسراوانی پارتی وەک (هاشم عقراوی، عزیز عقراوی، عبدالوهاب ئەتروشی)وە کردبوو وەکرێیانیان بەپلەوپایە کەلەکاتی سەرنەگرتنی گفتوگۆدا بارزانی بەجێبهێڵن و بکەونە بەرەی دژەوە، ئەمە جگەلەوەی کەپەیوەندیان بەهەندێ ئەندام و کادری ناو پارتی کردبوو کەلەکاتی دروست کردنی حیزبە داتاشراوە کوردیەکاندا، ڕیزەکانی پارتی جێبهێڵن و بچنە ناو ئەو حیزبە داتاشراوانەوە. ئەم کارەش وەک تەقەلایەک بوو بۆ کەرت و پەرتکردنی پارتی. ئەمە بێجگە لەو

خۆفرۆشانەی کەلەناو کورد دا لەماوەی ئەو ٤ ساڵەدا لەدەزگابەدناوەکانی (ئەمن، استخبارات، مەنزومەی بەعس، منظومة الشمال) دایمەزراندبون و کۆیان کردبونەوە.

ئەو بەشەی کەمابوو جێبەجێی کەن لەنەخشەستراتیجیە دوژمن کاریەکانیان دژ بەشۆڕش و بارزانی وکورد ئەمانەی خوارەوەبوون:

أ) دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کارتۆنی کوردستان و دیاری کردنی ئەحکامەکانی.

ب) دەستنیشانکردنی چلکاوخۆرەکانیان بۆ خۆ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی تەشریعی.

ج) دەرکردنی بەیانی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانەی کەلەناو پارتی و بزوتنەوەی کورددان و لەگەڵ بارزانین.

د) دەستپێکردنی هێرش و پەلامارێکی بەربلاو بەهەموو جۆرە چەک و ڕێگایەکی لەدەستدابوو وەبەکارهێنانی پتر لە ٣/٢ی هێزی چەکداری عێراقی لەو هێرش و پەلامارەدا بۆ سەر کوردستان و شۆرش و پارتی و بارزانی.

هەر گەر بەوانەش بڕیان نەکرا شۆڕشی کورد لەناوبەرن ئەوسا پەنایەرنەبەر سەوداکاری لەگەڵ پاڵپشتەکانی بارزانیدا.

## ٣-١ پلانەکانی ڕژێم لەسەر لەباربردنی شۆڕش

لەدوای بچڕانی گفتوگۆ بە ٣ ڕۆژ واتە لە ٩٧٤/٣/٢٦ دا ڕژێمی بەعسیان یاسای ژمارە ٣٣ ڕۆژی ٩٧٤/٣/١١ یان لە ٩٧٤/٣/٢٦ دا خوێندەوە کەپێکهاتبو لە:

١- پێشەکیەک بۆ بەیانەکە لەسەر برایەتی کورد و عەرەب و وەفایان بۆ بەڵێنەی کە لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا بەکوردیان داوە، وەدرێژەپێدان بەڕێبازە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیەعەیار تەواوەکەیان، بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەناوچەی کوردستان.

٢- بەشەکەی تری بریتی بو لەیاسای ئۆتۆنۆمی کە هەمان ڕەوڕاەی خاڵەکانی ناو ئەو شێوە ئۆتۆنۆمیەبوو کەلەگەڵ پارتی و بارزانیدا لە ٩٧٠ دا لەسەری ڕێککەوتبون، جگە لەکۆمەڵێک گۆڕانکاری کەتیایاندا کرابوو وەدەقەکەشی لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراقی ئەحمەد حەسەن بەکرەوە خوێندرایەوە، وەلەبەر ئەوەی کەدەقی پرۆژەی ئۆتۆنۆمیەکە لەبەشەکانی پێشودا باسکراوە لێرەدا پێویست بەدوو بارەکردنەوەی ناکات، تەنیا برگەگۆڕدراوەکان باس دەکەین کە ئەمانەی

خوارەوەبوون وەلەژێر ناوی(پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ناوەندە و بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی)یەوە بوو.

ماددەی شانزەهەم: جگە لەو دەسەڵاتانەی کە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەیان بێت، بەپێی ئەم یاسایە هەموو دەسەڵاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناوەند لەسەرتاسەری عێراقدا.

ماددەی حەڤدەهەم:

ا) دەزگاکانی پۆلیس، ئەمن، جنسیە، لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبەسترێنەوە بەبەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆیانەوە و بەوەزارەتی ناوخۆی عێراقیەوە، وەمل کەچی یاساکان و پەیڕەویەکان و ئەو فەرمانانە دەبن کەلەسەر تاسەری عێراقدا جێبەجێ دەکرێت.

ب) سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی یا هەرکەس کەکاری ئەو بکاو لەلایەن ئەوەوە دیاری کرابێت بۆی هەیە لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتدا ئەرک و فەرمان بەسەر ئەو دەزگایانەی کەلەبڕگەی (ا) دیاریکراوە بدات بەمەرجێ ئەرک و فەرمانەکان لەسنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بێت.

ج) دانان و لابردن و گواستنەوەی بەڕێوبەری دەزگاکانی بڕگەی(ا)، لەلایەن وەزیری ناوخۆوە دەبێت پاش راوێژ کردن بەسەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

د) ئاڵوگۆڕکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کەسەر بەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسن لەناوچەی ئۆتۆنۆمی لەلایەن ئەمینداری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆی ئۆتۆنۆمی دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی بڕگەی (ج).

هـ) دانان و گوێزانەوەو لابردنی ئەو فەرمانبەرانەی کەسەر بەدەزگاکانی ئەمن و جنسیەن بەپێی ئەو دەسەڵات و بڕیار و بنچینانە دەبێت کەلەکۆماری عێراقدا کاری پێدەکرێت.

ماددەی هەژدە:

ا) ئەو دام و دەزگایانەی کە ڕاستەوخۆ سەر بەناوەندن وەلەناوچەی ئۆتۆنۆمیدان تەنیا مل کەچی فەرمانی وەزارەتەکانی خۆیانن لەناوەندا، وەبەپێی ئەرکەکانیان کاری خۆیان جێبەجێ دەکەن، دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی تەنیا بۆیان هەیە ڕاپۆرتیان لەسەر بدەن بەوەزارەتەکانیان لەناوەندا.

ب) دەسەلاتی ناوەند لەسنووری ئەرکەکانیدا مافی ئاراستەکردنی گشتی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئۆتۆنۆمی هەیە.

ج) دیاری کردنی وەزیرێک لەوەزارەتی دەوڵەتدا بۆ ڕێکوپێک کردن و پەیوەندی نێوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەسەلاتی ناوەند، وەبۆی هەیە کەلەکۆبوونەوەکانی هەموو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا بەشداربێت. دەسەلاتی ناوەند دەتوانێت هەرکام لەوەزیرەکانی تری دەوڵەت بۆ ئەو کارە ڕابسپێرێ.

د) هەموو بڕیارێکی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەگەل دەرچوونیا وەزیری دەوڵەتی لێئاگادار دەکرێت.

هـ) سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ئۆتۆنۆمی بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرەکانی ناوەند دەکات.

<u>مادەی نۆزدە:</u>

ا) چاودێری سەرچەمی بڕیارەکانی ئۆتۆنۆمی لەلایەن دادگای تەمیزی عێراقییەوە دەکرێت، کەلیژنەیەکی بۆ پێکدەهێنرێت لەسەرۆکی دادگا و ٤ ئەندامی دادگا لەناو ئەندامەکانی دادگای تەمیزدا هەلدەبژێردرێن بۆ ماوەی ٣ سال وەدەکرێت بگۆڕدرێن یان دووبارە هەلبژێردرێنەوە.

ب) وەزیری داد وە وەزیری دەوڵەت پێکەوە یان بەتاکی بۆیان هەیە لەبەردەم ئەو لیژنە چاودێرییەدا بڕیارەکانی ئۆتۆنۆمی هەلوەشێننەوە لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا ئەگەر پێچەوانەی دەستور و یاسا و بڕیارەکانی دەوڵەت بوو.

ج) هەلوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی لەبەردەم لیژنەی چاودێردا جێبەجێ ناکرێت تاکو تەواو ڕوون نەبێتەوە کەپێچەوانەی یاسایە، بڕیاری کۆتایش لەلایەن لیژنەی چاودێرییەکەوە دەدرێت.

د) لیژنەی چاودێریش دەبێت لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا بڕیاری خۆی بدا لەسەر هەلوەشاندنەوەی یاکارپێکردنی بڕیارەکانی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی، وەبڕیاری ئەم لیژنەیەش دوا بڕیارە.

هـ) هەموو بڕیارەکانی ئۆتۆنۆمی بەهەلوەشاوە دەژمێردرێت لەکاتی هەلوەشاندنەوەی لەلایەن لیژنەی چاودێرییەوە، وەهەر کارێکیش لەسەر ئەو بڕیارانە کرابێت پەسەند ناکرێت و ئەویش بەهەلوەشاوە دەژمێردرێت.

و ا سەرۆکی لیژنەی چاودێری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە بەسەرۆکی ئەنجومەنی ئەشریعی و تەنفیزی ئۆتۆنۆمی ڕادەگەیەنێت، وەلەرۆژنامەی ڕەسمیشدا بلاودەکرێتەوە.

مادەی بیست

ا) سەرۆک کۆمار دەتوانێت ئەنجومەنی تەشریعی ئۆتۆنۆمی هەڵوەشێنێتەوە گەر نیوەی ئەندامەکانی وازیان هێنابێت، یان گەر ئاماوەی ٣٠ ڕۆژ لەبانگهێشتنیان بۆ کۆبونەوە نیوەیان ئامادەی کۆبونەوە نەبوون، یان بەهۆی بڕواپێنەکراویان لەلایەن سەرۆکەوە بەپێی بڕگەی 'د لەمادەی سیانزە یان ئەگەر مل کەچی بڕیارەکانی لیژنەی چاودێری نەبوون.

ب) لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی تەشریعی، کارەکانی لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی یەوە دەکرێت تا هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی تەشریعی نوێ کە دەبێت پاش هەڵوەشاندنەوەکە بەبڕیاری کۆماری لەماوەی ٩٠ ڕۆژدا هەڵبژێردرێنەوە.

ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەر خوێندەوارێک بەووردی سەیری ئەو گۆڕانکاریانە بکات بۆی دەردەکەوێت کە تاچ رادەیەک گەوهەری بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ یان بێناوەرۆک کردوە.

بۆ تەواوکردنی شانۆگەریەکەو وەپتر بەستنەوەی ئەکتەرەکانی سەر شانۆی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەناو شانۆگەریەکەی بەعسایدا لەکوردستاندا بەلغاوی سەرشۆری و خۆفرۆشیەوە، هەر لە٩٧٤١٣١٢٥ دا بڕیارێکی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو بەناوی گەلەوە(بەڵێ بەناوی گەل، ئەو گەلەی کەهەموو شتێک بەناویەوە دەکرێت و خۆیشی ئاگای لەهیچ شتێک نیە).

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

پشت بەستوو بە بڕگەی ا لەمادەی ٤٣ی دەستووری کاتی عێراقی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبونەوەی ڕۆژی ٩٧٤١٣١٢٦ بڕیاریدا کە ئەم یاسایەی خوارەوە دەربکات.

## ٣-٢ یاسای ئەنجومەنی تەشریعی ناوچەی کوردستان

بەشی یەکەم: پێکهاتنی ئەنجومەنی تەشریعی

ماددەی یەک.

ا) ئەنجومەنی تەرشیعی لە ٨٠ ئەندام شێکدێت بە هەڵبژاردنی راستەوخۆو ئازاد بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تەشریعی.

ب) ئەندامی ئەنجومەن نوێنەری دانیشتوانی هەموو ناوچەکەیە.

ماددەی دوو: مەرجەکانی ئەندامێتی لەئەنجومەنی تەشریعیدا

ا) دەبێت خۆی و دایک و باوکی لەعێراق لەدایک بوبن و عێراقی بن.

ب) دەبێت ٢٥ ساڵ تەمەنی تەواو کردبێ.

ج) دەبێت خاوەنی هەموو مافێکی مەدەنی و سیاسی بێت.

د) دەبێت نوسین و خوێندنەوە بەزمانی کوردی یان عەرەبی باش بزانێت.

ماددەی سێ:

ا) نابێت ئەندامی ئەنجومەنی تەشریعی ئەندام بێت لەئەنجومەنی نیشتمانی یا ئەنجومەنی کۆمپانیاکانی بازرگانی یا دەزگا دەوڵەتیەکان، یا فەرمانبەر بێت لەهیچ دەزگایەکی تردا.(١٢)

ب) نابێت ئەندامی ئەنجومەن هیچ جۆرە عەقدێکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی لەگەڵ دەوڵەت هەبێت یا لەگەڵ دەزگکانی ئۆتۆنۆمی یالەگەڵ کەسانی تری خاوەن بەرژەوەندی، یا لەگەڵ بەڵێندەرەکان یا کڕیار و فرۆشیارەکانی کەلوپەلی بازرگانی.

ماددەی چوار: لەدەستدانی مەرجی ئەندامەتی لەناو ئەنجومەندا

ا) تەواوبونی ماوەی سێ ساڵی کاری ئەنجومەن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن.

ب) گەر خۆی کێشایەوە لەئەنجومەن لەوکاتەوە زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیاری خۆ کێشانەوەکەی پەسەند دەکەن.

ج) ئەگەر یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامێتی ئەنجومەنی لەدەست دا.

ماددەی پێنج:

ئەندامی ئەنجومەن لەکۆبونەوەیەکی ئاشکرای ئەنجومەندا پێش دەست کردن بەکار ئەم سوێندە دەخوات (سوێند بەخوا و بەشەرەف و بەبیروباوەڕ دەخۆم کەپارێزگاری رژێمی کۆماری بکەم و دڵسۆزانە خۆم بەسەرەتاکانی دەستور و

یاساوە بپەستمەوە وە بەهەموو تواناماوە تێبکۆشم بۆ پاراستنی کۆماری عێراق و یەکیەتی خاکی عێراق).

مادەی شەش:

ا) بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن هیچ کام لەئەندامانی ئەنجومەن لێپرسینەوەیان لەسەرئەو بیروڕایانەی کەدەری دەبڕن لەئەنجومەندا ناکرێت.

ب) لەکاتی کۆبونەوەی ئەنجومەندا نابێت بەهیچ جۆرێک هیچ لێکۆڵینەوەیەک، دژیان بکرێت یابڕیاری گرتنی دەربکرێت تا بڕیاری ئەنجومەنی لەسەر وەرنەگیرێت، ئەگەر تاوانێکی کردبێت ئەوسا بێپرسی ئەنجومەن دەگیرێت.

بەشی دووەم: کارەکانی ئەنجومەنی تەشریعی.

مادەی حەوت:

ا) ماوەی کاری ئەنجومەن ٣ ساڵە لەیەکەم کۆبونەوەیەوە بۆ دوایین کۆبونەوەی سێیەم ساڵی.

ب) یەکەم کاتی دەست بەکاربونیان لەیەکەم شەممەی مانگی ٩٧٤١١٠ وە دەست پێدەکات.

ج) بەپێی یاسا لەیەکەم کۆبونەوەدا کەتەسەرکردایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەست پێدەکات هەڵدەستن بەهەڵبژاردنی سەرۆک و جێگر و ئەمین سری ئەنجومەن بەدەنگ دانی نهێنی.

د) سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی یا ٤١١ ی ئەندامانی تەشریعی بۆیان هەیە داوا لەئەنجومەن بکەن بۆ کۆبونەوەی نائاسایی وەلێدوان لەو مەسەلانەی کەکۆبونەوەکەی بۆ تەرخان دەکرێت.

هـ) کۆبونەوەکانی ئەنجومەن بەئاشکرا دەکرێت.

مادەی هەشت:

ا) ئەنجومەنی تەنفیزی یا ١٠ ئەندامی ئەنجومەنی تەشریعی بۆیان هەیە پێشنیاری بڕیارە یاساییەکان بکەن، وەپێش بینیی لیژنەی چاودێری ئەنجومەن بۆی نیە مشتومڕ لەسەر پرۆژەی بڕیارەکە بکات، وەهەر پرۆژەیەکیش ئەنجومەن ڕەتی کردەوە لەو خولی کۆبونەوەیەدا دووبارە ناکرێتەوە.

ب) سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی لەماوەی ١٠ ڕۆژدا بەگەیشتنی بڕیارەکانی تەشریعی جێبەجێیان بکات، بۆشی هەیەلەماوەی ئەو ١٠ ڕۆژەدا داوا لەئەنجومەنی

تەشریعی بکات بەسەر بڕیارەکانیدا بچێتەوە، بەلام گەر ئەنجومەنی تەشریعی سوور بوون لەسەر بڕیارەکان بەهەمان ژمارەی دەنگ دەبێت بڕیارەکان جێبەجێ بکرێت.

ج) بڕیارە رەسمیەکانی پەسند کراو لەرۆژنامەی رەسمی دەوڵەتی کۆماری عێراقدا بڵاودەکرێتەوە، وەلە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە کاری پێدەکرێت.

<u>مادەی نۆ:</u>

ا) بۆ هەریەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی تەشریعی هەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پرسیار لەئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی بکات سەبارەت بەجێبەجێ کردن و نەکردنی ئەو بابەتانەی کەلەسنوری کارەکانیاندایە، وەدەبێت وەلامی تەواوی بدەنەوە. وە ۷ رۆژ دوای پێشکەش کردنی پرسیارەکان مشتومڕی لەسەر دەکرێت

ب) ٤/١ ی ئەندامانی ئەنجومەنی تەشریعی بۆیان هەیە بڕوای خۆیان لەئەنجومەنی تەنفیزی یالەیەک ئەندامی ئەنجومەنکە بکێشنەوە، وەپاش ۷ رۆژ ئەنجومەنی تەشریعی مشتومڕی لەسەربکات وە دوو رۆژ دوای تەواوبونی مشتومڕ دەنگدان لەسەر داواکاریەکە دەکرێت.

<u>مادەی دە:</u>

دەکرێت یەکەم ئەنجومەنی تەشریعی ئەندامەکانی بەدەست نیشان کردن بێت نەک بەهەڵبژاردن.

<u>مادەی یانزە:</u>

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوبونەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێت.

١٩٧٤/٣/٢٦

ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دوای ئەو بڕیارە نامیژوییەی بەعسیان، ئینجا کەوتنە کورت و کوێر کردن و قارس کردنی ئەو بڕیارەی کەلەبەیانی ۱۱ی ئازار دا پەیوەندی بەزمانی کوردیەوە هەبوو. بەم بڕیارەی خوارەوە:

بڕیاری ژمارە ۳۰۹:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (أ) لەمادەی ٤٢ ی دەستوری کاتی: ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبونەوەی رۆژی ٩٧٤/٣/٢٦ ئەم بڕیارەی دا:

١- زمانی عەرەبی زمانی بەکارهێنراو دەبێت لەگۆڕینەوەی ئەونامە ڕەسمی و کاروبارانەی کەلەنێوان دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و ناوەندا دەکرێت، یا هەر کارێک کەدەسەڵاتی ناوەند لایەن بێت تیایدا.

٢- زمانی کوردی و عەرەبی بەو شێوەپێتانەی کەئێستا هەیەتی و بەو جۆرە نوسینەش زمانی دۆکیومێنت و نامە گۆڕینەوە و کارو باری سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێت.

٣- بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت.

٤- هەموو هاونیشتمانیەک ئازادە لەوەی کەبۆ کاروبارەکانی زمانی کوردی یاعەرەبی بەکاربهێنێ لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا.

٥- ا) هەموو دادگای یەک لەو دادگایانەی کەلەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەپێی بڕیاری سەرۆکی دادگا بەکوردی یاعەرەبی دەبێت، وە دەشبێت دادگای کردن بەزمانێکی تری ناوچەیی بێت.

ب) حوکمەکان بەزمانی کوردی یاعەرەبی دەبێت.

٦- بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٣٠٤) کەلەسەر زمانی کوردی لە ٩٧٢\٤\٥ دا دەرچوو بەپێی ئەم بڕیارە نوێیە هەڵوەشایەو کاری پێناکرێت.

٧- ئەم بڕیارە پاش بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت

١٩٧٤\٣\٢٦

ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دوای دەرچونی ئەم بڕیارە سەپێنەرانەو جاردانی دروستکردنی ئەنجومەنەکانی کارتۆنی ئەنفیزی و تەشریعی جێبەجێ کەری تایبەتی بڕیارەکانی بەعس لەکوردستاندا، وەدروست کردنی هاتوهاوار و هەڵایەکی گەورە هەم لەناووەی عێراق و دەرەوەیدا کەگوایە دەوڵەتی عێراقی دیموکرات و سۆسیالیست و دوژمنی ئیمپریالیزمی جیهانی، دەوڵەتی یاسا و دەستور مافی تەواوی ڕەوای برا کوردەکانی جێبەجێ کرد، کوردەکان ئێستاکە لەسایەی ئۆتۆنۆمیدا خۆیان بەڕێوەدەبەن لەچوارچێوەی عێراقی ئاشتی خواز و نەتەوە پارێزدا، ئەوەتا دەوڵەتی عێراق نمونەیەکی داهێنەرانەی ئەوتۆی لەجۆر و کێشەی شێوەی کێشەی نەتەوایەتیدا پیادە کردوە کەلەسەرتاسەری جیهاندا وێنەی نیە، نەلەوولاتە سۆسیالیستەکان و

وەتەلەدەوڵەتە سەرمایەدارییە فرەنەتەوەییەکانی ڕۆژئاواشدا ئەتوانراوە بەوجۆرە لەڕەگ و ریشەوە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لەو وڵاتی فرەنەتەوەدا بکرێت. دوای ئەوەش هەستان بەبەکارهێنانی سەرجەمی دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان هەر لەڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە تادەگاتە سەر سرود و مۆسیقا و گۆرانی وەئەرخانکردنیان بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی ئۆتۆنۆمی کورد، کەکورد خۆیشی وەکو گەل لێی بێ بەری بوو وەبەناچاری ئاوقای شەڕێکی بەزۆربەسەردا سەپێنراو ببوو.

هەر لەڕۆژی ٩٧٤/٣/٢٦ دا بەڕاوێژ و تەگبیری کوردە بەکرێگیراوەکانی دەرباری سەدام هەستان بەدەرکردنی یاسای لێبووردنی گشتی بەو هیوایەی کەزۆربەی پێشمەرگەو ئەندامانی پارتی بەهەڵکردنی پارچەیەک پەڕۆی سپیەوە بگەڕێنەوە باوەشی ڕژێمی بەعس و سەری ئۆکەریان بۆ بخەنە زەوی بەرپێیان، ئەمەش دەقی یاساکەیە:

یاسای ژمارە (٣٧) ساڵی ١٩٧٤

یاسای لێبوردنی گشتی لەکوردە مەدەنی و عەرسکەریەکان.

<u>مادەی یەکەم</u>: لەو کوردانە خۆش دەبین کەلەهێزی چەکداری دا بوون، سوپا، پۆلیس، ئەمن، جنسیە، پاسەوانی سنور کە خۆیان بەدەستەوە دەدەن لەنزیکترین بنکەی دەسەلاتی حکومەت وە بەپێی ئەم یاسایە تاکاتی تەواوبونی ماوەی لێخۆشبونە گشتیەکە هەر کەس خۆی بەدەستەوە بدات لەم سزایانەی خوارەوە دەبەخشرێت:

ا) ئەو سزایانەی کەلەیاسای سەربازیدایە سەبارەت بە دیارنەبون، ڕاکردن، دواکەوتن لەکاری سەربازی، سەرپێچی کردن.

ب) لەو سزایانەی کەلە مدەکانی (١١٦، ١١٧) ی یاسای سزادانی سەربازی ژمارە ١٣ ساڵی ٩٤٠ ی دەستکاری کراو.

ج) لەسزای دەرکردنیان لەپلەوپایەکانیان کەلەکاتی دیارنەبون، دواکەوتن، ڕاکردنیاندا دەرچوە،

<u>مادەی دووەم</u>: لێخۆش بون لەو سزایانەی کەلەیاسای خزمەتی سەربازی ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٦٩ دا هاتوە وەلەیاسای پارێزگاری وولات (الدفاع الوطني) وەیاسای خزمەتی

جێگری (الخدمة الأحتياط) کەبەهۆی دواکەوتن یان سەرپێچی لەو یاسایانە بەسەریاندا دراوە، گەر لەماوەی ئەم بڕیارە یا لەکۆتایی ماوەی ئەم بڕیارە خۆیان لەنزیکترین بنکەی دەسەلاتی دەولەتەوە بەدەستەوە بدەن.

__مادەی سێیەم__: ئەو فەرمانبەر و موچەخۆر و کرێکارە کوردانەی کەلەشوێنی کارەکانیاندا نەماون. لەهەموو سزایەکی بەڕێوەبەرێتیان خۆش دەبین گەر لەماوەی ئەم یاسایە یاوێنش تەواوبونی ماوەی یاساکە پەیوەندی بەدەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆیان و شوێن ئیش و کارەکانی خۆیان بکەن یان لەنزیکترین بنکەی دەسەلاتی سوپای دەولەتدا خۆیان بەدەستەوەبدەن.

__مادەی چوارەم__: هەموو دەست بەسەر و گیراوەکانی پەیوەند بەم یاسایە لێکنسەر بەردەدرێن، گەر بەهۆیەکی ترەوە نەگیرابن. وەئەو سزا مالیانەی کەلێیان وەرگیراوە نادرێتەوە.

__مادەی پێنجەم__: ماوەی کارکردن بەم یاسایە (٣٠) رۆژە لەرۆژی بلاوبونەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا.

٢٦ /٣١/ ١٩٧٤

ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

گەرچی لەناوەڕۆکی یاساکەدا نەنوسراوە بەلام بەبلاوکردنەوەی بەیانێک کەداوایان لەهەموو چەکدارێکی کورد کردبوو بەهەلکردنی ئالایەکی سپیەوە خۆی بداتە دەست دلم و دەزگاکانی دەولەتی و سەری رێز و نەوازش بەملی کەچەوە بۆ دەسەلاتدارانی بەعسیان دانەوێنێ وە لەبەیانەکەدا مەلا مستەفای بارزانی و هەردوو کورەکەی ئیدریس و مەسعودی لێبێ بەری کرابوو کەهەر نابێت لەئاوی دیجلەو فورات بخۆنەوە.(١٤)

دوای ئەم بڕیار و شانۆگەریە بڕیارێکی تریان دەرکرد بەدانانی پێنج خۆفرۆشی کورد بەوەزیر لەوەزارەتەکەیاندا.

١- عوبێدوللا مستەفا بارزانی: کوڕی گەورەی مەلامستەفای بارزانیە و لەسالی ١٩٢٧ لەدایک بووە، ماوەیەک لەشەستەکاندا نوسەری تایبەتی باوکی بوە تاسالی

١٩٦٤ کەتێوانیان ناخۆش بوو بەهۆی گرنگی دانی بارزانی بەئیدریس و مەسعود کەلەگەڵ ئەم دا دایکیان جیابوو.

٢- عەزیز عەقراوی: ئەندامی پدک بوو تا پێش دروست بونەوەی شەڕ لە ١٩٧٤ دا، پیاوێکی شارەزابوو لەکاروباری سوپایدا وەلەسوپای عێراقیشدا پێش ڕاکردنەکەی بۆ ناو هێزی پێشمەرگە ڕوتبەی مقدمی هەبوو.

٣- هاشم عەقراوی: لە ساڵی ١٩٦٢ وە یەکێک بوە لەکەسە نزیکەکانی بارزانی و جێگەی متمانەی بوە، ئەمیش ماوەیەک ئەندامی سەرکردایەتی پدک بوو.

٤- ستار تایەر شەریف: لەساڵەکانی ١٩٦٣-١٩٦٤ دا ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی بوو لەکۆیە، پاشان بوو بە ئەندامی لقی کەرکوک، لەناکۆکی نێوان بارزانی و م.س دا چوە بەرەی م.س وە تاساڵی ١٩٧٠ کە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەکۆنگرەدا خۆی هەڵوەشاندەوە و زۆربەیان چونەوە ناو ڕیزەکانی پدک. ستار ئەک هەر نەچوە ناو ڕیزەکانی پارتیەوە بەڵکە بێلایەنیش دانەنیشت و بەپشتیوانی پلان و نەخشەی بەعس حیزبێکی داتاشراوی پێکهێنا بەناوی (پارتی شۆڕشگێری کوردستان) و بوو بەئەندامی بەرەی شەق و شرەکەی بەعس.

٥- عبدالله ئیسماعیل ناسراو بەمەلا ماتۆڕ: ئەمیش یەکێک بوە لەئەندامانی سەرکردایەتی پدک، هەر لەسەرەتای شەستەکانەوە یەکێک بوە لەفەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول. وە فەرماندەیەکی لێهاتو و وریا و نەترس بوو کەسایەتیەکی ناسراو و خۆشەویستیش بوو لەناوچەی هەولێر و کەرکوک. ئەمیش لەدوو بەرەکی نێوان بارزانی و م.س کەوتە بەرەی م.س وە تاساڵی ١٩٧٠ پێش بەستنی کۆنگرەی پاسکی جەلالی لەڕیزەکانی دەرکرا، ئەمیش لەدوای هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ بەنەخشە و پلانی بەعسیان ڕێکخراوێکی پێکەوەنا بەناوی (بزوتنەوەی پێشکەوتوخوازی کوردی) وە بوو بەیەکێک لەئەندامانی بەرەشەق و شرەکەی حکومەت.

ئەو هەموو بڕیار و هەنگاوانەی حکومەتی بەعس هەڵکردنی ئیشکی سەوز بوو بەبارزانی بۆ شەڕکردنەوە. پاش ئەوە ڕژێم کەوتە سازدانی هێزەکانی بۆ جێبەجێ کردنی پێش دواخالی نەخشەستراتیجیەکەی کەبریتی بوو لە چۆک دادان بە پارتی و شۆڕش و کورد بەڕێگەی هێرش و پەلامار و زەبروزەنگی سوپایی. وە ڕژێمی بەعس بڕیاری دابوو کە شۆڕشی کورد و بارزانی بەشەڕ لەماوەی شەش مانگدا لەناوبەرێت.

ئەگەر چی بەئاشکرا و لەرێگەی ئامرازی دەزگاکانی راگەیاندنەوە، پچڕانی هەموو پەیوەندیەکی نێوان شۆڕش و نێوان حکومەتی بەعس لە ٩٧٤\٣\٢٦ وە بلاوکرایەوە بەلام زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان نیمچە چۆلکراوێک وەگەر بشێت دەوانین بڵێین هەندێ لەشارەکان بەتەواوی چۆڵ کران لە ٩٧٤\٣\٢٣ دا.

ووردە شەڕی نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد لەدوای ئاوەڕاستی مانگی دووی ١٩٧٤ وە دەستی پێکرد، یەکەم پەلاماری ڕژێم لێدانی بنکەکانی پێشمەرگە بوو لەناوچەی زاخۆ بەتۆپی قورس لەلایەن حکومەتەوە لە ٩٧٤\٣\١٦ دا.

ئەو ووردە شەڕانە بوونە هۆی ئەوەی کە بارزانی دەستپێشکەری بکات لەئابلوقەدانی ئەو هێزانەی حکومەت کە لەناوچەی زاخۆ و نێوان زاخۆ و رەواندوز دا جێگیر کرابوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٩٧٤\٣\٢٣ دا لەرێگەی ئێزگەکەیانەوە وەبەیان ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دەرکرد:

١- هەموو پاسەوانەکانی سنوور بەچەک و کەلوپەلەکانیانەوە شوێنەکانی نزیک دەسەلاتی حکومەت چۆڵ کەن و لەناوچەکانی دەوروبەردا بنکەی خۆیان دابمەزرێنن وە لەژێر ئیتزاردابن.

٢- هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەخۆیان و چەکەکانیانەوە پەیوەندی بەبنکەو بارەگاکان و لێپرسراوانی پێشووی خۆیانەوە بکەن وە ئامادەبن و چاوەڕوانی فەرمانی ئایندەبن.

٣- هەموو سەربازە کوردەکان بەچەکەکانیانەوە ریزەکانی سوپای ڕژێم بەجێ بهێڵن وەبەزووترین کات پەیوەندی بەنزیکترین بنکەی پێشمەرگەیەتی یا رێکخراوەیی پارتی بکەن.

٤- هەموو پۆلیسەکان و بەڕێوبەرایەتیەکانی پۆلیس بەهەموو چەک و کەلوپەلەکانی دەزگاکانی بەڕێوبەرایەتیان پەیوەندی بەنزیکترین بنکەی شۆڕشەوە بکەن.

٥- هەموو دکتۆر و بریندپێچ و موچەخۆرەکانی نەخۆشخانەکان بەهەموو کەلوپەلە پزیشکیەکانەوە بەرەو بارەگای سەرکردایەتی بڕۆن تا شوێنی کارکردن و جێگای دانانی نەخۆشخانەکانی شۆڕشیان بۆ دیاری دەکرێت.

٦- هەموو قوتابییانی قوتابخانەکانی پیشەییەکان و خوێندکارەکانی زانکۆی سلێمانی و دکتۆر و مامۆستاکانی کۆلیجەکانی زانکۆی سلێمانی بەکەل و پەلەکانی پێویستی خوێندنەوە بگەنە قەلادزە.

٧- دانیشتوانی شارەکان هەرکەس بیەوێ خۆی لەژێر چەپۆکی ڕژێم ڕزگاربکات دەتوانێت ڕوو بکاتە مەڵبەندەکانی هەڵبجە، قەلادزە، گەلالە، حاجی ئۆمەران، وەرتێ، ناوچەی بارزان، وەشۆڕش توانا ودەسەلاتی حەوانەوە و دابین کردنی بۆ هەموان هەیە.

لەماوەی ٢-٣ ڕۆژدا ٣١٢ ی دانیشتوانی کوردستان چونە پال شۆڕش وە هەموو هێزی چەکداری کوردیش ئەوانەی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتی عێراقیش چونە پال شۆڕش، جگەلە چەند کۆمەڵ و تاقمێکی خۆفرۆش کەلەپال ڕژێمدا مانەوە.

لە ٩٧٤\٤\١٥ دا ڕژێم هێرشێکی بەربلاوی لەموسڵەوە بەرەو زاخۆ بەنیازی ڕزگارکردنی هێزە ئابلۆقەدراوەکەی ناو زاخۆ و نێوان زاخۆ و ڕەواندوز دەست پێکرد، لەماوەی ١٠ ڕۆژی شەڕدا نەیتوانی جگەلەهەندێ گوندی ١٥کلم ی زاخۆ بەولاوە هیچی تر بگرێتەوە، لەبەرپەرچ دانەوەی ئەو هێرشە پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەفەرماندەیی عیسا سوار لە ٤\٢٥ دا کەوتنە هێرش و پەلامار و تۆپ بارانکردنی هێزەکانی دوژمن، شەڕ تا ڕۆژی ٥\٨ بەردەوام بوو لە ٥\٨ دا ڕژێم ڕێگای زاخۆی کردەوە و زاخۆیشی گرت. لەو شەڕەدا ڕژێم هەموو هێز و توانایەکی ئاسمانی و زەمینی بەکارهێنا وەبەردەوام بوو لەلێدان بۆردومان کردنی هەموو بنکەوبارەگاکانی سەرکردایەتی پارتی و بارزانی و هەموو ئەو دێهات و شار و شارۆچکانەی کە خەلکی شارە گەورەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەت ڕوویان تێکردبوو. لە ڕۆژی ٩٧٤\٤\٢٤ دا ڕژێم بەفرۆکەی جەنگی (تۆبۆلۆف) بۆردومانی شاری قەلادزەی کرد، وە ئەو دیاریە پڕ لە ڕوو ڕەشیەی سۆڤیەت بۆ یەعسیان و وەبۆ گەلی کورد لەبەردەم دادگای مرۆڤایەتیدا بوە هۆی شەهید بونی پتر لە ١٣٠ کەسی بێ چەک لە ژن و منال و خوێندکار و قوتابی و وێران کردنی مالی پتر لە چواریەکی شاری قەلادزە، کە ڕۆژنامەی لۆمۆند لە ٩٧٤\٦\١٠ دا بەسامناکترین شێوە باسی کردابوو.

لە ٩٧٤\٤\٢٧ بەهەمان شێوە بۆمبارانی شاری هەڵەبجەی کرد و ٤٣ کەسی تیا شەهیدبوو.

له ۹۷٤\٤\۱۲۹ بەتۆپ و بەفرۆکە زۆر بەخەستی بوردومانی گەلالە، رەواندوز، حاجی ئۆمەرانی کرد و ۲۰ کەسی لەپردی گەلالە شەهید کرد.

بەدرێژایی هێرش و پەلامارەکانی رژێم لەمانگی ٦،٥،٤،۳ توانی تەنیا شارەکانی کەرکوک، خانەقین، شەنگار، زاخۆ بگرێتەوە وە سەرجەم گوندەکانی سەر رێگاکان وێران و تەخت بکات، لەمانگی ۹۷٤\٦ کۆبونەوەی سەرکردایەتی هەرێمایەتی و سەرکردایەتی شۆرش و هەیئەتی ئەرکانی سوپای عێراقی و فەرماندەی فەیلەقەکانی بەعسیان کرا، بڕیاریاندا کەنەخشەی شەرەکە بەجۆرێک داربێژن وەبەسێ سوپای بەهێز و پڕ چەک بەپشتیوانی فرۆکە و تانک و توپ و زرێپۆش لەسێ لاوە هێرش بەرن وەهەوڵبەن تاسەر سنوری ئێران، کوردستان بکەن بەسێ بەشەوە و هەرسێ بەشەکەش لەیەکتری دابڕن، ئەوساکە هێرش بەرنە سەر بارەگای بارزانی و سەرکردایەتی، ناوچەکانی شەڕیشیان بەو جۆرە دابەش کردیوو کە گەرمیان، سۆران، بادینان بێت.

بەپێی ئەو نەخشەیە لەسەرەتای مانگی ۹۷٤\۷ وە هێرشی سوپای عێراقی دەستی پێکرد بەپشتیوانی تانک و زرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژ و فرۆکەی میگی ۲۳،۲۱،۱۷ وە ساروخی سویت و فرۆکەی تۆبۆلۆفی ۲۲،۱۷، لەسێ قۆڵەوە:

۱- لەکەرکوکەوە بەرەو سلێمانی، رانیە، قەلادزە، هەر لەکەرکوکەوە بەرەو کۆیە رانیە قەلادزە.

۲- لەکەرکوکەوە بەرەو سلێمانی، قەرەداغ، وەلەکفریەوە بەرەو کەلار، و دەربەندیخان، سلێمانی، هەڵەبجە.

۳- لەموسڵ و کەرکوکەوە بەرەو هەولێر، رەواندوز، رایات، وەلەزاخۆشەوە بەرەو ئاکرێ و رەواندوز رایات، لەو هێرشەدا رژێم توانی لە ۷\۱۹ دا شارەکانی سلێمانی، قەلادزە، رانیە بگرێت، وەلە ۷\۲۲ دا شاری رەواندوزی گرت.

گرتنی شارەکانی سەر رێگای ئەو دوو خەتە شۆرشی خستە باروودۆخێکی زۆر ئاڵۆزەوە، کەدەتوانین بەم خالانەی خوارەوە دەستنیشانی کەین :-

۱) راکردن و ئاوارەبونی پتر لەسەدان هەزاری کوردی ناوچەکانی سەر رێگەی ئەو دوو خەتە، وە رەوگردنیان بەرەوناوچە سنوریەکانی نێوان عێراق-ئێران.

۲) دروست بونی قورساییەکی بەشەری زۆر گەورە لەسەر شۆرش، کە لەرووی دابین کردنی جێگەو حەواندنەوەو ژیاندنیان و تیمارکردنی نەخۆش و بریندار ئەرکێکی سادە و ئاسان نەبوو وە پارتی توانای لەعەودەهاتنی نەبوو. بۆیە بارزانی ناچاربوو

کەداوا لەشای ئێران بکات ئەو خەڵکانە وەک پەناهەندە وەربگیرێن و بحەوێنەوە. لەمانگی ٩/١٩٧٤دا شای ئێرانیش ئەم داوایەی بارزانی بەهەل زانی کە ڕێگە بەکوردەکان بدات بچنە ناو ئێرانەوە و ببن بەپەناهەندە و بیان حەوێننەوە.

شا ئەمەی بەهەل زانی تا ئەو سەدان هەزار کوردەی باکوری کوردستان وەک بارمتەیەک لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا دابنێ بۆ پتر سەپاندنی مەرجەکانی خۆی بەسەر شۆڕش و بارزانیدا.

ژمارەی پەنابەران لەو کاتەوە تاکۆتایی ساڵی ١٩٧٤ گەیشتە نزیک نیو ملیۆن.

٣) وەرگرتنی پەنابەری لەئێران بووە هۆی سەرفرازبوونی پێشمەرگە لەقورسایی ماڵ و منداڵ، ئەمەش باروودۆخی شەڕەکەی گۆڕی لەشەڕی ڕووبەڕووەوە بۆ شەڕی پارتیزانی و هێرش و پەلاماربردنە سەر هێزەکانی ڕژێم بەدرێژایی هێڵی ڕێگابانەکانی نەخشەکەی ڕژێم.

٤) لەگەڵ ئەوەی کە ڕژێمی عێراقی هەموو توانایەکی خۆی خستبووە گەڕ و فەیلەقەکانی ١،٢،٤،٦،٨ و ٣/٤ی فیرقەی ٣،٥ی بەکارهێنابوو کە ژمارەیان پتر لە ٨٠ هەزار بوو هێشتانە یانتوانی لەو هێرشە دابەو ماوەیەی کە دایاننابوو نەخشەکەیان جێبەجێ بکەن وە ئەوهێزانەی ڕژێم لە تەختایی شارەکان و سەر ڕێگاوبانەکان و دۆڵەکانی ناوچەشاخاویەکاندا کەوتبونە بەر ڕەحمەتی هەڵمەتی پێشمەرگەکان، کەدیارە ئەم باروودۆخە هەم لەڕووی ووڕە و هەم لەڕوی زیانی گیانی وماڵیەوە بەسوودی شۆڕش و زیانی حکومەت تەواو بوو.

٥) ئەو هێرشە بەربلاو و دڕندانەیەی ڕژێم و بەکارهێنانی سیاسەتی جینۆساید نەک بەتەنیا بەرامبەر یەک پەلکە بەرامبەر بە دانیشتوانی هەموو شار و شارۆچکەکان و گوندەکان، بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کورد بەهەموو چین و توێژەکانیەوە وە بەهەموو جیاوازی بیروڕاکانیانەوە لەخوێندەوار و نەخوێندەوار، لەچەپ و ڕاست و میانەڕەو، لەشارستانی و عەشایەر، لەشارەکانی خواروو و ناوەندی عێراق و کوردستانیش تەنانەت لەوڵاتانی دەرەوەش، هەتا ئەوانەی کە هیچ بڕوایان بەسەرکردایەتی پارتی و بارزانی نەبوو، هەر هەموویان هاوئاهەنگ ڕوویانکردە شۆڕش و پاڵپشتی شۆڕشیان گرت، تەنیا لێکدانەوەی ئەو کاتە لەلای هەموو بیروبۆچوونە جیاجیاکان هاتبووە سەر ئەوەی کە (هێرش و پەلاماری ڕژێم بۆ سەر کوردە، بۆ سەر کوردستانە، بۆ سەر شۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردە، نەک تەنیا بۆ سەر بارزانی و پارتی).

ئەم دیاردەیە بەتەواوی بۆچوونەکانی سەدام حسێنی پوچەڵ کردەوە، کەپێی وابوو لەشەڕبونەوەدا بارزانی و بەشێکی کەمی پەدک بەتەنیا دەمێننەوە، ئەوی تری خەڵکی کورد هەمووی لەدەوری ئۆتۆنۆمیەکارتۆنیەکەی کۆدەبنەوە و وەدەبنە ئامێری دەستی بەعسیان بۆ خنکاندنی شۆڕشی کورد بەدەستی کورد.

ئەگەر سەرنجی ئەم ئامارەی خوارەوە بدەین دەردەکەوێت کە تاچ ڕادەیەک خەڵکی کورد بڕوایان بەڕژێمی بەعسیان نەبوە و هەرگیز متمانەیان پێنەکردوە و هەمیشە لەهەوڵی خۆدەربازکردندا بوون لە زۆر و ستەمی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم، و بۆ گرتنەبەری ڕێگای بەرەنگاربونەوە.

لەژمارەی ٦٠٠ خوێندکار لەزانکۆی سلێمانی، ٤٠٠ خوێنکاریان بەهەموو ماموستاکانیانەوە کە ٦٠ مامۆستای زانکۆبوون، چونە بەرەی شۆڕش،

هەموو قوتابیەکانی قوتابخانەی ئامادەیی دهۆک بەمامۆستاکانیانەوە، ٥٠٠ قوتابی ناوەندی و ئامادەیی شاری هەولێر، ١٦٠٠ قوتابی قوتابخانە پیشەییەکان و ناوەندیەکانی شاری سلێمانی و شارەکانی تر، ٢١٥٠ مامۆستای قوتابخانە ناوەندیەکان و سەرەتاییەکان، ٢٢٠ ئەندازیار، ١١٠ پزیشک، ١٠٠ خوێنکاری زانکۆکانی موسڵ و بەغداد چونە ناوشۆڕشەوە، ئەمە جگە لەو خوێندکارانەی کە بەزەمالە یان بەعسەی حکومەت یان خۆیان لەسەر حسابی خۆیان دەیانخوێند لەدەرەوەی وولات کە پتر لە ١٥٠ خوێندکاریان خوێندیان جێ هێشت و گەڕانەوە ناوشۆڕش.

زۆربەی خوێندکارەکانی زانکۆکان و بەشێکی مامۆستایان وەبەشێکی زۆری خوێندنگا پیشەییەکان سەر بەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانی کۆمەڵە بوون کەبەبڕیاری کۆمەڵەی م-ل کوردستان چونە ناوشۆڕش و بەشداریان لەشەڕی مان و نەماندا کرد، وە بڕیارەکەی کۆمەڵە بەم جۆرەبوو کە چەند دەکرێت کۆمەڵە قورسایی خۆی بخاتەسەر پشتیوانی شۆڕش.

١٦) ئیتر بەتەواوی سەرتاسەری سنووری نێوان عێراق-ئێران واتە خوارووو و ڕۆژهەلاتی کوردستان کرایەوەو یارمەتی بێدرێغی ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل لەچەک و تەقەمەنی و ئازوقە و پارە و پسپۆڕی شارەزای شەڕ و ئەفسەری ڕۆپکانە و ڕاوێژکار بۆ بارزانی و پارتە دەهات.

### ٣-٣ دەزگا ئۆتۆنۆمیەکەی بارزانی

هەموو دام و دەزگایەکی دەوڵەتی هەر لەوەزارەت و پارێزگارەوە تادەگاتە سەر بەڕێوبەریەتیەکان و فەرمانبەر و موچەخۆر بەناوی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا پێکهێنران کەگەورەترین و فراوانترین و بەهێزترین دەزگایان (دەزگای پاراستن) بوو.

وەزارەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان کابینەکەی پێکهاتبوو لە:

سەرەک وەزیران - حەبیب محەمەد کەریم

وەزیری دەرەوە - محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی)

وەزیری ناوخۆ - موحسین دزەیی

وەزیری دارایی - عەلی عەبدوڵلا

وەزیری ڕاگەیاندن - دارا تۆفیق

وەزیری تەندروستی - دکتۆر مەحمود عوسمان

وەزیری نیشتەجێ کردن و ئاوەدان کردنەوە - نوری شاوەیس

وەزیری داد - سالح یوسفی

وەزیری پەنابەرەکان - سدیق ئەمین

وەزیری بەرگری - ئەم وەزراەتە بەناوە وەزارەتەوە نەبوو، بەلام لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری عەبدولوەهاب ئەتروشی بوو.

لێپرسراوی هێزی چەکدار - ئیدریس بارزانی

لێپرسراوی دەزگای پاراستن - مەسعود بارزانی

بۆدجەی شەش مانگی وەزارەتی کوردستان لە مانگی ٤-٩ی ٩٧٤ بریتی بوو لە ٥٥ ملیۆن دولار.

پانتایی ناوچە ڕزگار کراوەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی کوردستان ٣٥ هەزرا کلیۆمەتر دووجابوو، وەلەسەر ئەم پانتاییە دام و دەزگاکانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی ڕەفتاری دەوڵەتیان دەکرد و ئەرکی دەوڵەتیان بەجێدەهێنا.

لەگەڵ ئەو هەموو هێرشە بەربلاوەی ڕژێم بۆ کوردستان و گرتنەوەی لەڕەواندوزەوە تا قەلادزە هێشتا سەرکەوتنی تیابەدەست نەهێنابوو لەبەر دوو هۆ

١- سەرکەوتن لەشەڕدا بریتی یە لەبەدەست هێنانی مەبەستی سەرەکی، مەبەستی

سەرەکی ڕژێمیش لەو شەڕانەدا نەهێشتنی یا لەبار بردنی شۆڕش و گرتن یا ڕاونانی بارزانی بوو بۆدیوی ئێران و گرتنی بارەگای بارزانی و شارۆچکەی گەلالە کەدەبوایە لە ۹۷٤\٤\۱۵ دا سەدام حسین لەوێ لەگەڵ فەرماندەکانیا ئاهەنگی سەرکەوتنیان بگێڕایە، نەک هەر نەیانتوانیبوو ئەو مەبەستە بەدی بهێنن بگرە گەلێ شکستی گەورەشیان خواردبوو.

۲- سەرکەوتن لەشەڕدا بەگرتنی شار و شارۆچکە بەشێوەی کاتی، وەچەند لوتکەشاخ یا چەند دۆڵێک ناپێوریت، بەڵکە بەڕاگەیاندنی زیانی شەڕ هەڵدەسەنگێنریت . وەبەئیفلیج کردنی لایەکیان، لەو شەڕەدا ئەزیانی گیانی گەورە وەئەشکستی گەورە شۆڕش کەوتبو وەئەهێزی ڕژێمیش لەپەلوپۆکەوتبوو، گەر سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی لایەنێکی شەڕیش بەژمارەی کوشتاری شەڕەکە هەڵیسەنگێنریت دەتوانین کەبڵێین زیانی گیانی هێزەکانی ڕژێم چەندین جار زیاتر بوو لەزیانی گیانی لەڕیزەکانی شۆڕش.

لەسەرەتای مانگی ۹۷٤\۹ ڕژێم بڕیاریدا کەپێش سەرماوسۆڵەی زستان هەوڵ بدات هەموو بەرزاییەکانی شاخەکانی زۆزگ و هەندرێن بگرێت کەستراتیژیترین شوێن بوو بۆ زاڵبونی هەرلایەک کەبەدەستیەوەبێ بەسەر لایەکی تردا لەناوچەکە، چەنکە بەرزاییەکانی زنجیرەکانی ئەو دوو کێوە ژامنکەری پاراستن و کۆنترۆڵ کەری ناوچەکانی گەلالە و ڕەواندوز بوو لەگەڵ شارێگەی (هاملتۆن).

هێرشی ڕژێم بۆ ئەو ناوچەیە لە ۹۷٤\۹\۱۰ وە دەستی پێکرد بەبەکارهێنانی ۱۳۰ تانگ و پتر لە ۳۰هەزار سەرباز بەپشتیوانی تۆپ و فرۆکەی جەنگی، سەرەتای شەڕ ڕژێم بۆ ماوەی ۱۷ ڕۆژ بەتۆپ و دەبابە و فرۆکە، بۆردومانی ناوچەکە و شاخەکانی کرد، وەلەبەینیا ڕۆژانی ۱۲،۱٤\۹ دوو هێرشیان برد تا ڕۆژی ۲۷،۲۸،۲۹\۹ هێرشەگەورەکەیان کەبەشەڕی ۱۹ ڕۆژەناسرابوو توانیان شاخی زۆزگ لە ئێوارەی ۲۹\۹ دا بگرن.

لەبەرەبەیانی ڕۆژی ۳۰\۹ بەرلەوەی ڕژێم بتوانێ سوپاگاکەی خۆی تیا قایم بکات، هێزی شۆڕش بەفەرماندەیی مەسعود بارزانی هێرشیان کردەوە بۆ سەر شاخی زۆزگ وەلەشەڕێکی قورسدا توانیان هەموو بەرزاییەکان لەدەست ڕژێم دەربهێننەوە و ۵ تانگ و ۵۰۰ لاشەی سەربازی بەدوژمن بەجێبهێڵن.

ڕۆژی ۹۷٤\۱۰\۱۳ ڕژێم جارێکی تریش هێرشی کردەوە سەر زۆزگ، ئەم جارە توانیان بەتەواوی زنجیرەشاخی زۆزگ بگرن و کۆنترۆڵی ناوچەکەیان بکەوێتە ژێر

دەست، بۆیە بارەگای بارزانی گوێزرایەوە بۆ حاجی ئۆمەران و دەزگاکانی سەرکردایەتی وەزارەتەکانیش لەدۆڵەکانی دەوروبەری بارەگای بارزانی و ئیدریس و مەسعود دا نیشتەجێ بوون.

هەڵبژاردنی ئەو شوێنەش بۆ بارەگای بارزانی و سەرکردایەتی وەزارەتەکان لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بوو:-

١- سەر ڕێگای هاتوچۆی ئێران و عێراق بوو لەسنووری بادینانەوە.

٢- ناوچەیەکی سەر سنووری نزیک بوو بەئێران کەلەکەمترین کاتدا وەبەئاسانترین شێوە دەیانتوانی ئاودیوی ئێران ببن.

٣- شوێنێکی ستراتیژی بوو لەڕووی کاری سوپاییەوە، کەبەسەر تەواوی دۆڵ و ڕێگاکانی ناوچەکەدا زاڵبوو.

٤- لەهەموو لایەکەوە بەکێوی بڵند دەورەدرابوو، کەلەهیچ لایەکەوە توپ و بومباو ساروخی ڕژێم نەیدەگرتەوە، تەنانەت بۆ فرۆکە جەنگیەکانیش ستەم بوو کەبتوانن ئامانجەکانیان بپێکن لەوێدا.

٥- لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٧٤ دا چەند خانویەکی ڕێکوپێک و پتەو و قایم و چەند ژێرزەمینێکی گەورە و پتەوی تیادروست کرابوو کەکران بەبارەگای بارزانی و کورەکانی و سەرکردایەتی پارتی.

٦- ئەو ناوچەیە زۆربەی دانیشتوان و نیشتەجێ بووەکانی لەکەس و کاری بارزانی و خێزانەبارزانیەکان پێکهاتبوو کەبۆ پاراستنی بارزانی ئەم خاڵە زۆر مەبەست بوو.

٧- سەخت ترین ڕێگای هاتوچۆی لەسەربوو کەڕێگای چۆمان ناوپردان حاجی ئۆمەران بوو، کەبەباشترین جۆری چەک و هێز لەمێژەکانی شۆڕش ئەو ناوچانە قایم کرابوو.

٨- نزیکترین شوێن بوو بۆ پەیوەندی بە بادینانەوە، بەڕێگای ناوپردان و مێرگەسوردا.

لەکۆتایی مانگی ٩٧٤\٩ دا کۆچ و ڕەوێکی گەورەی خەڵکی ناوچەی بادینان بەرەو سەرسەنگ و دەوروبەری دەستی پێکرد، کەنزیکەی ١٠٠-١٢٠ هەزار کەس ئامار دەکران، وەهەمویان خەڵکی ناوچەکانی زاخۆ و دهۆک، و ئاکری بوون، وەتا دەوروبەری سەرەتای مانگی ٩٧٤\١١ لەدۆڵەکانی سەرسەنگ و ئامێدی گوزەرانیان بردەسەر، تالە ٩٧٤\١١\١٥ لەلایە ڕژێمی شا وە ڕێگەیان درا کەبێنە ناو ئێرانەوە وە ئەولاقاوە گەورەیە بەدۆڵی چۆماندا تا ١١\٢٥ دوایین کەسیان گەیشتە ئێران.

کۆچ و ڕەوی واگەورە و کتوپڕ و سامناک لەمێژووی شۆڕشی ئەیلولدا تائەو کاتە ڕووی نەدابوو، بەم جۆرە ژمارەی پەنابەرانی کورد لە ئێران گەیشت بە نزیک نیو ملیۆن، وەبەپێی هەندێ سەرچاوە گەلێک لەوەش زیاتر.

لەدوای گرتنی زۆزک و هەندرێن لە مانگی ۱۰/۹۷٤۱، بارزانی داوای لە حکومەتی شا کرد کە بەسوپا یارمەتیان بدات، وەپاش پەسەند کردنی شا ئیتر سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کەوتە دەست سوپای ئێرانی.

دەست تێوەردانی ئێران و هاتنی سوپای ئێرانی و سەرپەرشتی کردنی تەواوی بەرەکانی شەڕ لەلایەن دەزگا سوپایی و جاسوسیەکانی ئێرانەوە، هەر لەبێتەل چییەکەوە تادەگاتە فەرماندەی تۆپخانەکان و سەرپەرشتی کەری بەرەکانی شەڕ، لەلایەکی ترەوە شادەماری ژیانی هێزی پێشمەرگە و سەرچاوەی ئازوقە و خواردەمەنی و بژێوی ڕۆژانەی خەلک بەدەست ئێرانەوە بوو. لەدوای مانگی ۱۱ وە دەکرێت بوترێت کەئێران بەپراکتیک سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی لەخوارووی کوردستاندا دەکرد بە هاوکاری هێزی پاراستنی بارزانی کەزۆربەی لێپرسراوەکانیان پێناگاداری بارزانی لەلایەن ئێرانەوە کردرابوون. دەتوانین بڵێین کە لەوەبەدواوە جڵەوی شۆڕش لەدەست بارزانی و سەرکردایەتی یەدک دەرچوبوو، شیرازە بەتەواوی ئاڵۆز و پچڕابوو. لەگەڵ ئەوەی کەبارزانیش بەساڵدا چوبوو وەتەمەنی دەوری ۷۲ ساڵ بوو لەتوانا و کاروبڕشت کەوتبوو، نەتوانای تین و لەشولاری وەنەعەقل و بیرکردنەوەشی لەو ئاستەدابوو بتوانێ بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی بە م.س و سەرکردایەتی نەدەدا کەدانەری نەخشەوپلانی چارەسەرکەری باروەۆخەکەبن. یان دەتوانین بڵێین کە ئەندامانی سەرکردایەتیش هیچیان لەو ئاستەدا نەبوون کەبوێرن لەبەردەم بارزانیدا بیروڕای خۆیان دەربڕن سەبارەت بەباروەۆخەکە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەوانەی سەرەوە بیروڕاکەی کریس کۆچیرایە لەسەر باروەۆخەکە وەلەمیانەی گفتوگۆیدا لەمانگی ۹/۹۷٤۱ لەگەڵ بارزانی لەحاجی ئۆمەراندا.

کریس کۆچیرا دەڵێ «ئەگەر هۆ دەرەکی و بنچینەیی و نهێنیەکەی تێکچونی باروۆخی سیاسی و عەسکەری شۆڕشی کورد بەباشی نەزانرابێت، بەلام هۆناوەکیەکەی و سەرەکیەکەی ئەوەبوو کەهەموو پرس و ڕا و تەگبیر و نەخشەوپلانێک لای بارزانی و بەدەست بارزانی بوو، هیچ کەسی تر بڕیارنەبوە، بارزانیش پیاوێکی پیری کۆنە ساڵی تەمەن ۷۰، پیاوێکی دوورە پەرێز

لەخەڵک و جەماوەر و تێکەڵ نەبوو بەکۆڕ و کۆمەڵی سیاسی، پیاوێکی ڕێ نەدەر بەکەسانی ڕۆشنبیر بۆ چوونە لای و بیروڕا دەربڕین بۆی، پیاوێکی خۆپارێز لەترسی گیانی خۆی سەبارەت بەوەی هەموو پلانەی کە ئێران کرابوو بۆ کوشتنی، پێشک نەیدەتوانی ببێتە عەقلی داینەمۆی هەڵسوڕێنەری بزوتنەوەکە بەو چەشنەی کەلەوسەرگەردانیە ڕزگاری بکا، بارزانی لەجیاتی ئەوەی سەران خۆی لەگۆشەیەکی بچوک و دوور و سەرسنور خزاندبوو، ئەوانەی کە بیان هەبوو بچنە خزمەتی تەنیا ئەمانە بوون: ئیدریس و مەسعود کە دەنگ و باسی شەڕو ئارامی ناوچەکەیان بۆ دەبرد، وەبڕیار و فەرمانەکانیان لێوەردەگرت، ... حەبیب محەمەد کەریم جاروبار بۆ دانی هەواڵ دەچووە لای، سامی کە زۆربەی کاتی لەدەرەوەی وڵات بوو، وە د.مەحمود عوسمان، هەرکاتێکیش کۆمیتەی ناوەندی بەکۆمەڵ بچونایەتە لای بارزانی بۆ کۆبونەوە سەردانیان دەکرد ».

کریس کۆچیرا دەڵێ: « لەگفتوگۆم لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتیدا کە هەموو دەیانەویست کە بەڕێگای سیاسی و دیپلۆماسی چارەسەری کێشەی کورد بکرێت بەلام بارزانی دەیویست بەڕێگای شەڕ. کەلەگەڵ بارزانی گفتوگۆم کرد، بارزانی جارجارە دەیوت "من پیاوێکی پیر و بەساڵداچووم کارم بەهیچ ئیش و کارێکی ئەم شۆڕشەوە نییە تەنیا جاروبار سەرلەدەستور دەدەم، وەمن تاخری و ئۆخری ئەمەتمە لێرەیۆخۆم لەسەر ئەم کورسی و مێزە خەریکی خوێندنەوەی کاغەزم و بروسکەش بۆ دەزگا وناوچەکانی ڕزگارکراو دەنێرم" ».

تاپانگهێشتنی ئێران لەلایەن بارزانیەوە بۆ یارمەتیدانی واتە تاکو ٩٧٤١١٠١٣ هیچ کەس لەئەندامانی سەرکردایەتی بە ئەهێنیەکانی و جۆر و ڕادەی پەیوەندی و نێوان بارزانی یان بەئێرانەوە نەدەزانی جگەلە حەبیب محەمەد کەریم کەبەشێکی زۆر کەمی لیدەزانی وەکلیلی هەموو ئەهێنیەکان لای بارزانی و ئیدریس و مەسعود بوو، بەلام پاش پانگهێشتنەکە ئیتر ئێران بەئاشکرا کەوتە یارمەتیدانی وبەبەرچاوی هەموو خەڵک و ڕۆژنامەنوس و هەواڵدەرە بیانیەکانەوە، تۆپخانەیەکی پێکهاتوو لە ١٢ تۆپی ١٥٥ملم بە ٤٠٠ سەربازی ئێرانیەوە لەنزیک و دەوروبەری بارەگاکانی بارزانیدا و ٦ تۆپ لەدەوبەندەکەدا دامەزرا بوو کەبەردەوام تۆپبارانی سەربازگاکان و هێزەکانی عێراقیان دەکرد. ڕۆژانە چەندین لۆری سەربازی ئێرانی جل و بەرگ و پێخەف و ئازوقەی کێش دەکرد بۆ نزیک بارەگای بارزانی و

سەرکردایەتی. لەناو خاکی ئێرانیشەوە چەکەدژە هەواییەکانی ساروخی زەوی بەئاسمانیان دژی فرۆکەکانی عیراقی بەکاردەهێنا.

لەکۆتای مانگی ١١\٩٧٤ ساروخی دژی تانگ یش لە ئێرانەوە گەیشتە کوردستان و لەشەڕدا بەکارهێنرا.

ئەو یارمەتیانەی ئێران دوای ئەرازوی هێزی شۆڕش و هێزی بەعسیانی لەمانگی ١٢ دا گۆڕی، هێزی پێشمەرگە لەشەڕی زستانەدا بەرەوپێشەوە دەچوو هێزی چەکداری عێراقیش بەرەوپاشەکشەکردن لەهەموو بەرەکانی شەڕ لەناوچەکانی ئاوپردان، حاجی ئۆمەران، پشدەر، پێنجوین، شاربازێر.

لەبەرەی شەڕی ڕەواندوز دا هێزی پێشمەرگە پەلاماری هێزەکانی دوژمنیان داو پاش شەڕێکی سەختی چەند ڕۆژی لەمانگی ١١\٩٧٥ توانیان نیوەی شاخی زوزگ بگرنەوەو زیانێکی زۆر گەورەش لەهێزی بەعسیان بدەن.

بەلام لەڕوی ئیداری و سیاسیەوە وەلەڕوی باری ڕێکخراوەیشەوە هەم شۆڕش و هەم پارتیش لەبەریەک هەلوەشابوون، گەر ئەو شەڕ و شۆڕ و هێرش و پەلامارانەی پێشمەرگەو یارمەتی ئێران نەبوایە زووتر شۆڕش خۆی دەخواردەوە.

* لەلایەکەوە جڵەوی شۆڕش تەنیا بەدەست ئێران و بارزانی و چەند کەسانێکی عەسکەری بەتەمەن و کەم خوێندەواری وەک عیسا سوار، عەلی خەلیل، عەبدوڵلا پشدەری، چەندانی تری لەو بابەتانەوە... ئەوانە گەرچی کەسانی تێکۆشەری شەڕکەری زۆر ئازا و کارامەبوون، خاوەنی ئەزموونی شەڕی چەندین سالەی پارتیزانی بوون، بەلام لەئاستی شەڕی بەرەیی و تەکنیکی سەربازی نوێ دا تەقەی سەریان دەهات لەکاتێکدا کەسەدان فەرماندەو خاوەن پلەی سوپایی شارەزا کارامە و خوێندەوارو دەرچوی کۆلێژی سوپایی لەناو شۆڕشدا هەبوو کەڕیزەکانی سوپای عێراقیان بەجێهێشتبوو، بێ ئیش وکار لەو دوڵانەدا دەخولانەوە، بێئەوەی کارێکی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەیان پێبسپێردرێت، کەژمارەیان لەپتر ٤٥ ئەفسەری پلەداری جۆراوجۆر بوو.

* دەیان دکتۆر و ئەندازیار و پارێزەرو زانای دانیشتگاکان لەو دۆڵانەدا کەوتبون، بچوکترین پرس و ڕایان ڕێپێنەدەکراو تەنانەت ڕێگای پێشنیارکردنیشیان پێنەدەدان.

* سەدان کەسانی ڕۆشنبیرو دوورنما و سەردەرچوی سیاسەتی نێوان دەوڵەتان یان لەلابوو، وە زۆربەیان لەهاتنی ئێران بەتوپخانەو سەربازەوە بۆ ناو شۆڕش بۆشداری سەرکردایەتیان کرد کەئەوە کاردانەوەیەکی تاڵ و سەختی لەسەر شۆڕشی

کورد دەبێت وەجلەوی شۆڕش بنچەکەندی چۆن دەکەوێتە دەستی ئێرانەوە. بەلام سەرکردە تەقلیدیەکان و فەرماندەکۆنەکانی شۆڕش بە چاوی گاڵتەجاڕی و بێئەزموتیەوە سەیری ئەو ڕۆشنبیرانە و بۆچوونەکانیان و داواکاریەکانیان دەکرد وە لەبەرانبەر پێشنیارەکانیان تانوتی ئەوەیان لێدەدان کەئەو ڕۆشنبیرانە تەواوی تەمەنیان لەهۆڵی قوتابخانەو دانیشگاکان و ژووری داێرەکان بەسەربردوە، خۆشەویست و مەهانەگر و ئاژاوەچین.

* بەشی پاراستن، بوبو بەشێرپەنجەی ناو شۆڕش و بەتجەی ژەهراوی بۆ ناو هەموو دەزگا و پلەگاو ڕێکخراوەکان و هێزەکانی پێشمەرگە و تەنانەت بۆ زۆربەی ناوماڵەکانیش درێژکردبوو، بوبو بەمۆتەکەی سەر سنگی هەموو کەس، کەس نەیدەتوانی هەناسەیەک بەئاشکرا هەڵکێشی و لەگەڵیا دوو بیروبۆچوونی دڵسۆزانەو شۆڕشگێڕانەو سیاسیانە دەربڕیت، هەر کەسێکیش بە خۆیدا رابپەرموایە ڕەخنەیەک یابۆچوونێکی خۆی دەربڕیایە لەکورت ترین ماوەدا بەڕاپۆرتی پاراستن لەبەندیخانەکانی شۆڕش توند دەکرا، یا دووردەخرایەوە بۆ ئێران، یا لەبارەگاکاندا دەست بەسەر دەکرا. ئەو ڕەفتار و کردەوە ناشۆڕشگێڕانەی پاراستن دەرگای لەسەر هەموو بیروبۆچوونێکی بەسود بۆ شۆڕش و کورد داخستبوو.

* بڵاوبونەوەی دیاردەی دزی و ڕاووڕوت لەماڵی شۆڕش و لەفرۆشگاکانی شۆڕش، لەو پارە و ئازوقەیەی کەبەناوی یارمەتی شۆڕشی کورد و دەربەدەرەکانی کوردەوە دەهات، تەنانەت لەپارە و ئازوقەی پەناهەندەکانی ئاوارەبوانی کورد لەئێراندا لەلایەن لێپرسراو و کاربەدەست و دەزگاکانی شۆڕش خۆیەوە. چەک فرۆشتن بوبو بەباو. کێشانەو تەرازووی هەڵسەنگاندنی پیاوی شۆڕشگێڕ و ناشۆڕشگێر هاتبوە سەر ئەوەی کە کێ شەرکەرە؟کێ مل کەچی فەرمانی بارزانیە؟ کێ بۆلەوخوتەی نیپە؟. کار گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی کە بۆچوون و بیروڕای زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیش بڕی نەدەکرد و کەس گوێی لێنەدەگرت، فەرماندەیەکی پێشمەرگەیی ڕێز و حورمەت و دڵنەوایی کردنی لەلایەن بارزانی و کەسە نزیکەکانی بارزانیەوە گەلێ پتر و بایەخدارتر بوو لە لێپرسراوێکی سیاسی، یا تەنانەت ئەندامێکی سەرکردایەتیش.

گەر بەشێوەیەکی ڕێک وپێک و گونجاو، بەڕێبازێکی دیموکراتیانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو چەماوەرەدا بکرایە، سود لەبیروبۆچوون و ئەزمون و شارەزایی

ئەفسەرە سوپاییەکان و سیاسیەکانی ناو ڕێکخراوەکانی پارتی بکرایە، گەر کار بەسەرکردایەتی و ڕابەری بەکۆمەڵ و بڕیاری بەڕاوێژ بکرایە، ئەگەر ئەو هەموو پارە و ئازوقە وچەک و تەقەمەنیە زۆرەی شۆڕش لەبەردەست خەڵکانێکی ئەمین و دڵسۆز بوایە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکبخرایەو بەکار بهێنرایە، بێشک یەو هێرش وپەلامارانەی ڕژێم لەو ماوە کورت خایەنەدا ئەو هەموو ناوچە ڕزگارکراوانە چۆڵ نەدەکراو نەدەکەوتە ژێر دەسەلاتی ڕژێم، شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷٤ دا چ لەقەبارەو چ لەژمارەی چەکدارو چ لەفراوانی پانتایی زەوی ژێر دەسەلاتی شۆڕش و توانای ماڵی و چەک و تەقەمەنی لەسەرتاسەری مێژووی شۆڕشی گەلی کورد دا تائەو کاتە بێ وێنە بوو.

## ٤-٣ چوارکوچکەی ئەردەن_میسر_جەزائیر_سۆڤیەت و ناوبژی کردنیان لەنێوان عێراق و ئێراندا

ڕژێمی بەعسیان لەگەڵ ئەو هەموو هێرش و پەلامارە درندانەیەی هێشتا نەیتوانی بەڕێگای شەڕ و بەکارهێنانی توانای سوپایی مەبەستەکانی خۆی بەلەناربردنی شۆڕش بەدەست بهێنێت، بۆیە کەوتنە بەکارهێنانی دوانە خشەی ستراتیژی خۆیان کەئەوە دوایین وەرەقەیان بوو لەڕووی گرتنەبەری تەقەلای سیاسی و دیبلۆماسیانە بۆ لەناربردنی شۆڕشی کورد بەکاری بهێنن.

سەرکردەکانی کورد هەر لەسەرەتای مانگی ٩٧٥\٢ وە هەستایان بەجموجۆڵێکی دیبلۆماسی عەرەبی کردبەوو، وەهەستیشیان بەهەوڵ و تەقەلای سۆڤیەت و ئەمەریکاش کردبوو کەخەریکی بەدی هێنانی گۆڕانکاریەکن لەناوچەکەدا. بەلام هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبوون کەکێشەی دوو قوڵی نێوان عێراق و ئێران وابەئاسانی و بەزوویی بێتە چارەسەرکردن، وەلەو بڕوایەشدا نەبوون کەهەردوو زل هێزەکە وا بەئاسانی دەست لەبەرژەوەندیەکانیان یا بەشێکی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا هەلگرن وەلەسەر ئاییندە و لاشەی گەلێکی ژێر دەستەو چەساوەی وەکو کورد سات وسەوداکاری لەگەڵ یەکدا بکەن. بەڵکە پێیان وابوو گەمەیەکی نێوان دەوڵەتانە و تەقەلایەکی بێهودەی عێراقە.

لە ٩٧٥\٢\٢٠ بالوێزی میسر لەبەیروت ڕایگەیاند کەسەرۆکی میسر ئەنوەر السادات دەیەوێت چاوی بەبارزانی بکەوێت.

لە ٩٧٥\٢\٢١ وەزیری کاروباری دەرەوەی شۆڕش سامی عبدالرحمان ڕۆیشت بۆ تاران و چاوی بە ئەنوەر سادات کەوت، لەو گفتوگۆیەدا سادات بە سامی ڕاگەیاند کە نزیککردنەوەیەک لە نێوان عێراق و ئێران لە جەزائیر لە بەرنامەی دەوڵەتە عەرەبیەکاندایە وە سادات بە سامی وتبوو کە هەر لە کۆبونەوەی جەزائیردا باسی کوردەکانیش دەکرێت.(١٥)

لە ٩٧٥\٢\٢٨ شای ئێران سەردانی قاهیرەی کرد و لەگەڵ سادات دا کۆبوەوە، کە گەورەتری کۆبونەوەکە لە دوایدا لەلایەن (محمد حسن هیکل) وە ئاشکرا کرا کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی ئێران و عێراقەوە بوە.

لە ٩٧٥\٢\٢٦ بارزانی چاوی بە حەسەن هەیکەل کەوت لە تاران وە پێی ڕاگەیاندبوو کە ئەگەر ئێران و عێراقیش ڕێکەون ئێمە شاخەکان و چەکەکان و پێشمەرگەکانمان هەرماون و بەردەوام دەبین لە خەباتی خۆمان.

بە بۆچوونی من ئەقەلای هەریەکێک لەم وڵاتانە بۆ ئاشتکردنەوەی ئێران وعێراق مەبەستێکی دیاری کراوی خۆیان هەبوو کە هەریەکە لە دیدی خۆیەوە پێی وابوو کە بەرژەوەندیەکانی بەوجۆرە سەر دەگرێت کە عێراق و ئێران یەک خەنەوە و شۆڕشی کوردیش لەباربەرن.

سعودیە و ئەردەن لەباربردنی شۆڕشی کوردیان بە فاکتەرێک دەزانی بۆ کوژاندنەوە و لەباربردنی شۆڕشی (ظفار).

ئەنوەر سادات لە میسر پێی وابوو بەو ئەقەلایە دەتوانێت شک و گومان لەسەر خۆی لابەرێت بەو پەیوەندیەی کە کردبوی بە ئیسرائیل و ئەمەریکاوە، کە لەلایەن هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبیەکان و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی بە گشتی بە چاوی تاوان و لەباربەری شۆڕشی فەلەستینیەوە سەیری ساداتیان دەکرد.

هاواری بومیدیەن لە جەزائیر لە دیدگایەکی دوورەوە سەیری یەکبونەوەی عێراق و ئێرانی دەدات، پێی وابوو بە درێژەدانی ئەو ئاکۆکیە و لە ڕێگەی شۆڕشی کوردەوە هەردوو زل هێزەکە هەوڵی زیاتر دەست تێوەردان و چونە ناو ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست دەدەن بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی سامانەکانی ئاوی و ئابووری ناوچەکە.

ئەقەلای سۆڤیەت بۆ ڕێکخستنەوەی ئێران و عێراق بە مەبەستی جێ پێ قایم کردنی خۆی بوو لەناوچەکە وەترسی زۆری لەبەهێزبوونی ئەمەریکا و ئیسرائیل یشدا هەبوو لەڕێگەی شۆڕشی کوردەوە لەناوچەکەدا.

ئەم پلانەی جەزائیر دارێژراوی مانگەکانی ٩٧٥\٣\٢ نەبوو، بەلکە پلانی ٩٧٤\١١\٢٦ بوو کەلەنێوان سەدام حسێن و بومیدیەن دا کێشرابوو وەدواخرابوو بۆ کاتی کۆبونەوەی ئۆپیک لەجەزائیر، وە هەر لەمانگی ٩٧٤\١٠ دا کۆبونەوەی نێوان شای ئێران و پۆدگۆرنی کرا لەسۆڤیەت دا، وەهەر لەو مانگەدا پۆدگۆرنی سەرەک وەزیراتی ...ڤیەت داوای لەشای ئێران کرد کەکێشەکەیان لەگەل عێراقدا بەئاشتی چارەسەر بکەن.

ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لە ٩٧٥\١١\١٠ دا بابەتی کۆبونەوەکەی نێوان سەدام حسێن و هاواری بۆمیدیەن لەشاری ڕیبات بلاوکردەوە وەئاماژەی بەوە کرد کەبابەتی کۆبونەوە پتر پەیوەندی بە لێک نزیک کردنەوەی عێراق و ئێران بوە لەیەکتری.

لە ٩٧٥\١١\١٦ شای ئێران لە عەمان لەگەل مەلیک حسێن دا کۆبوەوە، وە لە ٩٧٥\١١\١٨ یشدا چوە قاهیرە و لەگەل سادات دا کۆبوەوە.

لە ٩٧٥\٣\١٦ دا کۆبونەوەی نێوان دەولەتانی خاوەن نەوت و ئەندام لە ئۆپیک دا دەستی پێکرد، هەر لەیەکەم ڕۆژی کۆبونەوەکەوە تا پاش تەواوبونی ڕۆژانەی ئۆپیک بومیدیەن، و سەدام، و شا، شەوانە تا سێ شەو لەسەریەک سێ قۆلی بەیەکەوە کۆدەبونەوە و سەبارەت بەئاکۆکیەکانی نێوان عێراق و ئێران گفتوگۆیان دەکرد. لەو گفتوگۆیەدا سەدام دانی بەکوژراو و بریندابونی دە هەزار چەکداری خۆیدا نابوو لەبواری شەڕەکاندا، لەگەل زیانی ٤ملیار دۆلار کە خەرجی شەڕەکەبوە.(١٦)

شا لەگفتوگۆی خۆی لەگەل سەدام دا هەمان قەواتە کۆتەکەی لێدابوەوە کەلەمانگی ٩٧٤\٦ دا لەفەرەنسا فەرموبوی کە(( گەر من ئەو پەلوعەی ئاوە ببڕم ئیتر شۆڕشی کورد نامێنێت))(١٧)

لەدوایین ڕۆژی کۆبونەوەی ئۆپیکدا، هاواری بومیدیەن بەبەشداربوانی ڕاگەیاند کەکۆتایی بەپرۆگرامی کۆبونەوەکە هات، ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە هەردوو دەولەتی هاوسێ (عێراق، ئێران) ڕێککەینەوە.

لەگەڵ تەواوبونی دوا ووشەی بۆمیدیەن، سەدام حسێن و شای ئێران باوەشیان بە یەکتریدا کرد بێ ئەوەی چاوەڕێ بکەن کەس ڕێکیانخاتەوە، ئەم ڕەفتارە بۆ زۆربەی دەولەتە بەشداربوەکان جێگەی سەرسوڕمان بوو.

## ٤- پێکهاتنی جەزائیر

### ٤-١ خاڵەکانی ڕێککەوتن نامەکە

ڕێکەوتن نامەی جوزائیر بریتی بوو لە چوار خاڵی سەرەکی:

١. داتپیاداتانی عیراق بەو سنورە ئاویەی کەبەپێی پرۆتوکولی (قسطنطنیة) لەساڵی ١٩١٣ دا دیاری کراوە لەکەنداوی فارسیدا.

٢. داتپیادانانی عێراق بەمافی ئێران لەکەنداوی عەرەبی و چۆمی (شط العرب) بەپێی پرۆتوکولی خەتی تالویک.

٣- پارێزگاری کردنی سنوری نێوان عێراق و ئێران لەلایەن هەردوو دەولەتەوە کەڕێگە لەئاژاوەچیان و تێکدەران بگرن وەنەهێلن لەئێرانە بۆ عێراق و بەپێچەوانەوە تەراتێن بکەن.

٤. حکومەتی ئێران هەموو یارمەتیەک و هاوکاریەک لەبارزانی ببڕێ و سنوری لێدابخات، وەفەرمانی چەکدانانی پێبدات، لەبەرامبەر ئەوە عێراقیش هەموو یارمەتیەکی لەحیزبی دیموکراتی ئێران و شۆڕشی خفار ببڕێت و دام و دەزگاکانیان بپێچێتەوە.

عێراقی پاڵەوانی عووبەو پارێزەری دەرگای ڕۆژهەلاتی وولاتی عەرەبی، وەخاوەن مولکی بەتاپۆی ڕەشی عوسمانی، خۆ زستانی ئێران و هێلی ژوردووی کەنداوی فارسی - عەرەبی، نەک هەر وازی لەو مولکایەتیانەی هێنا بەڵکو بۆ لێدان ولەناوبردنی ٣ ملیۆن کورد (لەگەلی عێراقی تێکۆشەر و گەلی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموز) دەستی لەچەندین کیلۆمەتری ئاوی کەنداو و چۆمی عەرەبیش هەلگرت و سەدان کیلۆمەتری ووشکایی زەوی عێراقی سەر سنوری عێراق و ئێران لەخواروی عێراق و لەڕۆژئاوای کوردستان وەک باجی لەباربردنی شۆڕشی کورد دا بە ئێران.

زۆر لەسەر هەرەس، ڕوخان، تێشکان، شاش بەتاڵ ی ساڵی ١٩٧٥ ی شۆڕشی کوردستانی خواروو نوسراوە، هەندێکیان بەشێوەی زمانی ژمارە نوسیویانە وەک عەرەب گوتەنی (عندما تتكلم لغة الارقام، تسكت جميع اللغات)، هەندێکیش زۆر

کورتیان لەسەر نوسیوە، هەندێکیش لەسەر شێوەی هەواڵدەر و ڕۆژنامەنوس باسیان کردوە.

ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا ڕونی کەمەوە بریتی‌یە لە هەڵهێنجانی ڕوداوەکان لەناو دەقی کارەساتەکەدا:

ئەگەر چی هەر لەسەرەتای مانگی ٩٧٥/٢ وە سەرکردەکانی شۆڕشی کورد بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی ئاگاداری هەموو سەرەداوی نەخشە و پلانەکە بون، و بێئاگاش جەماوەری کوردستان بوو بەلام نەتوانای ئەوەیان هەبوو وەنە بوێری ئەوتۆشیان تیدابوو کەبتوانن ڕاستیەکان بە جوماوەری شۆڕش ڕاگەیەنن، وە لەلوتکەی لوت بەرزی بێنە خوارەوە و لەگەڵ جەماوەر و ڕاستی ڕوداوەکاندا ڕوبەڕوبن، کوێ بۆ تیروبۆچونی کەسانی ڕۆشنبیر و دام و دەزگا سیاسی و پێشمەرگایەتیەکان ڕاگرن، وەبیرێک لەدوارۆژ بکەنەوە.

دەتوانم بڵێم هەموو جەماوەری شۆڕش جگە لەبارزانی و دە دوانزە کەسەکەی نزیک لەخۆی، ئەو هەواڵە هیوابڕاوەیان لەئیزگەکانی (ئیسرائیل، بی‌بی‌سی، دەنگی ئەمەریکا، قاهیرە، تاران، پاشان بەغداد) وەرگرت.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان جورئەتی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەدەست دابوو، توانای بلاوکردنەوەی هەواڵەکەی نەبوو.

* ڕۆژی ٩٧٥/٣/٦ هەواڵ وەک هەورەتریشقەی پاش بروسکی گەواڵە هەوری بەهار لەهەموو لایەک، لەبەرەکانی شەر، لەبارەگاکان، لەفرۆشگا و بازارەکان، لەناو نۆردوگاکاندا، لەکوردستان و عێراق و ئێران دەنگی دایەوە.

کەلەبەرەکانی شەڕدا هەم پێشمەرگەکان بڕوایان نەدەکرد کە عێراق و ئێران ڕێکبکەوێ بێچارەسەرێکی کێشەی کورد، چونکە ئەوەندەیان لەسەر پشتیوانی ئەمەریکا و ئێران و سۆڤیەت و ئیسرائیل بۆ کورد بۆ باسکرابوو وایان دەزانی ئەو ڕێککەوتنە بەئاگادرای و نەخشەی نێوان بارزانی و ئێران و ئەمەریکایە. وەهەم فەرماندە گەورەکانیش بۆ پارێزگاری گیانی خۆیان لەڕق و تورەیی و بێزاری پێشمەرگە هەر بەو جۆرە بانگیان بۆ ڕێککەوتنەکە هەڵدەدا.

* لەناو بارەگا و دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی شۆڕشی کوردیشدا وایان لێکدەدایەوە کەئەو ڕێک کەوتنە تەنیا پەیمانێکی کاتیە لەنێوان عێراق و ئێران و مەسەلەی سنور داخستنیش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکەو پاشان بارودۆخەکە وەک خۆی لێدێتەوە.

عیراق و عەرەب بکەن لەم شەڕەدا لەگەڵ ئیسرائیل. ئەم تاکتیکەش بە ڕای بارزانی گەر سەری بگرتایە دوو سودی دەبو:

١- دڵنیاکردنی عێراق و دەوڵەتە عەرەبیەکان لەنیشتمان پەروەری بارزانی و پارتی بەهیوای بەدەستهێنانی بڕوایان، وەپوچەڵ کردنەوەی پڕوپاگەندەی بەعسیان و هەندێ لایەنی تری عەرەبی سەبارەت بەپەیوەندی گومان لێکراوی بارزانی بەجولەکەوە.

٢- بۆ فشار خستنەسەر ئیسرائیل تاپتر لەبارزانی نزیک ببێتەوە و بەبەخشندەییەوە یارمەتی وهاوکاری بکەن بۆ ئەوەی یان لەگەڵ عێراقدا بەشداری شەڕیان نەکات و بێلایەن بمێنێتەوە وەیان داوا لەبارزانی بکەن دژی عێراق شەڕ دەست پێبکاتەوە بۆ پەک خستنی سوپای عێراقی و نەپرژانی بۆ شەڕی ئیسرائیل.

هەربۆیەش بارزانی بڕیاریدا کە نابێت لەسەرتاسەری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ هێزی چەکداری حکومەتدا شەڕبکەن. لەهەمان کاتیش نامەیەکی بۆ (عزیز شریف) وەزیری ئەوسای دەوڵەتی عێراق نارد کەوەک ئاشتی خوازێک کە جائیزەی لینینی لەسۆڤیەت پێدرابوو هەوڵی ناوبژی کردن بدات. عزیز شریف نامەیەکی بۆ سەرەک کۆمار بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر نوسی داوای لێکرد کەوتوویژ دەست پێبکرێتەوە وەئاگاداریشی کرد کەبارزانی ئامادیە نوێنەرانی خۆی بنێرێت بۆ وتوویژ(٨).

بەلام حکومەتی عێراقی لەباتی وەلامدانەوەی نامەکەی عزیز شریف و ئامادەیی دەربڕین بۆ گفتوگۆ، داوای لەحکومەتی سۆڤیەتی کرد کەبارزانی ئاگادار کەنەوە شەڕنەکاتەوە، بۆیە حکومەتی سۆڤیەتی دوو نوێنەری خۆی نارده ناوپردان بۆ لای بارزانی و داوایان لەبارزانی کرد کەشەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نەکات(٩).

بۆ بارزانی دەیویست لەهەمان کاتدا هەلومەرجی شەڕی عەرەب وئیسرائیل بقۆزێتەوە وەوەک بارودۆخێکی لەبار بەکاری بێنێ بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانی ئەمەریکا. بۆیە لە ١٩٧٣\١٠\١٥ دا بەبروسکە داوای لەکیسنجەرکرد کەڕای حکومەتی ئەمەریکا سەبارەت بەهێرش بردنەسەر هێزەکانی سوپای عێراقی بۆ وەربگرێ و وەلامی بداتەوە(١٠). هەر هەمان پێشنیاریشی دا بە شای ئێران. کیسنجەر پێشنیارەکەی بارزانی دا بە نیکسون.

نیکسۆنی سەرەک کۆماری ئەمەریکا بەتەمێنی پەیوەندی بە عێراق و ئێرانەوە کرد و داوای لێکردن کەبەهەردوولا هەوڵ دەن ئاکۆکیەکانیان تەمێن وەاتەو

## ٤-٢ هەوڵ و تەقەلای بارزانی

لە ٢/٢٦ وە ،ە بارزانی چوو بۆ تاران بۆ چاوپێکەوتنی شا و باڵوێزی ئەمەریکا و سی ئای ئەی لەتاران بۆ ئەوەی ئەو سێ لایەنە هەوڵ دەن لەکۆبوونەوەی دەوڵەتانی ئۆپێک لەجەزائیر دا چارەسەرێکی باش بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە و بەسەر عێراقیدا بسەپێنن کەدان بەمافی گەلی کورد دابنێ، بەلام هەر لەو کاتەدا ڕاستی مەسەلەکەیان خستەدەست و لەسەرەتای ئازاردا بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە.

لە ٣/٥ دا ئەفسەرێکی بەرپرسیاری ئێرانی کەسەرپەرشتی هێزەکەی ئێرانی دەکرد لەناوچەی بارەگای بارزانی، چوبولای بارزانی و بەم جۆرەی پێووتبو " سنووری ئێرانتان لێدادەخرێت، سوپا وهەموو چەککانمان و تۆپخانەکەمان دەگێڕدرێنەوە ناو ئێران، وەلەسبەینێ وە نابێت چاوەڕێی هیچ یارمەتیەک لەئێران بکەن، چونکە عێراق داخوازیەکانی ئێرانی جێبەجێ کردوە و ئێرانیش دەبێت داخوازیەکانی عێراق جێبەجێ بکات. وەئەگەر هێزی پێشمەرگە بیانەوێت پەنا بۆ ئێران بەرن دەبێت بەهێزی بچوک بچوک و بێ چەک بڕۆنە ناو ئێرانەوە و چەکەکانیش تەسلیم بەئێران بکەن"،(١٨)

ئەوەی جێی پرسیار و سەرسورمانیشە بۆ هەموو کەس ئەوەیە، کەپاش ئەو هەموو هەواڵانەی لەئێزگەی ڕادیۆکانی جیهانەوە بلاوکرایەوە، وەدوای ئەو ئۆلتیماتۆمەی کەلەشاوە درا بەبارزانی، وەدوای کێشانەوەی هەموو هێز و چەک و کەرەسەکانی شەڕی ئێرانی کەبۆ یارمەتی مەلامستەفا نێردرابوو، دوای دوو ڕۆژ هێرشی بەردەوامی عێراقی، هێشتا بارزانی و سەرکردەکانی تری کورد هەر باوەڕیان بە سی ئای ئەی ئەمەریکی مابوو کەکارێکی لەو ڕێکەوتنەدا بۆ کردبێ:

لە ٩٧٥/٣/١٠ نوێنەرێکیان ناردە لای سی ئای ئەی بۆ تاران، سکالای دەروونی خۆیان و گەلی کوردیان بۆ کردبوون، وە داوای چارەسەرێکیان لێکردبوون بۆ کورد، وەباسی سەر لێشێواوی دواڕۆژی تاریکی گەلی کوردیان بۆ کردبوون بەپاڕانەوەیەکی زۆرەوە، بەڵکو سی ئای ئەی بەزەیی بجوڵێ(١٩)

لەوەش سەیرتر هەر هەمان ڕۆژ سەرۆکی گەلی کورد مەلامستەفای بارزانی لەو نامەیەی کەبۆ کیسنجەری نوسیوە ((دەوڵەتی ئەمەریکا پێویستە هەم لەڕووی ئەخلاقیەوە وەهەم لەڕووی سیاسیەوە بیرێک لەگەلی کورد بکاتەوە، وەدەبێت

بەبەشێکی گرنگی سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکی بزانێت، وەهەوڵی جدی بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. هێرش و پەلاماری حکومەتی عێراقی ڕابگیرێ، وەدەرگای گفتوگۆ بکرێتەوە.

٢. بێگومان دەسەلاتی ئەوەتان هەیە کەداوا لەئێران بکەن و پێی ڕابگەیەنن کەلەم کاتە ناسک و پڕ مەترسیەدا کەگەلی کوردی تێکەوتوە کارێک بکەن هەم گەلی کورد و هەم هێزی چەکدار لەشوێنەکانی خۆیان وەک جاران بمێننەوە)) (٣٠).

بەڵام هیچ وەڵامێک نەلە سیئائەی و نەلە کیسنجەر نەبوو.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە لەم نامەیەی بارزانیدا ئەوەیە کەبارزانی پێی وابێت کەئەمەریکا دەتوانێت هێرشی عێراق ڕابگرێت، وەلەوەش سەیر و سەمەرە تر ئەوەیە سەرکردەی شۆڕش و کورد و پارتی پاش ئەزمونی چل ساڵ سیاسەت و خەبات و تێکۆشان چاوەڕێ بکات فەرمانی دەرباری شاهی ئێران و سیئائەی ئەمەریکی بۆ دەربچێت تاگەلەکەی و شۆڕشەکەی و ١٢٠ هەزار پێشمەرگەی چەک بەدەست لەشوێنەکانی خۆیاندا بمێننەوە. وەبەو هەموو هێزە چەکدارەوە و بە ٢٠ ملیۆن دولارەوە، و بەشی دوو ساڵ ئازوقەی شەڕەوە سەرۆک خۆی توانای بڕیاردانی مانەوەی خۆی و گەلەکەی و شۆڕشوکەی و پێشمەرگەکانی نەبێت.

ڕۆژی ٩٧٥/٣/١٣ هەندێ لەفەرماندەکانی پێشمەرگە و یەک دوو ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کۆبونەوەیەکیان کرد و بیروڕایان هێنایەسەر ئەوەی کەمێننەوە و درێژە بەشۆڕش بدەن وەتەسلیمی عێراق و ئێران نەبن، بەڵام بەداخەوە ئەمانیش لەو هەوڵە جوامێرانەیاندا سەرکەوتو نەبوون.

ڕۆژی ٩٧٥/٣/١٥ وەزیرەکانی کاروباری دەرەوەی عێراق-ئێران-جەزائیر (سەعدون حەمادی- عەبباس خەلعەت بەری- عەبدول عەزیز بوتەفلیقە) لەتاران کۆبونەوە بۆ دارشتنی ڕێکەوتنەکەی جەزائیر و پێکهێنانی ٣ هەیئەتی سەرپەرشتی کردن بۆ دیاری کردنی سنوری نێوان عێراق-ئێران.

ڕۆژی ٩٧٥/٣/١٧ هەرسێ وەزیرەکە ڕێکەوتن نامەکە و پرۆتۆکۆلەکیەیان مۆرکرد، جەزائیر بڕیاریدا ٥٠ ئەفسەری خۆی بدات بە هەرسێ هەیئەتەکە بۆ سەرپەرشتی کردنی دیاری کردنی سنورەکە.

دوای ئەو کۆبونەوەیە کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاگاداری بارزانی کردەوە کەئەگەر شەڕ لەدژی عێراق بەردەوام بێت، ئێران بێدەنگ نابێت و قایلیش نابێت لەسنورەکانیەوە ئاژاوە هەبێت.

دوای ئەو هەواڵەی کیسنجەر جارێکی تر بارزانی چووبۆ تاران پاش سێ ڕۆژ چاوەڕێ کردن ئینجا شای دیبوو وە شا زۆر بەڕاشکاوی پێی وتبوو" چاکتر وایە کە پەنا بۆ ئێران بێنی، تۆ ١٢ ساڵت لەسۆڤیەتدا بردەسەر، وەرە لەئێرانیش دوو سێ ساڵێک ژیان بەسەر بەرە" (٢١)

لەسەرەتای مانگی ٩٧٥\٥ لەگفتوگۆیەکی نێوان بارزانی و حەسەنێن هەیکەل، لەبارزانی پرسیبوو مەبەستت لەبڕیاری شەڕ ڕاگرتنەکە چی بوو؟ بارزانی لەوەڵامدا وتبوی" لەگەڵ ئەوەی کەئێستاکە سنورەکان داخراون دەتوانین درێژە بەشۆڕشەکەمان بدەین، بەڵام من ئەوە بەباش نازانم کە خوێنی کوردەکان و عێراقیەکان بەناحەق بڕژێت، بەتەنیاش بەمن ناکرێت، ماوەیەکی دوور و درێژە بەشداری ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد دەکەم، بەڵام لێرە بەدواوە کاری من تەواو" (٢٢)

ئەسعەد خۆشەوی کەیەکێک بوو لەفەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە، بروسکەی بۆ بارزانی کردبوو کەچەک و تەقەمەنی و پارە و ئازوقە و پارەی دووساڵیان هەیە دەتوانن شەڕی پێبکەن، بەڵام بارزانی لە ٣\٢٤ وەڵامی داوەتەوە کە خۆی و هەموو کەس و کارەکانی بڕۆنە حاجی ئۆمەران و لەوێشەوە بۆ ئێران. (٢٣)

لە ٩٧٥\٣\٢٠ لەئێزگەی دەنگی کوردستانەوە فەرماندەی پێشمەرگە (ڕەشید سندی) بەناوی بارزانی و شۆڕشەوە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی بڵاوکردەوە، و داوای لەهەموو خەڵک کرد چەکدار و بێچەک کەئازادن تەسلیم بەعێراق ببنەوە یان بچنە ناوئێرانەوە.

لە ٩٧٥\٣\٢١ یەکەم ڕۆژی جەژنی نەورۆز ڕادیۆی دەنگی کوردستان بێ هیچ پێشەکیەک و ڕاگەیاندنێک دەنگی بڕا و جارێکی تر دەنگی لێنەهاتەوە تاکۆتای ساڵی ١٩٧٦:

ڕێکەوتنی جەزائیر وەک هۆیەکی دەرەکی وەفاکتەرێکی بابەتی کاریگەر بوو، بەڵام گەر هۆ ناوەکیەکان وەفاکتەرە خۆییەکە بۆ ڕوخان و ئاش بەتاڵ لەبارنەبوایە هەرگیز ئاش بەتاڵ نەدەبوو.

شۆڕش بەڕێکەوتنی جەزائیر لاواز دەبوو، توشی نوچدان دەبوو، دەرگای ئێرانی لێدادەخراو شەڕ لەشێوەی شەڕە تۆپ و زەمین بەهەوا و بەرەییدا نەدەما، بەڵام هەرەسی نەدەهێنا، نەدەڕوخا، ئاش بەتاڵ نەدەبوو، شەڕ بەشێوەیەکی تر بەردەوام دەبوو، کڵپەی شۆڕش لەشوێنێک، لەناوچەیەک کز دەبوو، یادەکوژایەوە بەڵام

لەشوێنێکی تر لەچەندین ناوچەی تر کڵپەی دەکرد و هەڵدەستایەوە بەشێوەی پارتیزانی بەژمارەی کەم بەڵام بەکاریگەری زۆر.

هیچ دەوڵەتێک، شۆڕشێک، حیزبێکی سیاسی، هێزێکی چەکداری گەر لەناو خۆیدا گەندەڵ نەبێت دوو بەرەکی و دە بەرەکی تێنەکەوێت، ناڕەزایی لەناوی ئەشەنەی نەکردبێت و نەبوبێتە خۆرکە، بەهیچ جۆرێ بەفاکتەرە دەرەکیەکان ناڕوخێت و لەناوناچێت، لاواز دەبێت و بەڵام خۆی دەگرێتەوە، هەر لەخوارووی کوردستاندا چەندین نمونەی لەوبابەتە لەمێژووی شۆڕشی کورد دا هەن.

## ٣-٤ ڕۆڵی سەرکردایەتی پارتی لەبڕیاری چارەنوس سازدا

هەر وەک ئاشکرایە کە لەدوای دووبەرەکیەکەی ساڵی ١٩٦٤ و وەدروست بوونی دوو لاباڵ بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کارێکی زۆر گەورەی کردەسەر چۆنایەتی سەرکردایەتی هەم لەڕوی ڕادەوتوانای بیر و بۆچوونی سیاسی و دوورتمای سیاسیان و وەهەم لەڕوی دەربڕینی هەڵوێست لەبەردەم سەرۆکی پارتیدا کەدیارە ئەو کارتێکردنە ڕەنگدانەوەکەی بەباری باشەدانەبوو.

هەربۆیەش هەژاری موکریانی گوتەنی، لەهەموو شتێک دەچوون تەنیا لەسەرکردایەتی حیزبێکی سیاسی نەبێت، پێکهاتەی سەرکردایەتی سیماو ڕەنگێکی سەیری بەخۆیەوە گرتبو، هەر لەکەسانی چەپڕەوەوە تاڕاست ڕەو و میانە ڕەو، هەر لە ناسیۆنالیستی کوردەوە تاکەسانی بڕوابوو بەنەتەوەرناسیونال، لەعەشایەرەوە تا شارستانی و لەنەخوێندەوارەوە تا خاوەنی پلەی بەرزی دانیشتگا خزابونە ناو سەرکردایەتی پارتی کوردستانەوە.

هەر لەدوای ساڵی ١٩٦٤ وە ئیتر سەرکردایەتی پدک تەنیا شتێکی ڕەمزی بوو وەهیچ تواناودەسەلاتێکی بەڕێوەبردنی شۆڕشی کورد و پارتی لەدەست دا نەبوو.

لەشوێن و کاتەکانی سەرکەوتن دا تەنیا فەرمان جێبەجێ کەربوون، جا چجای ئەوەی کەلەڕۆژێکی ڕەشی وەک ئاش بەتاڵ و لەژێرکەوتنێکی ئاواکتوپڕدا بتوانن خاوەنی بڕیاربن.

هەر بۆیەش سەرکردایەتی پدک لەئاش بەتاڵ دا بچوکترین ڕۆڵیان نەگێڕا لە ڕزگارکردنی لانی کەمی شۆڕشی کورد لەئاش بەتاڵ و تواندنەوە وەنەیان توانی یا لەتواناياندانەبوو عەرەب وتەنی ( انقز ماتمکن انقاڕه ).

بۆ مێژوو باسی ڕۆڵی سەرکردایەتی پدک لێرەدا بۆ خوێنەران لەدوای ئاش بەتاڵ دەخەینە ڕوو تاخوێنەر بەباشی لەگەوهەری ئەو سەرکردایەتیەو وره وتواناییان بگات، کەبەدرێژایی ١١ ساڵ بەناو سەرکردایەتی پارتی وشۆڕشی کوردیان کردبوو بووبوونە سیاسەتمەداری پێشڕەوی خەباتی کورد.

سامی عەبدول ڕەحمان ئەندامی م.س ی پدک، لێپرسراوی پەیوەندیەکانی ناوەوە و دەرەوە، وەزیری کاروباری دەرەوەی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکدا کەلەگەڵ کریس کۆچیرا لە٩٧٥\٤\٢٦ لەشاری نەغەدەی ئێران فەرمویەتی " ئیتر شۆڕشی کورد تەواو، هێزی بزوتنەوەی کورد نەما، ڕۆڵی سیاسەتمەدارەکانی کوردیش کۆتای پێهات ".

سامی عەبدول ڕەحمان دیارە ڕاستی وتوە بەوپێیەی کە خۆی خۆیی و هاوڕێکانی باش ناسیوە کە١١ ساڵ سیاسەتمەداری کوردبوون و ئیتر کۆتاییان پێهات. دیارە زۆر بیر تیژ و دوورنماتوە و باش تواتیویەتی کەوهەری بزوتنەوەی کوردی لەباری بابەتی و خۆییەوە شیکاتەوە و هەڵسەنگێنێ و هەرواش ئەنجامەکەی بەسادەی بدا بەدەستەوە کەئیتر شۆڕشی کورد تەواو. بۆ ئەوەی هەستیان بەوە کردبێ خۆیشی و هاوڕێکانیشی لەسەرکردایەتی پارتیدا کەهێزی بزوتنەوەی کورد سەرچاوەیەکی لەبڕانەهاتوە و بێ بارزانی و بۆ ئەو بودەڵانەی سەرکردایەتی پدک کە بۆ شەرمانە ئاش بەتاڵیان کرد و لەپێش خەڵکەوە ڕەویان کرد، دەتوانن شۆڕشیش بەرپاکەنەوە و سەرکردایەتیشی بکەن و بەئەنجامی حەتمیشی بگەیەنن کەڕزگارکردنی کوردستانە. شۆڕشی حوزەیرانی ١٩٧٦ ئەو ڕاستیەی سەرەوەی سەلماند کەهەر نۆمانگ دوای ئاش بەتاڵ بڵێسەی شۆڕش لەخوارووی کوردستانەوە کلپەی سەند.

سەرکردایەتی پارتی دوای ئاش بەتاڵ بون بەچەند بەشێکەوە :

١ ا بەشێکیان چونەوە بەردەم عەرشی عێراقی بەعسیان و هەرچیش لەتواناییاندا بوو لەڕستە و ووشەی سارد و سوک بەخۆشیان و بارزانی و سەرکردایەتیشیان ووت لەسەر تەلەفزیۆنی ڕژێمی عێراقی، لەوانە:

- سدیق ئەمین\ناسراو بە سدیق ئیسکان - ئەندامی سەرکردایەتی پدک و لێپرسراوی لقی سلێمانی و وەزیری پەناهەندە.
- عەبدولی سوران - ئەندامی لقی سلێمانی و بەدەگی کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لە ١٩٧٠-١٩٧٤.

- عەبدول وەهاب ئەتروشی - ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی هێزی چەکداری شۆڕشی کورد و وەزیری بەرگری کوردستان.
- سالح یوسفی ئەندامی سەرکردایەتی و وەزیری دادە کەتەنیا ئەمیان نەچوە سەر تەلەفزیۆن.

ب) بەشێکی تریان دەیانەویست لەدەوری بارزانی دوور نەکەونەوە وەدوای ژۆژی خۆیان بەدوا ڕۆژی بارزانیەوە بیەستنەوە ئەمانە لەگەڵ بارزانیدا چونە شاری کەرەج لەتاران و بون بە پەناهەندەی ئێران.

ج) هەندێکیان لەبیری ئەوەدابون کەلەدوای ئاش بەتاڵ هەوڵ دەن پاش ماوەی، تەلاری ڕوخاوی پدک بگرنەوە و جارێکی کە ڕێکیان خەنەوە، بەلام سەبارەت بەبیرو ڕای جیاوازی ئەوانە لەگەڵ یەکتریا نەیانتوانی پێکەوە ئەو کاردبکەن بۆیە چەند ڕێکخراوێکی نوێ لەمنداڵدانی ئەو بارودۆخەدا لەدایک بوو وەک:

- لیژنەی ئامادەکردن پدک، بەسەرپەرشتی د.مەحمود عوسمان و قادر جەباری.
- سەرکردایەتی کاتی پدک، بەدەست پێشکەری سامی عەبدول ڕەحمان و مەسعود و ئیدریس. کەلەپاش ماوەیەکی زۆر کورت سامی لەمان جیابوەوە و ڕێکخراوێکی بەناوی (پارتی گەل)ەوە دروست کرد.
- وەهەر لەوکاتەدا شەهیدان عەلی عەسکەری، عومەر مستەفادەبابە، ڕەسول مامەند، کەهیچ کامیان ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نەبون لەو کاتەدا، ئەمانیش کەوتن تەقەلای دروست کردنی ڕێکخراوێک بۆ کۆکردنەوەی بەشێکی ئەو خەڵکانەی کەنەیاندەویست تەسلیم بەعیراق بین، یا لەئێران بینەپەناهەندە، وەبەردەوام بن لەبەرگری کردن، کەئەنجام هەوڵەکەی ئەمانیش سەری نەگرت، پاشان ڕێکخراوێکیان بەناوی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزراند.

چارەنوسی چەماوەری شۆڕش و خەڵکی خوارووی کوردستانیش بەم جۆرەبوو:

١- بەشێکیان کەزۆربەیان خوێندکارەکانی زانکۆ و ئامادەییەکان بوون یان لەوانەی کەلەدەرەوەی وولاتەوە گەڕابونەوە ناو شۆڕش، ڕویان کردە هەندەران و لەوولاتانی ئەوروپا و بولقان خۆیان گرتەوە.

٢- بەشە هەرەگەورەکەی جەماوەری شۆڕش بەتایبەتی ئەوانەی کەنەچوبونە ئۆردوگکانی ئێران وەبەشێک لەوانەی کەلەئۆردوگاکانی ئێراندا بوون پێش ئاش بەتاڵ، بەرەو عیراق گەڕانەوە و تەسلیم بەڕژێم بونەوە.

٣. بەشی سێیەمیشیان چونە ئێران و بون بە پەنابەر لە ئێراندا، لەم بەشەیان ٤١٣ ی دانیشتواتی بادینان بوون، کەتا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ زۆربەیان هەر لە ئێراندا مابونەوە.

گەڕانەوی ئەوانەی کە خۆیان تەسلیم بە عێراق کردەوە لەسەر ئەو بەڵێنەبوو کەسەدام حسێن لە ٩٧٥\٤\٢٩ دا لە تاران دای بە دەوڵەتی ئێرانی و کوردەکان کەلەهەموو سزایەک بەخشراون وەدەتوانن بە ئاسودەیی بگەڕێنەوە سەر کاروباری خۆیان و خزمەتسی وولات و دەوڵەت و حکومەتەکەیان بکەن، جگە لە چوار کەس کەبۆیان نیە جارێکی تر لەشاوی دیجلەو فورات بخۆنەوە و بگەڕێنەوە عێراق (مەلامستەفا، ئیدریس، مەسعود، شێخ محەمەد خالید).

لەمانگی ٩٧٥\٥ بارزانی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی چوو بۆ ئەمەریکا، وەلەمانگی ٩٧٥\٧ گەڕایەوە بۆ ئێران و لەکەرەج نیشتەجێبوو، تا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا بۆهەمان مەبەست و دڵەگەورەکەی لەلێدان کەوت.

## ٤-٤ حیزبی شیوعی عێراقی و هەڵوێستیان لەشەڕی یەک ساڵە

لەبابەتەکانی پێشودا لەو شوێنەی کەپێویست بوبێت ڕۆڵ و هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراقی لە شۆڕشی کوردستان هەر لەسەردەمی عەبدول کەریم قاسمەوە تا ساڵی ١٩٧٠ باس کراوە، لێرەدا سەبارەت بە هەڵوێستیان لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە دەدوێین:-

ا) ئاشت بونەوەیان لەگەڵ بەعسیان لە دوای ساڵی ١٩٧٠.
ب) بەشداریان لە حوکمدا لەگەڵ بەعسیان لە ١٩٧٣-١٩٧٨.
ج) بەشداربونیان لەبەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز لەمانگی ٩٧٣\٦
د) بەشداری کردنیان لە ئۆتۆنۆمیەکارتۆنیە داتاشراوەکەی بەعسیان لەکوردستاندا.
هـ) بەشداری کردنیان لە شەڕی یەک ساڵەی ١٩٧٤-١٩٧٥ شانبەشانی بەعسیان دژی شۆڕشی کورد و بارزانی و پارتی، ئەنوسین بەڕاگەیاندن، بەچەک، وە بەپروپاگەندەش.

حیزبی شیوعی عێراقی وەک زۆربەی حیزبە شیوعیەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا، نەک هەرنەیانتوانیوە تیۆرە زانستیەکانی ماکسیزم\لینینیزم یان سوسیالیزم لەسەر زەمینی عێراقدا بەکوردستانیشەوە بەپێی

زەمان و زەمینی لەبار و بارودۆخی دراو بەپراکتیک لەڕەفتاری سیاسیدا پیادە بکات وەبە جەماوەری عیراق و کوردستان بسەلمێنێ کەبەکردار و بەوتاریش پێشڕەوی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی گەلانی عیراقە و بەدیهێنەری خواست و ئاواتەکانیانە، بەڵکە هەمیشە حیزبێکی ریفۆرمیست بووە و بەپێچەوانەی تیوریەکانی مارکسیزم لینینیزم لەتەک مەسەلەی نەتەوایەتیدا ڕەفتاری کردووە و ئاوانیشی بەرامبەر بەبەرژەوەندی چیناتیەتی کرێکاران و ڕەنجدەران کردووە هەم لەعێراق و هەم لەکوردستاندا.

ئێرەدا ناکرێ لێکۆڵینەوە و پیاچوونەوەلەسەر مێژووی کارو کردەوەی حیزبی شیوعی عێراقی بکرێت، چونکە بەڕاستی ئەو کارە دەرفەتێکی تایبەت و تەرخانکردنێکی تایبەت و سەرچاوەیەکی یەجگار زۆری پێویستە.

ئەوەی لێرەدادەمانەوێت لەسەر حیزبی شیوعی عێراقی باسی بکەین بریتیە لە لوتکێکی زۆر بچوک لەخەرمانی سیاسەتی چەوتی حیزبی شیوعی عێراقی بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی، ڕزگاری نیشتمانی، یەکیەتی ڕیزەکانی کرێکاران،لەساڵی ١٩٧٠ وە تا ١٩٧٨.

لەساڵی ١٩٧١ بەدواوە پاش ڕوداوەکانی (خۆماڵی کردنی نەوت، پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت، دروست کردنی چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز)، نێوانی حیزبی شیوعی عێراقی و بەعسی حوکمڕان تادەهات بەرەو باشبوون و لێکنزیک بونەوە دەچوو تائەو رادەیەی کە بون بەلایەنێکی بەرە دوو قۆڵیەکەی نێوان خویان و بەعسیان و پاشان هاوبەشی کردنیان لەحوکمەتی بەعسدا بە دوو کورسی وەزارەت.

حیزبی شیوعی عێراقی وەک پیشەی ڕابردویان کەگۆڕینی هەڵوێست و بیروڕا زۆر ستینایی بووە لەلایان جاریکی تریش هەڵوێستی خۆیان لەسەر بەعسیان و سەدامی دیکتاتۆری عێراق گۆڕی و لە بەعسی شۆڤێنی ڕەفتار فاشیەوە بووبە بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی عیلمی و پاڵەوانی خۆماڵی کردنی نەوت و دەرهێنەری ڕەگو ڕیشەی ئابووری و سیاسی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ئەورووپی لەعێراقدا، سەدامی دیکتاتۆریش بووبە بنیاتنەری بناغەی کۆشکی سۆشیالیست.

وتەکانی لینین یان لەمەڕ هاوبەشی کردنی پارتی پێشڕەوی پرۆلیتاریا لەحکومەتی بۆرژوای نیشتمانیدا (نەک بۆرژوای بیرۆکرات و شۆڤێنی) وەمەرجەکانی هاوبەشی کردنی یا نەکردنیان لەبیرچوەوە یان چاکتروایە بڵێین

پێچپایانەوە، پێگوێدانە سەرەتاکانی م.ل لەو ڕووەوە خزانە ناو بەرەی ئانیشتمانی و ئانەتەوەیی وە ئاپێشکەوتوخوازی بەعسیانی فاشی ڕەفتار.

ڕێکخراوی کرێکارانی عیراقی و سەربەخۆی عیراقی و سەربەخۆیی عیراقیان کردە قوربانی دوو کورسی لەرزۆکی بێ ناوەڕۆکی وەزارەت، وەهەموو بڕیارەکانی حکومڕانی بەسی سۆشیالیستیان لە «سەرکوتکردنی کرێکاران و داخستنی نەقابەکانیان و ناچارکردنیان بۆ تێخزانە ناو ڕێکخستنەکانی بەعسیان و پاش کۆیەتی ڕێکخراوە پیشەییەکانی بەعسیان » بەگیانی وەرزش کاریەوە پەسەند کرد و مۆرکرد. بەم کردەوەیە حیزبی شیوعی پێشڕەوی کرێکارانیعیراق بەدەستی خۆی ئاڵای تەسلیم بوونی ڕێکخستنەکانی خۆیی و کرێکارانی عیراقی لەبەردەم عەرشی زۆر سۆشیالیستی بەعسدا بەرزکردەوە.

لەمشتومڕە ڕۆژنامەگەریەکانی نێوان (التآخي والثورة) حیزبی شیوعی نەک هەر ڕۆڵی حیزبێکی ناوبژیکەرو خێر خواز و بەتەنگەوەهاتوی ئاشتی و ڕێکخەرو پێکهێنەرەوەیان نەدی، وەنەک هەروەک بێلایەنێکیش نەمانەوە لەنێوانیاندا، بەڵکە بەتایبەتی لە١٩٧٣ بەدوازە بەووتاری لەرزۆک و بێ مانا و بۆتی ترس و مامە حەمەیی لێهاتو بۆ بەعسیان بەرەیەکیان لەمزگەوت دەهاویشت و لە (طريق الشعب) دا پاکانەیان بۆ سووربوونی بەعس دەکرد لەسەر جێبەجێ کردنی خاڵەکانی بەیانی ئازار لەناوناخنی ڕستەکانیشدا سەرزەنشتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەکرد (ئیجابیانە هەنگاو نانێ بۆ چەسپاندنی ناوەڕۆکی بەیانی ئازار و چەسپاندنی ئاشتی لەکوردستاندا).

لەمانگەکانی ١٩٧٤/٢/١ پیش ڕێکەوتنە بەد ناوەکەی جەزائیر بەئاشکرا و لەبەعسیەکان سوورتر وەبەعسیانەتر کەوتنە کوتانی سەروگوێلاکی ڕۆژنامەی (برایەتی) وەتاوانبارکردنی بەبەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و بێگانە.

لەشەڕی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لەبەر لەرزۆکی خۆیان و بەرژەوەندی تاکی حیزبیان وەبۆ مانەوەیان لەو حوکمە پڕ شەرمەزاریەدا، شانبەشانی سوپای بەعس و جاشەکان شاڵاویان بۆ سەر کوردستان دەهێنا و بەشداریان لەکاول کردن و سوتاندن و ڕوخاندنی دێهات و شار و شاروچکەکانی کوردستان دەکرد و پەشەکوژی دانیشتوانی کوردیان دەکرد. نەک بەحەراماتە بەبیریاندا نەدەهات ئەو کوردستانەی ئەوان کاولی دەکەن ماوەی حەوت ساڵ لە ١٩٦٣ وەتا ١٩٧٠ قەڵا و

پشت و پەنای پاراستنیان بوو وەسەری شۆڕی دەریازبوی بەردەم چەقۆی بەعسیان تیا ڕزگاربوو، ئەو کوردستانەی کە مەڵبەندی پاراستنی حیزبە لەرزۆکەکەیان بوو بەسەرکردایەتی و بنکردایەتیانەوە، بەکورد و عەرەب و ئاسوری و ئەرمەنی و گۆیاتیەوە لەئەندامەکانیان، لەبیرخۆیاتیان بردبووەوە کە حەوت ساڵ مەیدانی چالاکی و پروپاگەندەیان بوو.

سەنگەریان لەو پێشمەرگانە دەگرت کەلەساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ دا بەرگریان لەکوردستان و لەحیزبی شیوعی عێراقی تێشکاو و ڕاونراوی دەستی بەعسیەکان دەکرد.

لە پەیمانە بەدناوەکەی نێوان سەدام و شای (زۆر کۆنە پەرست.ی کۆنە ئیمپریالیزم)دا بەتەنیا پارچە وەرەقەیەکیش یا بەچەند دێڕێکیش هەر نەبێت بۆ سەلماندنی قەوانە کۆنەکەیان سەبارەت بەئێران، هەڵنەستان بەگرتنی رەخنەیەکی بچوکی سەدامی کاستڕۆی عێراق و شای ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم.

حیزبی شیوعی عێراقی زۆر پێشکەوتوو زۆربەکەرمیەوە پێشوازیان لەڕێکەوتن نامەکەی جەزائیر کرد و بەهەنگاوێکی شۆڕشگێرانە و پێشکەوتوخوازانەیان دایە قەڵەم، و بوون بەپێش قەرەوڵی هەڵگری دروشمە سواوەکەی پاراستنی (الوحدة الوطنية العراقية)(والدفاع عن الوطن).

سیاسەتی حیزبی شیوعی عیراقی لەدوای ساڵی ١٩٧٠ وەنەک هەر وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەهەڵوێستیان بەرامبەر بە شۆڕشی کورد و پارتی و بارزانی بەڵکە وەرچەرخانی هەڵوێستیان بوو بەرامبەر کاری ڕێکخراوەی خۆشیان، و ئاییندەی چارەنوسی حیزبەکەیان و بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانیش بۆیە لەساڵی ١٩٧٣ دا کە پارتی بەعسیان بڕیاری قەدەغەکردنی کاری سیاسی و پەیوەندی سیاسیان لەناو سوپای عیراقیدا کرد جگەلە حیزبی بەعس، وەسزاکەشیان بەوەدیاری کرد کەهەر کەس لەسوپای عیراقدا، و لەناو هێزی چەکداری حکومەتدا بێت، و دەرێکەوێت کەپەیوەندی ڕێکخراوەیی یا سیاسی بەهەر پارتێکی ئاشکرا یا نهێنیەوە هەبێت جگە لەپارتی بەعس، وەپاش لێکۆڵینەوە گەر بەسەریدا سەلمێنرا ئەوا سزاکەی کوشتنە. ئەم بڕیارەشی لەناوبەرەشەق و شەرەکەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوخوازدا مۆرکرد و بەپەنجەی موبارەکیان قایل بونی خۆیان ڕاگەیاند لەسەر بڕیاری کوشتنی ئەندامەکانی خۆیان لەناو سوپای عێراقیدا

کەیەدرێژایی ٤٠ ساڵ کاری سیاسی لەناو سوپادا توانیبویان جێپێیەک بۆ خۆیان بکەنەوە، یا گەر بڵێین ڕاستتر وایە بڵێین حیزبی شیوعی بڕیاری لەسەر ئیعدامی سیاسی خۆیدا لەناو سوپای عێراقیدا.

لەپایزی ساڵی ١٩٧٥ دا پاش پەیمانی جەزائیر و شاش بەتاڵی بارزانی، وەتەخت بونی مەیدانی تەراتینی بەعسیان لەناو کوردستاندا، بەعسیە فاشستەکان بڕیاری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیەتی و سنوری عێراق و ناوچە گرنگەکانیان دەرکرد، مەبەستیان لەناوچە گرنگەکان ناوچەکانی نەوتی کەرکوک و خانەقین و هێڵی کرکوک کفری بوو- بەپێی ئەو بڕیارە:

١. دەبێت ٤٤٧ گوندی کوردستان کاول بکرێت لەو ناوچە گرنگانە وەبکرێنە سوپاگا.

٢. بۆ سەلامەتی هەمیشەیی ناوچەکە دەبێت چەند گوند و شارۆچکەیەکی نۆردوگایەکی تیا دروست بکرێت و کەسانی دڵسۆز بۆ نیشتمان و حکومەتی تیانیشتەجێ بکرێت (واتە تەعریب بکرێت).

٣. پێویستە کارگەو و کارخانە گرنگەکان بەتایبەتی کۆمپانیای نەوت لەکەرکوک و خانەقین و عەینزالە لەدەستی پیس و تێکدەران و پیلان گێران پاک بکرێتەوە (واتە لەکرێکارانی کورد و لایەنگیری حیزبی شیوعی پاک بکرێتەوە).

ئەم بڕیارە (زۆر شۆڕشگێرانەیەی کاستڕۆی عێراق) بو بەهۆی کاول کردنی ٤٤٧ گوند و دەربەدەربونی پتر لە ٣٠٠٠٠٠ کورد، وەهەر ئەم بڕیارە بویەهۆی دەرکردن و دوورخستنەوەی پتر لە ٥٠٠٠ کرێکاری کورد، وەهێنانی پتر لە ١٠٠٠٠ عەرەب بۆناوچەکانی کەرکوک و کفری و خانەقین، کەبۆ هەر خێزانێک لەو عەرەبانە خانویەک و پارچەیەک زەوی کشت وکاڵ و ٢٠٠٠٠ دیناری عێراقی و بۆ هەریەکێکیش لە خێزانێک تفەنگێک بۆ پارێزکاری خۆیان درایە.

هەر لەهەمان کاتدا ڕژێم بڕیاری قەدەغەکردنی کڕین و دروستکردن و تاپۆ کردنی خانوبەرەو زەوی و زارو هەموو جۆرە موڵکێکی لەکورد و تورکمانەکان دەرکرد ،وە پشتیوانی زۆری عەرەبە نیشتەجێکانی ناوچەکەکرد بەپارەو بەچەک بۆ کڕین و داگیرکردنی خانوو بەرەومولکی کوردەکان، وەهەندێ جار پتر لەنرخی شیاوی موڵکەکەشی دەدا.

هە لەهەمان ساڵدا ڕژێم بڕیاری دا کەپشتێنەیەکی ئاسایش لەسنوری عێراق و ئێران دروست کات! دیارە سنوری نێوان عێراق-ئێران هەر تەنیا لەبەشی کوردستانییە ،بەڵکە لەخوارووی عێراقیشەوە سنوری ئاویش و وشکایشیان

پێکەوە هەیە، بەڵام مەبەست لەم بڕیارەی ڕژێم تەنیا لەبەشی کوردستان بوو)، بۆیە بەپێی ئەو بڕیارە لەسەر سنووری نێوان عێراق-ئێران لەکوردستاندا، عێراق-تورکیا لەکوردستاندا، عێراق-سوریا لەکوردستاندا دەبێت ٣٠ تا ٤٠ کیلۆمەتر بۆ قووڵایی ناو کوردستان لەهەموو ئاوەدانییەک چۆڵ بکرێت، دانیشتوانی ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی کەدەکەونە ناو مەودای ئەو ٤٠ کیلۆمەترە دەبێت ڕاگوێزرێن بۆ پشتی هێڵی پشتێنەی ئاسایش، وەلەسەر ڕێگەی نێوان شارەکان و ژێر دەسەڵاتی ڕێگاوبانی هاتوچۆی سوپایی ڕژێم لە (گوندی سەردەم) واتە ئۆردوگای زۆرە ملێ نیشتەجێ بکرێن، وەدەبێت لەماوەی چوار ساڵدا واتە تاساڵی ١٩٧٨ دەبێت هەموو نەخشەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت، ئەم ڕاگواستنە زۆرە ماییە سەرجەمی دانیشتوانی خوارووی کوردستانی سەرسنوورە دەستکردەکەی نێوان عێراق و ئێرانی دەگرتەوە هەر لەزاخۆوە تاکو خانەقین وەبەقووڵایی ٤٠کلم، مەبەستی ڕژێم لەم کارە بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجانە خوارەوەبوو:-

١. تێکدان و ڕوخانکردن و تەخت کردنی پتر لە ٣٠٠٠ گوند و ٢٢ شار و شارۆچکەی کوردستان.

٢. ڕاگواستنی پتر لەنیو ملیۆن کەس لەو ناوچانەوە بۆ قووڵایی کوردستان و نیشتەجێ کردنیان لەئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا بێ دابینکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی بۆیان.

٣. برسی و بێ چارەکردنی ئەو نیوملیۆنە و بێکارکردنی پتر لە ٥٠٠٠٠ کەس.

٤. ناچارکردنی زۆربەی ڕاگوێزراوەکان بەهۆی بێکاری وبرسێتی و نەبوونییەوە بەهەڵگرتنی چەک بۆ ڕژێم و بوون بە جاش، یان ڕەوکردنیان بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ گەڕان بەدوای کاردا و لەئەنجامدا هەڵکەندنیان و دوور کردنەوەیان لەکوردستان.

٥. ناچارکردنیان بەکارکردن بۆ ڕژێم لەناو دام و دەزگا بەدناوەکانی، ئەمن، ئیستیخبارات، موخابەرات، مونەزەمە)، وەدروست کردنی ئابووری پێنجەمی بەعس لەکوردستاندا.

٦. هەڵتەکاندنی باری ئابووری و کشتوکاڵی کوردستان و تێکدانی شیرازەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی کوردەواری.

٧. لەناوبردنی سامانی سروشتی بەشێکی زۆری خوارووی کوردستان لەزەوی و زارو کێڵگە و رەز و باخ و بەرهەمەکانی میوە و پاشان مەڕ و مالات و ئاژەڵداری و تەنانەت کانیاو و سەرچاوەی ئاوی سروشتی.

٨. بەزۆر پێکەوە ژیاندنی چەندین تیرە وتایەفەو خێل و عەشیرەتی جیاجیا لەیەک ئۆردوگای زۆرە ملێدا، کەزۆریان کێشەی کۆمەلایەتی، خێزانی، زەوی و زاری کۆنیان لەنێواندا هەبوو، ئەو کێشانە دوژمنایەتی یەکی دێرینەی لەنێواندا دروست کردبوون. ئەو کارەش بەمەبەستی بەگژیەکدا کردنی لایەنە ناکۆکەکان و بەکارهێنانیان بۆ لەیەکتری خوێندن و زمان لەیەکتریدان لەلای چلکاوخۆر و بەکری گیراوەکانی دەزگادایلۆسێنەرەکانی رژێم، وەسود لێوەرگرتنیان لەوەرگرتنی ئاگاداری تەواو بۆ راوکردن و چاودێری کردنی کەسانی شۆرشگێر و نیشتمان پەروەر.

٩. بۆ مەبەستی تێکدان ولەناوبردنی رەوشتی بەرزی کۆمەلایەتی کوردی، بەداخەوە ناچارم ئەوە بڵێم کە ئۆردوگا زۆرە ملێ کان ئامادەیەک بونە مەڵبەندی بلاوبونەوەی رەفتاری دوور لەرەوشتی بەرزی کۆمەلایەتی کوردی.

١٠. بەمەبەستی دابڕینی جەماوەری کورد لەهەر جولانەوەو شۆرشێکی تری چەکداری کەلەکوردستاندا بەرپابکرێ، وەقەتیس کردنی لەسنوری ئەو ناوچەراگوێزراوانەدا.

١١. بەبیری سادەو مەغرورانەیان بۆ ئابلۆقەدانی هەربزوتنەوەیەکی چەکداری کەسەر هەڵبدات وەلەبەین بردنی ئەو سەرچاوەگەورەیەی جەماوەر بۆ شۆرشی کورد لەرووی حەواندنەوە و دالدەدان و ژیاندن و حەشاردان و هاوکاری کردن، پاشان ئەو سەرچاوە مرۆڤیە گەورەیە بۆشۆرشی ئایندەی کوردستان.

١٢. بۆ سەرکوتکردن و چاودێری کردنی خەڵکی کورد لەئۆردوگا زۆرەملێکان و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی سوپایان.

١٣. بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەک یاپتری دوا رۆژی کورد بەبیری بەعس و بەرەوشتی بەعس و کلتوری بەعس لەقوتابخانە سەرەتایەکان و ناوەندیەکاندا لەناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ناوچەکان ژێر دەسەلاتی رژێم لەکوردستاندا.

١٤. کردنی ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانە بەمولگای جاچەتی و سوپاگای سەربازی بۆ کۆنترۆل کردنی هەر جموجوڵ و بزوتنەوەیەکی کوردی کەلەئایندەدا سەرهەڵبدات.

١٥. بۆ بڕینی هەموو پەیوەندییەکی کەسایەتی، دۆستایەتی، بازرگانی، هاوکاری نەتەوەیی، گەلی کورد لەنێوان هەردوو بەشی کوردستانی خوارووو و ڕۆژهەلاتدا.

ئەوانەو چەندان مەبەستی بەعسی لەو بڕیارە، هێندەی لەرزانی مەیەک لەویژدان و بیرو بۆچوون و ئایدیای کۆمۆنیستە عەیار تەواوەکانی حیزبی شیوعی عێراقی نەجولاند، تونیتەری ڕەش و ڕووت و ڕەنجدەر تۆسقالێک بەزەییان بەو کرێکارو جوتیارو ڕەنجدەرانەدا نەهاتەوە و بچووکترین بەرگریان لێنەکردن. وەئەواو بەپێچەوانەوە حیزبی داکۆکیی کەر لەبوون و ژیان و مافی کرێکاران بوون بە لایەنێکی بڕیاردەری ئەو بڕیارەو هاوبەشی کردن لەجێبەجێ کردنیشی.

ئەوانەو چەندان بڕیار و یاسا و فەرمانی تری حکومەتی عێراقی کە هەمووی دەرچوون بوو لەیاسا و مافی مرۆڤ، و دژ بەبەرژەوەندی گەلی عێراقی عەرەبی و گەلی کوردی خوارووی کوردستان و کەمایەتیە نەتەوەییەکان، دژ بەدیموکراتیەت و دادوەری کۆمەلایەتی، تەنانەت دژ بەحیزبی شیوعی عێراقی خۆیشی، کەهەم لەناو حوکم و هەم لەناو بەرەی دوو قۆلی و هەم لەناو ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیە داتاشراوەکەی بەعسیاندا بوون، کەچی ووڕتەیان لێوەنەدەهات، لانی کەم بەتاکە دێرێک لەڕۆژنامە شرەکەیاندا سادەترین ڕەخنە لەبەعسی هاوپەیمانیان بگرن.

لەناوەڕاستی سالی ١٩٧٨ کە مەترسی چەقۆی بەعسی بۆ سەر ملی سەرکردەکانی ئەو حیزبە زۆر پێشکەوتوخوازە دروست بوو، ئینجا لەخەوی غەفلەتیان ڕاپەڕین و ڕووی شەرمەزاریان کردەوە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕشی نوێ، بۆ جاری دەیەم بەرەو کوردستان بونەوە، شۆڕشی نوێ کەلەو ڕۆژەوە ڕوویان کردە ئەو ناوچانە تا ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکومەتی فیدرال و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ جگە لەوەی کەهەروا بیهەلوێست بون لەسەر هەموو ڕووداوەکان، بەلکە زۆربەی ڕووداوەکان و سەخت و شەرمەزار ئامێرەکانی شەڕی نێوان ڕێکخراوە کوردیەکان ئەمان دەستی بالایان لە دروست کردن و گەرمکردن و فراوان کردنی ئەو شەڕە ناوخۆیانەدا بوە، کەلەکاتی خۆیدا وەلەبەشەکانی تردا باسیان لەسەر دەکرێت.

لەگەل ئەو هەموو هەول و تەقەلایانەی ڕژێمی بەعسیان و ڕاوێژکارەکانیان هەر لەحیزبی شیوعی عێراقی، و ڕژێمی شای ئێرانی سەرکەوتوو لە ڕێکەوتن نامەی تا دەگاتە یەکیەتی سۆڤیەتی ئەوسا و چەندین وولاتانی تری عەرەبیش، بۆ نەهێشتن و ڕێگرتن لە ڕاپوون و بەرخودان و دروستکردنەوەی شۆڕش لەکوردستاندا، بەلام

خەباتکەرانی کورد نەیانهێشت لەساڵێک پتر بەسەر ئاش بەتاڵدا تێبپەڕێت کە کڵپەی شۆڕشیان لەکوردستاندا بڵێسە پێسەند.

لەدوای ئاش بەتاڵ، لەوکاتی بێ هیوایی و بێ وورەیی کەچۆکی لەسەر سنگی گەلی کورد دا دابوو، لەو کاتەی کە بەلای زۆربەی هەرە زۆری گەلی کورد و حیزبەکانی ئەوسای مەیدانی عیراقی شتێکی مەحاڵ و لەبەدی هاتن نەهاتوودا ئەوەبوو کە شۆڕش جارێکی تر بەو زووانە لەکوردستاندا سەر هەڵداتەوە.

بەلام هەر لەگەڵ دەست پێکردنی یەکەم هەنگاوی نەخشە کاول کەرانەکەی ڕژێمی بەعسیان بەدروست کردنی دەیان ئۆردوگای زۆرە ملێی لەناوچەکانی کفری، کەلار، دەربەندیخان، هەڵەبجە، شارەزوور، عەربەت، بەکرەجۆ، دارتو، دوکان، ڕانیە، سروچک، سەنگەسەر، تووەسوران، بازیان، چەمچەماڵ، تەقتەق، مەخمور، هەولێر، دهۆک، ... هتد، ڕۆشنبیرە شۆڕشگێرە لەخۆبردووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ودهەڤالانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦ وە کەوتنە خۆ ئامادەکردن و خۆسازدان لە چوار چێوەی کاری هاوبەشیدا بۆ بەرپاکردنەوەی شۆڕش وەلەناو ڕێکخراوێکی نیمچەبەرەیدا (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان) دەستەبەری پێکهێنانی دەستەسەرەتاییەکانی شۆڕشی چەکداری نوێی کوردستان بوون.

- تەواو -

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم و سەرچاوەکانی

(١) کۆمەڵەی م-ل کوردستان لەساڵی ٩٧١دا بەهەفتەیەک دوای دەرچوونی بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوت بەیانێکی لەسەر دەرکرد و پەچەی لەسەر ڕووکەشی بڕیارەکە هەڵدایەوە و هەموو خاڵە لاوازەکانی خستە ڕوو کەلەکاتی باس کردنی کۆمەڵەدا هەوڵ دەدەین بەشێکی ئەو بەیانەش بڵاوبکەینەوە.

(٢) ڕاپۆرتی ئۆتس پایک ٤٥٩

(٣) لە د. محمود عوسمانەوە وەرگیراوە کەئەو کاتە ئەندامی م.س ی پارتی بوە و وەیەکێک لەهەرە نزیکەکانی بارزانی بوە.

(٤) ڕاپۆرتی ئۆتس پایک ٤٦٢.

(٥) هەمان سەرچاوە

(٦) واشنتۆن پۆست، هێرالد تریبیون ١٩٧٣\٦\٢٢.

(٧) بەرنامە و پەیڕەوی لیژنەی ئامادەکردنی (اللجنة التحضيرية) پدک - د. محمود عوسمان.

(٨) کریس کۆچیرا لاپەڕە ٤٤٣.

(٩) هەمان سەرچاوە.

(١٠) ڕاپۆرتی ئۆتس پایک ٤٦٥.

(١١) ڕۆژنامەی لۆمۆند ١٩٧٣\١٠\٢٠.

(١٢) بەشێکی ئەندامەکانی ئەنجومەنی تەشریعی کەسانێک بون هەرچی مەقی مەدەنی وسیاسی بێت نەیان بوو وەتیایاندابوو کەلە ڕووی ئەخلاقیشەوە ئەواو نەبوو.

(١٣) دوا خاڵی ئەخشەکەی ڕژێم بریتی بوو لە سەودا وسەوداکاری لەگەڵ ئێران.

(١٤) شاعیری بەرزی کورد هێمن لەو ڕووەوە لەو کاتەدا ئەمەی وتوە: جا گوا ئەو هەموو پەرۆکۆنە سپیە دەست دەکەوێت کە دوو ملیۆن ونیو کورد هەڵیکا و تەسلیم بین؟!

(١٥) ڕۆژنامەی (الانوار)ی بەیروتی.

(١٦) واشنتۆن پۆست ٩٧٥\٣\٧.

(١٧) کریس کۆچێرا (بەشێک لەناکامی کوردستان ١٩٧٥\١).

(١٨) ڕاپۆرتی تۆنس پایک نوسراوەی ژمارە ٤٦٣.

(١٩) هەمان سەرچاوە نوسراوەی ژمارە ٤٦٩

(٢٠) هەمان سەرچاوە نوسراوەی ژمارە ٤٧٠

(٢١) لە د.مەحمود عوسمانەوە کەلە ساڵی ١٩٧٨ لەقەندیل پێکەوەبوین بۆی باسکردم

(٢٢) گۆڤاری (ئویز گلوک) بەزمانی تورکی لەمانگی ٩٧٥\٥ بلاوی کردەوە.

(٢٣) کریس کۆچێرا (خەباتی کورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠) وەرگێرداراوە کوردیەکەی لاپەرە ٥٠٦.